# ڕامان

١٨٥

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی حەڤدە/ تشرینی یەکەمی ٢٠١٢

- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 07504494662 - 2228506
(دەرەوە)/ 003248 - 4494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان

● **دەق**


- ئەمێستاکەش/ چنار نامق/ 3
- ماسییە چەتوونەکان/ پەری شێخ سالّح/ 4
- با دێ/ عەبدولموتەلّیب عەبدوللّا/ 6
- هەسپێن مە/ ڕۆژەن بارناس/ 9
- هایکۆ/ لە فارسییەوە: کامەران جەوهەری (هەلّوەدا)/ 11
- قەراغەکان/ فەرۆخ نیعمەتپوور/ 14
- دوایین ستریپتیز/ تێکۆشەر خالید/ 17
- ئەم دیوی مردن/ بریا کاکەسووری/ 20
- شەڤا سپی/ ڕۆشەن لەزگین/ 26
- ئۆتۆمبێل دانەی بە پێنج قرووش/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە/ 28


● **هەڤپەیڤین**


- هەڤپەیڤینێک لەگەلّ (ئەمین گەردیگلانی)ی نووسەر و وەرگێڕ/ ئا: سیامەند بەخت ئازەر/ 31
- گفتوگۆیەک لەگەلّ (فەریاد شیری)ی باسکار و وەرگێڕ/ سازدانی: شەریف فەلاح/ 42


● **ڕەخنە و لێکۆلّینەوە**


- پێوەندی نێوان ڕۆمان و واقیع لە ڕووی تیورییەوە/ شاخەوان فەرهاد محەممەد/ 54
- خەسارناسی ساغکردنەوەی دیوانی ئەدەب/ یوونس ئەمین پوور/ 61
- وێنە و خەیالّ لە شیعری: (بۆ ڕۆدانی کورم)/ شوان سەرابی/ 68
- مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی/ لە فارسییەوە: سیما چۆمانی/ 77


● **هزر و فەلسەفە**


- ڕۆلّی دەستەواژە لە پێکهاتەی زمانی لۆژیکی نوێدا/ د. حەمید عەزیز/ 87


● **وتار**


- هونەری دیالۆگ لە شیعری مەحوی-دا/ هەژار فەقێ سلێمان/ 95
- شیعری کلاسیکی کوردی لەنێوان «مێژووگەرایی» و «جوانیناسی»دا/ عەبدولخالق یەعقووبی/ 99
- کوڕی ئەو خەلّکە/ سەلاح نیساری/ 102
- قوتابخانە ئەدەبییەکان/ لە فارسییەوە: موسعەب ئەدهەم/ 105


● **مێژوو**


- کورد و مێژوو/ سەباح عەلی جاف/ 108


● **زمانزانی**


- زمان لەنێوان ژمارە و نیشانەدا/ سەلام ناوخۆش/ 118


● **گەشت**


- کێوەکانی کرێتا و ڕوحی کازانتزاکیس/ دانا ڕەووف/ 122


● **هونەر**


- چاوگەکانی مەقام و غەزەل و گۆرانی لە کوردستان/ وریا ئەحمەد/ 133


● **خوێندنەوەی کتێب**


- کچە قوفلّ لێدراوەکان/ فرمێسک مستەفا/ 139
- (کۆماری ئەفلاتوون) دادوەری، شیعر، سێکس/ هاشم سەراج/ 142
- بانگەوازێک بەرەو ڕووناکی/ قادر عەلیخا/ 150


● **نرخاندن**


- ڕامان یەکەمین بەرامەی ڕاپەڕین/ تەها ئەحمەد ڕەسوولّ/ 158


● **نامە**


- نامەیەکی بلاونەکراوەی کوردیی پێشەوا قازی محەممەد/ ئا: کاروان عوسمان خەیات/ 159



● **سووکە لەنگەر**


- بەها ئیستێتیکییەکانی شیعر/ فەرەیدوون سامان/ 160

# ئەمێستاکەش


چنار نامق

لە جێ ژوانەکەی جارانم
چاوەڕێم بێی
جار نە جارێک
بیرم دەچێت
تۆ خۆریت و ڕێگات نییە
بە شەو لە ئاسمانا هەڵبێی
ئەمێستاکەش
ئەستێرەیەکی نامۆم
لەناو دڵی ڕەشی شەودا، لە سەرمانا
هەڵدەتروشکێم
کاتێ مرۆڤ لە سەرماندا هەڵدەلەرزێ
گەرەکمە کات
.. نەخشەیەکم بۆ بکێشێ
بمگەیەنێ بە ژوانت
گاهێک دەڵێت لە نەوشەفەقێکدا
هەڵدێ
یاخود ڕۆژێک بەر لە ئاوابوون
لەوێیت
ئەو دەمانەش
کات ئەوەندەی تر دەسووڕێت
کەی شەو و ڕۆژ ئاراستەیان بە یەک لایە
ئەم جارە بێیت
بە کات دەڵێم
هێڵەکانی ناوچەوانم بسڕێتەوە
چرکەساتێک
لە تەمەنی بەسەرچووم
بگێڕێتەوە



# ماسییە چەتوونەکان

پەری شێخ ساڵح
(سلێمانی)



کە باڵندەکەم
پەلم دەگرێ بۆ ئاسمان
فرمێسک چاوەکانم دەتەنێ و
ڕۆحیشم کڕنووش
بۆ ئاوابوون دەبات
❊ ❊ ❊
ئەو دەمەی
لە تۆ تووڕە بووم
خوداش جێی هێشتبووم
ئەو دەمەی ئاشتبووینەوە
لەشەوێکی ساردا بوو
"با" بە کۆڵانەکانی ڕۆحدا
گۆرانی دەچڕی
❊ ❊ ❊
گورگەکانی
ئەم بنارە
بە چرکەی سەعاتەکانی دەستیان
خۆشەویستی
دەپێون
❊ ❊ ❊
سەر شانەکانت
ئەستێرەی پێوەیە
پێم وابێ
تۆ لە ئاسمانەوە هاتووی
❊ ❊ ❊
"با" دوورەکان
لە دەرگا دەدەن
تیشکی ئەستێرە ڕەوتەنییەکان
لە دەرگا دەدەن
بەڵام کەسیان پێم ناڵێن
تۆ کەی
لە دەرگا دەدەی؟
❊ ❊ ❊
مانگ
هێلکەیەکی زێڕە
لەسەر دەسماڵی شینی ئەستێرە
هەوری تۆراویش
خەو بە خواردنی ئەو هێلکەیەوە
دەبینێ
❊ ❊ ❊
دەرگای ماڵەکەم

بە تەونی جاڵجاڵۆکە تەنراوە
خۆ تۆ "کاسپەر"نیت
وا بە نهێنی
دێیت و دەچیت
* * *
خەیاڵم
وەک سوار چاکێک
ئەسپەکەی
بە لقی "با"وە دەبەستێتەوە
بە ئەسپایی باوەشی پیا دەکەم
گرێ کوێرەیەکە و
بۆم ناکرێتەوە
* * *
قەوارەی ساتەکانم
لە ئاپۆرەی خەونەکانمدا
دەتوێتەوە
* * *
چۆلەکەکانم
هەڵمدەگرن
بۆ باخەکانی تۆ
لە باخەکانی تۆدا
برینی کراسەکەم
بە بۆنی گوڵەکانت
دەپێچم
* * *
فنجانە قاوەکەی
دەستم
سکێچەکانی ناخت دەپرژێنێ
بە روومدا
* * *
ئێستا
رۆحم وەنەوز دەدات
لەنێوان
پەنجەکانی دەستتدا
جاران
رۆحم تەنیاتر بوو لە خۆی
بێ رەنگی لە رەنگی خۆی هەڵکێشابوو
* * *
لە گوڵی
کراسی فریشتەیەکەوە
موزیکی ساتەکانی نەمری
پرژەی دێ
* * *
هیچ پێکەنینێک
رەنگێکی
سووری نییە بۆ لێوم
دەشێ پێکەنینەکانم
لە جێیەکی دوور
لە"هێرکۆلام"
نوقمی بورکان بووبێ

* * *
زریکەی
قالۆنچە تەنیاکان
شەوان
دڵم دەیەشێنن
* * *
گەردەلوولێک
لە ئاسمانی پیرە پاییزەوە
هات و
هەنارە گەییوەکانی رۆحی
بە کۆڵانەکانی یاخیبووندا
غلۆرکردەوە
* * *
کانییەکی رووتوقووتم
لە ماڵی بیابان
نە بارانی هەورێک
دامدەپۆشێ
نە چەخماخەیەک
دەست لە ملم دەکات
* * *
ئەمشەو
نە مانگ
بە ئاسمانەوە دەبینم
نە شوێنەواری ئەستێرە بەدی دەکەم
رووخساری شەو
لە چیمەنی تەم دەچێت
بە ئاسمانی ناخمەوە
* * *
خێوەتی
مانگەشەو هەڵدراوە و
ترووسکەی دێت
ئەستێرەش لە دڵی هاورێ سەرکێشەکەما
بێ ئۆقرەیە
* * *
ماسییەکی
چەتوون
لەوسەری دەریای بێ سنوورەوە
چەند دیارە لە تۆوە؟
تۆش ئەوەندە دیاری
لەمنەوە
چ تەنیاییەکی سامناکە
* * *
لە توێی
بەردی وشە و
جێ پێی کەشتی بیاباندا
شەرابی سوورمان
دۆزییەوە

# با دێ

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

(١)

هەموو تەمەنم با بردی
بۆ تاریکی
من مامەوە.

(٢)

بەیانیان منداڵەکەم یاری بە قژم دەکا
من دایکم لە خەو دەبینم
وەک کوێر لە بازاڕ
بەدوامدا دەگەڕێ.

(٣)

دنیا ئەوەندە گەرمە
لە دڵی خۆت دەڵێی
بڕووخێ با.

(٤)

کاتێ قسان دەکەی
دەماری با دەبینم
شین هەڵدەگەڕێ.

(٥)

هیچ کاتێ خۆشەویستیم
لە کەس نەشاردۆتەوە
با نەبێ.

(٦)

حیکایەتی هەڵسە لە خەو
وەک با
لە تەنیاییم دەڕژێ
دڵم کون کون
دەناڵێنێ.



(٧)

لە چاو ئازایەتی با
مرۆڤ
لە باران دەکا
هەمیشە دەکەوێ.

(٨)

دڵم خراپ پیس بووە
با بە هەموو شوێنێکدا دەبا
ئاو نەبێ.

(٩)

قسەیەکم لەسەر زمان ڕاگرتبوو
ویستم دەم بکەمەوە
با بردی
پشیلە نەبوو.

(١٠)

با بە نەرمی
لە ڕۆژ نزیک دەبێتەوە
بە باران نا
بە حیکایەتەکانی شەو.

(١١)

لەگەڵ ئاو
بە ڕۆژوو دەبین
لەبەر با
دەکەوین.

(١٢)

هەمیشە ئاو بە هاوەڵی با
سەما دەکا
مرۆڤ لە تەنیایی ڕادەکا.

(١٣)

دەمی خۆم دەگرم
کات بە فیڕۆ نادەم
ئەمە زەحمەتی با.

(١٤)

بەو هەموو گەرمایە
با دەجووڵێتەوە
من یەک قسەم بۆ ژیان هەیە
خۆشەویستی واتە
مەرگێکی بێ سنوور.

(١٥)

لەبەر باران
سەرم خستبووە کۆشی با
خەیاڵم گرتبوو.

(١٦)

لە بازاڕ بە توندی خۆم لە با دا
یەک دینارم پێ نەبوو
بە ڕووتی ئاوڕ نادەمەوە
دەڕۆم.

(١٧)

با بۆ هەموو شتێ دێ
هەموو شتێ لەبەر با.

(١٨)

هەمیشە خۆم بەند دەکەم
لە ژووری با
بە ئەندازەی وشەی ترس
دەجووڵێمەوە.

(١٩)

ئەمرۆ چوارشەممەیە
با، ئاو، خاک، ئاگر
لە وڵات ئاگر دەبارێ.

(٢٠)

لە پڕ هەموو دەنگەکان
لە دەنگی هاوین نغرۆ دەبن
تازە مێشکم با بردی.

(٢١)

هەفتەی چەند جارێ دەمەوێ پێ بکەنم
لەبەر ژیان نا.
لەبەر با گۆڕکێ

(٢٢)

بیست و دوو ڕۆژە
دڵم لە ڕستەی با توندە
باڵی کراوە.

(٢٣)

تەنیا و تەنیا
بە کۆڵانەکانی بادا دەڕۆم
لەبەر خۆم دەپارێمەوە
تەڕ نەبم.

(٢٤)

لە باوە فێر بووین
تازە درەنگە بۆ ژیان
دنیا بەو درەنگە خۆشە.

(٢٥)

بەبیرم دێ
لەسەر دیواران دەنووسرا
بژی با
بڕووخێ با.

(٢٦)

ئەمشەو لە خەونم
بە توندی با بەسەرم کەوت
کێ فریام دەکەوێ؟

(٢٧)

مانگ پڕ بووە لە با
لە چاوی منداڵەکانم.

(٢٨)

هاوڕێیەکم هەیە
ئازادی بە با دەپێوێ
بە ئەندازەی چۆلەکەیەک
قسە لە جەستە دەکا.

(٢٩)

نازانم نە من پێشبڕکێ لەگەڵ با دەکەم
نە دنیا دەفڕێ
بۆیە هیچ شتم لا گرنگ نییە
ئاو نەبێ.

(٣٠)

ئەوەندە با هات
لەبیرمان چوو
بیر لە ژیان بکەینەوە
ئێستاش هەر بایە.

(٣١)


هەمیشە زمانم دەگرم
لەبەر پشیلان
بە با دەڵێم
سبەی لەگەڵ باران دێمەوە.

هەولێر – تەمموزی ٢٠١٢

# هەسپێن مە

ڕۆژەن بارناس
(ستۆکهۆلم)

هەسپێن مە،
ڕابوون پێداریێ
ل باندەڤا
شیرییین...
ژ پاهناڤا
وەکە لەهیا ئاداریێ
ل قوونتاریێ
داکشین
حەرکین، ب سەروبەر
شڕقیین
ب نالان کەت
چرووسک هلفڕین
ژ دەوسێن سما
چرەەسکێن زەر و هێشین
مینا برووسکێن د بهاریێ
و هەسپێن مە
ل بەر سنگێن خوە
ڤەڕەشاندنێن تاریستانی
پاش ڤە
دبرن
دمالشتن تاریستانییێ
هەلا دکرن
بنێ کۆرتالیێ.
هەسپێن مە بەزا،
سەرگران،
خاوێندار،
شارەزا
و د ڕێلا دا
مینا با
دچن
ل ڕێل و دەڤیا
مینا با ...
قومریەک سترانەک دسترا
ل سەر دەڤێ ڕییا مە
قومریەک
ل سەر کەمێ دانی
و سترانەک ڕست
ل وێ بەروارا ل پێش سلێمانی



پێ رە
قومریان دەست ب گۆڤەندێ کرن
گۆڤەند دەست پێ کر ب بۆتانی
جوانی
ل دیاربەکرێ
ل هۆسەلێ.
ل باندەڤێن ئاگری ئەیلۆییێن سەربلند
و ل موونزرا پیرۆز
ماسییێن سۆرین
بهیستن
پێژناندن،
چێستن
و لەیستن
ل بەرێ دیلانەک
دیلان گەش بوو
دیلان فەرە بوو قۆر ب قۆر
ل سەر پشتێن هەسپێن سۆر
چارمەدۆر
دیلان دەست پێ کر
دیلان
دەست پێ کر
ب گۆڤەندێ
شرییین ب زرنایێ کەت
گورمین ب دەهۆلێ
هەسپ
ل سەر نەینۆکێ سما
فلتین ژ پێکۆلێ
و قۆر ب قۆر
د گۆڤەندێ دە کشین.
هەسپێن مە
چەلەنگ
لەخگیر
لەزگین
کەتن سەرێ گۆڤەندێ
هەسپێن مە
د سەرێ دیلانێ دە مەشین.

**ئەڤ هەلبەستە ژ دیوانا شعری یا یەکەم یا ڕۆژەن بارناس رووپەلێن (٩٦-٩٨) هاتیە وەرگرتن، کو ژ وەشانێن نوودەمێ یە. هەژی گۆتنێ یە کو بەرەپێشین ڕۆژەن شعرێن خوە ب ترکی بەلاڤکرینە، ب تایبەتی دناڤبەرا سالێن (١٩٦١-١٩٦٤)دا. لێ بەلێ یەکەم شعرا وی یا ب کوردی هاتیە نڤیسین (چووم دیاربەکر) ل سالا (١٩٦٥) بوویە. ل وی دەمی ڤە تێ هەژمارتن یەک ژ شاعر و نڤیسکارێن ناڤدارێن کرمانجی.**

**«ڕامان»**

# هایكۆ

سەید عەلی سالحی
لە فارسییەوە: کامەران جەوهەری (هەڵوەدا)
(بۆکان)

خەلەوخەرمانی گەنم
لەژێر کەپرۆکەی هاوین
داوەڵ چای وەسەر ناوە
❊ ❊ ❊
لێرەش زۆری پێناچێ
پووشوپەڵاشی هاتوو
لە قامیشەڵانەوە
❊ ❊ ❊
باڵندە کۆچەرەکان لە کوێستان گەڕانەوە
هەموو شتێک گۆڕاوە
بەڕووی سەر ئەو کێوە نەبێ
❊ ❊ ❊
بەفر بکەوێ
بای بەرەڵڵای گزکجاڕیش
دەشتەوە ماڵێ
❊ ❊ ❊
ئەگەر موختاری(❊) مابایە
بێ گومان ئێستە دەیزانی
ئەمڕۆ چەندی سەرماوەزە
❊ ❊ ❊
لەتێک ڕەژی لەبن باران
کرکاشی ڕێگەیەک
بۆ شین بوون
❊ ❊ ❊
باکوور، خاکەلێوە، گزنجاڕ
داوەڵێکی گەنج
دڵدۆڕاوی سوخمەکەی بەری
❊ ❊ ❊
چاو لە دەرگای بێ کڵۆم هەڵناگرێ
ڕۆیشتن
دوایین باوەڕی بێ پرسی مرۆڤە
❊ ❊ ❊
گوڵ ئەستێرەی درۆزن:
ئاوی هەموو زەریاکان
تاقە دڵۆپی شەونمە
❊ ❊ ❊
کازێوەی بەرەبەیان
لەسەر چیا دانیشتووە



خەریکی دابێژتنی تاریکی شەوە
❋ ❋ ❋
با
وەک ژنێکی گڕ گرتوو
شیوەنی دەکرد
❋ ❋ ❋
هۆ پنجی دەس لەسەر سینگی با
بە هیچ پەڵەهەورێک دڵ خۆش مەکە
تۆ لەکوێ و وەرزی باران لەکوێ؟
❋ ❋ ❋
بەڵێن بە مانگ دەدا
بەڵام هەتاوی خۆش دەوێ
لیلوپەڕی بەربەیان
❋ ❋ ❋
بەرد لە کێو مەگرە
پاییز
دێتە خەوی گیا
❋ ❋ ❋
یەکیان لە گۆڕستان دەڕوێ
یەکیان لەداوێنی چیا
بە هەرتکیان دەڵێن گوڵ خەندەران
❋ ❋ ❋
ئەسپ ڕاوەستا
سواریش بێدەنگ بوو
چریکەی دڵگری کچێک لەلاپاڵی چیا
❋ ❋ ❋
کونی جەواڵە گەنم و
ڕیزێک باڵندە بەدواوە
پیرە پیاو گوێی گرانە
❋ ❋ ❋
ئاماژەیەک بە جێی هەزار قسە
دایک و کچ
لە خەنەبەندانی کچی هاوسێدا
❋ ❋ ❋
لقی براوەی شۆڕەبی
قەت جیهان بە هێند ناگرێ
لە ڕەشەباشدا چرۆ دەکا
❋ ❋ ❋
زنجیرە چیای باکوور
لەبەر لێزمە دیار نییە
ڕەنگە خەزەڵوەر نازناوی خاکەلێوە بێت
❋ ❋ ❋
تەنیا خاک
خاکی ماندوو
پەشیمانی ئێمەی پێ هەڵدەگیرێ
❋ ❋ ❋


ڕەش دەچێنرێن
سەوز دەڕوێن و سوور دەمرن
هەنیەکانی بەستێنی چەم
❋ ❋ ❋
جاری وایە هێند شەکەت و جاڕزم
تەنانەت وشەکانیش
تامی کا دەدەن
❋ ❋ ❋
داسە ماندووەکان لەبەر خۆوە دەڵێن
بەیانی سەرلەنوێ دەڕوێنەوە
شەوەرەکانی بەهاری
❋ ❋ ❋
هەموو شەوێک شەوی ژوانی مانگ و داوەڵە
کەردووی گێزەر و
کەروێشکی هەلپەرست
❋ ❋ ❋
تەلە تەلە
قالاوی زستان
لە جێ خەرمانی چۆلوهۆل
❋ ❋ ❋
هەرەسی ئەسپیندار و
شیوەنی ناوەختی باڵندە
دەسکە تەوریش دەگریا
❋ ❋ ❋
بایەکی هات
هەڵاڵە نووشتایەوە
پەلکەکانی پڕ بوون لە شەونم
❋ ❋ ❋
هەرچی گوتم من بووم لەگەڵ هەورەکان دەدوام
کەس بەقای پێ نەکردم
هەتا باران دایدا
❋ ❋ ❋
پیرێژنێک لەسەر گۆڕێکی خاڵی دەگریا
گڵکۆی هەموو ئەوانەی
لە ماڵێ خرپ خەوتوون
❋ ❋ ❋
بەردەکان
گوێ لە نەوای سیسرە دەگرن
نەک تریشقەی ترسێنەری بریسکە
❋ ❋ ❋
هەورەکان پەڵە پەڵە هاتنە خوارێ
لە بەرانبەر کێڵگەدا
دەستیان بۆ نزای باران درێژ کرد
❋ ❋ ❋
هەتاو
هیچ بەڵگەیەکی

بۆ هاتوچۆ نییە
❊ ❊ ❊
سیسرەکان نەبوایەن
شەو لە ترسی بێدەنگی
لە مانگیش دڕدۆنگ دەبوو
❊ ❊ ❊
منداڵەکانی زاگرۆس
هەموو لێک دەچن
وەک بەیبوونەکان و بەڕووەکان و بەستەکانی
❊ ❊ ❊
ژنان سەرقاڵی قسەن
هەریەکە و باسی مێردەکەی دەکا
یەکیان شووخاڵی سەر باسکی وەبن دەدا
❊ ❊ ❊
ساڵی چەک کرانی خێڵ
کەم پیاو
تاقەتی بیستنی شانامەی هەبوو
❊ ❊ ❊
بۆ هەزار ساڵ پێکەنین و خەم
لە قامیشەکانی ئەو قامیشەڵانەدا
ئاواز ئاواز ئاواز
❊ ❊ ❊
باوکم گوتی کەس نزای من نابیستێ
نۆبەی منداڵانە
ئەو ڕۆژە لای عەسر باران دایدا
❊ ❊ ❊
ئەو سوارەی قەمچی پێ نەبوو
بەر لە سوارەکانی تر
گەیشتە مەنزڵ

**کرکاش: لێگەڕان، عەودال بوون**
**گرنجار: چەڵتووک جاڕ، برنجەجاڕ**
**گزکجار: گەسکەجاڕ (خلنگزار)**
**تەلە تەلە: بە پێدزکێ**
**شەوەر: شەودەر، گیایەکی گوڵداری یەکساڵەیە بۆ تناق دەبێ.**

**❊ (محەمەد موختاری) نووسەرێکی ئازادیخواز و شاعیرێکی لێهاتووی ئێرانی بوو. دوانیوەڕۆی دوازدەی سەرماوەزی ١٣٧٧ دەستە چەپەڵەکان ڕفاندیان و خنکاندیان. (وەرگێڕ)**

**سەرچاوە:**
**قمری غمخوار در شامگاه خزانی – سید علی صالحی – انتشارات نگاه – چاپ اول ١٣٨٦.**



# قەراغەکان

**فەرۆخ نیعمەتپوور**
**(نەرویج)**

ئێوارەی یەکێک لە ڕۆژەکانی ژیان بوو. باوکی دەستی گرت و لەگەڵ خۆی بردییە دەرەوە. لە حەوشەکەیان تێپەڕین. دایکی خەریک بوو مریشکەکانی لە کولانە دەکرد. لە کۆڵان تێپەڕین. خەڵکی گەڕەک دوانیگاکانیان لە درز و پشتی دەرگاکانەوە بەرەو دیوی دەرەوە، بەرەو کۆڵان بەڕێ دەکرد. لە شار تێپەڕین. خەڵکی شار بۆ دواجار، ئەو ڕۆژە لە ئاسمانی ڕۆژیان ڕوانی. ئەم بەخۆی گوت: «ڕەنگە باوکم ئەمڕۆ نە مریشکەکانی خۆش دەوێن، نە کۆڵان و نە ئاسمان!» بیری ئەو ڕۆژەی کەوتەوە کە باوکی بە دایکی گوت: «حەوشە و کۆڵان و ئاسمان بە بوونەوەرەکانەوە جوانن!» ئەم کە لەم قسەیە تێنەگەیشتبوو، ئارام ڕووی لە دیوی پشتەوەی حەوشەکە کردبوو، بۆ ئەوەی بۆ جارێکی تر سەیری ڕیزی بێ پایانی ئەو مێروولە ڕەشانە بکات کە هەموو ساڵێک ڕێک بە هەمان ڕێگادا دەڕۆیشتنەوە.

**گەیشتنە قەراغ شار**

یەکەم جار بوو لە ژیانیدا لەم کاتەدا دەچووە دەرەوە. چ بە تەنیا، چ لەگەڵ باوکی، یان کەسێکی تر، قەت نەهاتبووە ئێرە. یەکەم جار بوو قەراغ شاری دەبینی. لای ئەو شار بریتی بوو لەو کۆڵان و خانووانەی ئەم لە پەنجەرەکەیانەوە دەیبینین. ئەو هەمیشە پێی وابوو کە لە پشت خانووەکانی ترەوە هەمیشە خانووی تر هەیە، تەنانەت کێوەکانیش نەیاندەتوانی ڕیزی بێ پایانی خانووەکان ون بکەن. ئەوان لە شوێنێکدا لەپشت کێوەکانیشەوە دەستیان پێ دەکردەوە. زەوییەک پڕ لە مرۆڤ!

کتوپڕ ئەمڕۆ هەموو وێنە و وێناکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات. بەسەرسوڕمانەوە بینی شار لە شوێنێکدا کۆتایی پێ

دێت. دڵەڕاوکێیەکی ترسناک سەرتاپای داگرت. لە ترساندا دەستی باوکی بە هەردوو دەست گرت. سەری هەڵبڕی و لە باوکی ڕوانی. بایەکی نادیار گەمەی بە کاکۆڵەکانی دەکرد،... کاکۆڵەکانی هەردووکیان. بێ دەنگیی دەرەوە، ورتە ورتی نادیار و لێڵی ئەو دوا دەنگانەی لەناو شارەوە دەهاتنە گوێ، سەرسامی دەکرد. ئەو ڕێک لەسەر سنووری نێوان شار و سروشت، دەنگ و بێ دەنگی و باوەڕی کۆن و نوێی خۆی ڕاوەستابوو. لەنێوان دوو هەست و دوو تێفکرینی ناسازدا. دوو بوون، یان دوو بوونەوەری جیاواز.

ڕاوەستان. ڕاوەستان و ڕاوەستان. چاوەڕوانییەکی ئەوەندە قورس کە هەرچی جووڵەیە لەویدا کوشت. باوکی هیچی نەدەگوت. نە سەیری ئەمی دەکرد و نە هەستیش بەوە دەکرا کە ئاگای لە دەستە گچکەکانی کوڕەکەیەتی، تەنانەت لە لێک ئاڵانی دەستەکانیش. لەگەڵ درێژەکێشانی ڕاوەستانەکەیان، پرسیارەکەی ناو دەروونی ئەمیش تا دەهات گەورەتر و گەورەتر دەبوو. ئەوەندە گەورە کە شار و سروشتی داپۆشی، «باوکم بۆ منی هێناوە بۆ ئێرە؟» ئەوسا سەری هەڵبڕی و لێی ڕوانییەوە. باوکی سەیری شوێنێکی دەکرد. ڕووی وەرگێڕا و هەوڵی دا شوێنەکە پەیدا بکات. لەوێ، لەو دوور دوورانە هەم ڕەنگە هەڵبزرکاوەکانی لێبوو، هەم پەڵە هەورێک و هەم ئاسمان و هەم زەوی. باوکی سەیری کامیانی دەکرد؟ چەند جارێک نیگاکانی لەنێوان سەیرکردنی باوکی و ئەو شوێنەدا ئاڵوگۆڕ پێکرد. بێ گومان باوکی هەموو ئەمانەی دەبینی، بەڵام کامەیانی زۆرتر دەبینی؟.. نازانێ. ئەوسا باوکی کەوتە دوان:

– وەک دەبینی ئێرە قەراغە. قەراغ، سنووری نێوان دوو شوێنە.. دوو شوێنی تەواو لە یەک جیاواز.

ئەم تەنیا سەیری باوکی دەکرد.

– لە قەراغەکانیشەوە دەکرێت ڕاوەستی و قەراغەکانی تریش ببینیت. لە ڕاستیدا باشترین شوێنی دیتنی قەراغەکانی تر، ڕاوەستان لەسەر قەراغە. لێرەوە ئیتر دەزانی ئەوێ چۆنە. سەیری ئەوێی کرد. ئەو تەنیا شتەکانی دەبینی،.. ڕەنگەکان، پەڵەهەورێک، ئاسمان و زەوی. ویستی بڵێ من دەترسم،.. لە ڕاوەستانی سەر قەراغەکان دەترسم. ویستی بڵێت هیچ قەراغێک نابینم. حەزی دەکرد بڵێت ئەو لە ماڵی خۆشیانەوە ئەم شتانەی گەلێک جار بینیوە، بەڵام هەرگیز هەستی نەکردووە کە ئەمانە پێوەندییان بە شتێکەوە هەیە ناوی قەراغە.

باوکی دەستەکەی تری بەرزکردەوە و بە پەنجە ئاماژەی بەو شوێنەدا. ئەم هەستی بە ناولەپی ئارەقاوی باوکی کرد،.. گەرم و لینج. بیری ئەو کرمانەی کەوتەوە کە لەگەڵ منداڵەکانی تر گەمەیان پێ دەکردن. بێ گومان ئەمیش گەر گەورە بێت، ڕۆژێک ئاوا لەگەڵ کوڕەکەی ناو دەستی ئارەق دەکاتەوە. کوڕەکەیشی ڕەنگە بیر لە کرمەکان بکاتەوە. لە بیری نایەت قەت بیری لە ئارەق کردبێتەوە، ئەگەرچی جاری وابوو تۆزی گەڕەکی جوان جوان بە لاجانگەکانییەوە گرێ دەدا. چەسپ. چەسپێکی تۆزاوی.

– من وەک تۆ نەبووم. من لە دێ گەورە بووم. لەوێ لەنێوان گوند و سروشت قەراغێک نەبوو. سروشت لە ماڵەکەمانەوە و ماڵەکەمان لە سروشتەوە دەستی پێ کرد. ساڵان تێپەڕی تا من بە قەراغەکانم زانی. کە پێشم زانین زۆر درەنگ بوو، ئەوەندە درەنگ کە بە ئێستایشەوە وێنەکانی ڕابردوو لای من هەر بێ قەراغن. وێنە تێکەڵەکان.

باوکی لە کاتێکدا دوا تیشکەکانی ئەو ڕۆژە لە چاوەکانیدا دەدرەوشانەوە، دوا ڕستەکانی چڕی:

– لە ڕاستیدا هەموو شوێنێک پڕی قەراغەکانن. ئەوەی کە پێیان بزانی، یان نا قسەیەکی ترە. ئەوەی لە چ تەمەنێکدایت، یان چ جۆرە ژیانێکت بەسەر بردبێت.

ئەم کە سەری لەم قسانە سووڕمابوو، حەزی دەکرد ئێستا لەحەوشەکەیان بایە و بچووایە سەیری مێروولەکانی بکردایە ئێوارانی ناو ژوورەکانی ماڵەکەی خۆیان بیر کەوتەوە. هەرگیز بڕوای نەدەکرد کتوپڕ وەها تامەزرۆییەکی لێ بنیشێت، کە ئارەقەی نێو دەستی باوکی پێ لەبیر بکات. بە حەزی پرسیاری گەڕانەوەوە، سەری هەڵبڕییەوە و لە باوکی ڕوانییەوە. بینی تەنیا شتێک باوکی بیری لێ نەدەکردەوە، ئێوارانی ماڵەوە بوو.

نازانێت چەندەی تر ڕاوەستان. باوکی دیسان باسی قەراغەکانی کردەوە. ئەوەی کە هەموو شوێنەکان پڕی ئەوانن. ئەوەی کە ژیان خۆیشی پاڵی بە قەراغێکەوەیە. باسی ئەوەی کە دەگەیتە قەراغێک، یان بیر لە ڕابردوو

دەکەیتەوە، یان لەوێوە سەیری قەراغەکانی تر دەکەیت. وشەکان لای ئەم لەگەڵ تاریک بوونی هەوا لێڵ و لێڵتر دەبوون. گوێ بگرێت، یان نەیگرێت؟ جار جارە بە جووڵەیەکی دەستی دەیویست باوکی وەک هەمیشە لە گوێڕایەڵی خۆی دڵنیا بکاتەوە. باوکیشی دڵنیا لە ئێوارە و لە گوێیەکانی ئەو و لە دەنگی خۆی درێژەی بە باسی قەراغەکان دەدا.

کە خولیای گەڕانەوە گرتنی، شەو بوو. ئیتر نە ڕەنگەکان دەبینران، نە پەڵە هەورەکە و نە ئاسمان و نە زەوی. شەو هەموویانی ون کردبوو. لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە ڕەنگە ئەو شتەیش کە باوکم قسەی لەسەر دەکرد، ون بووبێت. وڕ و گێژی ئەوەی باوکی دەبێت بۆچی لەسەر شتێک قسە بکات کە ون دەبێت، هەستی بەزەیییەکی سەیر دایگرت.

کە هەموو شتێک بزر بوو، ئیتر بەرەو ماڵەوە گەڕانەوە. باوکی وەک تارماییەک لە تەنیشتیدا ڕێی دەکرد. تارماییەکە هەروا دەستی ئارەقاوی بوو. بێ گومان مێروولەکانیش ئێستا لە تاریکاییدا ڕێیان دەکرد،.. خەتێکی ڕەشی ناو ڕەشایی. ئەو بە چرا فانووسەکەیان ئەمەی تاقی کردبووەوە.

لەشار تێپەڕین. خەڵکی شار لەمێژ بوو بۆ دواجار، ئەو ڕۆژە لە ئاسمانی ڕۆژیان ڕوانیبوو، لە کۆڵان تێپەڕین. خەڵکی گەڕەک لە مێژبوو دوانیگاکانیان لە درز و پشتی دەرگاکانەوە بەرەو دیوی دەرەوە، بەرەو کۆڵان بەڕێ کردبوو. لە حەوشەکەیان تێپەڕین. دایکی دەمێک بوو مریشکەکانی لە کولانە کردبوو.

گەیشتنە ناو ماڵ.

کە دەستی لە دەستی باوکی بووەوە، دەستی تەواو خووسابوو. ئەوەندە تەڕ، کە چەند قەترەیەکی لێ تکا. ئەو قەترانەی کە هەرگیز لەسەر کەفی گڵێنی ماڵەکەیان وشک نەبوونەوە،.. تەنانەت لە دوای مردنی باوکیشی. ئێستا لەو ڕۆژە ساڵانی ساڵ تێپەڕیوە. ساڵەکان ئەوەندە زۆرن کە ئەو جاری وایە بۆی حسێب ناکرێن، یان تاقەتی ژماردنیانی نەماوە. لەمێژە یەکەمین وتەکانی سەر قەراغەکان وەک ئەو ئێوارەیە ون بوونە، کەچی ئەو دەستی بەردەوام ئارەقە دەکاتەوە. قەترەکانی ئێوارەی حەوشە، ئێوارەی کۆڵان، ئێوارەی شار و ئێوارەی قەراغ شار،.. قەترەکانی قەراغ.



# دوایین ستریپتیز

**تێکۆشەر خالید**
**(سلێمانی)**

خۆکوژیی فەرماندە سەریاس تەواوی شاری شڵەژاند، بەڵام هیچ کەس بۆ ئەمە لە کاری ڕۆژانەی خۆی دوا نەکەوت. ئەو ڕۆژە لە هۆڵی شەهید قازی ئاهەنگی سەما و میوزیک پێشکەش دەکرا. هۆڵەکە لە پیاوان جمەی دەهات، بەدەگمەن کیژێکت تێدا دەبینی. ژاوەژاوی هۆڵەکە ئالیای تازەکاری تەواو نیگەران و ترسبار کردبوو. دوای پڕ بوون؛ پاش کەمێک، بێ دەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا. دوو کەس لە لای چەپی دووەمین کورسیی سێیەم ڕیزەوە بە دەم گەنمەشامی خواردنەوە لە یەکدییان دەپرسی: دەڵێن ئالیای فەرمانده سەریاس ئەمڕۆ خۆی ڕووت دەکاتەوە!.... بەڵێ بەڵێ من دەزانم یەک لە ستریپتیزە باشەکان دەبێت. کەسی یەکەم بێ ئەوەی بزانێت ستریپتیز چییە دەست بە گەنمەشامی خواردن دەکاتەوە. یەک لە ئامادەبووان بە دەنگێکی نەشازەوە بە هاوڕێکەی دەڵێت: دەزانی فەرماندە بێ ئومێدبوونی لە دۆزینەوەی کوڕەکەی بووە هۆی ئەوەی خۆی بکوژێت! ... نا نا من بیستم دەیانگوت لە شەرمەزاریدا خۆی کوشتووە، ئەدی ئەوە نییە کچەکەی بووەتە ستریپتیز! دوای ئەوەی ڕووناکییەکان دەکوژێنەوە، ئالیا دێتە سەر تەختەی شانۆ. دەنگی فیکە و جوانە و خۆشە و چەپڵەی ئامادەبووان، دەنگی میوزیکی پێشەکییەکە دەشارێتەوە. ئالیا دەستێک بەرز دەکاتەوە و هۆڵەکە بێ دەنگی بۆ دەگەڕێتەوە. میوزیکژەنەکە دەیەوێت دەست بە ژەنین بکات، ئالیا ڕایدەگرێت. دوو نامە لە گیرفانەکانی دەردەهێنێت و داوا لە ئامادەبووان دەکات گوێی بۆ بگرن. ئەو بە خوێندنەوەی نامەیەکی باوکی دەستی پێ کرد.

نووسینەوەی ئەو ڕووداوە بۆ من کە لە ژیانمدا دێڕێکم نەنووسیوە سەخت بوو. دوای ئەوەی هەواڵی خۆکوشتنێکمان پێ ڕاگەیاندرا زۆر بەپەلە وەک ئەرکی بژێوی بۆ لێکۆڵینەوە بەڕێ کەوتین. ئێمە چوزانین دەکەوینە دنیایەکەوە کە لەم دنیا ئەزەلی و هیچە زۆر جیاوازترە؛ دنیای جن. ماڵێکی لەقوڕی داڕووخاو، سەیروسەمەرە بوو دنیابینیمان پێچەوانە بکاتەوە. من و هەر سێزدە ئاژانی ئێشککگر بە دوو تیشکدەرەوە* بە دەوری ماڵەکەدا چەند جارێک بە وردی گەڕاین،

هیچمان بەدی نەکرد، چووینە ژوورەوە. لە بەردەم دەرکەی ژووری یەکەمی ماڵەکەدا لاشەی شێواوی پیرەمێردێکی لاوازمان بینی. لە لای سنگییەوە شوێن چڕنووکێکی سەیرمان بەدی کرد. من لە فیلمە ترسناکەکانیشدا شتی وام نەدیتووە. جۆرێک بە درێژی پەنجە تووتەی من شوێن چڕنووکەکان قووڵ بوون. دەستەکانی خوێنیان تێدا نەمابوو و بە قاچەکانییەوە جێی گاز دیار بوون و لە تەنیشتییەوە چەند دەنکە حەبێک و شووشەیەکی ڕەش تێکەڵی خوێنی لەبەر ڕۆیشتوو و مەییوی پیرەمێرد بووبوون. یەک لە ئاژانەکان کە تازە دەستی بە کار کردبوو، دوای ئەوەی میزی بە خۆیدا کرد، بوورایەوە. یەک لەوانی دی ڕشایەوە. منیش وەک ئەوەی پارچە ئاسنێکی گەورە بکێشن بەسەرمدا واقم وڕما بوو. نەمدەتوانی لە جێی خۆم بجووڵێم. لەو کاتەدا کە هەموومان تاسابووین و بێ دەنگییەکی سامناک دای گرتبووین. لە ژووری دووەم دەنگێک هاتە بەر گوێمان کە لە هاڕەکردنی بنمیچەکە دەچوو. ئەوەندەم توانی ڕووناکیی تیشکدەرەکە ڕووی بکەمە دەرکەی ژووری دووەم و ئاماژە بە ئاژانی پلە دوو "سۆفی سەناریا" بکەم تا بزانێت چی ڕووی داوە. سۆفی سەناریا بە ترس و لەرزەوە ڕۆیشت. گەڕایەوە و بە ئاماژەی سەر پێیی گوتم کەسی لێ نییە و دواتر گوتی کە کتێبن لەسەر ڕەفەکە کەوتوونەتە خوارەوە. ئەو هاتەوە لای من. دەرکەی ژووری دووەم بە توندی داخرا، بەبێ ئەوەی کەسی لێ بێت. هەمووان لە ترساندا ڕامانکردە دەرەوە. دواتر تەنیا من و سۆفی سەناریا ماینەوە و بە ئەسپایی چووینەوە ژوورەوە. سەرەتا گوێمان لە غەڵبەغەڵب بوو. ئەو زۆری گوت کە بڕۆینەوە دەرەوە؛ لەو گفتوگۆیەدا بووین، لە ژووری دووەمەوە دەنگی گریان و شین و شەپۆڕ بەرز بووەوە. سۆفی نزیک بووەوە. ڕووناکی تیشکدەرەکەی خستە سەر کێلۆنی دەرکەکە. کێلۆنەکە جووڵا. دەرکەکە کرایەوە. سۆفی بەدەمدا کەوت، وەک ئەوەی هێزێکی گەورە ڕای بکێشێت، بە بەرچاومەوە بۆ ژووری دووەم ڕاکێشرا. مانگێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێپەڕی و هەمووو ئاژانی لێکۆڵەر و ئاسایش تەنانەت پێشمەرگەیش لەو ماوەیەدا لە هەوڵی ڕزگارکردنی «سۆفی»دا بووین. ئەوەی بچوایەتە ژووری دووەم نەدەهاتە دەرەوە. هەر چۆنێک بێت بۆ جارێکی دی چوومەوە ژوورەوە، دیسان گوێم لە دەنگی غەڵبەغەڵب و دواتر گریان بووەوە. پارچە کاغەزێک کە لەسەر بەفرگرێکی کۆن دانرابوو سەرنجی ڕاکێشام. بۆم دەرکەوت کە نامەیەکی پیرەمێردە. دوای خوێندنەوە بە تەواوی هەموو هۆکارەکانی خۆکوشتنی پیرەمێرد و نهێنی ئەو ماڵە سەیرە و بە تایبەت ژووری دووەمم بۆ دەرکەوت. توانیشم بە هۆی ئەو کۆدە نهێنییەی پیرەمێرد نووسیبووی (من گووم.. شانزالیناتالی.. من گووم) لاشەی شێواوی هاوڕێم سۆفی سەناریا و ئەوانی دی بهێنمە دەرەوە و هەر بە کۆدی نهێنی (هوووگ یێڕواهـ... هوووگ یێڕواهـ)یش ئەو جنانە لە خۆم دوور بخەمەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانی منە؛ هۆکاری شێواندنی لاشەی پیرەمێردە و بەردەوام بیر دەکەمەوە بۆچی پیرەمێرد لاشەی بەو جۆرە شێوێنراوە و کێ ئەو تاوانەی ئەنجام داوە!.

هۆڵەکە بێ دەنگییەکی سامناک دایگرتبوو. ئالیا بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە دەستی بە خوێندنەوەی نامەی دووەم کرد.

"ئەوەی ئەم نامەیە بخوێنێتەوە جن دێتە نێو لەشییەوە"

لە نێو ماڵەکەی مندا درەختێکی نائاسایی و سیسەمێکی زەرد و بەفرگرێکی کۆن و نۆ سەد کتێب هەیە و هیچی دی. ڕەنگە بڵێن ئەم پیرەمێردە ڕزیوەی لە لێواری گۆڕ گەڕاوەتەوە، وڕێنە دەکات، بەڵام بڕوا بکەن هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە چۆن بێ ئەوەی بەشی هەناسەدانیش هەوا لەو ژوورەدا هەبێت، چەرچەفی سیسەمە زەردەکەم وەک ئەوەی ڕەشەبا هێرشی بۆ هێنا بێت بجووڵێتەوە. تا بە چاوەکانی خۆم نەمبینی کتێبێک لە کتێبەکانم پەڕەپەڕە وەک ئەوەی مرۆڤێک هەڵیان بداتەوە؛ هەڵدەدرایەوە. دواتر چووەوە شوێنی خۆی. لە لاتان سەیر نەبێت من خۆشم پێم وابوو دەردی پیری وەهای بەسەر هێناوم. نا خۆزگە پیری بوایە. من هەرگیز باوەڕم بە جنۆکە و بوونی نەبووە، بەڵام ڕاست دەرچوو، ئەوی بیری لێ بکاتەوە بۆی دێت. من زۆر لە جنۆکە دەهزرام، تا وای لێ هات تێکەڵی خوێن و ئێسکم بوون. سەرەتا تەنیا دەمتوانی هەست بکەم کە یەک لەوان سەرشانەکانم بە ئەسپایی دەخورێنێت. پەنجەیەکی باریک وەک تاڵێک دەزوو گەمە بە پشتم دەکات. کە بێ دەنگ دەبم بیری لێ دەکەمەوە. ئەوانیش هەمیشە لە چوار دەورمن. پیری من پێوەندی بەوەوە نییە، ڕەنگە شازدە ساڵ تا چل ساڵیش بووبام هەر بەو چەشنە جنۆکە دەوری بدابام. من ئێستا کەمێک زمانی جنۆکەکان شارەزام. بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت لە خۆتیان نزیک بکەیتەوە بڵێ: من گووم.. شانزالیناتالی.. من گووم. ئەگەر ویستی تۆ بە پێچەوانەوە بێت ئەوە بڵێ: خنیمنازولی تاناتی.. یان .. هوووگ یێڕواهـ... هوووگ یێڕواهـ... . نەڵێن پیرەمێرد وڕێنە دەکات. کامتان باوەڕ ناکات با سێ جار لەسەر یەک وشەی نزیک بوونەوە بخوێنێ جا ئەوکات خۆی دەبینێ. ئەم نامەیەشم لەبەر دوو خاڵ نووسیوە. یەک: من چەقۆکەم ئامادەیە بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لەگەڵ جن

بژیم. ئەم نهێنییەش بە شاراوەیی نەمێنێتەوە. دوو: بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بزانێت کە هەموو ئەو جەستانەی ڕۆژانە بۆ یەک جار بە بەردەماندا دێن و ئیدی نایانبینینەوە لە جن زیاتر هیچی دی نین.

ئالیا دوای خوێندنەوەی نامەکە کەوتە سەر چۆک. یەک لە ئامادەبووان فیکەیەکی درێژی تێکەڵاوی بێ دەنگییە سامناکەکەی ناو هۆڵەکە کرد. دەنگی زریکە و قیژەقیژی ئەوانی ناو هۆڵەکە تا دەهات پترتر دەبوو. فیکەکە سەری لە هەمووان شێواند. خەڵکەکە خۆشیان نەیاندەزانی چۆن لە هۆڵەکە ڕایانکردە دەرەوە.

میوزیکژەنەکە داوای لە ئالیا کرد کە شەو میوانی ئەو بێت. ئالیا ڕازی بوو. هەر ئەو ئێوارەیە لە ڕۆژنامەیەکی ئێواران، هەموو ڕووداوەکانی هۆڵی شەهید قازی؛ بە دوو نامەکەوە؛ هاوکات فایلێکی تەواو دەربارەی ژیانی فەرماندە سەریاس بڵاوکرایەوە.

ئاریۆسی دارتاش کە چەند کاتژمێرێک بوو بە مەبەستی بینینەوەی باوک و خوشکە زڕەکەی هاتبووە ئەم شارەوە. بۆ دۆزینەوەی هەلی کار دەستی دایە هەمان ڕۆژنامە کە ڕێپۆرتاژەکەی دەربارەی هۆڵی شەهید قازی بڵاوکردبووەوە. ئاریۆس بە دەم خوێندنەوەی تەواوی ڕێپۆرتاژەکەوە چەند جارێک، تا بەیانی خەو لە چاوەکانی نەکەوت. بەیانی زوو دەستی بە نووسینی نامەیەک کرد و بۆ هەمان ڕۆژنامەی نارد. دەستی لە تاکسییەک ڕاگرت و ناوونیشانی دوایین سنووری شاری پێ گوت؛ بۆ ڕۆیشتن.

دوای نیوەڕۆ ژمارەیەکی زۆر بە تەورەوە هاتبوونە بەردەم هۆڵەکە و داوای گەڕاندنەوەی پارەی بلیتەکانیان دەکرد، بەڵام هۆڵەکە جگە لە پاسەوانێک کەسێکی دیکەی لێ نەبوو. پاسەوانەکە بە خەڵکەکەی گوت: دەتوانن بچنە ژوورەوە، بەڵام جگە لە جنۆکە هیچی دیکەی لێ نییە. خەڵکەکە کە گوێبیستی ئەوەبوون، بە پەلە ئەو ناوەیان بە جێ هێشت. دواتر زانرا کە چەند سەد مەترێک دوورکەوتوونەتەوە و بە تەور یەکتریان لە ناو بردووە.

میوزیکژەنەکە لە دوای نیوەڕۆ داوای لە ئالیا کرد لەگەڵ ژەندنی پارچە میوزیکێک سەمای ستریپتێز بکات. ئالیا وەک ئەوەی هەست بکات کە دوایین ستریپتێزە ئەو دەیکات، ڕازی بوو. ئالیا تێدەگەیشت کە میوزیک و سێکس دووانەیەکن لە ڕووی چێژەوە، بەڵام هەرگیز ئەو ڕایەی دەرنەدەبڕی. لە دوا قۆناغی خۆ ڕووت کردنەوەی ئالیا؛ میوزیکژەنەکە سەرشێتانە پەلاماری ئالیای دا. ئالیا بۆ بەرگری کردن هەتا هێزی هەبوو پاڵی بە میوزیکژەنەکەوە نا، میوزیکژەنەکە سەری بەر دیوارەکە کەوت و لە هۆش خۆی چوو. ئالیا بەرەو ژووری چێشت لێنانەکە هەنگاوەکانی خێراتر کرد. بە چەقۆیەکی گەورەوە بەرەو ڕووی میوزیکژەنەکە هاتەوە و تا هێزی هەبوو کێشای بە سەریدا. خوێن فیچقەی کرد؛ ئالیا چاوەکانی بە چەقۆکە هەڵکۆڵی و ڕشایەوە، ئینجا بە هەمان چەقۆ بەربووە خۆی. لە ڕاستیدا هەردووکیان جن چووبووە لەشیانەوە.

هەمان دوای نیوەڕۆ ئاریۆسی دارتاش دوای ئەوەی بە گاز کوشتبووی؛ تەرمی شۆفێری تاکسییەکەی لە ژێر زەویدا حەشاردا.

لە ئێوارەدا ڕۆژنامەکە هەواڵی دابوو دوایین ژمارەیان دەبێت کە دەیوەشێنن، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە ستافی ڕۆژنامەکە جن چووەتە لەشیانەوە، هەروەها کۆمەڵێکی زۆر نامەی خوێنەرانی بڵاوکردەوە. لە نێو ئەو نامانەدا نامەکەی ئاریۆسی دارتاشیشی تێدا بوو. کە نووسی بووی:

دوایین جار کە باوکمم بە زیندوویی بینی، کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ بوو، کاتێک بە هۆی برسێتییەوە دایکم لە ڕێدا کۆچی دوایی کرد و باوکیشم سەرشێتانە منی بەجێ هێشت. ئێستەیش دوای بیست و نۆ ساڵ، تەنیا نامەیەکی باوکمم بۆ ماوەتەوە، لە ڕاستیدا گومانم لەو نامەیەی باوکم نییە، کە بە جێی هێشتووە. لە کاتێکدا ئەو کۆدی خۆ دوورخستنەوەی لە جنەکان بەکارهێناوە، بەڵام بۆ خۆی کوشت!. ئایا جنەکان کە لە کەسێک نزیک بوونەوە ئیدی دەستبەرداری نابن؟ یان بۆچی ئەوان نادیار و ئێمە لەبەر چاویانین. تاد... "ئەمانە پرسیارگەلن کە من تا ئێستە نەمتوانیوە وەڵامێکی دروستیان بۆ ببینمەوە". هەر ئەوەندەی بەردەوام لەبەر خۆمەوە دەڵێم (هوووگ یڕواهـ... هوووگ یڕواهـ). هەروەها پێشبینی دەکەم بەم زوانە تەواوی مرۆڤەکانی سەر زەوی لە ناو دەچن و جنەکان جێی ئێمە دەگرنەوە.


ئاخر ئێمە هیچ شتێکی تازەمان بۆ جیهان پێ نییە.

ئێستە سەری کردووەتە سەر مێزە بچووکەکەی و لە نووسینی چیرۆکەکەی بەردەوامە. دەکرێت بڵێم: ئەو تاکە جنە کە لە هەموو کردەوەکانی پەشیمانە.

*** ستریپتێز: سەمایەکە کیژێک، یان چەند کیژێک بەدەم سەماکەوە جلەکانیان دادەکەنن تا ڕووتبوونەوەی تەواو. ئاڵبەتە ئەم جۆرە سەمایە بە یاوەری میوزیک ئەنجام دەدرێت.**

**** تیشکدەر: خۆم داماتاشیوەوە و لەبری ئامێری ڕووناکی (لایت) بەکارم هێناوە.**

***** ئاژان بە مانای پۆلیس دێت. لێرەدا بە مانای ئەفسەری لێکۆڵەر بەکارم هێناوە.**



# ئەم دیوی مردن

بریا کاکەسووری
(بۆکان)

بۆ سورەیا خانمی خۆشەویست و غەزەل و سیاوش. بۆ یادەکانی عەتا بەرفی کە مەرگی بۆ هەموومان داخێکی هەمیشە سەوزە و خۆشەویستی و بیرهوەرییەکانیشی هەروا!

نە بە سەری دکتۆر عەزیز. ڕەنگ بێ واش بێ، گیان... گیان!؟ جاروبارێ خەیاڵات هەڵم دەگرێ. باشە باشە! تۆ ڕاست دەکەی. ئەوەش چاوم سڕی، ها. نا! من ئەگەر سوێند بە سەری دکتۆر عەزیز نەخۆم... تۆ؟! توخودا لێم حەرام مەکە! باشە، بە سەری تۆ ئیدی ناگریم. باوەڕت کرد؟ ئەمەش بە خۆشی دکتۆر گیان. مەمووگیان...، مەموو! دە خەتای تۆیە...! بە خودا خەتای تۆیە. دوایەش پێم دەڵێی مەگری. هەمیشە هەر تۆ دەمکەیە گریان. نەخێر ژێر نابمەوە! دە جارێک بلێ بەڵێ! گیانە! گیانە چەکۆگیان! دەڕۆم و ئەولاتریش. ئاشا من چەندە شێتم. دەڵێی بەفر هەر لێرە چۆتەوە. بۆ ناچمەوە سەر قەبرەکەی ...

مەمووگیان باشە، باشە ئیدی! ها ئەوەڵ بە خۆشی تۆ جا دوایی هی دکتۆرگیان. بلێی دڵی بێشێ؟ دەیها باشە، دوو بنە ئیسکانم زیاتر نەخواردووە. ها لە بن سەری تۆی دادەنێم... ئیجازەم دەدەی بنە ئیسکانێکی دیش بخۆم. ئیدی بەسمە. لەسەر دەستی تۆ دەمی لێ نادەم. قەیدی نییە، چونکە لەوە زیاتر ناخۆمەوە. تازە هەر ئەمەیە با ئەمە پڕ کەم ئیدی ناخۆمەوە. ها ئیدی مەهێڵە با نەخۆم. دەنا دکتۆرگیان دێ دەڵێ تەح! چەندە بێ وەفای چەکۆ، بزانە من قەت بێ تۆ دەخۆمەوە؟ مەمووگیان بیشارەوە. لێم بشارەوە. ڕاست دەکا بۆ ئەو ئەگەر چەتۆرێک هەوڵ دەدا تەواوی شار بە دووی چەکۆدا دەخولێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو وەک من نامەرد نییە...

مەموو! لێم گەڕێ با بنە ئیسکانێکی دی بخۆمەوە و دەچم بانگی دەکەم... نا! هێشتا زۆری ماوە بێ. قەیدی ناکات. ها! ئەوە پڕم نەکردووە دوایی نەڵێی. هەر بە خۆشی خۆی... شایەدیش لە ماڵێ بێت. ئێستا دەچم لەو بەرزەوە بزانم دیار نییە... لای تۆی بەجێ نەهێڵم باشە دەیبەم. لە باغەڵی خۆمی دەخەم. ڕاست دەکەی من دوور کەومەوە کەسێ دەستی بداتێ هەروا دەچێ... ئێستا دێمەوە... ئاشا مەموو خۆ لاقم عەرز ناگرن، ئاخۆ کاری هەبێ،

دەنا ئێستا پەیدا دەبوو. نا تەواوم نەکردووە. کوڕە خۆ هێشتا هیچم نەخواردووە. بە سەری تۆ هەردوو سێ قوم... کوڕە پاڵ نەدەمەوە دەکەوم مەموو. تەماشاکە وەک ئەڵماسم لێ کردووە؛ دیسان لە کێل ناچێ مەموو دەڵێی زولفەقارە دە تۆ گوێم دەیە ئاه...!

دەستت پێکردەوە؟ بۆچی گەوجم؟ نەوەڵڵا شێت نیم. هۆشم بۆ نییە؟! ئەوە نییە لەگەڵ تۆ قسە دەکەم! ... بۆ هاوار نەکەم؟! ئەی بۆ من بەرد دەدوێنم؟ ئەمڕۆ دەمەوێ هەموو شت یەکلایی بکەمەوە. ئەو کێلەم لە خۆڕایی نەکردۆتە خەنجەر. نەخێر لە بیرم نەچووە، بەڵام ئیدی بە خۆشی کەس ناخۆمەوە. لەمەودوا هەر بە خۆشی خۆم و جوانەمەرگی خۆم دەخۆمەوە. تۆش بڕوام پێ ناکەی! من مردوویەکی زیندووم...

باشە مەموو گیان! دە باشە! نەوەڵڵاهی هی خواردنەوە نییە. ئەوەی ماوە بە خۆشی تۆ و دکتۆر عەزیز گیان... کوا پەڕۆ کۆنەکەی لەژێر سەرت دامنابوو؟ باشە ئیدی ناگریم. دەزانی دیسان چیم بیر کەوتۆتەوە...؟ ئا لەوانەم دانابوو. دیار نییە، دەیسڕم... بە کراسەکەم. دەمویست دیسان باسی ئەو ساڵەی کەوشەکان بکەم. ئاخر دوێنێ قاڵەڕەشم دی. تۆغا قاڵەڕەشی بەدبەخت... ها ... ها... ئەوەی کەیانت لە بیر ماوە مەموو؟ کوڕە بەکر؛ بەکر شنۆیی بەدبەخت. ئێستاش هەرچی قاڵە دەبینم پێکەنینم دێ. ئاشا کێیان کردبووە کێشکی خەوگە... چۆن لە بیرت نەماوە؟ لای من دەڵێی دوێنێیە. کوڕە خەوگەکەی زانست سەرا دەڵێم ماڵت نەشێوێ. ئەوە نەبوو ساڵی دووەم لە خەوگە چوار نهۆمەکە بووین ماڵتە. کەوشەکان! تەح مەموو. ئەو ڕۆژە، عەجەب ئۆغڵەمەیەک بوو. ئێمە چمان نەدەکرد. ئۆیی تۆی کاشەیتان؛ منی لامەسەب، چوزانم! نەخشەی تۆ بوو... تۆی شەیتان! کاشەیتان. باوکت هەمیشە دەیکوت کاشەیتان؛ ئاخ شەیتان بۆ لە بیرت چۆتەوە. نەبوو لە نۆبە کێشکی قاڵە و بەکردا سەعات نازانم تا ئەم دواییانە لە بیرم مابوو، ڕەنگ بوو نۆبە کێشکی سەعاتی بەیانی بوو. نازانم ئەو چوار و پێنج و شتەی بەیانی بوو...

دکتۆر؟! نەوەڵڵا نەهات. دەڵێی دوێنێ شتێکی پێ کوتم... نا، نایە، تازەم وەبیر هاتەوە، نا نا ئەمڕۆ کاری هەیە. جاری با ئەو بنە ئیسکانەش بخۆمەوە. ئۆی... مەموو گیان بە خودا درۆ ناکەم لە بیرم نەبوو بە خۆشی کەس بیخۆمەوە... هەمیشە هەر وایە هەوەڵ زەهری مار و پیاو خۆی پێوە دەخلافێنێ؛ دوایەش دەڵێی مێکووکە. قەیدی ناکات کەسەکەم ئەمەیان بە خۆشی کاشەیتانی خۆمان... دڵت بۆ دێشێ مەموو مەگەر من و تۆ هەر... ئاخر بۆ لێم دەکەیە قوزەڵقورت!؟ بۆ مەگەر من خەڵکم بە مەنزوورێکەوە وا بە تۆ بڵێم؟ مەگەر هەمیشە تۆ بە منت نەدەکوت...؟ لە بیریشم نەماوە... من کەرم مەموو دەنا هەموو وەخت و ناوەختێک، شەو و نیوەشەو، بەیانی و ئێوارە هەڵتەک هەڵتەک نەدەهاتم بۆ لای تۆ و تۆش ئاوام پێ بڵێی... ئەی نەگریم، بڕیم بە قەبری مردووی خۆمدا!؟ ها؟ ئاخر تۆ وادەزانی ئەمن خەڵکم ناونیتکەت لێدەنێم و وات پێ بڵێم. ئاخر مەگەر تۆ سەد جاریش تەلەفۆنت بۆ نەدەکردم بە دایکم، یان هەر کامیان بوایە ئەگەر من لە ماڵ نەدەبووم دەتکوت... دەتکوت چی؟ دەخۆت بڵێ! نەتکوت کاشەیتان کاری پێت بوو؟ ئاخر مەگەر تۆ بۆ خۆشت هەر وات نەدەکوت؟ ئەی ئێستا بۆ وات لێهاتووە!؟ نا خۆ من نارەحەت نابم، وەلێ مەنزوورەکەی تۆ ناخۆشە. بە خودا مەموو من مەنزوورێکم نەبوو... ئاخر کاشەیتان گیان تۆ بزانە من دەبێ مەنزوورم چی بێ؟ ها؟ بۆچی بڕۆمەوە؟ کەرەگیان هەمیشە ئەگەر خۆرئاوا دەبێ و کزەبایەکی فێنک دەڵێی وەکو ئەو کاتی خۆمان خەریکی خۆشاردنووکێیە بە بەینی کێلەکاندا دێت و دەچێ ... شایەد ئەویش بە ماشێنەکەیەوە پەیدا بێت. جارێ ئەمە بە خۆشی ئەو، ئەگەر توانیم دەچمەوە نەشمتوانی وەکو جارەکانی دی لای تۆ دەخەوم. ها ئەوەش بە خۆشی تۆ مەموو... سەریشم دەکەمە ئەوێ... با، جارجار ئەگەر نەچمەوە لێم تووڕە دەبێ، ئەگەر براژنت شتی خۆش لێدەنێ و دیار نابم با! ئەو ڕۆژانە لەگەڵ دکتۆر کلاوەکەمان تێکدەچێ. ناهەقیشی نییە. ئەرێ، جستانان هەموو ئێوارێ دێتە شوێنم. لەوە دەترسێ سەرما و شت ڕەقم کات. جارجار کە ڕیشم بۆ دەتاشێ، یان لە حەمام دەمشوا، جارجارەیەک کە قسە و شت ناکا، دەزانم دەگری! با با، لە خواردنەوەشدا هەر وایە. دوێنێ لەگەڵ شیرین خانم و شەونم و شوانەگیان هەموو هاتنە دیوەکەی من نانمان خوارد. دوایی ئەوان ڕۆیشتن و ئەو هەر ماوە بڕێک شریتی حەسەن زیرەکی بۆ گرتم و زەفتەکەشی هەر لەوێ بەجێ هێشتووە. چەند شریتی خۆشیشی لەگەڵە. نازانم شایەدیش بۆ منی کڕیبێت... حەسەن زیرەکەکەی کە زۆر خۆشە. ئەو وەختیش بوومان. ئەوەی گۆرانییەکی تێدا بوو ... چارۆگێ و چارۆگێی تێدایە... ئەوەش هیچ

نییە مەموو شتێکی تری کوت، نازانم بڵێی ڕاست بکات... باشە خۆ من مەنزوورم ئەوە نییە بڵێم ئەو درۆ دەکا... نەوەڵڵا دەبێ دمم گڵاو کەم. نە بە خودا قەت وانالێیم... نا! هەر دەمەوێ لە خۆت بپرسم. دەیکوت دوێ شەو مەموو چۆتە خەونی دادە ئارەزووت، ئەوە گوایە زەنگی بۆ دکتۆر لێداوە... گوایە بەوت کوتووە کە چەکۆ هەراسانی کردووم. گوایە کوتبێتت ئەوەندەی لەو گووە، بە گڵکۆکەمدا پرژاندووە قەبرەکەشم بۆگەن بووە. ئەوانە هەر دکتۆرگیان باسی نەکردن، ئەوە هەر زۆر لەوە پێشتریش خۆم بیستم. خۆ دکتۆر خۆشی هەر لەگەڵ منە، بەڵام گوایە دایکیشت کوتبێتی جومعانە ناوێرین بچینە سەر ئەو قەبرەی مەموو؛ ئەو شێتە ئەوەندە لەوێ ڕشاوەتەوە کە پیاو دەچێ لەوانەیە جەرگ و دڵی بێتە دەرێ... جا تۆش هەر دەڵێی مەگری...! دکتۆر خەیاڵی هەیە قەدەغەی ئێرەشم لێ بکات... دەیکوت چەکۆگیان هێندە نەچین باشە. تۆ وەرەوە ئەم دیوەی خۆت و کاکی خۆشت خەریکی کاروبار دەبین و بە منی دەکوت تۆش وەرە بەردرگاکە بۆخۆت توو بفرۆشە و چوزانم هاوینان گەرمەشانی ببرژێنە و جارجار کاکی خۆشت لە پەنجەرەکەوە بانگت لێ دەکەم ئا دەی کاکە گیانە! کاکە چەکۆ! زەحمەت نەبێ گەرمەشانییەکی شلکمان بۆ ببرژێنە. ئەی چی خۆ جێگامان زۆرە. ئێوارانیش سواری ماشێنەکە دەبین و برێک ئەم لاو لا دەچین و دوایەش دێینەوە. ئاوا بەین بەینیش بۆخۆمان ئێواران دەچین بۆ قەبران و دادەنیشین و ئیدی ئاوا خۆشمان گوناهبار نابین و ئەویش هەراسان نابێت...

خۆ دکتۆر چاوم دەرهێنێ و بە زیندوویی کەوڵم کات، هێشتا هەر خاکی پایم... دەی باشە تۆ لێرە دەرم کە ئەوە بە خۆشی خۆم و هەموو ئەوانەی چەکۆیان خۆش دەوێ. ئەوە بە خۆشی تۆش کە ئیدی لێرەم نابینییەوە... ئەگەر زۆر زۆر لێرە بم هەر ئەم شەوە. لەم شەو زیاتر تازە من لێرە نابینی... لەگەڵ کەسیش نایەم؛ تازە... دەچم گڵکۆی شلێر دەبینمەوە... تازە ئەگەر هەموو عالەم خراپەم بڵێن، بڵێن مەجنوون و دێوانەیە دەچمە ئەوێ... نا! بە خودا لای کەس باسی ناکەم. تازە کامە کەس؟! لە دکتۆرگیان زیاتر کێ هەیە؟ تازە خۆ تۆش دەرم ناکەیت من خۆم دەڕۆم... ئەگەر هاتیشمەوە ڕۆژێ جارێک دێم ئاوپرژێنی ئەو دەوروبەرەت دەکەم و بەجێت دێڵم. دەچمە سەر گڵکۆی شلێر. دەزانم دیسان ئاوری عەزابێکی دیکەی بۆ هەڵدەکەم، بەڵام... بەڵام ئەی بچمە کوێ؟ دوو مانگێک دوای مردنەکەی تۆش... هێشتا نەیتوانیبوو بمدۆزێتەوە. ئاخر بە گیانی تۆ، من ئەوم لە بیر نەمابوو... سەد کەرەتیش خوشکم پێی کوتم شلێر زەنگی بۆ لێداوی، تەنانەت جارێک چووبوو خۆی بە سەر کەوشەکانی دایکمدا خستبوو، کەچی بە گیانی دکتۆر من ئەوم وەبیر نەدەهاتەوە، هەتا ڕۆژێک بۆچی نەمدی... مەموو خۆت دەزانی ئیدی... بە هەر فێڵێک بوو لای ماڵی ئێوەی دوور خستمەوە، بردمی بۆ سینەما. هەر چراکانیان کوژاندەوە... بەینێکی پێ چوو وردە وردە بیرم دەهاتەوە. ئاخ... مەموو تازەم گۆشە تاریکەکانی سینەما دەهاتەوە بیر، ئەو وەختانەی وا خەڵک تەماشای فیلمیان دەکرد، ئێمەش... هەر چوارمان فیلمی خۆمان هەبوو... ئەی چی کاشەیتان گیان، لە پەستا ئەو فیلمانەی خۆمانم وەبیردەهاتەوە... دەگریام. تازەم دەزانی شلێر کێیە. دەبوو ئەو هەر... ئەو ڕۆژە بزانێ ئیدی من کێم. دەبوو بزانێ من چەکۆکەی جاران نیم... نەمهێشت تەماشای فیلمەکە بکات بە گریان هاتمە دەرێ. سەد جاری سوێند دام سبەینێ دوانیوەڕۆ لە جێگایەک پێکەوە بین. مەمووگیان سەد جاری بە قەبری تۆ سوێند دام. ئەمن چم بکوتایە؟ لە کوێ؟ ئەو کوتی دەمەوێ برێک باسی مەمووش بکەین. کوتی: دەمەوێ بزانم چۆن بوو؛ مەموو بۆچی وای کرد؟ بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە کوتی ئاخر... تۆ بۆ ئەو دەکوژی؟ ئاخر ئێوە بێ یەکتری نەدەژیان، ئێستا دەچن یەکتری دەکوژن؟! تەنانەت زۆری هەوڵ دا ئارەزووش بێنێ، بەڵام چونکە من دەمزانی ئەو نایە، هیچم نەکوت. یانی ئارەزووش بەو نامەیەی باوەڕ نەکردبوو؟ نا! من ئەوەم لە شلێر نەپرسی. ڕەنگە قسەشیان کردبێ بۆچی... بەڵام من نەمپرسی. دەڵێی ناتوانم هەستم ئەو سیغارەم بێنم... ئەوە دکتۆرگیان لێرە بایە... تۆ بایەی نەدەگریای؟! ئەوە تۆ بایەی وات لێ نەدەهات؟! کوڕە بە سەری ئەو کاشەیتانە تۆش بایەی هەروات لێ دەهات... شلێریش هەوڵی ئەوەی بوو. بۆ سبەینێ لە تاکسییەکدا دیتم... نەمدەزانی بە شوێنمدا هاتووە. چارشێوێکی لە خۆی ئاڵاندبوو... کوتم لە چی دەگەڕێی؟ کوتی لە نەخۆشخانە نۆبە کێشکمە، بە بۆنەی کارێکەوە خۆم دزیوەتەوە. ماڵی یەکێ لە هاوکارەکانم چۆڵە، خۆی لە نەخۆشخانەیە، مێردەکەشی دووکانی هەیە. بە تاکسییەکەوە چووینەوە ماڵێ. خوا دەزانێ

چەندە گریایین، چەند مانگ بوو ئەوجارە تێر... تێر گریام. ئاخر ئەو چەند وەختە کەس نەبوو، یانی خەمخۆرێک... هاودەردێک نەبوو مەموو، کوتم شلێر تۆبی خودا تۆش باوەڕت بەو نامەیەی مەمووە شەیتان کردووە؟ کوتم شلێر کاتێ بیستم تۆش بایەی باوەڕت نەدەکرد... ئاخر ئەمە یەکێ لە کارە سەیرەکانی کاشەیتان بوو، بەڵام نازانم بۆچی مەموو کێ کاری وا لەگەڵ خۆی و نزیکترین هاوڕێی دەکا؟ بۆ ئەو جارە لەگەڵ خۆی؟ ئەویش... خۆت بکوژی مەموو! تۆ هەر خۆتت نەکوشت مەمووگیان! تۆ خۆ هەر خۆت نەبووی کاکی خۆم... ئەی چی!

کە لە ماڵێ نزیک بوومەوە شێن و شەپۆڕ بوو کاشەیتان. ڕۆژی حەشر بوو کەسەکەم. ئەسمەری خوشکت وەکو...، وەکو پڵینگێکی بەچکە خوراو بە قیژەقیژ و خۆڕنینەوە بەرەوپیریم هات. وەمدەزانی منی دیوە مەمووی وەبیرهاتۆتەوە، کە چی جنێو و شەپ و ... ئاخ... تۆغا با ئەم ڕۆژە مل شکاوە هەر بڕوا و نەیەتەوە مەموو... پێم کوت بڵێی تۆش بەو نامەیە بڕوات کردووە؟ من خۆم بڕوام نەدەکرد، بەڵام کە لە ماڵێ دەریان کردم، چوومە لای دکتۆر عەزیزگیان... ئاخ کاشەیتان! هێشتا نەگریم؟ من چوزانم چەند شەمۆ بوو. من ئەمانەم هیچی لە بیر نەمابوو. شلێر تەلەفۆنی بۆ کردبووم. کوتی چەکۆ مەموو لە کوێیە؟ ئەمانەم هەرچی سەرخۆشتر دەبم بڵێی هەموو کەس وابێ؟ هەتا سەرخۆشتر دەبم، ئەوانەم چاکتر لێ زیندوو دەبێتەوە. کوتم خانم گیان خۆ من هێشتا لە خەو هەڵنەستابووم، یان چووە بۆ سەر کار، یان ئێستا لە شیرین خەودایە... ئەرێ ئەوڕۆ هەینییە. زۆر بە سەیرێکەوە تەلەفۆنەکەی دانابوو، ئەو داینابۆوە و من ڕاچەنیبووم، لە خۆوە دڵم سڕ ببوو. زەنگم بۆ لێدابۆوە. من خۆم ئەمانەم هیچی لە بیرنەمابوو... خێرا یەک زەنگم بۆ شلێر لێ دابۆوە. چ سرێکە بەو بەیانییە زووە هەواڵی مەموو دەپرسی؟ کوتبووی هیچ ئارەزوو زەنگی بۆ لێدابوو خەونی ناخۆشی دیبوو. من قاقایەکم کێشابوو، کوتبووم شەوگاری ئەم شەو لەگەڵ مەموو کووچە و کۆڵان و باغات گەڕاوین، سەرخۆش و گۆرانی کوتن، کەچی ئێستا خاتوون خەونی ناخۆشی دیوە. کوتبووم شلێر، ئەم شەو لەگەڵ ئارەزوو خەونی خۆشمان پێوە ببینن. خەونێک کە هەتا بەری بەیان لەگەڵتان بێ. گوایە وەکو هەمیشە کوتبووی هەتا بەری بەیان!؟ بە! بە! ترش نابێت کوڕی باش؟! ئێمە ناتوانین لە چەند دەقیقەیەک زیاتر بتانبینین ئێستا شەوێک هەتا بەری بەیانی! بەڕاستی ئەوە دەبێ هەر خەون بێ...!

مەموو من دیسان قاقام کێشابوو، کوتبووم ئەو چەند دەقیقەیەش نایەین با بۆخۆتان دڵتان بتۆقێ. دە ئەی بڵێم چی مەگەر هەر ئەوان نەبوون کۆڵانە و کۆڵان و ماڵەوماڵ ئێمەیان دەگێڕا...؟

شەیتان گیان، ئەگەر ئیزنم بدەی بڕێک دەچمە سەر گڵکۆکەی ئەو. کەوشەکانم دیار... ناکا دیسان کاری وام لەگەڵ بکەیت؟... ئەی دەنا کوان؟ ئاخر دوێنێ دکتۆرگیان بۆی کڕیوم. ئەی ئەو ساڵە هەر ئاوا قالە و ئەوانت بەدبەخت نەکرد؟ ئەی ئەو شەوە لە خەوگەکە کەوشی نهۆمی یەکت نەبردە سێ و نیوەی سێشت نەهێنا چوار کا شەیتان گیان. ئەی دوایی تەواوی کەوشی ئەو چوار نهۆمەت تا و تا نەکرد کاکە شەیتان گیان! ئەی دەنا کوا کەوشەکانی من شەیتان گیان؟ ئەی ئەو ڕۆژە تەواوی دەرس و دەورت پێدانەخستین؟ ئۆی شەیتان کوا کەوشەکانم؟ ئەی قالە و بەکری بەدبەختت بە دەرکردن نەدا...

سەرم لە گێژەوە دێ. ئاخر بیری شلێرم کردووە... دوکتۆر لێرە بایە وەکو کۆڵەکەیەک دەهاتە ژێر باڵم. دەستەکانم؟! دەردی ئەوانیش... ئەو ڕۆژە ئاوایان لێهات... کە چووم و تۆ، تۆی شەیتان و جندۆکە لە ئاوێنەکە نەهاتییە دەرێ... هەر ئەو ڕۆژە وا لەگەڵ شلێر چووینەوە ماڵی هاوکارەکەی. دەیلاواندمەوە، من چوومە ژوورێ... کەوشەکانم نازانی بۆچی داتشاردوون مەموو... ئاخر تۆ کەی دەس لەم شەیتانییە هەڵدەگری براکەم؟ ئاخر نازانی بیرم کردووە... تۆ؟ تۆ بێ ڕەحم و دڵی. تۆ هەر نازانی ڕەحم و دڵ چییە. ئارەزووش دەزانێ. تۆ نازانی بیرکردن یانی چی... تۆ جارێ کەوشەکانی من دەوە بەکر و قالەشت هەر وا بەدبەخت کرد... خۆ لەو ڕۆژەوە، لەو ساڵەوە نەمدیوە. ئاخر من تۆ نیم قەت وات نەزانی ئارەزوویەک هەیە... نا، نەمدیوە؛ بیشیدینم ئێستا نایناسمەوە حەتمێن ئێستا دوو سێ منداڵیشی هەیە ... ئەی چی مەمووگیان ڕاست دەکەی خودا بکات خۆش ... بەخت بێ. نا ئیتر لەو ساڵەوە... ئاخر ڕەنگە لەو ساڵەوە هەزار جاریش ڕێی پێ گرتبێتم، بەڵام ئاخر شەرت ئەوە بووە من بیناسم. خۆ کەوشەکانم نادەیتەوە... ئاوا ڕاکشێم باشترە... ئەمشەو مانگیش

به دەرەوە نییە.... ئاشا ئەو هەموو ئەستێرەیە.... واش مەزانە مەموو ڕەنگە ئەستێرەی ئێمەش هەبێت، یان شایەد جارێکیتر لەگەڵ خۆمان بێتەوە... ئەی خۆ هەموو هەر ئەستێرەیان نییە. ئارەزوو؟ نازانم بەشکم ئاهۆو گەورەیە هی ئەو بێت. بە خودا نەمدیوە مەموو ئیدی درۆ بۆ بکەم... نا دکتۆریش قەتی باس نەکردووە. جا بیشیناسێ بە کار چی دێ...؟ ئەم هەموو غەمە بە دکتۆر بۆ دەخورێ؟ بەشکم ئێستا بە ماشێنەکەیەوە پەیدا بێت... نا بۆ ڕۆیشتنەوە ناڵێم. بە خودا بەجێیت ناهڵێم... جێگەم لای تۆ خۆشتر دەست ناکەوێ. جا تازە ئەو بلێیی لەو دنیا شووی نەکردبێ...؟ ئەی چی شایەد ئێستا منداڵیشی هەبێ... من ئەو جارە هەر ئەوەندەم لە بیرە کە چووینە ئەو ماڵەوە دیتم دەنگت دێ. یانی سەرم بە سەر شانی ئەوەوە بوو تۆ هەرات کرد. من دەرپەڕیم، ئەو هەرچی هەوڵی دا و کوتی دەنگ نییە، من باوەڕم پێ نەکرد. بۆچی باوەڕم پێ نەکرد؟ دەزانی؟ نا...! نازانی. هەر لەبەر ئەوە بوو دەنگتم گوێ لێبوو؛ مەگەر هەمیشەی خودا ئێوە لەو دیو نەبوون و ئێمەش لەو دیو؟ مەگەر بێ یەک بۆ ئەم لاولا دەچووین؟ کە دەنگ هات خێرا دەرپەڕیمە دەرێ. هەستم کرد هەڵاتی بۆ دیوێک وا لەسەر حەوشە بوو، جوان گوێم لە دەنگی پێتەوە بوو بەرەو ئەوێ هەڵاتی. کە هاتم پڕ پڕ بوو لە ئاوێنە؛ پێم وابێت کابرا ئاوێنەفرۆش بوو. بە ئیشتیا سێبەرەکەتم دی چوویە پشت ئاوێنەیەکەوە. ئاوێنە زۆر بوو مەموو...، ئەوەندەی لە بیرم بێ دە دوازدە ڕیز بوو؛ درێژ و کورت. ڕەنگە بۆخۆت لە بیرت نەبێ، شایەدیش تۆ هەروا شەیتان بووی. هاتم کوتم مەموو وەرە دەرێ. هەرچی کوتم... هیچ! مەموو خۆم لە ئاوێنەکەدا ڕوو بە ڕووی خۆم وەستابووم. شلێریش بە ئەسپایی و بە ترسەوە لە پشتەوە لێم نەدەبۆوە؛ دەیکوت وانییە چەکۆ بە خودا خەیاڵت کردووە؛ مردوو تازە کاری چییە بە ئاوێنە؟ ئەوە هەر تووڕەتریش دەبووم. ئەگەر باوەشم کرد بە ئاوێنەیەکدا و گوڕاندم سەگە سەگ کایەم پێدەکەی شەیتان! کاکەشەیتان! هاوەرە دەرێ! ... ئاخر تۆ لە ناو ئاوێنەکەدا بووی. ئاوێنەیەکی باریک و درێژ، وەکو باوەش بە تۆدا بکەم وابوو. شووشە هەموو ڕەگی بڕی و من نەمزانی چم بەسەر هات. هەر ئەوە بوو دەستەکانمی ئاوا ئیفلیج کرد... دەڵێی دەنگی ماشێن دێ... شایەد ئەویش نەبێ. دوێ شەو یەکیان هێنا. سەد نەفەر پڕ بەو قەبرستانە دەگریان و خۆیان دەڕنییەوە. نازانم کێ بووم لەم شەو زۆر خراپتر بووم. مەگەر بۆخۆت نازانی تازە ئەم شەویش ئەگەر بێنن نازانم کێیە... ئەرێ، ئەگەر لە سۆفی بپرسم پێم دەڵێ، بەڵام بۆچمانە مەموو؟ ئێمە هێشتاش پاش ئەم حەوت هەشت ساڵە، ئەم دەرودراوسێیانەی خۆمان ناناسین. بە خودا من ئێستاش نازانم کێن. تازە من وەختێ نەزانم قەبری شلێر لە کوێیە، هی ئەمانە چی لێ بکەم؟ یان جەوانە، یان پیرە ئیدی... هیچ... ڕاست دەکەی. شلێر جەوان بوو، تۆش هەر جەوان بووی... شلێر؟ بە خودا نازانم... یەکێ دەیکوت هەر ئەو ئاوێنەی وا من باوەشم پێدا کردبوو کوشتوویە. جارێکی دی خوشکم دەیکوت نەوەڵڵا شەوێکیان کە لە نەخۆشخانە کێشک ببوو، دەرزی خراپی لە خۆی دابوو دەیکوت لەبەر عیشقی من و ئابڕووی خۆی... نا مەموو! جا من لە خۆوە درۆ بۆ بکەم. پێم کوت. نا جا خۆ ئەم واش بایە، هیچی نەدەکوت، بەڵام ئارەزوو... بەو خودایە مەموو منیش لە هەوەڵەوە دەمکوت شایەد وابێت. ئاشا ئەو ئەستێرانە چۆن دێن و دەڕۆن. حەح هی وایە کۆڵێ درێژ دەبێتەوە... هیچ... نەوەڵڵا نەکەوتە دەستم، بەڵام کە لە ماڵی ئێوە دەریان کردم، چووم بۆ لای ماشێنەکەی دکتۆر. ئەو نازانم خەریک بوو بۆ کوێ دەچوو. بە هەڵاتن خۆم دا بەر. زۆر گریام و خۆم دا بەسەر ماشێنەکەدا، ئەویش لەوانی کە خراپتر درگای ماشێنەکەی هەر نەکردەوە، یان خوانەخواستە شووشەکەی دابداتەوە، ئەوە گلەیی بێ بە لایەوە. پاش بەینێکی زۆر گریان، مات بوو دەستی کرد بە باغەڵیدا، نامەیەکی دەرهێنا بە گریانەوە نای بە شووشەی ماشێنەکەوە. پێم وابوو لەوە دەترسا... وەدەست من بکەوێ و بیدڕێنم، بەڵام مەموو ئەوە چوو و ڕابرد، بەڵام بە شەڕەفم ئەوە وانەبوو! تۆ چەند جارت ترەماشەند کە لە دەستی من تیا دەچی ناپیاو؟ تۆ ئێستاش ناتەوێ ڕاست بڕۆی. نا خۆ پیاو نابێ هەر بخواتەوە قسە بکات... نە بە خودا دەڵێیی هیچیشم نەخواردۆتەوە، بەڵام خۆزگە دکتۆر لێرە بوایە و بیزانییایە کە تۆ ڕاستت نەکرد. کە تۆ ئێستاش لەبەر درۆ ڕاست ناڕۆی... ئاخر خۆ هەر من نیم و من. تۆ دەزانی ئیدی من دایکتم نەدییەوە؟ باشە منیش دەڵێم باوکت حەق نییە بیبینم... نا، من ناڵێم ناپیاوە، شەڵوار پیسە، یان هەر چییەکە، بە من چی هەر ڕۆژێ ژنێکی دێنا مەموو!

ئەسلّەن باسەکەی من ئەوە نییە... دیسان دەلّێی گلەیی... چەکۆیەکی زەلیل مەموو دوو دەستی گۆج و ئیفلیج... مەیخە باسی دکتۆر تۆ بۆچی ئاوات لەگەلّ من کرد؟! تۆ نەدەکرا نامەت بنووسیبایە لە داخی باوکت، یان مەسەلەن لە داخی ڕۆژگار، یان هەزار تەڕ و تەوێلّە هەبوو مەموو. ئەسلّەن نەدەکرا هیچ نەنووسی و خوت بکوژی؟ تۆ بۆخۆت ڕۆیشتی و هەموو شتێکت هێنا پای من. تۆ دەزانی ژیانی ئێمەت قلّپ کردەوە ناو زەلکاوی وێرانی و بەدبەختی؟ ئێستا تەواوی ئەم شارە چەکۆ دەناسن مەمووگیان. وەرە زۆرجار بە دزی دکتۆرەوە بچۆ ئەم دوکانە و ئەو دوکان بکە و دوو تمەن سوالّ بکە و بچوو بیدە بە دوو بنە ئیسکان ژەهری مار و وەرە بۆ قەبران. وەرە بە خۆشی دۆستی گیانی گیانیت بیخۆوە. مەگەر وانییە مەموو؟ پیاو بەو وەرە دەرێ و بچۆ ئەم حەشامەتەم بۆ حالّی بکە. سەد جار مندالّەورکە بەر بەردم دەدەن. سەگەلم تێبەر دەدەن، مەگەر سەد جار بۆخۆت شایەد نەبووی هاتوون ئالێرە ئەم قوزەلّقۆرتەم لە بن سەری تۆ داناوە نەیاندزیوە؟ ئەستێرەی چی و شلێری چی مەموو!؟ چەکۆی بەدبەخت تازە نە ئارەق دەیگرێ و ... چەکۆی زەلیل تازە ئەستێرەی بۆ چییە؟ مەموو ئەگەر دکتۆر لێگەڕێ چەکۆ شێت سالّێ کراسێکی ناوێ، بەلاّم هەمیشە حەزی لەوە بوو مەمووی لەگەلّ بێت. وەکو ئەو وەخت مەموو. وەکو ئەو سالّەی لە قوتابخانەکەی شەهیدان بووین. بەفر چەندە خۆشە مەموو! لە بیرتە لەگەلّ قوتابخانەی داهاتوو دیوارێکیان بەین بوو؛ لە بیرتە کەرەشەیتان لە هەواخۆریدا دەستوورت دا ئەو دیو بەر تۆپەلّە بدەین. لە بیرتە لەو دیوەوە تۆپەلّە بەفرێک هات لووتی گرتم و خوێن فیچقەی کرد. ئاخ شەیتان گیان، هەوەلّ هەتا توانیت پێم پێکەنیت، بەلاّم ئەی بۆ ئەو ڕۆژە لای دکتۆر گەڕامەوە گریا بووی... ڕاستت نەدەکرد شەیتان...! ئەی تەواوی کوڕەکان نەیانکوت بۆ من گریا بووی. تەنیایی زۆر ناخۆشە مەموو چۆن... نەگریم؟ ئەوەتا ڕۆیشتووی نامەرد جارێک نەهاتییەوە بزانی من چەندە خۆشحالّ دەبم. نەهاتییەوە هەتا بزانی چەکۆ تۆی لە شلێریش خۆشتر دەوێ. بە خودا تەنیایی زۆر ناخۆشە مەموو... سالّەهایە ئەو کێلەت تیژ دەکەم کە بیکەم بە زگی خۆمدا و خوێنەکەم بە ملتا برژێ، بەلاّم دەلّێم مەموو من چۆن دەبێ خراپەم بۆت هەبێت... دەلّێم چەکۆ چۆن دەبێ وەکو ئەو بکەی و مەرگی خۆت بخەیتە ئەستۆی ئەو. بۆچی ... ناچی بە کێلی کابرایەکی دیکە خۆت بکوژی...؟ ئەگەر درۆم بکردایە وەکو تۆم دەکرد مەموو. یانی تۆ نازانی هیچ شتێک لە تەنیایی ناخۆشتر نییە. سەعاتت بۆچییە؟ هەر چەندێک بێ، فەرقی چییە. دکتۆریش لە من و تۆ بەدبەختترە. وەخت و بێ وەخت پەیدا دەبێ و تاریکی و ئەو هەموو ترس و خۆفەی قەبرستان دەگرێ بە کۆلّەوە دێ بە دووی چەکۆدا. خۆ ئەمە ڕەنگە بە تۆش نەکرابە، بەلاّم تۆ خوداکەی ڕاست برۆ ئەوە خوێ بە برین کردنەوە نییە؟ دیوت بۆ دروست کا. زەفتت بۆ بکرێ و بە دەرد و ئازارتەوە بسووتێ؟ گۆرانیت بۆ بلّێ. شریتی حەسەن زیرەکت بۆ بخاتە سەر. ئەمانە هەموو، ... ڕۆژ ڕۆژ لە بیر دەچنەوە و ڕۆژ ڕۆژیش هەلّت دەقرچێنن. دەمەوێ ئاوا بێت. بیری شلێر و خۆشەویستییەکەی ئەی شەیتان تۆ بۆخۆت خۆتت نەجات دا. تازە کەوشم بۆ چییە ئاوا سەر دەکەمە سەر سینگی تۆ و بۆی دەنووم. دەنگی ماشێن؟ داخوا کێیە... شایەدیش دکتۆر بێت. ئەم سەر دلّەی تۆ... لە هیچ کوێ... سەرینی وا دەست ناکەوێ مەموو. نا... ئیدی بۆ بگریم... نا...



# شەڤا سپی

رۆشەن لەزگین
(لجێ)

دەنگێ مە د کەسکاهیا سمبلەکێ دە ڤەشارتی ما
و هەموویێ ستێرکان شەمتین ژ چاڤێن مە...

بەری دبارە سپی سپی دپووکینە. شەڤ سپی دکە. ئاسیمانێ دیاربەکر سەرانسەر د ناڤ بێهنا هنە دە. ژ پۆزێ ئەڤینداران رە دیاری. و هەموویێ عەوران د ناڤ چاڤێن من دە. ..

شەڤ درێژ، شەڤ فرەه. و هەتا تو ببێژی ئەو چەند ژی بێ رِەحم، نابهورە. ئەڤ دلێ من کەلەکن ئەڤ دلێ من کەشتی. ئەڤ دلێ من تەیرەکی مهاجر، شووشەیەکە شکەستی... ل ناڤ دەرگووشا دلێ خوە خەمان دکم خەوێ، لێ ئەز شیارم. دەستێن من حەزکرنەکە سەرسەری ب حەسرەت دکێلین...

ل ناڤ بیبکێن چاڤێن من هێرسەکە ئاسێ و ئەز مینا پەلگەکی هشک ئێ دارا مازی کەتمە بەر بایەکی کۆر...

ئاخ، ئەڤ دلێ من چەندی زیزە! مینا رِوونێ ل سەر سێلەکە سۆر دلیزە. و تاما سێڤەکا پەلخی ل سەر زمانێ من. تو خوەدا من ناحەبینە. دلێ من خەولە، دەستێن من ڤالا. دەنگێ خومە خوما ماویزەراند گوهێن من دە و ل ناڤ ئاورِێن من شرقێنیا برووسکان. هەموو گوندێن مە یێن شەوتی ل بەر چاڤێن من، هەموویێ چیان و دەشتان د ناڤ مژێ دە نە. وەلاتێ من سەرانسەر مژ. کالە کالا بەرخکەکی ساوا یە. بووکەکە تەزە دەست ئاڤێتیە پۆرێ خوە، گولیێن خوە درووچکینە و ل هەمبێزا وێ ئیسکە ئیسکا قوماتەکەکە سێوی. ل کۆچەیێن دیاربەکر خۆرتێن تەزە ب دەربا گولەیەکێ رە رِامدینە. ل قەراغێن پاپووران، ل کەڤیا دیجلەیێ جەندەکێن بێخوەدی یێن کو مینا مەشکا پفکری وەرمینە...

و من هەموویێ هێڤییێن خوە د ناڤ بیبکێن سێوییێن دیاربەکر دە غوبار غوبار پاییزە ئاژۆتن. ئۆی ڕەبیۆ، وێ زیل بدن یان نە؟ نزانم، ئانها ئەز سەرێ خوە بدم سەر کیژان کەڤری؟

و بەرف دبارە سپی سپی.

ئەرێ، بەرف دبارە. دیاربەکر سەرانسەر سپی یە. وەک خێلیا بووکان. ئاخ یارێ!.. ئێدی هەموو شەڤێن من بێ تە نە. من ببەخشینە و چاڤنەباریا من ژی. نها ئەز خوەزیا خوە ب تە تینم و ژ گاڤا کو ئەز خوە ب تە موقایەسە دکم، ئاخ بێ چەندی دلێ من ب من دشەوتە!..

یارێ، نها تو د هەمبێزا ئاسیمانێ بێداوی دە مێڤانا ستێرکانی. و ئەز، د هەمبێزا ڤێ شەڤا سپی دە کوچەیێن لابیرەنتی یێن ڤی بازارێ ئەسمەر دپیڤم. قرپێنا بەرفا تەزە یە ل بن لنگێن من، دنالە. ها ڕێچێن من ها ڕێچێن من پسیکەکی سباتۆک، سەرسەری و ئەوجەند ژی لووس.

هێ یارێ، ئەزێ چەندین شەڤان بێ تە ببهورینم و چەندین ڕۆژان ل سەر زێدە کم؟

کا ببێژ! ئەز خوە ئەز خوە ب کیژان ستێرکێ ڤە بخوروجینم، لێێێ؟

بەرف دبارە. پەلە ب پەلە دڕەقسە...

حەیف و حەیفا ئاوران. درێژ و ڤەکێشیایی. قەدیان. زەمان ئەشکەرا بوو، پەلگێن من وەشیان. ئێدی بێهاوە نە ئەڤ گۆتنێن من... شەڤ سپی دکە و دیاربەکر کوچە ب کوچە د ناڤ مژێ دە یە. دەم دەما گورانە ئێدی!..

و بەرف دبارە.

کەری ب کەری دتەمرینە ژانا من.


یارێ!

کا جارەک دن وەرە خەونا من.

و بلا شەواتا مە دوو بکە هەتا ب هەتاییێ...

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پرتووکا (ل بن دارا بییێ) رووپەلێن (٥٣-٥٤) هاتیە وەرگرتن کو ژ وەشانێن ئەلما یە و چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا ٢٠٠٣ ل ستەنبول ب ڕێنڤیسا لاتینی هاتیە چاپ و بەلاڤکرن. هەژی یە بێتە گۆتن کو رۆشان ل سالا (١٩٦٤)ێ ل گوندەکی سەر ب لجێ ڤە هاتیە دنیایێ و ل سالا (١٩٩٦)ێ و ڤردە دەست ب نڤیسینێ کریە و بەرهەمێن وی ل زۆربەی کۆڤارێن چاندی و ئەدەبی یێن کرمانجی دە هاتینە بەلاڤکرن.**

**«ڕامان»**



# ئۆتۆمبێل دانەی بە پێنج قرووش

سەباحەددین عەلی
لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە
(کەرکووک)

ئێوارە، لە کاتی ئاپۆرەیی شەقامەکاندا، ئافرەتێک و منداڵێک دەهاتنە سەر گۆشە، ئافرەتێ بە چارشێوێکی سیا ئالاوە بە دەستەکانی چارشێوەکەی بەسەر روویدا دادەدایەوە، تەنیا دوو چاوی رەش، لە نیوە رووناکیی کۆڵانەکەدا، بەبێ ورشە، بە بەردەمیدا دەیڕوانی. کە منداڵەکە بە تەکیەوە بە پێوە دەوەستا، ئەو چیچکەی دەکرد، لە جەواڵێکی بچووکەوە تاقمە شمەکێکی یاریی منداڵانی دەردەکرد، ئەمانە جووتە چەرخێکی تەختە بوون بە نووکی دارێکەوە کرابوون، لەسەر چەرخەکاندا لە چوار دار پێکهاتبوو بە بزمار بەنێو دوو تەختەی خڕدا کوترابوو کە شتێک بوو لە کەیرۆکە دەچوو، کە چەرخەکان بەسەر زەویدا دەڕۆن ئەم کەیرۆکەیە وەک فڕفڕۆکە دەسووڕایەوە.

یارییە منداڵانەکان کە لەبەردەمی ئافرەتدا ڕیز دەکران، منداڵەکە دانەیەکی بەدەستەوە دەگرت و لەسەر شۆستەدا بۆ پێشەوە و بەرەو دواوە دەیهێنا و دەیبرد و بە دەنگە ناسکەکەی دەستی بە هاوار دەکرد:

ئۆتۆمبێل دانەی بە پێنج قرووش... بە پێنج قرووش... ئۆتۆمبێل بە پێنج قرووش!..تا کۆڵانەکان چۆڵ دەبوونەوە، نزیکەی سێ چوار سەعات، لێرە دەمانەوە.

منداڵەکە هەشت ساڵان دەبوو، بەڵام لە یەکەم بینیندا لە شەش ساڵی پتر دانەدەنرا. لاواز و وردیلە بوو، ئینجا ئەو دەنگەی بەبێ وەستان هاواری دەکرد، وەک دەنگی کچێکی گچکە، باریک و لەرزۆک بوو.

کە دەیگوت: بەپێنج قرووش! - دانی بە -ش-ـەکاندا دەنا و لەنێو لێوەکانییەوە بە ڕزیوی دەری دەکرد.

خۆشی وەک دایکی هەر سەیری پێشەوەی خۆی دەکرد، سەری هەڵنەدەبڕی.

هەندێک لەولای ئەو گۆشەیەی ئەمانی لێ بوون، کۆگایەکی تابلۆ بریقەداری ئەنتیکفرۆشی لێ بوو. لە پشت

کریستاڵە گەورەکاندا ملوانکە و کەمەرەی تۆقە توند و بلووزی خوری و دەستەوانە و ئیدی شمەکی زۆری پێویست و ناپێویستی مرۆڤان، بە ڕووی ڕێگوزاراندا پێ دەکەنین. دایک و کوڕ کە بە بەردەمی ئەمانەدا ڕەت دەبوون، دوای ڕەت بوونیش لە گۆشەکەیاندا ستاریان دەگرت. هەوڵیان دەدا ڕوویان هیچ وەرنەچەرخێنن، ئەگەر ئەو تیشکانەی وا لەسەر شۆستە قوراوییەکانی کۆڵانەکەدا ڕەنگی نەدابایە و جێ جێ بریقەی بەو ناوە نەدایە، دوور نەبوو تەنانەت بە بوونی کۆگایەکی وەهاشیان نەزانیبایە.

لە کاتێکدا زۆربەی هاتوچۆکاران، بە تایبەتی منداڵان، لەبەردەمی ئەم جامخانە بریقەدارانەدا دەوەستن، چاو دەبڕنە ئەو یارییە منداڵانانەی وەستایانە لەناو تێکەڵاوییەکەدا کۆکراونەتەوە، کە بە بارودۆخێکی خەمناکیشەوە دەکەونە ڕێ، ئەو عەرەبانە چەرخ تەختانەیان دێتە بەرانبەریان لێویان لێ دەکرۆژت، وەک بڵێی ئەو شێوە جوانانەیان لێ دەشێوێنێ کە لە جامخانەکەوە بە بەر چاویانەوە دەمایەوە، دڵگوشراوانە دەیانڕوانی، بەڵام فرۆشیاری گچکە بەم بێ ئابڕووییەی ئەوانی نەدەزانی. دەیڕوانییە بەردەمی و بەناوبڕی کورتخایەنەوە هاواری دەکردەوە:

بە پێنج قرووش، عەرەبانە بە پێنج قرووش...

ئۆتۆمبێلێکی گەورەکە لەبەردەمی کۆگاکە وەستا، ئافرەتێکی بە ئارایش و قەڵەو و منداڵێکی هەشت نۆ ساڵەی بێریە و بەپووزەوانە سپی، بە پاڵتۆیەکی نەرمی لاجەوردی-ی لێ دابەزین. پێکەوە چوونە ناو کۆگاکەوە.

کەمێکی کە منداڵەکە بەدەم بەجامخانە ڕوانینەوە هاتەوە دەرێ. هاتە ناو کۆڵان و دەستی بە سەیرکردنی ئەو گۆشەیە کرد یارییەکانی لێ بوون. هەر لەم کاتەدا گوێی لە دەنگی فرۆشیارە گچکەکە بوو. - عەرەبانە بە پێنج قرووش!..-

ڕووی وەرگێڕا و تەماشای کرد، ئینجا بە غار بۆ ئەو لایە چوو، دەستی منداڵەکەی تەک ئافرەتە بە چارشێوە سیاکەی گرت، گوتی:

- ئائا! تۆ لێرە عەرەبانە دەفرۆشی؟

فرۆشیار سەری هەڵبڕی و ڕوانی. دەمودەست خەندە کەوتە سەر ڕووی، ئەویش گوتی:

- ئائا- و درێژەی دایێ:

دایکم ناتوانێ بە تەنیا بێتە ئێرە، هەروەها پێی ناکرێ هاوار بکات... بۆیە منیش دێم!..- منداڵی پووزەوانە سپی، دەستەوانە خوری دەستەکانی بە گیرفانی پاڵتۆکەیدا کرد و کیسە کاغەزی نایە دەمییەوە، شتێکی بچووکی دەرهێنا، نوقڵە بادەمێکی لێ دەرهێنا و دانیەکیشی دا بە برادەرەکەی. بە دەم ئاوساوییەوە پرسی:

- کەی بە وانەکانتدا دەچییەوە؟

کە لە قوتابخانە دێمەوە.. دوو سەعات، ئەوەندە سەعی دەکەم، ئەرکەکان تەواو دەکەم. دوای ئەوە دێینە ئێرە. شەویش هەروەها سەعی ناکەم، خەرجیی نەوت زۆر دەبێ.

- مامۆستاکەمانت بینی؟ ئێستاکە بێرەدا ڕەت بوو!...

- ئەو بە عەرەبانە فرۆشیم دەزانێ!

کە لە دوورەوە هاتنی چەند منداڵێک و ئافرەتێکی بینی قسەکانی بڕییەوە و هاواری کرد:

- عەرەبانە پێنج قرووش!..

هەردووک دەستی یەکدییان گرتبوو. ئافرەتی بەچارشێو بە چاوی خەمناکەوە لێیان ورد دەبووەوە. منداڵە پووزەوانە سپییەکە تەواو کردن و تەواو نەکردنی ئەرکی وانەی ژمارەی لێ پرسی، گوتی:

- من پێش تۆزێک لە ماڵەوە خەریکی بووم، نەمتوانی ئەنجامی بدەم، شەو لە باوکمی دەپرسم!

ئەوی دیبیان گوتی:

چی لێ دەپرسی، زۆر ئاسانە.. - و بەردەوام بوو:

پیاوانە خەریکی لاقرتێ بوون، تەنانەت فرۆشیارە گچکە ئیدی تەنانەت بانگکردنی عەرەبانە بە پێنج قرووشە- شی لەبیر چووبووەوە.

ئەوی کەیان، قۆڵی برادەرەکەی ڕاوەشاند و گوتی: هەشت! منداڵەکەی تەک من بۆنی دەمی دێ، من دەمەوێ بڵێم لەلای تۆ دانیشم... هەروەها باشتریش سەعی دەکەین!..

ئەوەی لای من لەوێوە هەڵناستێ، منیش ناتوانم ئەوە بڵێم. لە گەڕەکدا هاوسێمانە... ئەویش وەک ئێمە هەژارە.... لە قسەیدا بەردەوام نەبوو، دەیویست بڵێ: - دوایی دەڵێن ئەوی هەڵگرت و دەوڵەمەندی لەوێ دانا... کەوتنە سەر باسی شتی دیکە. وازی لێ هێنا، بەڵام

تەواوێک لەو کاتەدا دایکی منداڵە بێرێ سپییە، پاڵتۆ لاجوەردییە نەرمە، پووزەوانە سپییەکە لە کۆگاوە هاتە دەرێ. سەیری دوو لای خۆی کرد. پاکەتی بە دەستەوە بوو. شوفێر بە غار ئەوانەی لە دەست وەرگرت و لەلای خۆیدا جێی کردنەوە، ئافرەتەکە، کە تەماشای لای گۆشەی کرد ڕوو بەو شتانەی کە کرێبوونی بە خەندە بوو یەکسەر گرژ بووەوە. بە هەنگاوی پەلە بەرەو ئەولا ڕۆی، منداڵەکە کە دایکی بینی بە تووڕەییەوە بەرەو ڕووی بووەتەوە یەکسەر بێدەنگ بوو، بە شڵەژاوی، بەڵام بە ڕوانینێکی بە خەندە چاوی لەو بڕیبوو. بۆ ساتێک هەموو پێکەوە یەکسەر بەبێ جووڵە وەستان.

دایکی فرۆشیاری گچکە سەری هەڵبڕیبوو، بەم ئافرەتەی وەک غلۆربێتەوە وەها دەهات، ئەم پاڵتۆ کوڵکنە ئیسکەرپینە پێست مارەی دەڕوانی.

کە ئافرەتەکە نزیک بووەوە دەستی بە مەچەکی کوڕەکەیدا کرد کە هێشتا بە شڵەژاوی دەمی بەزەردەخەندە بوو، هاواری کرد و گوتی:

ئەم حاڵە چییە؟ لەگەڵ کێگەل قسە دەکەی؟ – و چەتری دەستەکەی دیکەی، بەسەر شانی فرۆشیارە گچکەکەدا کە هێشتا دەستی لەناو دەستی برادەرەکەیدا لەبیر چوو بووەوە، ئینجا قیڕاندی:

پیس، بڕوانە، ئەمە ئەو کەسەیە تۆ بتوانی قسەی لەگەڵدا بکەی؟

قۆڵەکانی منداڵەکان لێک جودا بوونەوە و شۆڕ بوونەوە خوارێ. ئافرەتەکە بە چارشێوە سیاکەی لەبنی دیوارەکەدا گرمۆڵە بوو بوو و چاوەکانی فرۆشیارە گچکە لە ئازاری قۆڵییەوە پڕ ئەسرین بوو بوو. ئەو منداڵەی فرمێسکی ناو چاوی برادەرەکەی بینی، چونکە هێشتا زۆر شتی نەدەزانی، بەیاخی بوونێک کە لە گیانییەوە دەرپەڕی گوتی:

– دایە گیان، ئەمە هاوڕێی قوتابخانەمە!

ئافرەتەکە، دەموچاوی سوور هەڵگەڕا، قسەی کوڕەکەی بڕی:

من سبەی تەلەفۆن بۆ قوتابخانەکەشتان دەکەم، پیشانت دەدەم کە لەگەڵ ئەوانەی لە ئاستی خۆتدا نەبن، نەهێڵم پێوەندییان لەگەڵدا بکەی!..


کوڕەکەی لە قۆڵییەوە ڕاکێشا، بەشێوەی سووکایەتی پێ کردن و پڵیشێن سەیری فرۆشیارە گچکەکە و دایکی دەکرد، کە لە جێی خۆیاندا مابوونەوە، وەک بڵێی دەیویست بە بنی زەوییاندا ببا، دەستی بەڕێ کردن کرد. کوڕەکەی کە هێشتا ئاوڕی دەداوە و کە برادەرە چاو بە ئەسرینەکانی دەبینی بەلایەکانی دیکەدا وەری دەگێڕا، چاوەکانی خۆشی ئاویان تێ دەزا.

فرۆشیارە گچکە، بەو دەنگە لەرزۆک و باریکەی هاواری دەکرد:

بە پێنج قرووش... عەرەبانە بە پێنج قرووش!..

**سەرچاوە:**

http//www.benimblog.com



## ئەمین گەردیگلانی:
## شیعر ئامرازی دەربڕینی خەمە کەڵەکەبووەکانی ناخی مرۆڤە.. کەسێکیش وەرگێڕی باشە کە بەسەر دوو زمانی خانەخوێ و میواندا زاڵ بێ.

**دیمانە: سیمەند بەخت ئازەر**
**(بۆکان)**

لە ئاسمانی ئەدەب و وێژەی کوردیدا یەکێک لەو شاعیرانەی کە توانیویەتی وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار بە تێهەڵکێشانی وشەی جوان و لەبار و پەتی و ڕەسەنی کوردی وەک تانوپۆ قاڵیی ڕەنگینی شیعر و پەخشان و ڕستە و وێژەی کوردی ڕازاوەتر بکات و بەکایەکردن و وێنەی شیعری و ناسک خەیاڵی لەهۆنراوەی کوردیدا بگەیەنێتە ئەوپەڕی... هەروەها بەوەرگێڕانی ڕۆمان و کورتە چیرۆک و وتار، توانایی و دەوڵەمەندیی زمانی کوردی لەبارەی هەبوونی وشە و دەستەواژە و ئیدیۆم و...تاد بەو کەسانە کەناشیانە باس لەدەست کورتی و لاواز بوونی زمانی کوردی بۆ وەرگێڕان دەکەن بسەلمێنێ.

ئەم ناسک خەیاڵ و مامۆستای بەکارهێنانەی وشەی ڕەسەنی کوردی شاعیری دڵسۆز و دەروەست بە زمانی نەتەوایەتی (ئەمین گەردیگلانی)یە. ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٣٤٩ ی هەتاوی لە گوندی «گەردیگلان» هەڵکەوت و لەنێوان سەقز و بۆکان لەدایک بووە. لە ساڵی ١٣٦٧ ی هەتاوییەوە لەگەڵ دنیای ئەدەبی کوردی ئاشنابووە و لەو بوارەدا چالاکی نواندووە. لەمەڕ ئەو هەوڵ و چالاکییانەی کە بۆ پاراوتر کردن و پەرەپێدانی زمان و وێژە و فەرهەنگی بوویەتی، دیمانەیەکمان لەگەڵدا سازداوە و بەچەند پرسیارێک هێناومانەتە دواندن.

* با بزانم بیروڕاتان سەبارەت بە شیعر چییە و داخۆ شیعر ئامرازی دەربڕینە، دەربڕینی چی؟ یا وەکو خۆتان دەڵێن: «شیعر تەوژمی عیشقە دڕ بە کۆڕی ژان و خەم دەدا»؟

– شیعر زمانی ڕوحی مرۆڤە. هەستێکی سۆزاوی و شاراوەی ناخە کە بە شێوەیەکی کتوپڕ جاری وایە نەخوازراوانە لەزەین و زمانی شاعیردا دەتەقێتەوە و هەڵدەڕژێتە سەر کاغەز. هەتا ئەو کاتەش دەتوانین ناوی شیعری لێ بنێین کە نووسەرەکەی خۆی هەڵنەگوشیبێ بۆ نووسینەکەی و بەشێوەیەکی سروشتی زمانی شاعیری قەڵەشتبێتەوە و خۆی دەرباز کردبێ، هەڵبەت ئەوە بۆ کاتێکە کە شاعیر پاڵپشتێکی قایمی ئەزموون و زانیاری هەبێ و بیروزەینی بووبێتە ئینسیکلۆپیدیایەکی بەرین و بۆ هیچ وشە و زاراوە و دەستەواژە و پەندێک دانەمێنێ و ئەو ئەزموونانە بە شێوەیەکی خۆبزێو لەکاتی خۆیاندا هەڵقوڵێن، بۆیە دەتوانم بڵێم بەڵێ شیعر ئامرازی دەربڕینە، دەربڕینی خەمە کەڵەکە بووەکانی ناخی مرۆڤ.

ئەو خەم و ئازارانەی خوێن و ناخی شاعیریان کردۆتە هێلانە و بێ بەزەییانە هەڵیدەچۆقێنن، بەمەرجێک شاعیرەکە خۆی لەکۆمەڵگاکەی نەبان نەکا و هەموو تاکێکی کۆمەڵگای بە لەتێکی ڕوحی خۆی بزانێ. ئەگەر ئاوا بوو، دیارە شیعرەکە هەڵگری پەیام و عیشق و هیوای مرۆڤ دەبێ و دڕ بە خەمی کەڵەکە بووی ناخی خوێنەرەکەی دەدا و هەستی دەبزوێنێ و تێکەڵی ڕوح و ژیانی دەبێ.

* ئەو زمانی ڕوحی مرۆڤە، بەهرەیەکی خوداییە، یان مرۆڤ دەتوانێ بە تێکۆشان و هەوڵدان فێری بێ؟

– بەڵێ شیعر هەستێکی زاتییە کە لەناخی زۆربەی مرۆڤەکاندا هەیە. ئەو هەستە هەر ئەو هەستەیە کە خوێنەرێک وا لێ دەکا چێژ لەشیعرێک وەرگرێ، بەڵام هەتا هەوڵدان و ئەزموون کۆکردنەوە نەبێ، ئەو مرۆڤە خاوەن هەستە ناتوانێ ئەوەی لەناخی دایە دەرببڕێ و بیکاتە شیعر.

* واتە شاعیر بۆ دەربڕینی ئەو هەستە زاتییەی کە لەناخیدایە لەسەرەتای نووسینەکەیدا پێویستە بیر بکاتەوە؟

– بەڵێ دەبێ بیـــــر بکاتەوە، بەڵام نەک ئەو بیرکردنەوەی کە وەک لەپێشدا ئاماژەم پێکرد، خۆی هەڵگوشێ و گوشار بۆ مێشک و بیری خۆی بهێنێ کە چی بنووسێ و چوارچێوە و ناوەرۆکی شیعرەکەی چی بێ. ئەوەی من عەرزم کردن ئەزموونە، ئەزموونێکی زمانی و خۆناسی و گەلناسی، شاعیر دەبێ بزانێ لەکوێ دەژی و چ هەوایەک هەڵدەمژێ. دەبێ خەم و شادییەکانی کۆمەڵگاکەی بە هی خۆی بزانێ و وەپشت گوێیان نەخا.

* مەبەستت لەو بەیتەی کۆتایی شیعری(تیشکی یاد) لەکتێبی (تاپۆی وەرزێکی سەوزدا)چییە، کە دەڵێ: (شەو و ڕۆژی دڵی شاعیر وەکو یەک ڕوون و زێڕینن/ ئەبەد دوو ڕەنگی نابینی لەئاسمانی ژیانیدا.) ئایا شاعیر لەخەڵکانی تر جیاوازە ؟

– شاعیر ئەگەر بۆ گەل و کۆمەڵگاکەی دڵپاک و دەروەست بێ، لە خەڵک دانابڕێ و بەشێکی جیانەبۆوەی خەڵکە، بەڵام ئەو ڕوانگە و وردبینییەی شاعیر هەیەتی ڕەنگە هەموو کەس نەیبێ. زۆر ڕووداو و کارەسات هەیە خەڵکی ئاسایی زۆر بەسانایی و کەمتەرخەمی بە لایدا تێدەپەڕن و ڕەنگە سەرنجیان ڕانەکێشێ، بەڵام هەر ئەو ڕووداو و کارەساتە، یان شتێکی زۆر چکۆلە، وەک سەربڕانی مریشکێک لەوانەیە شاعیر بهەژێنێ و فرمێسکی پێ هەڵوەرێنێ. لەو شیعرەشدا مەبەست لەجیا کردنەوەی شاعیر لەخەڵک نییە. مەبەست لەوەیە شاعیر هەموو کەس بە چاوێک تەماشا دەکا و خەمەکان دەبینێ و هەستیان پێدەکا، ئەگەر شاعیری ڕاستەقینە بێ، ناگۆڕێ و پشت لەگەلەکەی ناکا و یەک ڕەنگ دەمێنێتەوە.

* بە بڕوای ئێوە شاعیر دەبێ بۆ بەرەی داهاتوو بنووسێ، یان دەبێ شاعیری سەردەمی خۆی بێ؟

– شیعر ئاوێنەی زەمانی خۆیەتی. ڕەنگدانەوەی خەم و ئازار و ژان و شادییەکانی مرۆڤە. ئێمەش لەگەڵ مرۆڤی ئەمڕۆ و خەمەکانیان دەژین و دەبێ بۆ ئەوان بنووسین. ئێمە چوزانین دوای سەد ساڵی دیکە مرۆڤ و کۆمەڵگا بە کوێ دەگا و حەز بە چی دەکا، ئەوانیش ئەو کاتە شاعیری خۆیان دەبێ و لەوانەیە ئێمە بە شێت و دواکەوتووش بزانن، هەروەک هێندێ بە ناو شاعیرە خۆلێگۆڕاوەکان گاڵتە بە شاعیرانی پێشوو دەکەن و بە دواکەوتوویان دەزانن.

هەروەک مێژوو نیشانی داوە ئەو شاعیرانەی بوونەتە ئاوێنەی باڵانوێنی سەردەمی خۆیان، نامرن و لەدڵی

میللەتدا دەژین. خانی و مەلای جزیری و نالی و حاجی قادری کۆیی ژان و ئازار و ئاوات و خەمەکانی سەردەمی خۆیان لەکۆپلەی شیعردا گرتووە و مۆرکی هەرمانیان پێوە ناوە، بەڵام کوا بیریان بۆ ئەوە چووە کە کورد ئەنفال و شیمیایی باران دەکرێ. چۆن دەتوانین گلەیی لەنالی بکەین کە باسی شەهید بوونی هەڵەبجەی نەکردووە؟ چۆن دەتوانین گاڵتە بە خانی بکەین کە باسی بۆمبی ئەتۆم و ناوەکی و سایت و وێبلاگ و مۆنیتۆر و زەماوەندی ئینتەرنێتی نەکردووە؟

بەڵام بڕوانە هەڵوێستەکانی خانی و ئاوات و خەمەکانی لەشاکاری مەم و زیندا، خەمە هەمیشەییەکانی نالی لەقەسیدە بەناوبانگەکەیدا کە بۆ سالمی نووسیوە. هەڵقرچان و سووتانی دڵی حاجی قادر لەتاوی میللەتەکەی، تیروتوانجە چزوو ئاساکانی مەلا مارفی کۆکەیی، ئەمانە ئەدەبی هەرمان و مولکی هەمیشە زیندووی ئێمەن، چونکە خەمی سەردەمی خۆیانن. شاشەی مۆنیتۆرێکن وێنەی ئەو سەردەمەیان لەچوارچێوەی خۆیاندا هەڵگرتووە و نیشانمانی دەدەن، بۆیە دیسان دەیڵێمەوە کەسێک کە خەمخۆری گەل و زمانەکەی بێ و لەگەڵ خەمی سەردەمەکەی خۆی بژی و ئەو ئازارانە لەهونەرەکەیدا ڕەنگ بداتەوە. دەبێتە ئاوێنەی زەمان و بەرگی هەرمان لەبەر دەکا.

* لەکەیەکەوە دەستتان بە شیعر نووسین کردووە و هەستت بەوە کردووە کە دەتوانی بۆ ڕاگەیاندن و دەربڕینی پەیامی خۆت لەشیعر وەک ئامرازێک کەڵک وەرگری؟

– لەپۆلی سێیەم و چوارەمی سەرەتاییەوە هەستم کردبوو کە خاوەنی تەبعێکی ڕەوانم و شیعری نێو کتێبەکەم بەڕەوانی و لەسەر کێشی خۆی دەخوێندەوە. کاتێک قوتابییەک، یان مامۆستاکەمان شیعرێکیان دەخوێندەوە و بەپاش و پێش کردنی وشەیەک وەزنەکەیان دەشکاند، دەمزانی و هەستم پێدەکرد، بەڵام قەت لەڕووم هەڵنەدەهات بڵێم وانییە. بۆ وێنە شیعری (میازار موری کە دانە کش است/ کە جان دارد و جان شیرین خوش است.) زۆربەی منداڵەکان و تەنانەت مامۆستاکەشمان دەیانگوت (کەجان دارد و جان شیرین) و (خوش است.) کاتێک ئەو واوەیان زیاد دەگوت و دەیانکردە شیرین و خۆشی کوردی وەزنەکە دەشکا. من لەدڵی خۆمدا هەستم پێدەکرد، بەڵام نەمدەزانی بۆ؟

**هەر کەسێک بڵێ زمانی کوردی لاوازە و دەرەقەتی فەلسەفە و زانستی ئەمڕۆ نایە، ئەوە کەسێکی بیر کورتە و دەبێ گومانت لە زانیارییەکانی هەبێ.**

تەنیا هەتا پۆلی چوارەمی سەرەتایی چوومە قوتابخانە و چەند ساڵێک مامۆستامان نەبوو و بەهۆی پشێویی ناوچەکەوە قوتابخانەی گوندەکەمان داخرا. دوای یەک دوو ساڵ کە قوتابخانە کرایەوە و مامۆستامان بۆ هات، چونکە پۆلی چوارەمەکەمان تەواو نەکردبوو لەزستانەکەیدا دەستمان لێ هەڵگرتبوو. دیسان لەپۆلی چوارەمدا ناونووس کرامەوە و درێژەم بە خوێندن دا، کەچی دیسان لەنیوەی ساڵەوە ماڵمان لەگەردیگلانەوە بەرەو بۆکان پێچایەوە و دیسان لەدەرس و قوتابخانە دابڕام، بەڵام ئەو چەند مانگە بۆ من زۆر خۆش بوو. مامۆستاکەمان فێری کوردی کردین و کتێبی (ملوانکەی شین)ی بۆ هێناین. هەر بەدوو کەس کتێبێکی بۆ هێنا بووین. نرخی کتێبەکە حەوت تمەن بوو. یەکی سێ تمەن و نیومان دا، بەڵام پاش چەند ڕۆژ سێ تمەن و نیوەم بۆ حەسەنی هاوڕێم ڕەت کردەوە و کتێبەکە شەشدانگ بوو بە هی خۆم. خوێندنەوەی ئەو کتێبە زۆر شتی فێرکردم. هەر ئەو کاتە حەزم دەکرد خۆشم شیعر دانێم، بەڵام دوو دڵ بووم و بڕواشم بە خۆم نەبوو. هەتا ماڵمان هاتە بۆکان و لەوێش نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم و ناردمیانە شاگرد خەیاتی و چوار ساڵ بەهاران هەتا پاییز دەچووینە کوورەخانە. ساڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨ز) لەگەڵ گۆڤاری سروە ئاشنا بووم. دوای خوێندنەوەی چەند ژمارەی سروە و دیوانی شاعیران بۆ یەکەم جار شیعرێکم نووسی و ناردم بۆ سروە. ئێستا کاتێک ئەو شیعرەم وەبیر دێتەوە پێکەنینم بەخۆم دێ. کە چۆن لەڕووم هەڵهاتووە ناردوومە بۆ سروە، بەڵام ئەوەندە دڵگەرمانە دەستم پێ کردبوو. ڕۆژێ چەند شیعرم دەنووسی و بۆ سروەم دەنارد. دوای سێ ساڵ نووسین، یەکەم شیعرم لەژمارە ٦٣ ی گۆڤاری سروەدا بلاو بۆوە. لەخۆشیانا کەوتمە جیفرک لەخۆدان و گوێز بە کلک شکاندن. هەر ئەوە بوو چارەنووسم لەگەڵ ئەدەبی کوردی گرێ دراو و مەگین مەرگ لەیەکمان دابڕێ.

* ئەو شتانەی کە دەبنە هاندەرێک بۆ هۆنینەوەی شیعر

لەلای ئێوە چییە ؟ژن، کۆمەڵگا، سروشت، یان شتانێکی تر؟

– هەموویان، ئەوانە و هەموو ئەو ئازار و خەم و شادی و حەزانەی ئەندامانی کۆمەڵگاکەم لەگەڵیدا هەڵسوکەوت دەکەن. ئەو شتانەی کە دامدەچڵەکێنن و تەزوو بە لەشمدا دێنن و دەمگریێنن، یان بزەم دەخەنە سەر لێو، کەئەمەیان زۆر کەمە و بە دەگمەن هەستی پێ دەکەم.

* ڕۆڵی عیشق لەهۆنراوەی ئێوەدا چییە؟ چونکە لەدیوانی (تاپۆی وەرزێکی سەوز)دا ٧٥ جارتان وشەگەلی (ئەوین و عیشق) دووپات کردۆتەوە؟ داخۆ ئێوە ئەویندارێکی سووتاون، یان هەر وەک لەپرسەی ئەویندا دەڵێی:

**(ئەوین نەبوایە، کەی ئەم ژینە ژانە**
**دەمی مەودای پشووداني دەداينێ) ؟**

– بەڵێ ئاشقم. ئاشقی هەموو جوانییەکانی ژیانم. بەڕاستی مرۆڤیش بە عیشقەوە مرۆڤە، دەنا لەگەڵ ئاژەڵ و زیندەوەرەکانی سەر زەوی چ جیاوازییەکی هەیە؟ بڕوا بکە مرۆڤی بەتاڵ لە عیشق لە هەموو دڕندەیەک مەترسیدارتر و بێ بەزەییترە. هەر وەک فەرەیدوون موشیری شاعیری فارس دەڵێ:

**(هیچ حەیوانێک بە حەیوانێکی تری ڕەوا نابینێ**
**ئەوەی ئەو نامرۆڤانە بە گیانی مرۆڤی دەکەن)**

دیارە ئەوانە لەعیشق دوور کەوتوونەتەوە، بۆیە دەتوانن دەست بۆ ئەو تاوانانە بەرن. مرۆڤێک کەمانای عیشق بزانێ، ناتوانێ هیچ زیندەوەرێک بکوژێ، جا کوشتنی مرۆڤ هەر باسی مەکە. عیشق تەنیا خۆشەویستی ئافرەت نییە. ئەوینی ئافرەت بەشێکی زۆر کەمی عیشقی مرۆڤە. کەسانێکیش هەن کە تەواوی ژیانیان بۆ خۆشەویستی ژن تەرخان دەکەن، یان ژن ژیانی بۆ عیشقی پیاو تەرخان دەکا. کە هەموو ئەو عیشقانە، ئەگەر هەزاران ڕێگاش بگرنە بەر، ئاخری هەر دەگەنەوە سەر ڕێگایەک کە عیشقی ژیانە. ئەو عیشقە، ئەگەر مرۆڤ بەڕاستی و بە ڕوح و گیانەوە هەستی پێ بکا و لەقوولایی خۆیدا بیدۆزێتەوە بە کەماڵ دەگا و ناتوانێ بیر لەچکۆلەترین کردەوە بکاتەوە کە کەمترین و ناچیزترین زیانی بۆ ژیانی خەڵک و کۆمەڵگا و سروشت و خاک و وڵاتەکەی هەبێ. من ئاشقم، ئاشقی ژیانم، ئاشقی خەڵکم، ئاشقی هەموو گیاندار و بێ گیانێکم. ڕەنگە هێندێ جار لەکەسێک، یان لەشتێک تووڕەبم و ببێتە هۆی ڕق هەستانم، بەڵام لەو کاتەشدا هەر خۆشم دەوێ و ناتوانم ڕقم لێی بێ. بڕوا بکەن ئەو کەسەی لەهەموو کەس دڵڕەقترە و زیانبارترە من زیاترم بەزەیی پێیدا دێ. ناچارم خەمی بۆ بخۆم، پێم گوناحە، بەڕاستی ئەو جۆرە کەسانە زۆر بەدبەخت و چارە ڕەشن، چونکە مانای عیشق نازانن، ئەگەر ئاشق بوایەن نەیاندەتوانی لەکۆمەڵگاکەیاندا مزیر بن، ئیزنیان بە خۆیان نەدەدا ببنە هۆی ئازار و ماڵوێرانی و مردنی خەڵک، بۆیە خەمیان بۆ دەخۆم و ناتوانم ڕقم لەئەوانیش بێ. جا دانی پێدا دەنێم ئاشقم ئاشقی جوانی، لەگوڵجارێکدا چۆن گوڵەکان سەرنجم ڕادەکێشن و پێم جوانن، هەر ئاواش مرۆڤم پێ جوانە و حەز بە دیتنی دەکەم. جا نێر و مێ لەمنداڵەوە هەتا پیر. زۆر چاوچوو و جوان پەرستم و جاری وایە چاو لەجوانان ناترووکێنم، بەڵام بڕوام پێ بکەن چاوحیز نیم، چونکە ئەوەندەم خەڵکەکەم خۆش دەوێ، قەت ئیزن بە خۆم نادەم بە چاوی خەیانەتەوە لەناموسەکەیان بڕوانم. زۆر جار کەوتوومەتە بەر تیری مۆڕە و نقورچکی لچ هەڵقورچاندنی کچان و ژنان، چونکە چاوم تێ بڕیون و بەوردی سەرنجیان دەدەم، نا هەقیشیان ناگرم، خۆ ئەوان نازانن من ئاشقی جوانیم.

* لە کەیەوە دەستتان داوەتە وەرگێڕان، بە تایبەتی وەرگێڕانی کورتە چیرۆک و وتار و ڕۆمان؟ بەواتایەکی تر مەبەستی تۆ لە وەرگێڕاندا چییە؟

– لەوەتا هەستم بە دەوڵەمەندی زمانەکەمان کردووە و زانیومە دەتوانم لەگەڵ فەرهەنگ و زمانی دیکەدا زمانەکەم بە زۆران بدەم. خەمی زمان و فەرهەنگەکەم هەڵم دەچۆقێنێ و دەمەوێ بە هەموو شێوەیەک خزمەتی پێبکەم و دەوڵەمەندی بکەم، بۆیە بۆ هەموو لایەک پەل دەکوتم و خەریکی هەموو کرۆکاش و هەوڵ و تەقەلایەکم. لە بواری کورتە چیرۆک و ڕۆمانیشدا زیاتر دەتوانم خزمەت بکەم و زمانی ستانداردی کوردی لەو دوو ژانرەدا زیاتر دەکرێ گەشەی پێ بدەی. ئێمە زمانەکەمان لە وشەدا زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام ڕێزمانەکەی کاری پێ نەکراوە، بۆیە لاواز ماوەتەوە. من دەمەوێ ئەوەندەی لە دەستم دێ ڕستەی تەواو و زاراوە و کینایە و ئیدیۆم و دەستەواژە لەسەر خەرمانی زمانەکەم کۆکەمەوە و گەشەی

پێ بدەم.

* وەرگێڕان چییە و بۆچی وەرگێڕان پێویستە؟

– وەرگێڕان ژوانگەی پێگەیشتن و لێک تێگەیشتنی فەرهەنگ و زمانەکانە. هەر نەتەوەیەک خۆی لەو ژیارە بە دوور بگرێ و ئاوڕ لە هونەری وەرگێڕان نەداتەوە و ئەدەب و هونەر و زمانەکانی تر نەناسێ، تاک و تەریک دەکەوێتەوە و زمان و فەرهەنگەکەی بەرەو لاواز بوون و تێدا چوون گلۆر دەبێتەوە و لە جێی خۆی دەپووکێتەوە، یان بێ هێز و بڕشت دەبێ و توانایی بەرەو ڕوو بوون لەگەڵ کولتوور و فەرهەنگەکانی ئەمڕۆی نابێ.

* وەرگێڕی باش کێیە و تایبەتمەندییەکانی چییە؟

– کەسێک وەرگێڕی باشە کە بەسەر دوو زمانە خانەخوێ و میوانەکەدا زاڵ بێ و بە شێوەی ئەمانەتدارانە ناوەرۆک و هونەری دەقەکە ڕاگوێزێتە سەر زمانێکی تر و لە ڕاستیدا وەرگێڕانەکەی نووسینەوەیەکی نوێ بێ.

## وەرگێڕان ژوانگەی پێگەیشتن و لێک تێگەیشتنی فەرهەنگ و زمانەکەمانە.

* داخۆ شارەزا بوون و زانایی زمانی زگماکی و زمانی بیانی بۆ وەرگێڕانی بەرهەمێک تەواوە و پێویستی بە شتێکی تر نییە؟

– وەرگێڕ، بێجگە لەوەی دەبێ بەسەر هەر دوو زمانەکەدا زاڵ بێ، لە ڕاستیدا دەبێ لەگەڵ هەر دوو زمانەکە ژیابێ و کانگای پەند و زاراوە و ئیدیۆمەکانی هەر دوو زمانەکەی لە مێشکدا کۆکردبێتەوە، دەبێ ئەزموونی خوێندنەوەی چڕوپڕ و نووسینی دەقیشی هەبێ و شێوازی نووسینەکان تا ڕادەیەکی زۆرباش بناسێ.

* بە بڕوای ئێوە لە وەرگێڕاندا زۆرتر زمانی سەرچاوە گرینگە، یان زمانی سەرەنجام؟

– هەر دووکیان بە قەرای یەک، چونکە تۆ نابێ وەرگێڕانەکەت لە زمانی یەکەم لاوازتر بێ و ناچاربی زۆربەی زاراوە و وشەکان بخەیە پشتگوێ، یان هەڵیان پەرتێوی.

* شێوەی هەڵبژاردنی کتێب بۆ وەرگێڕان لای ئێوە چۆنە؟ پێشنیارت پێ دەکەن، یان بە لاوە دەیخوێنیتەوە و پاشان قۆڵی لێ هەڵدەماڵی بۆ وەرگێڕانی، یان پێوەرێکت هەیە بۆ هەڵبژاردنی دەق و بابەت؟

– من زیاتر لەوەی نووسەر و وەرگێڕ بم، خوێنەرم. زیاتریش خوێنەری ڕۆمان و چیرۆک. هەر لە منداڵییەوە حەزم لە ڕۆمان و چیرۆک بووە. کاتێک دەقێک دەخوێنمەوە و کار لە هەستم دەکا و دەمهەژێنێ، حەز دەکەم بە زمانەکەی خۆم بینووسم و ئەو بەرهەمە بە پێزە پێشکەش بە هاوزمانەکانی خۆم بکەم و لەو چێژ و خۆشییەی خۆم هەستم پێ کردووە ئەوانیش بەشدار بن. لەپاڵ ئەوەدا خزمەتێکیش بێ بە زمان و فەرهەنگەکەم.

* ئێوە لە وەرگێڕاندا زۆرتر سەرنج و گرینگایەتی بە خوێنەر دەدەن (وەرگێڕانی پێوەندی)، یان نووسەری دەقەکە (وەرگێڕانی واتایی)؟

– هەر دوو لایەنەکە لە بەر چاو دەگرم. من ئارەزوومە ئەو چێژەی من لە دەقەکە وەرم گرتووە، بەر دەنگەکەشم وەری گرێ. لەپاڵ ئەوەشدا دەبێ ئەوەندەش ئەمانەتدار بم بەرهەمەکە نەڕووخێنم، یان لانی کەم ئاستی هونەری مەزنایەتی دەقەکە دانەبەزێنم.

* بیروڕای ئێوە سەبارەت بە وشە داتاشین چییە (واژەسازی)؟ ئێوە تا ئێستا لە وەرگێڕاندا وشەتان داتاشیوە؟

– پێم خۆشە وشەی نوێ ساز کرێ و زمانی پێ دەوڵەمەند بێ، بەڵام ئەوە کاری من نییە و قەتم دەست بۆ نەبردووە ئەوە کاری لێژنەیەکی پسپۆڕی بواری زمانەوانییە و بە کارێکی پێویستیشی دەزانم و بۆ ئەمڕۆی زمان و ئەدەبەکەمان حەیاتییە و هیوادارم هەرچی زووتر ئەو کارە پیرۆزە سەر بگرێ و کۆڕی زانیاری دەست بە کار بێتەوە، ئەگەر کۆڕێکی ئاواش هەبێ من بە گیان و بە دڵ ئامادەم خزمەتی بکەم و ئەرکی خۆم بەجێ بێنم و لە خۆشم ڕادەبینم.

* بە بڕوای ئێوە دەتوانین بڵێین دەقێک، ڕستەیەک یان وشە و دەستەواژەیەک شیاوی وەرگێڕان نییە و خۆبەدەستەوە نادا، یانی ناتوانێ وەرگێڕدرێتە سەر زمانی دیکە؟

– بە بڕوای من هیچ شتێک نییە کە نووسرابێ، یان بە مێشکی مرۆڤدا هاتبێ و نەتوانرێ وەرگێڕدرێتە سەر زمانێکی دیکە.

* هاتنی وشەی بیانی لە ڕێگای وەرگێڕانەوە دەتوانێ چ کاریگەرییەکی لەسەر زمان هەبێ؟ ئەرکی سەر شانی

وەرگێڕ لە هەمبەر زمانی نەتەوەییدا چییە؟

– من پێم وایە هاتنی وشەی بیانی بۆ نێو زمان هیچ مەترسییەکی نییە و زۆریش باشە و دەوڵەمەندیشی دەکا، بە مەرجێک ئەو کەسەی وشەکە لە چوارچێوەی ڕستەدا دادەنێ زانیاریی لەسەر زمانەکەی هەبێ و بە شێوەیەکی خۆماڵییانە داینێ و ڕێزمانەکەی خۆی بپارێزێ، چونکە نهێنی زیندووبوون و مانەوە و گەشەکردنی زمان ڕێزمانە نەک وشەکانی. ئەرکی سەرەکی وەرگێڕیش پاراستن و دەوڵەمەند کردنی زمانەکەیەتی؛ دەتوانێ لەو ڕێگایەوە زیاتری پەرە پێبدا و بیگەشێنێتەوە.

* ئەمین گەردیگلانی چۆن کار دەکا؟ شێوەی وەرگێڕانی چۆنە؟

– من دوای ئەوەی دەقێک بە وردی دەخوێنمەوە و چێژی لێ وەردەگرم، ئەگەر بە پێویستی بزانم بۆ ئەدەب و زمانەکەم هەوڵ دەدەم وەریگێڕم. شێوەی وەرگێڕانیشم زیاتر ڕستە بە ڕستە و جاری وایە پارەگرافیشە، یان چەند ڕستە دەخوێنمەوە و دوای هەڵشێلان لە مێشکی خۆما بە زمانی خۆم دەینووسمەوە و هێندێ وشە هەر وەرناگێڕم، یان جاری وایە لێی زیاد دەکەم. ئەوەی مەبەستی منە لە وەرگێڕاندا کاکڵی سەرەکی و گرنگی بابەتەکەیە، چونکە من دەمەوێ ئەو دەقە بە شێوەیەکی هونەری نیشان هاوزمانەکانم بدەم، خۆ من نامەوێ فێری فارسییان بکەم و وەرگێڕان قاموس و وشەدان نییە من بمەوێ وشەکان مانا بکەمەوە.

* بە بڕوای ئێوە تایبەتمەندی وەرگێڕانێکی باش چییە؟

– ئەمانەتداری و پاراستنی ڕوحی دەقەکەیە. کاتێک دێتە پانتایی زمانی دووەمەوە دەقێکی زیندوو بێ، نەک لاواز و مردوو. بۆنوبەرامەی ژیان و جوانی لە دەماری ڕستەکانیدا شەپۆل بدا. کاتێک خوێنەری زمانی دووەم دەخوێنێتەوە، ئەگەر ناوی وەرگێڕانی لەسەر نەنووسرابێ هەست نەکا، وەرگێڕان دەخوێنێتەوە و پێی وابێ هەڵقوڵاوی ئەو زمانەیە و هەستی نووسەرێکی هاوزمانی خۆیەتی.

* بۆ دۆزینەوە و هەڵبژاردنی نزیکترین و لە بارترین هاوسەنگ لە وەرگێڕاندا دەبێ چ بکەین؟ ئێوە بۆ دۆزینەوەی واتا و هاوسەنگی لەبار و پڕ بە پێستی وشە و ئیدیۆمەکان چ دەکەن؟

– وەرگێڕ هەروەک پێشتر عەرزم کردن، دەبێ لەگەڵ هەر دوو زمانەکە ژیابێ. وشە و ئیدیۆم و هاوسەنگی وشەکان بناسێ و بۆی دانەمێنێ، چونکە زاراوە و پەند و کینایە وەرناگێردرێتەوە؛ وەرگێڕ دەبێ هاوسەنگ و هاوتاکەی بدۆزێتەوە و داینێ. من بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگی پەند و ڕستەکان دەگەڕێمەوە نێو داڵغەی خۆم و لە بیری ئەو کەمووسکە ئەزموونەی خۆمی هەڵدەگوێزم. کاری وەرگێڕیش هەر ئەوەیە. هونەرەکەی لەوە دایە کە هاوسەنگەکان بدۆزێتەوە و بە شێوەیەکی هونەری دایڕێژێتەوە، ئەگەر هەر مانا کردنەوەبێ، زۆر کەس دەتوانێ و لەوانەیە هەموو کەسیش لە دەستی بێ، بەڵام ئەگەر وەرگێڕان بەو ئاستە گەیشت کە بە داخەوە ئەمڕۆ ئەو شێوە وەرگێڕانە پەرەی سەندووە، زەرەری زۆرترە لە قازانج.

* بیروڕاتان سەبارەت بە فەرهەنگ واتە «وشەدان» چییە. تا چ ڕادەیەک فەرهەنگ لە وەرگێڕاندا پێویستە؟

– ئەگەر مەبەستت کەڵک وەرگرتن بێ لە فەرهەنگ لە کاتی وەرگێڕاندا زۆر جار هەیە پێویست دەبێ، چونکە بڕێ وشە هەیە لەوانەیە کە هەموو کەس، تەنانەت نووسەر و وەرگێڕیش بە لایەوە نامۆ بێ، بەڵام ئەوەش بەو جێیە نەگا کە وەرگێڕ تەمبەڵ بار بێ و لەپەستا دەست بکا بە توورەکەی هەمبانە بۆرینەدا و وشەی لێ هەڵگوێزێ، چونکە وەرگێڕانێک کە لەسەر ئەو ڕەوتە بێ، وەرگێڕانێکی وشک و بێ ڕوح دەبێ و ڕەنگە خوێنەر چێژی لێ وەرنەگرێ و زوو وەڕەزی بکا. وەرگێڕ دەبێ مێشکی ئەوەندە لە وشە و زاراوە و ئیدیۆم و پەند و قسەی نەستەق ئاخنرابێ کە بۆ هیچ شتێک دانەمێنێ و زۆر بە دەگمەن پەنا بۆ فەرهەنگ بەرێ.

* بۆ وەرگێڕانی پەندی پێشینیان و زاراوە و دەستەواژە دەبێ چ بکەین؟

– زاراوە و پەندی پێشینیان و هێندێ لە دەستەواژەکان بەڕاستی بۆ وەرگێڕان نابن و بە وەرگێڕان، مانا و ناوەرۆک و بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن، بۆیە پێویستە لە زمانی دووەمدا وەرگێڕ، هاوسەنگە پڕ بە پێستەکەی خۆیان بۆ بدۆزێتەوە. بۆ وێنە (از شادی در پوست خود نمی گنجید.) خۆ ناکرێ بڵێین، لە خۆشیانا لە پێستی خۆیا جێی نەدەبۆوە. ئێمە دەبێ بزانین کوردێک لەو کاتەدا چی دەڵێ، ئەوەی لە جێ دانێین. هاوسەنگی

پڕ بە پێستی ئەوەش ئەمانەیە: (لە خۆشیانا پێی وە عەرز نەدەکەوت.) (لەخۆشیانا تڕی بە تاق نەدەهات.) یان (جواب های، هو است)، (جێی کڵۆ بەردە) یان (جێگای قوزەڵقورت سندان و دەردە.) (کاسە داغتر از آش) (کوچکی گەرمتر لە ئاور) (کاسەای زیر نیم کاسە است) (ئەم ماستە بێ موو نییە).

* بە سەرنجدان بە پێوەندایەتی زمان و بیر کردنەوە و تێرامان و ڕۆڵی گرینگی پێکهێنانی فەرهەنگ و کولتوور، دەمویست کەمێک لە مەڕ زمانی کوردییەوە بدوێی و کەموکوڕییەکانی و تواناییەکانی دەستنیشان بکەی، هەروەها بۆ پالاوتن و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی چ ڕێگایەک پێشنیار دەکەن؟

– ناسنامەی سەرەکی هەر نەتەوەیەک زمانەکەیەتی. هەر گەل و نەتەوەیەک زمانەکەی لە دەست بدا و پشتی تێکا، لە نێو دەچێ و دەتوێتەوە، تەنانەت مرۆڤیش لە کاتی نەخۆشیدا کە زمانی لە گۆدەکەوێ، خزم و کەس و دەوروبەرییەکانی دەزانن ئیتر ناژێ و مردنی حەتمییە.

زمانی کوردی یەکێک لە زمانە پاراو و دەوڵەمەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و دەیان ملیۆن کەس قسەی پێ دەکەن. کەوایە دەتوانین بڵێین زمانێکی زیندووە، ئەگەر بواری پێبدرێ و خاوەنی دەسەڵات بێ، زۆر لەوە زیاتریش گەشە دەکا. یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە دەتوانێ هەموو دەنگەکان بێژە بکا و کورد بۆ هیچ پیت و دەنگ و فۆنیمێک زمانی هەڵناکەوێ و بێ گرێوگۆڵ و بەرەوانی داخێوێ. تەنیا گرفتێک کە ئەمڕۆ تەنگی بە زمانی کوردی هەڵچنیوە بێ دەرەتانییە. هەر ئەو گرفتەش بۆتە هۆی ئەوەی بۆ هاوسەنگی بڕێک لە وشە و زاراوە زانستییەکان دەستمان لە گۆزەدا بمێنێ، هەڵبەت ئەوەش هۆی ئەوەیە زمانەکە کاری لێ نەکێشراوە و مەودا نەبووە کورد خۆی پێوە ماندوو بکا و لە ڕەهەندێکی زانستییانەوە پەرە بە زمانەکەی بدا و بژار و نیسکەشۆری بکا. من تکا لە نووسەران و دڵسۆزانی زمانی کوردی دەکەم دەمارگرژی و پۆز و هەوای عێل و عەشیرەت و ناوچەیی وەلانێن و بیر لە زمانی ستانداری یەکگرتوو بکەنەوە. لە نووسیندا لەگەڵ یەکتر کۆک بن و بۆ دانانی وشە و زاراوە و وشەلێکدراوە فەلسەفی و زانستییەکان پێکەوە ڕاوێژ بکەن وجوانترینەکەیان هەڵبژێرن و هەرکەس بە ڕەی خۆی نەپێوێ.

* بە بڕوای ئێوە وەرگێڕان دەتوانێ کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر ڕەوتی پەرەپێدانی فەرهەنگی کۆمەڵگا هەبێ؟

– سەتاسەت کاریگەری هەیە و پێویستە بە شێوەیەکی جددی ئاوڕ لەو بوارە بدرێتەوە، نەشهێڵن ببێتە مەیدانی تەراتێنی قەڵەمە نەخۆش و دۆڕاو و نادروستەکان.

* لە بارودۆخی ئێستادا نیاز و پێداویستییەکانی فەرهەنگی ئێمە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە کامانەن؟

– پێویستە هەموو شاکارە ئەدەبییەکانی دنیا بکرێنە کوردی، بەڵام ئەو بە کوردی کردنەش بە شێوەیەکی گۆترە و کەمتەرخەمانە نەبێ. کەسانێک دەبێ ئەو کارە بکەن پسپۆڕی ئەو بوارە بن و لە بنجوبناوانی دەقەکە گەیشتبێتن و بە ڕاستی بیکوردێنن. بەرهەمە مێژوویی و زانستی و فەلسەفییەکانیش واچاکە ئاوڕی لێ بدرێتەوە و هەموو گەلانی دنیا لە حاڵ و باڵ و پێشینەی یەکتر ئاگادار بن و لە یەکتر تێبگەن تاڵە تیشکی ئەوین و خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی پێکەوەیان گرێ بدا، ئەگەر ئەو یەکتر ناسین و خۆشەویستییە لە نێو گەلانی دنیادا جێ بکەوێ، ئیتر شەڕ و دوژمنایەتی و کێشەی جیهانیش کەم دەبێتەوە، چەوساوە و چەوسێنەریش نامێنێ.

* وەرگێڕێکی باش دەتوانێ ڕێنوێنێک بێ بۆ هەڵبژادنی کتێبێکی باش؟

– بەڵێ. هەر وەک لە دنیای کتێبدا دەبینین هێندێ ناو وەک ئەستێرە دەدرەوشێنەوە و بوونەتە جێی متمانە بۆ خوێنەران و خەڵک هەر بەدیتنی ناوەکەیان بێ دوو دڵی کتێبەکە دەقۆزنەوە و لێیان ڕوونە لە کڕین و خوێندنەوەکەی پەشیمان نابنەوە.

* ئەرکی وەرگێڕ چییە بۆ ڕاگرتنی ستایل و شێوازی نووسەری دەقەکە؟

– دەبێ ئەوەندەی لە وزە و توانایییدایە هەوڵ بدا زمان و ستایل و شێوازی نووسەر بپارێزێ، چونکە ستایل گرنگترین لایەنی ناسنامەیی و هونەری نووسەر و شاعیرە و بە پێی توانایی دەبێ وەرگێڕ هەوڵی بۆ بدا و نەهێڵێ زۆر کاڵ بێتەوە و گۆڕانی بەسەردا بێ.

* ئێوە لە وەرگێڕاندا تا چ ڕادەیەک گرینگایەتی بە «خاڵ دانان و نیشانەکانی نووسین و پاراستنی زمانی

تایبەتی نووسەر و چەمکی دەقی سەرەکی» دەدەن؟

– بەڵێ لە نووسیندا بە بڕوای من گرینگترین خاڵ نیشانەکانی نووسینە. جاری وایە وێرگوڵێک (فاریزەیەک) مانای ڕستەیەک بە تەواوی دەگۆڕێ، یان دانەنانی ڕستەیەک سەقەت و بێ ناوەڕۆک دەکا، بۆیە زۆر پێویستە ئەو نیشانانە لە شوێنی خۆیان دانرێن. لە وەرگێڕانیشدا من زۆرم گرینگی بەوە نەداوە کە ڕاست و ڕەوان دەقە سەرەکییەکە دانێمەوە، چونکە من وشە بە وشە وەرناگێڕمەوە و کتومت ڕستە ڕاناگوێزم، من دوای خوێندنەوەی دێڕێک، یان پارەگرافێک دێم بە زمانی دووەم دایدەڕێژمەوە و دەینووسمەوە، بۆیە جاری وایە جێگای نیشانەکان دەگۆڕدرێن و پاش و پێش و جێگۆڕکێ دەکەن. زمانی نووسەریش هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد زۆر ئەمانەتدارانە و بە پێی توانایی خۆم دەیپارێزم.

* کاک عەبدولخالقی یەعقوبی لە کتێبی (دەنگی بلوورینی دەق) لاپەڕەی ١٧٧دا دەڵێ: «مێژووی نووسینی کوردی بە درێژایی تەمەنی کورتی خۆی، هیچ کات بزاڤێکی بە گوڕوتینی داهێنەرانەی لە بواری وەرگێڕاندا بە خۆیەوە نەدیتووە و بێ گومان بەشێکی هەرە زۆری بێ دەسەڵاتی و لاوازیی فیکر و فۆڕمی نووسینی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەر لەئارادا نەبوونی وەها بزاڤێک» بۆچوونی تۆ لەو بارەوە چییە؟ ئاخۆ بزاڤێکی ئاوەها، یان یانەی وەرگێڕان وەک نانی شەو بۆ کوردستان و بە تایبەتی بۆ شاری بۆکان پێویست نییە؟

– بەڵێ ئەم فەرمایشتەی کاک عەبدولخالق ڕاستە و لەگەڵیدام، بەڵام ئەمە قسەی چەند ساڵ لەمەو بەرە و ئێستا تا ڕادەیەک هەوڵی بۆ دراوە، بەڵام هێشتا کەمە و دەبێ زیاتری خۆ بۆ ماندوو بکەین و زۆر بە جددی ئاوڕی لێ بدەینەوە. هەروەک فەرمووتان وایە و لە نانی شەو پێویستترە.

* لە بواری منداڵانیشدا کتێبێکتان بە ناوی (یەکگرتن) وەرگێڕاوە و چاپ کراوە، ئێستا بە بڕوای ئێوە وەرگێڕانی بەرهەمی منداڵان و مێرمنداڵان دەبێ لە باری ناوەڕۆک و شێوەی بەیانەوە خاوەنی چ تایبەتمەندییەک بێ؟

– هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد بە داخەوە ئەو بەشەی ئەدەبەکەمان زۆر کەمی ئاوڕ لێدراوەتەوە و پێویستی بە هەوڵی زیاتر هەیە. نووسین بۆ منداڵان و مێرمنداڵانیش تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێ نووسەری دەقی منداڵان، منداڵانە بیر بکاتەوە و بنووسێ.

* پێشنیاری ئێوە بۆ ئەو کەسانەی هۆگری کاری وەرگێڕانن و ئێستا لە سەرەتای ڕێگادان،چییە؟ چ بکەن باشە؟ داخۆ بەراوردکردنی بەرهەمێک لەگەڵ وەرگێڕدراوەکەیدا دەتوانێ تاچ ڕادەیەک لەفێر بوون و ڕاهێناندا یاریدەدەریان بێ؟

– باشترین ڕێگای وەرگێڕان ئەوەیە کە لە هەر دوو زمانەکەدا بەقەدیەک شارەزابن، بەتایبەت ئەو زمانەی بەرهەمەکەی پێ دەنووسنەوە. بەراورد و پێک گرتنیش کارێکی زۆر باشە، بەڵام بەو مەرجەی وەرگێڕانەکە، وەرگێڕانێکی باش و سەرکەوتوو بێ و وەرگێڕەکەی بەئەزموون و ئەمانەتدار و شارەزابێ، نەک ڕووخێنەر و فەوتێنەری دەقە سەرەکییەکە هەر وەک ئێستا لە بواری وەرگێڕاندا دەیان بەرهەمی سەقەت و ناڕەسەن و نادروست دەبینن، کە بەڕاستی پیاو بە خوێندنەوەکەشیان هەست بە شەرمەزاری دەکا. جا نازانم مەبەستی وەرگێڕی ئەم دەقە چییە؟! خودا بکا هۆی بێ ئەزموونی بێ، نەک شتی تر...

* ئێوە تاکو ئێستا سێ ڕۆمانی «جێگای بەتاڵی سلووچ» و «برایانی کارامازۆف» و «تازیەبارانی بەیەل»تان وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، کە دەبێ دەستخۆشانەتان پێ بڵێم کە زۆر شارەزایانە ئەو کارەتان کردووە و بەواتایەکی تر بە باشی کورداندووتانە، پێم خۆشە سەرەتا کەمێک سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەو ڕۆمانانە و پاشان خودی ڕۆمانەکان بۆمان بدوێی، هەروەها بۆ وەرگێڕانی ڕۆمان چ لێهاتوویی و تواناییەک پێویستە؟

– ئەو ڕۆمانانە تێکەڵ ژیانم بوون، لەگەڵ خوێندنەوەیان گریاوم. خۆم لە جێی زۆربەی پاڵەوانەکانیان داناوە. شەوانێکی زۆر شەونخوونییان پێ کێشاوم. هەر وەک پێشتریش عەرزم کردن ئەو بەرهەمەی کار لە مێشک و هەستم بکا و وا هەست بکەم کە خۆم دەبوو بمنووسیبایە، حەزدەکەم بینووسمەوە، یان بە واتایەکی تر بە زمانەکەی خۆم بینووسمەوە. بۆ ئەوەی ئەو چێژە کە خۆم لەو دەقەم وەرگرتووە هاوزمانەکانیشم وەریگرن. ڕۆمانی جێگای بەتاڵی سلووچ هەر وەک لە

پێشەکی کتێبەکەیدا نووسیومە، لەگەڵ ژیانی هەژارانەی خەڵکی کوردستاندا یەک دەگرێتەوە. زۆربەی ئازارەکانی مرۆڤی لە خۆیدا جێ کردۆتەوە، هەر بۆیە بڕیارم دا وەریگێڕمەوە. برایانی کارامازۆفیش وەک شاکارێکی گەورە و جیهانی پێم حەیف بوو نەکرێتە کوردی و کتێبخانەی کوردی لەو سامانە مەزنە بێ بەش بێ. ئەو ڕۆمانەش هەرخەم و ئازارەکان و تاسە خنکاوەکان و ناکامی و ژانەکانی خۆمانە و دەتوانم بڵێیم لەم سەردەمەشدا ئەو خەمانە بۆ ئێمە هەن و ئێستاش کۆمەڵگاکەمان پێوەی دەناڵێنێ. ئەو جیاوازییە چڕ و بنەڕەتییانەی لە نێوان ئەو سێ برایە و باوکیاندا هەیە گرفتی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمەیە و پێوەی دەناڵێنین. تازیەبارانی بەیەلیش ئاوێنەی ژیانی زۆربەی لادێکانی خۆمانە و بە داخەوە ئێستاش بێ دەرەتانی و برسییەتی و خورافات داوێنی گوندەکانی گرتووە و ژیانی لێ تاڵ کردوون. وەرگێڕی ڕۆمان دەبێ خاوەنی زمانێکی پاراو و دەوڵەمەندبێ و بۆ وشە و پەند و زاراوە دانەمێنێ و هاوسەنگەکەیان بناسێ. لەسەریەک دەبێ مێشکی ئینیسکۆپیدیایەکی پەند و زاراوە و وشەبێ.

* وەرگێڕانی هەریەک لەو ڕۆمانانە چەندی خایاند؟ چ گیروگرفتێکت لە وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانانەدا بۆ هاتە پێش؟ مەبەستم زۆرتر لەباری زمانییەوەیە، داخۆ زمانی کوردی لەباری وشە و دەستەواژەوە ئەوەندە دەوڵەمەند و پڕە بۆ هیچ شتێک دانەمێنێ؟ هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بە داخەوە زمانی کوردی ئێستاش ڕێنووس و زمانێکی یەکگرتووی نییە و لە هەمووو لایەکەوە لە ژێر زەبروزەنگ و داپڵۆسیندایە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سڕینەوەی دەدەن؟

– خۆت دەزانی من دەرفەتێکی ئەوتۆم نییە بۆ کاری نووسین و ئەدەبی و بەلای خەیاتی و تەقەڵەوە ژیانم تێدەپەڕێ و ئەوەی تا ئێستاش کردوومە لە چەند سەعاتی شەودا نووسیومە و شەو و شەونخوونییەکم کێشاوە و کاتی پشوودانم بۆ کاری نووسین تەرخان کردووە. بڕواشم پێ بکە لەوپەڕی ماندوویی و شەکەتیش دابم ناتوانم واز لە خوێندنەوە و نووسین بێنم. خوێندنەوە و نووسینیش بە لای منەوە خۆشترین و شیرینترین پشوودان و حەسانەوەیە و گەشت و گەڕانی نێو گوڵزاری کتێبم لە هەموو گەشت و سەیرانێک پێ خۆشترە. ئەو کاتە دڵخۆش و شادم کە دەستەملانی کتێبێک بم، یان چەقوچۆی نووسینێک هەست و هەناوم داگرێ. ڕۆمانی جێگای بەتاڵی سلووچ نزیکەی دوو ساڵ بەدەستمەوە بوو، بەڵام لێی بەپەلە نەبووم و بە هیوای چاپ کردنیشی نەبووم، تەنیا ویستم وەک مەشق و خۆتاقی کردنەوە وەریگێڕمەوە. بە شێنەیی ڕۆمانەکەم تەواو کرد و جارێکم وەرگێڕانەکە بە وردی خوێندەوە و زۆری لێ ڕازی بووم. هەتا وەرگێڕانەکەم نەخوێندەوە خۆشم بیرم لێ نەکردبۆوە ئەوەندە بە تام و چێژ و خۆمانەم وەرگێڕابێ. زۆرم دڵ پێی خۆش بوو. ڕۆژێکیش لای کاک عەبدولخالق یەعقوبی هاوڕێم باسم کرد و ئەویش پێشنیاری پێ کردم بیدەم بە دەزگای موکریانی لە هەولێر، هەر بۆیە جارێکی تر بە وەرگێڕانەکەدا چوومەوە و ناردم بۆ دەزگای موکریانی و زۆر بە دڵفراوانییەوە وەریانگرت و زۆر زووچاپیان کرد. هەر ئەو پێشوازییەی دەزگای موکریانی بووە هۆی ئەوەی زیاتر متمانەم بە خۆم هەبێ و بیر لە وەرگێڕانی کتێبی گەورەتریش بکەمەوە، هەر بۆیە بڕیارم دا کتێبی برایانی کارامازۆفیش وەرگێڕمەوە. ئەو ڕۆمانەم کاتی خۆی خوێندبۆوە و زۆر بە لامەوە گرینگ بوو، بۆیە جارێکی تر خوێندمەوە و دوای پرسین و گەڕان بۆم دەرکەوت چوار وەرگێڕانی بە فارسی هەیە، بۆیە هەر چوار وەرگێڕانەکەم وەدەست خست و لەگەڵ یەک بەراوردم کردن. لە کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیشتم کە وەرگێڕانەکەی ساڵح حوسەینی لەو سێ وەرگێڕانەی دیکە باشترە، بۆیە ئەوم کردە سەرچاوەی وەرگێڕانەکە و شانم لێ داخست و لەماوەی ساڵێکدا تەواوم کرد، بەڵام لە کاتی وەرگێڕانەکەدا لە زۆر شوێنا پەنام بۆ وەرگێڕانەکەی ڕامین موستەقیم و موشفیقی هەمەدانیش دەبرد. دوای تەواوکردنی برایانی کارامازۆف بڕیارم دا شاکارەکەی غولامحوسەین ساعیدی(گەوهەر مراد)واتە کتێبە بەناوبانگەکەی ئەو نووسەرە مەزنە(تازیەبارانی بەیەل)یش وەرگێڕم. ئەویشم لە ماوەی شەش مانگدا تەواو کرد و ئێستا لە دەزگای موکریانی لە نۆرەی چاپ دایە.

بۆ گیروگرفتیش بڕوام پێبکە لە هیچ شوێنێک بۆ هیچ مەبەستێک، یان زاراوە و ئیدیۆمێک دانەماوم و هەستم نەکردووە دەستم لە گۆزەدا مابێ و چم پێ نەکرێ، تەنانەت جاری وابووە بۆ دەستەواژە و زاراوەیەک چەند هاوسەنگی کوردیم دیوەتەوە و ئەگەرچی یەک لە یەک

جوانتر و ڕەسەنتر بوون، بەڵام هاتووم جوانترینەکەیانم هەڵبژاردووە. من پێم وایە زمانی کوردی لە چاو ئەوەی ئەو هەمووە لە ژێر زەبروزەنگ و هەڕەشەدابووە، بەڵام زۆر دەوڵەمەندە و ئەگەر زیاتری کار پێبکرێ، دەبێتە دەوڵەمەندترین و ڕەسەنترین و جوانترین زمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەرکەسێکیش بڵێ زمانی کوردی لاوازە و دەرەقەتی فەلسەفە و زانستی ئەمڕۆ نایە، ئەوە کەسێکی بیر کورت و ڕەشبینە و دەبێ گومان لە زانیارییەکەی هەبێ. دەنا قەتی وابیر نەدەکردەوە و ئەو قسەیەی بە دەما نەدەهات.

* دەڵێن زمانی فەرەنسا زمانی خۆشەویستی و زمانی ئینگلیزی زمانی دیپلۆماسی و زمانی ئەڵمانی زمانی شەڕ و زمانی ڕووسی زمانی ئاشتی و دۆستایەتییە. ئێوە زمانی کوردی بە چ دادەنێن؟

– زمانی کوردی زمانی ژیان و سروشتە.

* بێجگە لەو سێ ڕۆمانە، دوو کتێبی کورتە چیرۆکیشتان بەناوەکانی (دیسان لەو شەقامانەوە) بەرهەمی بیژەن نەجدی و (تەپڵی ئاور) کۆمەڵەچیرۆکی بیانی وەرگێڕاوە، کەمێکیشمان باسی کورتە چیرۆک و ئەو کتێبانە بۆ بکە؟

– کورتە چیرۆک بە بڕوای من ڕاوی سات و چرکەکانی ژیانە. بیری مرۆڤ و خەم و دڵەخورپە و برک و ژانەکانی جاری وایە زۆر کتوپڕن، نووسەری کورتە چیرۆک ئەو چرکانەی ژیان دەقۆزێتەوە و وێنەی لێهەڵدەگرێ و لەهەمبەر خەڵکدا دایدەنێ. هونەری چیرۆکنووس ئەوەیە کە ئەو چرکە و سات و کاتانە بەزمانی وشە بدرکێنێ.

کتێبەکەی بیژەن نەجدی یەکێک لەو کتێبە هونەرییانەیە کە شیرینترین و بەتامترین چێژی هونەریم لێوەرگرتووە. زمانی بیژەن زمانێکی ناسک و شاعیرانەیە و خاوەنی تایبەتمەندییەکی کەم وێنەیە، بۆیە بڕیارم دا وەریگێڕمەوە. کتێبی تەپڵی ئاوریش شازدە چیرۆکی بیانییە کە لەکتێب و گۆڤارەکانم هەڵبژاردوون و وەرمگێڕاون. ئەو چیرۆکانەشم هەڵبژاردووە کە لەگەڵ هەست و ڕوحم ئاوێتەبوون و تارادەیەک ئاوێنەی ژیانی خۆم و گەلەکەم بوون.

* بارودۆخ و چۆنایەتی وەرگێڕان لە کوردستاندا چۆن دەبینن؟

– تەڤگەڕ و بزوتنەوەیەکی جددی و باش لە ئارادایە و زۆر گەشبینم، بەڵام بە داخەوە ئەو بزووتنەوەیە بێ ڕێبەر و ڕێنوێنە و لێژنەیەک نییە باش و خراپ و پاک و پیس لێک هەڵاوێرێ. زۆر جار دەبینم بڕێک لە وەرگێڕانەکان نادروست و کەمتەرخەمانەن و تەنانەت بەلارێشدا ڕۆیشتوون و هەڵەی زۆر زەق و ناحەز و پڕ مەترسییان تێدایە بۆ زمانەکەمان و ئەوەی گوێی پێ نادەن ڕێزمانە و بەجارێ خەریکن بنەماکەی دەڕووخێنن، دەبێ ئەو جۆرە هەڵە و لاڕێبوونانە پێشیان پێ بگیرێ و لێژنەیەکی واهەبێ کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو دەزگای چاپ و پەخشەکان و ڕاگەیێنە گشتییەکاندا هەبێ و نەهێڵێ ئەو هەڵانە پەرە بستێنێ، ئەگەرچی دەقە لاواز و نارەسەنەکان خۆیان لە جێی خۆیان دەپووکێنەوە، یان هێڵەگی مێژوو دایان دەتەقێنێ، بەڵام واچاکە هەر لەسەرەتاوە ئەو هەڵە و چەوتییانەش نەبن و یەکەم هەنگاومان بە گوڕ و پتەو بێ.

* تاکو ئێستا بێجگە لە وەرگێڕان و شیعر ئاوڕتان لە ژانرەکانی ئەدەب وەک شانۆ و ڕۆمان و کورتەچیرۆک داوەتەوە؟

– بەڵێ دە چیرۆکم نووسیوە و بڕێکیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە. وەک کتێبێک کۆم کردوونەتەوە و بە ناوی(نارنجی فڕین) لە نۆرە چاپ دایە، بەڵام تا ئێستا ڕۆمان و شانۆم نەنووسیوە.

* هەروەک بۆخۆتان دەڵێن: خەمی زمان و فەرهەنگەکەم هەڵم دەچۆقێنێ و دەمەوێ بە هەموو شێوەیەک خزمەتی پێ بکەم و دەوڵەمەندی بکەم، بۆیە بۆ هەموو لایەک پەل دەکوتم و خەریکی هەموو کروکاش و هەوڵ و تەقەلایەکم.پاش شیعر هۆنینەوە و وەرگێڕانی ڕۆمان و وتار و کورتەچیرۆک، پەلتان بۆ لای فەرهەنگنووسیش کوتاوە و وابزانم فەرهەنگێکی کوردی بە کوردی و فارسیتان نووسیوە بە ناوی (ڕێژگە) چ شتێک بووە هۆی ئەوەی بچی بۆ لای فەرهەنگنووسی و بۆچی ناوت ناوە (ڕێژگە) ئەم فەرهەنگە چەند وشەی لە خۆگرتووە و جیاوازی لەگەڵ فەرهەنگەکانی تردا چییە؟

– بەڵێ فەرهەنگێکی ۳۰۰ لاپەڕەییە و دەزگای موکریانی چاپی کردووە. ئەو فەرهەنگە هەر لەسەر شێوازی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژاری نەمرە و ئەو وشانەی لە خۆگرتووە کە لە هەنبانە بۆرینەدا نەهاتوون. نزیکەی حەڤدەساڵە کاری لەسەردەکەم و زۆرم زەحمەت

پێـوە کـێـشـاوە. هەر لەگـەڵ هەنبـانە بۆرینە بڵاو بۆوە وەسـیـیـەتەکـەی مـامـۆسـتـا هەژارم لە پێـشـەکـیـیـەکـەیدا خوێندەوە هەوڵم دا ئەو وشانەی لەوێدا نایانبینم، لە لاوە کـۆیان کـەمـەوە کە بۆ ڕۆژی خۆی لە چاپەکـانی دواییـدا تێکەڵی کریێ، ئەگەرچی هێشـتـا زۆر وشـەی ناوچەکانی دیکەی کـوردسـتـان هەیە و لەوانەیە لە هەنبـانە بۆرینە و فــەرهەنگەکــانی تردا نەبێ، بەڵام بەچاکم زانی ئەو کەمووسکەیەی خۆم بە جیا چاپ بکەم و جارێ لە مردنی بپــــارێزم هەتا دڵســــۆزێک پەیدا دەبێ و هەمــــوو فـەرهەنگەکـان لە بەرەیەک ڕادەنێ و لەپرزە و کـڵـۆش و چڵەکان خەرمانێکی مەزن سازدەکا.

ئەو فـەرهەنگە نزیکەی حـەوت هەشت هەزار وشـەیەک دەبێ و هەر بەشێوەی هەنبانە بۆرینە بە کوردی و فـارسی شـەرحم کـردووە، بۆیەش ناوم ناوە ڕێژگـە، ڕێژگـە بەو شوێنە دەڵێن کە دوو چۆم تێکەڵ دەبنەوە، یان چۆمێکی چکۆلە دەڕژێتە چۆمێکی گەورەترەوە. بەو هیـوایەی ئەم چۆمـەڵە مـاریلەیەی من ڕووی هەبێ بڕژێتـە باوەشی ڕووبارە گەورەکەی هەنبانە بۆرینەوە.

* ئاواتی سـەرکـەوتنم هەیە بۆت لە هەمـوو بوارەکـانی ژیان و نووسـیندا، هەروەها هیـوادارم لەوە زیاتر بە نووسین و وەرگـێـڕان کـتـێـبـخـانەی کـوردی بڕازێنیـتـەوە. سوپاست دەکەم بۆ ئەوەی کاتی خۆت بۆ من تەرخان کرد و بەوردی وەڵامی پرسیارەکانت دامەوە؟

- منیش هیـوام سـەربەرزی و بەردەوامی ئێـوەیە و هیـوادارم وەڵامـەکـانم ڕووی مـەجلیـسـیان هەبێ و ئەگـەر جـاروبـار قـسـەیەکی ڕەقم لەزار دەرپەڕیبێ، کـەس بەدڵـیـەوە نەگـرێ، چونکە هەمـوو هی ئەوەیە پەرۆشی زمـان و ئەدەبی گەلەکەمم. ئیـتر سوپاس و سەرکەوتن بۆ ئێوەش.

* لەکـۆتاییـدا تکایە هەرکـام لەم وشـانەی خـوارەوە بەڕستەیەک، یان وشەیەک بدوێنە.

ماچ: تێکەڵبوونی ڕوح.

گوڵ: سیمای ژیان و ئەوین کە خودای تێدا دەبینم.

گریان: ئەو کـانیاوە زوڵاڵەی ناخ کە لەهیچ وەرزێکی تەمەندا ویشک ناکا.

شاخ: بڕبڕەی پشتی زەوی.

فرمێسک: شەونمی هەمیشە بەهار.

گۆرانی: لایەلایەی ڕوح.

کوردستان: پیرۆزترین دایک.

غەزەل: خوێن و هەناسەم.

**بەرهەمە بڵاوکراوەکانی:**

١- "تاپۆی وەرزێکی سەوز"، شیعر- ١٣٧٦ تەورێز

٢- "شەوەژانی ئەستێرەیەک"، شیعر- ١٣٨٠ تاران

٣- "مەرگەخەون"، شیعر- ١٣٨٣ تاران

٤- "دیسـان لەو شـەقامـانەوە"، چیرۆکی بیژەن نەجدی (وەرگێڕان)، ١٣٨٥ هەولێر

٥- "تەپڵی ئاور"،چیرۆکی بیانی(وەرگـێڕان) ١٣٨٥ هەولێر

٦- "جـێگـای بەتاڵی سلووچ"، ڕۆمـانی مـەحـمـوود دەوڵەت ئابادی (وەرگێڕان)، ١٣٨٦هەولێر

٧- "خـۆرولاولاو" ، کـۆمـەڵەشـیـعـری منداڵان ١٣٨٦ بۆکان

٨- "یەککگرتن"، چیـرۆکی منداڵان «قـودسی قـازی نوور» (وەرگێڕان)، ١٣٨٦هەولێر

٩- "برایانی کـارامـازۆف"، ڕۆمـانی فـیـودۆر دۆستۆیفسکی، (وەرگێڕان)، ١٣٨٧ هەولێر

١٠- "خـولیـای نووسین" کـۆمـەڵـەوتار (وەرگێڕان)،١٣٨٧ هەولێر

١١- "فـەرهەنگی ڕێژگـە"(ئەو وشـانەی لەهەنبـانە بۆرینەدا نەهاتوون)

ئەم بەرهەمانەش ئامادەی چاپن:

٢- "نارنجی فڕین" (کۆچیرۆک)

٣- "تازیەبارانی بەیەل"ڕۆمـانی غـوڵامـحـوسـێن ساعیدی (گەوهەر مراد) وەرگێڕان.



## فەریاد شیری:

## هەر بزاوتێکی نوێخوازانە لە دڵ و هەناوی بەستێن و زەمینەکی لەبارەوە هەڵدەقوڵێت کە ڕیشە و هەوێنەکەی بە فەرهەنگی نەتەوەییەوە بەستراوەتەوە.

**سازدانی: شەریف فەلاح**
**(سنە)**

فەریاد شیری، قەڵەمێکی لاو و جیددی دەڤەری کرماشانە، لە هەڕەتی لاوییەوە بە دەنگ، شیعر و دەق و تێکستەکانی ئایینی یارسان لە مەڵبەند و زێدی خۆی، واتە شاری «سەحنە» باڵای کرد و بە باشی بە کولتوور و ژیاری کرماشان و دەوروبەری ڕاهاتووە و لە چەند ڕەهەندەوە خۆی تاقیکردۆتەوە. دواتر خۆی لە ناوەندی نووسین و ڕۆشنبیری «ئەدەبی فارسی» لە تاران بینیوەتەوە و لەوێش بە هەوڵی بەردەوام و خوێندنەوەی ئەدەبی فارسی توانی لە بواری شیعردا جێگە و پێگە و دەنگی تایبەت بۆ خۆی مسۆگەر بکات، هەرچەند بەرهەمە سەرەتاییەکانی بە زمانی فارسی نووسیون، بەڵام تژین لە خەون و خولیای کوردی، وەرگرتن چەندین خەڵات لەم بوارەدا دەربڕی ئەم ڕاستییەن.

لە سەرەتای دەیەی حەفتای هەتاوییەوە لەگەڵ چەند دەنگ و ناوێکی دیکەی کرماشان و ئیلام بە شێوەی جیددی و لێبڕاو پێی نایە مەیدانی نووسینی کوردی بە زاراوەی کەلهوڕی و لەم بوارەشدا وەک یەکێک لە ڕچەشکێنەکانی ئەو دەڤەرە دەرکەوتووە و ئێستاش بەردوامە.

فەریاد شیری خۆی تەنیا بە شیعرەوە نەبەستۆتەوە، بەڵکو لە بواری وەرگێڕانی بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی هەرێمیشدا لە یەکەم کەسەکانە کە لەم بارەوە خاوەن چەند بەرهەمێکە. نووسین لە بواری ئەدەبی منداڵان و مێرمنداڵان و لێکۆڵینەوە لە بواری ئەدەب و فەرهەنگ و ڕەخنەش چەند بوارێکی دیکەن کە خۆی تێدا تاقی کردۆتەوە و کۆمەڵێک شاکاری ڕەوانەی کتێبخانەی کوردی و فارسی کردووە و ئێستاش سەرقاڵی توێژینەوە کە لەسەر «قۆناغەکانی گۆڕانکاریی شیعری نوێی کوردی لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ». فەریاد شیری بە دوو زمانی کوردی (کەلهوڕی) و فارسی دەنووسێت و توانیویە بە ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگییە لە هەردووکیاندا سەرکەوتوو بێت.

* کرماشان و ئیلام، دوو دیاری دێرین، نیشتمانێکی تژی لە عەشق گەلێک ئوستوورە، حیکایەت، پەندی پێشینیان و بەگشتی ئەدەبی زارەکی لە دووتوێی زاراوە و بن زاراوەکانی: سۆرانی، هەورامی، لەکی، کەڵهوڕی، فەیلی و لوڕیدا وەک گەنجینەیەکی ڕەسەنی ئەدەبی کوردی لە ئارادان، ئەمانە هەڵگری چ توخم و تایبەتمەندییەکن، بۆ پاراستنیان چ هەوڵێک دراوە؟

– هەروەک ئاماژەتان پێ کرد ناوچەکانی ئیلام و کرماشان، زێد و مەڵبەندێکی کەونارایین، کە تژین لە ڕاز و ڕەمزگەلێک کە لە دووتوێی حیکایەت، ئەفسانە و پەند و مەتەڵەکان و هەروەها گۆرانی و بەستە فۆلکلۆرییەکاندا سینگ بە سینگ لە پێشینیانەوە بۆ ئێمە ماونەتەوە و هەرمانن. ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ئێمە زۆر دەوڵەمەندە و لێوانلێوە لە ڕەمز و هێما و ڕازەکان. ئوستوورە و هێما و ئولگووە کۆنەکان (ئارکی تایپ) و قارەمانە میللییەکانی ئێمەی کوردان لە هەناوی هەمان ئەدەبیاتی زارەکییەوە سەریان هەڵداوە. تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری ئێمە، ئامادەیی سروشت و ڕۆڵ و کاردانەوەی بەرجەستەی توخمە سروشتییەکان و هەروەها لایەنی ئایینی بوونیانە. باوەڕ، ڕوانگە و دابونەریتی ئێمەی کورد لە هەناوی ئەم ئەدەبە فۆلکلۆرییەدا حەشار دراون. سروشتییە ئەگەر بێتو نەتەوەیەک بیەوێت نەریت و دابی پێشینیان، فەرهەنگی میللی و شانازییەکانی خۆی بپارێزێت، دەبێت لەپێناو پارێزگاری، پاراستن و دووبارە خوێندنەوەی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆریی خۆیدا تێبکۆشێت. ئەم کارە وەک باوە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەلایەن گرووپێک بە بوونی پێداویستییەک کە بەشی فەرهەنگی دەوڵەت دەینێتە ئیختیاریان، بەڕێوە دەچێت، بەڵام بەداخەوە دەوڵەتانی ئێمە گرینگییەکی ئەوتۆ بەم مەسەلەیە نادەن، دەنا ئەدەبیاتی فۆلکلۆر دەتوانێت یارمەتییەکی زۆر مەزن و بەربڵاو بێت بۆ ئەدەبیاتی فارسی. هەر چۆنێک بێت ئەو کارانەی کە لەم بارەوە ئەنجام دراون، لەلایەن خودی چالاکی ئەدەبی کوردییەوە بووە و جێگای ڕێز و پێزانینە. عەلی ئەشرەف دەروێشیان کتێبی دوو بەرگی "ئەفسانە و مەتەڵە کوردییەکان"ی چاپ کردووە، هەروەها ئیرەج بەهرامی "ئوستوورەکانی ئەهل هەق" و دۆستانی دیکەش لەمەڕ "گۆرانی و لالایی" کار و لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە. بۆ وێنە خۆم و ئاغای "سەعیدیان" سیاچەمانەکانمان کۆ کردووەتەوە و بۆ سەر زمانی فارسی وەرمان گێڕاوە. هەڵبەتە "عەباس جەلیلیان" کاری گرینگ و مەزنی ئەنجام داوە، بەڵام بەڕای من ئەمانە بەس نین. ئێمە پێویستیمان بە دووبارە خوێندنەوە و کردنەوەی ڕەمز و ڕاز و گرێیەکانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر هەیە. تەنیا کتێب بەس نییە، بەڵکو دەبێت سینەماکار و فیلمسازانی کوردیش ئەم سەرچاوانە بکەنە هەوێن بۆ کارەکانیان.

* ئیلام و کرماشان لەباری مەزهەبییەوە ناوچەیەکی فرەچەشن و گەلێک ئایین و ئایینزا و ڕێچکەی کۆنی ئایینی لەو ناوچانە لە ئارادان و هەرکامەیان خاوەن تایبەتمەندیی زمانی خۆیانن، ئەدەب و زمان لەلای ئەوان خاوەن چ پێگەیەکە و ئێستا لە چ دۆخێکدایە؟ چۆن دەڕوانیتە ئەدەبی یارسان؟

– هەروەک دەزانیت لەناو زۆربەی گەلان، لە سەرەتاوە ئەدەبیات لە شێوازی ئایینیدایە. پێشینەی ئەدەبی کوردیش بۆ ئەدەبی ئایینی و کەلامەکانی سەرەنجام دەگەڕێتەوە. گەورە و پێشەواکانی یارسان هەموو دەستوور و ڕێوشوێنە ئایینییەکانیان بە شێوەی شیعری برگەیی و ڕیتمدار خستووەتە ڕوو، چونکە شیعر لەلای ئێمەی کورد خاوەن پێگەیەکی تایبەت بووە. بە خۆشییەوە هەموو ئەم هۆنراوە و سروودانە پارێزراون، چونکە بۆ خەڵکی پێڕەوی ئایینی یارسان پیرۆز بوون. من بۆ خۆم لە بنەماڵەیەکی یارسانیدا گەورە بووم، باوکم بەر لە گشت، منی لەگەڵ سروودەکانی "سەرەنجام و کەلام"دا ئاشنا کرد و هەر لە منداڵییەوە هاوکات لەگەڵ ڕیتم و ئاهەنگی شیعرە برگەیی و کێشدارەکاندا زەینییەتی شاعیرانەم بیچمی گرت، بەڵام لەبارەی پێگەی ئەدەبیی کەلامەکانی سەرەنجامەوە کارێکی تایبەتی و ئەوتۆ بە ئەنجام نەگەیشتووە، چونکە بەداخەوە لە ئێران ئایینی یارسان کەوتووەتە بەر سانسۆر و پشتگوێ خراوە و گرینگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێت. هەڵبەتە چەند کەسێک کە بەداخەوە ئێستا لە ژیاندا نەماون، لەمەڕ کۆکردنەوە و شیکردنەوە و وەرگێڕانی کەلامەکانی سەرەنجام کاریان کردووە، بۆ وێنە نەمر "سەید ئەمروڵڵا شا ئیبراهیمی" کە ئەدەبی یارسانی دەورەی "بەرزەنجە، دەورەی پردیوەر و دەورەی تەیموور"ی بە کاملی کۆ کردووەتەوە و وەریشی گێڕاوە، هەروەها نەمر"ڕوحتاقی" کە گەورەترین شرۆڤەکاری کەلامەکانی

سەرەنجام بوو و نەمر"سەید خەلیل عالی نەژاد". هەڵبەتە ئێستا چەندین کتێب لەبارەی ناساندنی ئایین و گەورەکانی یارسان چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

بەڵام لە ڕەهەند و لایەنی زمانناسی و ئەدەبییەوە لەسەر کەلامەکانی سەرەنجام کارێک ئەنجام نەدراوە، ئەمەش بۆ ئەو ڕێز و حورمەت و دەمارگرژییە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی یارسان لە هەمبەر کەلام و دەقەکانی سەرەنجامدا هەیانە. من لە یەکێک لە کۆمەڵە شیعرەکانمدا بەناوی "واژۆی تازەی دەوێ ئەم ناوە" هەوڵم داوە پێوەندییەکی "نێوان دەقێتی" لەگەڵ ئوستوورەکانی ئایینی یارسان بێنمە گۆڕێ، کە هەرچەند لەلایەن هەندێک لە خەڵکی یارسانەوە پێشوازیی لێ نەکرا. هەڵبەتە من لە پێشەکیی پرۆژەی "مێژووی شرۆڤە و شیکاریی شیعری نوێی کورد"دا کە چەند ساڵێکە سەرقاڵی نووسینیم، هەوڵم داوە لە ڕوانگەیەکی تەواو ئەدەبییەوە بپەرژێمە سەر کەلامەکانی سەرەنجام.

* شاعیران و داهێنەرانی باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات، خاوەنی گەلێک شاکار و بەرهەمی فەرهەنگی و زمانین و لە قۆناغێکدا کە ئەدەبی کلاسیک و بەتایبەت گوتاری ڕێبازی ڕیالیزم زاڵ بووە، بەستێنە کۆمەڵایەتی و فەرهنگییەکانی ئەو قۆناغە چی بوون، چۆن دەڕوانیتە تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرە ئەدەبە؟

– ئەم جۆرە ئەدەبە ڕیالیزمییە لەناو هەموو گەل و نەتەوەکاندا خاوەن پێگەیەکی تایبەتە. بەڕای من هەر جووڵە و بزاوتێکی نوێخوازانە لە دڵ و هەناوی بەستێن و زەمینەیەکی لەبارەوە هەڵدەقوڵێت، کە ڕیشە و هەوێنەکەی بە فەرهەنگی نەتەوەییەوە بەستراوەتەوە.

ئەدەبیاتی ڕیالیستیی ناوچەی کرماشان بەستێنێکی لەبار بوو بۆ ئەدەبیاتی مۆدێرنی کوردی لە باشوور. لە ئەدەبی ڕیالیزمدا هەموو شتێک ڕەسەن، ڕاستەقینە و کەتوارییە، ژانەکان، شادییەکان، حیکایەت و ژیان لەگەڵ فەرهەنگی ئەو نەتەوەیەدا گونجاوە، دەبوا لەو دۆخە تێپەڕیباین و پاشان ڕوومان لە نوێخوازی کردبا. ئەدەبیاتی کلاسیکی ئێمە شاکارگەلێکی نەمر و هەرمانی هەیە، بەیت و هۆنراوەگەلێکی لیریک و ئەویندارانە کە شان بە شانی بەیت و شاکارەکانی شیعری کلاسیکی فارسی دەدات. بۆ وێنە: "ئەڵماس خان کەنوولەیی، شاکەو خان مەنسوور، مەلا پەرێشان دینەوەری و..." ئاسەواری هەرمانیان خوڵقاندووە کە بە خۆشییەوە کۆ کراونەتەوە و لەبەر دەستدان. مامۆستا "ئیرەج بەهرامی" شانامەی کوردی لە چەند بەرگدا کۆ کردووەتەوە و بڵاو کراونەتەوە. نابێت نەوەی نوێ بە نیسبەت ئەم بەرهەمە پڕ بایەخانەوە کەمتەرخەم بێت. ئێمە دەبێ بە خوێندنەوەی دووبارەی ئەم بەرهەمانە نوێگەرایی ئەزموون بکەین.

* بەرلەوەی باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات، گوتاری شیعری بەسەریدا زاڵ بێت، هێژمۆنی ئەدەبی فارسی، بەسەر نووسینی ئەو ناوچەدا زاڵ بووە، لەو دۆخەدا لە ئاستی ئەدەبیاتی ئێراندا و بەتایبەت لە بواری ڕۆمان و چیرۆکدا کەسانێکی وەکو (لاهووتی، عەلی محەمەد ئەفغانی، عەلی ئەشرەف دەروێشیان و مەنسوور یاقووتی) وەکو ڕێبازێک دەردەکەون، وەک خۆت ئەو شەپۆلە ئەدەبیاتە چیرۆکییە چۆن هەڵدەسەنگێنیت و چ کاریگەرییەکیان هەبووە؟

– لە پۆلێنبەندیی ڕەخنەگرانی ئەدەبیاتی چیرۆکدا، ئەو گرووپە لەناو کۆمەڵەی "ئەدەبیاتی ناوچەیی"دا جێیان گرتووە، جۆرێک لە ئەدەبیات کە دابونەریت و فەرهەنگی ناوچەیەکی تایبەت لەخۆ دەگرێت. هەڵبەتە "لاهووتی" لە بیاڤی شیعردا چالاک بووە و یەکێک لە شاعیرانی جیددی بوو کە لە ڕەوتی نوێخوازیی شیعری فارسیدا پشکی تایبەتی هەیە، بەڵام بەداخەوە شیعری کردە قوربانی سیاسەت. ئەو دەیتوانی پێش لە "نیما یووشیج" شۆڕشێک لە شیعری فارسیدا وەڕێ بخات، بەڵام گیرۆدەی سیاسەت بوو، بەڵام "عەلی محەمەد ئەفغانی" بە ڕۆمانی "مێردی ئاهوو خانم" باش دەرکەوت و پاش ئەویش "دەروێشیان" و"یاقووتی" بە جۆرێک لە ئەدەبیاتی کرێکاری و جەماوەری لە قۆناغێکدا لە ڕیزی نووسەرانی پڕ خوێنەری ئێراندا بوون. تایبەتمەندی و جۆری نووسینی ئەو گەورە نووسەرانە، ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ، دابونەریتی خەڵکی ناوچەی کرماشانە لە بەرهەمەکانیاندا. ئەوان کەسانێکی دەروەست بوون کە ژان و ئازاری خەڵکەکەیان لە نووسراوەکانیاندا بەرجەستە دەکردەوە. بۆ وێنە، "بەختەوەرانی دۆڵی قەرەسوو"ی عەلی محەمەد ئەفغانی باشار (تقابل)ی ئەشرافییەت و هەژاریی بنەماڵەیەکی کوردی کرماشانە لە چوارچێوەی چیرۆکی عەشقێکی سووتێنەر و شەیداییدا. "ئابشووران"ی دەروێشیان تژییە لە تەنزێکی تاڵ کە هەژاری و دەستەنگی وێنا دەکات، هەروەها کارە

داسانییەکانی یاقووتی کە ژانی گوندنشینان بەرجەستە دەکاتەوە، بەڵام لەبارەی ئەوانەوە هەمیشە پرسیارێک لە گۆڕێدایە کە بۆچی بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی نەنووسیوە، هەرچەند کە ڕوحیکی کوردی سەرتاپای بەرهەمەکانیانی داگرتووە. بەهەر حاڵ ئەوان لە پرۆسەی ئەدەبیاتی چیرۆکی فارسیدا کاریگەری خۆیان هەبووە و پێگەیەکی تایبەتیان هەیە، بەڵام لە بواری ئەدەبی کوردییەوە کارێکی ئەوتۆیان ئەنجام نەداوە.

* لە کرماشان و ئیلام (جیا لە قۆناغەکانی ئەدەبی کلاسیک) نووسین بە زمانی کوردی و زاراوەکانی کوردیی باشوور لە پرۆسەی نوێبوونەوەی ئەدەبدا دێر سەری هەڵدا، هۆکارەکانی لە چیدا دەبینیت؟ سەرەتای ئەم دەستپێکە بۆ چ قۆناغێک دەگەڕێتەوە؟ بەستەر و زەمینەکانی چین، کاریگەریی ئەدەبی دەوربەری تێدا لە چ ئاستێکدا بووە؟

- دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ببینینەوە. ئەوەی کە بۆچی نەوەی پێشوو بە زمانی کوردی بەرهەمێکیان نەخوڵقاندووە و نەبوونەتە زەمینە و ڕەخسێنەری ئەدەبیاتی نوێی کرماشان، ئەمە بۆ خۆی بۆ چەند هۆ دەگەڕێتەوە:

١- هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی زاڵ بەسەر ناوچە کوردنشییەکانی ئێران.

٢- نەبوونی پێوەندی کوردانی ناوچە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ کوردانی کرماشان.

٣- ناشارەزایی و زاڵ نەبوونی چالاکانی ئەدەبی ئەم ناوچانە بەسەر ڕێزمانی کوردی و ئاشنا نەبوونیان بە زاراوە و بن زاراوەکانی کوردی و... هەموو ئەم مەسەلانە بوونە هۆی ئەوەی کە نەوەکانی پێشوو مەیل و حەزێکیان بە خوڵقاندنی بەرهەم بە زمانی کوردی نەبێت، بەتایبەت لە بواری دەقی چیرۆکی و پەخشاندا، هەر ئەمەش گرینگترین هۆکار بوو کە زۆر درەنگ پرۆسە و باسی نوێخوازی لە بیاڤی ئەدەبدا لە کرماشان بیچمی گرت. شیعری کوردی لە کرماشان بە بەرهەمی دوو شاعیری نەوەی پێشوو وەک: "شامی کرماشانی و پەرتەو کرماشانی" گیانێکی نوێی بە بەردا کرا و بە بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ئەوان، هەمیسان لەو دەڤەرە شیعر لەلای بەردەنگ و لایەنگران برەوی پەیدا کردەوە. تایبەتمەندی شیعرەکانی شامی و پەرتەو، زمانێکی سادە و ڕەوان بوو کە خەڵک زۆر بە ئاسانی پێوەندییان لەگەڵی دادەمەزراند و خوویان پێوە دەگرت، شامی بە زمانی سادەی تێکەڵاو بە تەنز و تەوسێکی دڕکاوی بە زمانی خەڵکی ئاسایی و کۆڵان شیعری دەهۆنییەوە و ئێستاش شیعری شامی هەر خوێنەر و بەردەنگی هەیە، بەڵام شیعری "ئەرمەنی"ی پەرتەو، خاڵە وەرچەرخانێکە لە شیعری کوردیی کرماشاندا، هەرچەند بە فۆرمی باو و نەریتی هۆنراوەتەوە، بەڵام ڕوانینی ئەمڕۆییانەی شاعیر و سادەیی زمانی و تەکنیکێک کە شاعیر لە داڕشتنی ئەم شیعرەدا بەکاری بردووە، ئەم شیعرەی کردووەتە کارێکی جیاواز لە بەرهەمەکانی دیکەی پەرتەو کرماشانی. بەگشتی دەکرێت بڵێیت ئەم دوو شاعیرە، شیعری کوردیی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لەو سروشتگەرایی (ناتۆراڵیزم)ـە پەتی و بەربڵاو و زمانە فەرمییە، هەروەها ئەو ڕوانینە ئاسمانی و ئایینییەوە بۆ شیعر، بە تەواوەتی گۆڕی و کردیانە ڕوانگەیەکی تەواو زەمینی کە هەڵگری توخم و خەسڵەتی بەرچاو بێت. دوای ئەم قۆناغە بوو کە ئێمە لەگەڵ غەزەلی کوردی بەرەوڕوو بووین کە هەڵگری پێوانەی مەیلی خەڵک و هەلومەرجی ژیانی ئێستای کرماشان بێت.

بەڵام شیعری نوێی کوردی لە کرماشان لە دەیەی حەفتای هەتاوییەوە بیچمی گرت، دەیەیەک کە تێیدا شیعری فارسیش گەشە و کرانەوەی بەخۆیەوە بینی، لەم قۆناغەدا پێوەندییەکانی کوردانی ئێران و عیراق ڕوویان لە زیاد بوون کرد و کار و پرۆسەی وەرگێڕانی بەرهەمی کوردی بۆ فارسی دەستی پێ کرد. شاعیرانی ناوداری کوردستانی عیراق لە ئێران ناسێنران، چەندین کتێب لە بواری ڕێزمان و ڕێنووسی کوردیدا بڵاو کرانەوە، شیعری فارسی خەریک بوو ئەزموونێکی گرینگی دەگوزەراند و زۆربەی شاعیرانی کوردی کرماشانیش لە مەیدانی شیعری فارسیدا چالاک بوون. هەر بەم پێیە هەموومان لە هەوڵی ئەوەدا بووین هەمان ئەو ئەزموونانەی خۆمان لە شیعری کوردیشدا تاقی بکەینەوە، بۆ دەسپێک کارێکی ئەستەم بوو، بەتایبەت پرسی ڕێنووس کە بەپێی ئەو ڕیتم و دەنگانەی کە لە زاراوەکانی کوردیی کرماشاندا هەن، لەگەڵ ڕێنووسی پێوەری کوردیدا ناتەبا بوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت کارەکە دەستی پێ کردبوو، هەرکام لە دۆستان، یان بە شێوەی کتێب، یان لەو بڵاڤۆکانەی کە ئەو ساڵانە چاپ دەبوون، بەرهەمەکانیان بڵاو دەکردەوە. هەفتەنامەکانی "ئاوێر" و "سیروان" کە لە سنە بڵاو

دەکرانەوە، لەو بلاڤۆکانە بوون کە هەمیشە بەشێکیان بۆ ئەدەبیـاتی کـوردیی باشـووری ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـان (کـرمــاشــان و ئیــلام) تەرخـان دەکــرد، بەرە بەرە بلاڤۆکەکانی کرماشانیش لاپەڕەیەکیان بۆ شیعری نوێی کـوردی تەرخـان کـرد، بەگـشـتی کـەش و دۆخی کـراوەی سـەردەمی چاکسـازی لە ئێـران هاوکـارییـەکی مـەزنی بە ڕەوتی نوێی ئەدەبیاتی کوردی کرد.

* مەسەلەی زاڵبوونی گوتاری شیعر لەناو نەوەی نوێی کوردیی باشوور وەک ناوچەکانی دیکەی کوردستان بووە، یان شان بە شانی شیعر ژانری ئەدەبی چیرۆکیش بالای کردووە؟

– بەداخەوە لە بواری چیـرۆکنووسـیـیـەوە ڕووداوێکی ئەوتۆ و تایبـەت لە کـرمـاشـان نەهاتووەتە ئاراوە، یان باشـتـر وایە بڵـێین کـە لە بنەڕەتدا لەم بارەوە کـارێک ئەنجـام نەدراوە، تەنیـا لە مــاوەی یەک دوو سـاڵـی ڕابردوودا کە هەندێک لە لاوان لەم بارەوە دەستیان بەکار کردووە. بەگشـتی لە بوارەکـانی "ڕەخنە- چیرۆک- وتار و..." ئێـمـە هێـشـتـا کـارێکی ئەوتۆمـان نەکـردووە، هەرچەند لە ژانری شـیـعـــردا زۆر زوو ئەو بۆشـایی و دواکەوتنەمان قـەرەبوو کردەوە. هەڵبەتە شیـعر کارێکی جەوهەری و هەڵقوڵینی کەفوکوڵە، بەڵام نووسینی دەق و چیرۆک، پێویستیـان بە پەروەردە و ڕاهێنان هەیە. ئێـمە خــومــان بەوە گــرتووە بە فــارسی بنووسین و دەبێ بۆ نووسین بە کـوردی زۆر خۆمان ڕابێنین. جێگای سـەرنجە بیزانن کە هەموو ڕەخنەکانی ئێمە لەسەر کتێبی شیعرە کوردییـەکان بە فارسی دەنووسرێن، تەنانەت پێشـەکیی کتێبـە کوردییەکانیش بە فارسی دەنووسرێن و ئەمە بۆ خۆی کـەلێن و لاوازییـەکی گەورەیە، دەبێت هەوڵ بدەین کە ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت.

* دیارە بۆ پەرەدان و سەقـامگیـر بوونی هەر ڕەوت و شـەپۆلێکی ئەدەبی، چ شـیـعـر، یان چیـرۆک، گـۆڤـار و بڵاوکـراوەکـان بە زمـانی خـۆمـاڵـی، هەروەها بوونی دەرفەتی فیسـتیڤاڵ، کۆڕ، سیمینار و کۆنگرەی ئەدەبی و فـەرهەنگی ڕۆڵی کـارا دەگـێـڕن، ئاخـۆ لە غـیـابی ئەو دەرەتانانە لە کـرمـاشـان و ئیـلام، نووسـەر و داهێنەرانی ئەو دەڤەرانە بەرەو ڕووی چ گرفتگەلێک بوونەتەوە؟

– بەڵێ ئاماژەت بە خـاڵـێکی گـرینگ کـرد، بلاڤـۆک، کۆنگرە و فـیـسـتـیڤاڵەکان و... ڕۆڵێکی گرینگیـان لە پێناسـە و ناسـاندنی ئەدەبیـاتدا هەیە کـە بەداخـەوە لە کـرمـاشـان و ئیـلام نەبوونی ئەو دەرەتانانە گـرفـتـێکی گەورەیە بۆ چالاکانی فەرهەنگی و ئەدەبیی کورد. ئێستە مـاڵـپـەڕی (بلوگ) "بەڕوو" بە سـەرپەرشـتـیـی هەڤـاڵی شـاعـیـرم "جـەلیل ئاهەنگەر نەژاد" بە تاقی تەنیـا ئەم بەرپرسـایەتیـیـە مـەزنەی گرتووەتە ئەسـتـۆ، بەڵام ئـەمـە بەتەنیـا بەس نیـیـە، خـۆ هەمـوو خـەڵک دەسـتـیـان بە ئینتەرنێت ڕاناگات. خوێنەرانی (بلوگ) لە ڕاستیدا هەر خودی شـاعیـرانن. بەردەنگ و خـوێنەرانی بەرهەمـەکـانی ئێـمـەش گـۆڤـار، بلاڤـۆک و تریبـوونی فـەرمـیـیـان لەبەر دەستدا نییە. ڕێکخستنی شەوە شیعر و فیستیڤاڵەکان دەتوانێت زۆر بەکەڵک بێت کە جێگای بەتاڵ و نەبوونی ئەم دەرەتانانە ئێـسـتـا ڕاشکاوانە هەست پێـدەکرێت. لە سـاڵانی زۆر لەمـەوبەر لە "ئیـسـلام ئاباد" چەندین جـار شەوە شیـعر و فیـسـتـیـڤاڵ بەڕێوە چوو کە زۆر جێگای سەرنج بوو، بەڵام لەم ساڵانەدا هەمـوو چالاکـیـیـەکـانی ئەدەبی کـوردی ڕاگـیـراون، نە فـیـسـتـیـڤـاڵـێک، نە کـۆنگرەیەک، نە بڵاوکـراوەیەکی سـەربەخـۆی تایبـەت بە ئەدەبی کوردی و... بەڕاستی ئێستا شاعیرانی کوردی کرماشان و ئیلام لەم بارودۆخەدا شاکاریان داهێناوە کە ئەم هەمـووە کـتـێب و بەرهەمـەیان بە چاپ گەیاندووە، بەڵام مـن گـلەیـیــــەکی زۆرم لە چالاکــــانی ئـەدەبیی کوردستانی عیراق هەیە کە بەداخەوە بی میهری دەکەن و ئەدەبیـاتی کـوردی باشـووری کـوردسـتـانی ئێـرانیـان فـەرامـۆش کـردووە؟ بۆچی لە فـیـسـتـیـڤاڵی گـەلاوێژدا بەشێکیـان بۆ شیـعـر و چیـرۆکی کـوردی "کـرمـاشـانی" تەرخـان نەکـردووە، بۆچی هیـچ هەوڵێکیـان بـۆ ناسـاندنی ئەدەبیـاتی کـوردیی باشـوور ئەنجـام نەداوە؟ مـەگـەر ئەوە نەبوو کـە ئێـمە لـەم بارودۆخە شپـرزەیەی خۆمـاندا بەر لە هەمـوو شتـێک دەستمـان کرد بە ناساندنی بەرهەمەکانی ئەوان لـە ئاســــــتـی ئێـــــــراندا، تەنـانـەت زەرەر و خەسارەکەشمان بینیوە، جێگای سەرنج ئەوەیە کە لەباتی ئێمە لە فیستیڤاڵی گەلاوێژدا، ڕێز لە کەسانێک دەگرن کـە هیـچ پشـک و ڕۆڵـێکیـان لە ناسـاندنی ئەدەبیـاتی کـوردیدا نەبووە. ئێـمـە لێـرە گـیـرۆدەی بەربەسـتین و دیسـانیش بەردەوامین لە تەقـەلللا کـردن، بەڵام ئەوان بەو هەمـوو توانایی و بوودجەوە کە هەیانە، ئێـمـەیان لەبیـر کردووە. فیستیڤاڵی گەلاوێژ هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ "فـیسـتـیڤاڵی شیعری فەجر"ی ئێراندا نییـە. ئێمە هەم لێـرە و هەم لەوێ پشـتگوێ دەخرێین. هیـوادارم ڕۆژێک

دابێت ئەم بیرتەسکییانە وەلا بنرێن و هەمووماان لە پرۆسەی پێوەندییەکی تەندروستدا پێکەوە ئاڵوویری بیرورا بکەین.

* دەیەی حەفتای هەتاوی لە پرۆسەی نوێبوونەوەی شیعر و ئەدەبی کورد و بە گشتی بووژانەوەی فەرهەنگی خۆماڵی لە کرماشان و دەوروبەری، قۆناغێکی دیار و بەرچاوە، چ کەسانێک لەو شەپۆلە شیعرییەدا رۆڵیان هەبووە؟ کاریگەریی رەوت و شەپۆلی شیعر، بە تایبەت قوتابخانە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانی رۆژئاوا کە لە رێگای وەرگێرانەوە هاتوون لەسەر شیعری کوردیی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان چەندەیە؟

– هەروەک پێشتریش باسم کرد، دەیەی حەفتا، لووتکەی گەشە و پەرەسەندنی شیعری فارسی بوو و رووداو و رەوتی بەنرخ لە شیعری فارسیدا روویان دا و بێ گومان ئێمەی کوردانی کرماشان و ئیلام لەو رووداوانەدا پشکمان هەبووە، هەمووماان پێش لە دەسپێکی ئەزموونی شیعری کوردی، لە ئەدەبیاتی فارسیدا بە شێوەی جددی چالاک بووین و ئێستاش هەین. من و "کوورش هەمەخانی" لەناو قووڵایی رووداوە شیعرییەکانی دەیەی حەفتا لە تاران بووین، کوورش بەر لە هەمووماان چەند کتێبێکی بڵاو کردبووەوە و کەوتبووە بەر سەرنج. من بۆ خۆم لە نزیکەوە بینەر و بەشداری هەموو دانیشتن و شەوە شیعر و کۆبوونەوەکانی رەخنە و تاووتوی شیعری پایتەخت بووم. هەر لەو کۆبوونەوانەدا لەگەڵ "مریەم هوولە" شاعیری کوردی ئیلامی ئاشنا بووم کە یەکێک لە شاعیرانی ژنی جەنجاڵیی کۆبوونەوەکانی پایتەخت بوو. ئێمە پێکەوە هەوڵمان دا جۆرێک لە شیعری کوردی کە تێکەڵاوێکە لە زاراوەی سۆرانی و زاراوەکانی باشوور (کرماشان و ئیلام) بخەینە بەردەست و بە هاوبەشی کتێبی "شێتە گۆرانییەکانی باران"مان چاپ کرد. لەلایەکی دیکەشەوە هەڤاڵانی دیکەمان لە کرماشان سەرقاڵ بوون و بەر لە ئێمە "جەلیل ئاهەنگەر نەژاد" "نەرمەواران"ی چاپ کردبوو کە بە زاراوەی "کەڵهوری" نووسرابوو. "رەزا مەوزوونی" و "سەلاحەدین قەرەتەپە"ش هەرکامەیان کۆمەڵە شیعرێکیان چاپ کرد و بەرەبەرە دۆستانی دیکەش لە بڵاوکراوەکاندا دەستیان بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان کردبوو، "سەید قاسم ئەرژەنگ" و" ئارەش ئەفزەلی" ئەزموونی "شیعری نوێی لەکی"یان تاقی کردەوە، "بێهرووز تاهیری" بە دیالکتی ناوچەی "سەحنە" بەرهەمی بڵاو کردەوە.

بڵاوکراوەی خوێندکاری لە زانکۆی کرماشان بڵاو دەکرانەوە، کە یەکیان تایبەتی ئەدەبیاتی کوردی بوو و بەرهەمی هەڤاڵانی شاعیری چاپ دەکرد. لە حەفتەنامەکانی "سیروان" و "ئاویەر"یشدا هەمیشە شیعری شاعیرانی کرماشان بڵاو دەکرایەوە. لە گۆڤارەکانی "سروە" و "ئاوێنە"ش ئەم کارە بەردەوام بوو. لەلایەکی دیکەشەوە هەروەک ئێوەش ئاماژەتان پێ کرد، وەرگێرانی بەرهەمی تیوریی ئەدەبیاتی رۆژئاوا بۆ فارسی رۆڵێکی بەرچاوی لە گۆڕینی تێروانی شاعیران و نووسەرانی ئێراندا هەبوو، لەم دۆخەدا هەمووماان هەوڵمان ئەوە بوو ئەزموونی نوێ تاقی بکەینەوە، بێ گومان هەم کاریگەریمان لە ئەدەبی رۆژئاوا و هەم ئەدەبی فارسی وەرگرتووە. گرینگ ئەوە بوو کە ئەو شەپۆل و بزاوتە هاتبووە ئاراوە و ئێمەش گەیشتبووینە ئەو باوەڕە کە دەتوانین بە زمانی دایکیمان شیعر بهۆنینەوە و بەرهەمی ئەدەبی بخولقێنین.

* لە پرۆسەی شیعری کوردیدا وەکو خەسڵەتێکی دیاری شیعری کورد، توخمێکی زاڵ هەمیشە لە ئارادا بووە، ئەویش ئەدەبی بەرەنگاری (ادبیات مقاومت) بە گشتی چۆن دەروانیتە ئەم جۆرە لە ئەدەب و لە شیعری کوردیی باشووری کوردستانی ئێران لە چ ئاستێکدایە، چەمکی نیشتمان چۆن لە شیعری کوردیی باشووردا رەنگی داوەتەوە؟

– هەڵبەت لە ئێران ئەدەبی بەرەنگاری لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەدا بیچمی گرت و لەلایەک شیعری بەرەنگاریی "فەلەستین"یش پێش لەوە ناسێنرابوو، بەڵام لەگەڵ بڵاو بوونەوەی وەرگێڕانی شیعری شاعیرانی کوردستانی عیراق بەتایبەت "لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس و رەفیق سابیر" شیعری بەرگریی کوردیش ناسێنرا، بەڵام ئەم جۆرە لە شیعر، کاتی بەسەر چوونی هەیە. دەبینین کە پاش سەرکەوتنی کوردانی عیراق، ئەم جۆرە لە شیعر هەتا رادەیەک فەرامۆش کراوە. لەوانەیە لە قۆناغێکدا چەکێکی باش بوو بێت بۆ خەبات، بەڵام وادیارە دوای سەرکەوتن ئیدی کەڵکی نەماوە. لەلایەکی دیکەشەوە مەسەلەی دروشم دان لەم جۆرە شیعرەدا زەربە و زیان بە خودی شیعرییەت دەگەیەنێت. بەهەرحاڵ، بەڵام لە شیعری کوردیی باشوور (کرماشان و ئیلام) لەوانەیە لەو شوێنانەی کە پێویست

بە هاوخەمی بوو‌بێت، نیشانەیەک لەم جۆرە شیعرانە ببینین، بەڵام بەگشتی شاعیرانی کوردی باشووری کوردستانی ئێران، لە شیعردا هەڵگری ڕوانگەیەکی "نیشتمانی جیهانی"ن. بەجیهانی کردنی توخمە شیعرییەکان لە خەسڵەتەکانیانە، ڕوانینی دەمارگرژانە و نیشتمانپەروەرییان وەلا ناوە. ئێمە ناچارین بە ڕوانینێکی بەرینی جیهانییەوە هەستی و بوون لە شیعرماندا بەرجەستە بکەینەوە.

* لە سەرەتای دەیەی هەشتای هەتاوییەوە زۆر بەریان وەک لایەنگری مۆدێرن و تەنانەت پۆست مۆدێرنیش خزینە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیی باشوورەوە، بە تایبەت شیعرەوە و خەریکن هێژمۆنیان جێگیر دەبێ و لەناو زۆربەی زاراوەکانیشدا هەیە، چ کەسانێک لە پشت ئەو ڕەوتە شیعریانەوەن، ئاخۆ هەتا چەندە توانیویانە لەناو بەردەنگ (مخاطب)ی شیعری کوردیدا جێگای خۆیان بکەنەوە، ئێستا لە چ دۆخێکدان؟

– من لە پێشەکی "تایبەت نامەی شیعری کوردیی گەوهەران" ئاماژەم بەم بابەتە کردووە. ئەم پرسە تەنانەت لە شیعری فارسیدا بەرەو ڕووی بەردەنگ بووەتەوە، ئێستا چ بگاتە شیعری کوردی کە هەر بەبێ پرسی مۆدێرنیش لەگەڵ گرفتی بەردەنگ و خوێنەر بەرەو ڕووین. لە دەیەی حەفتای هەتاوییەوە هاوکات لەگەڵ هاتنی بەریان و ڕەوتی شیعریی "جیاواز" لە شیعری فارسی، لە مەیدانی شیعری کوردیشدا بەریان و ڕەوتە شیعرییەکان بیچمیان گرت کە لەپێناو جیاوازی و نوێخوازیدا هەوڵ و کایەی زمانی لەو جۆرە شیعرانەدا بەرجەستەتر بوو. هەڵبەت دەبێت ئەوەش زیاد بکەم کە ناکرێت ڕەوت و جیابوونەوەی لادەرانەی شیعری بە پۆست مۆدێرنەوە ببەستینەوە. ئێمە نەتەوەیەکین کە هێشتا نەریتی بیر دەکەینەوە، هێشتا لە قۆناغی تێپەڕیندا این و مۆدێرنیتەمان ئەزموون نەکردووە. لەلایەکەوە مەگەر زمانی کوردی خاوەنی چ تایبەتمەندی و تواناییەکە کە ئێمە تێیدا مانۆڕ بدەین و کایەی زمانی تێدا ئەنجام بدەین. وای دابنێین کە لە بواری زمانییەوە گرفتمان نەبێت، چ بە بەردەنگی شیعر بکەین. بەردەنگی شیعری کوردیی باشوور هێشتا لەگەڵ ڕێنووسی کوردیدا ئاشنا نییە. هێشتا ناتوانێت دێڕە شیعرێک بە زمانی سادە بخوێنێتەوە، ئێستا وای دابنێین کە ڕووبەڕووی شیعرێکی جیاواز و سەیر بێتەوە، چ ڕوو دەدات؟ من لەناو شیعری کوردیدا لایەنگری ڕەوت و بزاوتی لادەر و چەواشە ئاسا نیم. پێتان سەیر نەبێت ئەگەر من لە شیعری فارسیدا ئەزموونی جۆراوجۆرم هەیە، چونکە من لە شیعری فارسیدا خوێنەر و بەردەنگی خۆم بینیوەتەوە، بەڵام ناتوانم لە شیعری کوردیدا بەبێ زانیاری و شارەزایی ملی پێوە نێم. بەردەنگ و لایەنگرانی شیعری کوردیی باشوور هێشتا ئامادەیی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم جۆرە ئەزموونانەیان نییە. بۆچی کڵاو بنێینە سەر خۆمان؟ هێشتا لە کرماشان شیعری قاڵبی نەریتی و کلاسیک (غەزەڵ و....) خوێنەری هەیە. دەبێت ئێمە بیرێک لە گۆڕینی ڕوانین و ڕوانگەی بەردەنگ بکەینەوە، دەبێت پێوەر و خەسڵەتە تازەکانی شیعریان پێ فێر بکەین، بەڵام بە چ جۆرێک؟ کە ئەمە ژان و گرفتی گەورەی نەتەوەی ئێمەیە، گرفتێک کە بە دژواری لە بەرانبەرمان ڕاوەستاوە!

* وەک دەبینین بەپێی پێکهاتە و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خوێنەری شیعر و ئەدەبی کوردیی باشوور زیاتر دەبێت، ئەمە خۆی سەرکەوتنێکە بۆ داهێنەرانی ئەو دەڤەرە، نووسەران لەم دۆخەدا چ ئەرکێکیان دەکەوێتە سەرشان، یان بەڕای ئێوە پرسی دەروەست بوون (تعهد) لە ئەدەب و بەتایبەت لە شیعردا چ مانایەک دەگەیەنێت؟

– دەروەست بوونی پرسێکی مرۆییە. شاعیریش وەک مرۆڤ لە هەمبەر کۆمەڵگە و خەڵکەکەیدا دەروەستە، بەڵام دەروەستی بۆ شاعیر تەنیا پێوەندی بە ناوەرۆکەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە زمانیشەوە هەیە. شاعیر لەسەریەتی کە جۆرێک لەگەڵ زماندا بجوولێتەوە کە پەرە و گەشەی پێ بدات، نەک ئەوەی کە وێرانی بکات.

* پشکی ژنان و کچان لە مەیدانی شیعر و ئەدەبی کوردیی باشووردا چەندە و ئاخۆ بەپێی سەنگی ئەو شەپۆلە نوێخوازییانە ڕێژەی بەشداری ژنان لە مەیدانی داهێناندا دەبینرێت، بەرهەمەکانیان خاوەن چ تایبەتمەندییەکن؟

– بەداخەوە پشکی ژنان لە شیعری کوردیی کرماشاندا زۆر بەرتەسکە. ئێمە تەنانەت لە شیعری کلاسیکیشدا هیچ شاعیرێکی ژنمان نییە. لەوانەیە هۆیەکەی بۆ ئەو تێڕوانینە پیاوسالارانەیە بگەڕێتەوە کە لەناو پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵە. بەهەر حاڵ لە ئەدەبیاتی هاوچەرخ و مۆدێرنی کوردی باشووردا ئەم شەقڵە

شکێنراوە و هەر ئەو ڕێژە کـەمـەش لە ژنان خـەریکن بە جددی چالاکی ئەدەبی دەکەن.

ناهید محەمەدی لە هەمووان پڕ کار و چالاکترە، خانمی "هوولە" پاش سـەفـەری بۆ ئەورووپا هیچ هەواڵێکم لێی نییە، نازانم ئاخۆ کارێکی ئەدەبی ئەنجام داوە، یان نا، "ئافـاق شـۆهانی" بە شـێـوەی پرژ و بڵاو کـارگـەلێکی کـردووە و خـەڵکانی دیکەش هەن کـە مـن نایانناسم. تایبەتمەندی بەرچاوی ئەو ژنانە، تووڕەیی و هەڵچوون لە هەمـبـەر کـۆمـەڵگە و بیـرۆکـەی زاڵـی پیـاوسـالارانە و ڕەنگدانەوەی ژان و ئازارەکـانی ژنی کـوردە. ناسکی و نەرمـونیـانی زمـانی و بەکـارهێنانی توخم و مـۆتیـڤی تایبـەت بە ژنان لە بەرهەمـەکاندا لە تایبـەتمەندییـەکـانی نووسینی ژنانی کوردە.

* لە ناوەندە ئەدەبیـــــــەکــــاندا زۆر جـــار بـاس لە سەرهەڵدانی قـەیرانی شیـعـر، قـەیرانی مـانا، قـەیرانی بەردەنگ و پاشـەکـشـەی گـوتاری شـیـعـر دەکرێت، لە کـرماشـان و ئیـلام چۆن سـەیری ئەم مـەسـەلانە دەکرێت، ئاخـۆ هەتا چەندە ئەوانە ڕاستن، ئەگـەر وایە هۆیەکـانی چین؟

– باسی تەنگژەی ئەدەبی سـاڵانێکی زۆرە لە ئەدەبی فـارسـیـشـدا هاتووەتە گـۆڕێ و هەمـووان لەباتی ئەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ دەرباز بوون لەم تەنگژانە بخـەنە ڕوو، تەنیا وەبیریان هێناوەتەوە لە ئەدەبی کوردیشدا هەڵبەتە نابێت وەکو نەخۆشییەکی چارەسەر نەکراو لێی بڕوانین. هەمـــیــــشــــە پاش قـــۆناغــێکی بووژانەوە و گـــەشـــە گەیشتووینەتە بنبەست و لاواز بوون و سەرەنجام دەگەینە تەنگژە، بەڵام تێـپـەڕین لەم تەنگژانە خـۆی لە خـۆیدا مـزگـێنی و نیـشـانەی قـۆناغی بووژانەوە و گـەشـەیە، لە مێژووی ئەدەبی هەموو نەتەوە و گەلێکدا پاش ئەزموون و تێـپـەڕاندنی سـەردەمی تەنگژە، مـەکـتـەب و ڕێبـازی ئەدەبی تازە سەریان هەڵداوە.

با زیاتر لێـرەدا بەلارێدا نەڕۆین، باسـەکـە لەبارەی شیعری نوێی کرماشان و ئیلامە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە تازە دەستمان پێ کردووە، خەریکین قۆناغی گەشە و هەڵکشـان دەبڕین، پێم وا نەبێت باس و پرسی تەنگژە لەبارەی ئەو بەرهەمـانەی کـە هەتا ئێـسـتـا نووسـراون، ڕاست و دروست بێت، ئەگەر تەنگژەیەک بێت، تەنگژەی بەردەنگ و خـوێنەرە و ڕەوتی چاپ و بەرهەمـهـێنانی بەرهەمی ئەدەبی و فـەرهەنگـیـە کـە پێـوەندییـەکی بە شـاعـیـرانەوە نییـە، بەرپرسـایەتییـەکـەی بۆ بەرپرسە فەرهەنگییەکان دەگەڕێتەوە کە هیچ کارێک جیبەجی ناکـەن. هەڵبـەتە لەناو بەرهەمـە نووسراوەکـاندا، ئێـمـە لەگەڵ ڕەوت و ڕێبـازی شـیـعـریی جیـاواز بەرەو ڕووین، هێندێک لەم شیعرانە و خاوەنەکانیان لە بواری زمانەوە دوور نیـیـە تەنگژەیەک تووشی شـیـعـری کـوردیی ئەم ناوچەیە بکەن، بەڵام ڕەوتی ڕەسـەنی شـیـعـری کـوردیی باشوور (کرماشان و ئیلام) خەریکە ئاراستە و سۆنگەی ئاسایی بەرێ دەکات و لەوە دڵنیـام کە ئەگـەر مـەودای خـۆی و نێـوان بەردەنـگ و خـوێنەرەکـانی زیاتر نەکـات دەیگەیەنێتە ئاستێکی باڵا.

* لە بەستێنی ئەو هەمووە باسوخواسەی کە کردمان و ســـەرەڕای بوونی ئەو ڕەوتە جـــۆراوجـــۆرە ئەدەبی و فکرییـانە، وەکـو ڕەخنەگـرێک چۆن دەڕوانیـتـە پێگەی ڕەخنەی ئەدەبی لەناو ئەدەبی کـوردیی باشـوور، ئاخـۆ لەوێش هەمـــان گـرفت و ئاسـتـەنگ لەبەردەم ڕەخنە و ڕەخنەگراندا هەیە؟ چ کەسانێک لەم بوارەدا چالاکن؟

– ڕاسـتـیـیـەکـەی ئەوەیە کـە یەکـێک لە گـرفـتـەکـانی ئەدەبی کـوردی، نەبوونی ڕەخنە و ڕەخنەگـری پسـپـۆڕ و پرۆفیشناڵە. ئێمە هێشتا لە بواری ڕەخنەدا نەمانتوانیوە شـان بە شـانی شـیـعـر گـەشـەیەکی بەرچاومـان هەبێت. نەمانتوانیوە ڕەخنەگری باش بار بێنین و پەرەوەدە بکەین. ئەم پرسە ڕەنگە بەو هۆیە بووبێت کە هەست و عـەقڵیەتی ڕەخنە وەرگـرتنمـان نیـیـە، یان نازانین ڕەخنە لە یەکـتـر بگرین، یان بەرهەمی یەکتر بخوێنینەوە. ڕەخنەگر دەبێت تەیار بێت بە زانسـتی ڕۆژ و زانیـاری و ئاگـایی لەبارەی تیـۆرییـە ئەدەبیـیـەکـانی هاوچەرخـەوە هەبێت. ڕەخنەگـر دەبێت خـاوەنی تریبوونێکی فـەرمی و ئازاد بێت، دەبێت لەگـەڵ چالاکـانی ئەدەبی لە پێـوەندیدا بێت، بەڵام ئێـمـە هیچ کامێان ئەم ئامراز و کەرەسانەمان لەبەر دەستدا نییە. نە بڵاوکـراوەیەک، نە ڕاگـەیەنێک کـە پێگەی ڕەخنە و ڕەخنەگر تێیدا بەرجەسـتە بکرێتەوە و نە ورە و هەسـتی ڕەخنە وەرگـرتن لەلای چالاکـانی ئەدەبیی ئێـمـە هەیە. دەبینین کە هەموو گرفتەکانمان پێوەندییان پێکەوە هەیە و هەمووشـیـان بۆ نەبوونی بڵاڤۆکی جۆراوجۆر، ڕاگەیەن و نەبوونی پێداویستی دیکە دەگەڕێنەوە.

* هەتا ئێـسـتـا جگە لە کـارە ڕەخنەییـیـەکـان و بواری چیـرۆک و وەرگـێـڕان، چەندین کـۆمـەڵە شـیـعـرت چاپ کــردووە و لە ناوەندە ئەدەبی و ڕەخنەییـــەکـــانی تاران

باسـیـان لەسـەر دەکرێ و بە هۆی سـەرکـەوتنیـشت لەم بارەوە، چەند خەڵاتێکت وەرگرتووە، لە شیعردا هەڵوەدای چیت؟ هەسـتی (وجـود) چ پێگـەیەکی لە شـیـعـری تۆدا هەیە؟

– شیعر بۆ من ڕۆچنە و دەلاقەیەکە بۆ دنیایەکی جیا لەم دنیا پڕ لە فێڵ و دڕدۆنگی و درۆیە. شیعر کەش و دۆخێکی ئارام و دڵخواز بۆ من دەڕەخسێنێت هەتا تێیدا سەربەستانە بە ئاسمانی خەیاڵدا سەیر بکەین. شیعری من بەپێی وتەی خەڵکانی دیکە، تژیە لە تاڵی و ژان. ئەندێشەیەکی مەرگاوی و ڕەشبینی کە لە شیعری مندا شەپۆل دەدات، بەرهەمی هەلومەرجی ژیانە لەم جیهانە ڕاستەقینەیەدا کە بۆ هەڵاتن لەو ڕەشبینییانە و بۆ ڕەخنە و توانج گرتن لێیان لە شیعرمدا ڕەنگ دەداتەوە. لەباری کایەی زمانیشەوە لەحن و دەربڕینێکی تایبەتم بە شیعری خۆم بەخشیوە. من لە شیعرە فارسییەکانمدا، زاراوەی کوردیی خۆم ناشارمەوە، هەروەک کاتێک کە بە زمانی فارسی قسە دەکەم، لە زاراوەمدا دیارە کە کوردم، من دەربڕینی ناوچەییم بە شـیـعـرم بەخـشـیـوە کـە زمـانی شیعریی لە هاونەوەکانم جیا کردۆتەوە.

* کاریگەریی زمانی فارسی و کارکردن لەو مەیدانەدا نەبووەتە هۆی گرفت بۆ تۆ لە مەیدانی داهێنان بە زمانی خۆت؟

– نا، بە هیچ جۆرێک، من بە نیسبەت زمانەوە هیچ هەستێکی دەمارگرژیم نییە، ڕێز بۆ هەموو زمانەکان دادەنێم، زمانی فارسی، زمانی دووەمی زگماکیی منە. من بەو زمانە بار و ڕاهاتووم و خوێندن و نووسینی پێ فێر بووم، کە وایە سروشتییە کە بەم زمانە ئاسانتر و ساناتر دەتوانم بنووسم، لەلایەک زمانی کوردی و فارسی خزمایەتی و نزیکییەکی دێرینیان پێکەوە هەیە و دەتوانن تەواوکەری یەک بن. من لە شیعری خۆمدا لە توانایی و ئیمکاناتی هەردوو زمانەکە بە باشی کەڵک وەردەگرم. نە زمانی فارسی بۆ شیعری کوردی من گرفت دەنێتەوە و نە زمانی کوردیش بۆ شیعری فارسیم کێشە خوڵقێنە.

* پێت وایە بۆچی لە شـیـعـری کـوردیدا زیاتر توخمەکانی: هەست، سۆزداری، سروشت زاڵن، یان هەتا چەندە دەگونجێ چەمکی فەلسەفە، هزر و عەقڵانییەت، بخزێتە ناو شیعرەوە؟

– هەلومەرجی سیـاسی و کـۆمـەڵایەتیی کـورد و بێ میهریی دەسەڵاتەکان بە نیسبەت کوردانەوە بە درێژایی مێژوو، هەروەها سەرلێشێواوی و نەبوونی سەربەخۆیی و... ئەمـانە گـشت بوونە هۆی ئەوەی کـە خـۆبەخـۆ ناوەرۆکی شـیـعـری کـورد لە بازنەی وەها توخمگەلێکدا بسووڕێتەوە، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە هەتا ڕادەیەک گـۆڕاوە و لەلایەک چالاکـانی ئەدەبی کـورد بە ڕوانین و ڕوانگەیەکی بەربڵاوی جیـهـانی تر و ئەندێشـەیەکی فەلسەفییانەوە بەرهەمگەلێکی جددییان خوڵقاندووە کە بێ گومان نەمر و هەرمانن.

* ئەدەبیـاتی چیـرۆکی وەک ژانرێکی گـرینگ لەناو کوردیی باشوور لە دۆخ و قۆناغێکدایە، شەپۆلە نوێیەکان لەو حەزەیەدا بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن؟ ئاخۆ کارەسات و ڕووداو و تراژیدییەکان کە بەسەر کورددا هاتوون هەتا چەندە لەم جۆرە لە ئەدەبدا ڕەنگیان داوەتەوە؟

– بەداخەوە لە بواری ئەدەبیاتی چیرۆکی، یان باشتر بڵێم پەخشان و دەق لەم قۆناغەدا، چالاکییەکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە و بێ گومان ئەم ڕووداو و پێشهاتانە دەتوانن هەوێن و سەرچاوەیەکی باش بن بۆ نووسەرانی ئەم بوارە.

* تیـخی سانسۆری حکوومەتی لە ئەدەب و شیعردا چ خـەسـار و زیانێکی بە ڕەوتی داهێنان لە کـرمـاشـان گەیاندووە، ڕەوشی چاپ و وەشان لە چ ئاستێکدایە؟

– بەختەوەرانە، مەسەلەی سانسۆری کتێب نەیتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆ بکاتە سەر کاری نووسەران و شاعیرانی کوردی کرماشان و ئیلام، لەوانەیە باوەڕ نەکەن کە ئەگەر بڵێم ساڵی (١٣٨٩) (٢٠١٠ز) کە مەسەلەی سانسۆری وەزارەتی ئیرشاد مەیدانی چاپ و نووسینی لە نووسەرانی فارس زمان تەنگتر کردبووەوە، بەڵام ئێمە لە کرماشان شایەتی گەشە و پەرەپێدانی بەربڵاوی چاپ و بڵاوبوونەوەی کـتـێـبی کـوردی بووین. زیاترین ئامـاری چاپی کـتـێـبی کـوردی لە مـاوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لە ساڵی ١٣٨٩دا بووە، بەتایبەت کتێبگەلێک لە بیاڤی شیعری نوێی کوردیدا، بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە و تێـخی سـانـسـۆر سـەرەنجـام لەلایەکی دیکەوە ئێـمـەش بێبەری ناکات. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە هەر لە ڕیشە و بنەڕەتەوە سانسۆر کراوین، کاتێک کە خوێندن و نووسین بە کـوردی لە قـوتابخـانەکـان ناخـوێنرێت، کـە لە زانستگەکان ڕشتە و لقێک بۆ زمانی کوردی تەرخان ناکرێت، ئەمە بەو واتایەیە کە ئێمە هەر لە بنەڕەتدا سانسۆر کراوین. ئەو هەموو کتێبانەی کە چاپ کراون،

بەردەنگ و خـــوێنەریان دەوێت، بەڵام خـــوێنەرانی ئەو کـتـێـبـانە ئاشنا و شـارەزای ڕێنووسی کوردی نین، فـێـر نەکــراون و...وەڵێ وێڕای هەمــوو ئەم مــەســەلانە من خۆشحـاڵم کە لە وەها دۆخێکدا ئەم هەمـوو شـاعـیـر و نووسـەرە جـددییـە لـە کـرمـاشـان هـاتوونەتە مـەیدانەوە و خەریکن بەوپەڕی لێبڕاوەییەوە دەنووسن.

* ئەو بـوارەی کـە بـە جـددی کـارت لەسـەر کـردووە و پێـوەی مـاندوو بووی، بواری وەرگـێـڕان و بە تایبـەت لە پرۆسـەی ناسـاندنی شـیـعـر و چیـرۆکی کـوردی بە زمـانی فـارسی لە ئـاسـتی ئێـراندا، ئەو زەرووڕەت و هۆکـارانەی کە هـانیـان دایت دەست بدەیتـە کـارێکی وەها گـرینگ، کامانە بوون؟ گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم ڕێگای خۆت و بە گشتی پرۆسەکە لە چیدا دەبینیت؟

- سەرەتای دەیەی حەفـتـای هەتاوی، هاوکات لەگەڵ کاری جددی لە بیاڤی شیعری فارسی، کاری وەرگێڕانی شیـعری کوردیم دەست پێکرد. مەبەسـتم ئاشنایی زیاتر بوو لەگـەڵ شـیــعــری کـوردیی سـۆرانی و لەلایەکی دیکەشەوە وەرگـێڕان جۆرێک ڕاهێنانی شیـعـری بوو بۆ من. هاوکات دەشمەویست شاعیرانی کوردی عـیراق لە ئێران بناسێنم و بە قەولی یەکێک لە دۆستان بە غروور و شانازییەوە بڵێم ئێمەش خاوەنی ئەدەبیاتێکی جددین. بەختــەوەرانە وەرگـێـڕانەکـانی من لەلایەن خـوێنەر و بەردەنگی فـارسەوە پێـشـوازیی باشی لێکرا و تەنانەت چەند بڵاوگـەیەکیش پێشنیـاری کـاری وەرگێـڕانیـان پێ دەکــردم. هاوکــات لە چاپەمــەنیــیــەکــانیش کــاری ڕۆژنامـەنووسـیم دەکرد و سـەرقـاڵی ناسـاندنی شـیـعـری کوردی بووم و چەند وتوویژێکم لەگەڵ شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و... ئەنجام دان و بڵاوم کردنەوە. چەند تایبـەتنامـەی جۆراوجـۆرم بۆ بڵاڤـۆکە فـارسی زمـانەکـان ئەنجام دا، بۆ وێنە "تایبەتنامەی شیعری کورد" گۆڤاری پسـپـۆڕیی شیـعری گـەوهەران کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو و یەکـێک لە کـارگـەلی جددی بوو کـە لەم بوارەدا ئەنجــــام درا، بەڵام بەداخـــــەوە لەلایەن هەنـدێک لە شاعیرانی کوردی عیراقەوە هەڵسوکەوتی نابەجێ لەگەڵ من کـرا، من کـاتی خـۆم بۆ ناسـاندنی ئەوان تەرخـان کـردبوو، بەڵام ئەوان نادادپەروەرانە جـووڵانەوە. نەتەنیـا لەگەڵ من، بەڵکو لەگـەڵ دۆسـتـانی دیکەش هەمـان ئەو ڕەفــتــارەیان نواند. ئەوە بـوو کــە مـن دەســتـم لە کــاری وەرگـێـڕان هەڵگرت و ئێـسـتـا چەند ساڵێکە سـەرقـاڵی کــاری توێژینەوەی "ڕەوتی گــۆڕانی شــیــعــری کــورد لە ســەرەتاوە هەتا ئەمــڕۆ" یان " مــێــژوویی لێکدانەوەی شیـعـری کورد"م. بۆ ئەم کـارەش زۆر کـاتی خۆم تەرخـان کردووە، تەنانەت ناچار بووم سەفەری کوردستانی تورکیا بکەم، داوای یارمـەتیم لە زۆر کـەس کرد، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێـسـتـا هیچ کەس لەم بارەوە یارمەتییەکی نەداوم، هەر بۆیە بە کـاوەخـۆیی خـەریکم کـارەکەم بەرەو پێشـەوە دەبەم. نامــەوێت پەلە بکەم، بە تەمـــام لەم پرۆژەیەدا شـیـعـری شـاعـیـرانی کـورد دادپەروەرانە تاووتو بکەم و بیناسێنم. پێشـتـر من لە ناساندنی شاعیـرانی کـوردی عـیـراقـدا زۆر زێدەڕۆییم کـرد، زۆر بە هەسـتـۆکـیـیـەوە جووڵامەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئیـتر ڕوانینم لەم بارەوە گۆڕاوە، شیـعر پرسێکە ڕوودەرباسی و لە ڕووداماں هەڵناگرێت. بەهەر حاڵ ئەمـە دوایین کـاری منە لە بیاڤی ناسـاندن و وەرگێڕانی شیعری کوردیدا.

* لە مـاوەی چەند ساڵی ڕابردوودا جیـا لە پرۆسـەی وەرگـێـڕان وەک چاپی کتـێب بۆ سەر زمـانی فـارسی، لە تاران چەند گـۆڤـار و نامـیلکەیەک وەک فـایلی تەرخـان کراو بۆ شیعر و چیرۆکی هاوچەرخی کوردی، ئەو کارانە چ کاریگەرییـەکیان لە مەیدانی ئەدەبی فـارسیدا هەبووە و ئێـسـتـا ئەدەبی کوردی لە ناوەندە ئەدەبییـەکانی ئێراندا خاوەن چ سەنگ و پێگەیەکە؟

- ڕاسـتـیـیـەکـەی ئەوەیە کـە وەرگـێـڕانی شـیـعـر و ئەدەبیاتی کوردی لە ئێران کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئەدەبیاتی فارسی نەبووە، شیعری کوردی شتێکی زیادەی بەسەر شیعری فارسییەوە نییە، تەواوی ئەو ئەزموونانەی کە ئەمـڕۆکە لە شـیـعـری کوردیدا دەیبـینین، پێشـتـر لە شـیـعـری فـارسـیـدا هەبووە و ئێـسـتـاش هەن، تەنانەت پێـشـەنگـترین شـاعـیـرانی کـوردیش لەژێر کـاریگەریی ئەدەبی ڕۆژئاوادان. وەکو زۆرێک لە شاعیرانی فارس کە لاسایی شاعیرانی ڕۆژئاوا دەکەنەوە. لە دەیەی حەفتـای هەتاوی و بۆ یەکەم جار کە بە شێـوەی جددی و بەربڵاو شـیـعـری کـوردی لە ئێـران وەرگـێـڕدرا و بڵاو کـرایەوە، هەڵبــەت لەبەر ئەوەی ڕەوتێکی تازە بـوو و لەبەر ئەوەی کـوردەکـانیش لە ڕۆژەڤی هەواڵی سیـاسیی ڕۆژدا بوون، شـیـعـرەکـانیـان لە ئێران پێشـوازی لێکرا، بەڵام بەرەبەرە بەپێی ئەو ڕەفـتـارانەی کـە شـاعـیـرانی کـورد لەگـەڵ وەرگێڕەکان و لەگەڵ یەکتریان هەبوو، متـمانەیان لەلای چاپەمــەنی و بڵاوگــە و چالاکــانی ئەدەبی فــارس کــەم

بووەوە، بەتایبەت پاش سەفەر و سەردانی شاعیرانی ئێرانی بۆ فیستیڤاڵی گەلاوێژ و... بەهەر حاڵ... با لێی گەڕێین.

* دیارە ئێوە سەرباری ئەو هەموو کار و چالاکییانەی کە بە تێرو تەسەلی باسمان لێوە کردن، کاری لێکۆڵینەوە و ڕەخنە لەسەر شیعری کوردی و فارسی دەکەن، پێت وایە نەنووسینەوە و پۆلێن نەکردن و نەبوونی ڕاڤە و خەسارناسییەکی ڕەخنەیی لە پرۆسەی شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چ گرفت و خەسارێک لە بەردەم نەوەی داهاتوودا ساز دەکات؟ گرفت و ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم توێژەرێکی ئەدەبی کە دەقی کوردی بخوێنێتەوە و ڕاڤەی بکات؟ کامانەن، ئاخۆ زمان و دەقن، یان هۆکاری دیکەیە؟

– لە گۆڕێدا نەبوونی ڕەخنەی ئەدەبی پرۆفیشناڵ و نەبوونی خەسارناسی لە مەیدانی ئەدەبیات، لە داهاتوودا ئێخە و بەرۆکی چالاکانی ئەدەبی کورد دەگرێت. ئەگەر ئێمە ئێستا ئاوێنەی بالانوێنی کەموکوڕی و لاوازییەکانی یەکتر نەبین و ئەگەر بێت و گرفت و کێشەکانمان ئێستا چارەسەر نەکەین، دەبێتەوە هەمان حیکایەتی "باری لاسەنگ"-ە کە ناگاتە مەنزڵ. ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە لە مەیدانی شیعری مۆدێرنی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە و بڵاو دەبنەوە، هەڵگری خەسڵەت و تایبەتمەندییەکن کە خوێنەر لەگەڵیان نامۆیە. ڕەخنەگر دەبێت بە کردنەوەی کۆد و گرێیەکان و دووبارە خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانە لە تێگەیشتن و خوێندنەوەی شیعردا یارمەتی بەردەنگ بکات. هەروەک ئێوە ئاگادارن لە بەرهەمی نەوەی نوێدا، لەگەڵ یاری و تەکنیکی زمانی جۆراوجۆر بەرەو ڕووین، لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئاشنایی سڕینەوە و چەمک، دەربڕین و دەستەواژەی جۆراوجۆری شیعری مۆدێرن ڕووبەڕووین، بەڵام ئاخۆ خوێنەرانی ئێمە چەندە لەگەڵ ئەم چەمک و تایبەتمەندییانە ئاشنان؟ بەگشتی لە بەرانبەر ئەم هەموو کۆمەڵە شیعرە چاپ کراوانەدا چەند ڕەخنەی نووسراو و شرۆڤەیی شیعر چاپ کراون؟

* لە حاڵێکدا کە نەتەوەی کورد نەبووەتە خاوەن زمانێکی پێوەری یەکگرتوو، لەم دۆخەدا نووسین و بەرهەم هێنانی ئەدەبی بە هەرکام لە زاراوە و بن زاراوەکان دەتوانێت چ یارمەتییەک بە پرسی زمانی نەتەوەیی بکات، خەسار نییە؟ پێت وایە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم پێک نەهاتنی زمانی یەکگرتوو هەتا ئێستا چ بوون، کوردی باشووری ڕۆژهەڵات چۆن دەڕواننە ئەم مەسەلەیە؟

– زۆریی زاراوە و دیالێکتەکان لە زمانی کوردیدا، هەم دەتوانێت بە قازانجمان بێت و هەمیش بە زەرەرمان. بەم چەشنە ئەگەر بێتو ئێمە بە ڕوانینێکی هەستۆکی و دەمارگرژانەوە لەگەڵ زمان و زاراوەی خۆمان بجووڵێینەوە، ئەوکات ئیتر ناچارین زاراوە و بن زاراوەکانی دیکە بە هێند وەرنەگرین و بەرەبەرە هێندە مەودا و جیاوازی بکەوێتە نێوانمانەوە کە ناچار بین لە هەمبەر یەکتردا بوەستینەوە، بەڵام ئەگەر بێتو پێکەوە بسازێین و پێوەندیمان هەبێت و بتوانین کەموکورتییەکانی زمانی کوردی لە ڕێگای توانایی و خەسڵەتی زاراوەکانی دیکەوە قەرەبوو بکەینەوە، سەرکەوتوو دەبین. ئێمە سەرەنجام ناچارین بگەینە زمانێکی پێوەر، بەم هەموو زۆری و بەفراوانی و جیاوازییەوە، دەبێت زمانێکی پێوەرمان هەبێت کە لەگەڵ ویست و داخوازی ئاخێوەرانی هەموو زاراوەکاندا بگونجێت. ئێمە هێشتا ڕێنووسێکی یەکدەستمان نییە و ئەمەش زەربە و خەسارێکی گەورە لە ئەدەبیاتمان دەدات. کوردانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان و ئیلام) هەمیشە هەوڵیان داوە ڕێز بۆ زاراوەکانی دیکە دابنێن و لە هەوڵدا بن ئەو زاراوانەش بە باشی فێر بن، بەڵام بەڕاستی لەلایەن ئاخێوەرانی زاراوەکانی دیکەوە چەندە بۆ فێر بوونی زاراوەکانی کەڵهوڕی و لەکی و... هەوڵ دراوە و لە هەمووی ژاناوی تر بێ گومان ئێوەش زۆرجار ئەم ڕستەتان لە هاوڕێیانی سۆرانی بیستووە کە دەڵێن:" کرماشانییەکان کورد نین" ڕستەیەک کە چەندین جار لەلایەن دۆستانی کوردستانییەوە بە خۆم وتراوە، قووڵی کارەساتەکە لێرەدایە. گرفتەکە لە خۆماندایە. دەبێت ئەم گرفتە لەناو خۆماندا چارەسەر بکەین و بیسڕینەوە.

* ئەدەب و بەتایبەت شیعری کوردی لە ئاست ئەدەبی هاوچەرخی جیهاندا خاوەن چ سەنگ و پێگەیەکە؟ ئاخۆ ئەدەبی کوردی قۆناغێکی وای بڕیوە کە لە ئاستی دنیادا بکرێت بڵێی ئەمە شیعر و ئەدەبی کوردییە بە مۆرک و شوناسی تایبەت بە خۆیەوە؟ ئەگەر نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە هۆکارەکانی لە چیدا دەبینیت؟

– ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەدەبیاتی کوردی هێشتا نەیتوانیوە لە ئاستی جیهاندا پێگەیەکی تایبەت بۆ خۆی

دەستەبەر بکات، ئێمە نابێت فریوی خەڵاتی "تۆخۆلسکی" یان بەشداری لە فلانە کۆڕ و فیستیڤاڵی شیعری جیهانی بخۆین. ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە شێواز و فۆرمێکی تایبەت کە بەناوی خۆمانەوە لە ئاستی جیهاندا تۆماری کەین، تەنانەت ئەدەبیاتی فارسیش هێشتا نەیتوانیوە بگاتە ئاستی جیهانی. هۆبەکەشی بۆ ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە کە ئێمە هیچ کات ئارامی و سەقامگیریمان نەبووە، بە هیچ شێوەیەک نەمانتوانیوە بە شێوەی پێویست کەڵک لە ئەدەبیاتی کلاسیکی خۆمان وەربگرین. بڕوانە ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین، بزانن چۆن کەڵکیان لە ڕەمز و ئوستوورە و... وەرگرتووە و شێواز و ڕێچکەی "ڕیالیزمی جادوویی"ان بەناوی خۆیانەوە تۆمار کردووە، مەگەر ئێمە ئەم هەموو ئەدەبی زارەکی و گەنجینەی فۆلکلۆرمان نییە، کەوایە ئێمە بۆچی لە هەمبەر ئەو خەرمانە پاشخانەدا بێواز و کەمتەرخەمین. هەروەک باسم کرد، هیچ کات نەیانهێشت سەقامگیری و ئارامیمان هەبێت، لەو کاتەوەی کە کردمانیان بە چوار لەتەوە سەقامگیریمان لێ ستێنرا، بەڵام گرینگ نییە، نەوەی نوێ، بە تێڕوانینێکی دیکەوە لە داهاتوودا ئەم کارە ئەنجام دەدات، ئێمە دەمێنینەوە، بەردەوامم.

**پرۆفایل:**

**– فەریاد شیری، ڕەخنەگر و لێکۆڵەر، لەدایک بووی ١٣٥٠ی هەتاوی (١٩٧٢ی زایینی) شاری سەحنە لە پارێزگەی کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

**– براوەی خەڵاتی چەندین فیستیڤاڵی شیعر و چیرۆکی سەراسەری و ڕۆژئاوای ئێران وەک: خەڵاتی شیعری کارنامە، فیستیڤاڵی چیرۆکی بانە و هەڵبژاردنی بەرهەمە شیعرییەکانی بۆ چەندین خەڵاتی ئەدەبی لە ئاستی ئێراندا.**

**– هەتا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپ کردووە:**

**١- "چۆلەکەکان لە زمانی قالاو ناگەن ١٣٧٦.**

**٢- "پاسپۆرتی بزە و ئارەزوو"، (وەرگێڕانی شیعری هاوچەرخی کوردیی باشوور)، ١٣٨٠.**

**٣- " باوەشم پڕە لە سەفەر" (کۆمەڵە شیعر) ١٣٨١.**

**٤- "شێتە گۆرانییەکانی باران"، (کۆمەڵە شیعری کوردی)، ١٣٨٢.**

**٥- "مرۆڤە ڕەشەکان، مرۆڤە سپییەکان"، (چیرۆکی منداڵان و مێرمنداڵان)، ١٣٨٢.**

**٦- "مانگ میوانی چاوەکانت بوو"، (هەڵبژاردەی شیعرە کورتەکان)، ١٣٨٢.**

**٧- "چیرۆکی خاڵی سەرەڕێ"، (چیرۆکی منداڵان و مێرمنداڵان)، ١٣٨٣.**

**٨- "عاشقەکانی وڵاتی بەڕوو"، (کۆمەڵە شیعری وەرگێڕدراوی شاعیرانی کوردستانی ئێران)، ١٣٨٤.**

**٩- "واژۆی تازەی دەوێ ئەم ناوە"، (کۆمەڵە شیعری فارسی)، ١٣٨٤.**

**١٠- "ئێمە لەژێر وێنەی باراندا ون بووین"، (چیرۆک)، ١٣٨٥.**

**١١- "مانیفێستی پەنابەرێک، ژمارە ٣٣٣٣٣"، وەرگێڕانی شیعری فەرهاد پیربال، ١٣٨٦.**

**١٢- "ژنێک بە هێواشی وتی عیشق"، (کۆمەڵە شیعری وەرگێڕدراوی شیعری هاوچەرخی کوردیی باشوور)، ١٣٨٦.**

**١٣- "سەد سیاچەمانە"، وەرگێڕانی گۆرانیی هەورامی بە هاوکاری ڕەئووف سەعیدیان، ١٣٨٧.**

**١٤- "لە مانگ تەنیاترم"، (کۆمەڵە شیعری کوردی)، ١٣٩٠.**

**١٥- "شێردر، مشکی بیابانی پۆل"، (وەرگێڕان) چیرۆکی منداڵان، ١٣٨٩.**

**١٦- "گوڵ زێڕین"، (وەرگێڕان) چیرۆکی منداڵان، ١٣٨٩.**

**١٧- "تاگات لە پشیلە بێت"، (وەرگێڕان) چیرۆکی منداڵان، ١٣٨٩.**

**١٨- "جەستە فرۆشی نییە"، (کۆمەڵە شیعری فارسی)، ١٣٩٠.**

**١٩-"خودا بۆ کێ دڵتەنگ دەبێت؟"، (کۆمەڵە شیعر بۆ مێرمنداڵان)، ١٣٩٠.**

**٢٠- "ئەلبۆمی بیرەوەری" (چیرۆکی منداڵان)، ١٣٩٠.**

**ئامادەی چاپ:**

**١- "مشتومڕ لە ئەدەبی فارسیدا"، (لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوە).**

**٢-"حەسانەوە لە حەوشەی زیندان"، (چیرۆک).**

**٣- "چیرۆکی کتێبێک کە نەنووسرابوو" (ڕۆمانی مێرمنداڵان).**

**٤- "قۆناغەکانی گۆڕانکاری شیعری نوێی کوردی لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ"، (توێژینەوە و وەرگێڕان).**

**– ئێستاش دانیشتووی تارانە و لە نووسین بەردەوامە و لە یەکێک لە چاپەمەنییەکانی تاران سەرقاڵی کارە و ئامادەییەکی چالاکی لە ئەدەبی فارسی و کوردیدا هەیە.**

# پێوەندی نێوان ڕۆمان و واقیع لە ڕووی تیۆرییەوە

شاخەوان فەرهاد محەمەد

ڕۆمان ژانرێکی زیندووی ئەدەبییە، چەند هەلومەرجێک بووەتە هۆی پەیدابوونی و لێرەدا باسی سەرهەڵدان و پێوەندییەکەی لەگەڵ واقیعدا دەکەین.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوانەی بایەخیان بەسەرهەڵدانی ڕۆماننووسانی سەدەی هەژدە و بەرهەمەکانیان داوە، ڕایان وایە لە سەردەستی (دیفۆ و ریچاردسن و فیڵدنگ) ئەو جۆرە ئەدەبە سەری هەڵداوە. لێرەدا دەپرسین: چۆن ڕۆمان لە چیرۆکەپەخشانی سەدەکانی پێش خۆی وەک چیرۆکەکانی گریک و سەدەکانی ناوەڕاست، یان ئەو چیرۆکانەی لەسەدەی هەژدە لە فەرەنسا نووسراون جیادەکرێتەوە؟ چ هۆیەکی پاساودار هەیە بۆ سەرهەڵدانی ئەو جیاوازییە لە ئینگلتەرای هەمان سەدە، هەروەها هەرسێ ڕۆماننووس جیاوازی لە نێوان بەرهەمەکانیاندا هەیە، بەهۆی ئەو بارودۆخە ڕەخساوەی لەو سەردەمە بۆیان هاتۆتە دی، کە نە ڕێکەوت و نە بلیمەتی دەوریان تێدا هەبووە، بەڵکو هەلومەرجی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی لەو سەردەمەدا بۆیان ڕەخساوە و کەڵکیان لێ وەرگرتووە. جگە لەوەش هەردوو ڕۆماننووس (ریچاردسن و فیڵدنگ) بڕوایان وابووە بە هۆی ئەو شێوازەی پەیڕەویان کردووە توانیویانە بەرهەمەکانیان لە چیرۆکی کۆنی ڕۆمانسی دەرباز بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشەوە نەیانتوانیوە ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر سروشتی ڕۆماننووسیندا بهێنن و جۆرە ناوێکی تازەی لێ بنێن، چونکە وشەی (نۆڤڵ/ Novel) تا کۆتایی سەدەی هەژدەم بەتەواوی لە ئینگلیزیدا جێگیر نەکرابوو. هەرچی مێژوونووسانی ڕۆمانە پێیان وایە سیفەتی ڕیالیزم (واقیعی) خەسڵەتێکی دیاری ڕۆمانە لەو سەدەیە و هەر ئەوەیشە لە چیرۆکەکانی پێش خۆی جیادەکاتەوە. کەواتە بە گوێرەی ئەو ڕایە بێ، دەبێ هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی تر سەر بە ڕێبازی نا ڕیالیزمی بن، بۆیە پێویستی بە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی زیاتر هەیە تا چەمکی ڕۆمان بەتەواوی لەگەڵ سیفەتی واقیعیەتدا بگونجێ، ڕاستە وشەی ڕیالیزم لە ڕەخنەدا بە قوتابخانەی ڕیالیزمە فەرەنسییەکانەوە پەیوەستە، لە ساڵی (١٨٣٥) بۆ یەکەم جار لە وەسفی ئیستێتیکیدا بەکارهات، کەچی لای (ڕامبرانت) گوزارشت کردنە لە ڕاستییە مرۆڤایەتییەکان لە قوتابخانەی کلاسیکی نوێی وێنەکێشاندا بەدژی ئایدیالی شیعری دانراوە. دواتر مانایەکی تایبەتی وەرگرت و بوو بە زاراوەیەکی ئەدەبی، ئەوەش لەژێر سێبەری ڕۆژنامەی (ڕیالیزم) لە ساڵی (١٨٥٦) کە (دیۆرانتی) دامەزراند و چەسپاندی.

دوای ئەوەی بابەتی (ڕیسوایی و ئارەزووی مۆڕاڵ



**رامبرانت**

نزمییە دەست هەڵبەستەکانەوە) کە لای (فلۆبێر) و ئەوانی پێش ئەوەوە هەڵایەکی زۆری نایەوە و ئەو وشەیە بایەخی خۆی لەدەست دا و تا وای لێهات مەبەست لە بەکارهێنانی ریالیزم بەرەنگارکردنی وشەی ئایدیالیزم بێ. دواتر پەلوپۆی ئەو هەڵوێستە چووە ناو بواری نووسینی رەخنەیی و مێژوویی لە بارەی رۆمانەوە. هەندێ لە مێژوونووسان، مێژووی ریالیزم بە پێش سەرهەڵدانی رۆمان دەبەستنەوە، پێیان وایە پێوەندییەکە هەموو ئەو چیرۆکانەی پێشوو بەیەکەوە گرێ دەدات و وێنەی ژیانی چینەکانی خوارەوە پیشان دەدات. کەواتە ریالیزم لێرەدا دەبێتە دەرخەری چەند سیفەتێک، وەک: لە چیرۆکی (خاتوو ئەفسس) ئارەزووی سیکس لە خەمی ژنێکی بەمێرد بەهێزترە و لە حیکایەتەکانی (فابلۆ)، یان (بیکارسک) لە وەسفی رەفتاری مرۆڤدا پاڵنەرە ئابووری، یان جەستەییەکە بە پلەی یەکەم دادەنرێ، یان لای (دیفۆ) مۆل فلاندرز کچێکی دزە و لای (ریچاردسن) پامێلا دوو رووە و لای (فیلدنگ) تۆم جۆنز خراپەکارە، کەوابوو دەرخستنی ئەو جۆرە سیفەت و رەوشتانە و لکاندنیان بەوشەی ریالیزم جۆرە مەترسییەک بە مانای ئەو وشەیە دەدات و ئەگەر لەبەر ئەو هۆیە رۆمان بە واقیعی دابنرێ کە بۆ لایەنە ناشیرینەکانی ژیان دەڕوا، ئەوە جگە لە رەنگدانەوەی رۆمان و رۆمانسییەکان نەبێ هیچی دیکە نییە، کەواتە ئەرکی رۆمان گوزارشت کردن و دەرخستنی هەموو جۆرە ئەزموونەکانی مرۆڤە، واقیعیەتەکەی لەوەدایە بە چ شێوازێک ئەو ژیانە بنیاد بنێ، نەک چۆن و چ جۆرە ژیانێک دەخاتە روو، ئەمەش لە رێبازی خودی ریالیزمە فەرەنسییەکانەوە نزیکە، لەبەر ئەوەی رۆمان لقێکی زیندووی جیهانی ئەدەبییە و باس لە ژیان و خودی ناوەوەی مرۆڤ دەکات و نووسینی کارێکی هێندە سادە و ساکار نییە، بەڵکو پێویستی بە ماندووبوون و شەونخوونییەکی یەکجار زۆر هەیە، تا رۆماننووس دەقی رۆمانێکی سەرکەوتوو و چالاک و دەرخەری حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤ بنووسێ، هەر لەو بارەیەوە (جەنگیز ئایتماتۆڤ)ی رۆماننووس دەڵێت: (هۆکاری سەرەکی نووسینی رۆمان بۆ هاندەری خود دەگەرێتەوە). کەواتە ئەرکی رۆماننووس گۆڕینی واقیعێکی تاڵی ژیانە بۆ واقیعێکی هاوچەرخ و دانەبڕاو لە پێشکەوتنی ژیانی شارستانییەت لە جیهاندا.

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیری مێژووی ئەو ژانرە بکەین هەست دەکەین لەسەرەتادا لە رووی واقیعیەتەوە گرنگی زۆر بە بیرۆکە و ناوەرۆکی دەقەکە دەدرا. بۆ نموونە لە زۆربەی رۆمانەکانی ئەوروپای ئێستادا کێشەی دەروونی و نامۆیی دیاردەی زەقی بابەتەکانن، هەروەها لە (ئەمەریکای لاتین) تلیاک و جەنگ و کاری توندوتیژی وێرای پابەندبوون بە ئەفسانە و خەیاڵ و بڵاوبوونەوەی هەژاری، کەچی لە (ئاسیا و ئەفریقیا) پرسی ئافرەت و عەشق و خۆبەستنەوە بە کولتوور و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و دەرخستنی لایەنی سیاسی بە شێوەی هێما، بابەتی سەرەکین. لەبەر ئەو هۆیانەی خستمانە روو رۆماننووسەکان پێیان وایە بەرهەمی رۆمانەکانیان هەوڵدانە بۆ پاککردنەوەی ژیان، هەروەها لێکچوونی بەرهەمە ئەدەبییەکە و ژیانە راستەقینەکەیە کە ئەدەب لاسایکەرەوەیەتی، لە سەرەتادا بە چەند رێگەیەکی سادە و ساکار بووە، پاشان بە هۆی گۆڕانکارییە توندەکانی ژیان، مرۆڤ هەژاوە و وردە وردە پێویستی بە ژانرێک بووە کە واقیعیەتی ژیانی پڕ لە خۆشی و

ناخۆشی تێدا بخاتە ڕوو و خواست و حەزەکانی وێنا بکات، لێرەوە ناچار بووە پەنا بباتە بەر ئەو ژانرەی کە زۆربەی شتەکانی ژیان، لەژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە کە ئەویش ڕۆمانە. جگە لەوەش پەنایان بردووەتە بەر فەیلەسووفەکان و پێیان وابووە ئەوان بایەخیان بەشیکردنەوەی بیر و نووسین داوە، کە ئەو جۆرە بابەتەیان کردووەتە پیشە، هەروەها لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕاستییە ڕیالیزمییەکان بریتی بوونە لە گشتاندن و پۆلێنکردن و ئەبستراکت، نەوەکو ئەو شتانەی هەستی پێ دەکەین. دواتر ڕیالیزمی نوێ وا لێک دەدرایەوە کە بەهۆی هەستەکانەوە دەتوانین بگەینە ڕاستییەکان، مەبەستی سەرەکی ڕۆمان لە ڕیالیزمی فەلسەفیدا مۆرکی گشتی بیری ڕیالیزم و شێوازی بەدوادا گەڕان و هەموو ئەو جۆرە مەسەلانەن کە ورووژاندوویەتی. هەروەک چۆن (دیکارت) لە شێوازی گەڕانیدا بەدوای هەقیقەت، کە جەخت لەسەر ئەوە بکات متمانە و بڕوا بەشتێک نەهێنێت، لەبەر ئەوەی تەنیا پێشتر بڕوایەکی کۆنی پێی هەبووە، بەڵکو پێی وابوو دۆزینەوەی هەقیقەت و گەڕان بەدوایدا مەسەلەی تاکەکەسە و بەپێی لۆژیک و چاولێکردنی بیری ڕابردووی جیاوازە و دەشێت بە خۆ ڕزگارکردن لەو چاولێکەرییە پێی بگەین و بەدەستی بێنین، واتە بەگوێرەی ئەو بۆچوونە ڕۆمان دەبێتە ئەدەبێک بریتییە لە توانایی تاکەکەسی لەسەر داهێنان و خۆگونجاندن، کە پێشتر پێوانەی سەرەکی بۆ هەقیقەت و خۆگونجاندن بووە لەگەڵ تەقلیدی باو، کەوابوو ڕیالیزمی فەلسەفی هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی داهێنەر و شۆڕشگێڕە بە ڕووی لاساییکردنەوە، شێوازەکەشی بریتییە لە توێژینەوەی ورد و درشتی ئەزموونە تایبەتییەکانی مرۆڤ بەهەر شێوە و لە هەر جێگە و ڕۆژگارێک بێت کە پاڵیان بە مرۆڤەوە ناوە بەو جۆرە لەجیهانی دەرەوە بگات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شێوازە گرنگییەکی زۆری بە زانستی واتاسازی و پێوەندی نێوان وشە و هەقیقەت داوە، هەموو ئەو خاسیەتانەی تایبەتن بە ڕیالیزمی فەلسەفی لەناو سیما تایبەتییەکانی ڕۆماندا هەن و بایەخی زۆر بەو لێکچوونە دەدات کە لەنێوان ژیان و ئەدەبدا هەیە، ئەوەش لەسەر دەستی (دیفۆ و ڕیچاردسن) جێیەکی گرنگی هەبووە و لە چیرۆکی پەخشانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی نووسەر لەوەدابوو چۆن بتوانێت نەریتی ئەدەبی کۆن بپارێزێت و چۆن چنین لە داستانی کلاسی و داستانی سەردەمی ڕاپەڕیندا پشت بە بیروباوەڕی پڕ و پووچی ڕابردوو، یان مێژووی سەردەمە هەرەکۆنەکان ببەستێت، بۆیە لەبەرانبەر ئەو بیر و ڕایەدا ژانری ڕۆمان زۆر بە توندی بەڕوویدا وەستا و پشتی بە پێوانەی سەرەکی خۆی بەست، کە ڕاستگۆییە لە گێڕانەوەی ئەزموونی کەسایەتیدا، ئەو ئەزموونە هەمیشە ناوازەیە، چونکە تازە و نوێیە، بۆیە ناوی لێنرا (نۆڤڵ): وشەیەکە سیفەتە و بە ئینگلیزی مانای شتی نوێیە، کە وابوو ڕۆمان سۆنگەیەکی ژیرکارییە و گوزارشت لە ڕووناکبیرییەک دەکات، کە لەم دوا سەدانەی دواییدا هاتە گۆڕێ و ڕەسەنایەتی لەوەدایە پێشتر شتی وا نەبووە و ئەو نوێگەرییەی وا دەکات ئەو ژانرە هەندی لەو کێشە ڕەخنەییانە بخاتە ڕوو و بیانورووژێنێت، تەقلیدکردن زیانی پێ دەبەخشێت، چونکە لەسەر ڕۆماننووسە چۆن ئەو کێشانە بەڕاست و دروستی بە شوێنی خۆی بگەیەنێت و لە گێڕانەوەیدا دەست پاکانە ئەزموونە مرۆڤایەتییەکان بخاتە ڕوو، خۆبەستنەوەی نووسەر بەهەر تەقلیدێکی چەق بەستووی شێوازەوە، لەسەرکەوتنی نووسەرەکەی کەم دەکاتەوە و نەبوونی شێوە زۆر جاران لە ڕۆماندا دەبینین بە بەراورد کردن لەگەڵ تراژیدیا و چامە، ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوەبێ ڕۆمان پێویستی بە تەقلیدی شێوەیە. ئەوەش وا دەکات لەسەر حیسابی ڕیالیزمییەکەی باجێکی گەورە بدات و پەیڕەونەکردنی گەلێک لەوە بێ بایەخترە کە ڕۆمان واز لە چنینی تەقلیدی بێنێت و بە شێوەیەکی ئاسان سنوورێک بۆ پلەی ڕەسەنایەتی و ناڕەسەنایەتی دابنێین.

ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت (دیفۆ و ڕیچاردسن) دوو نووسەری ئینگلیزن، چنینەکەیان لە ئەفسانە و مێژوو خورافات و ئەدەبی سەردەمی کۆن وەرنەگرتووە، بەڵکو چنینی تەقلیدییان بەکارهێناوە و سوودیان لە نووسەرانی یۆنان و ڕۆمان وەرگرتووە، بەم کارەشیان لە (چۆسەر و سپنسەر و شکسپیر) جیادەبنەوە، بۆیە گەیشتینە ئەو ڕاستییەی لەسەدەی هەژدەمدا لە ئینگلتەرا گوزارشت لە ڕەسەنایەتی بەرهەم کراوە و بەم جۆرە مانایەکی تازەی وەرگرتووە و گۆڕانکاری بەسەر مانای پێشووی وای کردووە ئەو گۆڕانکارییە بەسەر مانای ڕیالیزمیشدا بێت،



فلۆبێر

چونکە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ڕیالیزم مانای بڕوابوون بووە بە ڕاستییە گشتێنراوەکان و وشەی ڕەسەنایەتی بۆ بوونی شتێک دەهات لە سەرەتاوە بووبێت و دواتر بە مانای ئەوە دەهات هیچی تری لێ نەکەوێتەوە، واتە شتێکی سەربەخۆ و نوێیە، پاشان بووە وشەیەک مانای پێدا هەڵدانی لە خۆ دەگرت. بەو واتایەی هەموو شتێکی نوێ شێوازێکی نەسواوە، ئینجا مانا نوێکەی گوزارشت کردن بوو لەوەی چۆن تاک لە ڕێگەی هەستەوە درک بە هەقیقەت بکات.

لە ڕۆماندا بەکارنەهێنانی چنینی ناتەقلیدی شتێکی نوێ بوو، چونکە بەرەو ڕێبازە ڕەسەنایەتییەکەی دەبرد، ئەوەش لەسەر دەستی (دیفۆ) سەری هەڵدا، لە ڕێگای نووسینی چیرۆک زۆر گوێی نەدایە ئەو تیورە ڕەخنەییانەی سەریان بۆ ڕێبازی بەکارهێنانی چنینی تەقلیدی شۆڕ کردبوو، بەڵکو گرنگی بۆ شێوازی ڕۆماننووسیانەی خۆرسکی خۆی شل کرد و پشتی بە هەستی تایبەتی خۆی بەست و کەسە سەرەکییەکانی لە هەر ڕووداوێک لە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکەیدا چی دەکەن و چۆن بڕوا بەکارەکەی خۆیان دەکەن، بە جێبەجێ کردنی ئەو ڕێبازەی بەرەو شێوازێکی نوێی خۆی هەنگاوی نا لە چیرۆک نووسیندا و تێیدا بەتەواوی چنین بووە شێوازی ژیاننامە، ئەمەش پێداگیرییەکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ گرنگی و تایبەتییەتی ئەزموونی کەسایەتییەکان لەناو ڕۆماندا. دواتر (ریچاردسن و فێلدنگ) لە نووسینی ڕۆماندا هەریەکە و شێوازێکی تایبەت بەخۆیان گرتە بەر، پاشان پەیڕەو کرا، ئەویش بریتی بوو لە بەکارهێنانی چنینی تەقلیدی و بە تەواوی داهێنانی بەسەرداهاتبوو، یان لایەنێکی دەکەوێتە سەر ڕووداوێکی سەردەمیانە، ئەوکاتە خەیاڵی داهێنەرانە لە ئەزموونی ئەدەبیاتی ئەوسا وا باو بوو چۆن بتوانێت مۆرکی ئازادی تاکەکەس و ناوەڕۆکی سەردەمیانە بۆ دۆزینەوە و گەڕان بەدوای هەموو لایەکی ژیاندا لە چنینی ڕووداوەکاندا پەیڕەو بکات. وەک چۆن (دیکارت و لۆک) لە شێوازەکانیان ئەو ئازادیانەیان داوەتە فیکر کە چۆن دەبێت لە هەقیقەتە ڕاستەوخۆکانی هەستەوە هەڵبقوڵێت.

جگە لەوەش لە ڕوانگەی ئەدەبی نوێوە بڕوانینە کەسایەتییەکانی ناو چنین و دیمەنی کاری هەریەکەیان و چۆن پێویستە چنین نوێنەری کەسانی دیاری کراو و دۆخێکی دیاریکراو بێت، نەک وەکو نووسەرانی پێشووی نموونەی مرۆڤێکی گشتییان بەکاردەهێنا. ئەو گۆڕانکارییەش وا دەکات کە گشتاندن نەمێنێت و پێداگری لەسەر وردەکارییە تایبەتییەکانی دەکات، کە بەتایبەتمەندی ڕیالیزمی فەلسەفی دەچێت، بۆیە گەیشتینە ئەو سیفەتەی ڕیالیزم لە ئەدەبدا کە خۆی گشتییەو پێویستی بە ڕووناکی خستنە سەر هەیە، بەتایبەتی لە شێوازی ڕۆماندا دەبێت گرنگی ئەو دوو ڕەگەزە تایبەتییە دیاری بکەین کە خۆیان لە وێنەی کەسایەتی و بەرچاوخستنی باکگراونددا دەبیننەوە.

لەبەر ئەوەی ڕۆمان بەوە لە جۆرەکانی تری ئەدەب و چیرۆکەکانی پێش خۆی جیادەکرێتەوە، کە بەشێوەیەکی ئاسایی زیاتر بایەخ بە دەرخستنی کەسایەتییەکان دەدات و بە شێوەی ڕاستەقینە وا باسیان دەکات کە مۆرکی هەقیقەتیان تێدابێت، جگە لەوەش دیاری کردنی سیمای کەسایەتی لە ڕووی لۆژیکەوە بەرجەستەکردنی تاکە، کە پێوەندییەکی توند و تۆڵی بەناوی ناسراوەوە هەیە، بەو هۆیەی کە هۆیەکە بۆ ناساندن، چونکە مەبەستی ڕۆماننووسین ئەوەیە چۆن تاکێکی دیار باس بکات و

پێشکەشی خوێنەرانی بکات، ئەوەش بەناونانی ئەو کەسایەتییەیە وەک چۆن لە ژیانی ئاسایی بەناوێکی ناسراوەوە ناودێر دەکران، چونکە هەمان ئەرکیان دەبینی کە لە ژیاندا هەیانبوو. نووسەر وێنەی کەسانێکی نەدەکێشا کە کیانێکی جیاوازی هەبێ، بەڵکو ئەو ناوانە زیاتر مۆرکی ئەدەبی تەقلیدی بوون و لە کرۆکی ژیانە ڕاستەقینەکەی سەردەمەوە سەرچاوەیان نەگرتبوو، بەڵکو زیاتر لە تاکە ناوێک پێک دەهاتن، وەکو جەنابی (بارمان) و (یوفیۆس)، ئەوانە لە کەسانی ناو ژیانی ئاسایی جیادەبنەوە، چونکە ناوەکانیان لە ناو و نازناو پێک دێ، کەچی ڕۆماننووسە بەراییەکان ئەو تەقلید و کۆت و بەندەیان شکاند و کەسانی ناو ڕۆمانەکانیان وا ناونا کە هەست بکەین، کەسانێکی دیاری کراون و لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی سەردەمیانە دەژین، بۆ نموونە لای (دیفۆ) بەکارهێنانی ناو دژایەتی و هەڕەمەکی تێدەکەوێت، بەدەگمەن ناوی تەقلیدی و خەیاڵی بەکاردێنێت، جگە لە ناوی (ڕۆکزانا) نەبێت، کە ناوێکی خوازراوە و پاساویشی بۆ هێناوەتەوە بۆچی وەریگرتووە و بۆ بەکاری هێناوە، بەڵام زۆربەی کەسە سەرەکییەکانی (ڕۆبنسن کرۆزۆ) و (مۆل فلاندرز) ناوی ڕاستەقینەی تەواو، یان نازناویان هەیە، هەروەها (ڕیچاردسن) هەمان ڕێبازی ئەوی پەیڕەو کرد، بەڵام زیاتر گرنگی بەوەدا کەسانی سەرەکی و زۆربەی کەسانی لاوەکی جووت ناوی لێنان، کە لەناو و نازناو پێک هاتبوو و زیاتر لە ڕاستییەوە نزیک بووە و لەگەڵ ڕەفتار و سروشتی کەسەکاندا گونجاوە، کەچی لای (فیلدنگ) هەندێک جار ناوی کەسایەتی سیفەتی هەستی ڕووتی کەسایەتی دەداتێ، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی (فیلدنگ) زیاتر گرنگی بە ڕەگەزی گشتی داوە، وەکو ئەوەی زیاتر بایەخ بە کەسایەتی تایبەتی بدات، بۆیە ناونانی کەسایەتی ڕۆمان بە ناوە ڕاستەقینەکانی سەردەمەوە بووە سیمایەکی نەریتی ڕۆماننووسین، ئەگەرچی هەندێک لە ڕۆماننووسەکانی کۆتایی سەدەی هەژدە هەندێک جار لەو نەریتە دەردەچوون، وەکو: (سمۆلیت) و (ستیرن)، هەروا لە (ستیرن)ـەوە تا (برۆستی)، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانیان دۆزینەوەی کەسایەتییە، ئەمەش لەبەر ڕووناکی دەستنیشانکردنی هەستی ئەو کەسانە بەزاتی خۆیان لە ڕابردوو و ئێستایاندا بەتەواوی بەدی دەکرێت. سەرەڕای ئەوانە کات ڕەگەزێکی گرنگە لە مەسەلەی دیاریکردنی خودی شت و کیانییەوە، وەک چۆن (لۆک) لە پێناسەی کەسایەتیدا دەڵێت: (هەست کردنی تاک بە بوونی خۆی لە ڕێگای درێژبوونەوەی کاتەوەیە)، کەواتە تاک بە هۆی یادەوەری و بیرو کارەکانی ڕابردووەوە پێوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ ناسنامەی کەسایەتی خۆیدا هەیە، بۆیە ڕۆمان پێداگیری لەسەر کات و فاکتەری کات دەکات، ئەمەش کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر وێنەی کەسایەتییەکان هەیە، لەبەر ئەوەی چنینی ڕۆمان بەوە لە زۆربەی حیکایەتەکانی پێش خۆی جیادەکرێتەوە کە ئەزموونی ڕابردوو هۆکاری کردەوەی ئێستان، واتە جۆرێک لە پێوەندی هۆ خوازی بەکاردێنێ کە ئەرکەکەی لە چوارچێوەی کاتدایە.

لە کاتێکدا چیرۆکی کۆن متمانەی بە بیرکردنەوە و ڕێکەوت بوو، ئەو پێوەندییە هۆ خوازییە هێز و قایمییەک بە پێکهاتەی بنچینەی ڕۆمان دەبەخشێت، هەروا ڕۆمانی شەپۆلی نەست دەیەوێت ئەو گۆڕانکارییانە بخاتە ڕوو کە لە ناو بیری مرۆڤدایە و لە ئەنجامی گۆڕانی کاتە جیاوازەکاندا کە ڕووی داوە. سەرەڕای ئەوەی ڕۆمان جیا لە جۆرەکانی تری ئەدەب زیاتر گرنگی بە گەشەسەندنی کەسایەتی داوە لە ڕێگای ڕەوتی کاتەوە، کە ڕۆڵی کات لە ئەدەبی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕاپەڕیندا زۆر جیاواز بوو لەو ڕۆڵەی کە لە ڕۆماندا دەیبینی، بۆ نموونە: یەکێتی کات بە جۆرێک مامەڵەی لە گەڵ ڕووداوە تراژیدییەکاندا دەکرد و بەوە قانگی دەدا کە لەماوەی (بیست و چوار) کاتژمێردا بێت، کە ئەمەش بایەخی بە گرنگی مەودای کات نەدا لە ژیانی مرۆڤدا، کەچی لە سەدەی حەڤدەم قووڵتر جیاوازی لەنێوان کاتی ئێستا و ڕابردوو کرابوو، هەروەکو چۆن (نیوتن) و (لۆک) لێکدانەوەیەکی تازەتریان بۆ پرۆسەی کات کرد، هێندە وردەکاری لەخۆگرت لە توانایی عەقڵدابوو شتە لێک بواردەکان و بەرەو دواکەوتنی بیرەکانی پێ پێوانە بکرێت. ئەم لێکدانەوانە لە ڕۆمانەکانی هەرسێ ڕۆماننووسدا ڕەنگی دایەوە. بۆ نموونە: (دیفۆ) یەکەم کەس بوو لە چیرۆکەکانیدا وێنەی ژیانی تاکەکەسی لە چوارچێوە فراوانەکەیدا نمایش دەکرد، کە کردارێکی مێژوویی بوو لە پشت کۆمەڵێک کاروبیری ڕۆژانەی

کورتەوە سەری هەڵدەدا و هەندێک جار کات تووشی دژایەتی دەهات و لەگەڵ چوارچێوە مێژوویییەکەیدا نەدەگونجا، کەچی (ریچاردسن) هەوڵی دەدا ڕۆمانەکانی لەناو نەخشەیەکی زەمەنی فراوانی وادا بێت، کە پێشتر وێنەی نەبووبێت، بۆیە لەبەشی سەرەوەی نامەکانیدا مێژووی ڕۆژ و مانگ و کاتیشی تۆمار دەکرد، بەڵام (فیلدنگ) کاتی لە سووچێکی دەرەوە و بەشێوەیەکی تەقلیدییانە چارەسەر کردووە، لە ڕۆمانی (شامیلا) گاڵتە بە (ریچاردسن) دەکات کە فرمانی داهاتووی بەکارهێناوە، سەرەڕای ئەوەی خستمانە ڕوو ڕەگەزێکی تر لە ڕۆماندا هەیە، کە شان بە شانی کات دەڕوات ئەویش (شوێن)ـە.

زۆر جاران بەیەکەوە دەگوترێت (کات - شوێن)، وەک چۆن بە پێی لایەنی سایکۆلۆژی (کۆلرج) دەڵێت: (تێگەیشتنمان لە کات هەمیشە بە تێگەیشتن لە شوێن بەستراوەتەوە)، بۆ نموونە (دیفۆ) بەو جۆرە لە ڕۆمانەکانی خۆی ڕوانیوە، کە لە دەوروبەرێکی سروشتی و ڕاست و هەست پێکراودا ڕوویان داوە، ئەگەرچی وەسفی دەوروبەری بە پچرپچڕی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا وردەکارییە زیندووەکەی هەستی ئەوەمان دەداتێ کە (ڕۆبنسن کرۆزۆ) و (مۆڵ فلاندرز) زیاد لە هەموو کەساتییەکانی ڕۆمانەکانی پێشوو/ پێوەندییەکی توندوتۆڵیان بەدەوروبەرییانەوە هەیە کە لەوکاتەدا دەردەکەوێت. هەروا باسی ئەو جۆرە کەلوپەلانە دەکات و دەتوانرێت جێ گۆرکێیان پێ بکرێت، وەک: لە ڕۆمانی (مۆڵ فلاندرز) گەلێک کەتان و زێڕ هەیە، کەچی لە دوورگەکەی ڕۆبنسن پڕە لە زۆر جۆرە بەرگ و دەفر، بەڵام (ریچاردسن) زیاتر لە شێوازی ریالیزمی ڕۆماندا بووە پێشەنگ، چونکە کەمتر وەسفی دیمەنی سروشت دەکات، لە هەمان کاتدا زیاتر بایەخ بە دیمەنی ناوەوە دەدات، بۆ نموونە: ئەو دوو ژوورەی کە (پامێلا) تێیدا دەژی دوو بەندیخانەی ڕاستەقینەن، بەڵام (فیلدنگ) بە تەواوی وەسفی ناوەوە ناکات، بەڵکو زۆربەی وەسفی دیمەنە سروشتییەکانی وەسفی تەقلیدین و زۆر گرنگی بە وەسفی وردی جێگای ڕووداوەکان و مێژوو و شوێنە جۆربەجۆرەکانیان دەدا. کەواتە خستنەڕووی شێوازی واقیعی ئەو سێ ڕۆماننووسە وای کردووە مرۆڤ هەست بکات لە دەوروبەرێکی سروشتیدا دەژی، ئەمەش بەیەکێک لە خاسیەتە هەرە تایبەت و جیاکەرەوەکانی ڕۆمان دادەنرێت و بووەتە هۆی سەرکەوتن و جیاکردنەوەی لە چیرۆکەکانی پێش خۆی. جگە لەوانەی باس کران، تایبەتمەندییەکی تری هونەری هەیە کە ڕۆمان لەژانرەکانی تر جیابکاتەوە ئەویش زمانی نووسینیەتی، چونکە لە چیرۆکەکانی پێشوودا هێندە گرنگی بە پێوەندی نێوان وشە بە شتەکان نەدەدرا، بەڵکو زیاتر بایەخ بە رووی دەرەوەی جوانی زمان دەدرا لە ڕێگەی ڕەوانبێژییەوە بەهۆی وەسف و ڕووداوەوە، ئەمەش زۆرجار لە چیرۆکە ڕۆمانسییەکانی گریکدا بەدی دەکرا، بەڵام پاشتر ڕای نووسەر و ڕەخنەگرەکان وابوو، کە توانایی نووسەر لەوەدا نییە چۆن بتوانێت پێوەندی بەهێز لەنێوان وشە و شتەکاندا دروست بکات، کە دەلالەتی لێ دەکەن، بەڵکو توانایی لەوەدایە چۆن نووسەر بتوانێت شێوازێکی وا هەڵبژێرێت، کە زمانە ڕازاوەکەی لەگەڵ بابەتەکەدا بگونجێت. بایەخدانی (دیفۆ) و (ریچاردسن) بە ریالیزم پێویستی بە شێوازێکی وابوو کە تەواو لە شێوازی پەخشانی ئەدەبی ئەو سەردەمە جیاواز بێت و ڕوونکردنەوەیان بە پەخشانی ئاسان و ڕوونی سەدەی حەڤدەم هاوکارییەکی باش بوو بۆ شێوازێکی تەعبیری بۆ ڕۆمانی ریالیزمی زۆر دەگونجا، کە بۆ نووسەرانی قۆناغی پێشوو نەڕەخسابوو، بۆیە گەلێک نووسەر (دیفۆ) و (ریچاردسن)یان بەوە تۆمەتبار دەکرد گوایە شێوازیان زۆر قورسە و زۆر جارانیش وردەکارییان تێدا نییە، بەڵام ئەوانە خۆیان لە نەریتی باوی نووسینی ئەو کات دەربازکرد و پێوەندییەکی بە تینیان لە نێوان دەق و ئەو وێنانەی دەیانویست وەسفی بکەن دروست کرد و لای (دیفۆ) ماددی بوو، لای (ریچاردسن) لایەنی سۆزایەتی بوو، بەڵام لای (فیلدنگ)نە لەتەقلیدی شێوازی پەخشانی ئۆگستینی و نە لە ڕوانینە باوەکەی ئەوساکە لای نەدا، بۆیە دەتوانین بڵێین لە ڕەسەنایەتی دووردەخاتەوە، کەواتە ئەرکی زمان لە ژانری ڕۆماندا دەلالەت کردنە لە شت و زیاتر پشت بەرۆیشتنێکی تێروتەسەل دەبەستێت و شیکی و کورت کردنەوەیە. ئەوەش دوو شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

**یەکەم:** ئاسانتر دەتوانین ڕۆمان وەربگێرین وەک لەجۆرەکانی تری ئەدەب.

**دووەم:** ئەوڕۆماننووسانەی کە لە پلەی یەکەمدان،

زیاتر بەو زمـــانە دەنووسن کـــە لەشـــێکی دوورەو زۆر جـاریش زبرە، جگە لەوەش ڕۆمان کـەمـتـر پێـویسـتی بە پەراوێزی مـێـژوویی و ئەدەبی هەیە، چونکە ئەوان زیـاتر دەکەونە ناو قالّبی دەقەوە و لە کاتی نووسینیدا پەیڕەو دەکرێن.

هەندێک لە نووسەران پێیـان وایە شـێـوازی ڕۆمـان لە لاسایی کردنەوەی ژیانە ڕاستەقینەکەیدا، هەمان شێوازە کـە ڕیالیـزمی فـەلسـەفی بۆ تێگەیشـتنی حـەقـیـقـەت و گوزارشت لێ کردنی مەبەستیەتی، چونکە ئەو شێوازانە تەنیـا مولّکی فـەلسـەفـە نین، بەڵکو مـرۆڤ هەرکـاتێک بیـەوێت بە دوای پێـوەندی نێـوان حـەقـیـقـەت و پەیام و ڕووداودا بگەڕێت، بەکاری دێنێت. کەوابوو ئەو شێوازەی ڕۆمـاننووس بەگـوێرەی ئەو ڕوانینە ڕۆمـان بەرجـەسـتـە بکات و بە درێژی لەبارەی ژیان بدوێت. دەتـوانین بڵـێین ڕیالیـزمی فـۆرم، چونکە ڕیالیـزم بەتەنیـا ئامـاژە بۆ هیچ بنەما و ئامانجێکی هونەری ئەدەبی ناکات، بەڵکو تەنیـا پەنجە بۆ کۆمەڵە شێـوازێک درێژ دەکات کە لە ڕۆمـاندا هەیە و لە جۆرەکانی تری ئەدەبدا دەگمەنە. کەواتە وشەی (ڕیالیزم)ی دەتوانین بەوە جیای بکەینەوە کە ئەو شێوازە سـیـــفـــەتی ڕۆمـــانە و ڕیالیـــزمی فـــۆرم لێکدانەوەی ڕۆمـاننوسیـیـە بۆ گریمانەیەک، کە (دیفـۆ و ڕیچـاردسن) وشە بە وشە وەریان دەگرت. کە وابوو ئەو گریمانەیە بۆمان دەسەلمێنێت ڕۆمان تۆمارێکی ڕاستەقینەی ئەزموونەکانی ژیانی مرۆڤە، دەبێت خوێنەر متمانەیەکی تەواو بە هەموو لایەنەکـانی بدات، وەکـو :دیاری کـردنی ڕوخســاری کـەسـەکـان و وێنەگـرتنی وردی کـات و شـوێنی ڕووداو و زمـــانێک بەکـــاربێت خـــاوەن دەلالەتێکی ورد و ڕاست بێت، ئەوەش زۆر بە دەگـمـەن لە جـۆرەکـانی تـری ئەدەبدا بەدی دەکرێت، ئەو سـیـفـەتانە زیاتر سـەربەسـتـیـیـان بە ڕۆمـان داوە، لە چوارچێـوەی کـات و شـوێندا ڕاسـتـەوخـۆ ئەزمـوونە مرۆڤـایـیـەتییـەکـان پەیڕەو بکات و خـوێنەر لە مـــاوەی ئەو دوو ســـەدەیەی ڕابردوو زیاتر هەســـتی بەوە کـــردووە پێـــوەندییـــەکی توند و بەتین لە نێـــوان ژیان و هونەردا هەیە، ئەوەش زیاتر لە ڕۆمـــاندا هاتووەتە دی، چونکە زیاتر ئەو پێـوەندییـە بە واقـیـعی ژیانەوە بەندە و بەهۆی ڕیالیـزمی فۆرمەوە پێـمـان دەگـات کە ڕۆمـاننووس چۆن واقیـعەکە دەگـێڕێتـەوە و چۆن چۆنیـەتی بـاسکردنی ژیان دەدوێ و بووەتە سیفەتێکی هەرە گرنگی ڕۆمان.

**سەرچاوە:**

**١-دەربارەی ڕۆمـان/ مـەهدی سـالّح/ کـتـێبی گـیـرفـان/ ١٧، وەزارەتی ڕۆشنبیری/ هەولێر/ ٢٠٠٦.**

**٢-ڕۆمان و پیشەی نووسینی ڕۆمان/ وەرگێرانی لە عەرەبییەوە بۆ کـوردی/ ئەژی گـۆران/ وەزارەتی ڕۆشنبـیـری و ڕاگـەیاندن/ بەغدا/ ١٩٨٢.**

**٣-سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی/ ئەیان وات/ وەرگێرانی لە عەرەبییەوە/ ڕەئووف بێگەرد/ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ چاپی دووەم/ سلێمانی/ ٢٠٠٩.**

**٤-مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمان/ سیامەند هادی/ چاپخانەی تیشک/ چاپی یەکەم/ سلێمانی/ ٢٠٠٤.**

# خەسارناسی ساغكردنەوەی دیوانی ئەدەب

یوونس ئەمین پوور
(بۆكان)

بە دوادا گەڕان، دۆزینەوە، كۆكردنەوە، ساغكردنەوە، شەرح و لێكدانەوە و چاپ و بڵاوكردنەوەی بەرهەمی داهێنەرانی دێرین و كلاسیک بۆ هەموو نەتەوەیەک لەم دنیایەدا وەكو ئەركێكی گرینگی نەتەوەیی و نیشتمانی دێتە ئەژمار و وەكو خەزێنەی زمان و كەلەپوور لێی دەڕوانرێ و تۆزتەكێن و بەردبژێر و گێژەو دەكرێ و مشتومالْ دەدرێ. لە ڕاستیدا بنجوبناوانی ئەدەب و زمانی هەر نەتەوەیەک لە سەر بناغەی ئەو بەرهەمانە هەڵدەچندرێ. بۆ ئەوەی نەوەكانی داهاتوو بتوانن بە دڵنیاییەوە ئەو بنەمایانە بكەنە پاڵپشتی داهێنان و ئەزموونەكانی خۆیان.

كولتوور و كەلەپوور و زمان و ئەدەبی ئێمەی كورد لە سۆنگەی بارودۆخی ڕامیاری و بواری جوگرافیایی وڵاتەكەمانەوە نە لە سەردەمی خۆی و نە لە ماوەیەكی نزیكی دوای سەردەمی خۆشیدا بواری ئەوەی بۆ نەڕەخساوە و نەلواوە كە بە شێوەیەكی زانستییانە ساغ بكرێتەوە و بخرێتە بەردەستی خوێنەران، یان لە ناوەندە ئەكادیمییەكاندا بكرێتە پرۆژەی لێكۆڵینەوە و توێژینەوە، یان بكرێتە ماددەی دەرس بۆ خوێندن، لە ئاكامدا بە باشی مشتومالْ بدرێ و هەڵە و پەڵەی لێ ببرێ، یان لانی كەم هەر نەبێ كەم بكرێتەوە.

عەبدوڵڵابەگی حەیدەری ناسراو بە "میسباحودیوانی ئەدەب"، یەكێک لە شاعیران و داهێنەرانی خاوەن توانایی و سەلیقە و خاوەن شێوازی ئەدەبی نەتەوەكەمانە كە لە كۆتاییەكانی سەدەی ١٩ و سەرەتاكانی سەدەی ٢٠ی زایینیدا لە ناوچەی موكریان ژیاوە و كۆمەڵێک شیعری پاراوی كوردی و فارسی نووسیوە، لە شێوازی ئەو قوتابخانە شیعرییەدا كە لە ئەدەبی فارسی بە قوتابخانەی عێراقی ناسراوە و سەرتۆپەكەشی حافزی شیرازییە و لە ئەدەبی كوردیدا پێی دەگوترێ قوتابخانەی بابان و میعمارەكەی نالی-یە.

دیارە لەو قوتابخانە شیعرییەدا شاعیرانێكی گەورە قەڵەمیان تاو داوە و دەوریان گێڕاوە و هەركامیان مۆری پەنجەیان بە سەریەوە هەیە. كورد گوتەنی: جێی ڕمبان دیارە و بۆ ناسینەوەی جێ پەنجەی هەركامێكیشیان پێویستە شارەزایانی بواری توێژینەوەی شێوازناسی شیعر باسی لێ بكەن و لایەنەكانی جوانیناسی شاعیرانەی شیعرەكان بناسنەوە و بیانناسێنن.

دیارە ئەم مرادە حاسڵ نابێ مەگین دوای دۆزینەوە و ساغكردنەوەی كۆی بەرهەمەكانی هەر شاعیرێک كە لێكۆڵەری ئەم بوارەش وەكو مامۆستا محەمەدی حەمەباقی لە پێشەكی دیوانی ئەدەبدا باسی كردووە، پێویستە شارەزای شێوازی لێكۆڵینەوە و ساغكردنەوەی شیعری كلاسیک بێ، یان بە گوتەی سادەتر شیعرناس بێ، بەڵام دیوانی ئەدەب بۆچی تاكو ئێستاش بەشێوەیەكی زانستی و ڕێكوپێک ساغ نەكراوەتەوە؟

مامۆستا محەمەد حەمەباقی لە لاپەڕەی ٤١ی پێشەکی دیوانی ئەدەبدا دەڵێ: «لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا تاکو ئێستا لە لایەن ٦ کەسەوە، ٦ جار بە ٦ تەقەللای شێوە جیاوازەوە دیوانی ئەدەب بە چاپ گەیەندراوە.» و بە هەر دوو تەقەللاکەی خۆیەوە دەبێتە ٨ جار. کە لە هەمان لاپەڕەدا لە بارەی شێوازی کارەکەی خۆی دەنووسێ: «لە تەقەللای ساغکردنەوەی شیعری ئەدەبدا، ئەوەندەی پشتم بە نوسخە چاپەکانی دیوانی ئەدەب و نوسخە دەستخەتەکان بەستووە، ئەوەندەش زیاتر پشتم بە خوێندنەوە و نوارین و لێکدانەوەی خۆم بۆ شیعر و هونەری شیعری ئەدەب بەستووە، کە ئەمە تازەترین شێوازی ساغکردنەوەی دیوانی شیعرە، چونکە لە کاتێکدا ئامادەکاری دیوانی شیعرێک، خۆی بۆ ساغکردنەوەی دیوانی شاعیرێک ئامادە دەکات بەر لە هەموو شتێک ئەوین و زەبری شیعر و هونەری شیعر و تایبەتمەندێتی ئەو شاعیرە و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی بۆ شیعرەکانی، ئەو ئامادەکارە دەخاتە سەر کەڵکەڵە و خولیای ئامادە کردن و ساغکردنەوەی دیوانی شیعرەکەی...

کە هەر هەمان ئەم هۆیانە، کاتێک دەبنە مایەی هاندان و ساغکردنەوەی دیوانەکەی، ئیتر بە دەم کارکردنی زۆری ئامادەکردنی دیوانەکەوە، دەبنە ناسنامەی ناسینەوەی شیعری شاعیرەکە، بە هەموو جۆرەکانییەوە، بە جۆرێک وەک چۆن هەر گوڵێک بە جیا، بۆنو بەرامەی تایبەتی خۆی هەیە، هەر بەو جۆرەش هەموو ئەو شاعیرانەی خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیانن، کەشوهەوا و شێوەی کار و هونەری کاری خۆیان هەیە و ئامادەکار لە تێکەڵاو بوونیدا کەشوهەوا و تایبەتمەندێتی شاعیرەکە، هەموو سەنعەت و ئەفراندنەکانی شاعیرەکە دەناسێتەوە... لەبەر ئەوە هەرکە شیعرێکی نامۆ تێکەڵ بە دیوانی شاعیرەکە بووبێت، یەکسەر هەستی پێ دەکا و دەیناسێتەوە، بۆیە پشت بەستنی بێ سێ و دوو، بە نوسخە چاپەکانی دیوانەکە و نوسخە دەستخەتەکانیش، مەترسی گریمانی ئەوە دەخوڵقێنێ، ئامادەکارانی ئەو چاپانەی پێشوو، یان نووسیارانی ئەو نوسخەتانەش، هەڵەیان لە پاش و پێش خستنی واژە و ڕستە و لە چۆنێتی خوێندنەوەی دەستخەتەکان و لە دووپاتکردنەوە و چاولێکەری یەکتردا، کردبێت... یان کتومت پشتیان بە دەستخەتەکان بەستبێ و وەک خۆیان ئامادەی چاپیان بکەنەوە، کە نموونەی ئەم شێوە دەستخەت خوێندنەوەیە، هەر لە دوایین چاپی دیوانی ئەدەبدا و بەسەر ئامادەکاری دیوانەکەدا تێپەڕیوە، کە دیوانەکەی لە بەر ڕۆشنایی دیوانە دەستخەتەکەی ئەدەبدا ڕوونووس کردبۆوە.»

کە لەمەدا مەبەستی کاک سەعیدی نەجاری واتا (ئاسۆ)یە. کاک حەمە لە ژێرەوەی ئەم پێشەکییەدا دەڵێ: «١- ئەو نموونەیەی باسی لێوە دەکەین، چاوەنوار نەدەکرا بە سەر کەسێکی شاعیر و شارەزای وەک ئاسۆ (محەمەدسەعید نەجاری)دا تێپەڕێ.»

لە لاپەڕەی ٤٣دا حەمە ئاوا دەنووسێ: «جگە لەم لایەنەش لایەنێکی تری گرنگ لە شیعری کلاسیکدا هەیە، ئەویش خوێندنەوەی چەند لایەنە و چەندین مەودای واژەیە، کە لە دەقی شیعری کلاسیکدا واژە هەر بەتەنیا مانا قامووسییەکەی نابەخشێ، بەڵکو چەندین مانای جیا جیا لە خۆ دەگرێ و زۆرینەی شاعیرانی کلاسیکی، پێیان وایە بەشێکی گرنگی شانازی و هونەری شیعرییان لەوەدایە، ئەگەر چەندین خوێندنەوەی جیاواز بۆ واژەیەکیان بکرێ، ئەوەندەش خوێندنەوەی جیا جیا بۆ شیعرەکانیان دەکرێ. کە نموونەی ئەم خۆنازییە شاعیرێکی وەک نالی دەری دەبڕێ، دەڵێ:

**«نالی» بە داوە شعری دەقیقی خەیاڵی شیعر**
**بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە**

هەر ئەم بوارە زەمینەی ئەوەش لە بەردەم توێژیاردا ساز دەکات تا خوێندنەوەی جیا جیا بۆ دیوانەکانیان بکرێ، بۆیە لە سەرینی شاعیرانی گەورە و ناسراوی وەک حافز، جەلالەدینی ڕۆمی، سەعدی، عەتتار و ...تاد تا ئێستا دیوانەکانیان لە لایەن دەیان نووسەری ناسراوی جیاجیاوە دەیان جار و بە دەیان دید و لێکدانەوەی جیاجیاوە لە چاپ بدرێ... کە ئەم کارە لە لایەکەوە ئاسۆی تێگەیشتن و چێژی شیرینتری خوێنەران لە شاعیرەکە و لە لایەکی تریشەوە ئاسۆی دەسەڵاتی شاعیرانەی شاعیرەکە بەرینتر دەردەخات، کە بە داخەوە ئەم کارە هێشتا لای ئێمە نەبۆتە شێوازێکی باو، بۆیە لەو کلاوڕۆژنەیەوە خۆزگەم دەخواست لە پاڵ ئەو هەموو سەرنج و لێکدانەوە قووڵ و بەنرخانەی مامۆستا مەسعوود محەمەددا کە سەبارەت بە «نالی» و «حاجی قادری کۆیی» لە کتێبەکانی (چەپکێک لە گوڵزاری نالی) و (دەستەودامێنی نالی) و (حاجی قادری کۆیی)دا نووسیونی، خۆزگە دیوانی نالی و حاجی قادری کۆییشی بەو نوارین و لێکدانەوەی خۆیەوە چاپ کردبان... خۆزگە (پیرەمێرد)ی شاعیرش لەپاڵ تەرجەمەی (ڕوحی مەولەوی تاوەگۆزی)دا، دیوانی مەولەویشی بە دیالێکتیکی گۆران چاپ کردبا... خۆزگە شەهید عەبدولخالق مەعرووف لەپاڵ ئەو سەرنجانەیدا بۆ هەر دوو چاپی دیوانی نالی، کە بنەماڵەی مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و دکتۆر مارف خەزنەدار

چاپیان کردووە، خۆشی دیوانی نالی چاپ کردبا... خۆزگە... و ... خۆزگە...»

دوای خوێندنەوەی ئەم پێشەکییە هەر خوێنەرێک دڵی خۆش دەبێ و ئۆخژنی دەکەوێتە گیانی کە دیوانێکی بێ هەڵە و پەڵەی "ئەدەب"ی لە بەردەستدایە، بەڵام دوای خوێندنەوەی دیوانەکە هەمان خوێنەر ئەگەر خوێنەرێکی شیعرناس بێ، سارد دەبێتەوە. ئەم جارەیان ڕەنگە ئاخێکی قووڵتر هەڵکێشێ و بە چەپۆک بە سەریدا بدا کە بۆچی ئەم دیوانە بە قەت هەر شەشەکەی پێشوو – بگرە لەوانیش زیاتر– هەڵەی تێدایە.

مامۆستا حەمەباقی دوای ساڵانێک تەقالا و ماندووبوون، تاکو ئێستا دوو جاری دیوانی ئەدەب–ی بە چاپ گەیاندووە کە جێگای ڕێز و پێ زانینە، چاپی یەکەمی لە ساڵی ٢٠٠٥دا لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکەرەوەی ئاراس بڵاوکردۆتەوە و چاپی دووەمیشی لە ساڵی ٢٠١٠دا لە لایەن مەڵبەندی کوردۆلۆجی سلێمانی بە چاپ گەیاندووە کە بابەتی خوێندنەوەی ئەم وتارە چاپی دووەمی کارەکەی مامۆستا حەمەباقییە کە تێیدا لە دوو بوارەوە ویستوومە باس لە کەمایەسییەکانی ئەم دواپین هەوڵەی ساغکردنەوە و بە چاپ گەیاندنی دیوانی ئەدەب بکەم: یەکەم لە بواری فەننی و تەکنیکی تایپ و ئامادەکاری پیشەیی چاپ و پەخشی کتێبەوە، دووەم لە بواری خوێندنەوە و ناسینەوە و ساغکردنەوەی شیعرەکانەوە کە بە ڕێنووسێکی تایبەت و لە سەردەمێکی تایبەتدا نووسراون.

پیشەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب پرۆسەیەکی تایبەتە و لەم سەردەمەدا بەو هەموو ئیمکانات و کەلوپەل و شێوازە پیشەیی و هونەرییانەی ئامادە کردن و تایپ و پێداچوونەوەی کتێبەکەوە، کە بە پێشکەوتووترین ئامراز و لە کورتترین زەماندا دەکرێ جێبەجێ بکرێت، ئەگەر لە کتێبێکدا بە دەیان هەڵەی تایپ و نیشانەدانان و تەنانەت دواکەوتنی وشە و ڕستە و لە بابەتی وەکو ئەم مەبەستەی ئێمەشدا (میسرەع) لەتەشیعر و بەیتەشیعری تێدابێ، بەڕاستی جێگای داخ و کەسەرە و مرۆڤ دڵ سارد دەبێتەوە کە ڕەنگە نە تەنیا دەزگاکانی چاپ و پەخشی کتێب، بەڵکو نووسەر و لێکۆڵەر و... تاد تەنیا چاویان لە بڵاوکردنەوە و فرۆشتنی کتێبەکە بێت، دەنا بۆچی دەبێ ئاوا دەرچووبێ؟

لەم دیوانەی ئەدەبدا کە لە لایەن ناوەندی کوردۆلۆجی سلێمانییەوە دەرچووە، لە سەر بەرگەکەی نووسراوە: (کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و ئامادەکردنی: محەمەد حەمەباقی، چاپی تازەی پێزیاد کراو!) لە هەموو لاپەڕەیەکدا چەندین هەڵەی تایپ و نیشانەدانان بەرچاودەکەوێ، کە هەم خوێنەر تووشی وەڕەزی و سەرلێشێوان دەکات و هەمیش زەربە لە مانا و جوانکاریی شیعرەکان دەدات، کە بەڕاستی ناکرێ لە وتارێکدا ئاماژە بە هەموو ئەو هەڵانە بکرێت و منیش تەنیا ئاماژە بە چەندین نموونە دەکەم کە بە داخەوە لە پێشەکی کتێبەکەوە بگرە تا کۆتایی دیوانەکە، ئەو هەڵانە بەردەوامن کە لەوانەیە بە ژماردن خۆ لە سەدان هەڵە و کەموکوڕی بدەن؛ کە بەڕاستی دیوانەکەی ئەدەب–یان زیاتر لەوانی دیکە قەمچتر کردووە و ئاداری بە سەر پادارەوە نەماوە کە کاک حەمە دەڵێ: ئەمە شێوازێکی نوێیە لە ساغکردنەوەی شیعر.

لە پێشەکی دیوانەکە لاپەڕەی ٢٨، لە دێڕی شەشەمدا کە باسی نامەی عەلی بەگی سالاری سەعید، براچکۆلەی "ئەدەب" بۆ ڤاسیلی نیکیتین دەکات و بە فارسی نووسراوە ئاوا هاتووە: «بعد از عرچ ارادت و بندگی هنگام مرخص از خدمت عالی کە بە ساوجبلاغ مراجعت کردم، اشعار مرحوم مصباح دیوان اخوی را حاچر نموده کە حچور حچرت عالی بفرستم.»

کە دیارە فۆنتەکەی گۆڕاوە، بەڵام وەک بڵێی کاک حەمە ئەوەندە کاتی بە دەستەوە نەبووبێ چاوێکی پێدا بخشێنێتەوە و ڕاستی بکاتەوە کە دەبوو نووسرابا: «بعد از عرض ارادت و بندگی هنگام مرخص از خدمت عالی کە بە ساوجبلاغ مراجعت کردم، اشعار مرحوم مصباح دیوان اخوی را حاضر نموده کە حضور حضرت عالی بفرستم.»

هەروەها لە لاپەڕەی ٣٢دا شیعرێکی ئاغاچکۆلەی کوڕی شاعیر بە ناوی ئەحمەدبەگی حەیدەری تێدایە کە باسی مەرگی باوکی دەکات و بە فارسی نووسراوە. لە دێڕی دووەمدا «گاب پراە» هاتووە کە وشەیەکی بێ مانایە و ڕاستەکەی «طاب ثراە»ـە و دوعایەکە بۆ پاش مردووان.

لە لاپەڕەی ٤٧یشدا لە سێیەم بەیتدا میسرەعی یەکەم لە جیاتی «سولبی» نووسراوە «سولیی»

**ئادەم ئەبولبەشەر کە بە زاهیر لە سولیی ویی – (سولبی)**

**هێشتا قوڕی گەڵاڵە بوو، تۆ خەتمی ئەنبیا**

لە لاپەڕەی ٥٠دا بەیتی چوارەم، میسرەعی دووەم لە جیاتی «تەرکیبی» نووسراوە «تەرکییی»

**ئەو تەلعەتی غیلمانی و شێوەی مەلەکی تۆ**

**حاشا کە کەسێک دیویە لە تەرکییی بەشەردا – (تەرکیبی)**

له لاپەڕەی ٥٥دا بەیتی شەشەم، میسرەعی دووەم، له جیاتی «بێ نەسیبی» نووسراوە «بێ نەسیبی»

**یارەب ئەوکەس باعیسی دووری من و تۆ بوو له یەک**
**بێ نەسیبی کەی له مەحشەردا له حەشری موستەفا – (بێ نەسیبی)**

له لاپەڕە ٥٩دا بەیتی یەکەم، میسرەعی دووەم له جیاتی «قوتبی» نووسراوە «قوتیبی»

**دڵبەرێ وا بێ که ئەمڕۆ زولفی عەییاری دەکا**
**قوتیبی بەستامی به دینێک مەیلی زوننار دەکا – (قوتبی)**

له لاپەڕە ٦٨دا بەیتی یەکەم، میسرەعی دووەم له جیاتی «لێ» نووسرا «لا»

**ئەو زولفی سەمەن سا، که سەراپایە له باڵات**
**چەشمی بەدی لا دوور بێ، چ زیبایە له باڵات – "لێ" ڕاستە**

کە هەڵەی لەم جۆرە له سەرانسەری دیوانەکەدا شەپۆلان دەدا و بە زەقی دیارە و خوێنەری کارای شیعر هەر بە خوێندنەوەی تێدەگات که ئەوانە هەڵەن.

له هێندێک شیعردا نووسراوەی شیعرەکە بە تەواوی تێکەڵ و پێکەڵ بووە، بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٧١ی دیوانەکەدا سێ بەیتی شیعرەکە کەوتوونەتە پاڵ یەک و خوێندنەوەیان زۆر دژوار بووە:

**سەر و سامانەکەم تا بوو، نەبوو کەس بۆ کەس و کارت**
**له بێ سامانییە وێستا. دەگەڵ غەیرە سەروکارتلەبەرتازە**
**گرفتاران، دەزانم دەزانم مەیلی مەت ناوە**
**بلا جارێ لەمەش پرسە کە ئێمەش بووین گرفتارت (ئەدەب)**
**بەو غایەتەش یارت نەبوو، نامیهرەبان ئەمما**
**له ئاهی ئاتەشینی تۆ، خوداگیر بێ سەبەب کارت**

ئەوە دیارە کە شیعری کلاسیک ئاوا نانووسرێتەوە، بەڵام پێدانەچوونەوەی کتێب پێش چاپ و بڵاو کردنەوەی بەڵای ئاوای بەسەردێنێ. ئەو شیعرە دەبوو ئاوا نووسرابایەتەوە:

**سەر و سامانەکەم تا بوو، نەبوو کەس بۆ سەروکارت**
**له بێ سامانییە وێستا، دەگەڵ غەیرە سەروکارت**
**لەبەر تازە گرفتاران دەزانم مەیلی مەت ناوە**
**بلا جارێ له مەش پرسە، کە ئێمەش بووین گرفتارت**
**"ئەدەب" بەو غایەتەش یارت نەبوو، نامیهرەبان، ئەمما**
**له ئاهی ئاتەشینی تۆ، خوداگیر بێ سەبەب کارت**

له لاپەڕەی ٧٥دا بەیتی نۆیەم، میسرەعی دووەم له جیاتی «بێ تابیی دڵان» نووسراوە «بێ تابی یی دڵان»

**یاران، مەکەن مەلامەتی بێ تابی یی دڵان – "بێ تابیی"**
**بیللا کە تیغی شەوقی ویسالی بە جان گەیشت**

له لاپەڕە ١٢١دا کە پێنج خشتەکییەکی تێدایە له کۆپلەی شەشەم، میسرەعی دووەمدا لەباتی «لەتمێک» که بە مانای «زللە لێدان»، نووسراوە «لەگمێک»:

**ئەمن بیستم کە فەرمووتە بە عوششاق ئەی مەهی خووبان**
**کەسێ لەتمێک لە چەوگانت نەبا، ناباتە سەر مەیدان**

له لاپەڕەی ١٣٧دا له دوایین بەیتی شیعرەکەدا میسرەعی یەکەم پەڕیوەتە لاپەڕەی ١٣٨ کە ئەوە خۆی لە نووسینەوەی شیعری کلاسیکدا عەیبێکی گەورەیە و لە هەمان لاپەڕەی ١٣٨دا لە بەیتی شیعری دووەمدا «وەندە غیلمانی بەهەشتی» بە شێوەی «وەندە غیلمانی بەهەشتیی» نووسراوە، هەروەها لە میسرەعی دووەمدا له جیاتی «دەربیجە» نووسراوە «دەربیچە»:

**وەندە غیلمانی بەهەشتی، هەرئەمەند حۆر و پەری**
**هاتنە سەیری لە دەربیچە و بام و ڕەوزەن**

له لاپەڕەی ١٣٩دا بەیتی دووەم، میسرەعی یەکەم له جیاتی «خەرامان» نووسراوە «خەرمان». له میسرەعی دووەمیشدا لە باتی «غونچەیی» نووسراوە «غونجەیی»

**یەک وەکو سەروی خەرامان و یەکێ دەستەی گوڵ**
**یەک وەکو غونجەیی خەندان و یەکێ شاخی سەمەن**

له لاپەڕە ١٩٨دا بەیتی چوارەم، میسرەعی یەکەم، له جیاتی «میثالی» نووسراوە «میپالی»

**لەبی وەک غونچە و چیهرەی بە میپالی گوڵی گەش – میسالی**
**گوڵ دەبارێ لە دەمی، خونچە ئەگەر پێدەکەنێ**

هەر لەم بەیتەدا بە دوای خونچەدا نیشانەی (:) داندراوە کە بە هیچ شێوەیەک جێگای نییە و وەکو پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، لەو جۆرە نیشانەدانانە، هەڵەی زۆر بەرچاو دەکەون کە خوێندنەوەی شیعرەکان تێک دەدەن.

بۆ ئەوەی بتوانین کۆمەڵێک لە هەڵەکانی نێو ئەم دیوانە بۆ خوێنەران دیاری بکەین، لێرەدا هەشتێک لە مشتێکی ئەو هەڵانە لە چارتێکدا دەنووسینەوە و دەقی شیعرەکان نانووسینەوە، چونکە لە وتارەکەدا جێگایان نییە.

**لاپەڕە**

٢٠٢، بەیتی ٣، میسرەعی ٢
٢١٦، بەیتی ٤، میسرەعی ١

٢١٦، بەیتی ٥، میسرەعی ٢
٢١٦، بەیتی کۆتایی، میسرەعی ١
٢١٩، بەیتی ١، میسرەعی ٢
٢١٩، بەیتی ٢، میسرەعی ١
٢١٩، بەیتی ١٠، میسرەعی ٢
٢٢١، بەیتی ٧، میسرەعی ٢
٢٢٢، بەیتی ١، میسرەعی ١
٢٢٢، بەیتی ٢، میسرەعی ٢
٢٢٢، بەیتی ٣، میسرەعی ٢
٢٢٢، بەیتی ٧، میسرەعی ١
٢٢٢، بەیتی ١١، میسرەعی ١
٢٢٣، بەیتی ٩
٢٢٣، بەیتی ١١، میسرەعی ٢
٢٢٤، بەیتی ٥، میسرەعی ٢
٢٢٤، بەیتی ٦، میسرەعی ٢
٢٢٤، بەیتی ٧، میسرەعی ٢
٢٢٥، بەیتی ٢، میسرەعی ٢
٢٢٨، بەیتی ٦، میسرەعی ١
٢٢٨، بەیتی ٧، میسرەعی ١
٢٢٨، بەیتی ئاخر، میسرەعی کۆتایی
٢٢٩، بەیتی ١، میسرەعی ٢

**وشە یان ڕێکەوەند و زاراوەکە بە شێوەی هەڵە**

نیپاری
عجیبی
نپندە
با او با شست مگیر
اهرن شکن
یاوجوج
کز تپبت
محشد
دوشنبە
شمخری
ررا
گین
پنا
شیگان - بربارده
نیبی
پنا
توم
ڤفر
تشریش

بنده و
به غلگ مهء
زدل دارم
گایر

**وشە یا ڕێکەوەند و زاراوەکە بە شێوەی ڕاست کراوە**

نیساری
عجبی
بیننده
ادبا سهل مگیر
اهریم شکن
یأجوج
لەبەر ئەوەی نوسخەی ئەم شیعرەمان لەبەر دەست نەبوو، نەمانتوانی ڕاستەکەی بنووسینەوە، بەڵام دیارە کە هەڵەیە
محشر
دوشینه
شرخری
ورا (کورتەی او را)
طین
ثنا
شیطان - برباد ده
نبی
ثنا
توأم
ظفر
تشویش (ئەم شیعرە بە گشتی بە هەڵە خوێندراوەتەوە و نووسراوە، بۆ ڕاست کردنەوە ئەم شیعرانە بنوارنە ڕامانی ژمارە ١٤٤ و نامیلکەی کۆنگرەی میسباح)
بندەی
به غلط مه
ز دل بردارم
طایر

لێرە بە دواوە ئاماژە بە کۆمەڵێک هەڵەی خوێندنەوەی دەستخەتەکان دەکەین کە مامۆستا نەیتوانیوە بە دروستی بیانخوێنێتەوە و نازانم بۆ بە هەڵە چاپی کردوون؟ جا بۆ ئەوەی بۆ خوێنەرانیش ڕوونتر بێ، لەم جۆرە هەڵانە تەنیا لەو ١٧ غەزەلە نموونە دێنمەوە کە لە پاشکۆی کتێبەکەدا وێنەی دەستخەتەکانیان چاپ کراوە. بۆ ئەوەی بۆ خوێنەرانیش ڕوونتر بێت و پاشان بۆخۆیان داوەری بکەن.

لە لاپەڕەی ٤٥ بەیتی ٦ میسرەعی ٢
**تۆی مویدیعی موحیتی سەماواتی سەرنگوون**
**تا کەشیی یی کەواکیبی تێدا بکەن شەنا**
کە وشەی «کەشیی یی» دەبوو نووسرابا «کەشتیی»، وشەی «شەنا» دەبوو نووسرابا «شنا» کە وشەیەکی فارسییە بە مانای مەلە و وێژەکەی shinaیە.
لە لاپەڕەی ٥٠ بەیتی ٥ دەبوو لە جێی بەیتی سێیەم هاتبا کە لە نوسخەکەدا وایە و بەیتی ٣ میسرەعی ٢ «ئەنفاسی مەسیحێکە» دەبوو «ئەنفاسی مەسیحایە» بوایە.
لاپەڕەی ٥٤ ئەو غەزەلەی لەم لاپەڕەیەدا هاتووە زۆر بە هەڵە خوێندراوەتەوە و بە یەکجاری شیعرەکەی تێکداوە.
بەیتی ٢:
**ئەی خودا عەشقی... بەچە دڵ خۆزگە بەوەی**
**کەس خەرابەی دڵی خۆی قەت بووە ئاباد نەکا؟**
کە ڕاستەکەی دەبوو بەو شێوەیەی خوارەوە بوایە:
**ئەی خودا عیشق ڕێگە نەخاتە هیچ دڵێک، خۆزگە بەوەی**
**کە خەرابەی دڵی خۆی قەت بەوە ئاباد نەکا**
بەیتی ٣، وشەی «ڕەحمەتی ڕێ» هەڵەیە و لە مانای شیعرەکەڕا دیارە کە دەبێ «زەحمەتی ڕێ» بێ.
بەیتی ٤، «عاشقی سادق ئەوەیە» لە دەستخەتەکەدا نووسراوە «عاشقی سادق ئەوە»
بەیتی ٦، (با دووری، دڵی هێند ناڵە و فەریاد نەکا) کە هەڵەیە و دەبوو نووسرابا: (با لە دووری، دڵ ئەمەند ناڵە و فریاد نەکا)
بەیتی ٧، «سایەیێ» هەڵەیە و «سایەیەک» دروستەکەیەتی.
بەیتی ٩ بە گشتی هەڵەیە:
**تا نەسیمێ لە سەری زولفەوە دێ، چاترە سوز**
**بۆیە سووتاو دەبێ، ڕوو قەت بە تەڕەف باد نەکا**
کە دروستەکەی بەم شێوەیە:
**تا نەسیمێ لە سەری زولفەوە دێ چاترە سووز**
**بۆیە سووتا دەبێ، ڕوو لە تەڕەف باد نەکا**
سەیری خۆش لەوەدایە وشەی «قەت» لە نوسخەکەدا نییە! نازانم کاکە حەمە لە کوێی هێناوە کردوویەتە نێوئاخنی شیعرەکە.
لە لاپەڕەی ٦٩ بەیتی ٨. دوو جار خوێن لە جیاتی خوون نووسراوە کە لە دەستخەتەکەدا خوون هاتووە نەک خوێن. خوون بێژەی فارسییە بۆ خوێن.
**ماچێ لە کونجی دوو لەبی خوونیمە، خوونبەهات**

لە لاپەڕەی ١٢٧ بەیتی یەکەم:
هەڵە:
**جانا وەرە تا جانی عەزیزت بە فیدا کەم**
**جارێکی ئەدا و سەت کەرەتیشت بە قەزا کەم**
ڕاست:
**جانا وەرە تا جانی عەزیزت بە فیدا کەم**
**جارێکی ئەدا، سەت کەرەتیشی بە قەزا کەم**
بەیتی کۆتایی:
هەڵە:
**شەرتی "ئەدەب"ە، جانی فیدای ئەو کەفی پا کا**
**بتوانم ئەگەر لەو سەری گیسووتی ڕەها کەم**
ڕاست:
**شەرتی "ئەدەب"ە جان بە فیدای ئەو کەفی پا کا**

لاپەڕەی ١٤٩
هەڵە: چاو
ڕاست: چەشم
بەیتی ٣
**شێری دەشکێنێ نیگەهی چاوی غەزالت – چەشمی**
**نیرووی غەزەنفەر، کە بە سەرپەنجەیی ئاهوو**
لاپەڕەی ١٦٣، بەیتی سێیەم لە دەستخەتەکەدا نییە.
لاپەڕەی ١٦٣، بەیتی ٦، لە جیاتی (ئەمسالەکەی)، (ئەمسالەکەت) و لە جیاتی (نیسبەت بە من)، (دەرحەق بە من) لە جیاتی (ویسال و) (ویسالی) هاتووە کە هەڵە خوێندراونەتەوە:
هەڵە:
**با نەبێ ئەمسالەکەی غەیری ستەم دەرحەق بە من**
**یادی شەوگاری ویسالی لوتفەکەی پارم بەسە**
ڕاست:
**با نەبێ ئەمسالەکەت، غەیری ستەم، نسیبەت بە من**
**یادی شەوگاری ویساڵ و لوتفەکەی پارم بەسە**
بەیتی حەوتەم کە لە نوسخەکەدا پێش بەیتی کۆتاییە و بە هەڵەش نووسراوەتەوە:
هەڵە:
**بۆ بە تەحریکی ڕەقیبت، زەخمی دیکەم لێدەدەیت؟**
**بەو خەمی ئەبرۆت قەسەم، زەخمی ئەوەڵ جارم بەسە**
ڕاست:
**زەخمی دیکەم بۆ بە تەحریکی ڕەقیبت لێ دەدەی؟**
**بەو خەمی ئەبرۆت قەسەم، زەخمی هەوەڵ جارم بەسە**
لاپەڕەی ١٧٦، بەیتی دووەم:
هەڵە:
**حیرەت نییە، پابەندیی مە، بەو خەتی زیبای**

**رۆژی ئەزەلا ئەو خەتە، وا بۆ مە کشاوە**
ڕاست:
**حیرەت نییە، پابەندیی مە، بەو خەتی زیبای**
**رۆژی ئەزەلێ ئەو خەتە، وا بۆ مە کشاوە**
بەیتی ٥
هەڵە:
**فەرمووتە نەڵێم نوکتەیی عیشقت بە ڕەقیبان**
**ئەم ئاتەشی سووزەندە بە من چۆن دەشەراوە!**
کە ڕاستەکەی میسرەعی دووەەم بەم شێوەیە:
**ئەم ئاتەشی سووزەندە بە من چۆن دەشێراوە**
شێردنەوە، یان شێرانەوە، بێژەی بەشێک لە خەڵکی ناوچەی موکریانە لە وشەی «شاردنەوە».

بەیتی ١٠، وشەی قافیەکە ڕاستەکەی «لێ نەچناوە»یە، بە هەڵە «لانەچناوە» نووسراوە.

بەیتی ١١، وشەی سەرەتای میسرەعی دووەم کە ڕاستەکەی «جامەیەکە» بە هەڵە نووسراوە «جامێکە»، جامە بە مانای پۆشاک و جلوبەرگە.

لاپەڕەی ١٨٦، بەیتی دووەم، میسرەعی یەکەم. وشەی «ئەلعەجەب» هەڵەیە و ڕاستەکەی «ئەی عەجەب»ـە.

بەیتی ٦ وشەی «کێشتی» وشەیەکی هەڵەیە و ناخۆشە و لە «کشت»ی بە مانای «داچێندراو» هاتووە.

لە زۆر جێگای دیوانەکەدا وشەی «لێ» کراوە بە «لا» کە دیارە هەڵەی گۆڕینی فۆنتە، وەکو بەیتی کۆتایی غەزەلی لاپەڕەی ١٨٦ وشەی «لاگەڕێ» کە دروستەکەی «لێ گەڕێ»یە.

لە لاپەڕەی ١٢٠دا پێنج خشتەکییەک هاتووە کە دێڕ بە دێڕی هەڵەی خوێندنەوە و نووسینەوەی تێدایە کە لەوە پێش نموونەم لێ هێنایەوە و لێرەدا جارێ بۆ ئەوەی کورتی ببڕمەوە تەنیا داوا لە خوێنەران دەکەم چاوێکی پێدا بخشێننەوە و لە داهاتوودا بە ڕاستکراوەیی بڵاوی دەکەمەوە، تەنانەت لە پەراوێزی ئەم شیعرەدا مێژووی نووسرانەوەی ئەم شیعرە کە لە دەستخەتەکەدا «یوم شنبە»یە نووسراوە «یوم دوشنبە». هەڵبەت پێویستە ئاماژە بە شتێکی تریش بکەم، ئەویش ئەوەیە کە مامۆستا چەند شیعرێکی لەم دیوانەدا هێناوە و نووسیویەتی کە لە چاپەکانی پێشوودا نییە و گوایە خۆی دەستخەتەکانی وەگیر هێناون و ساغی کردوونەوە، بەڵام نووسەری ئەم وتارە دەستخەتەکانی ساغ کردوونەوە و پێش چاپی ئەم کتێبە لە گۆڤاری ڕامانی ژمارە ١٤٤ و تایبەتنامەی کۆنگرەی «مصباح الدیوان ئەدەب» لە بۆکان لە ١٣٨٧/٢/٢ بڵاوم کردوونەتەوە.

ئەو شیعرانە بریتین لە: ئەو شیعرەی کە باسی فەوتی ئەدەب دەکات و (احمد العاصی حیدری مصباح زادە) نووسیویەتی و من لە ڕامانی ژمارە ١٤٤ و کۆنگرەی "ئەدەب"دا بۆ یەکەم جار بڵاوم کردۆتەوە. جێگای سەرسووڕمان ئەوەیە کە کاکە حەمە لە لاپەڕەی ٣٣ی پێشەکییەکەدا وەرگێڕانی (احمد العاصی حیدری مصباح زادە) وشەی (العاصی) کردۆتە «ئەحمەدی یاخی حەیدەری موکری میسباح زادە» کە وشەی عاصی بە مانای گوناحبار و تاوانبارە نەک بە مانای یاخی.

ئەو شیعرانەی کە لە ڕامان و کۆنگرەی ئەدەبدا هاتوون ئەمانەن:

کۆنگرەی میسباح: غەزەلی لاپەڕەی ٧٣، غەزەلی لاپەڕەی ٨١، غەزەلی لاپەڕەی ٢١٦، غەزەلی لاپەڕەی ١٣٦ (کە دیاری مەلاحوسێن مەجیدی بوو)

ڕامان: غەزەلی لاپەڕەی ١٧٨،

لە کۆنگرە و ڕامان-دا: غەزەلی لاپەڕەی ٢٢٥

لە هەموان سەیرتر ئەوەیە کە گۆیا کاک محەمەد تەواوی چاپەکانی تری قوونەکەو کردووە و بەراوردی کردوون. غەزەلێکی لە لاپەڕەی ٢١٧ هێناوەتەوە کە لە هیچ کام لە چاپەکانی دیکەی ئەدەبدا نین، لە بارەی وەفاتی شێخی بورهان، کە لە چاپی مستەفای ئێلخانی زادەدا هەیە و پێشتر چاپ کراوە. بنوارە لاپەڕەی ١٦٨ و ١٦٩ی نوسخەی ئیلخانی زادە.

* * *

لە کۆتاییدا نووسەری ئەم وتارە کە وەکو پێشتر باسم کرد، هەشتێک لە مشتێکی هەڵەکانی ئەم دیوانەم لێرەدا خستە بەر دیدەی خوێنەران، بەڵام ساغکردنەوەی هەموو و تێکڕای دیوانەکە پێویستی بە خوێندنەوە و نووسینەوەی سەرلەبەری دیوانەکە هەیە و منیش خۆم بۆ تەرخان کردووە و هیوادارم بتوانم لە داهاتوودا دیوانێکی بێ هەڵە و پوختەی ئەدەب بکەم بە دیاری بۆ کتێبخانەی کوردی.

# وێنە و خەیاڵ
# لە شیعری: (بۆ ڕۆدانی کوڕم)

شوان سەرابی

وێنەی هونەری، یان شـیـعـری چەندین لایەنی لێک ئاڵاو و نادیاری هەیە و پێویستی بە ڕوون کـردنەوە و شـیکردنەوەی دیاریکراو هەیە. لێـرەدا کـارەکـە ئاڵۆزتر دەبێت، ئەگـەر پەیوەست بێت بە شـاعـیـرێکی ئاڵۆز لە دەربڕیندا، شاعـیرێک، کە هەر وتەیەکی چەند مانایەک لەخۆی بگرێت، (فەرهاد پیربال) خاسیەتێکی تایبەتی لە شـیـعـر و وتار و مـانای شـیـعـرەکـانی هەیە زۆر جیاوازیشە لە شاعیرانی دیکە.

هەرچەندە شاعیر بەشێوەیەکی گشتی لە شیعرەکانیدا بگرە لەم شـیـعـرەیدا (بۆ ڕۆدانی کـوڕم) ئاڵۆزە، لەبەر بوونی چەندین شـێـوازی و زۆری بیـروڕاو وێنەکـان لە شیـعرەکـانی دی ئاڵۆزتر و نادیارترە، تا وای لێ هاتووە ببێتە فیلمێکی وێنەداری هەمە گرتەی ئاڵۆز، هەندێکیان بیر دەتوانێت یەکسەر پێی بگات و ئاڵۆزییەکـانی شی بکاتەوە و هەندێکی دیکەشی دوای بیـرکـردنەوە و لێکدانەوەیەکی زۆر پێی بگات.

فەرهاد پیربال یەکێکە لە شاعیرە مۆدێرنەکان، کە بە بنەماو ڕێساکانی شیعر نووسینەوە پەیوەست نییە، بەڵکو هەرچۆنێک بێت شـیـعـر دەنووسێت و خـۆی و دەوروبەری لە ناو شیعرەکاندا نیشـان دەدات. کـاتێک شـیـعـرەکـانی ناوبراو دەخوێنینەوە، یان گـوێمـان لێیـان دەبێت، دەبینین زیاتر وێنەی سەرنجڕاکێشی واقیعییانەو خەیاڵی سادەی گاڵتەئامێزی تێدا بەرجەستە دەبێت، بۆیە کـاتێک سـەیری شـیـعـری (بۆ ڕۆدانی کـوڕم) دەکـەین، دەبینین هەوڵی داوە زیاتر واقیعییانە بێت لە ژیانیدا و ڕێنمـایی بەسـوودی کـوڕەکـەی بکات و لە ڕێگەیەوە خەڵکانی تریش سوودمەند بن لێی.

لە شیـعـری" بۆ ڕۆدانی کـوڕم"دا شـاعـیـر هەوڵ دەدات زیاتر تیـشـک بخـاتە سـەر ئەو گـرفـتـانەی تاکی ناو کۆمـەڵگە پێوەی دەناڵێنن و دەیەوێت بەهۆیەوە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکات، لەوانە: سەربەستی تاک، ئازادی بیروڕاو و نەهێشتنی بەربەستەکانی ژیان، کە نایەڵن تاک بەرەو سەرفرازی، یان خۆشبەختی بڕوات. پێکهاتەی شیعرەکە بریتییە لە گوتاری ئامۆژگاری، یان ئامـۆژگـاری باوکـێک بۆ کـوڕەکـەی، نیـشـاندانی ئەو بەربەسـتانەی، کە ڕووبەڕووی (ڕۆدان)ی کوڕی دەبنەوە. لەم شیعرەدا شاعیر چەندین وێنەی تێک ئاڵاوی یەک بە دوای یەکی وێنە کێشاوە، بە جۆرێک هەریەک لەم وێنانە گوزارشت لە دیاردەیەک، یان شتێکی باوی ناو کۆمەڵگە دەکات، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین ئەم هەمـوو شێـوازە بووەتە هۆی بنیادنانی وێنەکان و بە چەندین شێوازی جیا جیا هاتوونەتە دی.



**د. فەرهاد پیرباڵ**

**پێکهاتەی شیعرەکە:**

شیعرەکە بە ناوونیشانی (بۆ ڕۆدانی کوڕم) دەستی پێ کـردووە، ئەمـەش لە خـۆیدا چەندین مـانا و لێکدانەوە هەڵدەگرێت، چ لە شێوەی وتووێژ لە نێوان باوک و کوڕ، یان لە شێوەی ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردن، یان هەوڵدان بۆ گەیاندنی گوتارێک، یان مەبەستێک بۆ بەرانبەر، کە کـوڕەکـەیەتی، بەڵام کـاتێک ڕسـتـەکـە کـۆتایی دێت و دەگەین بە (کـاتێک تەمـەنی دەبێـتە (١٨) سـاڵ) ئەم ڕسـتـەیە ڕێنمـاییـمـان دەکـات و لە تەمـومـژی پێـشـتـر ڕزگـارمان دەکـات و تێ دەگەین، کـە مـەبەسـتی شـاعـیـر تەنیـا گـەیاندنی چەند ڕاسـتـیـیـەکە بۆ کـوڕەکـەی و بۆ ڕۆشـنـکـردنـەوەی ڕێـگـای ژیـانـی لـە دواڕۆژێـکـی نزیکدا(١). لێـرەدا ئەوەمـان بۆ ڕوون دەبێـتـەوە، کـە مەبەستی شاعیر لە گەیاندنی گوتارە ئاراستە کراوەکەی بۆ کوڕەکەی، تەنانەت چەند شتێکی ڕۆژانەیە، کە پێشتر لە لای کـۆمـەڵگەکـەی هەبووە و لەبەر کـاریگەرییـە خـراپەکەی، یان بەهێـزەکەی وای لە کـۆمـەڵگە کـردووە نەجووڵاو و نەگـۆڕ بێت، بۆیە مـەبەسـتی شاعـیـر لێـرەدا ئەوەیە وەک بـاوکــێـک بۆ کــوڕەکـــەی لەلایەک و وەک ڕێنیشـاندەرێک بۆ کۆمەڵگە لەو ئەنجامەی تێیدا دەژین، یان بەرێوەن بۆی لە ئەنجامە خراپەکە ئاگاداریان بکاتەوە تاوەکو ئەو وەک کۆمەڵگەکەیان لێنەیەت، بۆیە شاعیر کە دەست دەکـات بە قسـەکردن، لەگەڵ کـوڕەکەی بە وشـەی (هاوڕێم) بـانگی دەکـات، ئەمـەش چەند شـتـێکی لێـوە دەبینرێت:

(١) نایەوێت گـوتارەکەی تایبەت بکات بە کـوڕەکەی، بەڵکو دەبێت هەمـوو ئەندامانی کۆمەڵگە لەم ئامۆژگاری و ڕێنماییانە سوودمەند بن.

نایەوێت ڕۆدان وابزانێت ئەوە ئامۆژگاری باوکە و وەک فـەرمـان دەبێت جـێبـەجـێی بکات. هەر بۆیەش کـاتێک کـوڕەکـەی تێـدەگـات ئەو لە دڵسـۆزییـەوە ئامـۆژگـاری دەکات، بە دڵنیاییەوە گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانی دەگرێت، کە لە چەندین برگە و وشە پێکهاتووە.

دەتوانین لایەنی گـوتارەکـە، یان گفـتـوگـۆیەکـە لە ڕووی بەکـارهێنـانی وشــەی (هاوڕێ، ڕۆدان، کــوڕەکــەم)ـەوە دابەش بکەین بۆ:

١- بەکارهێنانی وشەی ( هاوڕێ).

- هاوڕێم.

پاسەوانەکانت ناتپارێزن، بەڵکو زیندانت دەکەن.

سەرەتا پێش هەموو شتێک ڕاستییەکەی پێ دەڵێت، پاشان وردە وردە بۆی شی دەکاتەوە، لەوانەیە کەسانێک هەبن بڵـێن بۆچی تەنیـا بە وتنی ئەم ڕسـتـەیە وازی نەدەهێنا؟

**- شـوورە و دیواری بڵند بۆ پاراسـتـنی خـۆت و هەمـوو هاوڕێکانیشت دروست دەکەن.**

**وریابە هاوڕێم**

**پاسەوانەکانت هەمیشە درۆت لەگەڵ دەکەن**

**- من دڵنیام تۆ لەو کاتەدا، هاوڕێم**

**حەز دەکەی ئیتر**

٢-بەکارهێنانی وشەی (کوڕەکەم)

**- کوڕی خۆم، ڕۆدان گیان**

**کە گەورە دەبی**

**بەکارهێنانی ناوی (ڕۆدان)**

**- بۆ ڕۆدانی کـوڕم، کـاتێک تەمـەنی دەبێـتـە (١٨) ساڵ.**

**- کوڕی خۆم، ڕۆدان گیان**

**کە گەورە دەبی**

**- ڕۆدان گیان،**

**من دڵنیام تۆ لەو کاتەدا، هاوڕێم**

**حەزدەکەی ئیتر**

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە شاعیر تەنیا مەبەستی خودی کوڕەکەی نەبووە، بەڵکو مەبەستی کەسانی دیکە بووە، بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (١٨- ٢٣)ساڵی بووە، لە هەردوو ڕەگەز.

ئامۆژگارییەکانیش لەم لایەنانەدا خۆیان دەدۆزنەوە:

**یەکەم:** پاسەوانەکان ناتپارێزن، بەڵکو زیندانت دەکەن

**دووەم:** دەوروبەر دەیەوێت فریوت بدات.

**سێیەم:** هەوڵەکان بەردەوام لە خشتەبردنتن.

**چوارەم:** هەر هەمـوو کـۆمـەڵگە دوژمنتـە نەک تەنیـا چینێک، یان توێژێک.

**پێنجـەم:** هەوڵ دە خـۆت ڕزگـار بکەیت، ئەگـەر بە دژایەتیکردنیش بێت.

**ئەو بەربەسـتـانەی کـە ڕووبەڕووی (ڕۆدان)ی کـوڕ دەبنەوە.**

هەروەک لە باسی یەکەم خستمانە ڕوو شاعیر لەم شـیـعـرەدا دەیەوێت چەندین ئامـۆژگـاری و ڕێنمـایی ئاراستەی نەوەی نوێ بکات لە ڕێگای کوڕەکەی خۆیەوە، بۆیە بە پێـویسـتی زانیـوە چەند شـتـێکی نادیاری بۆ بدرکێنێت، لەوانە:

– من مـامـۆسـتـای تۆم، دەتپـارێزم.......... بە بیانووی زانست و زانیاری

– من ڕۆژنامـەم، دەتپـارێزم......... بە بیـانووی زانیاری جۆراوجۆر

– من مودیری ئاسایشم............. ئاسایش

– من حیزبم................ ڕێساو پابەندبوون

– من مودیرم................ پێکهاتەی کۆمەڵگە

– من سەندیکام............. پێکهاتەی کۆمەڵگە

– من مەلام................. ئایین و دەسەڵاتی

– من برای گەورەتم............ چینایەتی خێزان

– من ڕێکخراوم....... لایەنە ڕێکخراوەییەکان

کاتێک سەیر دەکەین دەبینین ئەم هەمـوو شتـانە هەن، کە دەبنە پارێزگاری و بەربەست بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی تاکێک لە کۆمەڵگە، ئەم وێنانەش کە شاعیر کێشاونی جارێکیـان گـوزارشت لە زانسـت و زانیـاری و جـارێکی دیکە گـوزارشت لە تاکـەکـان و پێکهـاتـەی کـۆمـەڵگە دەکەن.

**بەشی یەکەم: وێنە لە شیعری بۆ ڕۆدانی کوڕم**

لەم شـیـعـرەدا شـاعـیـر توانیـویەتی چەندین وێنەی جیـا جیـا بکێشێت، کە لە چەندین وێنەی تێکهەڵکێشراوی ئاڵۆز و سـەرنجـڕاکـێش پێکهـاتوون، کـە بەهۆیانەوە توانیـویەتی چەندین دیاردە و وێنەی ڕاسـتـەقـینەی نێـو کـۆمـەڵگە پیـشـان بدات و ڕوون بکاتەوە، بۆیە هەر لەو ساتەی دەست بە خوێندنەوەی شیعرەکە دەکەین، دەبینین شـاعیـر هەوڵی داوە وێنەیەکی نـوێ بۆ کوڕەکەی دروست بکات و چەندین سـاڵ گـەورەتربێت لەوەی، کـە ئێسـتـا تێـیـدا دەژێت و هەرچەندە ئەو مـەبەسـتی کـوڕەکـەیەتی، بەڵام وەک دیارە ئەم گـوتارە تـەنیـا ئاراسـتـەی ڕۆدان نەکراوە، بۆیە دەڵێت:

**بۆ ڕۆدانی کوڕم**

**کاتێ تەمەنی دەبێتە (١٨) ساڵ**

ئەم وێنەیەی، کە بۆ کوڕەکەی کێشاوە وێنەیەکی خەیاڵ ئامـێـزە و باس لە دواڕۆژ دەکـات، بۆیە کـاتێک لەم شـیـعـرەدا باس لە وێنەکـان دەکـات، سـەرەتا چەندین (وێنەی تاک)مـان بۆ وێنە دەکـێشـێت و کۆی ئەم وێنانە وێنەیەکی گشـتی کـۆمەڵگە لە چەند ڕوویەکەوە پیشـان دەدەن، هەروەها دەبینین لەبەرانبـەر ئەم وێنانەدا وێنەی دەسەڵات دەنەخشێنێ، کە بە خوازەی وشەی (پاسەوان) ناوی دەبات، بەڵام چ پاسـەوانێک؟ ئایا مـەبەسـتی پاسـەوانێکی ئاسـاییـە، کـە بۆ بژێوی ژیانی ئەم کـارە دەکات، یان ئەو پاسەوانەی لە دڵی شاعیر بووەتە هەموو شتـێک؟ ئەو پاسەوانەی کـە بەناو پاسـەوانە و چاودێری هەڵسـوکـەوتی کـۆمـەڵگە دەکـات و نایەڵێت تاک و کـۆمـەڵگە لە شـوێنی خـۆی بجـوڵێت و پێش بکەوێت. هەرکـاتێک کـۆمـەڵگە ویسـتی کـارێک بکات، یان هەنگاوێک بەرەو پێـشکەوتنخـوازی و نوێ بنێت، ئەوە ئەم پاسـەوانە دەبێـتـە بەربەست و نایەڵێت پەل بزێوی بکات و بەرەنگاری دەبێـتەوە، بۆیە کـاتێک دەمـانەوێت وێنەی پاسەوانەکان ببینین پێـویسـتـە وێنەی کۆمـەڵگە دیاری بکەین و بکێشین، بۆیە دەیان وێنەی جـۆراوجـۆر دەبینین، کـە هەریەکـەیان بەشـێـوەیەک و نزیک لەوەی دیکەیان کـێـشـراون و بەکـۆکـردنەوەی وێنە تاکـەکـان دیاردەیەکی ناو کۆمەڵگەمان بۆ دەکێشرێت و لە کۆتاییدا گرتەکان دیمەنێکی فیلم ئامێز دروست دەکەن و دەبنە هۆی دروست کردنی وێنەی کۆمەڵگەکە، بۆیە کاتێک دەڵێت:

**- من مامۆستای تۆم، دەتپارێزم**
**- من ڕۆژنامەم، دەتپارێزم**
**- من مودیری ئاسایشم**
**- من دایکتم**
**- من باوکتم**
**- من وەزیری ناوخۆم.. دەتپارێزم**
**- من کۆمەڵەم**
**- من سەرۆک عەشیرەتم**
**- من پۆلیسم**
**- من حیزبم**
**- من مودیرم**
**- من سەندیکام**
**- من مەلام**
**- من برای گەورەتم**
**- من ڕێکخراوم**
**... دەتپارێزم.**

ئەوە مەبەستی پێکهاتەی کۆمەڵگەیەو وێنەکان هەریەکەو توێژێکی کۆمەڵگەیە و بەچەندین شێوازی جیا جیا خۆی نواندووە، بە جۆرێک ڕستەی یەکەم وێنەی مامۆستایەک پێشان دەدات، کە هەوڵ دەدات کۆمەڵگە بپارێزێت و لە ڕستەی دووەم وێنەی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەوانی، کە کاری گەیاندنی ڕۆشنبیری و زانیاری بە خەڵکی لە ئەستۆ گرتووە. بەم شێوەیە چەندین وێنەی دیکە تا دەگەینە وێنەی پاسەوانەکەو شاعیر دەڵێت:

**ئاگاداربە**
**ئەم پاسەوانە سەیر و سەمەرە و بەڕێزانە**
**ناتپارێزن، بەڵکو دەیانەوێ زیندانت بکەن!**

لێرەدا وێنەیەکی دژیەکی ئاڵۆزمان بۆ دروست دەبێت بە جۆرێک هەموو ئەو وشانەی، کە پێشتر باس کراون و ئەم هەموو کەس و شتە بەنرخ و بەڕێزانەی کۆمەڵگە وەک (مامۆستا-ڕۆژنامە-مودیری ئاسایش- دایک- باوک- وەزیری ناوخۆ-کۆمەڵگە- پۆلیس- حیزب- مودیر- مەلا-ڕێکخراو..تاد) هەر هەموویان لە ناخدا وێنەیەکی دیکەیان هەیە، چونکە هەموویان هەوڵیان بۆ زیندانی کردنی تاک خستووەتە گەڕ!.

ئەم وێنانە دروست کراوی کۆمەڵگەن، چونکە هەموویان پێکهاتەی ئەم کۆمەڵگەیەن، کە تێیدا دەژین، ئێستا و دوای (١٨) ساڵ، ئەم بیرۆکەیەش لەوانەیە چەندین بنەماو سەرچاوەی کولتووری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لە مێژوو و ئێستادا هەبێت، بەجۆرێک ئاشکرایە هەریەک لەم لایەنانەی باسکراون زیاتر هەوڵیان لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی خۆیان وپشت گوێخستنی تاکدا خستووەتە گەڕ.

لە لێکدانی ئەم هەموو وێنانەی سەرەوەدا، کە هەریەکەیان وێنەی لایەنێکی کۆمەڵگە پێشان دەدەن، وێنەیەکی گشتی لێکدراومان بۆ دروست دەبێت، کە توانیویەتی لە ڕووی پێکهاتەو کاریگەری بەسەر تاکەوە وێنەی کۆمەڵگە بکێشێت.

ئەم شێوازە لە بنیادی شیعرەکەدا وێنەی تاک و کۆ شێوازێکی زاڵە بەسەر شیعرەکەدا، بە جۆرێک لە سەرەوە تاکو کۆتایی، چەندین وێنەی تاکمان بۆ دەکێشرێت، تا لە کۆتاییدا وێنەیەکی گشتی ئاڵۆزمان دەداتێ و لەبەرانبەردا وێنەی پاسەوانەکانیش بەهۆیەوە دیاری دەکرێت.

لە بەشێکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

**لەو دەمەی دەتەوێ گوڵێک لە یەخەی خۆت بدەی**
**یان پرچت دابێنی**
**لەو دەمەی دەتەوێ بە یەکەمین کچی ژیانت بڵێی**
**(خۆشم دەوێی)**



**لەو دەمەی دەتەوێ لەسەر تەختە ڕەشەکە بنووسی (سپی)**

**لەو دەمەی دەتەوێ لەسەر گەڵایەکی سەوز**
**بە قەڵەمی سەوز بنووسی (زەرد)**
**لەو دەمەی دەتەوێ لەسەر گەڵایەکی زەرد**
**بە قەڵەمی سەوز بنووسی (سوور)**
**لەو دەمەی دەتەوێ لەسەر گەڵایەکی سوور**
**بە قەڵەمی زەرد بنووسی (سەوز)**
**لەو دەمەی دەتەوێ بیربکەیتەوە**
**لەو دەمەی دەتەوێ لە خۆت بپرسی:**
**(من هەم یا نیم؟!)**

لێرەدا وێنەیەکی تەواوی تاکەکان لە ڕووی حەزو ئارەزووەکانیانەوە پێشان دەدرێت، یان هەست کردن بە بوونیان، یان لایەنی خۆشەویستی و دەروونی و ئەو بیروڕایەی تاک باوەڕی پێیەتی بێ پەیوەست بوون بە ڕەنگ و بیر، یان هەستکردن بە بوون لە ژیاندا، کە وابێت ئەم هەموو وێنانە وێنەی تاک پێشان دەدەن لە ڕووی حەزەکانەوە و دەبێت پاسەوانەکان لەم ئاستەوە مامەڵە لەگەڵ تاکەکاندا بکەن، بۆیە شاعیر دەڵێت:

**لە بیرت بێ:**
**پاسەوانەکانت خۆیان لێت مەلاس داوە و چاودێریت دەکەن!**

هەروەها شاعیر دێت ئامرازی پاسەوانەکان وێنە بکێشێت و ئاشکرای بکات بۆ کوڕەکەی:

**پاسەوانەکانت**
**بە خۆیان و کلاشینکۆفەکانیانەوە**
**بە خۆیان و قسە خۆشەکانیانەوە**
**بە خۆیان و کۆبوونەوە ئیداری و ڕەسمیەکانییانەوە**
**بە خۆیان و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و عەینەگ و تەسبیح و زانکۆ و مزگەوت و قوتابخانە و سەتەلایت و گۆڤار و دیوارە بڵندەکانیانەوە...**

پاسەوانەکان بەهۆی ئەم شتانەوە تاک کۆبلە دەکەن و بەسەر تاکەکاندا زاڵ دەبن، ئەنجامدانی مەبەستەکانیان، کە بریتیە لە:

**ناتپارێزن**
**ناتپارێزن بەڵکو**
**خۆیان بۆت مەلاس داوە و**
**لە کەمیندان بۆت**
**دەیانەوێ بتکەن بە کۆپیکراوی خۆیان.**

لە لایەکی دیکەوە پاسەوانەکان هەر تەنانەت کارەکانیان ئەوە نییە تاکەکان نەپارێزن، بەڵکو هەوڵ دەدەن بیروڕاشیان بگۆڕن، تا بەتەواوی لەخشتەیان ببەن:

**ئاگاداربە**
**پاسەوانەکەت دێ پێت دەڵێ: (مەڵێ نا!)**
**ئامۆژگاریت دەکا دەڵێ: (بڵێ بەڵێ!)**
**هاوار دەکاتە سەرت: (جوان دانیشە!)**
**چاوی لێت سوور دەکاتەوە:**
**(جارێکی دیکە تەماشای کچی خەڵک نەکەی، باش!)**
**لەگەڵ ئەمەشدا بەردەوامن لە بیانوو گرتن و جوانکردنی کارەکانیان:**
**پاسەوانەکەت بە نەرمی و میهرەبانییەوە پێت دەڵێ:**
**- من دەتپارێزم**
**ئەرکی پەروەردەیی منە بتپارێزم**
**ئەرکی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی منە بتپارێزم.**

لەم شیعرەدا تاوەکو ئێرە دەبینین فیلمەکە لە پێشەکیدایە و وێنەکان گەیشتوون بە ئاستێک دەتوانین بڵێین لەیەکەوە نزیکن و بە زنجیرەیەکی هزری و ئایدیۆلۆژیدا تێپەڕ دەبن، لە ڕووی:

١- وێنە کێشانی کۆمەڵگە لە گشت ئاست و لایەنەکانیدا.

٢- پاسەوانەکان هەوڵ دەدەن کۆمەڵگە بگۆڕن.

٣- ئەم گۆڕانەش گەیشتووەتە ئەوەی حەزەکانی تاک پێشێل بکرێت و نەیەڵن بە ئارەزووی خۆیان کاربکەن.

٤- گۆڕینی بیروڕاو ئایدیۆلۆژیا.

٥- پاسەوانەکان بە چەندین بیانووی جۆراو جۆر هەوڵ دەدەن پرۆسەکەیان سەربکەوێت.

٦- لە کۆتایی ئەم هەوڵ و پرۆسەیەدا تاکەکان وەک پەڕەیەکی سپی دێنە بەردەست پاسەوانەکان بۆ ئەوەی چۆنیان دەوێت وایان لێ بکەن.

لێرەدا پێویستە پاسەوانەکان، کە بە پرۆسەیەکی گونجاو و ڕێکخراو کەوتوونەتە نێو کۆمەڵگەوە، هەوڵ بدەن ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو بۆ تاکەکان دابڕێژن و سەرلەنوێ هەوڵی بنیادنانەوەی تاکەکان دەدەن:

**پاسەوانەکانت فێری وەزن و قافیەت دەکەن**
**فێری ( موطني موطني.. )ت دەکەن**
**فێری پێنج جار نوێژی (جەماعەت)ت دەکەن**
**فێری ئەوەت دەکەن هەرگیز لە خەتی سوور نەپەڕیتەوە**
**پاسەوانەکانت فێرت دەکەن لەناو جەماعەت هەرگیز تڕ**

**نەکەنی**
**بەڵام قرپ: قەیناکە.**
**فێری ئەوەت دەکەن سوێر چییە، شیرین چییە، تفت چییە..**
**(دنیا چیتر زەمانی منداڵیت نامێنێ کاتێ دەتگوت:**
**- بابە من ترشم پێ تاڵە.**
**منیش دەمگوت «باش» ).**
**فێری ئەوەت دەکەن ئەگەر کچێکت خۆشویست**
**دەبێ یەکسەر بزانیت کە پێویستە**
**قەسر و قەمەرە و قبوڵی و قەڵای قیتی قیرتاوکراوت هەبێ**
**پاسەوانەکانت فێری حەیا و حورمەت و عەقڵت دەکەن،**
**فێری ئەخلاقت دەکەن.**

پاسەوانەکان دەبن بە مامۆستا و ڕۆشنبیر و مەلا و ڕێنیشاندەری دابونەریت و حەزەکان و خۆشەویستی و ئەخلاق و شتی تر، ئەمانەش ئەلتەرناتیڤی ئەم شتانەن، کە پێشتر لێیان سەندوون و لێیان زەوت کردوون. تاوای لێدێت کۆمەڵگە هەر هەمووی پەیڕەوی یاسای پاسەوانەکان دەکەن و ناتوانن لێیان دەربچن و شاعیر دەڵێت:

**پاسەوانەکانت**
**چوار چێوەیەکی بڵندی بەردینت بە دەوردا دروست دەکەن و**
**ئیتر نابێ هەرگیز بیشکێنی!**

لەم قۆناغەدا پێویستە پاسەوانەکان جۆرێک لە نەرمونیانی بەرانبەر بە تاکەکان بنوێنن، تاوەکو لە قسەیان دەرنەچن، بۆیە شاعیر وێنەی پاسەوانەکانی لە ڕووی ناوەوە و دەرەوە دیاری کردووە و دەڵێت:

**پاسەوانەکانت زۆر نەرم و نیانن، گەلێک موحتەرەم،**
**هەمووی پیاو ماقوڵ:**
**هەندێکیان عەینەگیان لە چاوە، هەندێک بێ عەینەگ**
**هەندێکیان جبەیان لەبەرە، هەندێک سەترەو پانتۆڕ**
**هەندێکیان سەریان ڕووتاوەتەوە، هەندێک بوکڵەدار**
**هەندێکیان بێ سمێڵن، هەندێکیان سمێڵدار**
**هەندێکیان عەتر لە خۆیان دەدەن**
**هەندێکیشیان بۆنی تەگەیان لێ دێ.**
**هەندێکیان تەباشیریان لە دەستە، هەندێکیان دار حەیزەران**
**هەندێکیان بە قسەی خۆش**
**هەندێکیشیان زۆر توند و توورە.**

پاسەوانەکان مرۆڤی زۆر نەرمونیان و موحتەرەم و ماقوڵن و هەندێکیان عەینەگیان هەیەو هەندێک بێ عەینەگ هەندێک جبەو بێ جبە پانتۆڕ و کڵاو لەسەر...

دوای ئاشکراکردنی وێنەی پاسەوانەکان لەوانەیە یەکێک بپرسێت و بڵێت: ئایا تاکەکان شوێنیان هەیە، یان نا، یان ئایا تاکەکان ناتوانن دوور لەوان ژیان بگوزەرێنن و بەکەیفی ئەوان نەکەن و بە ئارەزووی خۆیان بکەن... شاعیر وەڵامی ئەمانە دەداتەوە وەک لەم کۆپلە شیعرەدا بینیمان کە خوێندمانەوە.

بەم جۆرە شوێنێک نییە پاسەوانی لێ نەبێت و لێرەدا وێنەیەکی دەروونی و خەیاڵییان بۆ دروست دەکات و بەم پێیە تاکەکان وایان لێهاتووە هەر بیر لەوان بکەنەوە و هەمووهەوڵییان بۆ ڕازیکردنی ئەوان بێ، بۆیە کۆمەڵگەیەک دروست دەبێت، کە حەزو ئارەزووی پاسەوانەکان دوور لە ویستی تاکەکان دەبێت، واتە کۆمەڵگەیەکی خۆسەپێن دروست دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کاتەکان پێویستی بە چاودێر و ڕێنماییە بۆ ئەوەی تاکەکان لەم یاسایە دەرنەچن، کە پاسەوانەکان بۆیان کێشاون، هەر بۆیەش ئەم جارە پاسەوانەکان خۆیان بە دڵسۆز پێشان دەدەن..

**پاسەوانەکانت تۆیان زۆر خۆش دەوێ و پێت دەڵێن:**
**- عاقڵ بە!**
**ئەگەر بە گوێت نەکردن، نەختێک توورە دەبن پێت دەڵێن:**
**- بە ئەخلاق بە!**
**ئەگەر هەر بە گوێیان نەکەی، هاوار دەکەنە سەرت**
**هەڕەشەی فەسڵ کردن و نانبڕین و**
**لەوانەیە کوشتنت لێ بکەن!**
**پاسەوانەکانت کاتێ پێت دەڵێن (عاقڵ بە)، بزانە:**
**مەبەستمان ئەوەیە پێت بڵێن:**
**یاخی مەبە، وەرەوە ڕیزی ئێمە!**
**کاتێ پێت دەڵێن (بە ئەخلاق بە)، مەبەستیان ئەوەیە پێت بڵێن:**
**- خۆت مەبە، وەکو ئێمە بیربکەوە!**
**کاتێ هەڕەشەی ترسناکیشت لێ دەکەن**
**مەبەستیان ئەوەیە کە**
**ئازادییە بەردارە هەڵایساوەکەت لێ بستێننەوە!**

هەروەک چۆن هەوڵ دەدەن تاکەکان ڕێنمایی بکەن، ئاواش هەوڵ دەدەن بیانپارێزن. مەبەستیش لە پاراستنی ئەوان بۆ ئەوەی نەیەڵن بگەڕێنەوە بۆ باری پێشووی خۆیان و یاخی نەبن، بۆیە شاعیر دەڵێت:

**پاسەوانەکانت بە هەنجەت و بەڵگەی جۆراو جۆرەوە دەتپارێزن**

**لە هەندێ شوێن بە ناوی دینەوە**

**هەندێ جار بەناوی ئەمنی قەومیی کوردستانەوە**

**لە هەندێ شوێن بە ناوی ئەخلاقەوە**

**هەندێ جاریش بەناوی عەشیرەتەوە**

**لەهەندێ جێگە بە ناوی ئیدارەوە**

**هەندێ جاریش بە ناوی ڕێزگرتن و گەورە و بچووکییەوە**

**لە هەندێ جێگە بە ناوی پیرۆزییەوە**

**هەندێ جاریش بە ناوی ئەمنی قەومیی عێراقەوە**

**لە هەندێ شوێن بە ناوی پەروەردەوە**

**هەندێ جاریش بە ناوی دابونەریتەوە**

**پاسەوانەکانت خۆیان لێت مەلاس داوە**

**دەیانەوێ هەمیشە بە گوێی ئەوان بکەیت و**

**سنوورەکانی کە خۆیان دایانناوە نەیانبەزێنی:**

**ناهێڵن دڵی خۆت خۆش بکەیت بێ ئەوەی گوێ بدەیتە بەربەستەکان**

**ناهێڵن بژیت بێ ئەوەی گوێ بدەیتە وەختە مردووەکان**

**ناهێڵن ڕەنگەکان و ئاوازەکان و نامەکان و بۆنەکان و گۆرانییەکان**

**سەرلەنوێ بە شێوەیەکی تازە دابهێنیتەوە**

**ناهێڵن خۆت بیت و ئازاد بژیت!**

بۆیە ڕاستەوخۆ داوا لە کوڕەکەی دەکات بیر لە گۆڕان و یاخیبوون بکاتەوە و دەڵێت:

**بەڵام تۆ هەمیشە، لەبیرت بێ:**

**کەمێک بە گوێ نەکردن**

**دەبێتە زۆرێک لە دەستکەوت!**

هەربۆیەش لەوکاتەی، کە تاکەکان بیر لە یاخیبوون و گۆڕان دەکەنەوە، یەکسەر ڕاستەوخۆ پاسەوانەکان ڕێگەیەکی تر دەخوڵقێنن و دەمکوت کردنەوەی ئەندامە یاخیبووەکانە بەهۆی پارەو...:

**پاسەوانەکانت پارەت دەدەنێ**

**هەواڵەکانی جیهانت بۆ دەخوێننەوە**

**لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە گۆرانیت بۆ دەڵێن**

**پەنجەرەکانت بۆ دەکەنەوە**

**دەرگاکانت بۆ دادەخەن**

**معاشت دەدەنێ**

**دێنە هەر هەموو تازیەکانت**

**شووره و دیواری بڵند بۆ پاراستنی خۆت و هەموو هاوڕێکانیشت دروست دەکەن**

**قەڵەمت دەدەنێ**

**بەڵام ئازادی و دەسەڵاتت لێ دەسێننەوە.!**

پاسەوانەکان پارە دەدەنە تاکەکان و هەواڵەکانیان بۆ دەخوێننەوە تا بە ئارەزووی خۆیان دەستکاری شتەکان نەکەن، پەنجەرەکانت بۆ دەکەنەوە. لێرەدا پەنجەرەکان وشەیەکی خواستراوە و چەندین مانای دیکەی لێ دەبێتەوە، لە بەرانبەر ئەم هەموو شتە دووبارە ئازادی تاکەکان وەردەگرن. هەر بەم شێوەیە لە ئەنجامدا پاسەوانەکان بە ئارەزووی خۆیان تاکەکان هەڵدەسووڕێنن و ڕازییان دەکەن تابنە وێنەیەکی کۆپیکراو:

**وریابە هاوڕێم**

**پاسەوانەکانت هەمیشە درۆت لەگەڵ دەکەن**

**ناتپارێزن، بەڵکو دەیانەوێ زیندانت بکەن،**

**دەیانەوێ بتکەنە کۆیلەی خۆیان، بتکەن بە کۆپیکراوی خۆیان.**

لەم بەشەدا کۆمەڵگەیەک دروست بووە لەژێر ڕکێفی پاسەوانەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاسەوانەکان هەر خەریکن کۆمەڵگە دەچەوسێننەوە، بۆیە چەندین وێنەی دیکەی چەوساندنەوە دەبینین، وەک:

**وریابە هاوڕێم**

**پاسەوانەکانت هەمیشە درۆت لەگەڵ دەکەن**

**ناتپارێزن، بەڵکو دەیانەوێ زیندانت بکەن،**

**دەیانەوێ بتکەنە کۆیلەی خۆیان، بتکەن بە کۆپیکراوی خۆیان.**

بۆیەش کاتێک کۆمەڵگە بەم شێوەیە بێت تاکەکان هیچ ئینتیمایەکیان بۆی نابێت و نیشتیمانەکەیان فەرامۆش دەکەن، چونکە هەموو هەوڵی دەسەڵات چەوساندنەوەی تاک و بەهێزکردنی خۆیەتی:

**ڕۆژدان گیان،**

**من دڵنیام تۆ لەو کاتەدا، هاوڕێم**

**حەز دەکەی ئیتر**

**گوو لەو کۆمەڵگەیەت بکەیت ئنجا دڵت خۆش دەبێ**

**من دڵنیام تۆ لەو کاتەدا**

**حەز دەکەی میز بەو کۆمەڵگەیەدا بکەیت ئنجا دڵت خۆش دەبێ**
**چونکە لەو کاتەدا**
**تۆ گەورە بوویتەو دەزانی...**
**دەزانی کە پاسەوانەکانت ناتپارێزن،**
**بەڵکو هەموویان**
**هەموویان دەیانەوێ زیندانت بکەن!**

**بەشی دووەم: خەیاڵ و شیعری بۆ ڕۆدانی کوڕم**

خـەیاڵی شـاعـیــر هەروەک بوونەوەرێکی ئازاد لەم شیـعـرەدا توانیـویەتی (کۆمـارێکی زوڵم) ی خـەیاڵی هاوشێوەی (کۆماری ئەفلاتوون) دروست بکات، بەڵام بە بەراوردکردن لە نێـوانیـانـدا دەبینین هەرچی لایەنی چاکە هەیە لە لای ئەفلاتوون هەیە، بەڵام لە کـۆمـاری فـەرهاد پیـربال هەرچی زوڵم و سـتـەمـە دەبیـنرێت. لە کـۆمـاری ئەفـلاتوون خـەڵک ئازادە لە بیـرکـردنەوە و قـسـەکـردن، تەنانەت شاعیرانیش بەدەر نراون، چونکە واقیع دەگۆڕن و ڕاستییەکان دەشێوێنن، بەڵام لە کۆماری فەرهاد پیربال مرۆڤەکان هەموو کات چاودێری دەکرێن و ڕاستییەکان بە ویست و خواستی پاسەوانەکان شێوێنراون، هەر بۆیەش شاعیر وەک درێژبوونەوەیەک بۆ ڕۆژگاری ئێستا وێنەی دوارۆژ دەکێشێت، چونکە ئەو باسەی ئەو لێی دەکات ئەم شـتـانـە دوای (١٢) سـاڵی تر ڕوو دەدات و ڕووداوەکـان یەک لە دوای یەک دەست پێ دەکـات، هەر بۆیەش گـوتارەکـەی ئاراسـتـەی کـوڕەکـەی کـردووە لەو کاتەی، کە تەمەنی دەگاتە (١٨) ساڵ.

کـاتێک لەم شـیـعـرەدا باسی خـەیاڵ دەکـەین دەبینین خـەیاڵ دەبێـتـە چەند بەشـێک، لەوانە خـەیاڵی سـادە و خەیاڵی خوڵقێنەر، بەڵام ئەوەی یەکەمیـان زۆرترە و لە زۆربەی وێنەکاندا دەبینرێت بە جۆرێک خوێنەر دەتوانێت بە ئاسـانی وێنەکـان دەرک پێ بکات و ئاشکرابێت لە لای، سادەترین خەیاڵ دەبینرێت لە:

**من مامۆستای تۆم، دەتپارێزم**
**- من ڕۆژنامەم، دەتپارێزم**
**- من مودیری ئاسایشم**
**- من دایکتم**
**- من باوکتم**
**- من وەزیری ناوخۆم.. دەتپارێزم**
**- من کۆمەڵەم**

هەرچەندە ئەم وێنانە خـەیاڵێکی سـادەیان تێـدا بەکـارهاتووە، چونکە وشـەکـان زیاتر لە یەک مـانا هەڵناگرێت وەکو (مامۆستا-ڕۆژنامە-مودیر.... )، بەڵام ئەم مـانایە بە هاتنی وشـەی (دەتپـارێزم) تۆزێک بەرەو تەمـومـژی دەڕوات، چونکە ئەرکی مـامـۆسـتـا پـاراسـتنی خەڵک نییە، یان ئەرکی ڕۆژنامە پاراستنی خەڵک نییە، بۆیە خەیاڵەکە تۆزێک دەبێت قووڵتر بێت تا بگەین بەم مانایەی شاعیـر مەبەسـتیـەتی. لەبەرانبەریشـدا وشەی (دەتپـارێزم) دەگوترێت، لەگەڵ وشـەی (دایک-باوک-وەزیری ناوخـۆ-پۆلیس..) بەکـارهاتووە، بۆیە مـانای وشەکان بە ئاسانی دەرک پێ دەکرێت، بەڵام لەوانی دیکە پێویستیان بە بڕێک لێکدانەوە هەیە، کە پێی دەگوترێت مانای مانا.

هاوشێوەی ئەم خەیاڵە زۆرە لە شیعرەکەدا وەکو کاتێک باس لە حەزەکانی تاک دەکات وەکو:

**لەو دەمەی دەتەوێ گوڵێک لە یەخەی خۆت بدەی**
**یان پرچت دابێنی**
**لەو دەمەی دەتەوێ بە یەکەمین کچی ژیانت بڵێی**
**(خۆشم دەوێی)**

ئەمانە هەموویان مانای تایبەتین و خەیاڵێکی سادەیان تێدا بەکارهاتووە.

لەبەرانبەر ئەم جۆرە خەیاڵەشدا دەبینین هەندێک وێنە پێـویسـتی بە لێکدانەوەیەکی قـووڵتـر هەیە، بە جـۆرێک ناتوانین یەکسـەر بچین بۆ مـانا سـەرەکـییـەکـە، بەڵکو پێـویسـتـیـمـان بە لێکدانەوەی قـووڵتـر هەیە وەکـو ئەو باسـەی، کـە لەم پارچەیەدا هەیە و باس لە ڕەنگەکـان دەکات:

**لەو دەمـەی دەتەوێ لەسـەر تەخـتـە ڕەشـەکـە بنووسی (سپی)**
**لەو دەمەی دەتەوێ لەسەر گەڵایەکی سەوز**
**بە قەڵەمی سەوز بنووسی (زەرد)**
**لەو دەمەی دەتەوێ لەسەر گەڵایەکی زەرد**
**بە قەڵەمی سەوز بنووسی (سوور)**
**لەو دەمەی دەتەوێ لەسەر گەڵایەکی سوور**
**بە قەڵەمی زەرد بنووسی (سەوز)**

لێرەدا ڕەنگەکان لەمانای خۆیان دەردەچن و وەکو خوازە بەکـارهاتوون بۆ مـانـایەکی قـووڵتـر و ئاڵۆزتر، بە تایبەت ئێمە لە وڵاتێکین تا ئێسـتـاش ناکۆکی ڕەنگەکانی تێیدا بڵاوە و خـەڵک لەسـەر ڕەنگ ئامـادەیە خـۆی بە کـوشت

بدات، بەڵام لێرەدا شاعیر بۆ ئەوەی هیچ لایەکی مەبەست نەبێت ڕەنگەکانی تێکەڵ بەیەک کردووە و باسی لێوەکردوون، بەم شێوەیە خەیاڵێکی ئاڵۆزترمان بۆ دروست دەبێت، کە ناتوانین بە هیچ شێوەیەک بە ئاسانی لە مێشکماندا دەرکی پێ بکرێت.

لە لایەکی دیکەوە کاتێک باس لە کۆماری زوڵم دەکەین، کە فەرهاد پیرباڵ لەم شیعرەدا دروستی کردووە، وێنەکان پشتیان بە خەیاڵێکی ڕێکخراو بەستووە، بەشێوەیەک وێنەکان ڕیزبەندن و یەک بەدوای یەکدا هاتوون. هەر لە هەوڵەکانی پاسەوانەکان بۆ پاراستنی تاکەکان و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی مێشکیان و دواتر دانانی بیروڕای هاوشێوەی لەشوێنە سڕاوەکان و گۆڕینی ئایدیۆلۆژیا و بیروڕایان و هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی تاکەکان بە پێی ئەو ڕێسایەی بۆیان داناون، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەشدا چۆن هانی تاکەکان و کوڕەکەی دەدات بەم یاسایانەوە پابەند نەبن و بەهیچ جۆرێک بۆ پارە و موڵک و سامان ملکەچ نەبێت، بۆیە لەم کۆمارەی، شاعیر دروستی کردووە، چەندین خەیاڵی ڕێک دەبینرێت، کە وەسفی ئەم شارە دەکات و لە سەرووی هەموویانەوە وێنەی پاسەوانەکان:

**– هاوڕێم**
**پاسەوانەکانت ناتپارێزن، بەڵکو زیندانت دەکەن.**
**– لە بیرت بێ:**
**پاسەوانەکانت خۆیان لێت مەلاس داوە و چاودێریت دەکەن!**
**– من دەتپارێزم**
**ئەرکی پەروەردەیی منە بتپارێزم**
**ئەرکی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی منە بتپارێزم.**
**– پاسەوانەکانت**
**چوار چێوەیەکی بڵندی بەردینت بە دەوردا دروست دەکەن و**
**ئیتر نابێ هەرگیز بیشکێنی!**

بەم شێوەیە پاسەوانەکان دروست بوون و خەریکی کارەکانیانن.

**پەراوێز:**

**١– ئەم شیعرە لەو کاتەی کە گوتراوە، شاعیر دەڵێت کوڕەکەم ئێستا ٧ ساڵانە**

**سەرچاوەکان:**

**– پەناهەندەی ژمارە ٣٣٣٣٣، سەرجەم شیعرەکان، فەرهاد پیربال، چاپخانەی (پاک) هەولێر، مانگی ئۆگەستی (٢٠٠٧).**
**– سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین ١٩٩٢ –٢٠٠٢ بە نموونەی شیعرەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ–وە، د. ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کتێبی سەردەم ژمارە (٢٣٨).**
**– بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠–١٩٩١) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کتێبی سەردەم ژمارە (٢٥٩).**
**– سی دی لویس، الصورة الشعرية، ترجمة د. احمد نصيف الجنابي و اخرون، مراجعة د. عدنان غزوان اسماعيل، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، دار الرشيد للنشر ,١٩٨٢**
**– د. شوقي ضيف. النقد الادبي، دار المعارف بمصر.**
**– ڕەخنەسازی هاوچەرخ.**
**– مبادىء الأدب: ريجاردز.**
**– دراسات ونماذج في مذاهب المعرفة، محمد غنيمي هلال.**


# مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی

## «ڕەخنەی ئەدەبی لە یۆنانی کۆندا لە ڕوانگەی سوکرات و ئەفلاتووندا»

**لە فارسییەوە: سیما چۆمانی**

**(١ - ٢)**

سوکرات یەکەمین ڕەخنەگری ئەدەبییە کە بۆچوونەکانی لە گۆڕەپانی ئەدەبیدا بە شێوەی نووسراو بە جێ مابێ، هەرچەندە وەک بۆچوونە فەلسەفی و حەکیمانەکانی دیکەی سوکرات، بۆچوونەکانی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەبووە، بەڵکو لە ڕێگای بەرهەمەکانی ئەفلاتوون ئاوێتەکراوە و لەگەڵ بۆچوونەکانی بە ئێمە گەیشتووە و لە ڕاستیدا ئەوە بۆچوونەکانی سوکرات و ئەفلاتوونە کە لە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا بۆمان ماوەتەوە. سێ نامیلکەی "بەرگری سوکرات"(ئەپۆلۆژی)، "عیشق و جوانی "(فایدرۆس) و " هونەری حەکایەتخوان" (ئایۆن) لە گرنگترینی بەرهەمەکانی ئەفلاتوونە لە بواری بۆچوونی ئەدەبی و ڕەخنەئامێزی سوکرات. لە نامیلکەی ئەپۆلۆژیدا باس لە بەرگرییەکانی سوکرات دەکات لە دادگەدا کە بە مەرگ سزایان داوە، لەسەر زاری سوکرات بەم جۆرە دەخوێنینەوە: " دوای ئەوەی لە تاقیکردنەوەی پیاوانی سیاسیی تێپەڕیم، ڕووم لە شاعیران کرد تاوەکو بە خۆمی بسەلمێنم لە ئەوان نەزانترم. چەند کۆپلەیەکم لە شیعرەکانیان هەڵبژارد کە بە هەوڵی زۆر نووسیبوویان و لە باشترینی بەرهەمەکانیان دەژمێردران. داوام لێکردن مانای شیعرەکانیان شی بکەنەوە تاوەکو منیش شتێک فێر ببم. ئەسینایییەکان! شەرم دەکەم وەڵامەکانیان بگێڕمەوە. هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئامادەبووان باشتر لە خودی شاعیران سەبارەت بە شیعرەکان قسەیان دەکرد. بۆم ڕوون بووەوە کە شاعیران لە نووسینی شیعردا سوود لە زانایی وەرناگرن، بەڵکو بەرهەمەکانیان زادەی توانای سروشتی جارجارە ڕووی تێدەکەن، هەروەکو پێشبینیکاران و نزاکارانی پەرستگاکان، کە وتەی جوان دەکەوێتە سەر زاریان، بێ ئەوەی مانای وتەکانی خۆیان بزانن. جگە لەوەش، ئەوەشم بۆ ڕوون بووەوە کە شیعر دەنووسن، وا بیر دەکەنەوە هەموو شتێک دەزانن، هەرچەندە هیچ نازانن". (دەورەی بەرهەمەکانی ئەفلاتوون. بەرگی یەکەم. ل١٧). لەم وتەی سوکرات ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو لەنێوان هێزی تێگەیشتن، ڕەخنەیی و ڕاڤەکردنەوەی شیعر و بەهرەی داهێنانی شیعر و ڕێکخستنی وشە، جیاوازی سەرەکی داناوە و بڕوای وابووە کە ڕەخنەگری شیعر باشتر لە شاعیر دەتوانێت لە شیعر تێ بگات و شی بکاتەوە. بەهۆی گرنگی مێژوویی ئەم بۆچوونەوە، دەبێت وەک سەرچاوەی ڕەخنەی ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبیاتی دنیا بناسرێت. بە شێوەیەکی گشتی لە ڕوانگەی سوکراتەوە، شیعر و ئەدەبیات بەرهەمی جۆرێک لە حاڵەتی داهێنان و لە حاڵەتی نێوان



**سوكرات**

خەو و بێداری و لەم کاتەدایە کە ئیلهامی غەیبی، شیعر و هەستی شاعیرانە بە شاعیر دەبەخشێت، ئەدیب و ڕەوانبێژ کە لە دۆخی ناهۆشیاری - خەودایە، گوایە لە هۆشیاریدا خەو دەبینێت، ئەو بەو حاڵەتانەی هەڵبژاردنی لە دەستی ئەودا نییە. لەم ڕوانگەیەوە، سوکرات شاعیریی بە جۆرێک لە شێتی و دێوانەیی دەدانێت - شێتییەکی شەریفانە کە خەڵاتێکی خوداییە بۆ مرۆڤ:


"جۆری سێیەمی شێتی، خەڵاتێکی خودایانی زانست و زانیارییە کە وەک ئەوەی دەستیان بە ڕوحێکی ناسک و ڕەسەن بگات، بە خرۆشی دەهێنن و هەوڵ دەدەن بە ستایشی شاکاری ڕابردووەکان پەروەردەی نەوەی داهاتوو بکەن. ئەگەر کەسێک هەوڵی شاعیری بدات بێ ئەوەی سوود لەم دێوانەییە وەربگیرێت و وا بیر بکاتەوە کە بە هاوکاری کێش و سەروا دەتوانێت ببێتە شاعیر، دێوانەی ڕاستەقینە هەم خودی خۆی بێبەشی دەکەن و هەم شیعرەکانی کە بەرهەمی مرۆڤێکی هۆشمەندە، بە چاوی کەم سەیر دەکەن." (دەورەی بەرهەمەکانی ئەفلاتوون - بەرگی سێیەم - ل ١٣١٢ و ١٣١٣)

تایبەتمەندییە سەرەتایی و پێویستەکانی شیعر لە دیدی سوکراتەوە بەم جۆرەیە: دەبێت کورت و سوودبەخش بێت و لە دوورودرێژی و زۆر گوتن دوور بکەوێتەوە. هەر لەم نامیلکەی "فایدرۆس" لە ڕەخنەی "لیزیاس"دا سوکرات دەڵێت: " ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم هەر بابەتێک دوو سێ جار دووبارە بووەتەوە، وەک ئەوەی نووسەر، یان نەیزانیوە لە بابەتێک زیاتر بهێنێتەوە، یان گرنگی بە بابەتەکە نەداوە، بەڵکو ویستوویەتی وەکو هەرزەکاران خۆی بنوێنێت و ئەوە دەربخات کە دەتوانێت بابەتێک بە شێوەی جۆراوجۆر نیشان بدات. "(هەمان سەرچاوە - بەرگی سێیەم - ل ١٣٠١) بە بڕوای سوکرات نابێت شیعر و ڕەوانبێژی لەگەڵ زۆر گوتن و دەربڕین بە هەڵە بێت و دەبێت کارامەیی و جڵەوی وشە لەبەردەستدا بێت و بەڕادە و هێزیەوە تاو بدرێت، هەروەها دەبێت وشە لە شیعردا بەشێوەیەک ڕێکخراو بێت کە جێگۆڕکێی کۆپلەکانی شیعر کاریگەری لەسەر مانا و چەمکی شیعر نەبێت و جیاوازی نەبێت لەنێوان ئەوەی کە کامە بەش سەرەتا و کامەیان دواتر بخوێنینەوە.

"هەر وتار و هۆنراوەیەک وەک بوونەوەرێکی زیندووە بریتییە لە سەر و لەش و پێیەکان، بە مانایەکی تر سەرەتا و ناوەند و کۆتایی هەیە و لەم ڕووەوە پارچەکانی دەبێت بەشێوەیەک بەیەکەوە پەیوەست بن کە لەگەڵ یەک و گشت هۆنراوەکە بگونجێن". (هەمان سەرچاوە - بەرگی سێیەم - ل١٣٣٨). کەواتە ئەم بەرهەمە ئەدەبییە لە دیدی سوکراتەوە دەبێت گونجاو و خاوەنی بنیادی زیندوو بێت و کۆپلەکانی هاوڕیتم و پێکهاتەی ئۆرگانی بن و هەمووی یەکە و پێوەندییەکی تۆکمە پێک دەهێنن. لە ڕوانگەی سوکراتەوە یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە پێویستەکان بۆ هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، ئەخلاقی بوونیەتی. هونەر دەبێت پاک و نەجیب و باش بێت، دەبێت باڵا بێت و گرفتاری ناشیرینی نەبێت. لەبەر ئەوەی سوکرات شیعر و ڕەوانبێژی لە دیدی ئەخلاقەوە بینیوە و سەبارەت بە بەهای ئەوانە لەسەر بنەمای پێوەرەکانی ئەخلاقی داوەری کردووە، هەر بۆیە هونەرێک کە ئامانجی کۆتایی تەنیا چێژ وەرگرتن و خۆشی بێت و تێیدا خێرخوازی و کرداری باشە بوونی نەبێت، بە هونەرێکی بێ سوود و ناشیرین دەژمێردرێت. سوکرات ئەو شیعرەی کە تێیدا وشەی کوفر، شەڕ و ناشیرینی دوور لە ڕەوشتی جوان بەکار هاتبێت، بە هونەرێکی

زیانبەخش و ناشیرین ناوی دەبات و نووسەرەکەی شایانی سزایە. سوکرات لە نامیلکەی "فایدرۆس" دا باسێکی فراوانی سەبارەت بە ئەبەدییەتی ڕوح و بینینی "خودی حەقیقەت" و جوانییەکی ڕەها هەیە، لە سووڕی هەزاران ساڵەی خۆیدا، بەر لە گەیشتن بە جەستەی مرۆڤ بڕوای وایە کە: " لەنێوان ئەو ڕوحانەی هەوڵی بینینی حەقیقەتیان داوە، بەشێکی بچووکیان زۆرتر لە کەسانی تر لەم هەوڵەدا سەرکەتوون، لە جەستەی کەسانێکدا جێگیر دەبن و دەبنە لایەنگرانی زانست و داهێنانی جوانی، یان هەوڵی خزمەتکردنی فریشتەکانی زانست و هونەر دەدەن و دەبنە خزمەتگوزاری عیشق." هەمان سەرچاوە - بەرگی سێیەم - ل ١٣١٧).

کەواتە لە دیدی سوکراتەوە هونەر و ئەدەبیات کاروبارێکی ڕوحانی و پیرۆزن و ئەوانەی ڕوویان تێدەکەن لە ڕاستیدا ئەو دێوانانەن کە هۆی دێوانە بوونیان دەبێت خودایی بێت. ئەوانە بە بینینی جوانی لەم دنیایەدا، جوانییەکی ڕاستەقینە کە لە سووڕی ڕوحانی بەر لە دابەزینی زەوی، لە ئاسماندا لە خزمەتی خوایاندا بینیویانە - ئەو جوانییە شکۆمەندە هۆشبەر و جادووگەرانە کە هەرگیز فەرامۆش ناکرێن - بیریان دەکەوێتەوە و دەیانەوێ بفڕن، بەڵام هێزی باڵی فڕین لە خۆیاندا نابینن. ناچار وەک باڵندەیەکی باڵشکاو، لە دێوانەییدا خنکاوە و تکاکار و نائومێد ڕوو لە هونەر دەکەن و عیشق بۆ جوانی لە ڕێگای ئەوەوە دووبارە ئەفراندن و بیر دەخەنەوە. سوکرات لە نامیلکەی "فایدرۆس" چەندین بۆچوونیش سەبارەت بە شێوازەکانی ڕەوانبێژی و جواننووسی پێشکەش کردووە و لە ڕوانگەی خۆیەوە پێوەرەکانی دەرخستنی قسەی جوان لە ناشیرین دەردەخات. بە بڕوای ئەو یەکەمین مەرج ئەوەیە کە قسەکەر، یان نووسەر پێویستە کرۆک و ڕاستەقینەی ئەو بابەتەی لە قسەکانیدا دەریان دەبڕێت، بە باشی بناسێت. هەروەها دەبێت خۆی بە دروستی لە باشە و خراپە، هەق و ناهەق، بەرزی و نزمی و جوانی و ناشیرینی تێ بگات تاوەکو بتوانێت بە ڕوونی لە بەرهەمەکانیدا بۆ خوێنەران لە یەکتر جیایان بکاتەوە و دووبارە بیانناسێنێت. سوکرات دوو بنەمای سەرەکی بۆ داهێنانی وتەی باش دادەنێت: "بنەمای سەرەتایی ئەوەیە کە قسەکەر بەشە زۆر و پەرتوبڵاوەکان بە یەکەوە لە یەک شوێن ببینێت و بەم جۆرە بە شێوەیەکی یەکسان بگات تاوەکو هەر کاتێک سەبارەت بە بابەتێک قسە دەکات، سەرەتا باسی بابەتەکەی خۆی بکات و بۆ گوێگر ڕوونی بکاتەوە کە سەبارەت بە چی دەدوێت... بنەمای دووەم ئەوەیە شێوەی یەکسان بە شێوەیەکی دروست بۆ بەشە سروشتییەکەی پۆلێن بکات و لە کاتی پۆلێن کردنی وەکو قەسابی تازە فێر بوو پارچەکان نەشکێنێت.." (هەمان سەرچاوە - بەرگی سێیەم - ل ١٣٤٠) سوکرات خۆی بە لایەنگری شێوازی کۆ و دابەشکردن چ لە دەربڕین و نووسین و چ لە بیرکردنەوەدا دەبینێت و ئەو وتەیەی پێ خۆشە کە یەکەکانی بەشە زۆرەکان ببینێت و لە بەشە زۆر و پەرتو بڵاوەکانی شێوەی یەکسان و ئەم جۆرە هونەرە بە هونەری "لایەنگری دیالێکتیک" ناو دەبات. لە ڕوانگەی سوکرات ئەو ئەدەبەی کە لە هەست و دۆخی "هونەری دیالێکتیک" خاڵی بێت، هونەرمەندی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو زۆرتر وەکو پیشەگەر، یان کەسێکی تازەکاری هونەرە. بە بۆچوونی سوکرات کەسێک بتوانێت سەبارەت بە بابەتێکی بچووک وتارێکی دووردرێژ بنووسێت، هەر کاتێکیش بیەوێ دەتوانێ وشەی خەماوی، یان بە سەرسامی بنووسێت، چونکە تەنیا بە پێشەکییە تراژیدییەکان ئاشنایە و ناکرێت وەکو پسپۆڕی تراژیدی سەیری بکرێت و لەگەڵ کەسانێکی وەکو سوفۆکلیس و یۆرپیدس بەراورد بکرێن. سوکرات شیعر وەکو میوەی زاڵ بوون بەسەر بێ هۆشی و ناهۆشیاری و جۆشو خرۆشی لێوانلێو لە حاڵەتی نێوان بێداری و خەو دەزانێت و دەڵێت کە شاعیر پێویستە بۆ خوێندنەوە و ئیلهامی شیعر و گۆرانی و گوێبەندگێڕی بەشداری ئەم جۆرە حاڵەت و دۆخانە بکات، ئەگینا بێ سوودمەندبوون لەم شەیداییە غەیبییە، بەرهەمەکەی بێ ڕوح و وشک و پیشەگەرانە دەبێت و نە بەرهەمێکی دەبێت و هەست و خرۆشێکی لا دروست دەبێت و نە بەهایەکی دەبێت. نامیلکەی "ئەیوان"، یان "هونەری حەکایەتخوان" یەکێکی ترە لە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون کە تێیدا بۆچوونەکانی سوکرات هەڵسەنگێنراون. لەم نامیلکەیەدا باس لە حەماسەت دەکات ڕەخنەیەکیشی لەسەر شیعرەکانی هۆمێر نووسیوە و باسێکی فراوانیشی سەبارەت بە شیعر دەرخستووە. بەرانبەرەکەی سوکرات لەم نامیلکەیەدا کەسێکە بە ناوی "ئەیوان" کە یەکێکە لە باشترین و کارامەترین



ئەفلاتوون

حەکایەتخوانی شیعری هۆمێر. ئەم ڕاڤەکارانە کە بە "ڕاپسودس" ناویان دەبەن، ئەو سەرمایەدارانە بوون کە ژیانێکی ئاسوودەیان هەبووە. گرنگترین سەرقاڵییان خوێندنەوەی بەرهەمەکانی شاعیرانی ڕابردووە. ئەوانە لە جەژن و بۆنە گشتییەکاندا پۆشاکی ئەتڵەس و مەخمەریان دەپۆشی و تاجی زێڕیان لەسەر دەکرد و شیعرەکانی هۆمێر و هەزیود و شاعیرە ناودارە کۆنەکانیان ئاوێتەدەکرد و لە خۆشیانەوە چەند پارچەکیان بۆ زیاد دەکرد و بە گشتی هۆنراوەی سەرنجڕاکێشیان دروست دەکرد، بە دەنگێکی خۆش بۆ گوێگرە زۆرەکانیان لە دانیشتن و بۆنەکان و گۆڕەپانی کێبڕکێیەکاندا دەیانخوێندەوە و ڕاڤەیان بۆ دەکرد و هەست و خرۆشیان پێ دەبەخشی. لە ڕاستیدا ڕاپسودسەکان پینەکاران و چێنەرانی شیعر و گرنگترین شیعرناسانی یۆنان بوون و بەهۆی ئاشنایەتی بە ستایلەکانی شیعر و کێش و سەروا و ڕیتم و ئاوازی وشە و ناسکی شیعر و ئالۆزییەکانی، لە ڕاستیدا بە یەکەمین ڕەخنەگرانی شیعر لە مێژووی ئەدەبیاتدا دەناسرێن. سوکرات کە لەگەڵ " ئەیوان" لە جەژنی " ئەسکەلە پییوس" لە شاری "ئەپی داورس" گەڕابووەوە و لە کێبرکێی شیعر خوێندنەوەی ئەو شارەدا خەڵاتی یەکەمی بە دەست هێنابوو، سەبارەت بە شیعرە حەماسییەکانی هۆمێر و ناوەرۆکەکەی، چەندین باس دەنووسێت. ئەیوان دەڵێت کە بە بڕوای ئەو شیعرەکانی هۆمێر جوانترین و پاراوترین و تەواوترین شیعرن کە نووسرابن و لەم ڕووەوە شیعرەکانی هیچ شاعیرێکی تر هەر لە هزیود تاکو ئەرشیلۆخوس ناگاتە ئاستی شیعرەکانی هۆمێر. ئەو بڕوای وایە کە باشتر لە شیعری هۆمێر تێدەگات و ڕاڤەی بۆ دەکات و لە هەمان کاتدا لە کاتی گفتوگۆکردنی لەگەڵ سوکراتدا دان بەوەدا دەنێت کە باشتر بەسەر شیعرەکانی هۆمێردا زاڵ دەبێت و پسپۆڕانە دەتوانێت ڕای لە بارەوە بدات، بەڵام سەبارەت بە ڕاڤەکردنی شیعری شاعیرانی دیکە زمانی بەستراوە و ناتوانێت هیچ بڵێت و سەبارەت بەم مەتەڵ و پرسە ڕای سوکرات وەربگرێت. لە گفتوگۆی بەرفراوانی نێوان سوکرات لەگەڵ ئەودا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کارامەیی ئەیوان لە ڕاڤەی شیعرەکانی هۆمێر سەرچاوەکەی لە دەروونی ئەوەوە نییە، بەڵکو هێزێکی خودایی، وەکو هێزی کێشکراوی موگناتیسی، توانایی ڕاڤەکردنی شیعرەکانی پێ دەبەخشێت و دواتر سوکرات ئەم بۆچوونە بەگشتی بە شاعیرانی دیکەش دەبەخشێت و دەڵێت: "خودای شیعریش کەسانێک بەکێش دەکات و شەیدایانیش ئەو جۆشو خرۆشەی کە پێیان گەیشتووە بۆ کەسانی دیکەی دەگوازنەوە و بەم جۆرە ڕایەڵەیەک لە شەیدا بووان دێنە ئاراوە. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە شاعیرە گەورە حەماسییەکان، شیعرە پاراوەکانیان بە هاوکاری ئەو هونەرە ناخوڵقێنن کە لە ناخیاندایە و دانی پێدا بنێن، بەڵکو ئەو شیعرانە زادەی جۆشو خرۆشییەکە کە پێیان دەبەخشرێت. شاعیرە غەزەل نووسەکانیش پەیڕەوی لەم بنەمایە دەکەن، هەروەها قەشەکانی "کوربیانت" لەکاتی سەماکردندا بێ هۆشن، غەزەل نووسەکانیش ئەو کاتەی غەزەلە دڵڕفێنەکانی خۆیان دەنووسن کە لەگەڵ ئەقڵ و هۆش نامۆن، چونکە دەکەونە ژێر کاریگەری کێش و ڕیتم و دێوانەییەک ڕوویان تێدەکات، هەروەک ئەو دێوانەییەی کە لە خوای شەڕەوە سەرچاوەی گرتووە. وەک ئەو خزمەتکارانەی خوای شەڕ کە لە کاتی ئەم جۆشو خرۆشەدا لە ئاوی ڕووبارەکان شیر و هەنگوین وەردەگرن و لە کاتی هۆشیاریدا ناتوانن ئەو

کاره بکەن، ڕوحی شاعیرانی غەزەل نووسیش بەم جۆرەیە.. کەواتە ئەو وتە جوانانەی شاعیران سەبارەت بە ناوەرۆکی شیعرەکانیان دەینووسن و تۆ سەبارەت بە شیعری هۆمێر دەینووسی زادەی هونەری مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو سەرچاوەی لە ئیلهامی خوداییە و لەم ڕووەوە شاعیر تەنیا ئەو ئیلهامەی کە لە خودای هونەر وەری دەگرێت، شیعر بنووسێت. یەکێک تەنیا شیعری غەزەل دەنووسێت و یەکێکی تر لە نووسینی ئەو شیعرانەی کە لە کاتی سەما کردندا دەخوێنرێنەوە، لێهاتوویی هەیە و ئەوەی تریشیان لە شیعری حەماسیدا پسپۆڕە و لە نووسینی جۆرەکانی دیکەی شیعردا بێ دەسەڵاتە، ئەوەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی شاعیران بە هاوکاری هونەری مرۆڤایەتی شیعر نانووسن، بەڵکو وەک هێزێکی خودایی پاڵنەریانە. ئەگەر خۆیان هونەرێکیان هەبێت و دەیانتوانی بەهۆی زانایی بابەتێک وتەی جوان دەربڕن و سەبارەت بە بابەتەکانی دیکەش بەم جۆرە دەربڕن، بەڵام ڕاستییەکەی بەم جۆرە نییە، بەڵکو خوا ئەقڵ و هۆشیاری لە شاعیر وەردەگرێتەوە و وەکو قەشە و پێشبینی کارانی پەرستگاکان دەیانکاتە ئامرازی دەربڕینی وتەکانی خۆی و ئەو کەسەی ئەقڵ و هۆشیاری نییە، ناتوانێت وتەی بەم بەرزی و پتەوییە بکەوێتە سەر زمانی، بەڵکو وتەی خودایە و خودا بە زمانی ئەو لەگەڵ ئێمەدا دەدوێت." (هەمان سەرچاوە - بەرگی سێیەم - ل٦١١ و ٦١٢) بە پێی بۆچوونی سوکرات شاعیرانی بازنەی یەکەم سەر بە ڕایەڵەکی موگناتیسین کە پێوەندییان بە خوداوە هەیە. ڕاڤەکاری بازنەی دووەم و گوێگرانی دوا بازنە ئەوانەن و لەم بازنانەی ڕایەڵەیەکی درێژی ڕوحانی پێک دەهێنن کە لە خودای شیعر و هونەر هەڵاوێزە و خودای شیعر کە موگناتیسی سەرەکییە بەهۆی ئەم ڕایەڵەوە ڕوحی مرۆڤەکان بە هەر لایەک کە خۆی بیەوێ ئاراستە دەکات: "لە تەک ئەم ڕایەڵەوە، چەندین ڕایەڵەی تر لە خوێنەران و مامۆستایانی گرووپە ئاواز خوێنەکان هەیە کە هەموویان پەیوەستن بە شاعیرەوە و هەروەک وتم شاعیر بازنەی یەکەمینە کە بێ واسیتە هێزی خۆی لە خودای شیعر وەردەگرێت. هەر شاعیرێک پێوەندی بە یەکێک لە خودایانی شیعرەوە هەیە و ئێمە بە تێگەیشتنی خۆمان دەڵێین شەیدای ئەو خودایەیە مەبەست لەم دەستەواژانە هەمان مانا دەبەخشێت، واتا شاعیر دەکەوێتە ژێر کاریگەری و هێزی ئەو خودایە. بازنەکانی دیکەش بەم جۆرەن: کۆمەڵێکیان پەیوەستن بە ئورفە ئوس و بەشێکی تریان بە موزایۆس، بەڵام هێزی کێشکردنی هۆمێر لە هەموویان زۆرترە و بازنەی زۆرتر پێیەوە هەڵواسراون و تۆ یەکێکی لەم بازنە شەیداییانەی هۆمێر و هەر کاتێک شیعرێک لە شاعیرێکی تر دەخوێنرێتەوە وا بیر دەکەیتەوە کە لە خەودا دەیبیسی و زمانت دەبەسترێت و وات لێدێت ناتوانی لەم بارەیەوە قسە بکەی، بەڵام دەنووکێک لە سازەکەی هۆمێر دەدەن هۆشیار دەبیتەوە و ڕوحت پڕ لە خۆشی و زمانت لە وشەی جوان لێوان لێو دەبێت... هۆی ئەوەی کە تۆ لە ڕاڤە کردنی وتەکانی هۆمێردا تووشی کۆسپ نابی، بەڵام سەبارەت بە شاعیرانی تر هیچ نازانی، واتە ئەوەی سەبارەت بە هۆمێر دەیڵێیی زادەی زانست و هونەری تۆ نییە، بەڵکو سەرچاوەکەی لە ئیرادە و شەیدایی خوداییە." (هەمان سەرچاوە - بەرگی سێیەم - ل٦١٤ و ٦١٥).

لە ڕوانگەی سوکراتەوە هونەری شیعرناسی و نرخاندنی وتە لە ڕەگەزی زانیاری و هۆشیاری نییە، بەڵکو بەهرەیەکی خوداییە و ناکرێت فێری ببی. ئەم هونەرە لە جۆشو خرۆشێک وەرگیراوە کە خاڵییە لە هەست و حاڵەتەکانی لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی هۆشیاری و زانیارییەوە و لە ڕاستیدا هاوشێوەی جۆرێک لە وڕێنەیە. سوکرات نووسینی شیعر بە کارێکی شەوق دادەنێت کە بە شێوەی جۆشو خرۆشێک لەسەر دڵە ئامادەبووەکان دەنیشێت. لە کاتی بە جۆش هاتنی لەسەر پەردەی ئەقڵ دەکێشرێت و هێزی لۆژیک و بەڵگە هێنانەوە دەچێتەوە خەوەوە. سوکرات هێزی داهێنانی ئەدەبی بە هێزێکی موگناتیسی دادەنێت کە ڕایەڵەکانی بە ئاراستەی خۆی ڕادەکێشێت و بازنەیەکی زنجیرەیی لەم ڕایەڵانە پێکدەهێنێت کە سەرچاوە سەرەکییەکەی خودای شار و ڕایەڵەکانی پێوەندیداری بە پێی ڕیزبەندی شاعیران و حەکایەتخوانان و گوێگرانن و بەم جۆرە هەر ڕایەڵەیەک لە دۆخی ڕاکێشان و جۆشو خرۆش دەکەونە ژێر کاریگەری هێزی موگناتیسی ڕایەڵەکانی بالاتر و حاڵەتەکان و ئیلهامی خودایی پێ دەبەخشرێت، هەر بۆیە شاعیران لە کاتی خوێندنەوە و حەکایەتخوانانیش لە کاتی خوێندنەوە و گوێگرانیش لە کاتی بیستنی ئەم شیعرانەدا دووچاری

حاڵەتی بێ هۆشی دەبنەوە و هەست و سۆزێکی زۆر بە سەریاندا زاڵ دەبێت و لەگەڵ دۆخە جۆراوجۆرەکانی شیعردا بێ ویستی خۆیان دەگریەن، یان پێدەکەنن، زۆر خۆشحاڵ دەبن یان غەمبار دەبن، دەترسن و هەست بە ترس و نا ئاسوودەیی دەکەن، یان لە دۆخی ئاسوودەییدا دەبن و گشت ئەم حاڵەتە ناهۆشیارانە بەرهەمی دۆخی خودایی و ڕوحانی شیعرە. بە بڕوای سوکرات شیعر نە زانستە کە فێری ببی و نە پیشە و هونەرە کە خاوەنی بنەما و ڕێسای تایبەتی بێت و بتوانرێت بە شێوەی وەرگرتن بەدەستیان بهێنی، بەڵکو بارودۆخێکی ئیلهامی و لە نهێنی خودایانە.

ڕای ئەفلاتوون سەبارەت بە شیعر و ئەدەب و ڕای ئەو سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕاستیدا هەمان ڕایە کە نامیلکەکانی "ئەیون و فایدرۆس" لە لایەن سوکراتەوە پێشکەش کراوە و لە ڕاستیدا بیروڕاکانی ئەو و سوکرات لەم نامیلکەیەدا لە یەکتر جیا نابنەوە. سەرەڕای ئەوەش ئەفلاتوون بیروڕای خۆی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی بە شێوەیەکی دووردرێژ لە کتێبی "کۆمار"دا خستۆتە ڕوو و لەم کتێبەدا ڕووبەڕووی بۆچوونی تایبەتمەندتر لە ئەفلاتوون لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و سوودەکانی شیعر و چیرۆک دەبینەوە کە تا ڕادەیەک لەگەڵ بیروڕاکانی سوکرات لەو نامیلکەیەی پێشتر ناومان هێنا، جیاوازی هەیە. گرنگی ئەو بۆچوونانە لە کۆتایی کتێبی دووەم و سەرەتای کتێبی سێیەمی "کۆمار"دا باسی کراوە. لە میانەی ئەم بەشانەدا چەندین بابەت سەبارەت بە شێوازی دەربڕینی چیرۆکەکان، پەروەردەی ڕوحی بەهۆی شیعر و مۆسیقا وەکو گرنگترین بەشی پەروەردە، سەبارەت بەوەی شاعیران لە بارەی دنیای دوای مەرگ، خودایان و پاڵەوانەکان و مرۆڤ دەبێت چۆن بدوێن و چۆن پێناسەی بکەن؟ سەبارەت بەبیروڕای چالاکی هونەرمەندان و ئەو چیرۆکانەی منداڵان ئازادن بینووسن، هاتووە. لە میانەی ئەم باسانەدا چەندین دیالۆگی جوان و سەرنجڕاکێش لە نێوان "سوکرات و گلاوکن" هاتۆتە پێشەوە و لەم بارەیەوە بە فراوانی گفتوگۆ کراوە. دیدی ئەفلاتوون بۆ ئەدەبیات دیدێکی زۆر ئەخلاقی - کۆمەڵایەتییە. ڕەخنەی ئەدەبی ناوبراو هەر لەم دیدگایەوەیە، واتە لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمە ئەخلاقی - کۆمەڵایەتییەکان بنیاد نراوە. ئەفلاتوون ئەدەبیاتی بە مەبەستی خزمەتکردنی ئەخلاقی و پاککردنەوە و بەرز بوونەوەی ئاستی ڕوحی تاک لە ناو کۆمەڵگەدا دەوێت و تا ئەو شوێنە پەسندی دەکات کە خزمەتگوزار و ئامرازی پێشکەوتنی ئەخلاقی و دەروونی مرۆڤ بێت نەک زیاتر. لە کۆمەڵگە ئامانجدارەکەی کە هەمان شاری باشترینە، ئەدەبیات هیچ دەورێک ناگێڕێت، تەنیا ئەگەر دەوری باڵای مرۆڤ و پێگەیشتن و شووشتنی پیسییەکان و پۆخڵییەکانی ویژدانی مرۆڤ و نەهێشتنی ژەنگی ڕوح و دەروونی مرۆڤ و ڕازاندنەوەی بە ئەخلاقی جوان و باڵا و بەرزبوونەوە بێت. ئەو ئەدەبیاتەی کە مەبەستی فێر بوونی خراپەیە و ڕوح و دەروونی مرۆڤ بە تایبەتی منداڵان و گەنجان کە زۆرتر لە گەوران دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە، پیس و ئالوودە دەکات. ئەو ئەدەبیاتەی مرۆڤ گومڕا دەکات، دەبێتە هۆی هەڵخەڵەتاندن و لادانی مرۆڤ، ئەو ئەدەبیاتەی کە وانەی کینە و توندوتیژی فێری گەنجان دەکات و بە دروست کردنی ترس لە مەرگ و دنیای دوای مەرگ دەبێتە هۆی ئەوەی گەنجان هەموو جۆرە ژیانێک تەنانەت ژیانێک لەگەڵ نەنگی و دۆڕان و تەسلیم بوون و سووکایەتی، لەسەر مەرگ دابنێن و ئەو ئەدەبیاتەی کە تێیدا پاڵەوان لە کاتی دەرخستنی دژواری و ناخۆشی و سەختییەکان، یان لە کاتی شکست، یان مەرگی ئازیزان، لاوازی خۆی دەردەخات و دەگریەت و هاوار دەکات و بێ تاقەت دەبێت. ئەو ئەدەبیاتەی کە تێیدا خێر بەسەر شەڕ و نایەکسانی لەسەر یەکسانی و ناشیرینی بەسەر جوانییەکان و نزمی بەسەر باڵایی و تاریکی بەسەر ڕووناکیدا سەردەکەوێت و ئەوە دەردەکەوێت کە لە جیهاندا یەکسانی و دادپەروەری بوونی نییە، هەرچەندە جوان و هونەرمەندانە و کارامە بنیاد نرابن و ئاسەواری دڵڕفێنی بە دواوە بێت. بەهۆی ئاسەواری خراپ بەکارهێنانی ئەخلاقی - کۆمەڵایەتی نا پەسندە و دەبێت قەدەغە بکرێت و ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی لە ناو کۆمەڵگەدا لێ بگیرێت. کۆمەڵگەی ئامانجدار نابێت ڕێگە بدات ئەم جۆرە بەرهەمە ئەدەبییە جا شیعر بێت یان چیرۆک و بابەتی تری ئەدەبی بکەوێتە بەر دەستی منداڵان و نەوجەوانان و تووشی لادانیان بکات. ئەدەبیات دەبێت لەژێر زەبری کۆمەڵگەدا بێت و بە توندی سانسۆری لەسەر بێت و نابێت بەرهەمی ئەدەبی ئەخلاقی

ناپەسند، سەرەڕای گشت جوانی و بەها هونەرییەکان مۆڵەتی بڵاو بوونەوەی پێ بدرێت، هەروەها ئەفلاتوون ڕەخنە لە بەرهەمەکانی هۆمێر و هزیود دەگرێت بەهۆی ئەوەی بابەتی دژە ئەخلاقی و خراپ بڵاو دەکاتەوە و سەرەڕای گشت جوانی و سەرنجڕاکیشانیان مەحکوومیان دەکات. بۆ نموونە ئاماژە بەو پارچە شیعرانە دەکات کە شەڕ لە دژی خودایان ڕادەگەیەنێت و بە ڕق و کینە و تۆڵەی بێ ڕەحمانەیان وەسف دەکات و بە پێچەوانەی ئەخلاقیان دادەنێت. بە گشتی سوکرات و ئەفلاتوون بەهۆی ئەوەی شیعر و ئەدەبیات بە بەرهەمی هێزی ئیلهام دەزانن و ئەندێشە و بیروڕا و هۆشیاری نووسەریان لە خوڵقاندنی بەرهەمی ئەدەبی زۆر بە خاوەن دەور نازانن و لە لایەنی ژیرییەوە گرنگییەکی زۆریان بۆ شیعر و ئەدەبیات دانەدەنا، هەر بۆیە بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە یاسا و ڕێسایەکی سەرەکی بۆ ئەدەبیات دیاری بکەن و تەنیا ئەو چوارچێوەی کە بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانیان داناوە، چوارچێوەی ئەخلاقی بوون، لەم چوارچێوەیەدا بڕوایان بە سنووردارکردنی ئەدەبیات و بۆچوونی توندڕەوانە و کۆت و بەند دانان بوو و ڕەخنەی ئەدەبی ئەوان بە گشتی ڕەخنەی ئەخلاقی و پارێزگارانە بوو.

ئەرستۆ بە دیدێکی لۆژیکی دیاردەکان و هەموو شتێکی بە یاسایی و ڕێکخراوەیی دەبینی، یەکەمین بیرمەند بوو کە هەوڵی دا یاسا و ڕێساکان بدۆزێتەوە و ئامادەیان بکات، ناسینی داهێنانە ئەدەبییەکان بە بنەما بکات و چەندین شێواز و پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنیان دابهێنێت، هەر بۆیە دەبێت ئەم زانایە مافی ئەوەی پێ بدرێت کە بە دامەزرێنەر و باوکی ستایلی لۆژیکی و خاوەن تیوری ئەدەبی دابنرێت. گرنگترین بەرهەمی بە جێماوی ئەرستۆ لە بواری ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبی، کتێبی " هونەری شیعر"ە. هەرچەندە ئەرستۆ چەندین بەرهەمی دیکەشی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا هەبووە کە یان لە ناچوون، یان تەنیا بەشێکی بچووکیان لێ بەجێ ماوە، وەکو بەرهەمەکانی " لە بارەی شاعیران و سەبارەت بە داهێنانەکان". هەر ئەم بەرهەمە " هونەری شیعر"ەش کە لە ئەرستۆ بەجێ ماوە، بەهۆی تێپەڕبوونی کات کەموکوڕی تێدایە و ئەگەری زۆر هەیە کە بەشێکی زۆری لەناو چووە. باسە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە چەندین یاداشت بووە کە ئەرستۆ بۆ ڕێکخستنی هزری خۆی نووسیویەتی و پاراستوویەتی تاکو لە کاتی پێویست لە کتێبێکدا کۆیان بکاتەوە و سوودیان لێ وەربگرێت، بەڵام یان لەبەر چەند هۆکارێک دەرفەتی ئەم کارەی بۆ نەڕەخساوە، یان ئەگەر کتێبی هونەری شیعریشی تەواو کردبێت، بە دەستی ئێمە نەگەیشتووە، بەڵام ئەوەشی کە بەجێ ماوە بە ڕوونی دەتوانین لە بۆچوونی ئەرستۆدا سەبارەت بە باسە ئەدەبییەکان و ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەبیات تێ بگەین و هێزی شیکردنەوەی لۆژیکی ئەرستۆ و کارامەیی ناوبراو لە دەرخستنی پێوەر و بیروڕا بیرمەندانەکەمان بۆ ڕوون بێتەوە.

کتێبی هونەری شیعر لە بیست و شەش بەش پێکهاتووە، چوار بەشی یەکەمی پێناسەی شیعر دەکات و پێوەندی نێوان شیعر و لاسایی و جۆرەکانی شیعر و لاسایی ڕوون دەکاتەوە. بەشی پێنجەم پێشەکییەکە لەسەر سێ بابەتی کۆمێدی و تراژیدی و حەماسی. لە بەشی شەشەم تاوەکو بیست و دوو، پێناسەی تراژیدی و تایبەتمەندییەکانی دەردەخات و چەندین باسی سەبارەت بە پێودانگ و یەکگرتوویی کردار، ڕەفتارە سادە و ئاڵۆزەکان، گۆڕان و ناسینەوە، بەشەکانی ناسینەوە، بەشەکانی تراژیدیا و ترس و ڕەنج لە تراژیدیا، ئەندێشە و وتار لە تراژیدیا، بەشەکانی وتار، تراژیدیا و کردنەوەی گرێ، هەڵسوکەتی کەسایەتی چیرۆک و خەسڵەتەکانی تێکستی شاعیرانە دەخاتەڕوو. سێ بەشی دوایی کتێبی هونەری شیعر سەبارەت بە حەماسەت و دلاوەرییە و لەم سێ بەشەدا دوای توێژینەوەیەکی کورت و ناتەواو سەبارەت بە شیعری حەماسی، وەکو نموونە دەست بە لێکۆڵینەوەی شیعری حەماسی هۆمێر دەکات. لە دوا بەشی ئەم کتێبەشدا بەراوردی نێوان تراژیدیا و حەماسی دەکات، بە بەڵگەی لۆژیکی ئەوە دەسەلمێنێت کە تراژیدیا لەسەرووی حەماسییە و باڵاترە. بەشێکی کتێبەکەش تایبەت کراوە بە وەڵامی بەشێک لە کێشەکانی ڕەخنەگران و تێیدا ئەرستۆ ئەو هەڵانەی کە ڕەنگە لە هونەری شیعردا ڕوو بدات شی دەکاتەوە. یەکێکی تر لە ئەنگێزە سەرەکییەکانی ئەرستۆ لە نووسینی بەرهەمی هونەری شیعردا، وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنانە بوو کە ئەفلاتوون لە ڕوانگەی ئەخلاق و زانستەوە لەسەر شیعر و ئەدەبیاتی دانابوو و وەڵامی هاوشێوە دەرکەوتووەکان لە

لایەن ناوبراو بوو. ئەفلاتوون شیعری لە لایەنی ئەخلاقەوە بە زیانبەخش و وێرانکەر دەزانی و لە لایەنی ناسینی زانیاری بە دوور لە ڕاستی و دوور لە بەهای زانستی دەزانی و بەها جوانناسییەکانی ئەدەبیاتی لەبەرچاو نەدەگرت، یان بە گرنگی نەدەزانی و لە جیاتی ئەوە لە ڕوانگەی بەها ئەخلاقییەکانەوە بۆ ئەدەبیات دەیڕوانی. لە دیدی ئەفلاتوونەوە شیعر لە ڕاستییەوە دوورە و ئەگەر نیشانەیەک لە زانیاری تێدا هەبێت، پێوەندی لەگەڵ زانیاری ڕاستەقینە زۆر سستە و لە زانیارییەکی نادیار و تەمومژاوی سەرچاوە دەگرێت. ئەفلاتوون شیعری بە پەروەردەیەکی بێ بەها و نزم دەزانی و وا بیری دەکردەوە کە ئەدەبیات لە ڕێگەی دروست کردنی جۆشو خرۆشی درۆیینە و هەڵبەستراو، زیان بە ڕوحی تاک و کۆمەڵگە دەگەیەنێت و بەم هۆیەوە دەبوایە ڕەها بکرێت و لەژێر چاودێری توندی کۆمەڵگەدا بێت. تێڕوانینی ئەفلاتوون وابوو کە شاعیران کاریان لاسایی کردنەوەی حەقیقەتە، ئەوەش نەک لاسایی ڕاستەوخۆ و ئاگایانە، بەڵکو لاسایی نائاگایانە، بێ سوودوەرگرتن لە تێگەیشتن و هەستەکان و چەند پلەیەک دوور لە ڕاستی، بەهۆی ئەم مەودا زۆرەی نێوان بەرهەمی کارەکەیان لە ڕاستی و بەهۆی بەڵگەی نائاگایانە و نەزانینیان بۆ حەقیقەت ئەوەی لە بارەیەوە دەدوێن، کارەکەیان بەهایەکی زۆری نابێت. ئەرستۆ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم تێڕوانین و ڕەخنانە، بەرهەمی هونەری شیعری بڵاو کردەوە. لە ڕوانگەی ئەرستۆوە ئەدەبیات هەر لە شیعر و پەخشان، هەروەکو هونەرەکانی دیکە، لەسەر بنەمای دوو بناغەی سەرەکی بنیاد نراوە، یەکێکیان سروشتی لاسایی هزر و ڕوحی مرۆڤە و ئەوەی تریان پێویستیی سروشتی هاوسەنگی و هەماهەنگی و ڕیتمە. کەواتە ئەدەبیات بە گشت شێوەکانییەوە، شێوازێکی داهێنانی هزرییە کە لە سروشتی لاساکاری مرۆڤی داهێنەرەوە سەرچاوە دەگرێت و نیازی ڕوحی بە هەماهەنگی و هاوسەنگی ڕازی دەکات. ئەرستۆ بڕوای وایە مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی لاساکارە و لە لاسایی کردنەوەی لێهاتووانەی شێوە و هەڵسوکەوتەکان چێژ وەردەگرێت: " بەڵگەی ئەم داوایە، بارودۆخێکە لە دنیای ڕاستەقینەدا بوونی هەیە، چونکە ئەو بوونەوەرانەی چاوی مرۆڤ لە بینینیان بێزار دەبێت، ئەگەر بە جوانی وێنایان بکەن، چێژ لە بینینی ئەم وێنانە وەردەگرن"، هەروەها ئەرستۆ ئاراستەی هاوسەنگی و هەماهەنگی لە مرۆڤدا بە کردارێکی سروشتی و ڕەگەزی دادەنێت و بڕوای وایە کە ئاوێتەبوونی ئەو دوو ئاراستە سروشتییە بۆتە هۆی لە دایک بوونی شیعر و ئەدەبیات: " کەواتە هەروەکو ئەنگێزەی لاسایی و بناغەکان لە بنیادی ئێمەدا سروشتی بوو، چونکە مەزاقی ئاواز و ڕیتم جگە لە مەزاقی کێش وەک بەشێک لە بەشەکانی ڕیتم شتێک نین، ئەوانەی لە سەرەتای ئەم جۆرە بارودۆخەدا توانایی زۆرتریان هەبوو. بەرە بەرە پێشکەوتن و دەستیان بە پێشکەش کردنی بەڵگەکان کرد و هەر بەم جۆرەش بوو کە شیعر لە دایک بوو." (کتێبی هونەری شیعر. بەشی چوارەم)

ئەرستۆ لەو بڕوایەدایە لاسایی چەندین جۆری هەیە، لە دیدی ئەوەوە لاسایی ڕەنگە بە شێوەی گێڕانەوەی بابەتی زارەکی بێت لە لایەن کەسانی ترەوە، یان لە زاری خودی قسەکەرەوە بێت و بە بێ دەستتێوەردانی گێڕەوە بیگوازێتەوە، یان ڕەنگە گشت کەسایەتییەکان چیرۆکەکە لە دۆخی جووڵە و کاردا وێنا بکەن و سەرهەڵدانی گشت ئەم جیاوازییانەی لاساییەکە پەیدابوونی شیعری جۆراوجۆری لێ کەوتۆتەوە: " ئەو کاتە شیعر، لەسەر تەبایی سروشتی شاعیران جۆراوجۆر بوو. ئەوانەی کە بنیادی باڵایان هەبوو، کردەوەی مەزن و مەزنەکانیان وێنا دەکرد و ئەوانەی کە بنیادیان نزم و پووچ بوو، دەستیان بە ستایش کردنی کرداری نزم و بێ بەهرەکان کرد. ئەم کۆمەڵەی دوایی دەستیان بە نووسینی زەمکردن و کۆمەڵەی یەکەمیش دەستیان دایە نووسینی ستایش و سرووتە ئایینییەکان." (کتێبی هونەری شیعر. بەشی چوارەم)

ئەرستۆ بڕوای وایە کە گەشەکردنی زەم نووسین بووە هۆی سەرهەڵدانی ستایل و کێشی تایبەتی لە ئەدەبیاتدا کە بە " کێشی ئەیامبیک" ناویان دەبرد و گەشەی دواتری ئەوە بووە هۆی سەرهەڵدانی کۆمیدیا لە ئەدەبیاتدا و گەشەی ستایش کردنیش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی " کێشی هیرۆییک" کە گەشەی دواتری بووە هۆی سەرهەڵدانی حەماسەت و دواتر لقێک لە حەماسەت نووسین بە شێوەیەکی تایبەتی گەشەی کرد کە سەرهەڵدانی تراژیدیای لێ کەوتەوە: "لەبەر ئەوەی کە تراژیدیا و

کۆمیدیا سەریان هەڵدا، شاعیران هەر یەکەو بە پێی سەلیقەی خۆی یەکێک لەم دوو ستایلەیان گرتەبەر، بەشێکیان لە جیاتی ئەوەی شیعری ئەیامبیک بنووسن، دەستیان بە نووسینی کۆمیدیا کرد و بەشێکی تریان لە جیاتی ئەوەی ڕوو بکەنە شیعری هیرۆییک ڕوویان لە شیعری تراژیدیا کرد." (کتێبیی هونەری شیعر. بەشی چوارەم)

ئەرستۆ کۆمیدیا بە ڕەفتارێکی شەرمەزارانە دادەنێت کە دەبێتە هۆی گاڵتەجاڕی و سووکایەتی پێکردن و سەرەڕای بوونی ناشیرینی و خەوشەکانی، بەڵام هیچ زیانێک بە کەس ناگەیەنێت، هەروەها ئەو لە تراژیدیا و حەماسی وەکو لاسایی کردنەوەی کێش و ڕەفتار و حاڵەتی پیاوە مەزنەکان و ڕاستەقینەکان دەڕوانێت، بەم جیاوازییەوە کە حەماسی بە پێچەوانەی تراژیدیا بەردەوام یەک جۆرە کێشی هەیە و شێوازی دەربڕینی گواستنەوە و گێڕانەوەیە. دواتر ئەرستۆ بەم جۆرە پێناسەی تراژیدیا دەکات: " تراژیدیا لاسایی کردنەوەی کار و کردارێکی تەواو و خاوەنی درێژی و قەبارەی دیاریکراوە، بەهۆی دەربڕینەوە بە گشت جۆرەکانی ڕازاندنەوە و ئەم ڕازاندنەوانەش هەر یەکەیان بە پێی جیاوازی بەشە جۆراوجۆرەکان و ئەم لاسایی کردنەوەش بەهۆی کرداری تاکەکان تەواو دەبێت، نەک بەهۆی گواستنەوە و گێڕانەوە ڕووبدات و ترس و ئازار بورووژێنێت، تاوەکو ببێتە هۆی پاککردنەوەی دەروونی مرۆڤ لەم سۆز و پەرچەکردارانە." (کتێبی هونەری شیعر. بەشی شەشەم)

گرنگترین بەشەکانی تراژیدیا لە ڕوانگەی ئەرستۆوە، ئەم شەش بەشەن کە تراژیدیایان لێ پێکهاتووە و کرۆکی لە لایەن ئەوانەوە دروست دەبێت. ئەم بەشانەش بریتین لە: ناوەڕۆکی ئەفسانەیی، دەروون، وتار، ئەندێشە، دیمەنی نمایشکراو، ئاواز...تاد

ئەرستۆ گرنگترین ئەرکی تراژیدیا لە ئاوێتەکردنی کردارەکاندا دەبینێتەوە و بڕوای وایە کە تراژیدیا لاسایی ژیان و بەختەوەری و بەدبەختییە و بەختەوەری و بەدبەختی، هەردووکیان بەرهەم و ئاسەواری کرداری و ڕەفتارن و ئامانج و مەبەستی ژیان چۆنیەتی کارە نەک چۆنیەتی بوون، بەختەوەری و بەدبەختی خەڵک بەهۆی کردار و ڕەفتارەکانیانە و سەرچاوەی لە خەسڵەت و دەروونیان گرتووە. ئەرستۆ ئەفسانە و ناوەڕۆکی چیرۆکی تراژیدی لەسەر خەسڵەت و ناوەڕۆکی دەورگێڕەکان لە تراژیدیادا بە قۆناغی یەکەم و ئەندێشە بە قۆناغی سێیەم دادەنێت. ئەرستۆ بەم جۆرە باسی دەروون دەکات: "دەروون کارێکە کە شێوازی ڕەفتار، واتا هەمان ڕێباز دەردەخات کە چۆن بۆ مرۆڤێک گرفتی ئەوە بێتە پێش ئەو ڕێبازە هەڵبژێرێت یان لێی دوور کەوێتەوە و بەم هۆیەوە لەو وتانەی کە قسەکەر تێیدا کەمترین دەرفەتی هەڵبژاردن، یان دوورکەوتنەوەی نییە لەم ڕێبازە، هیچ ئاسەوارێکی خەسڵەت و دەروون بوونی نییە، بەڵام ئەندێشە لە هەر وتەیەکدا کە بەڵگەی بوون و نەبوونی شتێکە، یان دەست دەکات بە ڕوونکردنەوەی گشتی هزری، بوونی هەیە." (کتێبی هونەری شیعر. بەشی شەشەم)

وتار لە قۆناغی چوارەمدایە و مەبەست لە وتار ئەوەیە ڕوونکردنەوەی هزری بەهۆی دەربڕین و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکەی، دوای وتار، ئاواز دێت و لە دوایین قۆناغی پەروەردەی دیمەنی نمایشکراو، هەرچەندە کاریگەری بەسەر گشتییەوە هەیە، بەڵام دوورترین بارودۆخە لە هونەری شیعر و کەمتر لە بەشەکانی تر پێوەندی بە داڕشتنی شیعرەوە هەیە. بە بۆچوونی ئەرستۆ ئەو ئەفسانانانەی کە ناوەڕۆکی تراژیدیان هەیە، بۆ ئەوەی جوان و هونەرمەندانە دەربکەون، دەبێت خاوەنی ڕێکخستن و پەروەردەیەکی تایبەتی لەنێوان بەشەکان بێت و گونجاو و هەماهەنگ بن و خاوەن پێوانەیەکی دیاریکراو و ڕێکخراو بن، بۆیە بوونەوەری زیندوو ئەگەر زۆر بچووک بێت، ناکرێت جوان ببینرێت، چونکە چاو دەرفەتێکی کەمی بۆ بینینی هەیە، ناتوانێت لێی تێبگات، هەروەها ئەگەر زۆر گەورەش بێت، بۆ ئەم ژینگەیە ناگونجێت، بەڵکو یەک پارچەیی و تەواوی لە بەر چاوی بینەر شاراوە دەبێت". (کتێبی هونەری شیعر. بەشی حەوتەم).

ئەو مەودا زەمەنییەی ئەرستۆ بۆ تراژیدیا بەڕەوای دەزانی بە قەدەر ئەوەیە کە تێیدا زنجیرەیەک لە ڕووداوەکان بە شێوەی پێویست، یان ناپێویست بەدوای یەکدا دێن، پاڵەوانی چیرۆک لە بەدبەختی بە بەختەوەری و لە بەختەوەرییەوە بە بەدبەختی بگەیەنێت. لە ڕوانگەی ئەرستۆوە ئەفسانەو چیرۆکی تراژیدیا دەبێت بریتی بێت

له یەکگرتوویی کردار، یەکگرتوویی کردار بەم مانایەیە کە ئەو ڕەفتارانەی پاڵەوانی چیرۆک دەینوێنێت لە پێوەندییەکی لۆژیکی و تەسکدا بێت و بەگشتی کۆک و گونجاوبن، بەشێوەیەک کە:

"ئەگەر بەشێک لەم بەشانە جێگۆڕکێی پێ بکەن، یان لابەرن بە گشتی ڕیزبەندییەکەی تێک دەچێت و دەهەژێت، چونکە ئەو کارەی کە گونجاو بێت، شتێکی بۆ زیاد بکەن یان لێی کەم بکەنەوە و لە هیچ کام لەم دوو حاڵەتەدا گۆڕانکارییەک ڕوو نەدات، ئەم کارە بە بەشێک لە گشتگیری کارەکە ناژمێردرێت". (کتێبی هونەری شیعر - بەشی ٨)

ئەرستۆ ئەرکی تراژیدیا نەک بە گواستنەوەی دروست و دڵسۆزانە بە ڕووداوە ڕاستەقینەکان، بەم جۆرەی کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا ڕووی داوە، بەڵکو چیرۆکی بارودۆخەکە بەم جۆرەی ئەگەری ڕوودانی هەبێت، دەزانێت و لەم ڕووەوە پلەی شاعیرە تراژیدییەکان باڵاتر و باڵاتر لە پلەی مێژوونووس و شیعر، فەلسەفەی تر لە مێژوو دادەنێت، چونکە: "شیعر زۆربەی جار باس لە بارودۆخێکی گشتی دەکات، لە کاتێکدا مێژوو باس لە بارودۆخێکی بچووک دەکات." (کتێبی هونەری شیعر - بەشی ٩).

لەسەر ئەم پرەنسیپە ئەرستۆ بەم دەرەنجامە سەرەکییە دەگات کە شاعیر دەبێت زۆرتر خوڵقێنەری ئەفسانە بێت تاوەکو داڕشتنی وتە بە کێش و سەرواکان و گەوهەری ئەدەبیات، داڕشتنی ئەفسانە و چیرۆکە نەک ڕێکخستنی وتە. ئەرستۆ لاسایی کردنەوە، بێ شیکردنەوە و بێ دەرەنجامی تراژیدی لە کردارە تەواوکارەکان دانانێت، بەڵکو بڕوای وایە کە: " پێویستە ئەوەی دەکەوێتە ژێر لاسایی کردنەوە، ببێتە هۆی دروست بوونی ترس و سۆزیشەوە. ئەم بارودۆخە کاتێک ڕوودەدات کە ڕووداوەکان بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان ڕوو بدەن و لە هەمان کاتدا ڕووداوەکان یەک لە دوای یەک سەرچاوە دەگرن، چونکە بەم جۆرە لایەنی سەرسوڕهێنەری ئەم ڕووداوانە زۆرتر دەبێت تا ئەوەی بەهۆی شانس و ڕێکەوتەوە ڕووی دابێت، چونکە تەنانەت ئەو ڕووداوانەش کە بەهۆی ڕێکەوتەوە ڕوویان داوە، ئەو کاتە زۆرتر سەرسوڕهێنەر دەبن کە بە ڕواڵەت بە ئەنقەست بێنە بەرچاو." ." (کتێبی هونەری شیعر - بەشی ٩).

بە بڕوای ئەرستۆ وروژاندنی ترس و سۆز بە یەکێک لە گرنگترین ئەرک و ئامانجەکانی ئەدەبیات دادەنرێت. ترس و سۆز ڕەنگە دەرنجامی ئەم دیمەنە بێت، یان ڕەنگە بەهۆی ڕووداوەکانەوە هاتبێتە ئاراوە. بەڕای ئەرستۆ ئەو ترس و سۆزەی بەهۆی ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانەوە دێتە ئاراوە کاریگەرتر و بەهادارتر دەبێت، ئەوەش هونەرێکی مەزنە کە هەموو کەس ناتوانێت ئەنجامی بدات و تەنیا شاعیران نەبێت: " لە ڕاستیدا ئەفسانە دەبێت بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە هەرچەندە کەس نواندنەکەی نەبینێت، بەڵام هەر کە چیرۆکەکەی دەبیسێت، بەهۆی ئەم ڕووداوەوە تەزوو بە جەستەیدا بێت و سۆزی بۆ بارودۆخی پاڵەوانی چیرۆک دەرببڕێت".." (کتێبی هونەری شیعر - بەشی ١٤).

ئەو ترسەی بەهۆی تراژیدیاوە دێتە ئاراوە نابێت حەپەسان بێت، بەڵکو دەبێت بەسۆز و میهرەبانانە بێت و ئەگەر تراژیدیا لەسەر بنەمای ڕوودانی کوشتنێک بەرهەم هێنرابێت، دەبێت باسکردنی ڕووداوەکە ببێتە هۆی دروست کردنی کەشێک کە ترس و سۆزی تێدا بێت. بۆ نموونە: "برایەک برایەکەی، یان کوڕێک باوکی دەکوژێت یان دایک منداڵەکەی، یان منداڵ دایکەکەی دەکوژێت، یان هەر یەکێک لەوانە سەبارەت بە کەسێکی تر تاوانێکی ئەنجام دابێت و لەم جۆرە بارودۆخەدایە کە شاعیر بۆ بابەتی تراژیدییەکەی بدۆزێتەوە و هەڵیبژێرێت."." (کتێبی هونەری شیعر - بەشی ١٤).

کردارە تراژیدییەکان بە شێوەیەکی سروشتی ناڕەوا و نادادپەروەرانە و ناشیرینن. ئەم جۆرە کردارانە ڕەنگە هۆشیارانە، بە ویست و بە ئەنقەست بێت، یان نائاگایانە و نەخوازراو و نا ئەنقەست بن و باشترین جۆری تراژیدیا ئەوەیە کە: "کەسێک نائاگایانە تاوانێک ئەنجام دەدات و دواتر دان بە تاوانەکەیدا بنێت، چونکە لەم حاڵەتەدا، ئەم کردار و ڕەفتارە نابێتە هۆی نەفرەت و بێزاری و ئەو ئاگاییەی کە دوای کرداری تاوانکاری دەبێتە بەرهەم و هۆی ئەوەی بینەر، یان خوێنەر لەناکاو پەی بە حەقیقەت ببات."." (کتێبی هونەری شیعر - بەشی ١٤).

# ڕۆڵی دەستەواژە لە پێکهاتەی زمانی لۆژیکی نوێدا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

١- ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە سروشت لەپەرەسەندنیدا، لەو گۆڕانانەی بەسەریدا دێن، پابەندی چەند ڕێوشوێنێکە دەکرێ بە قانوون ناوببرێن، بوونی ئەو قانوونانە دەتوانرێ پشت ڕاست بکرێنەوە. کۆمەڵگەش لەلای خۆیەوە سروشت ئاسا بەپێی قانوونی تایبەتی کۆمەلایەتی پرۆسەیەکی بەرەو پێش چوون نیشان دەدات کە دەکرێ بەهۆی دیاردە هەمە جۆرەکانییەوە ساغ بکرێتەوە. مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەلایەتییە و لە هزردا نەبێ ناکرێ لە کۆمەڵگە و سروشتی دەوروبەری داببڕدرێ، ژیرانە بیر دەکاتەوە، ئەو بیرکردنەوەیەی لە ڕەوشی ئاسایی خۆیدا ئەنجامی دیاریکراوی لێدەکەوێتەوە، ئایا ئەو بیرکردنەوەیە، بەبێ گوێدانە ڕوخسار و ناوەڕۆکەکەی، وەک سروشت و کۆمەڵگە، قانوون و ڕێوشوێنی تایبەتی- دیاریکراو بەخۆی- هەیە کە کار لە پرۆسەی ئەنجامگیرییەکەی بکات کە بەکارو چالاکییەکی خودی خۆی جێبەجێی دەکات؟!

ئەگەرچی ئەو پرسیارە لە سەرەتاوە گریمانەی ئەوەی کردووە کە چالاکی هزر، پرۆسەیەکی ڕێکوپێکە و لە پێشەکی خوازراوەوە دەست پێدەکات، ئینجا دەگاتە مراز و خواستی ئامانجی پرۆسەی بیرکردنەوەکە، ئەوە لە دوو وەلام بەولاوە پتر هەڵناگرێ:

- وەلامەکە جارێکیان بە (ئا) دەبێ:

- جارێکی دیکە بە (نا) دەبێت، بەلام لە هەردووکیاندا هەبوونی قانوونە گریمان کراوەکە پشت ڕاست دەکرێتەوە! چۆن؟!

ئەگەر وەلامەکە ئارێ بێت، پرسیارەکە دووبارە لە بارەی قانوونەکانەوە دەکرێتەوە، چۆنن و کامانەن؟ بەلام ئەگەر وەلامەکە نارێ بێت، کێشەیەک بەرپا دەکات لە



**ڕۆدۆلف کارناپ**

خۆیدا ناکۆک و ناتەبایە و لەگەڵ خۆیدا نایەتەوە، چونکە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە:

چۆن ئەو وەڵامە ناڕێ کرا؟ ئایا لەو بڕیارەیدا پشتی بە چ بنەمایەک بەستووە؟ دیسانەوە وەڵامەکە لە دوو ڕێتێچوون بەولاوە پتر نابێ:

- یان ئەوەتا وەڵامەکە هەڕەمەکی دراوەتەوە، لەوکاتەدا بە هیچ جۆرێک پەسند نابێت و پشتگوێ دەخرێ.

- یان ناکردنەکە ئەنجامێکە لە پرۆسەیەکی شیکردنەوەوە کەوتۆتەوە و پشتی بە چەند ڕێوشوێن و بنەمایەک بەستووە، ئەوکاتە دەگوترێ بنەماکان کە ناکردنەکە پشتی پێ بەستوون، خۆیان قانوونەکانی بیروهزرن، کەوابوو بیروهزریش قانوونی تایبەتی خۆیانیان هەیە لە کارو چالاکییاندا پابەندینی و پشتی پێ دەبەستن. ئەو قانوونانە بابەتی زانستێکن کە لقێکی سەرەکی فەلسەفەیە و لە زمانە ئەوروپاییەکاندا بە (لۆژیک Logik) ناودەبرێ و هەر لەسەردەمی عەبباسییەکانەوە کە بزووتنەوەی وەرگێڕان لە یۆنانییەوە بۆ عەرەبی دەستی پێ کردووە، وشەی (مەنتیق) بۆ ئەو بابەتە دانراوە.

وشەی لۆژیک لە وشەی لۆگۆسی یۆنانییەوە وەرگیراوە، واتای ژیر، وشە... دەبەخشێ.

ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤی ئەو سەر زەوییە بە تەواوەتی، بەبێ هەڵە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کە زانستییانە بێت، شتێکی ئەوتۆ بەپێی پێویست لە ڕێزمانی زمانەکەیان بزانن، زمانی زگماکی خۆیان بەکاردەهێنن. بابەتی بیرو بیرکردنەوەش هەروایە. مرۆڤ بیر دەکاتەوە پێش ئەوەی کارێک بکات. ئەو بیرکردنەوەیە چالاکی و پرۆسەیەکە لە مێشکدا ڕوودەدات، پشت بە چەند قانوون و ڕێنمایی و ڕێوشوێنێک دەبەستێ، ئەو پرۆسەیە پابەندی ئەو ڕێوشوێنانەیە، بەبێ ئەوەی مرۆڤی بیرکەرەوە ڕاستەوخۆ هەستی پێ بکات و ئەو قانوونانە بزانێ!

بەکارهێنانی ئەو قانوونانەی هزر و بیرکردنەوە لە چالاکی بیرکردنەوەدا بێ ئاگا و بێ هەست پێ کردن شتێکە و داڕشتنیان بەڕێکوپێکی لەپێناوی ڕێکخستن و کۆکردنەوەیان بەشێوازێکی تیۆرییانە شتێکی دیکەیە. لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوە و ڕێکوپێککردنی ئەو قانوونانە یەکەم جار لە مێژووی فەلسەفەدا لەلایەن فەیلەسووفی یۆنانی ئەرستۆ(١) بووە بۆیە بە دانەری لۆژیک و مۆستای یەکەم ناوبراوە.

٢- هزر و زمان توند و تۆڵ بەیەکەوە بەندن و پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوانیاندا هەیە و بە ئاسانی لەیەکتری جیا ناکرێنەوە. ئەگەر بیرکردنەوە، چالاکی پرۆسەیەکی گیانی (نامادەیی) بێت، مەبەست و ڕاز و نیاز و ئامانج و خواستی مرۆڤی ئاسایی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا گەڵاڵە و ڕەنگرێژ بکات، ئەوە زمان ئەو ئامرازەیە ناوەرۆکی ئەو پرۆسەیەی هزر-بیرکردنەوە بە دەنگ و شێواز و شێوەی دیاریکراو دەردەبڕێ. کەوابوو زمان، لە ئامرازێکی دەربڕین و لەیەکتری گەیشتن و (جاروبار بە هەڵە لەیەکتری گەیشتن!) و ئاڵوگۆڕکردنی ڕاوبۆچوون و هەست و نەست بەو لاوە شتێکی دیکە نییە. زمانیش وەک هزر، لە ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە سروشتییەی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ پێی بەخشیوە، پابەندی چەند ڕێوشوێن و بنەمایەکە کە بە تێکڕایی سەرجەمی کۆی

بابەتێک پێک دێنن لە زمـــانی کـــوردیدا وشـــەی «ڕێزمان»یان ڕۆناوە!

بەو پێیـە، بیر پابەندە بە چەند قانوون و ڕێنمـاییەکی دیاریکراوەوە، زمـــان ئـامـــرازێکە بۆ دەربڕینی هەست و نەســــتی ناخی دەروون، ئەوەی هەردووکـــیــــان وەک کەرەسەیەکی توێژینەوە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، زانستی لۆژیکە.

چۆن لۆژیک و لە چ سۆنگەیەکەوە سەرنجی هزر و زمان دەدات؟ لە چالاکی فـەلسـەفـەدا ئەگـەر بویســـتـرێ کەرەسەیەکی توێژینەوە تاووتو بکرێت، بە تایبەتی ئەگەر لەو ئەرکەدا مەبەست دەستنیشانکردنی بنەڕەتەکان بێت، دەکرێ ڕێگایەک لەو دوو ڕێگایانە بگیرێتەبەر:

**یەکـەم:** بە ڕێگای لەسـەرەتاوە دەسـتـپـێکردن بەرەو گـــەیشـــتنە ئەنجـــام ناودەبرێ. لێکۆڵەرەوە لە چەند بنەمـایەکی گشـتی کـە بەسـەرەتایان دادەنێ، دەست پێ دەکات بۆ ئەوەی بگاتە چەند بنەمایەکی تاک و هەندەکی تاوەکـو بزانێ تا چەند ئەو بنەمـا گشـتـییـانە لە بنەمـای هەندەکـیـیـەوە کـەوتـوونەتەوە و ئینجـا ئـایا دەکـرێ بەسەریاندا جێبەجێ ببێ. ئەو ڕێبازە بە زمانی لاتینی بە دیدەکشن و لە عـەرەبیدا بە (ئیسـتـیـدلال) ناودەبرێ، خۆی میتودەیەکە لە بیرکاری، ژمێرە، ئەندازە و لۆژیکی مۆدێرندا دەگیرێتە بەر.

**دووەم:** بەوەدا لە یەکـەم جـیـا دەکـرێتـەوە، پرۆسـەی ئەنجامگیرییەکەی شی و تاووتو دەکاتەوە، لەو لایەنەوە مرۆڤ دەچێتە نێو کایە و دەڤەری لۆژیکەوە. بێ گومان پرۆسـەی ئەنجـامگیـری بەهۆی زمـان و لەودا دەبێت و بە بنەمـاکـانی هزرەوە بەندە. لێـرەوە لە چالاکی لۆژیکـیدا ئەوی پێـوەندی بە زمـان و هزرەوە هەیە هەنگاوەکـان بەو جۆرە دەهاوێژرێن:

– ناوەرۆکی زمان و هزر (بیر) دەخرێنە لاوە.

– یەکەمیان بە ڕێزمان Grammatik دەسپێردرێ.

– دووەمـیــان کـە ناوەرۆکی هزر و بیـرکـردنەوەیە بە کەرەسـەو بابەتی دەروونزانی (سـایکۆلۆژی Psycho-logie) دەسپێردرێ.

ڕێزمـــانی زمـــان و چۆنێـــتی داڕشـــتنی ڕســـتـــە– دەستەواژەکانی زمان لایەنێک بووە سەرنجی مامۆستای یەکەم (ئەرستۆ)ی ڕانەکێشاوە و نەبوونەتە مایەی ئەوەی هانی بدەن لێیان بکۆڵێتەوە، چونکە خۆی ئەو ئەرکەی بە هی پسپۆڕانی زمان زانیوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە، زمان ڕوخسـار و فۆرمی بیروهزر و بیرکردنەوە تۆمار دەکات و دەریان دەبڕێ، ئەگەر دەربڕینەکە بەهۆی دەنگ و وشەوە بووبێ، ئەوە لەبەرانبەریاندا هێما و سیمبۆل هەیە جێگای ئەو وشانە دەگرنەوە و دەبنە کەرەسەی لۆژیک.

ئەرسـتـۆ بەو کـارە زانسـتـیـیـەی – بە واتای سـەردەمی خۆی– کە چوستوچالاکی هزری کردووە بە دوو بەشەوە:

– پرۆسەی بیرکردنەوە.

– ناوەرۆکی بیرکردنەوە.

ئینجا هەردووکیانی لە یەکتری جیاکردۆتەوە و بەردی بناغـــەی ئەو دوو تەلارەی داناوە(٢) و لـە یەکـــتـــری هەڵاوردوون کە دواتر بە:

– زانستی دەروونزانی (سایکۆلۆژی) و بە:

– لۆژیک ناسـراون و هەریەکـە ڕوخســـار و نارۆک، مـیـتـودە و کـەرەسـەی جـیـاوازی خـۆیانیـان هەیە کـە سـەربەخـۆییـان دەسـتـبـەر دەبن و بە دوو لقی جـیـاواز دادەنرێن. لۆژیک هەر لە سـەرەتاوە بە دەروازەی چوونە نێـو جـیـهـانی زانست دانراوە، چونکە بایەخ بە زانسـتی فۆرم و قانوون و ڕێنماییەکانی هزر و بیرکردنەوە دەدات. ئەو دەســتنیـشـــان کـردنەی چالاکی لۆژیک، لە بابەتی دووەمی فەلسەفە، لە تیوری زانین Epistemologie جیـای دەکاتەوە. تیـوری زانین، ڕاستـە لەسەدەی حەڤدە بوو بە لقێکی سەربەخۆ شان بەشانی لقەکانی دیکە، ئەوە بایەخ بەوە دەدات دیاردە بەهۆی هۆکـــارەکـــەیەوە ڕوون بکاتەوە و لێکی بداتەوە، تایبـەتی و هەندەکی ببـاتەوە سەر گشـتی و هەمـەکی، بەڵام لۆژیک خـۆی سەرگەرمی توێژینەوەی فۆرم و ڕوخسـاری پرۆسـەی بیرەکە بە زمـان دەردەبڕدرێ.

٣– هـزر ئەوەنـدەی پێـــــوەنـدی بە لـۆژیکـەوە هەیـە لەچالاکـیـیـەکـەیدا دوو بەش (قـۆناغ) دیاردەکـرێ و لە یەکتری جیا دەکرێنەوە:

– هزری ئاسایی، دەشێ بەسەرەتای چالاکییەکە دابنرێ و بابەتێکی ئەوتۆی سەرنج ڕاکێشی تێدا نییە.

– بیـری ڕووت کـە بەلاتینی ئەبسـتـراکت Abstract بە عـەرەبی (مـجـرد)ی پێ دەگـوترێ. ئەو قـۆناغـە لە ڕوانگەی فەلسەفە و لۆژیکەوە لەوی یەکەم پێشکەوتوو ترە. ئەبستـراکت، یان پەتی و ڕووت کـردن پرۆسـەیەکی ژیریـیــە تێـــیـــدا وێنە لە ناوەرۆک (لە بابەت) جـیـــا



**لۆدڤیک ڤتگنشتاین**

دەکرێتەوە. بۆ زانینی قانوونە هەمەکییەکانی بوون و جیهانی دەوروبەر و جەوهەری شمەکەکان و زانینی پوختەی دیاردەکان کە بە دەردەکەون پشت بەو چالاکییە پێشکەوتووە بالآیەی هزر دەبەسترێ، چونکە ئەو بیرە لە هەموو کارتێکردن و گشت ئاسەوار و شوێن دەستی هەستەکان و ڕێ پێبردنی هەستەکی بە دوورە و پاک بۆتەوە و دەکرێ بگوترێ هزرێکی بێگەردە. هزر لەو قۆناغەیدا کە لە کۆت و پێوەندی هەستەکان دەربازی بووە، پێویستی بەوە نییە بۆ زانینی جیهان لە چوارچێوە گشتییەکەیدا، پەنا بۆ ئەزموون و تاقیکردنەوە (تەجرەبە) بەرێت(٣). بابەتە سەرەکییەکانی لۆژیک لەو ئەبستراکت بوونەی هزرەوە دەستگیر دەبن، بە تایبەتی: چەمکی هەمەجۆر و بۆچوون، بڕیار (حوکم) دەستەواژە (پرۆپۆزیشن) و پێوانە و ئەنجامگیریی... ئەو چەمکانە کە کەرەسە و پوختەی لۆژیک پێکدەهێنن ئەو پێوەندییە دەستییاوییە دووپات دەکەنەوە کە لەنێوان لۆژیک و هزر (بیر)دا هەیە.

٤- ئەرستۆ کاتێک دەستی بە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی زمانی ڕۆژانەی ئەوسای یۆنان کردووە، گەیشتۆتە ئەو ئاکامە:

**یەکەم:** خۆ خەریک کردن بە زانست و فەلسەفە جۆرە خۆئامادەکردن و کەرەسە و دەستپێکێکی گەرەکە. ئەوەش لە ئامرازێکدا دەدیترێ کە دەکرێ بە بنەما و دەروازەی خوازراو دابنرێ، لەوەدا دەستەبەری بیرکردنەوەی ڕاست و دروستی پشت ئەستوور بە چەند بنەمایەک دەبێت ئەو ئامرازە لە ئۆرگانۆن بەولاوە نییە کە دواتر وشەی لۆژیکی بۆ دانراوە و ئەسکەندەری ئەفرۆدیس و فۆرفۆریوس(٤) پەرەیان پێداوە. ئەو بابەتە لە کوردستانی باشوور (لە حوجرەی سوننەکاندا) بە ئیساغۆچی ناودەبرێ کە واتای دەروازە دەگەیەنێ، وشەکە خۆی لە زمانی کۆنی یۆنانەوە خوازراوەتەوە، لەوێدا واهاتووە، لۆژیک، هونەرە، تەکنیکێکە، زانستێکە پەیڕەوکردنەکەی بیر لە کەوتنە نێو هەڵە دەپارێزێ.

**دووەم:** زمانی ژیانی ڕۆژانە ورد نییە، بەکارهێنانی لە کایەی فەلسەفە و زانستدا دەبێتە مایەی ورووژاندنی چەند کێشەیەک و بابەتەکەش بە تەمومژاوی دەردەبڕێ و وا بە ئاسانی ئەو کێشە و تەمومژاوییە چارەسەر و ڕوون ناکرێنەوە، بۆیە دەبێ لە جیاتی وشەی ئاسایی زمان کە سەرچاوەی کێشەکەیە بابەتی نەگۆڕ، سیمبۆل، هێما بەکاربهێنرێن. بەکارهێنانی ئەو سیمبۆل و هێمایانە لە جێگای وشەی سادەدا داهێنانی خودی مامۆستای یەکەم بووە(٥).

ئەو هەنگاوەی مامۆستای یەکەم بابەتی لۆژیکی لە ڕێزمان جیاکردۆتەوە، ڕێزمان ڕستە شی دەکاتەوە بەوەی لە: وشە، ناووکردار و پیت پێکهاتووە، بەڵام لۆژیک دەستەواژەی دیاریکراو لە چوارچێوەی زماندا هەڵدەبژێری کە دوو بەهایی بن، بکرێ هەردوو بەهایەکەیان: ڕاستی، یان ناڕاستییان ساغ بکرێتەوە، ئینجا بە پێچەوانەی ڕێزمانەوە ناوەرۆکی پێکهاتەی ڕستە- دەستەواژە پشتگوێ دەخات و بایەخ بە وێنە- ڕوخسار- فۆرمی ئەو دەستەواژەیە دەدات کە لەو وشانە پێکهاتووە و دەیکات بە کەرەسە و بابەتی لێکۆڵینەوە. وێنەی لۆژیکی زمان لە خۆیدا بریتییە لەو پێوەندییانەی بەش و لایەن و ئەندامان و کەرت و ڕەگەزەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە، وەک ئەو سیمبۆلانەی کە لە دەستەواژەدا دێن و ئەرستۆ هەڵی بژاردوون، پێوەندییەکان بەرجەستە دەکەن. بۆ نموونە پێوەندی:

- لەبار Konfirmation
- ناکردن Negation
- وەلانان ExcLusion
- جیاکار Disjunktion
- گەیەنەر- پەیوەست Konjunktion

بۆ نموونە سیمبۆلی ناکردن بە پیتی (نا) بەرانبەر وشەی ئەڵمانی nicht دەست پێدەکات و بە تەواوەتی رستە- دەستەواژەیەکی نوێ دەستگیر دەبێ کە بەهایەکەی بە پێچەوانەی دەستەواژە ناکراوەکەوە(٦) دەبێ.

٥- بیرکردنەوە کە شایستەی خەسڵەتی ڕاست و دروست بێ، دەبێ بە سەرەتایەکی ڕاست دەست پێ بکات و بگاتە ئەنجامێک، ئەنجامەکە بەبێ ئەگەر و گومان ناچارییانە لە پێشەکییەکەوە بکەوێتەوە. ئەوەش پرۆسەیەکە لە پێکەوە بەستنەوە و لە یەکتری جیاکردنەوەی چەمک و بۆچوون Kategorien لە دەستەواژەدا پێکدێت. ئەگەر ئەو چەمک و بۆچوونانە لەگەڵ ئەو شمەکانەی لە دەوروبەردا هەن و دەریان دەبڕن، هاتنەوە و لەگەڵیاندا کۆک و تەبابوون، ئەو دەستەواژەی تێیدا بەکارهاتووە، ڕاست دەبێ. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر وانەبوو دەستەواژەکە هەڵە دەبێ.

ئەو جۆرە پێناسەکردنەی دەستەواژەکانی لۆژیک جۆرە هەڵاواردنی هەندێک جۆری تری پێکهاتەکانی ڕستەو دەستەواژەکانی زمان دەگەیەنێ بۆ نموونە ئەو ڕستانەی لە بارەی هەواڵ، داخوازی، بانگکردن و پرسیار و پاڕانەوە (دوعا) و فرمانن لە چوارچێوە و کایە و پاوانی لۆژیک دەخرێنە دەرەوە، چونکە ناکرێ بگوترێ ڕاستن، یان ناڕاستن، بۆیە بە کەرەسەی ڕێزمان و ڕەوانبێژی و ئەدەب و هەڵبەست و گوتار دادەنرێن.

لەلایەکی دیکەوە ئەو دەستەواژانەی لۆژیک بە بابەتی خۆی پەسندیان دەکات، دەکرێن بە دوو جۆرەوە هەریەکەیان لە (ناو، کردار، پێوەندی) پێکهاتووە:

- دەستەواژەی سادە و ساکار.

ئەو جۆرە دەستەواژانە بەوە سادە و ساکارن، ناکرێ ببرێنەوە سەر دەستەواژەیەکی لە خۆیان سادە و ساکارتر، ئیتر لە (پێوەندی زمان و لۆژیک و لە کردار و ناو پێکهاتوون، جا ئەو کردارە (ئا) کراو، یان (نا) کراو بێت ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە بابەتی هەستەکانەوە هەیە کە لێوەیان کەوتوونەوە. ناویش بەپێی پێکهاتە و واتا و دەلالەت لە یەکتری جیا دەکرێنەوە. ناو هەیە پتر لەواتایەک دەبەخشێ و هی دیکە هەیە واتای جیاوازیان هەیە وەک بۆ نموونە وشە- ناوی: شێر.

- دەستەواژەی لێکدراو لە ڕستە و پرۆپۆزیشن پێکهاتووە، بەوە لێکدراوە دەکرێ ببرێتەوە سەر دەستەواژەی لە خۆی ساکارتر. پێوەندی لۆژیک و زمان لەو جۆرە دەستەواژانەدا، ئەگەرچی لە زمانی کوردیدا بەرچاو ناکەوێ، یان من نەمدیتووە، بریتییە لەو گوتە Term ئامرازەی بنەما سەرەتاییەکانی لۆژیک و زمان پێکەوە دەبەستێتەوە و گوتە، دەستەواژە، کێشە (پرۆپۆزیشن)یان لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر مرۆڤ بێژێ: سوکرات مرۆڤێکە Socrates ist ein mann دەستەواژەیەکە دەکرێ ڕاستی، یان ناڕاستییەکەی پشت ڕاست بکرێتەوە. ئەگەر ئەو دەستەواژەیە لە ڕێزماندا بە «نیهاد و گوزارە» لێک بدرێتەوە لە لۆژیکدا پێی دەگوترێ:

(بنە): Subjekt، (بار): Pradikat

بەپێی لۆژیکی ڕوخسارەکی مامۆستای یەکەم بە تایبەتی و لۆژیک بە گشتی، ئەگەر خەسڵەتێک، کردارێک لە دەستەواژەیەکدا بدرێتە پاڵ بکەرێکی دیاریکراو(٧) و (کە لێرەدا بە بنە ناودەبرێ) دەستەواژەکە لە پرۆپۆزیشنێک پێکدێت بەپێی چەند و چۆن و هەمەکی و هەندەکی و ئاکردن و ناکردن دەکرێت بە چەند بەشێکەوە و لەیەکتری جیا دەکرێنەوە.

٦- ئەو گۆڕانانەی لەسەدەی نوێ، بە تایبەتی لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا بەسەر لۆژیکدا هێنرا بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی نەسرەوتی پرۆسەی بەرەو پێشچوونی شۆڕش ئامێزی زانستدا بگونجێ پتر پێوەندی دەستیاوی نێوان لۆژیک و هزر و زمان و زانین بە دەرکەوتووە، لە ئەنجامدا ڕوخسار و ناوەرۆکی لۆژیک و ئەو ئەرکەی جاران پێی سپێردرابوو، گۆڕانیان بەسەرداهات. لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانەدا شێوازی دارشتنی پرسیارەکانیش لەو بارەیەوە بە جۆرێکی دیکە بوون کە لەگەڵ پێداویستییە ناچارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و زانستی سەردەمەکەدا بێنەوە، بۆیە ئاسایی بووە کە مرۆڤی هزرمەند ئەو پرسەی هێنابێتە پێشەوە: ئایا دەکرێ ڕەنگی سنووری بیرکردنەوە و

دەربڕینی ناوەڕۆکەکەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بڕێژدرێ؟ ئەو پرسیارە لە خۆیدا گریمانەی پێوەندی نێوان دەستەواژەی زمان و هزر و زانینی جیهانی دەوروبەر دەکات. ئەو گریمانەیە بە تەواوەتی لە جیهانیدیدی لۆدڤیک ڤتگنشتاین (١٨٨٩- ١٩٥١ز)دا بەرجەستە بووە:

«دەستەواژەی زمان وێنەیەکی دەوروبەری هەڵکەوتی ڕاستەقینەیە. دەستەواژە مۆدێلی هەڵکەوتی ڕاستەقینەیە(٨)، وەک چۆن ئێمە بە بیرو مێشکی خۆمانی دادەهێنین و بیری لێدەکەینەوە».

بێ گومان دەستەواژە لە زماندا پشکی شێری بەردەکەوێ، زمانیش خۆی لێرەدا بە جیهانێکی ڕێکوپێکی سەربەخۆ دانراوە. سەربەخۆیە لەو ئەرکەدا کە کەوتۆتە سەر شانی و ڕای دەپەڕێنێ، ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێ ئەو تایبەتمەندییەی پێ بەخشیوە بە هیچ جۆرێک لە ئەندامەکانی دیکەی پێوەندی ژیانی کۆمەڵایەتییە. جیهانە هەمەڕەنگە فرە ڕەهەندەکەی زمان لە ڕستە، دەستەواژە، سیمبۆل، کێشە (پرۆپۆزیشن) پێکهاتووە کە بە دەنگی تایبەتی شمەکەکان دەردەبڕێن. جیهانی هەڵکەوتی دەوروبەریش لەلای خۆیەوە لە شمەکی جۆراوجۆری فرەڕەنگ کە بە پێوەندی تایبەتی و خەسڵەتی دیاری کراوەوە بەیەکەوە بەندن کەرەسەیەکی بەپێزن زمان دەریان دەبڕێ، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێ بگوترێ لەنێوان هەردوو جیهاندا، جیهانی زمانی دەربڕین و دەوروبەر پێوەندی و گرێبەندێکی توندوتۆڵ، ئیتر چۆن، زمان لە دەستەواژە پێکهاتووە، بە هەمان شێوە و شێواز جیهانیش بریتییە لە کۆی تەواوی هەموو ئەوانەی ڕەوشی هەڵکەوتی ڕاستەقینەیان لێ پێک دێت(٩). لێرەوە فەلسەفە نیشانی پێکاوە کە بە دڵنیاییەوە وای داناوە: دەکرێ بە هۆی شیکردنەوەی پێکهاتەکانی زمانەوە، ڕووداو و بابەتە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەر کە کەرەسەی هاوردەی هەستەکان و Date بەهۆی زمانەوە دەردەبڕدرێن، وێنەیەکی نەخشاوی بەپێز و ڕەنگاوڕەنگی دڵڕفێنی جیهانی دەوروبەر لەچوارچێوەی ئەو تابلۆیەدا بکێشرێ کە بە جیهانبینی فەلسەفە Weltanschauung دادەنرێت.

ئەو چالاکییە زمانی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە لە زمانی لۆژیک جیا دەکاتەوە، لە زمانی دووەمدا، بە جیاوازی لەگەڵ یەکەمدا، دوو لایەنی تێدایە هەستیان پێدەکرێت:

– لایەنی ماددەیی.
– لایەنی هزری(١٠)

ئەو سیمبۆل و هێما و (ڕەمزی) سادە و لێکدراو دەستەواژەی دوو بەهایی و پرۆپۆزیشن کە تێیدا بەکار دەبرێن، لایەنی ماددەیی زمانەکە نیشان دەدەن. بیرۆکەی سادە و لێکدراو، بڕیار (حوکم)دان Das Urteil لە زمانی لۆژیکدا لایەنی هزری بەرجەستە دەکەن. بەو پێیە لە جیهانی پانوبەرینی زماندا، کە بابەتێکی هاوبەش و ناوکۆیی ڕێزمان و لۆژیکە سێ ئاستی لە یەکتری جیاواز و توندوتۆڵ بەیەکەوە بەند و بەستراو بەدی دەکرێن:

– سیمبۆل و هێما Symbole
– بیرۆکە و بۆچوون Vorstellungen
– شتومەک و فاکتەکانی دەوروبەر Sachverhalt

ئایا جۆری پێوەندی نێوان ئەو سێ ئاست- بابەتە چۆنە؟ ئەگەرچی پرسیارەکە گرنگە، بەڵام سنووری چوارچێوەی بابەتی لۆژیک دەبەزێنێ و دەچێتە نێو کایە و پاوانی تیوری زانینەوە، بۆیە بە پێویستی نازانین وەڵامی بدەینەوە.

٧- ئەوپەرەسەندنەی لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەسەر زانستدا هات ئەگەر لەلایەکەوە کێشەی بۆ بیرکاری دروست کردبێ، بە تایبەتی ئەوەی کە بە قەیران و تەنگژەی (بنەماکانی بیرکاری) ناوبراوە، ئەوە ئاسۆیەکی فراوانتری لەبەردەم لۆژیکدا کردۆتەوە، بەوەی ڕۆڵی سەرەکی چارەسەرکردنی کێشەکانی بیرکاری بە بابەتی لۆژیکی مۆدێرن سپێردراوە. ئەو ئەرکە زانستییەی زانست و پەرەسەندنەکانی بە لۆژیکیان بەخشیوە، بۆتە مایەی ئەوەی جۆرە پەرەسەندنێکیش لەو زمانەدا بکەوێتەوە کە لۆژیک و زانست بەکاری دەهێنن.

ئەگەر مرۆڤ لەو بەرهەمە وردبێتەوە کە ڕۆدۆلف کارناپ (١٨٩١-١٩٧٠) یەکەم جار بە زمانی ئەڵمانی ساڵی ١٩٣٤ لە شاری ڤیەننای نەمسا بڵاوی کردۆتەوە(١١) ڕاستی ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەبێتەوە. کارناپ لەو شاکارەیدا (سینتاکسی لۆژیکی زمان) لەچوارچێوەی پەرەپێدانی لینگویستی (لۆژیکی زمان)دا کۆشاوە جۆرە زمانێکی ڕوخسارەکی ڕۆ بنێ، زمانێک بتوانرێ بەهۆیەوە ڕستە و دەستەواژە و دەربڕینە Ausdruck زانستییەکان دابڕێژرێن. بۆ ئەو مەبەستە

کارناپ زمانی کردووە بە دوو جۆرەوە:

– زمـانی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە کە بەلایەوە بە کـەمی توانایی و مــەرجی تەکنیکی دەربڕینە زانســـتی و لۆژیکییەکانی تێدایە.

– زمــانی تەکنیکی– هونەری. ئەو زمــانە بە چەند ڕێوشـوێن و بنەمـایەکی تەکنیکی بەندە کـە تەنیـا هەر بایەخ بە ڕوخســار و فـۆرمی دەسـتـەواژە و دەربڕینەکـان دەدات، بۆیە ئەو بنەمــایانە بە بنەڕەت و بنەمـــای سێنتـاکسی ناودەبرێن. ئەو پرسـیـارەی لێرەدا بەبیـردا دێت:

بەچیدا بنەماکـای سێنتـاکسی لە بنەماکانی ئاسایی ئەنجامگیری لۆژیکی جیا دەکرێنەوە؟

بنەماکانی سێنتـاکسی زمان چەند بنەمایەکی فۆرمی ڕوخسـارەکین، بەڵام بنەمـاکـانی ئەنجـامگیـری بریتین لە بنەمای جـۆرە دارشتنەوەیەکی ڕوخسـارەکی Formale دەســـتـــەواژە و دەربڕینەکـان(١٢). لەلایەکی ترەوە لە سـێنتـاکسی لۆژیکیـدا، ئەوەندەی بابەتەکـە پێـوەندی بەتوێژینەوەی زانســتـیـیــەوە هەیە، دوو جـۆرە زمــان لە یەکـتـری جـیـا دەکـرێنەوە و هەر زمـانە ڕۆڵ و ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە و دەیگێڕێ و جێبەجێی دەکات:

**یەکــەم:** زمــانی بابەتی: Objektsprache ئەوە زمانی زانستییە ئەزموونییە– ئیمپیریبیەکانە، بابەت و داتاو کەرەسەی دەوروبەری بەرهەستی فیـزیکی فۆرمۆلە دەکـات و دایان دەڕێژێ و بەدەســتـەواژەی زمــان دەربیان دەبرێت.

**دووەم:** مـیـتـازمـان، بە پلەی لۆژیکی لەسـەرووزمـانی یەکـەمـەوە دێت. کـارناپ بە زمـانی سـێنتـاکسی ناوی بردووە(١٣). کـەرەسـە و بابەتی توێژینەوەی ئەو زمـانە بریتییە لە زمانی بابەتی، ئەگەر زمانی یەکەم پێوەندی بە کـەرەسـەی جـیـهـانی دەوروبەرەوە هەبێ و دەریان ببـڕێ، زمـانی دووەم لە چالاکی و دەست بەکـاربوونیـدا زمـانی یەکـەم دەکـات بە بابەتی لێکۆڵینەوە. زمــانی یەکــەم بەدەسـتـەواژە بـاسی سروشت و دەوروبەر دەکات، زمـانی دووەم ئەو دەسـتـەواژانەی بـاسی سـروشت و دەوروبەریان کردووە، دەکات بە بابەتی توێژینەوەکەی. بۆ نموونە ئەگەر بگوترێ:

«کوردستان وڵاتی کوردانە»

زمــانێـک بۆ دەربڕینی ڕاســتـیـیــەک (فــاکـتـێـک) بەکـارهاتووە، دەکـرێ ڕاسـتی و دروسـتـیـیـەکـەی بەهۆی پێـوەری تایبـەتی لۆژیکی پشت ڕاست بکرێتـەوە. ئەگـەر لەبەرانبەر ئەو دەستەواژەیەدا بگوترێ:

«ئەو دەسـتـەواژەیەی» گـوتوویـەتی: «کـوردسـتـان وڵاتی کوردانە» دەسـتـەواژەیەکی ڕاستـە، ئەوە باسی کـوردسـتـان ناکـات، بەڵکو پێوەندی بە دەسـتـەواژەیەکی زمـانەوە هەیە و تاووتوی دەکـات، بۆیە بە زمـانی سـەروو (مـیـتـازمـان) ناودەبرێ.

٨– بەو پێــیــە پێــوەندی زمــان و هـزر و لۆژیـک لەو سـەردەمـەمـاندا بـووە بە کـەرەسـەیـەکی گـرنگی توێژینەوەی زانستی. ئەگـەر زمـان جـاران تـەنیـا هەروا سـەرنج درابێ، پێـوەندییـەکی کـۆمـەڵایەتی دەردەبڕێ، ئێـسـتـا بـووە بە بابەتی لێکۆڵینەوەی ڕێبـازێکی گرنگی فـەلسـەفـە کە بە فـــەلســــەفـــەی شــــیـکـردنەوەی لۆژیکی ناودەبرێت: (Philosophy of Logical Analysis).

ڤـتگنشـتـاین گـوتوویەتی: دەسـتـەواژە وێنەی دەوروبەری هەڵکەوتی ڕاســتــەقــینـەیـە، دەســتــەواژە مــۆدێلێکی دەوروبەری ڕاستەقینەیە هەروەک چۆن ئێمە بەهزر وێنای دەکەین(١٤).

زمان بەدەستەواژە و بەدەنگ شتی دەوروبەر دەردەبڕێ، ئەگـەر بێـتـو ئەو دەنگ و دەسـتـەواژانە شی بکرێنەوە، وێنەیەکی ڕاستەقینەی جیهانی دەوروبەر دەستگیر دەبێ، بۆیە بە باوەڕی من ڤـتـگنشــتـاین نیـشـانی پێکاوە کـە گوتوویەتی:

«سنوورەکانی زمانەکەم سنوورەکانی جیهانەکەم دیار و دەستنیشـان دەکەن»(١٥). لۆژیک لقێکی فەلسەفەیە و دەستی بە دامێنی زانسـتـەوە گرتووە، بەهیچ جـۆرێک لە زمـان و هزر دانابڕێ و تاوەکـو ژیان مـابێ، پەرەسـەندنی بێ پســـانەوەی زانست بەردەوام دەبێ و ئەو ڕەوشــەش هەمـیـشـە پێـوەندی نێـوان لۆژیک و زمـان و بیـر دووپات دەکـــاتەوە. لە لۆژیکی زمــــاندا ئەگـــەر بە وردی لێی بکۆڵرێتـەوە «وێنەیەکی جیـهـانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە و دەبینرێ.»(١٦)

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Hans Reichenbach.: Der Aufstieg der Wissenschaft Lichen Philosophie. Berlin 1956. S.120 ff.**

**2- Prof. Dr. Wilhelm Capelle.: Die Philosophie der Griechen. Part. 2. Berlin 1971. S.30. ff.**

**٣- ألسكندرا غيتانوڤا: علم المنطق. دارالتقدم، موسكو ١٩٨٩. ص٢٠.**

**4- Porphyrius.: Einleitung in die kategorien. In: Aristoteles: kategorien. Lehre vom Satz. Organon. 3. Felix Meiner. Hamburg 1968.**

**5- Rainer Beer.: Zum Verstandnis des Werkes. In: Aristoteles.: Texte zur Logik. Rowohlt. Munchen 1967. S. 219.**

**6- Franz von kutschera und Alfred Breitkopf.: Einfuhrung in die moderne logik. 8. Aufloge. Albert Studienbuch. Munchen. 2007. S.22. ff.**

**7- Dr. J.M. Bo chenski.: Formale Logik. Munchen 1970. S.209.**

**8- Ludwig Wittgenstein.: Teactatus Logico- Philosophicas. Suhrkamp. 1960. Para: 4. 01.**

**9- Ludwig Wittgenstein.: Ebenda. para: 1. 1.**

**١٠- د. ياسين خليل: منطق المعرفة العلمية. منشورات الجامعة الليبية ١٩٧١، ص١٤٤ وفي أماكن اخرى.**

**11- Rudolf Carnap.: Logische Syntax der Sprache Wien. 1934. Einleitung. ff.**

**12- Rudolf Carnap.: Ebenda. S. 2 ff.**

**13- Rudolf Carnap.: Ebenda. S. 25 ff.**

**14- Ludwig Wittgenstein.: Teactatus... para: 4. 1.**

**15- Ludwig Wittgenstein.: Ebenda. para: 5. 6.**

**16- Ludwig Wittgenstein.: Ebenda. para: 6. 13.**

# هونەری دیالۆگ لە شیعری مەحوی-دا

هەژار فەقێ سلێمان
(سلێمانی)

هونەری دیالۆگ هونەرێکی بەربڵاوی زۆرێک لە دەقە ئەدەبییەکانە، لەوانەیە سەرهەڵدانی ئەم هونەرە بۆ سواوی ئەو وەسفە تەقلیدییانە بگەڕێتەوە کە لە زۆرێک لە ژانرەکانی ئەدەبدا چ شیعر، یان پەخشان باوبوون، چونکە پێش سەرهەڵدانی هونەری دیالۆگ نووسەری دەق تەنیا پەنای بۆ وەسفکردنێکی ڕووت بردووە و لە یەک گۆشەنیگاوە لە بابەتەکانی ڕوانیوە.

ئێستا کەم دەقی ئەدەبی دەبینین کە لە هونەری دیالۆگ خاڵی بێت، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕوانینمانە زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەسەر هونەری گێڕانەوە بەگشتی و هونەری دیالۆگ بە تایبەتی کراوە، لەسەر ئاستی ژانری پەخشان بووە وەک ڕۆمان و چیرۆک، واتا لەسەر ئاستی شیعر کەمتر باس لە هونەری دیالۆگ کراوە.

نووسینەکەی ئێمە ئیشکردنە لەسەر بابەتێک کە کەمتر کاری لەسەر کراوە، ئەویش هونەری دیالۆگە لە شیعردا، بەتایبەتی لەشیعری مەحوی-دا، چونکە مەحوی لەچاو هاوسەردەمەکانیدا زمانیکی چڕ و ورد و ئاڵۆزی هەیە و بە وریاییەوە ئەم هونەرەی بەکارهێناوە و بەگوێرەی شاعیرانی پێش خۆی کە هەربەکە لە نالی و سالم و کوردی دەگرێتەوە، مەحوی زۆرتر هونەری دیالۆگی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە کە نزیکەی سی تا چل دێڕی لەم بارەیەوە هەیە، دوای گەڕان بەناو دیوانەکانی هەر سێ شاعیر نالی و سالم و کوردی دەبینین مستەفابەگی کوردی زۆرتر لە نالی و نالیش زۆرتر لە سالم پەنای بۆ ئەم هونەرە بردووە، ئەوەتا نالی لە دێڕێکدا دەڵێت:

**گوتم: ئەی ماه، دڵی من بەدڵی خۆت بکڕە**
**گوتی: من بەردی بەقیمەت بە کەبابی نادەم**

کوردی-ش دەڵێت:

**گوتم: تاکەی لەخوان و وەسڵی تۆ نائومێد و بێ بەش بم**



مەحوی

**وتی: مردووت مرێ، عاشق بەدایم زاروو مەحروومە**

## زاراوە و چەمکی دیالۆگ

ئاشکرایە دیالۆگ لە بنچینەدا هونەرێکی زمانییە کە ئەویش گێڕانەوەیە، ڕوونتر بڵێین تەکنیکی گێڕانەوە، ئەم هونەرە سەرەتا لە دراماوە هاتووەتە ناو ژانرەکانی ئەدەبەوە، ژانرەکانیش هەریەکە و بەپێی پێویستی خۆی سوودی لێ بینیوە، سەرەتا لە داستاندا و دواتریش لە چیرۆک و پاشان لە ڕۆماندا ڕەنگی داوەتەوە.

گێڕانەوە یەکێکە لەو پرۆسانەی، کە هەر یەکە لە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا پراکتیزەی دەکەین و پشتی پێ دەبەستین. مێژووی دەرکەوتنی هاوکات بووە لەگەڵ مێژووی دروستبوونی زمان، چونکە گێڕانەوە، گێڕانەوەی ڕووداوێکە، یان هەواڵێک کە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەی هەبێت، یان دروستکراو و داهێنراوی خەیاڵ بێت.

گێڕانەوەش چەند جۆرێکە، گێڕانەوەی بابەتی و گێڕانەوەی خودی، (object and subject narrative)، گێڕانەوەی خودیش چەند جۆرێکی هەیە لەوانە، گێڕانەوە لە ڕێی کەسێتییەوە، گێڕانەوە لە ڕێی دیالۆگەوە، گێڕانەوە لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە. ئەم نووسینەی ئێمە سەروکاری لەگەڵ هونەری دیالۆگدا هەیە، کە جۆرێکە لەگێڕانەوەی خودی. زاراوەی دیالۆگ"پێکهاتووە لە بڕگەی (DIA)یە لەگەڵ (LOGUE)، بڕگەی یەکەم واتا دووکەس، یان دووقۆڵی دەگەیەنێت. بڕگەی دووەم بەواتای گفتوگۆ، یان دەمەتەقێ دێت. واتا دیالۆگ ئاخاوتنی نێوان دووکەس، یان زیاتر لە دووان دەگرێتەوە.

کەواتە بۆمان ڕوون بووەوە کە دیالۆگ قسەکردنە لە نێوان دوو کارەکتەر، یان زیاتر، هەریەک لە کارەکتەرەکان بۆچوونی خۆیان بەرانبەر بە بابەتی قسە لەسەرکراو دەردەبڕن.

وەک ئاماژەمان پێدا بەکاربردنی هونەری دیالۆگ لە زۆربەی ژانرەکاندا بەبێ هۆ نەبووە، بەڵکو کۆمەڵێک ئەرکی سەرەکی لەخۆگرتووە، کە بەپێزی و بەهێزییەک بەدەقەکە دەبەخشێت، وا لە خوارەوە کۆمەڵێک ئەرکی گرنگی دیالۆگ دەستنیشان دەکەین، کە دەتوانین لە ڕێگەی دیالۆگەوە بەدەستی بهێنین، لەوانەش:

١- دەتوانین لەڕێگەی دیالۆگەوە تایبەتمەندی و دەروونی و کەسایەتی و ئاستی زمان و ڕۆشنبیری و بەرزی و نرخی پلەی کۆمەڵایەتی کارەکتەر بزانین.

٢-لەهونەری دیالۆگدا کارەکتەرەکان بیروباوەڕ و کەسایەتی خۆیان ئازادانە دەخەنە ڕوو.

٣-دیالۆگ دەبێتە هۆی چێژبەخشین بەدەق، چونکە دەبێتە هۆی فرەدەنگی.

٤-دیالۆگ دەق لە وەسف و باسی دووردرێژ دووردەخاتەوە.

## جۆرەکانی دیالۆگ

بەزۆری دیالۆگ دەکرێت بە دوو جۆرەوە:

١-دیالۆگی ڕاستەوخۆ.

٢-دیالۆگی ناڕاستەوخۆ.

١- دیالۆگی ڕاستەوخۆ گفتوگۆیەکە دوو کەس، یان زیاتر بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەچوارچێوەی دەقێکدا ئەنجامی دەدەن بەجۆرێک دەربڕاوەکان لە کەسێتی یەکەمەوە ئاراستەی دووەم دەکرێن و دووەمیش بە دەربڕاوێک، وەڵام دەداتەوە.

لە شیعری مەحوی شاعیردا زۆربەی ئەو دێڕانەی، کە دیالۆگیان تێدایە، دەچنە خانەی ئەم جۆرەی دیالۆگەوە، چونکە یەکێکە لەو تەکنیکە گرنگانەی شاعیر ڕاستەوخۆ لەزاری خۆیەوە بەرهەمەکەی دەگێڕێتەوە.

٢-دیالۆگی ناڕاستەوخۆ: بەهەمان شێوەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ گفتوگۆی نێوان دوو کەسێتی، یان زیاتره لە دەقێکدا، بەڵام لەم جۆرەدا لەبری ئەوەی کەسێتییەکان ڕاستەوخۆ. دوور لەدەستتێوەردانی گێڕەرەوە گفتوگۆ بکەن و گوزارشت لەبیرەکانیان بکەن، گێڕەرەوەیەکی دەرەکی پرۆسەکە پێشکەش دەکات، یان لێکدانەوە و قسەی لەسەر دەکات.

ئەم جۆرە هونەرەی دیالۆگ، مەحوی بەکاری هێناوە، بەڵام کەمتر، بەتایبەتی لەچوارینەکانیدا ئەمە کە ناڕاستەوخۆیە، بەرچاودەکەوێت.

ئەوەی سەرەوە ناساندنێکی هەردوو جۆرەکەی دیالۆگ بوو، کە پێویست بوو ئاماژەی پێ بکەین، بۆ ئەوەی لەکاتی پراکتیک کردنی بەسەر شیعرەکاندا نەگەڕێینەوە سەری.

## هونەری دیالۆگ و جۆرەکانی لە شیعری مەحوی-دا

وەک وتمان مەحوی شاعیر لەچاو شاعیرانی پێشتر و هاوچەرخ و دواتریدا، زۆرترین دێڕی هەیە بەم هونەرە دەربیبڕێت، کە دەکاتە نزیکەی ٣٠ تا ٤٠ دێڕ زیاتر، بۆیە ئێمەش لێرەدا چەند دێڕێکمان بەنموونە هێناوەتەوە، کە مەحوی سوودی لەم جۆرە گێڕانەوەیە وەرگرتووە.

**نموونە بۆ دیالۆگی ڕاستەوخۆ:**

مەحوی دەڵێت:

**وتم: ئەو خاڵە چ بوو هەر کەڕەتێکت دەرخست؟**
**وتی: داغێ بوو بەجەرگ و دڵی (مەحوی) مانا**

(دیوانی مەحوی)ل٣٥

دەبینین لەو دێڕەی سەرەوەدا مەحوی خۆی گێڕەرەوەیە و خۆیشی کارەکتەرێکی دیالۆگەکەیە، بابەتەکە لەشێوازی پرسیاردا دەخاتەڕوو.

یان دەڵێت:

**وتم با لەم دەروو لەم کۆیەدا ئانێ سکونەت کەم**
**وتی: عاشق دەبێ هەر دەربەدەربێ کۆیەکۆ بڕوا.**

(دیوانی مەحوی)ل٣٦

لەم دێڕەشدا شاعیر دیالۆگی ڕاستەوخۆی بەکارهێناوە.

یان دەڵێت:

**وتم: نیازمە، بەڕێتی خەم سەرم، فەرمووی**
**بەناز و عیشوە، شەهی بۆ گەدا کەنادا دەست.**

مەحوی لەم دێڕەشدا گفتوگۆی خۆی و مەعشووق دەگێڕێتەوە، بەهەمان شێوە گێڕەرەوە خودی مەحوی-یە و دیالۆگی ڕاستەوخۆشە.

**نموونە بۆ دیالۆگی ناڕاستەوخۆ:**

ئاماژەمان بۆ ئەوەدا، کە دیالۆگی ناڕاستەوخۆ ئەوەیە کە گێڕەرەوە گفتوگۆی نێوان دووکەس دەگێڕێتەوە. مەحوی-ش لەم دوو چوارینەیەدا ئەم هونەرەی بەکارهێناوە.

**یەکەم:**

**شەوێ لەیلا بە مەجنوونی دەوت: بڕوانە حاڵی خۆت**
**بەخۆڕایی کە چۆنت دا، بەبا ئەقڵ و کەماڵی خۆت**
**جوابی دایەوە مەجنوون: ئەگەر تاقەتت بێ لەحزێ**
**لەناو ئاوێنەدا بڕوانە حوسن و جەمالی خۆت.**

(دیوانی مەحوی)ل٣٣١

لەم چوارینەیەدا مەحوی، کە گێڕەرەوەیە، لە دەرەوەی گفتوگۆکاندایە، واتا حیکایەتەکە لەزاری دوو کارەکتەرەکەوە دەگێڕێتەوە، هەربۆیە بە دیالۆگی ناڕاستەوخۆ ناودەبرێت

**دووەم:**

**شیخێ هەمەوەندێکی دەدا پەند و نەسیحەت**
**ئەو قوڕبەسەرەی دابووە بەر فەحش و فەزیحەت**
**خۆش هاتە جواب و وتی: تۆ حەقتە فەقەت من**
**قوتاعی تەریقم، نەک قوتاعی تەریقەت.**

بەهەمان شێوەش لەم چوارینەیەدا شاعیر پەنای بردووەتە بەر گفتوگۆی دوو کارەکتەر، کە مەحوی گێڕەرەوەیە و تێیدا بەشداریش نییە. ئەوەی جێی ئاماژەیە، کە مەحوی هونەرەکانی گفتوگۆی (دیالۆگ) بە چوار شێواز ئەدا کردووە، واتا سەرەتای دەست پێکردنی گفتوگۆکان بەیەک شێواز نییە، بەڵکو مەحوی توانیویەتی هۆشیاری خۆی لەو بوارەدا پیشان بدات، کە دیالۆگەکانی هەموویان لەیەک ناچن. ئەو شێوازانەش ئەمانەن.

١-شێوازی پرسیارکردن:

نموونەی شیعری:

**وتم: چ بکەم لە بۆ وەسلت؟ وتی کەس**
**بە کەس نەیوتوە عیلمی کیمیا قەت.**

(دیوانی مەحوی)ل١٥٩

٢-شێوازی (ئەمرکردن) داخوازی:

**ڕەقیبت دەرکە ئەم بەردەرکە پاکە پیس دەکا، فەرمووی**
**کە بەم بەر قاپیە لازم سەگێکی وایە بۆ بڕوا.**

(دیوانی مەحوی)ل٣٦

٣-شێوازی دانانی (ئینشائی):

**وتم: ئەگـەر حـاڵـی مـەحـوی تێ بگەی ڕەم بەم حـەدە ناگەی**

**وتی: ئەو تێنەگەیوە، من پەریم و ئەو بەنی ئادەم**

(دیوانی مەحوی)لا٢٢٨

٤-شێوازی هەواڵی(خبر):

**عەنبەری سارا وتم زولفی، نەباتی میسری لێو**

**زولفی ئاڵۆزا، وتی: لێوی کەناوی من نەبات**

(دیوانی مەحوی)لا٥٩

هەروەها بابەتێکی تر، کە ئێمە هەستمان پی کردووە ئەوەیە، کە هەمیشە دەستپێکەری دیالۆگ گێڕەرەوە نەبووە، بەڵکو ئەو کارەکتەرەی کە بەرانبەر گێڕەرەوە وەستاوە، سەرەتای دیالۆگی دەست پێکردووە، هەرچەندە گێڕانەوەکە هەر خودییە، واتا لەو دێڕانەی پێشوودا مەحوی شاعیر دەست پێکەر بووە، بەڵام وا لەخوارەوە چەند دێڕیک دەخەینەڕوو، کە مەعشووق(یار)دەستی بە دیالۆگ کردووە.

شاعیر دەڵێت:

**وتی میوەی بەهەشتە شیعری مەحوی**

**خودا نەبڕی لەباغم داری بەردار**

(دیوانی مەحوی)لا١٢٠

یان دەڵێت:

**پرسی، کە حاڵی چاو و دەروون دڵت چییە؟**

**هەرئەشک و ئاه و داغە لەگەڵ سۆزی جان گوداز**

(دیوانی مەحوی)لا١٣٤

یان دەڵێت:

**خەتی پشتی لەبی دی، بوومە چار ئەبرۆ، وتی، وتمان**

**کە هەر کەس بەختیارە ئیختیاری چار یاری کرد**

(دیوانی مەحوی)لا١١٠

**ئەنجام**

١- مەحویی شاعیر لە چاو شاعیرانی سەردەمەکەی خۆی، زۆرترین هونەری دیالۆگی لە شیعرەکانیدا بەکاربردووە.

٢- لە ڕێگەی هونەری دیالۆگەوە، دەتوانین ئەو بوونانە بناسین کە مەحوی لەگەڵیاندا دواوە. کە وەک یار، یان مەعشووق دەردەکەون، هەروەها خاسییەت و تایبەتمەندییان بناسین.

٣- خودی مەحوی وەکو گێڕەرەوە هەموو کات بابەتی بۆ دیالۆگ نەکردووەتەوە، بەڵکو لە بەرانبەردا مەعشووقیش لەسەرەتادا دیالۆگی کردووەتەوە.

٤- مەحوی هونەری دیالۆگی بە وریاییەوە بەکاربردووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە بەیەک جۆر و بە یەک ڕیتم و شێواز ئەم هونەرەی پێشکەش نەکردووە، بەڵکو بە چوار شێوازی جیا ئەوانیش شێوازەکانی (هەواڵی و پرسیاری و داخوازی و دانانییە).

٥- مەحویی شاعیر هەردوو جۆرەکەی هونەری دیالۆگی بەکارهێناوە (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ)

بەزۆری جۆری ڕاستەوخۆی بەکارهێناوە، ناڕاستەوخۆکەشی زۆرتر لە چوارینەکاندا بەکارهێناوە.

**سەرچاوەکان:**

**١- دیوانی مەحوی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی سێیەم، انتشارات کردستان، سنندج. ١٣٨٦.**

**٢- دیوانی نالی: لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم. بلاوکردنەوەی کوردستان، سەنەندەج، چاپی پێنجەم. ١٣٨٦.**

**٣- دیوانی کوردی، ناوی نووسەری نییە، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٧٣.**

**٤- بنیادی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلیدا، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، دەزگای توێژنەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، دهۆک ٢٠٠٩.**

# شیعری کلاسیکی کوردی لەنێوان «مێژووگەرایی» و «جوانیناسی»دا

**عەبدولخالق یەعقووبی**
**(زانکۆی جیهان - هەولێر)**

خوێندنەوە و شیکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی تا هەنووکەش پتر لەسەر بنەمای ڕوانگەی مێژووگەرایی بووە و دەقی ئەو جۆرە شیعرە زێتر وەک بەڵگە و بابەت بۆ ساغکردنەوەی مێژوویی بەکارهاتووە، جا چ مێژووی ئاسایی بۆ ناسینەوەی ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا قەوماون، چ مێژووی هزر بۆ تێگەیشتن لەوەی شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەروبەندێکی تایبەتی مێژووییدا چۆنیان بیر کردووەتەوە و بە نیسبەت خۆیان و جیهانی دەوروبەریان خاوەنی چ فیکر و فەلسەفەیەک بوون. لەم نێوانەدا ئەوەی لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری ڕەخنەکاران و تۆژەران و لێکۆڵەران و ساغکەرەوانی شیعری کلاسیک سەرنجی پێنەدراوە و پشتگوێ خراوە وردبوونەوە و لەنگەرگرتن بووە لەسەر لایەنی جوانیناسانە و فۆرمگەرایانەی ئەو شێوە شیعرە. وێ دەچێت ئەم هەڵسوکەوتە یەک لایەنبینانەیەی ڕەخنەی کوردی لەو ڕوانگەیەدا ڕیشەی داکوتابێت کە شیعر پتر لەوەی هەست بێت، هزرە، زێتر لەوەی شکڵ بێت، ناوەرۆکە. خاوەنی ئەم ڕوانگانە ئەوەندەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا پەیام دەبینن زمانیان نایەتە بەرچاو، ئەوەندەی بەدوای مانادا دەگەڕێن شوێن پێی لەفز هەڵناگرن. لە دیدی ئەوانەوە شاعیر بەر لەوەی دەربڕی هەستی هەناوی خۆی بێت، دەرخەری ئاوەزی مێشکییەتی، وەک بڵێی لە نێوان دووانە لێکدژی هەست و ئاوەزدا سەرەتی بە ئاوەزە.

ئاکامی ئەو تێڕوانینانە خەرمانێکە لەو جۆرە خوێندنەوەیەی کە لەسەر داکۆکی کردن لە ڕەوابوون- یان جاروبار ڕەوا نەبوونی- فیکری شاعیرێکی کلاسیک چەق دەبەستێت و سەرەباسی شیعرییەت و دەستەبەرکردنی زمانی شاعیرانە و فۆرمی داهێنەرانەی شیعری فەرامۆش دەکرێت. نموونەی زۆر دیار و سەرکەوتووی ئەم جۆرە خوێندنەوەیە ئەو سێ بەرگ



**حاجی قادری کۆیی**

کتێبەیە کە مەسعوود محەمەد لەسەر شیعری حاجی قادری کۆیی نووسیویە و تێیدا حاجی پتر لەوەی وەک شاعیرێک کە لە پانتایی زمان و هەستی شاعیرانەدا کاری کردبێت، وەک بیرمەندێک وەسف و وێنا کراوە کە لە بواری هزر و بیری نەتەوەییدا پەیامی خۆی پێ بووە و فەلسەفەی خۆی دارشتووە. مەسعوود محەمەد لەم کارە سەرکەوتووەیدا ناچار بووە کە لە ئاکامدا حاجی قادر وەک شـــاعـــیـــرێکی شـــۆڕشگێـــڕ لە بواری هزری نەتەوەخـــوازیدا بێنێـــتـــە ناســـاندن بێ ئەوەی ئەو شـۆڕشگێـڕییـە بواری داهێنانی زمـان و جـوانیناسی و فـۆرمی شـیـعـری بگرێتـە خـۆی. ئەم خـوێندنەوەیە لە راسـتـیدا درێژەدان بەو سوننەتە لە مـێـژینەیەی شەرح و تەفـسـیـری دەقی بەردەسـتـە کـە لە رێگای هێـمـا و نیـشـانەکـانی ئەو دەقـەوە پەی بە هزر و هەڵوێسـتـی داهێنەرەکەی دەبرێت و لەکۆتاییدا دەگوترێت شاعیر بەم چەشنە بیـر دەکـاتەوە، لەبەر ئەوەی بەم جـۆرە هاتووەتە ئاخـافتن و دواندن. لەم شـێـوازەی خـوێندنەوەیەدا چی گوتنی شاعیر بابەتی بەردەست و بەرباسە و چۆن گوتنی شاعیر بابەتێکە، یان دەخرێتە پەراوێزی باسوخواسەوە، یان هەر هیچ ئامـاژە و ئیـشـارەتێکی پێ ناکـرێت و لە چوار چێوەی باسی راڤەکاردا هیچ جێگە و پێگەیەکی پێ نادرێت.

لە ئەنجـام و ئاکـامی خـوێندنەوەیەکی مـاناتەوەری لەم چەشنە بۆ شیـعری کلاسیکی کوردی، ئەوەی سەرەتی پێ دەدرێت و دێتە نێو مەیدانی شیکاریی رەخنەکارەوە پتر لەوەی خودی دەقی بەرباس بێت، مێژووی دەرەوەی دەقە. بە وتەیەکی تر، خـوێندنەوەیەکی مـاناتەوەری لەم جـۆرە سەرەتی بەو واقیـع و مـێـژوویە دەدات کـە دەقی بەرهەم هانیوە، نەک ئەو واقیع و مێژوویەی کە دەق خۆی وەک بەرهەمـێکی داهێنەرانە دەیهـێنێـتـە ئاراوە، ئەگـەر باس کـردن لە جـوانی شـیـعـر بە واتای باس کـردن لە مـانا و فۆرمی شیعر بێت، ئەوکات پێویست ناکات کە رەوایی، یان گرینگی شیعر پێوەندی بەوەوە هەبێت ئەو شیعرە تا چەندە هەڵگر و راگری ئەو بیـرۆکـەیە، یان ئەو جوانییـە بێت کـە لە جـیـهـانی دەرەوەی بوونی خـۆیەوە وەری گرتبێت.

شیعری داهێنەرانە شوێن پێی جیهان هەڵدەگرێت، یان هەروەتر، شوێن لەجیـهان وەردەگرێت، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی کە خۆی جیهـانێکی سەربەخۆ و خۆبژێوە و کیـانی خۆی و سەروەری خـۆی لە وشـە و زمـانەوە وەردەگـرێت، ناکـرێت ئەوەی کـە رەنگدانەوەی راسـتـو دروسـتـی بیرۆکەیەکی راستو دروستی جیهانی واقیعە، بکەیەنە سەنگی محەکی راست و دروستی ئەو شیعرە. شیعری کـلاسـیکی کـوردی ناشێت تا رادەی نوێنەرایەتی کـردنی فیکری سەردەمی خۆی دابەزێندرێت، مادام خۆی خاوەن جیـهـانی سـەربەخـۆی زمـانی و فـۆرمی و مـانایی خـۆی نەبێت. نموونەی شـاز لەم بوارەدا بێ سێ و دوو لێکردن، شـیـعـری شـێخ رەزایە. یەکێـک لەو هۆیانەی کە بۆچی شـیـعـری شـێخ رەزای تاڵەبانی لە مـێـژووی شـیـعـری کلاسیکی کوردیدا بە شیعرێکی هەرمان و تاقانە باسی لێدەکرێت، فۆرمی دەربڕین و ئەو زمانە پەتییە تایبەت و ئەو شێـوازە تەوس ئاسا و هەجـوئامێزەیە کە شێخ رەزا هەر خـۆی لێی شـارەزا و تێـیـدا دەسـتـڕەنگین بووە. سـەربارەی ئەوە، تەنانەت ئەگـەر سـەرنجی ئەو چەند ساغکردنەوە و شەرحانە بدەین کە لەسەر شیـعری شێخ رەزا کـراون، دیسـان دەبینین روحی مـێـژووگـەرایانە و گەرانەوە بۆ سەر ئەو واقیـعـانەی کە لەوانەیە شیـعری شێخی لێ بەرهەم هاتوون، لە بری هەوڵی جوانیناسانە و کـارکـردن لەسـەر ئەوەی فـۆرم و زمـانی شـێخ رەزا چۆن جیهـانی شیعری ئەویان پێکهێناوە، بەسەر ئەو کارانەدا زاڵ و داسەپێنراوە، کەواتە دەکرێت بڵـێین روانگەی زاڵ بەسەر مەیدانی رەخنەکاری و شرۆڤەی شیعری کلاسیکی کـوردیدا تا هەنووکەش روانگەی مـێـژووگـەرایانەیە کـە



**میسباحولدیوان (ئەدەب)**

تێیدا دەقی شیعری لە بری ئەوەی جیهانێکی زمانی بێت پێکهاتووە لە فۆرم و مانای ئاوێتە بە یەک کە خوێژێوانە و دابڕاو لە جیهانی واقیع- بە مانای ئەوەی بەردی بناغەی جیهانی شیعر وشە و خەیاڵە نەک شت (ئۆبژە) و واقیع- دەکەوێتە گەڕ و ئەرکی جوانیناسانەی خۆی بەجێ دەهێنێت، بەڵگەیەکی مێژووییە کە لە ڕێگای تاووتو و سەنگوسوک کردنییەوە پەی بە واقیع و ڕاستییەکانی ئەو سەردەمە دەبەین کە شاعیر تێیدا ژیاوە، یان لەو بابەتانە تێدەگەین کە لە مێشکی شاعیردا کەڵەکەیان کردووە و دەقیان گرتووە. لەم جۆرە لێڕوانینە بۆ شیعر، شاعیری کلاسیک هەڵکەوتەی سەردەمی خۆیەتی کە دواجار دەبێتە نوێنەری هزر و ئاوەزی خەڵک و ئاوێنەی بالانومای خواست و خەونی خەڵک، هەربۆیە شیعری شاعیر بەر لەوەی بەرهەمی شکۆمەندی شاعیرانە و دەستکردی سیحراوی ساحیرانەی خۆی بێت، دەربڕی هەستی جەماوەری و دەرخەری خەون و خواستی گشتییە. ڕوانگەی مێژووگەرایانە، بۆ وردبوونەوە لە شیعر، شیعر دەکاتە بەڵگەیەک کە دەکرێت لە ڕێگای ئەو بەڵگەیەوە ڕووداوەکانی مێژووی پێ ساغ بکرێتەوە، یان مێژووی ڕووداوەکانی پێ بنووسرێتەوە.

خاڵێکی دیکەی بەرباس ئەوەیە کە گرینگیدان بە خوێندنەوەی مێژووگەرایانەی شیعری کلاسیکی کوردی و پەراوێز خستنی خوێندنەوەی جوانیناسانە، زۆرجار ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆکارێک بۆ بە هەڵە داڕشتنەوە و ساغکردنەوەی ئەو دیوانە شیعرییانەی کە میراتی شاعیرانی کلاسیکن. بە وتەیەکی تر، نەبوونی دیدی جوانیناسانە، یان گرینگی نەدان بە خوێندنەوەی جوانیناسانە لای زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵەران و ساغکەرەوانی شیعری کلاسیکی وایان لێدەکات وشە و دەستەواژەی نەگونجاو و نەشیاوی بەروبووی مەزەندە و گومانی خۆیان لە بری وشە و دەستەواژە ئەسڵی و ڕەسەنەکانی شاعیری کلاسیک بەکاربهێنن، پاشان بە قابیلی نەخوێندنەوە بوونی نوسخەی ئەسڵی و هەڵەی تایپی بابای تایپیست پاساو بۆ ئەو گرفتە میتودۆلۆژیکە بهێننەوە. لەکاتێکدا، ئەگەر توێژەرێک شارەزای جیهانی جوانیناسی تایبەتی شاعیرێکی کلاسیک بێت و تێبگات کە هەموو وشە و دەستەواژەیەک بۆیان نییە لەو جیهانەدا جێگە و پێگەیان هەبێت، ئەوکات زۆر لەو هەڵە و پەلانەی کە بەنێوچاوانی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی ئێمەوە نووساوە پاک دەبنەوە. بۆ نموونە، دوا بەدوای چەندین هەوڵی ساغکردنەوە بۆ دیوانی شیعری میسباحولدیوانی ئەدەب ساغ نەکراوەتەوە؛ هۆکارێکی گرینگیشی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەم خاڵەی کە هیچ کام لە ساغکەرەوانی شیعری میسباح دیدی ئەدەبییان دیدێکی جوانیناسانە نەبووە و نەیانتوانیوە لە سیستمی جوانیناسی شیعری میسباح شارەزا بن و لەسەر بنەمای ئەو سیستمە کاری ساغکردنەوەیان ڕاپەڕێنن.

هەڵبەت لەکۆتاییدا ئەو خاڵە شایانی باسە کە مێژووگەرایانە خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی بە واتای ئەوە نییە کە ئەو کەسانەی وا لەم بوارەدا شەرح و تەفسیریان بەدەستەوە داوە- یەک لەوان مەسعوود محەمەد لە کارەکەی حاجی قادردا- گوتوویانە، یان ویستوویانە لە ڕێگای شیعرەوە مێژوو بنووسنەوە، بەپێچەوانەوە، ئەوان خۆیان ئەم کارانەیان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا جێ دەکەنەوە، کە بەبڕوای من هەر وایشە و ئەم کارانە لەم خانەیەدا جێیان دەبێتەوە، چونکە ئەم کارانە لەسەر دەقی ئەدەبی کراون، نەک دەقی مێژوویی، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم شێوەیە لە کاری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، دواجار لە بری ئەوەی ئاکامێکی جوانیناسانەی لێ بکەوێتەوە، کە بەشێکی گرینگی ئامانجی هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەکارانەیە، بە ئەنجامێکی زێتر مێژووگەرایانە دەگات کە پتر لەوەی دەقی خوێندبێتەوە، مێژووی نووسیوەتەوە.

# کوڕی ئەو خەڵکە

سەلاح نیساری
(بۆکان)

مەنسوور یاقووتی، کوردی (کولیایی) سەیدا و ڕۆماننووسی بەناوبانگی ئێرانی لە ٥ی ڕەشەمەی ١٩٤٨ لە گوندی (کێوەنان) لە ناوچەی کولیایی سەر بە پارێزگای کرماشان، لە دایک و باببێکی کورد لە دایک بووە. زۆرتر لەنیو سەدەیە سەرقاڵی موتاڵا و نووسینە، زیاتر لە سی بەرهەمی چاپ و بڵاوبۆتەوە. نووسراوەکانی مەنسوور بریتین لە کورتە چیرۆک، ڕۆمان، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، کۆکردنەوەی ئەفسانەکانی کوردەواری، توێژینەوە لەسەر شانامەی فیردەوسی، ساغکردنەوەی دیوانی حافز و سەدان وتار و ڕەخنەی ئەدەبی، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە شیعرەکانی لە باشترین گۆڤارەکانی ئێراندا چاپ و بڵاوبوونەتەوە.

هەروەک خۆی دەڵێت: مەنسوور یاقووتی لە لادێ لە دایک بووە و دەستی لە داوێنەکانی زاگرۆس بەربووە و تەواوی تەمەنی لە شاری کرماشاندا ژیاوە. دایک و باب کوردی کولیایی لە ناوچەی کولیایی سەر بە شاری کرماشانن. کوردەکان لەوێ بە ئاژەڵداری خۆیان بەخێو دەکەن. بە زاراوەی کولیایی قسەدەکەن، نووسراوەکانی ئەوان بە خەت و شێوەزاری کرماشانی نووسراوە، وەکو شانامە کوردییەکان، یان(گۆرانی) کە شیعرەکانی کوردین. هەر هەمووشیان یەک بەیتین و کەمتر هەڵبەست و هۆنراوەن.

لە دەورانی منداڵییەوە هۆگری ئەو ئەفسانانە دەبێ کە دایکی بۆی دەگێڕێتەوە، لە کۆڕی شانامە خوێندنەوەی شەوانەدا گوێگرێکی باش دەبێ. ئەو چیرۆک و سەربردانە تێکەڵ بە خوێنی دەبن و تا ئێستاش بە دەمارەکانیدا دێن و دەچن. تەمەنی حەوت ساڵان دەبێ ئاغا و دەرەبەگەکان

بابی ناچار دەکەن ئاوایی بەجێ بهێڵێ و لە کرماشان لە کۆڵانی پشت بەدەنە لە تەنیشت مردووشۆرخانەیەک بگیرسێنەوە. لە قوتابخانەی (داریوش) دەرس دەخوێنێ و مامۆستایەکی دەبێ بەناوی ئەمیر کامکار. ئەکتەری شانۆ و دراما، هەموو ڕۆژێ لە پۆلەکەدا چیرۆکیان بۆ دەخوێنێتەوە. دوو کتێب فرۆشی لە کرماشاندا دەبن و کتێب بەکرێ دەدەن، یاقووتی لە ماوەی دوو ساڵدا تەواوی کتێبەکان دەخوێنێتەوە و مەدرەسەکەی دەبێ بە هیچ، دەورانی دواناوەندی لە قوتابخانەی کەزازی تەواو دەکا، چەند مامۆستا و سەیدایەکی باش لەوێ دەرس دەڵێنەوە: هەباس سەرمەدی مامۆستای فەلسەفە، شاعیر و کۆکەرەوەی یەکەمین کۆشیعری نوێی ئێرانی. سەرمەدی، یاقووتی لەگەڵ فەلسەفەی زانستی و ئەدەبیاتی جیهان ئاشنا دەکا. ئەسغەر واقدی شاعیری ناوداری کرماشانی مامۆستای ئەدەبیات و پرۆفیسۆر گولزاری خاوەنی کۆپەڕی مێژووی کرماشان مامۆستای مێژووی ئەو بوون. سەربوهردەی ئەو ڕۆژگارە لە کتێبی (منداڵی من)دا ڕەنگی داوەتەوە.

- بەرهەمەکانی ئەم ڕۆماننووسە: سیڕەنگ و بن بەست (ڕۆمان)
- چرایەک بەسەر مادیان چیاوە (ڕۆمان)
- گوڵخاس (کۆچیرۆک)
- منداڵی من (کۆچیرۆک)
- ساڵی کۆرپە (کۆچیرۆک)
- پاجۆش (کۆچیرۆک)
- توشای باڵندەی غەریب (کۆچیرۆک)
- لەژێر چەقۆدا (نۆڤێل)
- جووتیاران (ڕۆمان)
- بەفروکاژ (کۆمەڵە شیعر)

کارەکانی گەردوون جێی سەرنج و لێوردبوونەوەیە، بۆ ئەو سروشتەی دایمەزراندووە و بۆ ئەو دامەزراوەی کەوا کاری بۆتە هاڕینی مرۆڤی ئینسان و ئینسانی مرۆڤ. خوێنەری هێژا، ئەگەر ژیرانە سەرنجت دابێتە هەنگ، ئەوە بۆت دەردەکەوێ تەواوی تەمەنی لەنێو گوڵ و گوڵجاڕدا دەژی و لە شیلە و بەرهەمی زەحمەتی خۆی دەخوات، بەڵام مرۆڤ چی؟ بەتایبەت ئینسانی زانا؟

مەنسووری یاقووتی لە کۆمەڵگایەکدا ژیاوە کە ئینسانەکانی لەو ڕۆژەوە لە دایک دەبن دەچەوسێنەوە، بە دەستی کێ؟ بە دەستی ئەو کەسانەی کە حەز دەکەن خۆشی و حەسانەوە، ڕووناکی و تێری و پڕی، ئاسوودەیی و سەروەت و سامان و تەواوی بەختەوەری و خۆشییەکانی ژیان هەر بۆ خۆیان بێ. هەر بۆیە ئاوەها کەسانێک هەرگیز چاویان بەرایی نادا مرۆڤی ئینسان ببینن، چونکە ئینسانی زانا خدە و ئاکاری ئەوان لەقاو دەدات. باسی ئەوە دەکا کرێکار و ڕەنجبەران چۆن بە دەست ژینکوژان دەچەوسێنەوە، خاوەنکار، چۆن بەیانی هەتا ئێوارێ کرێکاری هەناسەسارد دەڕەتێنێ و لە پشت مەکینەی پیشەسازی کاری پێدەکات و ناهێڵێ ئارەقەی نێوچاوانی بسڕێت. خوێنەری وردبین، ئەگەر بە ڕوحەوە ئاوێتەی بەرهەمەکانی یاقووتی ببی بۆت دەردەکەوێ کە ڕەندە و کرێکار هەردوو ڕەنج بە خەسارن. لە ڕۆمانەکانی ئەو ڕۆماننووسە کوردەدا بۆت دەردەکەوێ خشت بەخشتی کۆشک و تەلاری سامانداران بە ئارەقەی جەستە و نێوچاوانی من و تۆی ڕەنجدەر گەیوەتە پەڕپەڕۆچکەی ئاسمان، هەر بۆیە زانایان دەڵێن، خۆزگە چرۆی مێشکم نەدەپشکوت و هەر بە منداڵی دەمامەوە!

ڕۆمانی ئەو کوردە فارسی نووسە تەژییە لە ئازارەکانی من و تۆی کورد، هەروەها تەواوی ئینسانەکان، ژیانی لادێ، باسی دەست بڕ و چاوبەستی شارنشینان، کەسانێکی وەک: (ماڵدۆست و ماڵپەرس و زەڕجوو سەدانی تیکەش) ئەوانە هەموو شت لە ماڵ و سەروەتدا دەبینن، مرۆیەکی کرێکار لەبەر چاوی ئەوان لەگەڵ فەرغوون و پێمەڕەیەک هیچ جیاوازی نییە. باوەڕ ناکەن، ئەوەی بە شەرم و حەیاوە دەژی ڕادەی ئەقڵ و ئاوەزی لەسەرترە، خۆ ئەگەر باوەڕیش بکەن، ئەوە نایانەوێ باوەڕ بکەن. جا بۆیە ئەگەر ماڵی دنیا چڵکی دەست بێ، تەنیا هەر لەلای مرۆڤی چڵکن دەمێنێتەوە.

ئەگەر ئینسانی زەحمەتکێش بە سەداقەتەوە نەژیابا، ئەوە تووشی ئەو هەموو کوێرەوەرییە نەدەهات، هەر بۆیە قنیات کردنی پێ باشترە، نەک لەپێش چاوی ژن و منداڵی کاڵ ببێتەوە.

ڕۆماننووس، لەم کۆپەڕەدا سیڕەنگی وەک دوو نموونەی ئاشکرای نێو کۆمەڵگا نیشان داوە، یەکەمیان مرۆڤی زەحمەتکێش و بەشخوراو و ڕەنج بەخەسار،

دووەمیشیان گەل و میللەتێکی زۆر لێکراو و پەراوێز خراو هەروەک کورد، بێ بەش لە حەق و مافی ئینسانی. کە تەنانەت لە ولاتەکەی خۆیشی قاچاغە و ژینگەیەک شک نابات تێیدا وەحەسێ.

ئەو مرۆڤە زەحمەتکێشانە، ئەگەرچی نانی وشک و ئاوی گەرمیان بەگەروودا کردوون، بەلام هەمیشە بە ویژدانەوە کاریان کردووە و ئەرکی خۆیان بەجێ هێناوە و غەدر و خیانەتیان بە خاوەنکار نەکردووە، بەلام خاوەنی سەرمایە لە چەشنی زەروو خوێنی ئەوانی مژیوە و بناغەی کۆشک و تەلاری لەسەر پشتی چینی هەژار و چەوساوان هەلچنیوە، ئەگەر مەنسووری یاقووتی بۆ خۆی یەکێک نەبوایە لەو ئینسانە زەحمەتکێش و بەشمەینەتانە، یان لە نزیکەوە بە قەولی (سەمەد بێهرەنگی) ئازارەکانی لەمس نەکردایە و هەستی پێنەکردایە، بێ گومان نەیدەتوانی ئەوەندە خامەی بەهێز و پێزی ئەو بەرهەمە پڕ لە وەرهەمانە بخولقێنێ. ئەوە مرۆڤی ئاقلمەندە هەست و نەستی خۆی لەتوێی کتێباندا دادەڕێژێ و بە خوێنەری گەلەکەی پێشکەش دەکات، چونکە کتێب بۆ ئینسانەکان مامۆستای بێ دەنگ و بێ منەتە! نووسەر گەوهەری سووری نییە بە خۆشەوستانی ببەخشێ و تەنیا پەڕاو و کتێب شک دەبات، هەر بۆیە ئەو بەخشینەش ئاوا دەبینێ: جیاوازی ئالتوون و کتێب لەوەدایە، نە کتێب کۆن دەبێ و نە زێڕ ڕەش هەلدەگەڕێ، بەلام ئالتوون دل و مێشک دەکوژێ و کتێب مێشک پێدەگەیەنێ، لەبەر ئەوەیە هەستیار و هونەرمەندان، ئەگەر تەنیا هەر بۆ خۆیان ژیابان، ئەوە هیچ وەخت ناووناوبانگیان وەک مەزنە مرۆڤان سنوورو کەوشەنانی نەدەبڕی و تەواوی عومریان لەباتی شیلەی ژیان، ژاری ژیانی نەدەنۆشی. نووسەر و هونەرمەند ئەوەندەی دلی لە چاوی نەیاران دەترسێ، ئەوەندە سەری لە زمانی خۆی نەترساوە. کەوابوو دەبێ خوێنەری دل فراوان و چاوکراوە بزانێ، کەو بە خاتری جوانی و دەنگ خۆشی دەخرێتە قەفەزەوە و مرۆڤی ژیر و بە بیریش بەهۆی هونەرەکەیەوە.

# قوتابخانە ئەدەبییەکان

لە فارسییەوە: موسعەب ئەدهەم
(سلێمانی)

لەم وتارەدا باس لە ڕاڤـــــە و پەیدابوون و بەرەو تەواوکاری و لەناوچوونی قوتابخانە ئەدەبییەکان دەکەین کە لە ئەوروپادا هەنگاو بە هەنگاو لە دوای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دروست بوون و لە قۆناغێکی تایبەتدا نوێنەری پێداویستی کۆمەڵگای خۆیان بوون.

یەکەمین قوتابخانەی ئەوروپا لە سەدەی شازدەدا، واتە لە لوتکەی ڕاپەڕینی ڕێنیسانس و هیومانیزم دروست دەبێت و لە سەدەی حەڤدەدا فراوان دەبێت و دەبێتە خاوەنی بنەمای نووسراوی خۆی، ئەم قوتابخانەیە پێی دەوترێت «کلاسیسیزم».

**١- کلاسیسیزم:** هەمیشە و زۆرجار بەرهەمە ئەدەبییە کۆن و دێرینەکان و ئەوانەی ماونەتەوە لە هەر وڵاتێکدا کە خاوەنی بنەما و ڕێسای نووسراوی قبوولکراو بن، بە سیفەتی کلاسیک دیاری دەکرێن، بەڵام لە ناسینی قوتابخانە ئەدەبییەکانی ئەوروپا، بەرهەمە ئەدەبییە کلاسیکەکان بەو بەرهەمانە دەوترێن کە بە قوتابخانەی کلاسیسزمەوە پەیوەستن.

هونەری کلاسیزمی بنەڕەتی لە حەقیقەتدا هەمان یۆنانی و ڕۆمی کۆنە کە لەسەدەی شازدەمدا لە ئیتاڵیا و ئیسپانیا و پاشان لە سەدەی حەڤدەمدا لە فەرەنسا لە دوای شۆڕشی هیومانیزم بووە سەرمەشق. ئیدی لەدوای ئەمەوە هونەرمەندگەلێکی فراوان بە پەیڕەوی کردن لە ڕێساویاسای جێگیر و دیاریکراوی ئەدەبیاتی یۆنان و ڕۆم، بە تایبەتی لە تیورییەکانی ئەرستۆ وەرگیرابوون چەندین داهێنانیـان ئەنجـام دا و هونەریان داهێنا. بە بۆچوونی کلاسیزمەکان، هونەری بنەڕەتی شاعیر، یان نووسەر، ڕەچاوکردنی وردی بنەما و یاساوڕێساکانی کلاسیزم بوو، یاساوڕێساکانی کلاسیزم بریتی بوو لە

لاسـایی و شـوێن پێـهـەڵگرتنی بەرهەمی ژیرانە و سەرنجدان لە سروشت و پابەندبوون بە بنەما مەزهەبی و ئەخلاقییەکان و ڕەچاوکردنی نزیکی و فێرکاری بەرهەم، هەروەها ڕوونی و سادەیی و بەرهەمەکەش حەقیقەت پیشان بدات، هەروەها بوونی هەماهەنگی تێیدا و پاراستنی یەکێتی بابەت و کات و شوێن. لە قۆناغی کلاسیکەکاندا هونەر تایبەت بوو بە چینی کەسە باڵا و ئەشرافەکانەوە، نوێنەرانی ناسراوی ئەم قوتابخانەیە بریتی بوون لە «میلتۆن»، «فرانسیس بیکۆ» و «بن جۆنسون» لە بەریتانیا و «کۆرنی»، «ڕاسین» لە فەرەنسادا.

**٢- ڕۆمانتیزم:** شۆڕشی ڕۆمانتیک لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٨) و سەرەتای سەدەی (١٩) لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە دەرکەوت و دروست بوو. پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە باوەڕیان وابوو کە شێوەکان و سوننەتەکان و کۆتوبەندەکانی قوتابخانەی کلاسیک، شاعیر و نووسەر لە دەرکی ڕاست لە سروشت و چێژوەرگرتن لێی و ڕوونکردنەوە و وەسفی ڕاستی دووردەخاتەوە. ئەمانە یاساوڕێسا و قاڵبە کۆنەکانیان شکاند و لە جێگەی گرنگیدان بە عەقڵ و لۆژیک، هونەریان لەسەر پایەی هەست و خەیاڵ و وێناکردن، عیشق و چێژ و ڕوونکردنەوەی بنیاد نا، هەروەها هونەریان لە ڕێگەی خزمەت بە چین و توێژی خەڵکی بەکارهێنا. پاشتر ئەم شۆڕشە کاریگەری خستە سەر مۆسیقا و وێنەکێشان.

ڕۆمانتیزم لە وشەی «ڕۆمان» وەرگیراوە. تاکو سەدەی یازدەم و دوازدەم، بابەتە ئەدەبییەکان، ڕووداوە پاڵەوانی و قارەمانییەکان و پیاوانی شمشێر وەشێن و کارە سەرسوڕهێنەرەکان و سەرروو ئاساییەکان بە زمانی ڕۆمی بوون کە بە ڕۆمان ناودەبرا، بەڵام کلاسیکەکان بەرهەمەکانی خۆیان بە زمانی لاتینی دەنووسی. لەم ڕووەوە پەیڕەوانی قوتابخانەی ڕۆمانتیزم کە پێچەوانەی قوتابخانەی کلاسیک بوون، ناوی خۆیان ناونا ڕۆمانتیک.

ڕۆمانتیکەکان تەنیا سەرنجیان لە جوانی نەدەدا، بەڵکو خەریکی ڕاڤە و ڕوونکردنەوە و وەسفی حاڵەتی قارەمانان و ئامانجەکانیشی دەبوون. نوێنەرانی گرنگی قوتابخانەی ڕۆمانتیک بریتی بوون لە: (ژان ژاک ڕۆسۆ، شاتوبریان، ڤیکتۆر هۆگۆ، لامارتین، ئەلفرێدو موسێ، مادام ستاندال و ئەلفرێد دو وینی) و لە ئەڵمانیاشدا (شیلەر، گۆوتێ) و لە بەریتانیاشدا (بایرۆن) و لە ڕووسیاش (لیرمنتۆف و پووشکین) بوون.

**٣- ڕیالیزم:** قوتابخانەی ڕیالیزم لە ناوەڕاستەکانی سەدەی (١٩) بە ناوونیشانی کاردانەوەیەک لە بەرانبەر قوتابخانەی ڕۆمانتیک دەرکەوت، ڕیالیزم، واتە واقیعگەرایی. هونەرمەندی ڕیالیزم لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی خۆیدا زیاتر ڕۆڵی تەماشاکەر دەبینێت، جیهان بەو جۆرەی کە هەیە دەبینێت و واڵای دەکات، نەک بەو جۆرەی کە دەبێت ببێت. ڕوخسار و ڕووکارییەکانی سروشت و کۆمەڵگە و ڕوحی مرۆڤ بە هەموو جوانییەکان و ناشیرینییەکانی دەخاتە ڕوو بەبێ ئەوەی ئەندێشە و هەستەکان و حەز و ئارەزووی خۆی تێکەڵ بەم جوانی و ناشیرینیانە بکات.

قارەمانانی بەرهەمە ڕیالیزمییەکان هەمان خەڵکی سادەی ژیانن. هونەرمەند هەوڵ دەدات بە گواستنەوەی لە مەیدانێک و شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ڕۆڵی کاریگەری ژینگە و بارودۆخ و حاڵ و گوزەران لە ژیاندا هەستەکانی قارەمانانی داستانەکەی پیشان دەدات و هۆکاری پێشهات و ڕەفتارەکان ڕوون دەکاتەوە.

بنیادنەری ئەم قوتابخانەیە «بەلزاک»ی فەرەنسییە، «چارلز دیکنز»ی نووسەری «ئۆلیڤەر تویست» لە بەریتانیا و «دەیستۆیڤیسکی» و «تۆلستۆی» نووسەری (شەڕ و ئاشتی) لە ڕووسیا، لە نووسەرانی ناوداری ئەم قوتابخانەیەن.

**٤- سروشتگەرایی:** قوتابخانەی سروشتگەرایی «ناتورالیزم» لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم دروست بوو و هێشتاش ئیلهامبەخشی کۆمەڵێک لە نووسەرانی ئەورووپا و ئەمریکایە. لەم قوتابخانەیەدا نووسەر لە بەرهەمی خۆیدا موو بە موو لاسایی سروشت دەکاتەوە. سروشتگەراکان باوەڕیان بە دەسەڵات و توانایی بێ چەند و چوونی سروشتە. ئەوان هەوڵ دەدەن تاکو ڕێگەی ئەزموونی لە ئەدەبیاتدا بەکاربهێنن و برەو بە «جەبری زانستی» بدەن. سروشتگەراکان چۆنیەتی ڕەفتاری مرۆڤ و خوو و خدەی تاکەکان بە شوێنکەوتەی یاساوڕێسای جەبری و پێوەندی هۆ و هۆکار دەزانن، نەک بە تەواوی لە ویست و ئیرادەی خودی ئەوان. بە بۆچوونی ئەوان، دۆخی

جەستەیی بنەڕەت و بنەمایە و حاڵەتە ڕوحییەکان لق و سێبەری ئەو.
سروشتگەراکان لە وەسفەکانی خۆیاندا بە پاژ (جوزئەکانی) کاروبارەکانەوە خەریک دەبن و هیچ جووڵەیەک، یان هەر جووڵەیەک کە هەرچەندە بچووکیش بێت، فەرامۆشی ناکەن. لە بەرهەمەکانیاندا قارەمانانی داستان بە زمانی تایبەتی جۆری خۆیان قسە دەکەن، بەم جۆرەیە لە کاتی پێویست و ویستراودا لە بەرهەمەکانیاندا زمانی شکاوی وتراویش بەکاردێت.
**٥- سیمبۆلیزم «هێماگەری»:** سیمبۆلیزم لە زاراوەی «سیمبۆل» وەرگیراوە کە بە مانای نیشان و هێما دێت. سیمبۆلیستەکان کۆمەڵێک شاعیری فەڕەنسی بوون کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لە بەرانبەر قوتابخانەی ڕیالیزم و سروشتگەرا دەرکەوتن. ئەمانە لە شێوەی ڕوونی ڕاستەوخۆ لە شیعرەکانیاندا خۆیان بە دوور دەگرت و بیر و سۆزەکانی خۆیان بە ئاماژەی ڕەمزی و هێمادار و بەکارهێنان و هێما ڕوون دەکردەوە. ئەم ڕاپەڕینە دواتر لە هونەرەکانی تریشدا بڵاوبوویەوە و ڕەواجی پەیدا کرد. ئەمانە لە بەرهەمەکانیاندا سەرنجیان دەخستە سەر خەو و خەیاڵ و خەوەکان و ڕاز و نهێنییە شاردراوەکانی دەروون و ئەندێشە دوور و درێژەکان.
سیمبۆلیستەکان، شاعیرانی نائومێد و بەدبین بوون و ئەم حاڵەتە لە هەڵبژاردنی بابەت و چۆنیەتی وەسفکردن لە شیعرەکانیاندا ئاشکرایە.
لە ڕووی فەلسەفییەوە ئایدیالیست بوون و سروشتیان جگە لە خەیاڵێکی جووڵاو، بە شتێکی دیکە نەدەزانی، هەروەها دیاردەکان و شتەکانیان جگە لە شتێکی جێگیر و لە دەرەوەی وێنای ناوەکی و دەروونی ئێمە نەدەزانی، باوەڕیشیان وابوو واقیعیەتی شتەکان هەمان ئەو دەرکەیەیە کە ئێمە بەهۆی هەستەکانمانەوە لێیان لە دەروونی خۆمان هەمانە. لەم ڕووەوە سیمبۆلیستەکان لە عیرفانی ڕۆژهەڵاتەوە نزیک بوون.
سیمبۆلیستەکان زمانی شیعرییان تێکەڵ کرد و هەوڵیان دا شیعریان وەکو مۆسیقا بە یارمەتی کێش و ئاهەنگ، هەستەکان و ئەو سۆزانەی کە بە زمانی ئاسایی ناتوانرێت ڕوون بکرێنەوە و دەربڕدرێن، پێشکەشی خوێنەری بکەن. بەم شێوەیە ئەمانە لە شێوەی شیعر و لە تێکەڵکردنی پێکهاتە و بەکارهێنانی وشەکان و کێشی شیعر، بە ئازادی بێ سنوور بۆ خۆیان قایلبوون. (مۆریس میترلینگ، ئیدگار ئالان پۆ، شارل بۆدلێر، پۆل ڤالیری) نوێنەرای ناسراو و دیاری ئەم قوتابخانەیەن.
قوتابخانەکانی دیکەی ئەدەبی کە پاش قوتابخانەی «سیمبۆلیزم» دەرکەوتن بە ڕیزبەندی بریتین لە: (سوریالیزم، ئیمپرشیونیزم، ئەنارشیزم، دادائیزم، ڤۆریزم، فۆتۆریزم، ناتۆریزم و هیومانیزم).

**سەرچاوە:**
**سایتی حیات اندیشە «زمان و ئەدەبی فارسی».**

# کورد و مێژوو

## «لێکۆڵینەوەی مێژوویی»

سەباح عەلی جاف
(زانکۆی گەرمیان - فاکەڵتی پەروەردە / بەشی مێژوو)

نووسینەوەی مێژوو وەک زانستێکی سەربەخۆ و بەکەڵکی سەردەم ڕەنگە جێگەی مشتومڕی جدی بێت لەنێو ڕۆشنبیران و پسپۆڕان و کەسانی پێوەندیدار بە بابەتی مێژوو، لێرەدا گوزەرێکی خێرا دەکەین بە نێو کاروانی نووسینەوەی مێژوو لە لای کورد و هەوڵەکان بۆ ئاشنابوونی ئەو زانستە بەو پێیەی کورد خاوەن مێژوویەکی دێرینە و زۆر کەسیش لەنێو کورددا دەستیان داوەتە نووسینی مێژوو، هەربۆیە حەقی خۆیەتی پاش چەندین سەدە لە نووسینەوەی مێژوو لە لای کورد شەنوکەوێکی ئەم ڕەوتە بکرێت و پەنجە بخرێتە سەر باشی و کەموکورتییەکانی هەوڵەکان، بۆیە لێرەدا تیشک دەخەینە سەر چەند لایەنێک لەو ڕووە، بە تایبەت بۆ نەوەی ئەمڕۆ کە زیاتر لە زانکۆکاندا دەخوێنن و پێویستیان بە بەرچاوڕوونی هەیە لە کارکردنی پێشینەکانی ئێمە لەسەر مێژوو، هەر بۆیە لێرەدا سەرەڕای مێژووی نووسینەوەی مێژوو لای کورد و کورتەیەک لە ژیانی چەند مێژوونووسێکی ناوداری کورد کە باس کراوە ڕاوبۆچوونی ژمارەیەک مێژوونووس و پسپۆڕ لە سەر مێژوو و زاراوەی مێژوو خراوەتە ڕوو لەگەڵ ڕەخنە و گلەیی خودی هەندێک لەو کەسانە لە هەوڵەکانی نووسینەوەی مێژوو و تێگەیشتنی زانستی و فەلسەفی کورد بۆ مێژوو.

باری سروشتی کوردستان و ژیانی سەختی خەڵکەکەی و کۆچەری هۆزە کوردەکان و چەندین هۆکاری تر بوون بە هۆی ئەوەی نووسین و خوێندەواری لە ناو کورددا درەنگ پەیدا بێت و لەسەرخۆ ئەوانەی کە باس کران درەنگ پەرەبسێنێت، هەر بۆیە نووسینەوەی مێژوو لەناو کورددا درەنگ سەری هەڵدا هەرچەندە گەلانی دراوسێی وەک عەرەب و ئەرمەن مێژوویان کردووەتە پیشە، بەم جۆرە

سەدان ساڵ تۆماری مێژوو لای کورد بریتی بووە لە گۆرانی و داستان و ئەفسانەی سەر زاری خەڵک و نووسینی هەڵکۆڵراوی سەر شاخ و ئەشکەوتەکان، بە هاتنی ئایینی ئیسلام خوێندن و خوێندەواری لە نێو کورددا بڵاوبووەتەوە، ئەمەیش بووەتە هۆی گەشەکردنی چەندین لایەنی ژیان و لەو دەمەدا چەندین مێژوونووسی کورد لە نێو جیهانی ئیسلامیدا دەرکەوتن کە مێژوونووسانی ئەوسای کورد بە ژمارە زۆر بوونە لەوانە " عەمادی، ئەربیلی، دینەوەری...تاد) کە ئەمانە چەندین بەرهەم و دەستنووسیان پێشکەش کردووە و ڕۆڵیان گێڕاوە(١).

ئێمەی کورد بە هۆی چەند هۆکارێکەوە مێژووەکەمان چەواشە کراوە، داگیرکەرانی کوردستان لە ڕێڕەوی مێژوودا ئەم مێژووەیان لەکەدار کردووە و نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەم ناتەواوییە، هەروەها داگیرکەرانی کوردستان مێژوونووسان و بلیمەتەکانی ئێمەیان بە ناوی خۆیانەوە تۆمار کردووە و لایەنە درەوشاوەکەی ئەم مێژووەیان لە تاریکیدا هێشتووەتەوە(٢).

محەمەد ئەمین زەکی مێژوونووسی گەورەی کورد لە پێشەکی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان)دا نووسیویەتی "لە شوێنەواری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا سەبارەت بە مێژووی کوردستان زانیارییەکی ڕێکوپێک نییە، یان بۆ من نەدۆزراوەتەوە و دوور نییە ئەگەر کار لەم ڕووە بکرێت ئەوە ئەم کەموکورتییە پڕ بکرێتەوە و ئەم خزمەتەیش کاری لاوانی ئەمڕۆ و سبەینێیە و لێرەوە تکایان لێ دەکەم وەک هەندێک مێژوونووسی کوردی دوێنێ و ئەمڕۆ لە نووسینی مێژوودا لایەنگری سۆز و خەیاڵ نەبن بۆ ئەو لێکۆڵینەوەی کە دەینووسن، بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراو، دیار پێشان بدەن و ئەگەر وا نەکەن ئەوە ڕەنجیان هەروا دەچێت و نووسینەکەیان بەهایەکی زانستی نابێت، لە لایەکی ترەوە خۆتان و نەتەوەکەشتان ناشرین مەکەن، بە پێی لێ وردبوونەوەی خۆم بە تەواوەتی تێگەیشتووم کە نەتەوەی کورد و مێژووەکەی هیچ پێویستی بەو جۆرە شتانە نییە و مێژووی ون زۆرە، بۆیە دەبێت بۆی بگەڕێین و بیدۆزینەوە و کاری پێگەیشتووانی کورد ئەمەیە"(٣).

## ژیاننامەی ژمارەیەک لە مێژوونووسان و لێکۆڵەرانی مێژووی کورد

### کورتەیەک لە ژیانی ژمارەیەک لە مێژوونووسانی کورد لە مێژووی ئیسلامیدا:

١- ئەبو حەنیفەی دینەوەری: ناوی ئەحمەدی کوڕی داودی کوڕی وەنەندە، لە گرێی یەکەمی سەدەی سێی کۆچی لە شاری دینەوەر لە دایک بووە، هەرچەندە بە هۆی سیاسی و ئابوورییەوە ڕەگەزی براوەتەوە سەر فارس، بەڵام بێ گومانی کە خێزانی ئەبو حەنیفە کوردستانین و زۆربەی بۆچوونەکان ئەوەیە کە کوردن، ئەم کەسایەتییە زۆربەی ژیانی لە دینەوەر بەسەر بردووە و بۆ گەیشتن بە زانست سەردانی زۆر وڵاتی کردووە لە ساڵی **٢٣٥**ک چووە بۆ ئیسفەهان، ئەو لێوەشاوە بووە لە زانستەکاندا، لە بواری (زمانناسی و ئەستێرەناسی و پزیشکی...تاد)دا شارەزا بوو، هەروەک کاری مێژوویشی کردووە(٤) و کتێبی (الاخبار الطوال) گەورەترین بەرهەمی زانراوی مێژوویەتی کە وێڕای زانیاری گشتی پڕە لە بەسەرهات و ڕووداوەکانی ئێران لە ڕۆژگاری ئەسکەندەرەوە تا ناوەندی سەدەی نۆ، ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٨٨٨ز بۆ یەکەمین جار بڵاو کرایەوە(٥)، ئەبو حەنیفە خاوەنی چەندین بەرهەمی ترە لەوانە (تەفسیری قورئان لە سیازدە بەرگدا، کتاب النبات، کتاب البلدان...) ئەم مێژوونووسەی کورد لە ساڵی **٢٨٢**ک کۆچی دوای کردووە(٦).

٢- ئیبن ئەسیر: عیزەدینی ئەبو کەرەمی محەمەدی جەزیری ناسراو بە ئیبن ئەسیر لە ساڵی **٥٥٥**ک/ **١١٦٠**ز لە جەزیرەی ئیبن عومەر لە دایک بووە، پاش ئەوەی خێزانەکەیان دەچن بۆ مووسڵ ناوبانگی زۆر پەیدا دەکەن و ئەو کەسایەتییە لە لای چەندین زانای ئەو کاتە دەست بە خوێندن دەکات و هەر زوو خۆی بۆ زانست و زانیاری ئامادە دەکات و بۆ دەسکەوتنی زانیاری گەشت بۆ چەندین شوێن دەکات و دەچێتە حەلەب و دەچێتە خزمەتی (شەهابەدینی ئەتابەکی ئەرتەخول)، ئیبن ئەسیر لە ساڵی **٦٣٠**ک کۆچی دوایی دەکات و پاش خۆی چەندین بەرهەمی بە سوود بەجێ دەهێڵێت لەوانە (کتاب الانسان، تاریخ کامل...تاد)(٧)، کتێبی (الکامل في التاریخ) بریتییە لە **١٢** بەرگ کە باسی مێژووی ئادەمیزاد دەکات لە دروست بوونی دنیاوە تا دوا

ساڵەکانی ژیانی خۆی و واتا تا نیوەی یەکەمی سەدەی ١٣، (الکامل في التاریخ) دەمێکە سەرەنجی زۆری مێژوونووسانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و لە ساڵی ١٨٥١ز ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپای ئۆرنبێرک دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە کە نزیکەی بیست و پێنج ساڵ تەواوی کرد(٨).

٣- ئیبن خەلەکان: شەمسەدینی ئەبو عەباس ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ئەبوبەکری خەلەکانی ئەربیلی لە کۆتایی ساڵی ٦٠٨ک لە ئەربیل لە دایک بووە و چووەتە قوتابخانەی مزەفەرەدین و لەوێ خوێندوویەتی و بۆ دەست گەیشتن بە زانست لە ساڵی ٦٢٦ک چووەتە حەلەب و لەوێ ماوەتەوە، پاشان بۆ وانە وتنەوە چووەتە قاهیرە و لە قوتابخانەی فەخرییە بە وانەوتنەوەوە خەریک بووە، پاشان لە میسر بووە بە قازی و پاش ماوەیەک لە تێکچوونی میسر دەست بەسەر کراوە، پاش ماوەیەک لە ژیان لە ساڵی ٦٨١ک لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، پاش خۆی بەرهەمە نەمرەکەی بە ناوی (وفیات الاعیان وانباء ابناء الزمان)ی بەجێ هێشت(٩)، کە لە ساڵی ٦٧٢ک لە قاهیرە لە نووسینەوەی بووەتەوە کە ڕەنگرێژی نووسینی مێژوویەکی گشتییە لە هاوشێوەی کتێبی (الکامل في التاریخ)ی ئیبن ئەسیری مامۆستای، بەڵام پۆستی دادوەری ڕێگەی نەداوە ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکات و ئەوەیش وای کردووە کتێبەکەی لە ژیاننامەدا کورت بکاتەوە(١٠).

سەرباری ئەوانەی کە باسمان کرد چەندین کەسایەتی و مێژوونووسی تری کورد خزمەتیان بە مێژوو و شارستانیەتی ئیسلام کردووە لەوانە (ئیبن سەلاحی شارەزووری، ئیبن مستەوفی ئەربیلی، ئیبن دینار...تاد)(١١).

## شەرەفخانی بەدلیسی

## (١٥٤٣- ١٦٠٣ یان ١٦٠٤)ز

شەرەفخان لە ٢٥ ی شوباتی ١٥٤٣ ز لە قەڵای کەرەهروود لە قوم لە دایک بووە و لە تەمەنی (٩- ١٢) ساڵیدا لەگەڵ منداڵی ناودارانی ئەو دەمەدا پەروەردە بووە و لەو دەمەدا فێری چەندین زانست بووە لەوانە (نیگارکێشان، ماتماتیک، ئەستێرەناسی...تاد) و ئەو فێری یاساکانی ژیانی کورد بوو، لە ساڵی ١٥٥٥ز کاتێک شەرەفخان تەمەنی دەبێتە دوازدە ساڵ و باوکی میر شەمسەدین واز لە سەرۆکایەتی هۆز دێنێ ئەم دەکەنە سەرۆکی هۆزی ڕۆژەکی و بەم شێوەیە ژیانی ئەم کەسایەتییە دەست پێ دەکات تا ئەو کاتەی شائیسماعیلی دووەم پلەی میری میرانی کوردستانی لە ساڵی ١٥٧٨ز پێ دا، شەرەفخانی بەدلیسی هەم خاوەن خامە و هەم خاوەن شیر تەمەنێکی لە شەڕی نێوان عوسمانی و سەفەویدا بەسەر برد، شەرەفخان دە ساڵی کۆتایی تەمەنی بۆ نووسینی کتێبێکی مێژوویی بۆ کورد تەرخان کرد و دەستی بە نووسینی شاکارەکەی خۆی کرد وەک خۆی نووسیویەتی "من لەو تۆوە دەچم کە لە گۆڕەپانێکی زۆر گەورەدا، مانگان و ساڵان کوتەکی چارەنووس ئەوسەر و ئەمسەرم پێ دەکات"، ئەم زانا پایە بەرزەی کورد لە ساڵی ١٦٠٣، یان ١٦٠٤ز کۆچی دوایی دەکات(١٢).

کتێبی (شەرەفنامە) لە لایەن مامۆستا هەژاری موکریانییەوە زۆر بە کارامەیی لە دووتوێی بەرگێکی جواندا کراوە بە کوردی و لە دووتوێی زیاد لە (٦٥٠) لاپەڕەدا لە ژێر ناوی (شەرەفنامە، مێژووی ماڵە میرانی کوردستان) چاپ کراوە و مام هەژار هەر خۆی لەم ڕووەوە دەنووسێت "ئەگەر تۆزێک بە زیتی لە ناواخن و دێڕ و پیت بە پیتی شەرەفنامە ورد ببینەوە و ژیرانە لێی بکۆڵینەوە، سەرەڕای ڕووداوەکانی کە زۆر دڵگیر و لەبەرچاون، ئەوەی زیاتر سەرەنجی پیاو ڕادەکێشێت ئازایەتی ئەم گەلی کوردەیە..."(١٣).

عەلائەدین سەجادی(١٤) ئەدیب و مێژوونووس لە بارەی شەرەفنامەوە دەنووسێت "شەرەفنامە کە کتێبێکی مێژووی کوردە، شەرەفخانی بەدلیسی بە ناوی خۆیەوە لە ١٠٠٥ی کۆچیدا بە زمانی فارسی داینا وە، ئەم کتێبە بەرانبەر بە مێژووی کورد نرخێکی گەورەی هەیە ناڵێم مێژووی ڕەچەڵەک و بناغە، بەڵکو ئەڵێم مێژووی ئەمارەت و عەشرەت و بەرە و تیرەی کوردە، لەم ڕووەوە وەک چۆن یەکەم کتێبە لە ڕاستیدا هەر یەکەمە، ئەم کتێبە لە لایەن گەلێک کەسەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی غەیری فارسی، بە تایبەتی عەرەبی لەوانە مامۆستا جەمیل بەندی و محەمەد عەلی عەونی و ڕۆژهەڵاتناسان و پاشتریش لە لایەن مامۆستا هەژارەوە

وەرگێڕدرایە سەر زمانی شیرنی کوردی..."(١٥).
ڤ. ڤیلیا مینۆڤ - زەرینۆڤی ڕۆژهەڵاتناس لە بارەی شەرەفنامەوە نووسیویەتی "ئەم کتێبە کە مێژووی کوردستانی ئەڵقە بەئەڵقە گەو بە گەو بە دووی یەکدا هێناوە خێر و بەها و بایەخێکی زانستییە، ئەم نزیکەی ٣٠٠ ساڵە (١٥٩٦-١٨٠٦)ز هەیە لەو سەروبەندەوە تا ئێستا لە ڕۆژهەڵات کتێبی دیکەی بەو جۆرە نەنووسراوە لەتەک ئەمەدا لە تای تەرازوودا وەیەک بخرێت..."، شاکر خەسباک لە کتێبەکەیدا کاتێک دێتە سەر پلە و پایەی شەرەفنامە لە زانستی مێژوونووسیدا نووسیویەتی "شەرەفنامە یەکەم سەرچاوەیەکە کە لەمەڕ کورد بە بەربڵاوی دواوە"، نووسەری ئەمەریکی دانا ئادام شمیدت شەرەفخانی بەدلیسی بە مێژوونووسی بەناوبانگی کوردی سەدەی شازدە لە قەڵەم داوە و لە بایەخ و بەهای شەرەفنامە دواوە، دەیانی تر لەمەڕ شەرەفنامە و شەرەفخانی بەدلیسی شتی زۆریان نووسیوە(١٦).

### محەمەد ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠- ١٩٤٨)ز

وەزیری زانا و مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی بەگ کوڕی حاجی عەبدولڕەحمان (نۆسێوەتی) لە مانگی شوباتی ساڵی ١٨٨٠ز لە شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە، لە قوتابخانەی ئامادەیی سوپایی لە بەغدا خوێندوویەتی، پاشان بۆ خوێندن چووەتە ئیستەنبوڵ و لە ساڵی ١٩٠٢ بە (مولازمی دوو) دەرچووە و پاشان کۆلێژی سەربازی تەواو دەکات و لە سوپادا دادەمەزرێت، لە ماوەی تەمەنیدا لە سوپای ئەو کاتەی عوسمانیدا چەندین پلە و پایەی سەربازی و مەدەنی وەردەگرێت و بەهۆیەوە چەندین جار خەڵات کراوە و ستایش کراوە، محەمەد ئەمین زەکی زۆر کتێبی لەسەر مێژووی جەنگ بە تورکی داناوە، لە حوکمەتی عیراقیشدا چەندین پلەی لە پەرلەمان و حوکمەتدا پێ سپێردراوە تا ئەو کاتەی لە ١٠ی تەموزی ١٩٤٨ز کۆچی دوایی دەکات، وەک وتمان ئەم نووسەرە گەلێک کتێبی بەکەڵکی بە زمانی تورکی نووسیوە، بە زمانی کوردیش لەسەر مێژووی کوردی نووسیوە، لەوانە (مێژووی کورد و کوردستان بە دوو بەش، ناودارانی کورد و کوردستان بە دوو بەش، مێژووی سلێمانی و دەوروبەری بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی...تاد) ئەم نووسەرە ناودارەی کورد دەیویست یاداشتەکانی خۆی بنووسێت، بەڵام مەرگ ڕێگەی پێ نەدا، بەڵام ئەو بڕوای وابوو کە گەل تەنیا بە زانست و زانیاری پێش دەکەوێت(١٧).

کتێبی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئەمڕۆ) باشترین بەرهەمی زانستی محەمەد ئەمین زەکییە، بەشی یەکەمی بە زمانی کوردی نووسیوە لە ساڵی ١٩٣١ لە بەغدا چاپی کردووە کە سێ سەد و نەوەد و هەشت لاپەڕەیە، بەشی دووەمی هەمان کتێبی هەر بە زمانی کوردی نووسیوە و لەساڵی ١٩٣٧ لە بەغدا چاپی کردووە کە ئەمەیشیان چوارسەدو یەک لاپەڕەیە، ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەیە کە زۆر توێژەری بیانی سوودیان لە توێژینەوەکانی محەمەد ئەمین زەکی وەرگرتووە لەوانە (س، ج، ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا "کورد و تورک و عەرەب"، هەروەها باسیل نیکیتین لە کتێبەکەیدا (کورد) کە لە ساڵی ١٩٥٦ز بە زمانی فەرەنسی بڵاوی کردووەتەوە، هەروەها زۆرترین پسپۆرانی سۆڤیەت سوودیان لە دانراوەکانی ئەم نووسەرە بینیوە و هاوکات ئاساییە کە نووسینەکانی محەمەد ئەمین زەکی لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر سەرنجی توێژەرانی کورد بۆ خۆی ڕابکێشێت، د. کەمال مەزهەری مێژوونووسیش لە بارەی ئەم نووسەرەوە دەڵێت "ناوی لەسەرووی ئەو دەستە بژێرییە کوردییەوە دێت کە سەرنجیان ڕاکێشاوم، ئەو یەکێکە لەو سێ مێژوونووسەی کورد (بەدلیسی، بایەزیدی، ئەمین زەکی) کە لە ساڵی ١٩٨٣ کتێبەکەی مێژووی خۆمم پێشکەش کردوون"(١٨).

### کەمال مەزهەر ئەحمەد

کەمال مەزهەری زانا و مێژوونووس لە ١٤ی شوباتی ١٩٣٧ز لە ئاغجەلەری سەر بە پارێزگای کەرکوک لە دایک بووە و لە سلێمانی خوێندنی تا دواناوەندی تەواو کردووە و بەکالۆریۆسی لە مێژوو بە پلەی شەرەف لە ساڵی ١٩٥٨ لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە، ساڵی ١٩٦٠ چووەتە سۆڤیەت و لە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەت پلەی دکتۆرای لە ساڵی ١٩٦٣ وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٦٩ دکتۆرای ناوکی لە هەمان زانکۆ وەرگرتووە، یەکەم کورد و یەکەم عیراقی و یەکەم ڕۆژهەڵاتی بووە کە ئەو پلەیەی

وەرگرتووە، ئەو لە ژیانی خۆیدا بە پیشەی مامۆستایی و کار کردن لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا خەریک بووە، گەلێک بەرهەمی هەیە لەوانە (کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا، مێژوو کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو...تاد) ئەم مێژوونووسەی کورد دەیان وتار و بابەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردووەتەوە و پێشەکی بۆ چەندان بەرهەم نووسیوە و سەرپەرشتی چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرای کردووە و بەشداری چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەی کردووە و وەک لە گۆڤاری ڕەنگیندا بڵاو کراوەتەوە پلەی (عالم)ی وەرگرتووە، مێژوونووسی عیراقی عەبدولرەزاق حەسەنی دەربارەی کتێبی کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا نووسیویەتی "وەک مێژوونووسێک زۆر شاگەشکە بووم لە بەرانبەر ئەو هەموو زانیاری و ئەو هەموو سەلیقەی لەو کتێبەدا هەبوو، کە هاوتای نییە لە سەرچاوەکانی تری عەرەبی و جیهانیدا"(١٩).

سەرباری ئەو مێژوونووسانەی کە ئاماژەمان پێدا کورد لە ڕابردوو و ئێستادا خاوەنی دەیان مێژوونووس و لێکۆڵەر و نووسەری بواری مێژووە لەوانە (محەمەد عەلی عەونی (١٨٩٧-١٩٥٢)ز، حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٦٦ -١٩٤٧)ز، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (١٩١٢ -٢٠٠٢)..(٢٠).

## ڕاوبۆچوونی مێژوونووسان و لێکۆڵەرانی کورد بۆ مێژوو و کاری مێژوویی

وەک ئاماژەمان پێدا کورد خاوەنی چەندین مێژوونووس و توێژەر و نووسەری بوارەکەیە، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین ڕاوبۆچوونی هەندێک لەو مێژوونووسانە و تێگەیشتنی ئەوان بۆ مێژوو و زانستی مێژوو بخەینە ڕوو، سەرەتا بە وتەی ئوستادی مێژوونووسی کورد (میر شەرەفخانی بەدلیسی) دەست پێ دەکەین کە لە کتێبەکەیدا شەرەفنامە سەبارەت بە مێژوو دەنووسێت "لای ئەوانەی کە زۆر زرنگ و ژیر و وردەکارن، لای وایە کە مێژوو پڕە لە ئامۆژگاری بە سوود و تژی و ڕێنیشاندانی بەکەڵک و بەهرەیە، بەسەرهاتی ڕابردوومان بیر دەخاتەوە، دووری کەونارامان لێ نزیک دەکاتەوە و خۆ بە تایبەتی ئەگەر ئەو سەربهورده و ڕووداوانەیش دەم و ڕاوێژ خۆشان بیگێڕنەوە و میرزا چاکی دەست و قەڵەم ڕەنگین ڕووبەری کتێبانی پێ بنەخشێنن..."(٢١)، محەمەد ئەمین زەکی بەگیش سەبارەت بە مێژوو و ئەوانەی کە مێژوو دەنووسن بە تکاکردنەوە دەڵێت: "نابێت ئەوانەی کە مێژوو دەنووسن لایەنگری سۆز و خەیاڵ بن بۆ ئەو لێکۆڵینەوەی کە دەینووسن، بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراو و دیار پێشان بدەن و ئەگەر وا نەکەن ئەوە ڕەنجیان هەروا دەچێت و نووسینەکەیان بەهایەکی زانستی نابێت، لە لایەکی ترەوە خۆیان و نەتەوەکەشیان ناشرین دەکەن"(٢٢).

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیش لە کتێبی چوار دەوڵەتی کوردیدا دەنووسێت "ئەوانەی کە خۆیان ماندوو ئەکەن، هەزارەها لاپەڕەی مێژووە کۆنەکان هەڵدەدەنەوە و باسی هەواڵێکی نەتەوەکان پەیدا دەکەن بە ڕاستی خزمەتیان خزمەتی ئەو پێشمەرگانەیە کە خۆیان لە ڕێی وڵات بەخت ئەکەن و ناوی شەهیدی ئەبەن" ئەمە بە واتای ئەوەیە کە مێژوونووس هەمان ڕۆڵی پێشمەرگە دەبینێت و سەربازێکی ونە بۆ نەتەوەکەی(٢٣)، دکتۆر کەمال مەزهەر بەم شێوەیە باسی مێژوو دەکات "مێژوو زانستێکی گەورە و بەکەڵکە و بێ سێ و دوو دەتوانین بڵێین (زانستی زانستەکان)ە، ڕاستییەکەی مێژوو زانستی زانستەکانە وەک خوێی چێشت وایە بۆیان، چونکە هیچ زانیارییەکی گرنگ نییە مێژووی تایبەتی خۆی نەبێت وەک مێژووی سروشت و ئابووری و زمان...تاد، لە هەموویان گرنگتر مێژووی ژیانە، دەرسەکانی مێژوو گەورەن، نەمری ڕاستەقینە لای مێژووە" هەروەها دکتۆر کەمال مەزهەر درێژەی پێ دەدات و دەنووسێت "ئەرکی گەورەی مێژوو بریتییە لە دیاری کردنی بەسەرهاتی هەمەجۆری ژیانی ئادەمیزاد پێکرا، یان جیاواز، کەواتە بە کورتی دەتوانین بڵێین مێژوو بریتییە لە باسی ڕابردووی ئادەمیزاد و ئاڵوگۆڕەکانی ناو کۆمەڵگەکانی و لایەنی جیاوازی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیانە پێکرا بە جیا بە نیازی تێگەیشتنی ئەمڕۆ و دیاری کردنی ڕێبازی گشتی داوڕۆژی"(٢٤).

مەحموودی مەلا عزەت (١٩٣٩- ٢٠٠٥) کە خاوەنی چەندین بەرهەمی مێژووییە، بە تایبەت جمهوریەتی کوردستان سەبارەت بە مێژوو دەڵێت "مێژوو تۆماری ڕەوت و کاروانی گۆڕان و ڕووداوەکانی ڕابردووی گەلە،

ئەمە وەک پێناسەیەکی گشتی، بەڵام ئەگەر بێینە سەر وردەکاری ئەوە دەتوانرێت بگوترێت تۆماری سەرجەم ڕووداو و خەباتی بەش و چینەکانی کۆمەڵە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ژیاندا، لە پێناو بە دەست هێنانی سەرجەم مافە نەتەوەیی و ئابووری و سیاسییەکان بۆ گواستنەوەی بار و گوزەرانی کۆمەڵگە بۆ قۆناغێکی نوێ و پێشکەوتووتر، بەم پێیە مێژوو ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵگەیە لە ڕابردوودا..." بەم شێوەیە ئەم مێژوونووسە لە مێژوو دەڕوانێت، سەرباری لەبەرچاو گرتنی لایەنی زانستی لە نووسینەوە و تۆمار کردنی مێژوودا بە زمانی بەڵگە و سەرچاوەی ڕەسەن کە بایەخی مێژوو سەنگینتر دەکات(٢٥).

عەبدولڕەقیب یووسف کە ساڵانێکی زۆرە بە کاری مێژوویی و شوێنەوارەوە خەریکە سەبارەت بە مێژوو بە تایبەت ڕاڤەی مێژوویی دەڵێت "تەفسیری مادی بۆ مێژوو قوتابخانەیەکی مارکسی ناسراوە، بەڵام زانایانی ڕۆژئاوا لەسەر ئەو ڕێبازە کاریان نەکردووە و لە لای من ئەم تەفسیرە مادییە لاوازە و زیادەڕۆیی تێدایە، چونکە هەموو شتێکی بردووەتەوە سەر ئابووری، تەفسیری مێژوو ئەگەر بە پێی لێکدانەوەی نەتەوەیی کرا بێت کارێکی چاکە و قۆناغێکی پێویستە، بەڵام نەچێتە پلەی عاتیفە و موبالەغەوە..."(٢٦).

دکتۆر یاسین سەردەشتی لە پێشەکی کتێبی وەرگێڕدراوی زمانی کوردی (پوختەیەکی گرنگ لە مێژووی هیرۆدۆت) سەبارەت بە مێژوو دەنووسێت "گوتەیەکی باو هەیە دەڵێت، ئەگەر خوازیاری ژیر بیت مێژوو بخوێنەرەوە، ئەز قەناعەتی تەواوم بەم وتەیە هەیە نەک لەبەر ئەوەی مێژوو سەرچاوەی تێکڕای زانستەکانە و هەموو چالاکییە مرۆڤایەتییەکان، بە خودی مرۆڤیشەوە، زادەی مێژوون و لە تاڤگەی مێژوودا خەملیون، لە ڕاستیدا خوێندنەوەی مێژوو واتا خوێندنەوەی چیرۆکی پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤایەتی و ژینگەکەی، تێگەیشتن لە هۆکار و دەرئەنجام و پەرەسەندنی دیاردە و ڕووداوەکان، ڕامان لە ژیانی مادی و مەعنەوەی گەلان و دەرکەوتنی دەوڵەتان و سەرگوزشتەی مەزنان و وردبوونەوە لە چۆنیەتی گواستنەوەی ئەزموونەکان و تیشک خستنە سەر دابونەریت و ڕۆژانی ڕەش و پرشنگداری نەتەوەکان..."(٢٧) دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەریش سەبارەت بە مێژوو دەنووسێت "مێژوو یەکێکە لە ڕشتەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، لە سەردەمانێکی کۆنەوە سەرنجی بەرەی مرۆڤایەتی ڕاکێشاوە و ئاوێتەی یەکتر بوون، بە ڕادەیەک هیچ کامیان بێ ئەوی تریان نەکراون و نەبوون، بۆیە جێگەی خۆیەتی بڵێین مرۆڤ و مێژوو تەواوکەری یەکترن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا مێژوو تەنیا گێڕانەوەی سەربوردی ژیانی مرۆڤ نەبووە، بەڵکو ئاوڕدانەوەیش بووە لە ژیانی سەرجەم گیانلەبەرانی سەر ڕووی زەوی بێ جیاوازی جۆر و ڕەگەزیان، سەرباری ئەو ڕاستییەیش کە مێژووی ئادەمیزاد یەکێکە لە بوارە هەرە گرنگەکان کە زانستی مێژوو تاووتوی دەکات و شیی دەکاتەوە..."(٢٨).

دکتۆر حەسەن جافیش سەبارەت بە مێژوو دەڵێت "بێ گومان مێژوو زانستێکی ئاسان نییە هەر لە خۆیەوە نەوتراوە کە (باوکی زانستەکانە)، ئەم زانستە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی لەگەڵ زانستەکانی تردا هەیە و هەر زانستێکیش پێویستی بە مێژوویەک هەیە، بۆ نموونە مێژووی پزیشکی، کیمیا و مێژووی ماتماتیک لە هەموو زانستەکانیش زیاتر ئەو پێوەندییە پتەو و بەهێزەیە کە لەگەڵ زانستە ڕامیارییەکاندا هەیەتی، چونکە مێژوو سیاسەتی ڕابردووە و سیاسەتیش مێژووی ئەمڕۆیە، بەڵام مێژوو سەروکاری هەر لەگەڵ ڕابردوودا نییە، بەڵکو زانستی ڕابردوو و ئێستا و ئایندەیشە، مێژوو وەک ئەو ماسییە وایە کە لە نێو ئۆقیانووسێکی قووڵدایە، پێویستە مێژوونووس بگەڕێت و ئامادەی خواردنی بکات..."(٢٩).

قادر ئەحمەدی لە پێشەکی کتێبی (کورد و مێژوو) دا سەبارەت بە مێژوو دەنووسێت "مێژوو بریتییە لە کۆمەڵێک لە ڕاستییەکانی بەرحەق وەک نووسراوە بەردینەکان و ژێرخاکییە دۆزراوەکانی کۆن، هەروەها مێژوو کێشەی درێژخایەنی نێوان مرۆڤ و دنیای دەوروبەریەتی، کێشەیەک بۆ زاڵبوون بەسەر سروشت و ناکۆکییەکانی، بۆ زاڵبوون بەسەر ئامرازی بارهێناندا، مێژوو وەک هەر زانستێکی تر تەنیا بەرەوپێش ناچێت، ڕەوڕەوەی مێژوو یەکجار گەورە و بەرینە، بەرەوپێش بردنی هەرگیز لە توانایی تاکەکەسدا نەبووە و نییە، بێ

گومان خاوەنی مێژوو گەلە بە چاک و بە خراپ، گەل بێ مێژوو نابێت، مەحاڵیشە مێژوو ببێتە مێژووی گەلێک کە نرخی مێژووەکەی نەزانێت و بایەخی پێ نەدات، ئەو گەلانەی مێژوویان وەلاوە ناوە و بایەخی پێ نادەن لە پەراوێزی مێژووەکاندا گیر دەخۆن و ناچنە نێو پەڕاوی پیرۆزی مێژووەوە..."(٣٠).

سەلام عەبدولکەریمیش بەم شێوەیە دەڕوانێتە مێژوو "مێژوو گەڕان و پشکنین و توێژینەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، نەک نووسینەوە و تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان، چونکە تا ئێستا ژمارەی ئەو بابەتانەی کە لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان دەنووسرێن، زۆر کەم ڕەچاوی ئەم لایەنە پڕ بایەخەی چەمکی مێژووی کردووە"(٣١)، ستار شێخانی وەرگێڕی کتێبی (کوردستان لە چاخی مەغۆلدا) لە پێشەکی ئەو کارەیدا دەنووسێت "گرنگترین شت کە مرۆڤ شانازی پێوە دەکات، مێژوو و ئاسەواری خەرمانی زانست و داهێنانی نەتەوەکەیەتی، لە سپێدەی مێژووەوە گەلانی دنیا گرنگییان بە مێژووی خۆیان داوە و وردترین شتی مێژووی خۆیان تۆمار کردووە و پاراستوویانە..."(٣٢)، کامەران محەمەد کە نامەی ماستەرەکەی بۆ (ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو) تەرخان کردووە لە بارەی مێژوو و فەلسەفەی مێژووەوە دەنووسێت "فەلسەفەی مێژوو گەڕانە بە دوای کۆمەڵە بنەمایەکدا کە پەرەسەندنی کۆمەڵە مرۆییەکانی پێوە بەندە، ئەوەیش ڕاڤەکردنی ڕەوتی مێژوو لە ژێر تیشکی دیدێکی گشتی- وەک گشت نەک دابەش کردن بۆ ڕووداوەکان-دا دەگەیەنێت، بەم شێوەیە فەلسەفەی مێژوو بنەڕەتێکی فەلسەفی بۆ زانستی مێژوو دادەنێت، کەواتە فەلسەفەی مێژوو سنووری ڕابردوو تێدەپەڕێنێت و ئێستا و داهاتوویش لە خۆ دەگرێت"(٣٣)، دکتۆر قادر محەمەد حەسەن کە یەکێکە لە وەرگێڕەکانی کتێبی "مێژوو لە تەرازوودا" بە ئاماژەیەکی کورت سەبارەت بە زانستی مێژوو دەنووسێت "زانستی مێژوو تا ئێستا یەک لەو زانستە مرۆییانەیە کە پێگەیەکی دیاری لە نێو مەعریفەی هاوچەرخدا هەیە، بۆیە ئێستا بیریاران لە دید و تێڕوانینی جیاوازەوە ئاقار و ئاریشەکانی ئەم زانستە تاووتو دەکەن وەک مەسەلەکانی (میتودی مێژوویی، توێژینەوەی مێژوویی...تاد)، جگە لە پەنا بردنە بەر مێژوو بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە داهاتوو، زەمینەیەکی دیکەمان نییە"(٣٤).

حەسەن مەحموود حەمە کەریم لە دیمانەیەکدا سەرەڕای ئەوەی وتەی چەندین مێژوونووس بۆ پێناسەی مێژوو دەهێنێتەوە دەڵێت "مێژوو پێویستییەکی گرنگە، میللەتان زۆر گرنگییان پێ داوە، ئەوەی مێژووی نەبێت کەسێکی ونە و نییە و ناتوانێت خۆی بناسێت، یان خۆی بناسێنێت، ئەگەر تێڕوانین هەبێت مێژوو نەوەیەکی ژیری وا دێنێتە گۆڕێ کە هەڵەکانی کۆن وەک ئاوێنەیەک لەبەر چاو بگرێ و دووبارەیان نەکاتەوە، شارەزای ژیان و ژیار و کردار و گرفتاری ڕابردوومان دەکات، میللەتی چاک دێنێتە مەیدان(٣٥)، نەبەز گۆرانی ڕۆژنامەنووسیش کە وەک خۆی دەڵێت وەک ڕەخنەگرێک خۆی پێناسە دەکات سەبارەت بە مێژوو دەڵێت "قسە کردن لەسەر مێژوو قسە کردن نییە لەسەر خەیاڵێک، یان ڕووداوێک، یان زەمەنێک بەڵکو قسە کردنە لەسەر ئەو ئەقڵەی کە لە پشت هەموو گوتارەکانەوەیە و لە پشت هەموو ڕووداو و یادەوەرەیەکانەوەیە، بۆیە مێژوو ئەقڵە نەک ڕووداو، بۆ برێکی دی مێژوو ئاوەژووکردنی ڕووداوەکانە، ئەگەر خراپترین مێژوو ئەو مێژووە بێت پڕ لە خوێن و شکست بێت ئەوە خراپترین مێژوونووس ئەو کەسەیە کە ڕووداوەکان ئاوەژوو دەکاتەوە"(٣٦)، شاخەوان فایەق ئەلیاسیش سەبارەت بە مێژوو بۆچوونی وایە "مێژوو لۆژیکی لێک تێگەیشتنە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێت لە مەعریفە بگەن، مێژوو هەر بریتی نییە لە شەڕ و پێکدادان و کوشت و بڕ، بەڵکو مێژوو تۆمارگەی شامل و کاملی مرۆڤایەتییە کە کرداری پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ تۆمار ئەکات، بێ ئەوەی شەرم لە کەس بکات..."(٣٧).

## ڕەخنە لە گوتاری مێژوو و مێژوونووسی کوردی

سەربار ی بوونی دەیان مێژوونوس و لێکۆڵەری بوارەکە و چەندان بەرهەمی ناوازە و حەتمەن لاوازیش بەردەوام ڕەخنە لە نووسین و لێکۆڵینەوەی مێژووی لای کورد هەبووە، کورد لە ڕابردوودا خاوەنی چەندان مێژوونووسی وەک (ئیبن ئەسیر و ئیبن خەلەکان و شەرەفخانی بەدلیسی و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و محەممەد عەلی عەونی و محەممەد ڕەسووڵ هاوار و دکتۆر

جـەمـال ڕەشـیـد...تاد) و بووە، ئێـسـتـایش چەندان مێژوونووسی وەک (دکتۆر کەمال مەزهەر و پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین محەمەد حوسێن...تاد)ی هەیە و دەیان خوێندکار و مامۆستای زانکۆ، کە حەقی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە ماندووبوون و دنیابینی کەسێکی وەک پرۆڤیسۆر دکتۆر موحسین محەمەد حوسێن بدەین بە تایبەت لە بواری (زانست و فەلسەفەی مێژوودا)، گۆڤاری کۆچ لە دۆسێیەکی تایبەتیدا لە ساڵی ٢٠٠٩دا بەناوونیشانی «موحسین محەمەد حوسێن و فەلسەفەی مێژوو» وتارێکی نووسیوە کە لە بەشێکیدا هاتووە " دکتۆر موحسین محەمەد حوسێن خۆی گوتەنی لەسەرەتای کاری خوێندکارییەوە چەمکی فەلسەفە سەرنجی ڕاکێشاوە و لەوەدەمەوە پێی ئاشنا بووە و کاتێک لە بەشی مێژوو وەردەگیرێت زیاتر گرنگی بە فەلسەفەی مێژوو داوە و پاشتریش لە بەشی مێژووی زانکۆی بەغدا فەلسەفەی مێژووی گوتووەتەوە کە ئەو کات لە عیراقدا کاری لەم شێوەیە نەبوو، ئەم مامۆستایە ئاواتی ئەوە بوو کە لە زانکۆکانی کوردستان گرنگی بەم کایە بدرێت و لە سەردەستی ئەو بە هاوکاری کەسانی تر لە کوردستان چەندین کاری هاوشێوەی فەلسەفەی ئیبن خەلدون و ڤیکۆ کراوە کە جێگەی خۆشحاڵین، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکان و خەمخۆری لەم ڕووەوە تا ئێستا لە ناوەندە ئەکادیمییەکان و تەنانەت زانکۆیشدا لە ئاستێکی نزمدایە(٣٨).

ئەگەر سەیری کتێبخانەی کوردی بکەین دەبینین لە زۆر ڕووەوە هەژارە، بە تایبەت لە لایەنی مێژووییەوە کە بە دەست هەمان دەردەوە گیرۆدەیە، ئەگەر وردبینەوە ئەو کتێبە مێژووییانەی کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی نووسراون زۆر کەمن و لەسەر هیچ بابەتێک سەرچاوەی تەواوت دەست ناکەوێت و ئەوەیشی هەیە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ نابێت و سەرچاوەکانیش زۆربەیان هی سەدەیەک لەمەوبەرن، ڕەنگە سەرەکیترین هۆکار بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە کورد خاوەنی ئەلف و بێی تایبەت بە خۆی نەبووە بۆ پاراستن و هەڵگرتنی بەرهەمەکان، یەکێکی تر لەو نەهامەتییانەی کە ڕووی لە بژاردەی ڕۆشنبیری کوردی کردووە بە تایبەت لە بواری مێژوودا پشت بەستنە بە کۆمەڵێک سەرچاوەی ئاسایی کە زۆربەیان شێوازی گێڕانەوەی دەماودەمن نەک زانستی و ئەکادیمی(٣٩)

یەکێک لە گرفتەکانی ئێستای ڕۆشنبیری کوردی ئیشکالیەت و گرفتی زانستی و بە ئەکادیمی بوونی گوتار و نووسینە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکانە، تەنانەت توێژینەوە زانستییەکانیش لەم ئیشکالیەتە دەرباز نەبوونە کە لەنێو ئەو گرفتانەیشدا زیاتر ئەو وتار و بابەتانەیە کە لەسەر بابەتە مێژووییەکان دەنووسرێن، تەنانەت ئەو کەسانەی کە تا ئێستا لەسەر مێژوو دەنووسن بە تەواوەتی لە چەمکی مێژوو و فەلسەفەی مێژوو بە مانا زانستییەکەی تێنەگەیشتوون، بێجگە لەوەی کە دوور و نزیک کەسی نووسەر ئاگای لە میتودی لێکۆڵینەوەی مێژوویی نییە و نەیتوانیوە پەیڕەویان بکات، یەکێکی تر لە گرفتەکانی نووسینەوەی مێژوو ئەوەیە ئەو کەسەی کە زانیارییەک لە سەرچاوەیەکەوە وەردەگرێت تێبینی و پشکنینی خۆی لەسەر ئەو زانیارییە نییە، یان بە بێ فکر و تێڕامانی خۆی بەسەر ئەو بابەتەدا تێپەڕ دەبێت (٤٠).

دکتۆر حەسەن جاف لە وتارێکیدا بەناوونیشانی (بۆچی مێژوونووسانی کورد بەرهەمەکانیان تۆکمە و بەرچاو نییە) ڕەخنە لە وتاری مێژوونووسی کوردی دەگرێت لەوەی کە هەر گەلێکی هەژار لە مێژوودا ڕۆڵەکانی هەوڵ و تەقەلا دەدەن مێژووی نەتەوەکەیان لە هەموو ڕوویەکەوە تێروتەسەل بکەن، ئێمەی کورد ناڵێین مێژووەکەمان لاوازە، بەڵام زۆریش بە سامان نییە چەواشە کراوە و زۆری لە تاریکیدا ماوەتەوە، پێویستی بە هەوڵ و کۆششی بەربڵاوە، بۆ ئەوەی کە نەخشی هەر مرۆڤێکی کورد لە هەر چەشن و چینێک بێت ئاشکرا بکەین، ئەری مێژوونووسە کە ڕۆڵی لە ئێستای کوردستاندا هەبێت، چونکە میللەتێکی بێ مێژوو بێ ئایندەیشە، بەداخەوە مێژوونووسی ئێمە لە تەنگەدەستی و هەژاریدا ژیان دەگوزەرێنێت، بۆیە ناتوانرێت داوای بەرهەمی تۆکمەی لێ بکرێت، ئەوە بەو مانا نا کە ڕۆشنبیری هەژار ناتوانێت بەرهەمی تۆکمە بنووسێت و پێویستە مرۆڤ لە ژیانیدا ڕێزی لێ بگیرێت، نەک لە دوای مردنی کاری بۆ بکرێت، وەک ئەوەی کە ڤۆڵتێر دەڵێت "وشەیەک لە ژیانماندا لە وەسف و پیا هەڵدانمان بوترێت زۆر لام گرنگترە لە سەدان کتێب کە دوای مردنم سەبارەت بە من بنووسرێت"(٤١).

نووسەران و پێشینانی ئێمە لە ڕووی کۆ کردنەوەی

بەڵگەوە کەمتەرخەمییان کردووە، بۆ نموونە محەمەد ئەمین زەکی کە مێژوونووسێکی مەزنە، لە زەمانی ئەودا دەتوانرا بە فەردە بەڵگەنامەی زەمانی بابان لە ئەم لاو ئەولا، یان لای خەڵک کۆبکاتەوە، کەچی لە کتێبەکەیدا یەک بەڵگەنامەی تێدا نییە، یان (مەردۆخ) دەیتوانی بەڵگەنامەی زۆر لەسەر بابان و ئەردەڵان کۆبکاتەوە کەچی یەک بەڵگەنامەی لە کتێبی کورد و کوردستاندا داخڵ نەکردووە و ڕۆشنبیرانی کورد و پێشینانی کورد لەم ڕووەوە ڕۆڵیان نەبووە، بیری مێژوونووسی لە ناو کورددا لاوازە، بۆ نموونە لە حەفتاکاندا گرووپی (ڕوانگە) بە ناوی ئەدەبەوە لە ئەدەبیان دەدا، ئەمانە گاڵتەیان بە مێژوو و کەلەپوور و فۆلکلۆر دەکرد و بە کۆنەپەرستییان دەزانی، کورد ئێستا مێژوونووسی کەمە، کە هەر یەکە لە بوارێکدا پسپۆڕ بێت(٤٢) هەندێکی تر گرفتەکانی بەردەم کاری نووسینەوەی مێژوو ئەمڕۆ دەگێڕنەوە بۆ چەند هۆکارێکی تری وەک دەست نەبردن بۆ هەندێک بابەتی مێژوویی لە مێژووی نوێدا، یان ڕەخنە نەگرتن لە هەندێک ڕووداوی مێژوویی، یان هەڵە ئیتر کەسێک، یان گرووپێک ئەنجامی دابێت، یان نەبوونی مەڵبەندی زانستی بێ لایەن بۆ توێژینەوەی زانستی و بوێری بۆ کاری مێژوویی و خەلەلێکی تری نووسینەوەی مێژوویی بە تایبەتی لە ڕووی زانستییەوە نامۆبوونە بە مێژووی کۆن، چونکە داگیرکەران چۆنیان ویستووە وایان کردووە و کورد خۆی لە نووسینەوەیدا دەوری نەبووە، هاوکات نەبوونی تۆمارێکی یەکگرتووی مێژوویی بۆ ڕووداوەکان لە ئێستا و ڕابردوودا(٤٣).

کورد مێژوونووسی نییە بەمانای گەڕیدە بە شوێن ئەقڵی مێژووییدا، بەڵکو تەنیا کۆمەڵێک حیکایەت خوێن و ڕووداونووسی هەیە بێ ئەوەی دەست بۆ ئەوە ببات لە پشت ڕووداوەکانەوە چ ئەقڵێک ئاراستەی کردوون، ئینسانی کورد بە سیاسی و نووسەرەکانییەوە بەردەوام لە نووسینەوەی ڕووداوی ڕاستەقینە ترسیان هەبووە، هەمیشە دەمامک لە سەر ڕووی ڕاستیی ڕووداوەکان دەردەکەوێت، دەیانەوێت تەنیا ئەو دیوەی مێژوو کە جوانە نیشان بدرێت و دیوە ناشرینەکەی کە بنیادنانی ئینسانی کوردە دەشاردرێتەوە(٤٤)، سەرباری هەموو ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی ڕەوتی مێژوونووسی کوردی دەکرێت، بەڵام ئێستا کاری باش و جوان لەو ڕووەوە دەکرێت، بە تایبەت وەرگێڕانی چەندین بەرهەمی جیهانی و کوردی لە لایەن دەزگاکانی چاپ و پەخشەوە. پوختەی قسەکانمان بەوە کۆتایی پێ دێنین کە دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد واتەنی مێژووی کوردی چرۆیەکی ناسکی دەست نێــــژ و پەروەردەی ئارەقی ناوچەوانی دڵسۆزانە!(٤٥).

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


**(١) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو (کورتە باسێکی زانستی مێژوو وکورد و مێژوو)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٠٦– ١٠٧.**

**(٢) د. حەسەن جاف: بۆچی مێژوونووسانی کورد بەرهەمەکانیان تۆکمە و بەرچاو نییە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٤٩)، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩، ل١١٦.**

**(٣) محەمەد ئەمین زەکی بەگ: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بەرگی چوارەم، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٥.**

**(٤) د. ئەحمەد مەحموود ئەلخەلیل: مێژووی کورد لە شارستانیەتی ئیسلامدا، وەرگێڕانی: زرار عەلی، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١١، ٣٥٧.**

**(٥) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.**

**(٦) د. ئەحمەد مەحموود ئەلخەلیل: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨.**

**(٧) محمد امين زكي: مشاهير الكرد وكردستان في العهد الاسلامي، ترجمة: سانحة محمد امين زكي، الطبعة الثالثة، مشروع مشترك دار الثقافة والنشر الكردية و مؤسسة زين، بغداد، ٢٠١١، ص٦٥.**

**(٨) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧–١٠٨.**

**(٩) محمد امين زكي: مشاهير الكرد و كردستان في العهد الاسلامي، مصدر سابق، ص٦٧ –٦٨.**

**(١٠) د. ئەحمەد مەحموود ئەلخەلیل: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٣.**

**(١١) محمد امين زكي: مشاهير الكرد وكردستان في العهد الاسلامي، مصدر سابق، ص ٦٨ –٦٩.**

**(١٢) ی. ئی. ڤاسیلیڤیا: شەرەفخانی کوڕی میر شەمسەدینی کوڕی میر شەرەف، وەرگێڕانی: دکتۆر ئارام عەلی، گۆڤاری ڕۆڤار، ژمارە (٥٨)، ڕێبەندانی ٢٧٠٩ی کوردی، ل٣–٨.**

(١٣) میر شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، وەرگێرانی مامۆستا هەژار، چاپی شەشەم، پەخشانگای پانیز، تاران، ٢٠١٠، ل٢٩.

(١٤) عەلادین سەجادی لە ساڵی ١٩١٥ز هاتووەتە دنیاوە لە مەلایەتی خوێندوویەتی و گەلێک نووسراوی بەپێی هەیە بە تایبەت لە بواری مێژوودا لەوانە (شۆرشەکانی کورد، مێژووی ئەدەبی کوردی) و بە کتێبە گرنگەکەی (رشتەی مرواری) بەناوبانگ بووە، ئەندامی کارای کۆری زانیاری کورد بووە و خزمەتی زۆری بە ئەدەب و رێزمان و رۆژنامەنووسی کوردی کردووە، ئەم ئەدیبە لە ساڵی ١٩٨٤ز لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە، بۆ زانیاری زیاتر بروانە - میر شەرەفخانی بەدلیسی: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

(١٥) میر شەرەفخانی بەدلیسی: هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

(١٦) شەمسی محەمەد ئەسکەندەر: دەوری «شەرەفنامە» لە مێژوونووسی کوردیدا، وەرگێرانی: شکور مستەفا، گۆڤاری رۆژڤار، ژمارە (٥٨)، رێبەندانی ٢٧٠٩ی کوردی، ل٤٥.

(١٧) میر بەسری: ناودارانی کورد، وەرگێرانی: عەبدولخالق عەلائەدین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦١-١٦٥.

(١٨) محەمەد ئەمین زەکی بەگ: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ز، س، ع.

(١٩) رۆژڤار: کەمال مەزهەری زانا و مێژوونووس، گۆڤاری رۆژڤار، ژمارە (٣)، ٥ی تەموزی ١٩٩٩، ل٣- ٤.

(٢٠) میر بەسری: سەرچاوەی پێشوو، ١٣٤.

(٢١) میر شەرەفخانی بەدلیسی: سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

(٢٢) محەمەد ئەمین زەکی بەگ: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

(٢٣) د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: رێبازی لێکۆڵینەوە و رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی کتێبخانەی رۆشنبیر، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٣.

(٢٤) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ١٥ - ١٦.

(٢٥) پێشرەو ئەحمەد: دیمانە و گفتوگۆیەکی هەمە لایەنە لەگەڵ مامۆستا مەحموودی مەلا عززەتدا، گۆڤاری رۆژڤار، ژمارە (٣٤)، ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل١٠٤.

(٢٦) ئازاد عەبدولواحید: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ عەبدولرەقیب یووسف، گۆڤاری رامان، ژمارە (٦٧)، ٥ ی کانونی دووەمی ٢٠٠٢، ل ٨٣ -٨٤.

(٢٧) زانەر محەمەد: پوختەیەکی گرنگ لە مێژووی هیرۆدۆت، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥.

(٢٨) د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: سەرچاوەی پێشوو، ل٣.

(٢٩) د. حەسەن جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

(٣٠) قادر ئەحمەدی: کورد و مێژوو، چاپی یەکەم، ئۆفیستی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣-٥.

(٣١) سەلام عەبدولکەریم: دەربارەی فەلسەفەی مێژوو... زانستی مێژوو، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی رێنما، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٢ -١٣.

(٣٢) عەبدوڵلا عەلیاوەیی: کوردستان لە چاخی مەغۆلدا، وەرگێرانی: ستار شێخانی، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی رووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک، کەرکووک، ٢٠٠٩، ل٤.

(٣٣) کامەران محەمەد: ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٩ -٢٠.

(٣٤) عەبدولحسێن زەرینکوب: مێژوو لە تەرازوودا، وەرگێرانی: د. قادر محەمەد حەسەن و سۆران بەهاء و محەمەد، چاپی یەکەم، بەرێوەبەرێتی خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٩.

(٣٥) رێگای هزر: چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا حەسەن مەحموود حەمە کەریم، گۆڤاری رێگای هزر، ژمارە (٦)، زستانی ٢٠١٢، ل١٢٦.

(٣٦) نەبەز گۆران: ئەیلوول جەنگەلی یەکەم، چاپی یەکەم، بێ شوێن و ساڵی چاپ، ل٥.

(٣٧) شاخەوان فایەق ئەلیاسی: مەعریفەی مێژوو، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلاوکراوەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٠١-٢٠٢.

(٣٨) پ. د. موحسین محەمەد حسێن: سروشتی مەعریفە و فەلسەفەی مێژوو، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٢٨-٢٣٥.

(٣٩) د. ئەحمەد مەحموود ئەلخەلیل: سەرچاوەی پێشوو، ل٥-٦.

(٤٠) سەلام عەبدولکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل١١-١٥.

(٤١) د. حەسەن جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦-١١٧.

(٤٢) ئازاد عەبدولواحید: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩ -٨٠ و ٨٤.

(٤٣) پێشرەو ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥-١١٦.

(٤٤) نەبەز گۆران: سەرچاوەی پێشوو، ل٥ و ٦.

(٤٥) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٧.

# زمان لە نێوان ژمارە و نیشانەدا

سەلام ناوخۆش
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردەی بنیات)

## دەروازە

زمان زۆر نهێنی هەڵدەگرێ بە جۆرێک لە زۆر ڕووەوە پێوەندی بە ژمارە و نیشانە و هێمای ماتماتیکی هەیە. کەی ئەو پێوەندییە سەری هەڵداوە و قسەی لەسەر کراوە، زۆر کاری ئەم نووسینە نییە. پێوەندی زمان و ژمارە ئەوەندە کۆنە هەتا لە سەردەمی هیندییە دێرینەکان و یۆنان و ڕۆمانەکان قسەی لەسەر کراوە، بەڵام هەبوونی ئەو دیاردەیە لە ئەدەبی عەرەبیدا بۆ سەردەمانی لاوازی شیعری عەرەبی، لە پاشان گواستنەوەی بۆ ناو ئەدەبی کلاسیکی کوردی دەگەڕێتەوە. ئەوەی ئێمە زیاتر ئاماژەی پێ بدەین بوونی ئەو دیاردەیەیە لە دەقی کلاسیکی کوردی، هەروەها هەبوونی ئەو دیاردەیە لە ڕێزمانی گواستنەوەی چۆمسکی و یاساکانی واتاسازیدا.

## بنەچەی ئەو زانستە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا

ئەدەبی کلاسیکی لە سەدا نەوەدی لە لایەن مەلای کورد نووسراوە. ئەو جۆرە کەسەش باکگراوەندێکی دینی هەیە، زۆر حەز دەکات مێژووی ڕووداوێک، مێژووی بوون و وەفاتی کەسێک بە چەند پیتێک لە دەقێکی شیعریدا ئاماژەی پێ بدات. دەڵێین دەقی شیعری کوردی، چونکە تێکستی کلاسیکی کوردی بە زۆری شیعر بووە و دیاردەکەش لەنێو دەقی شیعری کوردیدا هەیە. ئەو دیاردەیە باوەڕ دەکرێ لە ڕێگای شیعری کلاسیکی عەرەبی و فارسییەوە هاتبێتە ناو شیعری کلاسیکی کوردی. با بزانین ئەو دیاردە زمانەوانییە چۆن هاتۆتە ناو شیعری کلاسیکی عەرەبی؟

نووسەری ئەم چەند دێڕە باوەڕی وایە کە ئەو دیاردەیە زادەی هزری عەرەبی نییە، بەڵکو لە زمانی دی نزیک لە

زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە. هەرچەندە مەلای کورد وەک جزیری، شارەزای لە فەلسەفەی یۆنانی هەبووە، بەڵام ئەو دیاردەیە عەرەب و کورد لە هیندی کۆن و یۆنان و ڕۆمان وەری نەگرتووە، بەڵکو لە زمانی سریانی وەری گرتووە.

لە زمانی سریانیدا هەر پیتێک تواناییەکی ژمارەیی پێدراوە وەکو کۆدێکی ئەو سەردەمە کاری پێکراوە نۆ پیتی یەکەم ژمارەکانی خانەی ( دەیان: ١-٩) بۆ دانراوە، وەک أ=١، ب= ٢، ج=٣ تاد. نۆ پیتی دووەم ژمارەکانی خانەی سەدانیان بۆ دانراوە وەک ی =١٠، ک=٢٠، تاد نۆ پیتی دواییش ژمارەکانی خانەی هەزارانیان بۆ دانراوە وەک: ق=١٠٠ ر=٢٠٠، غ=١٠٠٠!

ئەم شێوازە لە زمانی عەرەبی ئەوها بووە، بە جۆرێک وەک ئەوەی زمانی سریانی بووە. جا بۆ ئەوەی وردتر لە بابەتەکە بگەین، ئاماژە بەم ڕێسایە دەکەین:

ابجد
١٢٣٤ هوز
٥٦٧
حطی
٨٩١٠
کلمن
٢٠٣٠٤٠٥٠
سعفص
٦٠٧٠٨٠٩٠

قرشت
١٠٠٢٠٠٣٠٠٤٠٠
ثخذ
٥٠٠٦٠٠٧٠٠
ضظغ
٨٠٠٩٠٠١٠٠٠

هەر یەک لەو پیتانە ژمارەیەک دەردەبڕێت، بۆ نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ا | ب | ج | د |
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
| ژ | ض | ظ | غ |
| ٧٠٠ | ٨٠٠ | ٩٠٠ | ١٠٠٠ |

ژمارەکان لە چەپەوە دەخوێنرێنەوە.

ئەم شیانەی سریانی کاریگەرییەکی زۆری لە زمانی عەرەبی و کوردیدا کردووە بەجۆرێک کە زۆر لە شاعیرانی کلاسیکی عەرەب و کورد، سوودێکی زۆریان لەو کۆدانە وەرگرتووە بۆ دیارکردنی ڕووداوێکی مێژوویی، ساڵی بوون و مردنی کەسێک... تاد. بۆ گەیاندنی مەسیحییەت و زمانی سریانی چەندین قوتابخانە کرانەوە و ئەو قوتابخانانە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پەرەپێدانی زیاتر بەسریانی بینی، چونکە لەو قوتابخانە ئایینییانەدا وانەکان زیاتر بەسریانی بوون، نەک زمانی تر ئەوانەی بە یۆنانیش بوون پەیتا پەیتا دەکرانە سریانی. زۆربەی قوتابخانەکان لە کوردستان بووە، قوتابخانە هەرە دیارەکان ئەمانە بوون: قوتابخانەی ئۆرهای، قوتابخانەی نسێبین، قوتابخانەی ماردین، قوتابخانەی مەلاتییە، قوتابخانەی دێر زوقنین نزیک ئامەد، قوتابخانەی دێر قرتمین – گوری یدین، قوتابخانەی دێر مەتی، نزیک مووسڵ، قوتابخانەی دێر قنی نزیک بەغدا. لەمیانی گرنگیدان بە زمانی سریانیدا، ئەوە چەندین زاناو پسپۆڕ لەو بوارەدا پەیدابوون کە زۆربەیان پیاوی ئایینی بوون وەک ئەفراها، ئەفرامی مەزن، نەرسی، ئەحومەدمە، عبد یشوع ماردینی، ئیشوعیا ئەدیایی، حەنایشوع، یەعقوب ڕەهاوی یوحەنا بزمنکایی، یووسف ماردینی، ئیشوعیا ئەدیایی، خامیس قەداهی، یوحەنا ئاسیاوی... تاد

لەسەر دەستی قەشە و مژدەدەرانی مەسیحیدا چەندان کتێب و نامیلکە و وتار بە زمانی سریانی لەسەر مەسیحییەت و ڕێزمان و ئەدەبی سریانی بڵاوکرانەوە، هەروەها بۆ ئەوەی زمانی سریانی هەر زمانی دین و کڵێسە و ڕێو ڕەسمی دینی نەبێت و ببێتە زمانێکی ئەدەبی و سیاسی و کولتووری، ئەوە چەندان فەرهەنگ لەنێوان سریانی و زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتاڵی و تورکی و فارسی نووسراون.

وەک خۆیا دەبێ زمانی عەرەبی و کوردی لەو بوارەوە سوودی لە زمانی سریانی وەرگرتووە.

لە شیعرێکی شێوە کلاسیکدا ئەو شێوازەی زمان لە بریتی ژمارە بەکارهاتووە:

شاعیر دەڵێت:

**وەک چریکەی بلبلان الله اکبر دەنگی ئەدا**
**بۆ کەبار و بانگ و قامەت تا قیامەت ڕوو ئەدا**
**بۆ نموونە باغی جەنەت هاتە (شۆڕش) ناوی دا**

**باخچەیی هەولێر بەهەشتە بۆنی مێژووت بۆ ئەدا**
**١٠٢٦     ٢٥١     ٧٠٧= ١٩٨٤**

### نموونە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا

تاریق ئەلعـــەجـــاوی لە کـــورتە وتارێکدا بە ناوی "مـێـژووی مـێـژوو لە شـیـعـری عـەرەبی"دا، مـێـژووی دەرکـەوتنی ئەو دیاردەیە زۆر کـورت دەکـاتەوە و جـەخت لەسـەر ئەوە دەکات کە ئەو دیاردەیە وەک بەکارهێنان لە ئەدەبیـاتی عـەرەبیـدا بۆ ڕووداوێکی سـاڵی (٨٢٢)ی کۆچی دەگەڕێتەوە بە بەڵگەی هەبوونی ئەو دەقە:

**خیر بدا مع کمال العفه**
٨١٠ +٧+ ٥ =٨٢٢

بەڕای نـووسـەر ئەو دیاردەیە لە شـیـعـر و پەخـشـانی عەرەبیدا بوونی هەیە، هەروەها زیاتر لەو شیعرانەدا هەیە کـە زۆر گـرینگی بە فـۆرم دەدەن و ناوەرۆک و مـانا فـەرامـۆش دەکـەن. بە ڕای ئـێـمـە ئەوانەی کار لەسـەر ئەو مەسەلەیە دەکەن، دەبێت ئەلفبای ئەو ڕێسایەی سەرەوە نەک ئەلفبای زمان و فـەرهەنگ، باش بزانن ئەگەرنا ئەو دیاردەیە (پیت و ژمـارەی بەرانبـەری) کـۆنتـرۆڵ ناکـەن. نووسەری پێشوو ئەو نیوە دێڕە وا شرۆڤە دەکات:

خ = ٦٠٠+ی ١٠ +ر٢٠٠ = ٨١٠
ب٢ +د ٤ +ا ١ =٧
٨١٠ +٧ =٨١٧
+ه ٥
هەمووی دەکاتە ٨٢٢

لایەنی تیـــوری ئەوەمـــان پێ دەڵێت لەگـەڵ هەندێک گـۆڕانکاری لە زمـانی سـریانیـدا هاتۆتە ناو زمـانی عەرەبی، لەبەر ئەوەی ساڵی کۆچی بەشێک لە کولتووری عـەرەب پێک دەهێنێت، بۆیە سـاڵی بوون و وەفـات و ڕووداوەکە بە ساڵی کۆچی لێک دراوەتەوە.

لە ئەدەبی کـلاسـیکی کـوردیدا بە تایبـەتی شـیـعـر، شـیـعری بەرزیش بە پێچـەوانەی شـیعری عـەرەبییـەوە، بوونی هەیە. شـاعیرێکی بەرزی وەک (ئەحمەدی خانی) مـاوەیەک سـاڵی وەفـاتی جـێی گـومـان بوو، بەڵام شـاعـیـرێکی هاوچەرخی خـۆی لە ڕێگای نیـوە دێڕێکی عەرەبییـەوە، ساڵی وەفاتی خانی بەو نیوەدێڕە شیعرە دەردەبڕێت:

**طار خانی الی ربه**

د. مـارف خـەزنەدار لە بەرگی دووەمی مـێـژووی ئەدەبی کـوردیدا لاپەڕە (٣٠٨) دەنووسـێت: "ئەو ڕسـتـەیە بۆ مردنی شاعیـر دانراوە بە حسێبی ئەبجـەد دەکـاتە ساڵی ١١١٩ هـ، ئەم سـاڵە بەرانبـەر بە سـاڵی ١٧٠٧ی مەسـیحـییـە، یان ڕاسـتـتر کـەوتۆتە نێوان هەردوو ساڵی (١٧٠٧ و ١٧٠٨)ی مـەسـیـحـییـەوە". کـەواتە (جیـان الخضری) لە وتارێکدا ئەو ڕستەیە وا شی دەکاتەوە:

ط- ا- ر - خ - ا- ن - ی- ا -ل - ی - ر - ب- هـ-
+30 +1 +10 +50 +1 +600 +200 +1 9
10+ 200+ 2+ 5+ 1119=ی کۆچی

بەم جۆرە ساڵی کۆچکردنی خانی بۆ لای خودای گەورە یەکلادەبێتەوە.

### ڕێزمانی گواستنەوەی چۆمسکی

سـاڵی ١٩٥٧ بە وەرچەرخـانێکی گـەورە لە مـێـژووی زمانەوانیدا دادەنرێت، چونکە لەو ساڵەدا نۆوم چۆمسکی بە کـتـێـبـێک بە ناوی "پێکهـاتەی سـێنتـاکی" وەڵامی قوتابخانەی بنیـادگەری بلۆمیـفیلدی دایەوە. ئەو وەڵامە تەنیـا تایبـەت نەبوو بە تێـڕوانینی لە چەمکی زمـان و ڕێزمـان، بەڵکو ڕەخنە بوو لە قـوتابخـانەی دەروونی ڕەفتاری. هەرچەندە تێڕوانینی چۆمسکی لە "پێکهاتەی سێنتاکی" هەتا "پرۆگرامی بچووکترین" شایەنی ڕەخنە و سەرنجن. ئێرە وەختی ئەو گفتوگۆیە نییە، بۆیە هەر تەنیا ئاماژە بەو لایەنە دەکەین کە پێوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە!

چۆمـسکی هەندێ یاسـای دارشت، کـە بە ڕێزمـانی پێکهـاتەی گـرێ ناسـراون، لە هەندێ لەو یاسـایانە لە بریتی زمان نیشانە، یان هێمای ماتماتیکی بەکارهاتوون:

ڕستە ـــــ گرێی ناوی + گرێی کاری

گرێی ناوی ـــــ دیارخەر + ناو

گرێی کاری ـــــ فرمانی یاریدەدەر + بەرکار +کار

لەو هەموو یاسایەدا، چەندین هێمای ماتماتیکی بەکار هاتووە.

پێش ڕێزمانی چۆمسکی لەنێوان وشەی پێچەوانە لە زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتندا هێمای ماتماتیکی بەکار هاتووە:

پیاو × ژن
زیندوو × مردوو
ڕەش × سپی
گەورە × بچووک

هەروەها لە سەردەمی نوێدا نوختە لەنێوان هەندێ پیت بەکاردێت:

پ. د. ک
ی. ن. ک

**نموونە لە ئەدگاری سیمانتیکی**

پیاو: +نێر +هەراش +ژنهێنراو
ئافرەت:+مێ +هەراش −+ شووکردوو

لێرەدا چەندین هێمای ماتماتیکی بوونی هەیە، لەبەر هۆی درێژدادڕی پیتەکان فەرامۆش کراون.

**کورتەی بابەتەکە**

لە مەسەلەکانی ئەدەب و زمان و ڕێزماندا، هێمای ماتماتیکی بە واتای جیاواز بە کارهاتوون. لە شیعری کلاسیکیدا پیت لە بریتی ژمارە بەکارهاتووە. لێرەدا ئەدەب و زمان تێکەڵی یەکتر کراوە. ئەوەی گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێ، دوو شتی سەرەکییە. یەکەم، ئەمە داهێنانی عەقڵی عەرەبی و کوردی نییە، بەڵکو زادەی عەقڵی کلدانی و ئاشوورییە. دووەم، ئەو دیاردەیە لە شیعری نوێ و هاوچەرخی کوردیدا زۆر دەگمەنە و بە زۆری لە شیعری کلاسیکی عەرەبی و کوردی بوونی هەیە.

وێڕای ئەمەش بە پێچەوانەی ئەدەب، ئەو دیاردەیە زیاتر لە قوتابخانە تازەکانی نەک کۆنەکان، بوونی هەیە و لەوێ وەک لە قوتابخانەی چۆمسکی و واتاسازی بەکاردێت.

# کێوەکانی کرێتا و ڕوحی کازانتزاکیس

دانا ڕەئووف
(سوێد)

دەمێکە دەمەوێت لەگەڵ (کازانتزاکیس)دا گەشتێک بە کرێتادا بکەم، ڕاپۆرت بۆ گریکۆ لە کەناری زەریاکانیدا بخوێنمەوە و لەگەڵ شەپۆلەکاندا سەمایەکی زۆرباویانە بکەم.

کرێتای ئەفسووناوی بۆ کازانتزاکیس ببووە ڕۆمانێکی تەواو نەکراو و ئەبەدی و هەمیشە لەگەڵیدا و لەنێو دڵیدا بوو: «کرێتا یەکەمین ئێسکلەی نێوان ئەوروپا، ئاسیا و ئەفریقا بوو. کرێتا یەکەمین شوێنێک بوو کە لە ئەوروپای تاریکی ئەو کاتەدا ڕووناک بوو. هەر لێرەش بوو کە ڕوحی گرێکلاند ئەرکی لە چارەنووسراوی خۆی بەجێ هێنا: هێنانە خوارەوەی خودا بۆ ئاستی پێوانەی ئینسان. لێرە لە کرێتا، پەیکەرە زل و زەبەللاح و بێ جووڵەکانی میسر و ئاشوور، چکۆلە و نازک بوونەوە، جەستەکان کەوتنە جووڵە، زەردەخەنە کەوتە سەرلێوان و ڕوخسار و قلافەتی خودا، ڕوخسار و قلافەتی ئینسانی بە خۆوە گرت. بنەچەی مرۆڤایەتییەکی نوێ لەسەر خاکی کرێتا ژیا و کەوتە گەمە، ڕەسەنتر و جیاوازتر لەگەڵ گریکییەکانی دواتر، پڕ لە چالاکی و نازکیی و دڵڕفێنییەکی خۆرهەڵاتییانە» (١)

یەکەم بەڵگەکانی شارستانییەتی ئەوروپا لە دوورگەی کرێتا لە وڵاتی یۆنان دۆزراونەتەوە و ئەم دوورگەیە بەر لە (ئەسینا)، مەڵبەندی حوکمڕانی، زانیاری، بازرگانی، ئەرشیتێکتور و جێگای پیرۆزی ڕیتواڵە ئاینییەکانیش بووە.

هەر لە سەردەمە بەراییەکانەوە، خەڵکی ئەم ناوچەیە پابەند بوون بە ئایینەوە و خواوەندی خێر و بەرەکەت، هێماگەلێکی مەزن بووە، تا ئێستاش پەرستگە و شوێنی لە خواپارانەوەکانیان بە بەرزایی و لەسەر تەپۆڵکە و بە ترۆپکی چیاکانەوەیە. هەر لە کۆنەوە لەم ناوچانەدا خەڵکی بڕوایان بە ژیانێکی تر، ژیانێک لەدوای ئەم ژیانەوە هەبووە.

تیور و بۆچوون و هەڵکۆڵینە ئەرکیۆلۆژییەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە مرۆڤ هەر لە سەردەمە بەراییەکانی چاخی بەردینەوە هاتوونەتە کرێتا (٢).

کرێتا مێژوویەکی تاڵ و خوێناوی هەیە، چارەنووسی چەتە دەریاییەکان، لەشکرکێشی عەرەب، تورک و ڤینیسیاییەکان و دواتریش نازییە ئەڵمانییەکان لە دووەمین جەنگی جیهانیدا، تێکشکان و کشانەوە و ڕاکردن بووە. ڕێگای داگیرکەران ئاسان بووە: زەریاچە گەورەکان واڵا و بەندەر و کەنارە پان و بەرینەکان ڕێگایەکی سانا بوون، بەڵام کە چوونەتە ناو شارەکانەوە، ڕووبەڕووی بەرگرییەکی توند بوونەتەوە، چیاکانی کرێتا،



هەروەک چیاکانی کوردستان هێز و پەناگە بوون و بەرهەڵستکاران لە چیاکانەوە هێرشیان بردووە و هەر لە چیاکاندا خۆیان حەشارداوە.

کرێتا بەهایەکی گەورە و جێگایەکی ستراتیژی و خاڵی وەرچەرخان بووە، ئەم دوورگەیە دەکەوێتە ناوەڕاستی زەریایەکی گەورە، لە هەمان کاتدا یەکێکە لە ستراتیژیترین ناوچەکانی ئەورووپا و دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەورووپا، ئاسیا و ئەفریقاوە.

(هۆمیرۆس)ی گەورە شاعیری یۆنان چەندین جار لە سروود و داستانەکانیدا باسی کرێتا و شارەکانی ئەم دوورگەیەی کردووە، بۆ نموونە لە بەیتی (گۆرانی بۆ ئۆدیسۆس)دا دەڵێت: (کەشتییەکە لەگەڵ هەوایەکی پاک و هێزێکی خواوەندیدا، ئێمەی لە دەرەوەی کرێتا لەگەڵ خۆی برد، بەڵام زیۆس پلانێکی دانابوو بۆ ئەوەی گەشتەکەی ئێمە ڕابگرێت، کە کرێتاش بە تەواوەتی لەچاو بزر بوو و هیچ شتێک لە زەوی دیار نەما، هیچ شتێک جگە لە ئاسمان و زەریا کریۆنیۆن شوورەیەکی گەورەی لە هەورێکی شین و ڕەشی بەسەر کەشتییەکەماندا دروست کرد و لەژێر ئەمەشەوە زەریاکە ڕەش بوو. لە هەمان کاتدا زیۆس کەوتە گرمەگرم و هەورە برووسکەیەکی گرتە کەشتییەکە، کەشتییەکەش لەو گێژاوەدا خولایەوە و بەر برووسکەی هەورەکە کەوت و بە تەواوەتی پێکرا. کەسەکانی ناو کەشتییەکە کەوتنە ناو زەریاوە و هەر وەک مەلی زەریا، لە باوەشی شەپۆلەکاندا و لەناو ئەو گێژاوە ڕەشەدا دەهاتن و دەچوون.(٣)

هەموو ساڵێک تیمی ئەرکیۆلۆژە یۆنانی و نێونەتەوەییەکان شتی تازە لە کرێتا دەدۆزنەوە و نهێنی تریان بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەم دۆزینەوە و نهێنییانەش ڕێگا بۆ بۆچوون و تیوری تر و جیاواز، سەبارەت بە ڕابردووی ئەم دوورگەیە خۆش دەکات(٤).

## خانیا، دەروازەیەک بۆ کرێتا

دوای نیوەڕۆیەکی زوو لە فڕۆکەخانەیەکی بچووک کە دەکەوێتە ئامێزی زنجیرە چیایەکەوە، لە دەرەوەی شاری خانیا دادەبەزین. چیاکان باوەشیان بۆ ئاسمان کردووەتەوە و فڕۆکەخانەکەش لە نێو ئەو شاخوداخەدا ڕێگا بۆ موسافیرەکانی دەکاتەوە.

خانیا یەکێکە لە کۆنترین ناوچەکانی ئەورووپا و لە چاخە بەردینەکانەوە خەڵکی تێدا ژیاوە و دواتریش بووەتە ناوەندێکی گرنگی شارستانییەتی مینۆیسەکان(٥). هۆمیرۆس زۆرجار لە داستانەکانیدا، وەک گرنگترین شار و ناوچەکانی کرێتا ئاماژەی بۆ کردووە و بووەتە بەشێکی ئەفسانە دێرینەکانی یۆنان و شانۆی ڕووداوە بەرابییەکانی مێژووی ئەورووپا(٦). خانیا جوانترین شاری کرێتایە، دەکەوێتە باوەشی زەریایەکی شینی گەورە و پاڵیشی بە چیا بەرزەکانەوە داوە، بە شێوەیەکی سەرولێژ بۆ کەنار و بەندەری زەریاکە هاتووەتە خوارەوە.

کتێبخانە، قاوەخانە و ڕیستۆرانەکان لە دامێنی ڕووبارەکەوە بەرەو شاخەکە بەرز دەبنەوە و کۆڵانە باریک و تەسکەکانیشی بە شێوەیەکی پێچەڵپێچ یەکتر تەواو دەکەن و بەناو یەکتردا دەڕۆن.

لەم شارەدا وەک زۆربەی شارەکانی تری کرێتا، ئەتمۆسفیرێکی ڕۆژهەڵاتی سیماکانی شارەکەی لەخۆگرتووە، مزگەوت، خانووبەرە و حەمامی تورکی، ئێستاش لە بەشە کۆنەکەی شاردا ماون. ئەم شارە لە ساڵی ١٨٩٨ـەوە تا ساڵی ١٩٧١ پایتەختی کرێتا بووە(٧).

بە یەکێک لەو شەقامە بەرزانەوە، بەرەوخوار دەبینەوە، هەتاوەکەی گەرمە و تا بتوانین لەبەر دالیای کچم بە شوێنە سێبەرەکاندا دەڕۆین، دەگەینە دوکانێکی بچووکی

میــوەفـرۆش، هەندێک مـیـوە لە سـەبەتەکـانی دەرەوە هەڵدەبژێرین و دەچینە ژوورەوە.

کوڕێکی ڕەشتاڵەی کورتەباڵا، کراسێکی قۆڵ کورتی سـپی پاک و پانتـۆڵێکی ڕەشی لەبەردایە، لەپشت مێزەکەیەوە و بەدەم جگەرەکێشانەوە مشتەرییەکانی ڕایی دەکات.

لەگەڵیدا دەکەوینە قسە، ئەو بە ئینگلیزییەکی جوان دەدوێت، شەرمنە و وشەکانی لەژێر لێوییەوە بزر دەبن، سەیرێکی من دەکات و لێم دەپرسێت:

– لە کـوێوە هاتوون، خـەڵکی لە هەمـوو دنیـاوە ڕوودەکەنە ئێرە؟

– ئێـمە لە سـوێدەوە هاتووین، ئەمـە خێـزانەکەمـە، سوێدییە و منیش بە ڕەچەڵەک کوردم.

– کوردی، کوردی کوێ؟

– باشـووری کـوردسـتـان، ئەو بەشـەی بە عـێـراقـەوە بەستراوە.

کوڕەکە چاوەکانی دەکرێنەوە، بە سیمایەکی گەشاوە و بە کوردییەکی شکاو دەڵێت:

– ئەز کوردم، من ناوم عەلییە.

عەلی کوردی باکوورە و ماوەیەکی زۆرە لەم شارە دەژی و بەهۆی کاروباری سیاسییەوە کەوتووەتە ئێرە و سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانە.

دوکـانەکەی عـەلی بەجێ دەهێـڵین، بە شـەقـامـەکـەدا دێینە خـوارەوە و من هەر بیر لە عەلی دەکـەمەوە، عەلی لەو چرکەساتەدا دەبێتە هێماگەلێکی ئێمە و خۆم لەودا دەبینمـەوە. ئاوڕێک لە دالیـا دەدەمـەوە و هەسـتی باوکـایەتی خـۆم لە قـووڵایی چاوەکـانیـدا دەبینم، لەسـەر چۆک دادەنیـــشم و چاو دەبڕمـــە ناو چاوە شین و پیرۆزەییەکانی دالیا و دەستە بچووکەکانی دەخەمە ناو لەپی دەستمەوە.

دەگەینە کەناری زەریاکە، کەشتییەکان خۆیان ڕادەژەنن و خانووبەرەکانیش بە ڕەنگێکی سپی و شین لە ئاوەکەدا دەبریسکێنەوە.

ئەم شـارە هەر لە سـەردەمی هێلینیـسـکەکـانەوە چواردەوری بە شـوورەیەکی بەرگری گـەورە و توند دراوە، دواتر ڤینیـسییـەکان لەسەر پاشـماوەی ئەو شوورەیەوە، شـوورەیەکی تریان دروست کـردووە و ئەم شـوورەیەشـیـان دوو دەروازەی سـەرەکی هەبووە، یەکـێکیـان لە ڕۆژهەڵاتەوە و ئەوی دیکەیان لە ڕۆژئاواوە، ئەمە جگە لە دوو دەرگای بچووکی دیکەیش کە یەکێکیان دەکەوێتە باشـوور و ئەوی دیکەیشـیـان دەکـەوێتـە باکـووری شارەکەوە.

## کنۆسۆس، شارێک لە دەستپێکی مێژوودا

کنۆسـۆس یەکـەم دەروازەکـانی خـۆرئاوا بووە و لێـرەوە شارستانییەتی ئەورووپا یەکەم هەنگاوەکانی ناوە و یەکەم بنەمـاکـانی شـاریان دروست کـردووە. ئەرکـیـۆلۆژ و مـێـژوونووسـان ئەوەیان سـەلماندووە کـە مـرۆڤ لە سـەرەتاکـانی چاخی بەردین و شـەش هەزار سـاڵ بەر لە لەدایکبوونی مەسیح لەم شوێنەدا ژیاون.

کنۆسـۆسیش شـارێکە سەرەتاکـانی دروستبـوونی بۆ قـۆناغی یەکـەمی شـارسـتـانیـیـەتی (مـینۆیسک) دەگەڕێتەوە و تا دەرکەوتنی مەسیح وەک شارێکی گەورە لەبرەودا بووە. ئەم شـارە لەسـەر تەپۆڵکەیەکی بەرز و لەبەردەم زەریایەکی گـەورەدا بنیـاد نراوە، هەر لەم شارەشـدا کـۆشکە گـەورەکـانی مـینۆسی پادشـا دروست کراون(٨).

بەر لە دەرکـەوتنی مـینۆیسـەکـان، جـمـوجـوڵی بازرگانییەکی چڕ ئەم ناوچەیەی بەستووەتەوە بە میسری فیرعەونییەکان و ئەو ناوچانەشی کە دەکەوێتە شوێنی فەلەستینی ئێستاوە و هەر لەم ڕێگایەشەوە ئاڵوگۆڕی شـێـوازەکـانی تری خـواپەرسـتی، هونەر و ئەندازە و چۆنییـەتی دروسـتکردنی خـانووبەرە کـاریگەی خـۆی هەبووە(٩).

## بەرەو کنۆسۆس

لەگـەڵ کـازێوەی بەیان، لەو کـاتانەدا کـە سنوورەکـانی نێـوان ئاسـمـان و زەریا گـەورەکان بە تەواوەتی بزر دەبن، بەناو ڕێگایەکی شاخاوی و دارستـانێکی گەورەدا، کە جـار جـارە سـەرەتاتکێـیـەکی شـەرمن لەگـەڵ زەریاچە گەورەکان دەکات، بەرەو شاری کنۆسۆس دەڕۆم.

کنۆسـۆس وەک شـارێکی نوستـوو، وەک خـۆڵەمێشی دوای بورکانێکی گەورە، لەژێر زەمینەوە سەرلەنوێ سەری دەرهێناوەتەوە و پێشوازی لە میوانەکانی دەکات.

خەڵکی لە هەموو دنیاوە دێنە ئێرە تا بە چاوی خۆیان پاشماوەی دێرینترین شارستانییەتەکانی ئەورووپا ببینن و

لەوێوە یادەوەرییەکانی جیهانێک زیندوو بکەنەوە کە تەنیا لە خەون، ئەفسانە و داستانە ئەندێشەئامێزەکان دەچێت، بەڵام کنۆسۆس ئەفسانە نییە و ڕاستییەکی ڕەهای مێژوویەکی دێرینی سەرەتاکانی ژیانمانە.

لە دەروازەی شارەکەوە دێمە ژوورەوە، لە بەشی لای چەپی باخچەی کۆشکەکەدا، سێ بیری گەورە و قووڵ، بە تەنیشت یەکترەوە لێدراون، ئەم بیرانە جۆرێک لە قوربانی بوونە و لەم ڕێگایەوە دیاری بەنرخیان بۆ ڕوحی مردووەکان و دەسەڵاتی بەهێزی ژێر زەوی ناردووە.



نهۆمی خوارەوەی کۆشکەکەش، لەژێرزەمینێکی نهێنی و پڕ لە ڕازونیاز دەچێت، چەندین ڕاڕەو درێژ بوونەتەوە و بە هەر چوار لاشدا هۆڵ و ژووری دانیشتن و پێپلیکانە بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە هەن و ژوورەکان دەچنەوە سەر یەکتری و بەیەکەوە پەیوەستن.

## شانۆیەک بەر لە شانۆی گریکی

لە لای چەپی پشتەوەی کۆشکەکە و بەرەو خوار بۆ ڕووکاری دەرەوەی باخچە گەورەکە، شانۆیەک هەیە، شوێنی بینەران بە هەر چوار لادا و بە بەرد لەسەر ئاستی جیاواز دروست کراوە.

ئەم شانۆیە بەشی زۆری وەک خۆی چۆن بووە، پارێزراوە و بە کۆنترین شانۆ لە شارستانییەتی ڕۆژئاوا دادەنرێت و بۆ ساڵەکانی ١٩٠٠ی بەر لە لەدایکبوونی مەسیح دەگەڕێتەوە.

تا ئێستا نەزانراوە چ جۆرە چالاکییەک لەم شانۆیەدا نمایش کراوە، بەڵام زیاتر ڕێتواڵە دینییەکان، چیرۆکی قوربانی و سەمای خواوەندەکان، بە هاوبەشی گۆرانی و مۆسیقای تێدا پێشکەش کراوە. ئەم شانۆیە، شانۆ نەبووە بەپێی چەمکەکانی شانۆی کۆنی گریکی، هیچ جۆرە تیورییەکیش لە ئارادا نییە کە تێکستی نووسراو لەسەر ئەم شانۆیە نمایش کرابێت. کۆراڵی ئایینی و سەمای قوربانی و پیرۆزکردنی ئاسمان، پادشاکانی ئەم شارە و خەڵکە ئاساییەکەی لەم شانۆیەدا پێکەوە کۆکردووەتەوە. نمایشەکانیان بە پێوانەی ڕێساکانی ئەمڕۆمان جۆرە (پێرفۆرمانس)ێک بوون لە بەرگێکی دینیدا و زیاتر جەستە ئەکتەری سەرەکی بووە. لە سووچێکی ئەم شانۆیەدا، پانتاییەکی چوارگۆشەیی گەورە جیاکراوەتەوە، زۆربەی بۆچوونەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پادشا و شاژن لەم شوێنەدا دانیشتوون، بەڵام ئەرکیۆلۆژەکانی ئەمڕۆ ئەو شوێنە زیاتر وەک جێگایەکی تایبەتمەندی قووربانییەکان دەبینن.

ئەفسوونی ئەم شوێنە، ئەم پانتاییە بەتاڵە و ئەم شانۆیە کە لەباوەشی سروشت و لەژێر ئاسمانی شیندا دروست کراوە، چەکەرەی بیرۆکەی شانۆی لەلای گریکییەکان دروست کردووە و ئەم شوێنە بووەتە سەرەتای ئەو پرۆسێسە گرنگەی بە شانۆی کۆنی یۆنانی ئاماژەی بۆ دەکرێت(١٠).

کۆشک و باڵەخانەکەی کنۆسۆس بە شێوەیەکی پێچەڵپێچ دروست کراوە و زیاتر لە هەزار و چوارسەد ژووری تێدا بووە، ڕاڕەوی دوورودرێژ کە لە زۆر شوێنەوە چوونەتەوە سەر یەکتر و پێپلیکانەی جۆراوجۆری کورت و درێژ، بەڵام بە پلانێکی لۆژیکی و سیستەمێکی دیاریکراو، کە بە هیچ شێوەیەک بواری بۆ ڕەمەکی دروستکردن نەهێشتووەتەوە.

بە یەکێک لە پێپلیکانەکانی کۆشکەکەدا دێمە خوارەوە، لەم بەشەدا و لە یەکێک لە ڕاڕەوەکاندا ژووری (باوەڕ) هەیە، ئەم ژوورە شوێنێکی ساکاری بچووکی ساپیتە نزمە، لە دوو لای دیوارەکانییەوە تەختەکورسی درێژ بۆ دانیشتن دانراوە و لە نێوانیانیشدا، بەپاڵ دیوارە سوورەکانییەوە کورسی (باوەڕ) دانراوە کە لە دار دروست

کراوە.
کەس ناتوانێت بچێتە ئەم ژوورەوە، لە پەنجەرەکانەوە سەیرێکی ناوەوە دەکەم، ژوورەکە تەلیسمێکی تایبەتمەند و ئەتمۆسفیریکی شکۆمەند لەخۆدەگرێت. شوێنەکە پیرۆزە، مرۆڤ هەست بە باوەڕێکی بەهێز و پیرۆزی هێزێکی نادیار و ئامادەبوونی ڕیتواڵێکی هەمیشەیی دەکات. مرۆڤ هەست بە تارمایی قەشەکان دەکات، کە لەسەر کورسییەکان دانیشتوون، پادشاش بە هێزی دەسەڵاتە پادشاییەکەیەوە، بە ڕێزەوە، بە جۆرە نوێژکردنێکەوە لە حزووری ئەو هێزە خواوەندییە نادیارەدا ملی کەچ کردووە. مرۆڤ هەرچۆنێک تەماشای ئەم ژوورە بکات، چاوی دەچێتە سەر ئەو دەفرە گەورە لە بەرد دروست کراوەی کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدایە(١١). بێ دەنگییەکی ڕەها، پیرۆزییەکی مەزن و تارمایی خواوەندەکان و ژوورێکی بەتاڵ و چۆڵ.
بە دیوارەکانی ئەم کۆشکەوە، وێنەی ئاژەڵی ئەفسانەیی، بە شاخی گەورە، جەستەی شێر و کلکی مارەوە دروست کراوە، ئەم وێنانە هێماگەلی دەسەڵاتی پادشا بوون لە ئاسمان، لەسەر زەوی و لەژێر زەویشدا.

## هێزێک بۆ ئاشتی، خواوەندێک بۆ هارمۆنی

(مینۆس) پادشای ئەم شارستانییە بەراییە بووە، ئەم پادشایە هێماگەلێک بووە بۆ چەندین خێزان و نەوە لەدوای نەوە کە دەسەڵاتیان لە شاری کنۆسۆسدا هەبووە، جۆرە هارمۆنیەتییەکیان بۆ خەڵکی ئەم دوورگەیە بەدەست هێناوە و ئاشتییان ڕاگرتووە.
خەڵکی ئەم دوورگەیە لە خواوەندەوە نیزیک بوون و یەکێک لەو شتانەی کە دووپات کراوەتەوە ئەوەیە کە قەشە و پیاوە ئایینییە گەورە و دەسەڵاتدارانی مینۆیسەکان ئافرەت بوون و ئەوان توانیویانە ئەو هارمۆنێتییە ڕابگرن. پاشماوەی هیچ جۆرە شەڕ و پێکدادانێک لەم ناوچانەدا نەدۆزراوەتەوە و مێژوونووسان، لێکۆڵەرەوان و ئەرکیۆلۆژەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە مینۆیسەکان گەلێکی تایبەتمەند بوون و بە هیچ شێوەیەک نە لەگەڵ خۆیان و نە لەناو خۆیاندا بە شەڕ نەهاتوون و نە هێرشیشیان کردووەتە سەر هیچ کەس و لایەنێکی دیکە، ئەم قۆناغە لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا بە (ئاشتی مینۆیسکی) ناوزەد کراوە و توانیویانە لەنێوان ساڵانی ١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ ساڵ (پ ز) ئەم دوورگەیە بە ئاشتی بپارێزن(١٢).
لە ساڵانی ١٧٠٠ـەکانی بەر لەدایکبوونی مەسیح، یەکەم کۆشکەکانی کریتا بەهۆی کارەساتێکی گەورەی سروشتییەوە لەناوچووە، بەتایبەتی بوومەلەرزەیەکی بەهێز هەموو بنەما و ستراکتووری ئەم ناوچەیە و شارستانییەتی مینۆیسکییەکانی هەڵوەشاندووەتەوە. دوای ئەوە و سەرلەنوێ و بە شێوەیەکی جوانتر و بەهێزتر و فراوانترەوە ئەم کۆشکانە دروست کرانەوە و ساڵەکانی نێوان ١٥٠٠-١٦٠٠ی (پ ز) بە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی شارستانییەتی مینۆیسکەکاندا دادەنرێت (١٣).
لە کنۆسۆس کۆشکەکانی پادشای مینۆیسەکان تا ساڵەکانی ١٣٧٠ی (پ ز) هەبوون و لەم مێژووە بەدواوە بەهۆی کارەساتە سروشتییەکانەوە بە تەواوەتی لەناوچوون(١٤).

## لە (کنۆسۆس)ـەوە بۆ شاری هێراکلیۆن

بە شاری (هێراکلیۆن)دا دەڕۆین بۆ کنۆسۆس و هەر لەم شارەشەوە دەگەڕێینەوە. ماوەیەک لە هێراکلیۆن، شارەکەی (نیکۆس کازانتزاکیس) ١٨٨٣-١٩٥٧ دەمێنینەوە.
ڕووداوەکانی زۆربا بە یادەوەریمدا تێدەپەڕن، ئەو ڕۆمانەی سەردەمانێک کارێکی زۆری تێکردبووم و خۆم لە کارەکتەری (نووسەرەکە/ سەرۆک) هاوڕێ و هاودەمەکەی زۆربادا دەبینییەوە.
بەرەو بەشە کۆنەکەی شار شۆڕ دەبمەوە، بە درێژایی شوورەکە بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆم تا دەگەمە دەروازەی بەشە نوێیەکەی شار. ئەم شوورەیە لە بنەڕەتدا بەدرێژایی سێ کیلۆمەتر بە چواردەوری شارەکەدا درێژبووەتەوە و چوار دەرگای گەورەی بۆ هاتنە ژوورەوە هەبووە. لە یەکێک لە کۆتاییەکانی جوانترین بەرزاییەکانی ئەم شوورەیەوە، کە بەشێوەیەکی تەواوەتی ماوەتەوە و بەسەر هەموو شارەکەدا دەڕوانێت، نووسەری گەورەی یۆنانی (نیکۆس کازانتزاکیس)ی لەوێ نێژراوە.(١٥)
هەتاوەکەی گەرمە، کۆڵ نادەم و کۆڵان بە کۆڵان دەڕۆم، جار جار کەسێک ڕادەگرم و پرسیاری گۆڕەکەی کازانتزاکیسی لێ دەکەم، تا دواجار ڕێگای کۆتایی

دەدۆزمەوە. بە شەقامێکی پێچاوپێچدا سەردەکەوم، تەواو ماندووم و ئارەقەیەکی باشم کردووە، دەگەمە سەر تەپۆلکەکە، هەوایەکی خۆش کە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆم دەدات، فێنکم دەکاتەوە. گۆڕەکەی (کازانتزاکیس)یش بە تەنیا و لە ناوەڕاستدا، بە چنگێک خۆڵی کرێتا لەنێو دەستەکانیدا بە پێوە وەستاوە و تاهەتایە بە سەربەرزی سەیری شارەکەی دەکات. لەسەر کێلەکەی و بە دەست و خەتی خۆی، ئەم چەند وتەیە هەڵکەندراوە:

**من هیچ ئومێدێکم نییە**
**سڵ لە هیچ ناکەمەوە**
**من سەربەستم.**

کازانتزاکیس لەسەر داوای خۆی لەم شوێنەدا، لەم خاکەی کە لە هەموو شتێک زیاتری خۆش دەویست نێژراوە، ئەو خاکەی کە هەمیشە چنگێک لە خۆڵەکەی لەنێو لەپی دەستیدا هەڵگرتبوو، ئێستا خۆی بووەتە بەشێک لەو خاک و خۆڵە(١٦).

(بە سۆز و میهرەوە خۆڵی کرێتا لە نێو دەستمدا دەوڵم. بە درێژایی ڕۆژانی ئاوارەییم ئەو خۆڵەم پێ بووە. لە هەموو ساتەوەختەکانی شپرزەیی و پەژارە گەورەکاندا، وەک گوشینی دەستی هاوڕێیەکی ئازیز، من توند ئەو خۆڵەم لە نێو لەپی دەستمدا وڵیوە و ئیدی هێزم تێ هاتووەتەوە، بەڵام ئێستا کە خۆر ئاوابووە و کاری ڕۆژانە ئەنجام دراوە، ئیدی چی لە هێز و توانایی بکەم؟ ئیدی چ پێویستیم پێی نییە. ئەم خۆڵەی کرێتا لە نێو لەپی دەستمدا گل دەدەمەوە و بە شادمانی و لوتف و سوپاسگوزارییەکی لە وەسف بەدەرەوە دەیگوشم، وەک گوشینی مەمکی ئەو ژنەی کە خۆشم دەویست و خواحافیزیم لێ کرد. بۆ هەمیشە و هەتاهەتایە من ئەو خۆڵە بووم، بۆ هەمیشە و هەتاهەتایە ئەو خۆڵە من دەبم. ئەی نەرمە خاکی کێوی کرێتا، وەک نەیزەک ئەو ساتەوەختە کشا کاتێ تۆ خۆڵت خوارد و بوویتە مرۆیەکی بەرخۆدەر.)(١٧)

کەمێک لەسەر گۆڕەکەی ڕادەوەستم، سەیرێکی شاری هێراکلیۆن دەکەم و سڵاوی (دلاوەر قەرەداغی)یش بە



کازانتزاکیس دەگەیەنم. دلاوەر بە زمانێکی باڵا و بە نەفەسێکی درێژ (ڕاپۆرت بۆ گریگۆری) کردووە بە کوردی، کە دەیخوێنمەوە هەست دەکەم نیکۆس بە کوردی نووسیویەتی. لەپڕ هەستێکی نامۆبوون، بەو بەرزاییەوە، بە تەنیا و لەبەردەم گۆڕەکەی (نیکۆس)دا دام دەگرێت. بیرەوەرییەکانم دەمبەنەوە بۆ ئەو هاوینەی بۆ یەکەم جار وەک مێردمنداڵێک (زۆربای یۆنانی)م تێدا خوێندەوە، بەڵام ئێستا و لەم ساتەدا بۆ لێرەم، بۆ بەدیار ئەم گۆڕەوە وەستاوم و نیکۆس بۆ من چی دەگەیەنێت؟!

بەبێ ئاگا لەو سەرەوە، لەژێر تیشکە گەرمەکەی هەتاوەکەدا کە خۆی بەسەر شارەکەدا بڵاوکردۆتەوە، بەو شەقامەدا کا کاتژمێرێک لەمەوبەر بە ڕاکردن بەدوای گۆڕەکەی (نیکۆس)دا دەگەڕام، بە کاوەخۆ دێمە خوارەوە.(١٨)

## گوندەکان لە ئامێزی دار زەیتووندا

دوای سەردانی شاری کنۆسۆس و پاشماوە دێرینەکانی شارستانییەتی مینۆیسکەکان، دەچین بۆ ناوچە شاخاوییەکان و گوندە بچووکەکانی ناو دارستانی زەیتوون و دەرەوەی شارە گەورەکان.

ژوورێکی بچووک لە پیاوێکی پیری تووڕە دەگرین، کە پەنجەرەکانی ژوورەکە دەکەینەوە لە قەدپاڵی چیاکان و ئاسمانێکی شین زیاتر هیچ نابینین، چیاکان لە نێو دارستانەکاندا دیارنەماون و تەنیا درەختەکان، وەک باخچەیەکی هەڵواسراو بە ئاسماندا بەرز بوونەتەوە.

لەگەڵ کازیوەی بەیاندا بە باعەباعی مەڕ و ماڵات و بە

قووقەی کەڵەشێرەکان بەخەبەر دەبینەوە، دێینە خوارەوە بۆ ناو گوندەکە، بۆنی پشقل و شیاکە و خۆڵی ئاوڕشێن کراوی کۆڵانە باریکە پێچاوپێچەکان، گوند و ئاواییەکانی جارانی خۆمانم دێنێتەوە یاد.

ژن و پیاوی پیر بە گۆچان و بە دەم کارکردنەوە بە کۆڵانە باریکەکاندا دەڕۆنە خوارەوە، مریشک و کەڵەشێرەکان بە دوایاندا ڕادەکەن و لە هەر شوێنێکدا دانەوێڵە و تەڕایی ببینن، دەوەستن، ڕێبوارەکانیش لە پێچی کۆڵانەکان و لەپشت خانووە نزمەکانەوە دیارنامێنن.

دواتر گوندەکە بەجێ دێڵین، ڕێگە شاخاوییەکە دەبڕین، لەودیو چیاکەوە زەریایەکی شین دەردەکەوێت، زەریاکە لەگەڵ ئاسمان و لە ئاسۆوە بە شێوەیەکی سەیر تێکەڵاوی یەکتر بوون، بە شێوەیەک نازانرێت زەریاکە لە کوێدا تەواو دەبێت و ئاسمان لە کوێدا دەست پێدەکات.

لە قرچەی گەرماکەدا دەگەینە گوندێکی تر، ئەم گوندەیان دەکەوێتە بەری ئەوبەری چیاکەوە و ڕێک بەرانبەر زەریایەکی بێ سنوور، بە بەرزاییەکەوە شانی داداوە. لە هەر شوێنێکی کرێتادا ڕابوەستیت، ڕوو بکەیتە هەر سووچێک، ڕۆژهەڵات بێت، یان ڕۆژئاوا، باکوور، یان باشوور، جگە لە ئاسمان و دەریا گەورە شینەکان هیچی تر نابینیت.

لەلای ئافرەتێکی گەنج جێگەمان دەست دەکەوێت، ناوی (باربارا)یە، باڵابەرز، چاوەکانی گەورە و سەوز، برۆکانی ڕەشی کەوانەیی، جووتێ مەمکی قووتی بەرز و کەمەرێکی باریک، زیاتر لە فیگۆری ناو داستان و ئەفسانە کۆنەکان دەچێت. ژوورەکە خاوێن و دڵگیرە، هەمووو زەریاکە لە بانیژەکەماندایە و کە خۆرئاوا دەبێت، لە چاوترووکانێکدا ئەو زەریا شینە دەبێتە زەردێکی ئاڵتوونی، دواتر سوورێکی شەرابی، ڕەشێکی مات و غەمگین و دواتریش لە تاریکاییەکەدا بزر دەبێت و تەنیا گوێمان لە دەنگی هەناسەی شەپۆلەکانی دەبێت.

چارەنووسی ئەم کچە لە پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکان دەچێت، دوای پێشوازیکردنێکی باش بۆمان دەگێڕێتەوە کە خەڵکی شاری (خانیا)یە و بەشی ئینگلیزی لە زانکۆی شارەکە تەواو کردووە، شووی بە کوڕێکی ماسیگری ئەم ناوچەیە کردووە و دوای کەوتووە و لێرە ئەم موتێل و ڕێستۆرانەی کردۆتەوە.

چاوەکانی (باربارا) دەبریسکێنەوە و لێوەکانی بە چەشنی تەلیسم دەلەرێنەوە، سەیرم دەکات و وەک ئەوەی بیەوێت نهێنییەک ئاشکرا بکات، بە هێمنی دەڵێت: (مێردەکەم خەریکی ماسیگرتنە، جاری وا هەیە، بە هەفتە نایبینم، بەڵام دڵم زۆر بەم شوێنە دەکرێتەوە و لەگەڵ خەڵکەکەشی ڕاهاتووم و بەختیارم!)

بۆ ئەوەی خۆمان لە گەرما ڕزگارکەین، ڕۆژی دوایی و بەر لە خۆرهەڵاتن ماڵئاوایی لە خانەخوێیەکەمان دەکەین و بەرەو شاری (ڕێتیمۆن) دەکەوینە ڕێ(١٩). قەڵایەکی گەورە بەسەر بەرزاییەکەوە دیارە، بە ڕێگایەکی باریکی لە بەرد دروستکراوی کۆندا تا دەروازەی قەڵاکە دەڕۆین، ئەم شوێنە پاشماوەی ڤینیسیاییەکانە و دوای ئەوان تورکەکان داگیریان کردووە. هەر کە تورکەکان دەست بەسەر ئەم قەڵایە و دواتریش شارەکەدا دەگرن، کۆمەڵێ تۆپ بە بەرزاییەکەوە لە هەموو لایەوە ڕووەو شارەکە دادەنێن.(٢٠)

لە بەشە کۆنەکەی ئەم شارەدا، لە کەنار زەریا و ناوچە نزیکەکانییەوە، تا ئێستاش خانووبەرەی کۆنی تورکی و ڤینیسی ئەتمۆسفیرێکی تایبەتمەندیان بەم شارە بەخشیوە، شێوە ئەندازەی تورکی و پەنجەرە و دەرگای کەوانەیی ئیسلامی و بانیژەی دوو نهۆمی ڤینیسیاییەکان لەگەڵ دیوارە سپییە بەرزە یۆنانییەکان یەکیان گرتووە.

ئەم شارە بە چەندین شوورەی ئەستوور و گەورە، تاوەر و تەپۆلکەی بەرزی سەربازی، کە لە ساڵەکانی ١٥٠٠ـەکاندا، بۆ بەرگریکردن لە هێرش و پەلاماری تورکەکان دروست کراوە، دەورە دراوە و تا ئێستاش بەشێکی زۆریان وەک خۆیان ماونەتەوە و بوونەتە یەکێک لە سیما جوانەکانی ڕێتیمۆن(٢١).

تورکەکان لە ساڵی ١٦٤٨دا دوای بەرهەڵستییەکی توند ئەم شارە دەگرن، قەڵاکەی دەکەن بە بەندیخانە و ئەو کڵێسایەی کە لە باخچەکەی دەرەوەی قەڵاکەشدا بووە، دەکەن بە مزگەوت و لە ڕووی ئەندازە و شێوازی خانووبەرەوە گۆڕانکارییان تێدا کردووە و زیاتر لەگەڵ ستایلی ئیسلامی گونجاندوویانە.

لە دەروازەی قەڵاکە و بە دیوی ناوەوەدا، چەندین ژێرزەمینی گەورە و شێدار هەن، ئەڵمانییە نازییەکان، لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا بۆ ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی هێزە بەرهەڵستکارە یۆنانییەکان بەکاریان

هێناون.

ئەم شارە سروشتێکی ڕۆمانتیکی هەیە، کە خۆر ئاوا دەبێت، بۆ ماوەیەک هەموو شارەکە ڕەنگی زەردی تۆخ دەپۆشێت، تا هێدی هێدی کۆڵان و شەقامە باریکەکان تاریک دادێن، قاوەخانەکان بە مۆمی سەر مێزەکان و ئەو گڵۆپە زەردانەشی بە دیوارەکانەوە هەڵواسراون و بە کزی دەسووتێن، وێنەیەکی سینەمایی دەخولقێنێت، ئاسمانیش بە ڕەنگە شینە کاڵەکەی، دواتر بە ڕەنگە شینە پیرۆزەییە تۆخە پاکەکەی، دەبێتە جوانترین ساپیتە لە جیهاندا.(٢٢)



**زۆربا لە کەنارەکانی (ستاڤرۆس)دا**

بە کەناری زەریاچەکاندا دەڕۆین، ڕێگاکە بەناو کۆمەڵە دوورگەیەکدا دەڕوات و شاخە بەرزەکانیش لەوبەرەوە ملیان بۆ زەردەی هەتاوەکە کەچ کردووە و هەتاوەکەش بە سانایی خۆی لەنێو زەریاچەکاندا بڵاوکردۆتەوە. دوا دوورگە لەدوای خۆمانەوە بەجێ دەهێڵین و دەچینە شارۆچکەی (ستاڤرۆس).

بە شەقامەکانی ئەم شارۆچکەیەدا تا کەناری زەریاکە دێینە خوارەوە، ڕەشەبایە، هەتاوەکەی گەرمە و خۆڵ و تۆزەکەش لەگەڵ ڕەشەباکەدا بە سیما ئارەقاوییەکەمانەوە دەنووسێت.

(ستاڤرۆس) بۆتە بەشێک لە زۆربا و زۆربا تا هەتا هەتایە لە کەنارەکانی ئەم شارۆچکەیەدا سەما دەکات و مۆسیقا دەژەنێت.

لە ساڵی ١٩٦٥دا ئەکتەری بەناوبانگی ئەمەریکی (ئەنتۆنی کوین) لە کەنارەکانی ئەم ناوچەیەدا فیلمی (زۆربا)یان تۆمار کردووە و تا ئێستاش ئەو ڕووداوە هونەرییە ئەفسوونی خۆی لە دەست نەداوە.

ڕیستۆرانت و قاوەخانەکان بە ناوی زۆرباوە ناوزەد کراون، وێنەی فیلمەکە و کاتی وێنەگرتن و ستافی کارەکە بە گەورەیی بەقەد دیوارەکانەوە هەڵواسراون. ئاوەکە کەنارەکەی کردووە بە دوو بەشەوە، چیاکە نزیکە لە بەشی لای چەپەوە و ئاوەکەش تەنکترە، بەڵام بەشی لای ڕاستی چۆڵەوانییە و پانتایی زەریاکە بێ سنوورە و شەپۆلەکان تووڕە و بێ پەروان.

تیمی فیلمەکەی زۆربا لە بەری دەستە چەپدا کاریان کردووە و چیاکەیان کردۆتە پاڵپشت، ئێستاش ئەم شوێنە بووەتە ناوچەیەکی گەشتوگوزار و خەڵکی لەگەڵ سێبەری زۆربادا سەما دەکەن و خۆیان دەدەن بە دەم شەپۆلە هێمنەکانی ئەم زەریاچەیەوە و بادە دەنۆشن. عەسرێکی درەنگە و لەگەڵ ڕەشەباکەدا دەگەڕێینەوە بۆ ستاڤرۆس، ماڵئاوایی لە کازانتزاکیس، زۆربا و ئەنتۆنی کوین دەکەین و دەنگی ئاوازی سەنتوورەکەی زۆرباش لەگەڵ شەپۆلەکانی زەریاکەدا تێکەڵاو دەبێت. کە لە شارەکەش دەچینە دەرەوە، لە گڤەی ڕەشەبا و دەنگی شەپۆلەکان زیاتر گوێمان لە هیچی تر نابێت.

**پەراوێزەکان:**

١- ڕاپۆرت بۆ گریگۆ، نیکۆس کازانتزاکیس، چاپی سێیەم، وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.

٢- لێکۆڵەرەوە، مێژوونووسان و ئەرکیۆلۆژەکان چەندین تیوریان سەبارەت بەوەی دانیشتوانی یەکەمی کرێتا لە کوێوە هاتوون، هەیە. گرووپی یەکەم دەڵێن لە تورکیای ئەمڕۆوە، بەڵام هەندێکی تر بڕوایان وایە کە خەڵکە سەرەتاییەکەی ئەم دوورگەیە لە باشووری ئەفەریقاوە، بەتایبەتی لیبیا، یان میسری ئێستاوە هاتوون. گرووپی سێیەم پێیان وایە لەو ناوچانەوە هاتوون کە ئەمڕۆ فەلەستینە. یەکەم گوندەکانی سەردەمی بەردین، لە قووڵایی ژێر زەمینی ناوچەکانی (کنۆسۆس)دا دۆزراوەتەوە کە (مینۆس)ی پادشا کۆشکانی خۆی لەسەر

بنیاد ناوە.

٣- کرێتا بووەتە سەکۆی زۆرینەی داستان و ئەفسانە کۆنەکانی یۆنان و هەر لێرەوە دەروازەکان کراونەتەوە، شتێکی سەیر نییە کە کرێتا بۆتە سەرگوزشتەی دوورگە: هەمـوو سروشـتی ڕازاوەی کـرێتـا، شـاخ، ئەشکەوت و ڕووباری گـەورە چواردەوری داوە، وەک ئەوە وایە کـە بۆ دروستکردنی ئەفسانەکان خولّقابێت. ئەفسانە، هونەر و مـێـژوو لە کـرێتـا زۆر زیاتر لە هەمـوو شـوێنێکی تری یۆنانی کۆن بەنێو یەکتردا دەچن.

٤- لە سەردەمە کۆنەکانی بژێوی و بوونی مرۆڤەوە لە کرێتا، لە چاخی بەردینەوە تا دوا قۆناغی شارستانییەتی (مـینۆیسکەکان) چەندین مۆتیـڤی کـولتـووری دروست بوون، ئەم کـولتـوورە جیـاوازانە هەر هەمـوویان ئاشکرا نەبوون و نەدۆزراونەتەوە، یـان بـوونەتـە مـــــەتەڵ و جیهانێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی.

٥- ئەم شارە لە سەردەمی مینۆیسەکاندا ناوەندێکی گـرنگی بازرگـانی بووە و بەندەرەکـانی پەیوەست بووە بە جیهانی دەرەوە.

٦- ئەم شارە لە سەرەتادا ناوی (خیدۆنیا) بووە و بۆ یەکـەم جـار لە سـاڵی ١٢١١دا لە دوکـیـومـێنتـە تۆمارکراوەکاندا بە (خانیا) ئاماژەی بۆ کراوە و لە ساڵی ١٢٥٢دا بە تەواوەتی بە خانیا ناوزەد کراوە.

٧- تورکـــەکـــان هەر لە ١٥٠٠ـەکـــانەوە هەوڵی داگیرکردنی کـرێتـایان داوە و هەمـیـشـە مـەترسییـەکی بەردەوام بوون بۆ ئەم دوورگەیە، تا لە ساڵی ١٥٢٧دا لە سەرەتادا خانیا و دواتر هەموو کرێتا داگیر دەکەن.

تورکـەکان بە داگـیـرکردنی کـرێتـا بنکەیەکی سـەربازی گـرنگیـان لە هەمـوو ناوچەی زەریای ناوەڕاسـتـدا داناوە، بەمـەش هەمـوو ناوچەکـەیان خـسـتـۆتە ژێر ڕکـێف و دەسـەڵاتی خـۆیانەوە، لە ناوەڕاسـتی سـاڵەکـانی ١٦٠٠ـەکاندا بە تەواوەتی هەموو دوورگەی کرێتا داگیر دەکەن.

لە سەرەتادا هەموو کڵێساکان دەکەنە مزگەوت، دواتر خۆشیان دەکەونە دروستکردنی مزگەوتی تر و خانووبەرە، مـزگـەوتی (شـا) یەکـێکە لە خـانووبەرە جـوانەکـانی ئەم شارە، دوای ئەوە مزگەوتی (غازی حەسەن پادشا) دێت.

٨- ئەم شـارە لە سـاڵەکـانی ١٥٠٠ـەکـانی بەر لە لەدایکبوونی مەسیحدا پازدە تا بیست هەزار کەسی تێدا ژیاوە و ئەم ڕێژەیەش بۆ ئەو کـاتە بە شـارێکی چڕ بە دانیشتوان ئاماژەی بۆ دەکرێت.

٩- مـینۆرەکـان کێ بوون و بە چ زمـانێک قـسـەیان کـردووە و ڕەگـو ڕیشـەکـەیان دەگـەڕێتـەوە بۆ کـوێ، ئەو پرسیـارانەن کە تا ئێسـتـا وەڵامەکانیـان نەدۆزراوەتەوە، بەڵام ئەوەی ڕاسـتـە ئەوەیە کـە خـۆیان بە مـینۆر ناو نەبردووە و ئەم ناونانەش بۆ ئەرکـیـۆلۆژی ئینگلیـزی (ئارتۆر ئێڤانس) دەگەڕێتەوە کە چەمکی (کولتـووری مـینۆیسکی) داهێناوە، دوای ئەوەی لە سـاڵەکـانی ١٩٠٠ـەکـاندا و بۆ یەکـەم جـار کـۆشکە گـەورەکـەی (مینۆس)ی پادشایان لە ناوچەی کنۆسۆس دۆزیوەتەوە.

١٠- ڕەوتی شـانۆی هاوچەرخ و مـۆدێرنی یۆنانی هاوشـانی شـانۆکـانی ئەوروپایە و بزووتنەوەیەکی چڕ و دەوڵەمەند تێکڕای شانۆکانی ئەسینا و دوورگەکانی تری گرتۆتەوە، بەتایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٧٤ و ڕووخانی ڕژێمی سەربازی یۆنانەوە، بزووتنەوەی شانۆی یۆنانی بە خێرایی پەرەی سەندووە: هۆڵی سینەماکان، ئەمبار، شوێنی کار و فەرمانگاکان و تەنانەت نانەواخانەکانیش کراون بە شانۆ.

هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەسینا لە لەندەن زیاتر شانۆی تێدایە و لە وەرزی زستـاندا زیاد لە سەد شانۆ نمایشەکانیان پێشکەش دەکەن. لە وەرزی هاویندا، لە کـاتێکدا دەرگـای شـانۆکـانی ئەوروپا دادەخرێت، شانۆکانی یۆنان دەکرێنەوە، بۆ نموونە شانۆ دیار و گرنگەکەی ئەسینا (شانۆی هێرۆتس ئەتیسوێس) ئەمە جگە لە فیستیڤاڵی شانۆی گرێکی لە ئیپیداریۆس، شانۆ کۆنەکانی فیلیپ لە دوورگەی (تاسۆس)ی باکووری یۆنان، هەروەها فـیستـیـڤاڵی شانۆ کۆنەکانی سەردەمی ٤٠٠ی (پ. ز) لە دوورگـەی دۆدۆنا، ئەمـە جگە لە فیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی کە هەر دوو ساڵ جارێک لە (دێلفی) سـازدەکـرێت، ئەم فـیـسـتـیـڤاڵە سـەنتـەری کـولتـووری ئەوروپی لە ڕووی مـادییـەوە پشـتگیـری لێدەکات. گەورە ڕیژیسۆر و شانۆکارە دیارەکانی ئەوروپا و جیـهـان، وەک ئەناتۆلی ڤاسیلینی، تۆنی هاریسۆن، تاداشی سیوزۆکی بەشداری تێدا دەکەن.

شانۆی تراژیدی و کۆمیدیای کۆنی گرێکی، هەمیشە لە ڕێپێڕتوارەکاندایە و لەسەر شانۆکانی ئەسینا و شانۆ کۆنەکانی دوورگەکـاندا نمایش دەکرێن، هەروەها شانۆی

کلاسیکی ئەوروپی، بەتایبەتی ئیپسن، ستریندبێری و مۆلیێر و شانۆنامەنووسە مۆدێرنەکانی یۆنان و ئەوروپاییش، ئاورێکی جددییان لێ دراوەتەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا نووسەرانی وەکو هارۆڵد پینتەر، داڤید مەمێت، تۆماس بێرنهارد، لاش نۆرێن و هێنەر میولەر نمایش کراون.

لە ساڵی ١٩٩١دا (دیمیتریس پاپەیۆوانۆس) کە یەکێکە لە ڕیژیسۆرە دیارەکانی ئەمڕۆی یۆنان، شانۆنامەی (مێدیا) بە شێوەیەکی سەرکەوتوو پێشکەش دەکات، ئەم نمایشە کە تا ئێستا لە ڕێپێرتواری شانۆکانی یۆناندا پێشکەش دەکرێتەوە، پێکداچوونێکی زیرەکانەی ترادیشۆنی شانۆی کۆنی گریکی و دیدێکی مۆدێرنی ئەوروپییە.

شانۆی ئەمڕۆی یۆنانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە ڕووی دنیادا کراوەتەوە و سیمایەکی نێونەتەوەیی لەخۆ گرتووە، بەردەوام شانۆکارانی ئەوروپا، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ئەمریکا بانگهێشت دەکرێن تا لەگەڵ شانۆکارەکانی یۆنان، چ ڕیژیسۆرەکانیان، یان ئەکتەر و درامانووسەکانیاندا کار بکەن. لەم چەند ساڵەی دواییدا یوری لیوبیمۆن، ماتیاس لاگهۆڤ، ڕۆبێرت ویلسۆن، پیتەر بروک، ئەندریە سێربان، پیتەر شتاین، پیتەر هاڵ و ئەناتۆلی ڤاسیلێڤ لە یۆنان کاریان کردووە و بەرهەم و پرۆژەکانی خۆشیان لە فیستیڤاڵە شانۆییەکانی یۆناندا نمایش کردووە.

١١- تا ئێستا حەوت گەنجینە لەژێر زەمینی کۆشکەکاندا دۆزراونەتەوە، بە پێی بۆچوونی مێژوونووسەکان، مینۆیسەکان ئەم گەنجینانەیان کە لە حەوزی مەلە دەچن بۆ ڕیتواڵەکانی پاکژبوونەوە بەکارهێناوە. مینۆیسەکان ویستوویانە بە هەموو شێوەیەک خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ژێر زەمیندا بگونجێنن.

١٢- بە پێی بۆچوون و تیورییەکان، کۆشکەکانی پادشای مینۆیستەکان هیچ هێزێکی چەکدار پاسەوانی نەکردوون، ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هیچ هێزێکی دەرەکی هەڕەشە نەبووە لەسەر شار و بەندەر و کەنار و شارۆچکەکانی ئەم شارستانییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەش دووپات کراوەتەوە کە هێزێکی زەریایی بەهێز لە دەرەوەی سنووری شارەکان و لەناو دەریاچە



گەورەکاندا ئەم دوورگەیەیان پاراستووە.

١٣- لە ساڵەکانی ١٤٠٠ی (پ. ز) گریکییەکانیش لە ئەسیناوە دێنە ئەم دوورگەیەوە. دواتر ئەم ناوچەیە چەندین هێزی داگیرکەر هێرشی دەکاتە سەر، وێران دەکرێت، ئاوەدان دەکرێتەوە و سەرلەنوێ وێران دەکرێتەوە. عەرەب، تورک و ڤینیسیاییەکان، یەک لەدوای یەک شار و گوند و ناوچەکانی کریتا داگیر دەکەن.

قۆناغی داگیرکەرە تورکەکانیش لەنێوان ساڵانی ١٦٦٩- ١٨٩٨دا بە ڕەشترین قۆناغەکانی مێژووی کریتا دادەنرێت، تورکەکان بە تەواوەتی ئەم وڵاتە وێران دەکەن و خەڵکەکەی دەچەوسێننەوە.

هیتلەریش لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا، بە تەواوەتی کریتا وێران دەکات، هێزەکانی ئەڵمانیای نازی لە ساڵی ١٩٤١دا هەموو یۆنان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بەڵام بە ئاسانی کریتایان بۆ ناگیرێت، هەر لەبەر ئەوەشە ئەفسەرە گەورەکانی سوپای یۆنانی و خێزانی پادشا خۆی، لە ئەسیناوە بۆ کریتا ڕادەکەن.

١٤- شارستانییەتی مینۆیسەکان لە کریتا هێندە کۆنە بۆتە جۆرە جیهانێکی ئەفسوونی و ئەمومژ ئاسا و پڕ لە

نهێنی، لەم جیهانەدا خواکان و پادشاکان لە چیرۆک و داستانەکاندا دەژین و مێژوو بووەتە ئەفسانە و ئەفسانەش بۆتە مێژوو.

١٥- شاری هێراکلیۆن لە ساڵی ١٩٧١ـەوە بۆتە پایتەختی دوورگەی کرێتا. خەڵکی ئەم شارە ڕوحییەتێکی ئەنارشیانەیان تێدایە و هەمیشە دژی هەموو جۆرە دروستکردنەوەیەکی ئەم شارە و ئاوەدانکردنەوەی بوون. سروشتیش لەم ڕووەوە دژیان بووە، ئەم شارە لە ساڵی ١٨٥٦دا بوومەلەرزەیەکی بەهێز لێی دەدا و بە تەواوەتی وێرانی دەکات. لە ساڵی ١٩٢٠دا، ئەوەشی کە بنیادنراوەتەوە، بە بوومەلەرزەیەکی بەهێزتر وێران دەبێتەوە و لە ساڵی ١٩٤١یشدا هیتلەر بە تەواوەتی ئەم شارە بە تۆپباران تەخت دەکات.

١٦- لە یەکێک لە ژوورەکانی موزەخانەی مێژوویی شاری هێراکلیۆندا، ژووری کارەکەی (نیکۆس کازانتزاکیس)یان بە هەموو وردەکاری و کەلوپەلەکانی خۆیەوە داناوە.

١٧- ڕاپۆرت بۆ گریگۆ، نیکۆس کازانتزاکیس، چاپی سێیەم، وەرگێڕانی بۆ کوردی: دلاوەر قەرەداغی.

١٨- نیکۆس کازانتزاکیس لە ساڵی ١٨٨٣دا، لە گوندێکی بچووکی نزیک شاری هێراکلیۆن، لە دوورگەی کرێتا لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٥٧دا لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە و زۆربەی ژیانی لە دەرەوەی وڵات بردۆتە سەر.

کازانتزاکیس ڕۆمان، شیعر، یادەوەری، شانۆنامە و لێکۆڵینەوەی نووسیوە و زۆربەی بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی دنیا. نیکۆس کازانتزاکیس بە هۆی نووسینەکانییەوە تووشی کێشەی زۆر دەبێت، بۆ نموونە کتێبەکانی لە یۆنان و لە لایەن کڵێسای ئۆرتۆدۆکسی و کاتۆلیکیشەوە بە تەواوەتی قەدەغە کران.

١٩- ڕێتیمۆن بچووکترین شاری کرێتایە، زۆربەی زانکۆ گرنگەکانی یۆنان لەم شارەن و هەموو ساڵێک لە وەرزی هاویندا یەکێک لە گرنگترین فیستیڤاڵە نێونەتەوەییەکانی، شانۆ و سەمای تێدا سازدەکرێت.

٢٠- ئەم شارە لە ساڵی ١٦٠٠ـەوە لە لایەن تورکە عوسمانییەکانەوە داگیرکراوە، هەر لەبەر ئەوەش تا کۆتاییەکانی ١٩٠٠ـەکان زۆربەی دانیشتوانەکەی موسوڵمان و تورک بوون، تا لە ساڵی ١٩٢٣دا و بە پێی ڕێکەوتنێک لە نێوان تورکیا و کرێتادا، هەموو ئەو تورکانەی کە لە کرێتا دەژیان، لەگەڵ ئەو یۆنانییانەی کە بە زۆرەملێ لە کرێتا دوورخرابوونەوە و لە شارەکانی تورکیادا نیشتەجێ کرابوون، ئاڵوگۆڕ بکرێن. بە پێی ئەم ڕێکەوتنامەیەش شاری ڕێتیمۆن بە تەواوەتی لە موسوڵمان و تورک پاک دەکرێتەوە و یۆنانییە ئۆرتۆدۆکسەکان هەر هەموو دانیشتوانی شارەکە پێکدێنن.

٢١- بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەم شارە جوولەکەن، کە تورکە عوسمانییەکان داگیری دەکەن، ڕێگا لە جوولەکەکان ناگرن کە پەیڕەوی ئایینی خۆیان و دابونەریتەکانیان نەکەن، بەڵام لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا، هێزەکانی هیتلەر هەموو جوولەکەکانی ئەم شارە دەکوژن، یان ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرەملێکانی ئەڵمانیایان دەکەن.

٢٢- بۆ یەکەم جار و لە ساڵی ١٩٣٣دا و بە ئامادەبوونی شا کۆنستەنتینۆسی یەکەم، ئاڵای یۆنان دوای ئەوەی کە کرێتا دەبێتە بەشێک لە وڵاتی یۆنان، لەسەر تاوەرە بەرزەکانی بەندەری ئەم شارە هەڵدەکرێت.

# چاوگەکانی مەقام و غەزەل و گۆرانی لە کوردستان

**وریا ئەحمەد**

لە سەردەمە کۆنەکاندا لە کوردستان وەک ئەمڕۆ خولی موزیک فێرکردن و پەیمانگە و بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرە جوانەکان نەبووە، تا وەک ئەمڕۆ ئەو فێرخوازانەی بەهرەمەندن، بە سەرپەرشتی مامۆستایانی هونەرمەند و پسپۆڕی بوارەکە، ئینجا ئەو فێرکردنە بە شێوەی زانستی، یان بە گوێچکە بێت، بەهرەکانیان بەرەوپێش ببرێن و دواتریش بە شەونخوونی و پرۆڤەکردن و بەردەوامی خۆیان، بەڵکو بتوانن لەم هونەرەدا پێش بکەون و داهێنان بکەن و ناوی تێدا دەربکەن، بۆیە لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە: ئەی ئەو بلیمەتانەی میللەتەکەمان کە لە کۆندا لەم بوارە داهێنانیان کردووە و ناویشیان بە نەمری تا ئەمڕۆ ماوەتەوە، چۆن گەشەیان بە بەهرەکانیان داوە و ئەو هونەرە فێر بوونە و تێیدا کەسانێکی ناودار و لێهاتوویان لێ دەرچووە؟

**مەقام و غەزەل و گۆرانی گوتن:** ئەگەر بمانەوێ مەقام، یان شێوەگوتن و غەزەل و گۆرانی هەموو ناوچە و دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستانی گەورە باس بکەین، کارێکی ئەستەمە؟ بۆیە لێرانەدا هەوڵ دەدەین تەنیا وەک نموونە، لە هەر ناوچە و دەڤەرێکی کوردستاندا کە تا ڕادەیەک شارەزاییمان لەبارەیانەوە هەیە، ناوی یەک دوو بەرهەمی ڕەسەنی ئەو ناوچە و دەڤەرانە لە شێوەگوتن و حەیرانۆک و لاوک و غەزەل و هی دیکە بنووسین: کوردمانجی دەڤەرە جیاجیاکانی باکووری کوردستان لە دەیان هۆز و خێڵ پێکهاتوون و لە ناو هەر هۆز و خێڵێکیشدا چەندین جۆر لاوک و دەیان، بگرە سەدان سترانی کارکردن و بۆنەکانی دیکەی فۆلکلۆری هەیە، جگە لەوە لە ڕووی ئایین و مەزهەبیشەوە کوردانی باکوور سەر بە زیاتر لە ئایین و مەزهەبێکن و هەر یەکێک لەوانەیش دیسان کولتوور و ڕێوڕەسمی تایبەتی ئەو ئایین و مەزهەبانەیان هەیە و هەر لایەنەیش چەندین ئامێری موزیک و ستایش و سترانی تایبەتییان بۆ ئەو بۆنانەیان هەیە، وەک: ئێزدی و ئیسلام و مەسیحی و لە کۆندا جوولەکەیش، ئینجا لە ڕووی مەزهەبیشەوە کوردانی (سوننی) و (عەلەوی) و لە ڕووی زاراوە و دیالێکتیشەوە کوردانی (کوردمانجی ژووروو) و (زازاکی) و...هی دی هەن و هەر تاقم و کۆمەڵگەیەکیش گۆرانی و شێوەگوتن و ستایشی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. لە ناوچەی هەورامان شێوە گوتنەکانی وەک هۆرە و سیاچەمانە و چەندین جۆری دیکەی گۆرانی بۆ نموونە (چەپڵە) و (خاو) و هی تر هەیە، لە موکریان جگە لە شێوە گوتنەکانی وەک: پاییز و بوهار و گەلۆ، سەد جۆری دیکەی گۆرانی جیاجیا هەیە، لە هەولێر و

دەوروبەری حەیران و قۆریات و دەیان جۆر بەستە، لە ناوچەی گەرمیان ئەڵلاوەیسی و قەتار و ئای ئای و خورشیدی و بەستەی تایبەتی ناوچەکە هەیە، لە ناو دانیشتوانی سەر بە ئایینە کۆنەکانی کوردانی وەک: ئێزدی و ئەهلی هەق و کاکەیی و عەلەوی: تەمیرەژەنین و بە پیرۆز دانانی ئامێرەکانی موزیک کە لەلای ئەو مرید و دەروێش و قەوال و فەقیر و ئەوانەوە بەکاردێن و چەندین نەغمە و ئاوازی پیرۆز و چەندین جۆر سرووت و ستایشی تایبەت بەو ئایینانەیشیان هەیە، بۆ نموونە: لە ناو کوردانی ئێزدی ئامێری (شباب) بۆ ژەنینی قەولەکانی ئەو ئایینە و پیرۆز ڕاگرتنی ئەو ئامێرە و تەمبوور ژەنین و سەد جۆر لاوک و بەستە و گوتن هەیە، لەلای کاکەیی و عەلیئەڵلاهی چەندین جۆر ستایش و گوتنی تایبەت بەو مەزهەبە و پیرۆز ڕاگرتنی ئامێری (تەمبوور)، یان وەک خۆیان دەڵێن (تەمیرە - تەموورە)، لە ناوچەی لوڕستان مەقامی عەجەم و چەندان بەستە کە زۆربەیان لەسەر ئەو مەقامە دانراون، لە کرماشان و قەسری شیرین و ناوچەی خانەقین سەد جۆر گۆرانی و شێوەگوتنی تایبەتمەند هەن. ئەدی ئەو ناوچەو دەڤەرە کوردنشینانەی ئێمە هیچیان لەبارەوە نازانین؟ ئەوە جگە لە کوردەکانی ناوچەکانی (یەریڤان و ئەرمینیا و کازاخستان و خوراسان و کوردەکانی بەختیاری) و هی دیکە. پاشان ئەگەر بمانەوێت باسی دەنگ و سەدای ئەو هەموو گۆرانی و مەقامخوێنانە بکەین، مەبەستم ئەوانەی دەنگیان تا ئەمڕۆ بۆ ئێمە پارێزراوە و بەجێ ماوە و تا ئەمڕۆکەش دەنگ و سەدایان کاریگەری خۆیان بەسەر بەشێکی زۆری خەڵکدا هەیە، ئەوە گەلێ زۆرن، وەک: سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، کاوێس ئاغا، سێوە، عەزیز ئاغای قەوان، مەلا کەریم، ڕەشۆڵ، دایکی جەمال، نازدار و ئەسمەر فەرهاد و تا دەگاتە عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و حەسەن زیرەک و ماملێ و ئایشە شان و مشکۆ و مام ڕەسووڵ گەردی و مریەم خان و حەسەن و محەممەد عارفێ جزیری و دەیانی دی.

ئەوانەی ناومان بردن و دەیان بگرە سەدانی دیکەیش، ئەستەمە لە نووسینێکی ئاوادا هەموویان وەبیربخەینەوە، بۆیە دێمەوە سەر ئەسڵی بابەتەکەم و دەپرسم:

ئایا هەموو ئەو بلیمەتانە و هی تریش لە هونەری گۆرانی و مەقامدا چۆن بەو پلە و پایانە گەیشتوون؟

بەڕای ئێمە لە کوردستاندا میللەتەکە ناو ناوە خاوەنی نیمچە سەربەخۆییەک بووە، ئەمەش لە ئیمارەتەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە هەرجارە و بۆ ماوەیەک لە دەڤەرێکدا ئیمارەتێکی وەک: بتلیس، بۆتان، ئەردەڵان، سۆران، بابان، جاف، سوڵتان موزەفەری هەولێری، قووچ پاشای کۆیی... تاد، هەستی نەتەوایەتی پاڵی بە جوانمێرانی ناوچە جیاجیاکانەوە ناوە، بۆ ئەوەی لە ژێر



چەپۆکی زلهێزەکان دەربچن و تۆزێ تامی ئازادی بچێژن و بۆ ماوەیەکیش بێت بحەسێنەوە و بە هەوڵ و کۆشش و خەباتی ئەوانە هەر جارە ئیمارەتێکیان قوت کردووەتەوە و خەڵکانی ئەو دەڤەرانەش بۆ ماوەی جیاجیا، لەژێر سێبەری ئەو میر و پاشا کوردانە تا ڕادەیەک حەساونەتەوە، چونکە بۆ ماوەیەک با کورتیش بووبێت ئاسایش و ئارامی باڵی بەسەر ئەو ناوچە و دەڤەرانەدا کێشاوە، کە ئەمەش زۆر پێویستە بۆ ڕەخسانی باری گونجاو بۆ دەرکەوتن و گەشەکردنی بەهرەی هونەرمەندان و لەباوەشگرتنی بلیمەتان و داهێنەران، بۆیە بەڕای ئێمە

هەر لەو کاتانەشدا ئەو بنکە و بارەگایانەی هونەر دامەزراون و ڕۆڵی پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەری ئەمڕۆیان لە پێگەیاندنی بەهرەمەنداندا بینیوە:

**(١) سولّتانی شاری هەولێری کوردان سولّتان (موزەفەری گۆکپەری ١١٩٠- ١٢٣٢ی زایین)(١)** کە زاوای سولّتانی ناوداری کورد (سەلاحەدینی ئەیووبی) و مێردی خوشکی بووە، لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامدا یەکەم سولّتان بووە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا لە شاری هەولێرەوە ئەو دابو نەریتی (مەولوودی پەیامبەر)ی موسوڵمانانی داهێناوە. کەواتە مەولوود بەو شێوەیەی ئەمڕۆ هەیە، سولّتانێکی خەڵکی شاری هەولێر بووە، لە سەرتاپای جیهانی ئیسلامدا خاوەنی بیرۆکە و داهێنانی بووە و ساڵانە وەک میهرەگانێکی کەم وێنە، لەسەرانسەری دنیای ئیسلامەوە، تیپی تایبەتی مەولوود و مەقام و غەزەل خوێندنەوە، بۆ هەولێر داوەت کراون و لە ماوەی مانەوەیاندا لە هەولێر لەلایەن سولّتان موزەفەر و خەڵکی شار و دەوروبەرەوە پێشوازییان لێ کراوە و میوانداری کراون، ئەم کارەش هەموو ساڵێک بە بۆنەی هاتنی مانگی مەولوودەوە بووە، بەو بۆنەیەوە شار و قەڵای هەولێر وەک بووک ڕازانراونەتەوە، بەدرێژایی کۆڵانەکانی قەڵات و هەتا خوارەوەی قەڵاتیش، مافوور ڕاخراون و شوێنی دانیشتنی خەڵک و تیپەکانی مەولوود خوێندنەوە ئامادە کراون! هەر شەوێکیش تیپێکی مەولوود خوێندنەوەی سەر بە وڵاتێکی ئیسلام، هونەری خۆی پێشکەش بە سولّتان و ئامادەبووانی شارەکە کردووە، ئەو کارە بە درێژایی چەندین ڕۆژ و شەو، هەموو ساڵێک درێژەی هەبووە، لە کۆتایی ئەو میهرەگانە درێژخایەن و شکۆمەندەدا، لە لایەن سولّتان موزەفەرەوە خەڵات بەسەر تیپ و مەقامخوان و موزیکژەنان دابەش کراوە و ساڵانە بەو جۆرە میهرەگانەکە کۆتایی پێ هێنراوە.

بێ گومان ئەو میهرەگانە سوودی بۆ هونەری کوردیمان بە گشتی و بۆ مەقامخوان و دەنگخۆش و موزیکژەنانی شاری هەولێریش بەتایبەتی هەبووە، لەوەی چەندین مەقامخوان و مەقامزان و دەنگخۆش و موزیژەنی بێگانەی ئاست بەرزیان لەو بۆنانەدا ناسیوە و بێشک کاریگەری دوو لایەنە لە نێوانیاندا ڕووی داوە.(٢)

دکتۆر (زرار سدیق تۆفیق) یش لەم بارەیەوە نووسیویەتی: (یادکردنەوەی لە دایکبوونی پەیامبەری ئیسلامیش لە شاری هەولێردا بۆ هەوڵی میری هەولێر (موزەفەرەدین گۆکپەری) دەگەڕێتەوە، کە هەموو ساڵێک پێویستییەکانی ئەو یادەی ئامادە کردووە، ئەوەتانی (ئیبن خەلەکان -١٢٨٢)ی زایین کە بە چاوی خۆی ئەو ئاهەنگانەی دیوە دەگێڕێتەوە: «لە هەموو ناوچەکانی نزیک هەولێر و بەغدا و مووسڵ و جزیرە و شەنگال و وڵاتی عەجەمیشەوە خەڵکێکی زۆر روویان لە هەولێر دەکرد، پێشوازی لە هەموویان کراوە، لە لاپاڵی (قەڵای هەولێر)دا نزیکەی بیست (سەکۆ) لە دار و تەختە دروست کراوە، لە شێوەی ئەوەی ئێستا لە یاریگەکاندا هەن، هەر یەکێک لەو سەکۆیانە لە (٤-٥) چین و پلە پێکهاتوون، هەر لە دەروازەی قەڵاوە تا دەروازەی خانەقای نزیک مەیدان ڕیزکراون و خەڵکی لەسەریان دانیشتوون، لە سەر هەر ڕیزە سەکۆیەکیش دەستەیەک لە گۆرانیبێژان و شاعیران و موزیکژەنان دانیشتوون و تەپڵیان کوتاوە».(٣) شایانی گوتنە تا ئەمڕۆکەش لە ناو تەکیەکانی بە تایبەتی شاری هەولێردا ئامێرەکانی موزیکی جۆری (ڕەزم)ی وەک (دەفی گەورە) کە بە (دەفی دەروێشی) ناسراوە و تەپڵێکی تایبەتی کە لەسەر سێپایەکی تایبەتی دادەنرێت و بە دوو دار دەکوترێت و ئامێری (سەنگ) کە عەرەب لەبەر نەبوونی پیتی (گ) بۆ (سەنج) گۆڕیویانە و ئامێری (شمشاڵی کانزا)یش زووتر هەبووە و لە ڕۆژانی زیکر و ستایشی خوداوەندا لێدراون و کوتراون.(٤)

**(٢) لە شاری کەرکووک هەر لە دێر زەمانەوە لە تەکیە، یان خانەقای (تاڵەبانییان):** بە سەرپەرشتی شێخانی وەک: (شێخ عەبدولڕەحمان تاڵەبانی) و (شێخ حەسیب تاڵەبانی) دەگێڕنەوە، وەک میهرەگانەکانی(٥) ئەمڕۆ میوانداری دەنگخۆش و ئوسوولزانانی مەقامیان لە دەرەوەی کەرکووکەوە کردووە و هەموو پێداویستی وەک: شوێنی حەوانەوە و خواردن و هاتوچۆیان بۆ میوانانیان دابین کردووە، ئینجا لەگەڵ ئوستادان مەقامخوانانی شارەکەیان بەرانبەر یەکترییان کردوون! (حەمە درێژ)ی کۆچکردووی مەقامزان و ئوستادی ئەم هونەرە لەم بارەیەوە دەڵێ: (شەڵتاغ لە بەغدا چاکترین ئوستادی مەقام بووە، دەڵێن لە ڕەچەڵەکدا خەڵکی ناوچەی (کفری) بووە، جارێکیان بۆ تەکیەی تاڵەبانی کەرکووک



هاتووه، ئەو کاتە (شێخ عەبدلرەحمان)، لێپرسراوی تەکیەکە بووە، کە چاوی بە شەڵتاغ کەوتووە، بەدوای (وەلی) مەقام خوێنیدا ناردووە، وەلی هاتووە و لە تەکیەدا لەگەڵ (شەڵتاغ) دانیشتووە، چی مەقامزان و دەنگخۆش و مەقام دۆستی شارەکەیش هەیە، کە بەمەیان زانیوە لەو شوێنە ئامادە بوونە، (شەڵتاغ) و (وەلی) شەوێک و ڕۆژێک بەردەوام مەقامیان خوێندووە و مەقامیان گۆڕیوە! (لە گوتنی مەقامەکاندا دەستووری مەقامەکانیان ڕەچاو کردووە)، لە ئەنجامدا شەڵتاغ پەکی کەوتووە و هەستاوە ڕووی کردووەتە شێخ و گوتوویەتی: یا شێخ ئەم پیاوە واتە "وەلی" ئۆستادی منە!)

حەمە درێژ هەر بۆ ئەم بابەتە دەڵێت: دەنگوباسی دیکە لەبارەی لێهاتوویی و بلیمەتی "وەلی" زۆرن بۆ نموونە: جارێکیان لە بەغداوە داوەت کراوە، گەلێ کۆڕی مەقام خوێندن، بە بۆنەی هاتنی وەلی-یەوە بەستراوە، مەقام خوێنانی بەغدا ئەوانەی بەشداری ئەو کۆڕانەیان کردووە پەکیان کەوتووە! کەچی وەلی هێشتا هەر پێی ماوە و دانەماوە؟(٦)

لە تەکیەی تاڵەبانی وەک میهرەگانەکانی ئەمرۆ هەرجارە ئەم کارە هونەرییانە چەندین ڕۆژ و شەوی خایاندووە، تا دواجار مەقام خوێنێک داوای لە شێخ کردووە، کە ئیتر پێی نەماوە، بۆیە مەقامخوێنەکەی بەرانبەری بە سەرکەوتوو دانراوە.

**(٣) لە کۆیە لە دیوەخانی (ئەمین ئاغای ئەختەر ١٨٣٩- ١٨٨٧):** ئەختەر چونکە خۆی مەقامزان و لەم هونەرەشدا ئەهلی کار بووە و عیشقی بۆ ئەم هونەرە هەبووە، لەلایەکی دی ئاغا و دەستڕۆیشتوویش بووە، شەوانە تا بەرەبەیان دەنگخۆش و مەقام و غەزەل خوێنانی نەک هەر بە تەنیا هی شارەکە کە ئوستاد و دەنگخۆشی دیوەخانەکەی ئەختەر (مەربێنی قەشە شابیل) بووە، بگرە گەلێک جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (عەجەم ئۆغلۆ) کە هونەرمەند و مەقامخوانێکی کورد بووە، لە هەولێر (شەهابە هەولێری) و لە بەغدا و مووسڵیشەوە مەقام و غەزەلخوێنانی داوەت کردوونە و ئەو هونەرەیان نەک بە تەنیا پاراستووە، بگرە پەرەیان پێداوە و بەرەو پێشیشیان بردووە. مامۆستا مەسعوود محەمەد بەم شێوەیە باسی ئەختەری کردووە: (ئەمین ئاغا سەرەڕای شاعیری، شارەزایەکی دەست درێژیش بووە لە (مەقام)، بە قەدەر هەر ئوستادێکی بەناوبانگ لە زانستی مەقامدا، چەسپاو بووە، شاعیری لە لایەکەوە و مەقام شوناسی لە لایەکی ترەوە، هەردووکییان کە بە تێر و پڕی لە بەهرەی ئەمین ئاغادا کۆببوونەوە، ئاکاری شیرین و خنجیلەی ئەو بەزمانە بوون، کە لای ئەو بەرپا دەبوون و لەو ڕووەوە بە تەرازووی هونەر گەلێک سەنگینتر و نرخدارتر دەردەچوون، لە بەزمی عادەتی کە لە جێگاکانی دیکەی کوردستان بەرپادەکران. لە سەردەمی ئەمین ئاغادا بازاڕی گۆرانی و مۆسیقا سەر لە نوێ کەوتەوە گەڕ، فێرگەی بەستەسازی و مەقام شناسی کە میراتێکی یەکجار کۆنی ڕابردووی (کۆیە)یە، نوێ بووەوە و بووژایەوە. جگە لە کۆیە جێگەی دیکەش هەبووە لە کوردستان مەجلیس و ڕابواردنی وەهای تێدا بووە، بەڵام گومانم نییە لەوەدا لە ڕووی ئوستادی و هونەرکارییەوە هاوتای دانیشتنەکانی دیوەخانی ئەمین ئاغای ئەختەر یەکجار کەم هەبووە، ڕەنگە هەر نەیشبووبێ، چونکە بە عادەت خاوەن مەجلیس تەنیا خەریکی بیستن و دیتن و کەیف پێهاتن دەبێ بۆ خۆی لەگەڵ گوزارشتی بەزم و ئاهەنگ تێکەڵ نابێ، تەنانەت

ئەگەر ئەو خاوەنە بەهرەیەکیشی هەبێ لەو هونەرانەدا کەوا لە مەجلیسەکەی پێشکەش بە تەماشاچییان دەکرێن، مەگەر جار و بارێک، دەنا تەدەخولێک ناکا لە چاک و خراپە و چەند و چۆنی دەستووریان، مەسعوود محەمەد دواتر دەڵێت: ئەمین ئاغا بۆ خۆی لە کوردی و فارسیدا شاعیرێکی هێژا بووە، بەشێکی زۆر لە بەیتی گۆرانی و بەستەکان خۆی دەیهۆنییەوە، ئەوەی خەڵکی دیکەش هەڵی بەستبان لە پێش چاوی ڕەخنەگر و نیگای پڕ هونەری ئەودا تێپەڕ دەبوو ئەوجا دەبوون بە گۆرانی و دەخرانە قاڵبی مۆسیقاوە.)(٧)

**(٤) لە تەکیەی ماڵی کاکی هیرانیدا:** لە سەر دەستی سافی هیرانی (کاک مستەفاکوڕی کاک عەبدوڵڵای هیرانی ١٨٧٣ - ١٩٤٢) ز) شاعیر و مەقامناس و هونەردۆست. لە کتێبی (سافی هیرانی) کە مامۆستا (محەممەد هیرانی) نووسیویەتی هاتووە: (هەبوونی گرووپێکی دەنگخۆشان لە دەوری سافی ئەوە دەگەیەنێ کە زۆر ڕێنومایی پەروەردەکردنی بۆ دەنگخۆشانی کردبێ و خۆیشی تامەزرۆی دەنگ و سەدای ئەوان بووبێ، چونکە بێ ئەوان سەردانی هیچ شوێنێکی نەدەکرد، ئەو هەموو گڕ و سۆز و عیشقە، تێکەڵ بە سەدا و تەرەننومی سەبا و حیجاز و خەمەنگێز و حەیران و دەشت و چارگا، دۆخێکی تایبەتی شەوق و زەوقی سافی بووە و گڕوکڵپەی تا ئیستاش لە نێو بنەماڵەکەیدا هەر ماوە، ئەگەرچی بە هەمان تین و تەوژمیش نەبێ.)

مامە غەوسەی کوڕی لەم ڕووەوە دەڵێت: (باوکم هەموو دەنگخۆشانی خۆش دەویست، بە تایبەتی دەنگخۆشانی بەزەوقی زۆر خۆش دەویست، کاتێک باوکم دەهاتە کۆیە (مەلا ئەسعەد) و (سێوە) و ئەوانەی کۆدەکردەوە، لە بیرمە جارێکیان (بێخود)ی شاعیریش بە میوانی بۆ کۆیە هاتبوو، ئەو شەوە تا بەیانی نووستن نەبوو، مامە غەوسە هەروەها دەڵێت: لەو جۆرە دانیشتنانەدا باوکم زەوقی لە گوتنیان وەردەگرت و قەد بە مەی خواردنەوەشیان دڵگران نەدەبوو، دڵی فراوان بوو. ئێمەش لە هەولێر زیاد لە تەکییەیەکمان هەبووە، دانەیەکمان لە قەڵاتی هەولێر و یەکی دیکەمان لە گەڕەکی (خانەقا)، ئەمەیان ئەمڕۆ کاول بووە، دانەیەکی دیکەمان لە گەڕەکی تەیراوە بە ناوی مزگەوتی (قادریە) بوو، جگە لەوانە تەکییەمان لە ڕواندزیش هەبوو، ئەوانەی ئێرە زۆربەیان دەروێشی بابم بوون، تەکییەی قادری لە هیران تا ئەمڕۆش ماوە، تا دەگەیتە لای (برادۆستان) تەکیەمان هەبووە، لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تەکییە زۆرن، جار بووە دەروێشی تەکییەکانی ئەوان بۆ ئێرە و جاری دی دەروێشانی ئێمە بۆ تەکییەکانی ئەوان چوونە! واتە لە ناو تەکییەکاندا بە تایبەتی ئەو کاتانەی ئەو دەروێش و مریدانە هاتوونە، هەندێکیان دەنگخۆش بوونە و لەگەڵ دەنگخۆش و مەقام خوێنانی ئێرە بەرانبەر یەکتری دانیشتوونە و تا یەکێک لەوی تری بردووەتەوە.)(٨)

**(٥) تەکیەی هەڵەجە و کۆیە:** سەید ئەنوەری کوڕی سەید ئەحمەدی کوڕی شێخ کەریمی کۆیە یادی بەخێر لەم ڕووەوە دەڵێت: (بەڵام لە گۆتندا (شێخ نەجمەدین)ی مامم ئوستادی هەر هەموویان بووە، کاتی خۆی ئەو مامەم دەیگێڕایەوە و دەیگوت: لە سەردەمی باوکم، دانیشتنی ئەوتۆمان سازداوە، کەڵە شاعیر و مەقامبێژان لە (بەغدا)وە دەهاتن، بۆ تاقیکردنەوە و ناسینی توانای دەنگی ئێمە لە گۆتن و مەقامزانیدا، ئەوان پەکیان دەکەوت و دەنگی من نەدەکەوت. هەروەها گوتی: جارێکیان لە(تەق تەق)ـەوە، لە زێ پەڕینەوە بەرەو (قەسرۆک) چووین، (سەید سەلمان – کە دەنگخۆش و مەقامزانێکی شاری موسڵ بوو، دەبێتە باپیری سەید ئیسماعیل فەحام، مەقامبێژی ناوداری شاری مووسڵ)، مانگێکی ڕەبەق لەخزمەتی مامم لە (هەڵەجە) مایەوە، مامم وەک زووتر گوتم: لە مەقامزانین و مەقام گوتندا کەم وێنە بوو، بۆیە لە گەلێ شوێنەوە بۆ لای دەهاتن، بۆ ئەوەی لێی فێربن، یان هەر پرسیارێکی لە مەقامەکاندا هەیانبێت ئاراستەی مامی بکەن، مامیشم بە درێژی وەڵامی دەدانەوە و بۆی شی دەکردنەوە، مامم (شێخ نەجمەدین) بۆی گێڕاینەوە و فەرمووی: جارێکیان لە بەغداوە، کۆمەڵێک مەقامبێژ و مەقامناس بۆ کۆیە بۆ لای من هاتن، بۆ تاقیکردنەوەی توانا و مەقامزانین و گۆتنی من، هەریەکەیان دەستی کرد بە گوتنی مەقامێک کاتێک نۆبەی من هات، بە مەقامی (ئیبراهیمی) دەستم پێکرد و چوومە مەقامەکانی دی هەتا (١٢) مەقامم بۆیان خوێند، هەموو ئەو مەقامانەم بە (میان)

و (قــوفل)ـەكــانەوە بۆیـان ئەداكــرد و ئەو مــەقــامــانەم بەیەكتری بەستنەوە، ئەوانەی لە مەجلیسەكەدا لە مەقام دەگەیشتن، ئەو كارەی منیان گەلێ پەسەندكرد، دواجار گـوتیـان: تۆ لە زانینی مـەقـامـدا لە ئێـمـە باڵاتری و لە توانای دەنگ و گۆتنیش لە ئێمە ئەهلی كارتری.

لە كــۆتایی ئەم نووســینەدا دەڵێم: دڵنیــام ئەگــەر گەڕانی مەیدانی بۆ ئەم مەسەلەیە بكرێت، لە باشووری كـوردسـتـاندا شـوێنی دیكەش هەبووە، هەمـان هونەری تێـدا سـازدراوە پەرەی پێ دراوە. ئەی چ جـای گـەڕانی مەیدانی بە ناو كوردستانی گەورەدا؟

**پەراوێز و سەرچاوە:**

**١) گـۆگـپـەری (جـۆجـپـەری): وەک مـامـۆسـتـای شـاعـیـر (مــەدحــەت بێ خــەو) بۆی باس كــردم: زەمــانـی (توركــانی عوسمانی) ئەو ناوونیشانە بە (سوڵتان موزەفەر) بەخشراوە، بە واتای (گورگی شین).**

**٢) ڕۆژنـامـــــەی (هەولـێـــــر)ی ژمــــارە (١٣٢٣)ی (٢٠١٢/٥/١)، لاپەڕەی هونەر.**

**٣) ژمارە (٥٩)ی گۆڤاری (چلاواز) لاپەڕە (١٧) ئەو بابەتە لە لایەن مـامـۆسـتـا (حـەمـەی حەمـە باقی) لە عـەرەبـیـیـەوە بۆ كوردی وەرگێڕدراوە.**

**٤) وریا ئەحمەد. كتێبی (ئامێرەكانی مۆسیقای كوردی)، ساڵی (١٩٨٩) بە هاوكاری ئەمیندارێتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە چاپ گـەیشــتـووە. ل. (٣٩ – ٥٢).**

**٥) میـهرەگان: عـەرەب لەبەر ئەوەی پیـتی (گ)ی نییە، ئەم وشە دێرینەی ئێمـەی كە سەر بە ئاییـنی دێرینی (زەردەشـتی)یە كردووە بە (میهرەجان)، بۆیە لێرەو دوا باشتری دەبینم لە جیاتی (فیستیڤاڵ) و (میهرەجان) ئەم زاراوەیەی خۆمان بەكاربێنین.**

**٦) گـۆڤـاری (كـاروان)ی ژمـارە (٦٠)ی تشـرینی سـاڵی (١٩٨٧).**

**٧) مەسعوود محەمەد. بەشی یەكەمی كتێبی (حاجی قادری كـۆیی) هەولێـر، دەزگـای چاپ و بڵاوكـردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم ساڵی ٢٠١٠. ل. (١٣١–١٣٢).**

**٨) گـۆڤـاری (ڕامـان)ی ژمارە (١٣٣)ی حـوزەیرانی سـاڵی (٢٠٠٨) ل. (١٣٧).**

# کچە قوفڵ لێدراوەکان

**فرمێسک مستەفا**




زانست، هێز و توانابیە، نووسین، دەربازبوونە.

کچە قوفڵ لێدراوەکان.. یەکێکە لە ڕۆمانەکانی ژنە نووسەری سووری (هیفاء بیطار). کە تێیدا باس لە گرفتێکی زەقی فەرامۆشکراوی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دەکات بە گشتی و کۆمەڵگەی عەرەبیش بەتایبەتی کە ئەویش گرفتی قەیرەیی ئافرەتانە. لەم ڕۆمانەدا نووسەر تیشک دەخاتە سەر باری دەروونی ئەم کچانە کە دەگەنە تەمەنێک و کاتی شووکردنیان بەسەر دەچێت، لە ئاکامی ئەمە تووشی چ نەهامەتییەکی دەروونی دەبن و بە چ شێوازێک لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی خۆیان و دەوروبەردا مامەڵە دەکەن. (هیفاء) ئەم کێشەیە بە کێشەیەکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی دادەنێت لە کۆمەڵگەیەک کە بیروباوەڕی ئایینی تێیدا باڵادەستە و کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە. پیاویش ئەوکەسەیە کە خاوەنی جەستەیەکی سەربەخۆیە و سەرباری ئەوەش شەرەفی ئەو لەلای کەسێکە کە ناوی ئافرەتە. ئافرەتیش ئەو بوونەوەرەیە هەر لە یەکەم چرکەی هاتنە نێو ژیانەوە تا دوا چرکەی ماڵئاوایی لە ژیان، مۆری شەرەفی خێزان و میللەتێکی هەڵگرتووە. بە مەرجێک کەسیش نازانێت کێ خاوەنی شەرەفی ڕاستەقینەی ئافرەتە و دەیپارێزێت؟

نادیە یەکێکە لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە، کاتێ تەمەنی دەبێتە پەنجا ساڵ و ئاوڕ لەو هەموو ساڵانە دەداتەوە کە بە بێهوودەیی لێی ڕۆیشتوون لە چاوەڕوانی پیاوێکی نادیاردا، بۆ ئەو کەسە سەراب ئاسایە ساڵانێکی دوورودرێژ پشتوێنی شەرەفی بۆ بەستبوو. وا ئێستا بە تەنیا دووچاری ئەو حەقیقەتە تاڵە دەبێتەوە کە پاکیزەیی و بەرزی پلە و زیرەکی ئەو نەیتوانیوە ئەو بۆشاییە ڕوحییەی بۆ پڕبکەنەوە. لە ڕوحێکی چەشن قوماشی چرچولۆچ زێدەتر هیچی تر نییە و ئەو پارچە بەتاڵە نەبۆتە قوماشێکی نەرمونیانی چەشن ئاوریشمی.

ئاهەنگی جەژنی لە دایک بوونی نادیە دەبێتە کۆنگرەیەک، بۆ ئەو ئافرەتانەی شەمەندەفەری شووکردن جێی هێشتوون و بە قەیرەیی

ماونەتەوە. لەم ئاهەنگەدا هاوڕێکانی نادیە، (جولی، سناء، تغرید). هەریەکەیان باس لەو سەرکێشییە دەکەن کە ناویانە، تا خودێکی سەربەخۆ دەستگیر بکەن لە بری ئەو چاوەڕوانییەی پیاوێک بۆیان پڕیکاتەوە لە ژێر چەتری زەواجدا پارێزراوبن و بێ توانج و تانە بژین. ئەوان لە کۆمەڵگەیەکدان بە مرۆڤی پلە دوو و بگرە بیست و شەشیش سەیر دەکرێن، بۆیە ئەمە دەبێتە هەڵوێستێک و هەریەکەیان بە جۆرێک تۆڵە لە قەیرەیی خۆی دەکاتەوە. هالە دەستگیرانی کوڕێکی مردووە، کە بە ڕووداوی ئۆتۆمۆبیل ژیان جێ دەهێڵێت، هەموو ژیان چاوەڕوانی دەستگیرانێکی مردووە تا بگەڕێتەوە لای. ئەمەل پاڵەوانێکی تری ڕۆمانەکەیە هەوڵ دەدات کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت و دەرئەنجامی ئەو خەمساردییەی بەدی دەکات، لەهەوڵدانیدا بۆ گەڕان بەدووی چارەسەرێکدا بۆ ئەم کێشەیە دوای ئەوەی گرفتی قەیرەیی دەبێتە لێکۆڵینەوەی نامەی ماستەرەکەی، بەڵام بەهەند وەرناگیرێت. وەک ئەوەیە کە قەیرەیی ئافرەتان گرفتێکی زەق و ئاشکرا نەبێت و کۆمەڵگە بەرپرسیار نەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆی. دکتۆرە هنادی کە چاودێری نامەی ماستەرەکەی ئەمەل بوو، هەوڵەکانی بۆ گێڕانی سیمینار و کۆنگرەکان تا باس لەم توێژە بکات وەک قوربانییەکی گەورەی کۆمەڵگە، بەڵام بێ سوود دەبێت، تەنیا کۆنگرە دەبێت لە پێناو کۆنگرەدا و هیچی تر! دوعا ئەو ئافرەتەی هەموو ژیانی بە عیبادەت و خواپەرستی دەباتە سەر تا ئافرەتێتی خۆی لە بیر دەکات و دەبێتە بەدەنێکی بێ گیان و ڕوح.

هەیفا دەیەوێت لە ڕۆمانی کچە قوفڵ لێدراوەکان، ئەوەمان پێ بڵێت کە قەیرەیی ئافرەتان دێوەزمەیەکە، دژی مرۆڤایەتییە و تروسکایی ژیان دەسڕێتەوە، ئەو ئافرەتانەی ڕۆژهەڵات بە ئافرەتانی ڕۆژئاوا دەچوێنێت. دەڵێت بۆ ئافرەتانی ڕۆژئاوا جەستەیەکی ئازادیان هەبێت و مرۆڤی سەربەخۆ و ئازاد بن، شەرەف مانایەکی تری هەبێت؟ بۆ کۆمەڵگەی عەرەبی بە شەرەفی ئافرەتەکانیانەوە ببەسترێتەوە؟ بۆ دەبێت وشەی شەرەف تەنیا لە سەر ئەو پەردەیە نووسرابێتەوە کە مۆری کچێنییەکی وەهمی بێت؟

هەیفا لە ڕۆمانەکەیدا باس لەوە دەکات ئارەزووی سێکس خواوەند بەخشیوێتی بە عەبدەکانی خۆی، لە هەمان کاتیشدا بۆ ئافرەتان قەدەغە و تاوان و گوناحبارییە. ئافرەتان بۆ مافی ئەوەیان نەبێت لە دەرەوەی شووکردندا.. ئارەزووە سیکسێیەکانی خۆیان تێر بکەن؟ ئەو بۆ وەک پیاو بڕیاردەری چارەنووسی خۆی نەبێت؟ بۆیە هەر یەک لە پاڵەوانانی ڕۆمانەکە سنووری گوناحەکان دەشکێنن و دەگەنە ئەوەی دەبێت شۆڕشێک هەبێت کە تێیدا ئەو نائومێدییە بکوژن کە ناوەوەیانی داگیر کردووە، ئەگەرچی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە هێندە ئاسان و خۆشبەخت نییە. لە کۆتاییشدا گشتیان دەگەنە ئەنجامێک کە تاقی کردنەوە سێکسییەکانیان لە سەردەستی پیاوانێکدا بووە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە سێکسییەکان بووە و هیچی تر، دوور بووە لە پێوەندییە مرۆڤایەتییە سروشتی و ڕوحییەکان، لەبەر ئەوە پەشیمانی خۆیان دەردەبڕن. دەگەنە ئاکامی ئەوەی کە بۆشاییە ڕوحییە ونبووەکانیان بە ئەزموونی مومارەسەکردنی سێکس پڕ نابێتەوە. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا جێگای سەرنجە، پاڵەوانەکان گشتیان لە کار و پێگەی کۆمەڵایەتییاندا ئافرەتی سەرکەوتوون، هەروەها ئافرەتی ڕۆشنبیر و داهێنەرن.. نەک هەر لەم ڕۆمانەدا، لە زۆربەی ڕۆمانەکانی هەیفا وەک (ژنە دوو نەهۆمییەکە، هاوار، ڕۆژگاری تەلاقدراوێک..) ژن تێیدا پێگەیەکی وەزیفی و کۆمەڵایەتی بەرزی هەیە، سەرباری ئەوەیش تووشی لێشاوی نەهامەتی دەبێت و بەردەکانی دەهاوێژرێن دووچاری ئەوان دەبنەوە. دیارە ئەوە دەیەوێت بە کۆمەڵگە بڵێت کە ژنانی هۆشمەند و بیرفراوان و درک بە ناهەقییەکان زیاتر دەکەن، تەنیا ئەوان دەجەنگن تا وەک مرۆڤێک شوناسی خۆیان بدۆزنەوە. لە کاتی گەڕانیان بەدوای ئەو شوناسەدا لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا دووچاری لێشاوی ڕەفز بوون دەبنەوە. لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی چوارچێوەیەکی بۆ ئافرەت داناوە، کە لەو چوارچێوەیەدا هەنگاوێک هاتە دەرەوە، ئەوە دەبێتە کەسێکی بەد و ناحەز.

**نووسەر لە چەند دێڕێکدا**

(هیفاء بیطار) لەدایک بووی ساڵی ١٩٦٠، لە شاری لازقییەی سوریا چاو بۆ دنیا هەڵدێنێت. دایکی مامۆستای فەلسەفەیە و باوکیشی مامۆستای ئەدەب و زمانی عەرەبییە. لە ساڵی ١٩٨٢ لەزانکۆی تشرین لە لازقییە کۆلێژی پزیشکی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پسپۆڕی وەردەگرێت و دەبێتە پزیشکی چاو.

یەکەم ڕۆمانی هەیفا بە ناوی ڕۆژگارەکانی تەڵاقدراوێکە، ئەگەرچی باوکی ڕێگر دەبێت لە بڵاو کردنەوەی، لەبەر ئەوەی ڕۆژگارە نەهامەتییەکانی هەیفا خۆیەتی، کاتێ لە مێردەکەی جیا دەبێتەوە لە ڕۆمانەکەدا باس لە خودی خۆی دەکات. کاتێک تەڵاقی خۆی وەردەگرێت، ژیانی دەبێتە گۆڕەپانی جەنگێک و تێیدا بەرەنگاری کۆمەڵگە دەبێتەوە. لە کاتی ئەم گرفتە دەروونییە سەختەیدا، هەیفا ڕۆژگارەکانی خۆی دەنووسێتەوە تا لە و ڕێگایەوە لێیان دەرباز بێت، هەر بۆیە لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت (زانست توانایی و هێزە، بەڵام نووسین دەرباز بوونە). نووسینی ڕۆژگارەکانی تەڵاقدراوێک (یومیات مطلقة) سەرەتا بۆ چارەسەرێکی دەروونی بۆ خودی خۆی دەیخاتە سەر کاغەز، بەڵام دوا جار دەپەڕێتەوە بۆ چاپخانە و دەبێتە ڕۆمانێکی زیندوو کە دەربڕینە لە ناوەوەی ئافرەتە تەڵاقدراوەکانی دیکە. هەیفا دەڵێت ئەگەر تەڵاق نەبووایە، من نەدەبوومە نووسەر. نووسەرایەتی من لە نەهامەتییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم نەهامەتییەی ژیانی، دەیکاتە خاوەنی بیست ڕۆمانی دیکەی سەرکەوتوو، بێ لە چەندین نووسراوی تری ئەدەبی و ڕەخنەیی و کورتە چیرۆک.

هەیفا لە ڕۆمانەکانیدا بە زمانی ژن، لە قووڵایی ئازارە بێ کۆتاییەکانی ژنەوە دەنووسێت، نووسینەکانی وەک خەنجەرێک بە ناو قورقوڕاگە و ناخی مەینەتییەکانی ئافرەتانەوە ڕۆچوون، لەویوە دەری دەهێنێت و دەیچەقێنێتە ناو دڵی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووەوە، کە ئافرەتی تێدا فەرامۆش کراوە و ئەوان دەخاتە ژێر لێ پرسراویەتی و لێ پرسینەوەوە.

هەیفا لە هەردوو کۆنگرەی زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتۆن، بۆ قسە کردن لەسەر وێنەی ژن لە ئەدەبی عەرەبی هاوچەرخ لە ساڵانی ٢٠٠١، ٢٠٠٢ دا بەشداری دەکات، بە کۆمەڵە چیرۆکی (ساقطة) ساڵی ٢٠٠٢ خەڵاتی شاعیری توونسی ئەبی قاسم ئەلشابی وەردەگرێت. بێ لەوەی نووسراوەکانی وەردەگێڕرێن بۆ چەندین زمانی جیاوازی دنیا. هەیفا کاتێک باس لە خۆی دەکات وەک نووسەر دەڵێت : نووسین بۆ من سەرەتا بووە زیندانێکی تر کە دەبێت بەم ئەزموونە کەمەی خۆمەوە و بە بێ ئەوەی ئاشکراییەکی ئەوتۆم لە ئەدەبدا هەبێت و وشەی ئەدەبی زۆر بناسم و گرفتی زمانەوانیم هەبوو، بەڵام دەمزانی لە پشتی ئەوەوە، هێزێکی تر هەیە بۆ ژیان. وەلێ دوای ئەوەی لەگەڵ خۆمدا کەوتمە کێشمەکێش بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک تێیدا بیرۆکە و ئەزموونە کەڵەکە بووەکانی ناوەوەم ڕێک بخەم و دایانبڕێژم. هەستم کرد گرفتەکەی من لە زمان و نا شارەزایی لە ئەدەبی عەرەبیدا کۆنابێتەوە، بەڵکو گرفتە سەرەکییەکەی من ئەوەیە چۆن ئەو ئەزموونە کەڵەکە بووانەی ناخم بە ڕاشکاوانە بنووسم کە گشتیان بۆ کۆمەڵگەکەی من تابۆن و باس کردن لێیان قەدەغە و ستەمە. دیارە بوێری هەیفا تاکە هاندەرێک دەبێت تا پێنووسەکەی پێ تیژ بکاتەوە و پەردەی ناهەقی هەڵبداتەوە، پەنجە بخاتە سەر برین و ئازارەکانی ئافرەتانی کۆمەڵگەکەی و ببێتە زمان حاڵیان و ناسنامەیەکیان پێ بدات. گرنگترین بەرهەمەکانی (هیفاء بیطار)، دڵێکت بەسە بۆ ژیان، کۆمبارس، ئاوێنەی روح، عەتری خۆشەویستی، ڕۆژگارەکانی تەڵاقدراوێک، کچە قوفڵ لێدراوەکان، ئافرەتێکی دوو نهۆمی.

کورتە چیرۆک و ڕۆمانەکانی هەیفا دەری دەخەن کە نووسەرێکی واقعییە و نووسینەکانی لە قووڵایی کۆمەڵگەوە هەڵدەهێنجێت، کەسایەتییەکان گشتیان بوونیان هەیە، چیرۆکەکانیشیان ڕووداوی ڕاستەقینەن، تەنانەت زۆر کات ڕەخنەگران دەڵێن لە هەر نووسینێکیدا خودی نووسەر خۆی بوونی هەیە و خۆیشی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەویش ئازار و خەمەکانی خۆی لە ئافرەتانی تری کۆمەڵگەکەی جیاواز نییە و خەمەکانیان هاوبەشن.

# کۆماری ئەفلاتوون
# دادوەری، شیعر، سێکس

هاشم سەڕاج

کۆماری ئەفلاتوون یەکێکە لە دایەلۆگە گەورەکانی سەردەمی پیری ئەفلاتوون، دکتۆر محەمەد کەمال لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و پێشەکییەکی پوخت و جوانیشی بۆ نووسیوە و تێیدا کۆمەڵێک داتا و زانیاری سەبارەت بە ژیان و ڕوانینەکانی ئەفلاتوونی خستووەتە ڕوو، بەرلەوەی ڕوو لە جیهانی فرە تەوەر و بابەتە جۆراوجۆرەکانی ئەم دایەلۆگە دووروودرێژە بکەم کە لە «دە» بەشدا بەرجەستە کراوە، پێم باشە لە پێشەکییەکەی دکتۆر «محەمەد کەمال»ەوە هەندێک زانیاری دەربارەی ئەفلاتوون بخەمە ڕوو.

ئەفلاتوون لە ساڵی «٤٢٨»ی پێش زایین لە دایک بووە و قوتابی سوکرات و مامۆستای ئەرستۆ بووە، هەڵبەتە لە تەمەنی لاویدا سوکراتی ناسیوە، کاتێک سوکرات بە فەرمانی دەوڵەت دەکوژرێت، ئەفلاتوون تەمەنی ٢٩ ساڵ بووە و لە شاری «ئەسینا» فێرگەیەک بەناوی «ئەکادیمیا» دادەمەزرێنێت بۆ ڕێزلێنان لە «ئەکادیمۆس»ی قارەمان، لەم ئەکادیمیایەدا نزیکەی چل ساڵ وانەی فەلسەفی دەڵێتەوە و ساڵی «٣٨٤پ.ز» لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان دەکات.




لەم دایەلۆگەدا «سوکرات» لەگەڵ دوو برای ئەفلاتوون کە بریتین لە ئەدیمەنتۆس و گلاوکۆن لەسەر کۆمەڵێک چەمک و بابەت دەکەوێتە گفتوگۆ، ڕەنگە کێشەی «دادوەری» ، یان دادپەروەری پانتاییەکی زۆری لەم دایەلۆگەدا داگیر کردبێت، چونکە وێڕای چەمکی دادوەری کۆمەڵایەتی چەندین چەمک و بابەتی جۆراوجۆر مشتومڕ و گفتوگۆیان لە بارەوە دەکرێت لەوانە پیری، بەختەوەری، مەرگ، جوانی، چاکە، شەڕانگێزی، سامان و گەندەڵی، سێکس و ئەڤین، هونەری شێوەکاری و شیعر و مۆسیقا و وەرزش، پەروەردە و ڕامیاری.

ئەفلاتوون لە کۆماردا بە زمانی سوکراتەوە بیروبۆچوون و زانینە فەلسەفییەکانی دەخاتە ڕوو، ڕەنگە لە هەندێک شوێنی دایەلۆگەکەدا سوکرات وەک مامۆستایەک بدوێت و گوزارە لە بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانی بکات، بەڵام دایەلۆگی کۆمار لە جەوهەردا تێفکرینە بۆ دامەزراندنی شارێک «دەوڵەتێک» دادپەروەری تێدا

بەرقەرار بێت و مرۆڤەکان هەست بە بەختەوەری و ئازادی بکەن، کاتێک نادادوەری بوونی خۆی دەسەپێنێت و درێژە بە گەندەڵکاری دەدرێت مرۆڤەکانی شار هەست بە بێزاری و نادادپەروەری و ستەم دەکەن و متمانە لەنێوان مرۆڤ و دەسەڵاتدا نامێنێت.

ئەفلاتوون لە کۆماردا کۆمەڵگە بۆ سەر سێ چین دابەش دەکات، فەرمانڕەواکان، پاسەوانەکان، کارکەران، چینی کارکەران بریتین لە پیشەوەر، بازرگان، کرێکار، جووتیار، هەروەها لە جۆرەکانی سیستم و دەستووری حوکمڕانی دەدوێت و لایەنە باش و خراپەکانی دەخاتەڕوو، لەوانە دەوڵەتی بنەماڵەیی «شاهەنشاهی، ئولیگارکی، زۆرداری، تیمۆکراتی، دیموکراتی، ئەرستۆکراتی...تاد».

لە ڕوویەکی ترەوە ئەفلاتوون لەم دایەلۆگەدا سوودی لە بیروبۆچوونەکانی پیتاگۆرس وەرگرتووە، بە تایبەتی لە ڕووی ژمارە و ژمێریاری و ئەندازەوە، سەرەڕای جەختکردنی ئەفلاتوون لەسەر زانستێک کە بایەخ بە ڕەهەند و پێوەری قووڵایی دەکات، هاوکات ئەستێرەناسی بە زانستی چوارەم لە قەڵەم دەدات. کەواتە وێڕای پەروەردەکردنی «پاسەوان» لە ڕێگەی هۆنراوە و مۆسیقا و وەرزش پێویستە شارەزایی لەو زانستانەش هەبێت کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆ دان، بۆ نموونە دەبێت جەنگاوەر ژمارە بناسێت، بۆیە «پاڵەمیدس» دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ئاگامەمنوون ژماردنی نەزانیوە و تەنانەت نەیزانیوە چەند پای هەیە، دەبێت ئاگامەمنوون چۆن سەرکردەیەک بێت؟» مەبەستی ئەوەیە ژمارەی سەربازەکان لە «ترۆجان»دا چەندن و چەند کەشتی جەنگییان هەیە، چونکە لە کۆماری ئەفلاتووندا پاسەوانەکان هاوکات فەرمانڕەوا و فەیلەسووف و جەنگاوەریشن، منداڵ لە تەمەنی «١٠» ساڵییەوە دەخرێتە بەر خولی پاسەوانی و فێری کۆمەڵێک یاسا و بەهای فەلسەفی دەکرێت، لەپێناو دامەزراندنی شار و دەستوور و فەراهەم کردنی بەختەوەری بۆ هاوولاتیان، مەبەست لەم کارە پەروەردەکردنی منداڵە بۆ فەرمانڕەوایی، جا پێویستە ئەو منداڵەی بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشان دەکرێت کۆمەڵێک خەسلەتی جۆراوجۆری تێدا بێت لەوانە، توانایی بیرکردنەوەی هۆشەکی، دەروونێکی خۆڕاگری پڕاوپڕ لە ئازایەتی و بەخشندەیی، بە سروشت حەز و ئارەزووی لەفێربوون و کارکردن بێت.

سوکراتی ئەفلاتوون لە کۆماردا سروشتی فەلسەفیانەی پاسەوان بە سروشتی سەگ دەچوێنێت، [کاتێک سەگ بێگانەیەک دەبینێت دەوەڕێت، بەڵام کە ناسیاوێک دەبینێت، ئەگەر ئەو ناسیاوە هیچیش بە سەگەکە نەدات، سەگەکە پێی ناوەڕێت.. دڵنیام ئەمە خەسلەتێکی چاکە لەسەگدا و بەڕاستیش فەلسەفییانەیە، کەوابوو خەسڵەتەکانی، وەکو فەلسەفە، وورەی بەرز، خێرایی و هێز، دەبێت لەو کەسەدا هەبن کە دەبێت بە پاسەوانی شارەکەمان.. ل٧١].

لێرەدا حەز دەکەم بۆ دەسپێکی دیالۆگی کۆمار بگەڕێمەوە و تۆزێک لە چەمکی چێژ و چۆنیەتی ژیانی پیری و چەرمەسەرییەکانی ئەو قۆناغە بدوێم، کاتێک سوکرات و دوو براکەی ئەفلاتوون دەگەنە ماڵی پۆلیمارکۆس، چاویان بە سیفالۆسی باوکی پۆلیماکۆس دەکەوێت، (..پاش ماوەیەکی زۆر بینیمەوە، پیر ببوو، پاش قوربانیدان بۆ خوا، لەنێو حەوشەکەدا لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، سەرینێکیشیان خستبووە پشت سەری..). سیفالۆس بە سوکرات دەڵێت: (تۆ زوو زوو سەردانی پیرایۆس ناکەیت تاکو بتبینین، ئەگەر بمتوانیایە بەپێ بۆ ئەسینا بێم،... من بۆ لای تۆ دەهاتم.. باش دەزانیت چەند حەزم بۆ چێژ و خۆشی لەش کەم بێتەوە، ئەوەندەش ئارەزووم بۆ گفتوگۆ و باسکردن زیاد دەکات، بە قسەم بکە و لەگەڵ ئەم لاوانەدا بمێنەرەوە)، دواتر سیفالۆس بە سوکرات دەڵێت: «ئێمە چەند کەسێکی هاوتەمەنین وەکو دەڵێن «ئەوانەی لە یەکدی دەچن خوا کۆیان دەکاتەوە»، (..زۆربەمان گلەیی لە کەمبوونەوەی چێژە خۆشەکان دەکەین، یادی سێکس و خواردنەوە و ئاهەنگێڕانی ڕۆژانی لاوێتی دەکەینەوە). لێرەدا سیفالۆس ئاماژە بە وەڵامەکەی سۆفۆکلس دەدات، کە یەکێک پرسیاری لە سۆفۆکلس کرد و گوتی: «ئێستا لەگەڵ سێکسدا چۆنیت؟ دەتوانیت لەگەڵ ژندا بخەویت؟» ئەویش لە وەڵامدا گوتی: «خۆشحاڵم لەوەی، وەکو چۆن کۆیلەیەک لەژێر دەستی خاوەنێکی زۆردار ڕادەکات من ڕزگارم بووە». هاوکات ئاماژە بە ژیانی سەردەمی پیری و هەژاری، پیری و دەوڵەمەندی دەکات.. ئەگەر مرۆڤێکی چاک هەژار بێت پیرێتی لا ئاسان نییە، بەڵام پیرێکی خراپ

هەرچەند دەوڵەمەندیش بێت، ئاسوودە نییە.

سوکرات لە سیفالۆس دەپرسێت تۆ ئەم دەوڵەتەت چۆن پەیدا کردووە؟، سیفالۆس: «باپیرم بە قەد من پارەی هەبوو و هەوڵی دەدا زۆرتری بکات، باوکم ناوی «لیسانیاس» بوو پارەکەی باپیرمی خوارد لە ئێستای من کەمتری هەبوو.. منیش بەختەوەرم بەوەی کە ئەو سامانەی هەمە بە زیادەوە بۆ کوڕەکانی جێدەهێڵم».. لەم دایەلۆگەدا وا دەردەکەوێت سیفالۆس پارەی زۆر خۆش ناوێت، هەروەها باس لە پیری و ترس و نزیکبوونەوە لە مەرگ دەکرێت، بە تایبەتی زۆردار و گەندەڵکاران لە سزای پاش مردن و ژیانی «هادیس» دەترسێن، چونکە خوداوەند مرۆڤی زۆردار و گەندەڵکاری خۆش ناوێت.

سوکرات دەڵێت: ئەی سیفالۆس هەستێکی جوانت هەیە، سوکرات پێی وایە.. نابێت دادوەر ئازاری هاوڕێ، یان هیچ کەسێکی دیکە بدات، ئازاردان کاری دژەکەی، یان کاری کەسێکە کە دادوەر نییە، ئەم دایەلۆگە زۆرتر لەنێوان سوکرات و (پۆلیمارکۆس)دا ڕوودەدات.

دواتر سوکرات لە دادوەری و هێز دەدوێت هەندێک لە شارەکان پاشای زۆرداریان هەیە، ئەوانی دیکە ڕژێمێکی دیموکراسی، یان ئەرستۆکراتی، هەر یەکێک لە دەسەڵاتداران یاسا بۆ بەرژەوەندی خۆی دادەنێت و خەڵکی ملکەچی یاساکان دەبن.

ئەنجا گفتوگۆیەکی دووروودرێژ لەنێوان سوکرات و تراسیماکۆس دەربارەی سوودی هونەر و زانست دەخوێنینەوە، بێ گومان هیچ هونەرێک، یان زانستێک بیر لە سوودی خۆی ناکاتەوە، یان شوێن قازانجی خۆی ناکەوێت، لە ڕوانگەی هەمان بابەتەوە کۆمەڵێک چەمک دەخرێتە بەر گفتوگۆ لەوانە، حەز و ئارەزوو و چەمکی دادوەری، بەختەوەری مرۆڤی دادوەر و کڵۆڵی مرۆڤی نادادوەر و گەندەڵ، چەمکی چاکە و خۆشی و ئازار چەشتن و خراپە و نادادوەری، ئاکامی باشی چاکە و دادوەری..

خوداوەندەکان هەمیشە مرۆڤی دادوەر بە خوداناس دادەنێن، سوکرات لەم دایەلۆگەدا بەردەوام ئاماژە بە گوفتارەکانی هەریەک لە ئەسخیلۆس، هۆمیرۆس، هزیۆد، موسایۆس، ئۆرفیۆس، سۆلۆن دەدات، باسی نووسراوەکانی موسایۆس و ئۆرفیۆس دەکەن، گوایە نەوەکانی سولونە و مووساس نەریتی ئایینیان بۆ ڕازی کردنی خواکان داناوە، هەروەها هۆمیرۆس لەو باوەڕەدا بووە، مرۆڤ کاردەکاتە سەر خواوەندەکان. کاتێک دەڵێت:

**نوێژ و بەڵێن و قوربانی**
**خواکان دەهەژێنن**
**لە کاتی سەرپێچی و**
**گوناهکردنیشا**
**خێرو بخور سووتاندن**
**نەخشە و پیلانەکانیان دەگۆڕن**

هۆمیرۆس دەڵێت: کاتێک پاشا خوا دەناسێت، دادوەری بەرقەرار دەبێت و زەمینی ڕەشیش گەنم و جۆی بۆ دەگرێت و میوەی درەختەکان شۆڕ دەبنەوە و مەڕەکانی دەزێن و دەریاش پڕ لە ماسی دەبێت، موسایۆس و کوڕەکەی لەو باوەڕەدان خواکان شتی زۆر بەدادوەر دەدەن، هەروەها لە جیهانی هادیس «بەرزەخ»دا نادادوەر و بێ بڕوا دەسووتێن.

سوکرات لەم دایەلۆگەدا هەڵبەتە پشکی شێری بەرکەوتووە و هەمیشە لە دادوەری شار و دادوەری تاکەکەس دەدوێت و دەیەوێت بەرنامەیەک، یان دەستوورێک بۆ دادوەری شار «دەوڵەت» دابمەزرێنێت، ئەگەر بڕوانینە شێوەی دامەزراندنی شارێک ئایا سەرهەڵدانی دادوەری و نادادوەرییەکەشی نابینین؟ ئەمە تێفکرینی سوکراتە، دامەزراندنی شار لەبەر ئەوەیە تاکو تاکەکان بە یەکەوە بژین، چونکە تاکەکان پێویستیان بە یەکدی هەیە، سوکرات: (هەریەک لە ئێمە بە سروشت لەوەی دیکە جیاوازە بۆ کاری تایبەت و پسپۆڕی لە پیشەیەکدا کارێکی چاکە، جووتیار، دارتاش، ئاسنگەر لەمەڕ ژیانی هاوسەرگیری و ئاڵوگۆڕکردنی شتەکان و پێداویستییەکانی ژیانی ژن و مێرد، سەرەکیترینیان دابینکردنی خۆراک و خانوو و جلوبەرگە، لە بواری کشتوکاڵیشدا.. مانگا هەوجاڕ ڕادەکێشێت، «گا»ش کەلوپەل دەگوێزێتەوە، لە ژیانی شاردا مووچەخۆر هێز بە پارە دەگۆڕێتەوە، تا دێی چەندین بابەت مشتومڕی لەسەر دەکرێت، وەک هەڵەکەی هۆمیرۆس سەبارەت بە زیۆس، گۆزەکانی چارەنووسی چاک و چارەنووسی خراپ، خوا هۆی هەموو ڕووداوێک نییە، یاساکان بۆ شاعیران، لەبەر ئەوەی خوا لە چاکە و جوانیدا تەواو کۆ و پڕ نابێت ئەو چیرۆکانە دەربارەی خواکان بگێڕدرێنەوە، چونکە منداڵەکان تووشی ترسنۆکی دەبن، سووکایەتی کردن بەخوداوەندەکان بە تایبەتی لە ڕێگەی چیرۆکە تراژیدییەکانەوە

کارێکی ڕاست نییە، هەروەها نابێت لاوەکانمان لە شاردا حەز لە پێکەنین و گاڵتە بکەن، چونکە هەر کەسێک زۆر پێ بکەنێت مەزاجی دەگۆڕێت، هاوکات نابێت شاعیران حەز و ئارەزووی سێکسی بورووژێنن، پاشان هەوڵ دەدەم لە دنیای شیعر و جۆری شیعر و هەڵسوکەوتی ئەو شاعیرانە بدوێم کە ئەفلاتوون لە کۆمارەکەی خۆیدا نەک هەر شوێنیان ناکاتەوە، بەڵکو بەدز و سواڵکەر و چەواشەکار لە قەڵەمیان دەدات و لە کۆمارەکە دەردەکرێن، لە ڕوویەکی دیکەوە ئەفلاتوون لە زمانی سوکراتەوە کە جەختی لەسەر دەکات پێویستە پاسەوانەکان لە تەمەنی منداڵییەوە بە شیعر و مۆسیقا و وەرزش پەروەردە بکرێن، تاکو بزانین هۆکاری ئەم دوو حاڵەتە دژ بەیەکە بۆچی دەگەڕێتەوە، چونکە لە هەندێک شوێندا ئەفلاتوون شاعیرەکان چوون پەیامبەران بە نەوەی خوداوەندەکان لە قەڵەم دەدات. بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕێگەی سرووش- نیگا-وە سەرقاڵی شیعر نووسینن و لاسایی ڕووداوەکانی نێو ئەشکەوت ناکەنەوە، دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە، هەروەها دایەلۆگ پێداگری لەسەر ئەوەش دەکات کە نابێت پاسەوانەکان حەزیان لە پارە و بەرتیل و دیاری وەرگرتن بێت.

نابێت شاعیرەکانیش ئەم شیعرانەیان بۆ بخوێننەوە کە دیاری و بەرتیل دڵی خواکان و پاشاکان نەرم دەکات، نابێت پاسەوانەکانمان لە لاساییکردنەوەی پیشە سووکەکان و شەرماوییەکاندا ژیر بن و چێژ لەو لاساییکردنەوەیە وەرگرن، چونکە لاساییکردنەوە دەبێت بە بەشێک لە سروشت و خوڕسکی ئەوکەسە، کەوابوو، ڕێگە نادەین پاسەوانەکانمان لاسایی کیژۆڵە و پیرێژن و کۆیلەی مێینە و نێرینە و سەرخۆشی جنێودەر بکەنەوە و یادەوەری شێت بە گوتن و کردار ببینن، پێویستە ئەو شاعیرانەمان کەمتر بیر لە خۆشی بەخشین بکەنەوە و لاسایی کەسانی چاک بکەنەوە.

وەرزش لەگەڵ مۆسیقا و شیعر ورەی دەروونی لای پاسەوان بەرز دەکاتەوە، چونکە دەروون سەرچاوەی دڕندەییە، ئەگەر سەرپەرشتی بکرێت ئازا و بوێر دەردەچێت، زۆریش ببەسرێتەوە ڕەق و توند دەبێت، دایەلۆگ هەوڵ و کۆششێکی بەرنامەڕێژییە بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی دەستوورێک تاکو دانیشتوانی کۆمار، یان شار «دەوڵەت» پەیڕەوی بکەن، بۆیە تا دێت سوکرات لە بابەتگەلی جۆراوجۆر دەدوێت و لایەنە باش و خراپەکان لێکدی جیادەکاتەوە و جەخت لەسەر لایەنی جوانی دەکات، گۆرانی سێ توخمی هەیە، وشەکان، مۆسیقا، شێوازی هارمۆنی..

ئێمە لە کۆماردا پێویستیمان بە هۆنراوەی غەمگین و لاوانەوە ئامێز نییە، هەروەها سەرخۆشی و نەرمی و تەمەڵیش بۆ پاسەوانەکانمان خراپن چێژ چەشنی ئازار مرۆڤ بەرەو شێتی دەبات،

- لە و باوەڕەدایت چێژێک هەبێت لە سێکس خۆشتر بێت؟

- خۆشەویستی دروست پێوەندی بە کاری شێتانە و سێکسی نارێکەوە نییە!

ئێمە دەمانەوێت هەموو کەسێک لە شارەکەماندا بەختەوەرانە بژیت، دادپەروەری لەم جۆرە شارانەدا بە ئاسانی سەقامگیر دەبێت، شارێک تێیدا بەختەوەری بۆ هەمووانە، پاسەوان خانووی هەبێت، بەڵام نابێت زێڕ کۆ بکاتەوە، دەبێت فەرمانڕەواکان فێر بکرێن گەندەڵ نەبن و دژی ئەو تازەبوونەوانە و مامۆستا و هۆنراوانەش ڕاوەستن کە دەبنە هۆی شێواندنی شیرازەی سیستمەکەمان، دەبێت پاسەوانەکانمان ئاگایان لە مۆسیقا و گۆرانی نوێ بێت، چونکە هەڕەشە لە سیستمەکەمان دەکەن، «دامۆن» دەڵێت: شێوازی مۆسیقای شارێک بەبێ گۆڕانکاری لە یاسای شارەکەدا نوێ نابێتەوە.. نابێت مۆسیقا و شیعر هانی بەرەڵلایی بدەن، لەجیهانی کۆماردا پێویستە منداڵ خەریکی یاری بێت و بە شیعر و مۆسیقای دیاریکراو پەروەردە بکرێت، ژنیش هاوسەر و بەشداری ژیانی مێردەکەی بێت، نابێت وەکو کۆیلە سەیری بکرێت، پیشە شارەزاییە نەک زانین و زانایی، هەرکەسە دەبێت لەسەر ئەو پیشەیە دابنرێت کە بە سروشت بۆی ئامادە کراوە و لەگەڵیدا دەگونجێت، واتە هەر کەس کاری خۆی دەکات، ژنان، منداڵان، کۆیلەکان، بازرگان. فەرمانڕەواکان کاری گونجاوی خۆیان بکەن، پێویستە ڕێز لە دایک و باوک و خوداوەند بگیرێت، نابێت گاڵتە بە شتی جوان و چاک بکرێت، هەر کەسێک بە گوێرەی سروشتی خۆی کاری پێ بدرێت، گوتەیەک هەیە دەڵێت «ئەوەی سوودبەخشە جوانە و زیانبەخشش ناشیرینە».

ژن لە ڕیزی پشتەوە یارمەتی پاسەوانەکان دەدەن سوکرات دەڵێت: «ژن و پیاو بە سروشت بۆ

پاسەوانێتی لە شارەکاندا جیاواز نەبن، هەرچەندە یەکێکیان بەهێز و ئەوی دی لاواز، گشتیان لە ڕێگەی مۆسیقا و هۆنراوە و وەرزشەوە پێ بگەیەنن، ئەو پیاوەی بە ژنە ڕووتەکان پێدەکەنێت میوەی کاڵ دەخوات». سوکرات سەبارەت بەچاککردنی وەچە، هانی جۆرێک لە ئیباحیەتی سێکسی دەدات، وەک هەڵبژاردنی ئەو ژنانەی کە سروشتی لێکچوویان لەگەڵ پیاواندا هەیە، لەگەڵ ئەو جۆرە پیاوانەدا دایان دەنێت و خانوویەکی هاوبەشیان بۆ دروست دەکرێت و کەسماڵی تایبەتی خۆی نابێت. هەموو پێکەوە دەژین و فێردەبن و بەپێی حەز و ئارەزوو سێکس لەگەڵ یەکدی دەکەن.

بەم جۆرە چاکترین پیاو دەبێت لەگەڵ چاکترین ژندا جووت بێت و سێکس بکات، بە پێچەوانەشەوە نزمترین پیاو لەگەڵ نزمترین ژندا جووت دەکرێن. ئەو منداڵەی لە گرووپی یەکەم لە دایک دەبێت. لە داهاتوودا دەبن بە پاسەوان و بۆ ئەو مەبەستەش لە شوێنێکی نادیاردا و لەژێر چاودێری فەرمانڕەواکان پەروەردە دەکرێن، دەبێت ڕێگە بە لاوە قارەمانەکانیش بدرێت لەگەڵ ئەو ژنانەدا جووت بن و ببن بە باوکی ژمارەیەکی زۆر لە منداڵەکان، هاوکات منداڵەکان دەدرێن بە دایەنەکان... هەروەها پاسەوان بە قەد بژێوی خۆی پارەی پێ دەدرێت، نابێت دەوڵەمەند بێت. کۆماری ئەفلاتوون لە زاری سوکراتەوە کۆمەڵێک تەوەر و بابەتی تر دەوروژێنێت.

وەک ئەوەی شتێکی خۆش بوێت، پێویستە هەموو بەشەکانی ئەو شتەی خۆش بوێت، فەیلەسووف حەز لە هەموو بەشەکانی زانایی دەکات و چێژ و خۆشی لەفێربوون وەردەگرێت، چونکە زانین مەزنترین هێزە، پێوەندی نێوان دەسەڵات و زانین دەخرێتە ڕوو، هەروەها جیاکاری نێوان بۆچوون و زانین، هیچ شتێک لە نەبوون تاریکتر و لە بوون ڕۆشنتر نییە، سۆفیستەکان لاوان تووشی گەندەڵی دەکەن، لە ئەنجوومەن و شانۆ و دادگە و لەشکرگەکاندا دادەنیشن و بە دەنگی بەرز نارەزایی، یان بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن، سۆفیستەکان بە پارە وانە دەڵێنەوە و ئەو بۆچوون و زانینە بە فەلسەفە لە قەڵەم دەدەن، سۆفیست زانینێکی ڕاستییان لا نییە و ئەوەی دەیزانن ساختەیە، ئەوەی سروشتی فەلسەفییانەی هەیە نابێت تووشی گەندەڵی بێت و دژی شار و هاووڵاتیان کار بکات، چونکە فەرمانڕەوایی فەیلەسووف، یان فەیلەسووفەکان گرنگە، ئەگەر فەیلەسووفێکی ڕاستەقینە هەیە فەرمانڕەوایی شارەکەمان دەکات، ئەوکاتە ئێمەش دەڵێین دەستوورەکەمان بەرقەرار بووە، ئەمەش کارێکی گرانە، بەڵام مەحاڵ نییە، ئەوەی لە ئاستی چاکەدا نەزان بێت، دادوەری و جوانیش ناناسێت، دەشێت شەڕخواز و دڵڕەق هەبن، بەڵام زۆرینەی خەڵک وانین، سەبارەت بە فۆرمی چاکە سوکرات دەڵێت، زانین و ڕاستی دوو شتی جوانن، بەڵام چاکە جیاوازە و لەوانیش جوانترە، چاکە بوون نییە، بەهێز و ئاست و پلە لە ژوور بوونەوەیە، شیکردنەوەی لایەنی هەستەکی و هۆشەکی، ئەندێشە بەشێکی لایەنی هەستەکییە، لایەنی هۆشەکی و زانستی دیالێکتیکی ئەوانەی زانست دەخوێنن سەروکاریان لەگەڵ بابەتە هەستەکییەکاندا نییە، بەشەکانی دەروون بریتین لە تێگەیشتن، بیر، بڕوا، ئەندێشە، ئەشکەوت و بینینی سێبەرەکان، ڕاستی لای ئەوان سێبەرەکەیە، ئەو شارەی فەرمانڕەواکانی کەمتر ئارەزوومەندی فەرمانڕەوایی بن شەڕی ناوخۆی تێدا هەڵناگیرسێت، ئەگەر سواڵکەر و کەسانی چاوچنۆک دەسەڵات بگرنە دەست، دامەزراندنی شارەکە مەحاڵ دەبێت، لەم حاڵەتەدا ئەو دەسەڵاتە شەڕی لەسەر دەکرێت و ئاژاوە و ئاشووب و جەنگ شارەکە وێران دەکەن.

ئەوانەی حەز لە فەرمانڕەوایی ناکەن پێویستە فەرمانڕەوایی بکەن، ئەگینا ئەوانەی حەزیان لە فەرمانڕەواییە شەڕی لەسەر دەکەن، سۆلۆن هەڵەیە کە دەڵێت: مرۆڤی بە تەمەن زۆر شت فێردەبێت، بەڕای من سوکرات مەبەستی خۆیەتی، ئەوەی نەتوانێت زۆر ڕابکات زۆریش فێر نابێت، تەمەنی لاوێتی بۆ هەموو کارێک لە بارە. کارکردن، یان فێرکردن بە زۆر لەنێو دەرووندا نامێنێتەوە، منداڵ بە زۆر فێر نەکرێت باشترە یارییان لەگەڵدا بکرێت.

وەک لە سەرەتادا ئاماژەم بە چەندین جۆر دەستوور و فەرمانڕەوایی دا ئێستاش تۆزێکی تر بنیادی هەمان بابەت فراوانتر دەکەمەوە و لە جۆرەکانی دەستوور دەدوێم. لەوانە دەستوورێک هەیە زۆرینەی خەڵک ستایشی دەکەن، وەک دەستووری کریتان و لاکۆنتان، ئۆلیگارکی، زۆرداری، دەوڵەتی بنەماڵەیی و شاهەنشاهی، کە لەنێو

بەربەرییەکاندا هەیە، ئۆلیگارکی و دیموکراسی و زۆرداری و تیمۆکراسی لەنێو ڕژێمێکی ئەرستۆکراسیدا سەرهەڵدەدەن. ڕژێمی ئۆلیگارکی حەزی لە پارەیە و لە ژێرەوە زۆر ئارەزوومەندی کۆکردنەوەی زێڕ و زیوە، ئەم دەستوورە لەسەر ڕەوتی موڵکداری دادەمەزرێت و دەوڵەمەندەکان فەرمانڕەوایی دەکەن و هەژارەکان لە دەسەڵات بێبەرین. ڕژێمی ئۆلیگارکی لایەنی خراپەی زۆرە. زۆرجار شەڕی ناوخۆی لێ دەکەوێتەوە، لە شارێکدا سواڵکەر هەبێت، دز و گیرفانبڕ و خراپەکاریش دەبن، هاوکات بایەخ بە زانین و پەروەردە و فێربوون نادرێت. دەوڵەمەند و پارەپەرست بەشێوەیەکی بەردەوام پوول و موڵک و سامان کۆدەکەنەوە. قەرز بە سوودێکی زۆرەوە دەدرێت بە خەڵک و تێیدا لە پڕێکدا دەوڵەمەند دەبێت بە سواڵکەر و نێرە هەنگ، بەڵام سیستمی دیموکراسییەت دوای سەرکەوتنی هەژارەکان و ڕاوەدوونانی نەیارەکانیان لە شارەکەدا سەرهەڵدەدات و بەپێی دەستوورەکەشیان هەموو هاووڵاتیان بە یەکسان دادەنرێن و فەرمانڕەواش لەلایەن زۆرینەوە هەڵدەبژێردرێت، هاووڵاتیان لەژێر سایەی ئەم دەستوورەدا سەربەستن و بە ئازادی گوزارە لەبیروبۆچوونیان دەکەن و هەڵبەتە هاووڵاتیان وەکو یەکدی نین و سروشتی جیاوازیان هەیە، بەڵام هەندێک جار دیموکراسییەت دەبێت بە ڕێگە خۆشکەر بۆ ڕژێمی ئۆلیگارکی.

سوکرات بە وردی لە سیستمی دیموکراسییەت دەدوێت و ئارەزووە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ شی دەکاتەوە و ئاکامی ئەو سەربەستییە بێ سنوورەش دەخاتە ڕوو کە ڕژێمی دیموکراسییەت بەرهەمی دەهێنێت، زۆرجار ئەو سەربەستییە بێ سنوورە بەنێوماڵەکاندا بڵاودەبێتەوە و جۆرێک لە بەرەڵڵایی دێنێتە کایەوە. پێوەندییەکانی نێوان کوڕ و باوک، مامۆستا و قوتابی تێک دەدات، مامۆستاکان لە قوتابییەکانیان دەترسن، ستایشیان بۆ دەکەن قوتابییەکانیش ڕقیان لە مامۆستاکانە، هەروەها باوک و کوڕ... لە هەمان کاتدا هەر کەسێک لە دوورەوە ئەم شارە، واتە شاری ژێر سیستمی دیموکراسییەت ببینێت بە جوان و ڕازاوە دێتە بەرچاوی.

سوکرات لە ڕژێمی زۆرداری دەدوێت و چۆن زۆردارێک خۆی بە سەرۆک دادەنێت و خەڵکیش دەکات بە ژێر دەستە، کەواتە پاشا، تیمۆکرات، ئۆلیگاریک، دیموکرات، زۆردار، بەختەوەرترینیان پاشایە، چونکە دەتوانێت فەرمانڕەوایی ئارەزووەکان بکات، هەروەها فەیلەسووف باشترین دادەوەرە، لەبەر ئەوەی لایەنی هۆشەکی لە دەروونیدا فەرمانڕەوایە.

لێرەدا دەمەویت بگەڕێمەوە سەر بابەتی شیعر و داهێنان و بزانین بۆچی ئەفلاتوون لە کۆماردا کە بەزمانی سوکرات باس لە شیعر و شاعیران دەکات، لەگەڵ هەندێک جۆر شیعر تەبایە و لەگەڵ هەندێکی دیکەدا نا، لای ئەفلاتوون خوداوەند داهێنەری سروشتییە و بە سروشت ئافەریدەکەری هەموو شتەکانە، لە هەمان کاتدا دارتاش و هونەرمەند لاساییکەرەوەن، یان بە شێوەیەکی گشتی هونەرمەند پیشەسازێکی سەیر و زیرەکە، بەڵام مامەڵە لەگەڵ دیاردەی شتەکاندا دەکات و ناتوانێت فۆرمی شتەکان بخولقێنێت، ئەو لاسایی دروستکراوەکان دەکاتەوە، ئایا هۆمیرۆس فێرکەر بووە و هەوڵی داوە خەڵکی پەروەردە بکات.

وەکو پیتاگۆراس بۆچوونەکانی بۆ ئێمە مابێتەوە... بە ڕای من، سوکرات بۆچوونەکەت دروستە، کەوابوو، خۆمان بەو ئاکامە بگەیەنین کە شاعیرە لاساییکەرەوەکان لە هۆمیرۆسەوە کۆپی ڕاستی دەناسن و ئەوەی باسی دەکەن ڕاستی نییە.. بەڕای سوکرات شاعیر وشە و گوتە وەکو ڕەنگ بۆ وێنە هونەرییەکەی بەکاردەهێنێت و دەنگی مۆسیقا و هارمۆنی بە وشەکانی دەدات و ڕیزیان دەکات، شیعر لە ڕووداوی خۆش و ناخۆش دەدوێت کە لە ژیانی مرۆڤدا ڕوودەدات.. هاوکات دەروون پڕ لە بۆچوون و تێڕوانینی جۆراوجۆرە، پێویست ناکات ڕووداوەکانی ژیان بە جیددی وەربگرین، دەبێت خۆمان فێر بکەین زوو ئازار و خەفەت لەبیر بکەین. کەواتە ئەم بەشە، یان ئەم کەشوهەوا هەڵچوو و ئۆقرە نەگرە زەمینەیەکی لەبار بۆ لاساییکردنەوە دەڕەخسێنێت، هەروەها شاعیر بە سروشت خۆی بە بەشی هۆشەکی دەروونەوە نابەستێتەوە، کەواتە شاعیر چەشنی هونەرمەندی شێوەکاری بەرهەمەکەی لە ڕاستییەوە دوورە، واتە شیعر و شێوەکاری مامەڵە لەگەڵ بەشی نزمی دەروونندا دەکەن.

لەبەر ئەمە دەبێت لە شارەکەمان دەربکرێن، چونکە بەڕای سوکرات ژیان چەشنی مۆرە هەڵدانە، یان زار فڕێدانە و دەبێت ڕازی بین بەوەی

ڕوودەدات، هەوڵ بدەین بەڕێوەی بەرین و بیخەینە بەر ڕۆشنایی هۆش، ئەو زانیارییانەی کە سەبارەت بە شیعر و شێوەکاری خرانەڕوو گشتیان بیروبۆچوونی سوکراتی ئەفلاتوونە و بۆ ئەوەی لە جەوهەری کێشەکە بگەین هەوڵم داوە بە هەمان زمانی وەرگێڕ زانیارییەکان وەک خۆی بۆ خوێنەر بگوێزمەوە، واتە شاعیر لایەنی هۆشەکی لە دەروونیدا فەرامۆش دەکات و جەخت لەسەر لایەنە نزمەکە دەکات و ئەوەی گوزارەی لێ دەکات سێبەر و وەرگێراوی ڕاستییە، لێرەدا ڕستەیەک هەیە و ناڕاستەوخۆ ئاراستەی هۆمیرۆس دەکرێت، گوایە شیعر لە کۆنەوە خۆی بە دوژمنی فەلسەفە داناوە، کە دەڵێن «سەگەکە بە خاوەنەکەی وەڕی» من حەزناکەم لەم نووسینەدا ئاماژە بەسەرچاوەگەلێک بدەم کە شیعر بە سەرچاوەی زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکان و فەلسەفەیش دادەنێن، واتە دەسپێکی ئافەریدەکردن بە شیعر و شیعرگەرایی سەری هەڵداوە، دواجار فەلسەفەیش بۆ باوەشی شیعر دەگەڕێتەوە، ئێستاش ئەو پێوەندییە قووڵ و پڕ دنیابینییەی کە لەنێوان شیعر و هزر و فەلسەفەدا هەیە و زۆربەی بیرمەندانی وەک هایدگەر و گادامێر..تاد جەختی لەسەر دەکەن، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت، بۆ ئەوەی درێژە بە بابەتەکەی کۆماری ئەفلاتوون بدەم... سوکرات پێی وایە ئەگەر شیعر لاساییکردنەوە بێت و بەدوای خۆشیدا بگەڕێت لە شارە چاکەکەی ئێمەدا جێگەی نابێتەوە، بەڵام دەکرێت بپرسین کام جۆرە شیعر لە کۆماری ئەفلاتووندا شوێنی دەبێتەوە و پێشوازی لێ دەکرێت، سوکرات دەڵێت: ئەو شیعرەی جوانییەکەی سەرنجمان ڕابکێشێت و یاساکەمان پەیڕەو بکات، نابێت لە پێناوی ڕێز، پارە، دەسەڵات، واز لە دادوەری و چاکەکانی دیکە بهێنێت، یان هانی بەرەڵلایی بدات.

هاوکات لە کۆماری ئەفلاتووندا، ڕاستییەکی ترسناکی فەلسەفی دەخرێتە ڕوو لە جەوهەردا هەڵگری هەستێکی ئۆنتۆلۆژی و نیگەرانییەکی نیهلستییە.. کاتێک دەڵێت: هەر شتێک بێتە کایەوە، سەرەتای هەیە و کاتییە و نەمر نییە، هەروەها هەر شتێک لە بەشەکان پێکهاتبێت بە جوانی دانەمەزرابێت بەردەوام نامێنێتەوە، لەلایەکی دیکەوە سوکراتی ئەفلاتوون لە کۆماردا مانەندی دەروونناسێک هەر سێ پێکهاتەی دەروونی مرۆڤ شی دەکاتەوە و ململانێی بەردەوامی نێوان ئارەزووی سێکسی و لایەنی هۆشەکی دەخاتە ڕوو، زۆرجار حەز و ئارەزووی سێکسی لە دەروونی مرۆڤدا دەبێت بە زۆردارێکی بەرەڵلای لادەر لە تێکڕای یاساوڕێسا کۆمەڵایەتییەکان، دوور نییە هەندێک جار کەسێکی دیموکرات گۆڕانی بەسەردا بێت و ببێت بە کەسێکی زۆردار، بوونی مرۆڤ لای سوکرات دەکرێت بە سێ بەش، «سەر» کە لە ڕێگەی هۆشەوە بەرهەمهێنەری حیکمەتە و «دڵ» شوێنگەی سۆزە و ئەرکی بوێری و ئازایەتی لەخۆ دەگرێت، «سک» هەڵگری خەسڵەتەکانی شاوەت و ئالوشە، پێویستە میانڕەو بێت، چونکە لە جیهانی کۆماردا، دادوەر «حاکم» فەرمانڕەوایی دەکات کە بەپێی ڕێکخستنە هەڕەمییەکەی دەسەڵات فەرمانڕەوا بریتییە لە فەیلەسووف، هەروەها پاسەوان کە جەنگاوەرن و شار «وڵات» لە هێرش و پەلاماری دەرەکی دەپارێزن و وێڕای پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوخۆی شار، هەروەها کرێکار بە پیشەوەر و بازرگان و جووتیار...وە خەریکی ئیش و کارن، ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی بەرنامە و دەستووری حوکمڕانی لەکۆماری ئەفلاتووندا سەقامگیرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و بەختەوەرییە، واتە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دادپەروەر دووربێت لە گەندەڵکاری و فریودانی هاووڵاتیان.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم هەمیسان لە کۆماری ئەفلاتووندا درێژە بە بابەتی شیعر و تارکردنی شاعیران بدەم هەڵبەتە ئەوەی ئاشکرایە سوکرات لە کۆماردا لە ڕێگەی دایەلۆگەوە هەمیشە بەدوای چەمکی هەق و خێر و دادوەری و جوانیدا دەگەڕێت و هەوڵ دەدات بەڕاستی ئەم چەمکانە لە ڕێگەی هۆش و کردەی عەقڵانییەوە بدۆزێتەوە، چونکە ئەفلاتوون لەو بڕوایەدایە کە «هەستەکان» لە وەهم زیاتر شتێکی ترمان پێ نالێن، ئەمەش هۆکارێکی دیکەی کێشە و ململانێی نێوان سوکراتی ئەفلاتوون و سۆفیستەکانە، لەبەر ئەوەی سۆفیستەکان سەرەڕای بایەخدانیان بەلایەنی هۆشەکی گرنگیان بە هەست، یان هەستەکانیش دەدا، لێرەدا دەتوانم بڵێم ئەفلاتوون لە دایەلۆگی کۆماردا کە

بیروبۆچوونەکانی لە زمانی سوکراتەوە دەخاتەڕوو سەبارەت بە شیعر مرۆڤێکی ڕاڕا و نیگەرانە، چونکە لەلایەک شاعیرەکان بە نەوەی خوداوەندان لە قەڵەم دەدات کە زۆرجار ئەوە خوداوەندە لە زمانی شاعیرەوە دەدوێت، لەلایەکی دیکەوە لە کۆمارەکەی خۆی دەریان دەکات، لەبەر ئەوەی ئەندێشەی شتگەلەکان دەگوێزنەوە نەک جەوهەری شتەکان، وێڕای ورووژاندنی سۆز و خولقاندنی چێژ و موتعە و خرۆشاندنی لایەنی لەزەت و خۆشی لای خەڵک، ئەفلاتوون هەتا ڕێگری لەخوێندنەوەی شیعرە تراژیدییەکانی هۆمیرۆس و دەقەکانی «ئەلیادە و ئۆدیسە»ش دەکات کە نابێت لە کۆمارەکەیدا بخوێنرێن، چونکە ئەفسانەگەلێکی ناڕاست سەبارەت بە خوداوەندان دەگێڕنەوە، هاوکات نابێت دایکانیش حیکایەتە ئەفسانەییەکانی هۆمیرۆس بۆ منداڵەکانیان بگێڕنەوە و دووچاری ترس و دڵەڕاوکێیان بکەن، چونکە ئەم جۆرە شیعرە تراژیدییانە سووکایەتی بە خوداوەندان دەکەن، هەروەها جۆرێک لە شیعر هەیە کار لە دەروونی پاسەوان- جەنگاوەر- دەکات و لە ڕووی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ئاکارەوە بەلا ڕێیدا دەبات، بەگشتی شاعیران لای ئەفلاتوون مرۆڤی ناعەقڵانین و بایەخ بە لایەنی هۆشەکی نادەن و حەز و ئارەزووی خوێنەر دەورووژێنن، بۆیە نابێت ڕوو لە کۆمار بکەن، تەنیا ئەو شیعرانەی لێ بترازێت کە ستایشی خوداوەند و قارەمانەکان دەکەن، بەڵام سەیر لەوەدایە کە «ئەفلاتوون» خۆی کۆمەڵێک غەزەلی نووسیوە و تێیاندا بەجوانی کوڕە قۆزەکانی ئەسینای هەڵگوتووە، لەلایەکی دیکەوە لەودیو دنیای ئایدیای ئەفلاتووندا شوێنێک بەنێوی هایدس «بەرزەخ» هەیە تێیدا ستەمکار و گەندەڵکار سزای بەسەردا دەسەپێنرێت و لە دۆزەخدا ئەشکەنجە دەدرێت، زۆرجار لە دایەلۆگی کۆماردا ئاماژە بە پیرۆزی خوداوەندان- زیۆس و هیرا- دەدرێت، هەروەها ئەگەر خوداوەند «پیتا» ڕازی بێت لە دوورگەی - ئیزلێس-دا، بۆ جەنگاوەران بە پیاو و ژنەوە پەیکەر دروست دەکرێت، لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کتێبی کۆماری ئەفلاتوون پێش ٢٤٠٠ ساڵ نووسراوە، تائێستاش تێکستێکە بەهۆی کۆمەڵێک بەهای فەلسەفی و ئیستێتیکی و دەلالی خۆی پاراستووە کە هەڵگری ماسکگەلێکە پڕاوپڕ لە مانا و دەلالەتی جۆراوجۆر، واتە دەقێکە تا دێت سەدەی یەک لەدوای یەکەکان دەبڕێت و خوێندنەوەی جۆراجۆری بۆ دەکرێت، ئەمەیە کە زۆرجار بیرمەند و ڕەخنەکاران بڕوایان وایە کە «داهێنان کۆن نابێت»، یان دەقی داهێنراو هەمیشە لە ڕێگەی کۆمەڵێک بەها و کۆد و ئاماژە و هزری نەگوتراوەوە داکۆکی لە بوونی خۆی دەکات و سەرجەم مانا نەگوتراوەکانی بە دەستەوە نادات، بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەیش دەقی کرچوکاڵ نەک هەر سەدەکان نابڕێت، بەڵکو لە شوێنی خۆیدا دەپووکێتەوە، سەیرە منێک لە شاری هەولێر و لە گۆشەی ژوورەکەمدا دانیشتووم و کار لەسەر دەقێک دەکەم کە ٤٠٠ ساڵ بەر لە دایک بوونی مەسیح نووسراوە و چێژ لەبیروبۆچوون و ڕوانینە فەلسەفییەکانی وەردەگرم و هاوکات کۆمەڵێک بابەت سەبارەت بە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ستەم و گەندەڵی دەورووژێنێت کە تائێستاش وەک واقعێکی دزێو و نالەبار سەرجەم وڵاتانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیای گرتووەتەوە، کەواتە دەقی زیندوو هەمیشە لە ڕێگەی هەستی ئیستێتیکی و ئاستی مەعریفی و هزر و ڕوانین و ماسکەکانی چێژەوە زمانێک دەخولقێنێت لێوانلێو لە پرشنگەکانی واتای نەگوتراو و دید و ڕوانینی جیاواز بۆ شتگەل و ڕووداوەکان، هاوکات بابەتگەلێکی جۆراوجۆر دەورووژێنێت، لە سەرووی هەمووشیانەوە گەڕانە بەدوای دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابینکردنی کامەرانی و خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: کۆمار**
**نووسینی: ئەفلاتوون**
**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. محەممەد کەمال**
**بابەت: فەلسەفە**
**چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠٠٩**
**کوردستان، سلێمانی**

# بانگەوازێک بەرەو ڕووناکی

قادر عەلیخا
(بۆکان)

کاتێک خوێنەر لە خوێندنەوەی کتێبێک دەبێتەوە، بە تایبەتی ئەو کتێبە، ئەگەر دەقێکی ئەدەبی بێت، بیر لەو سەفەرەی چاوی دەکاتەوە کە بەسەر پیت و وشە و دێرەکاندا کردوویە. دەست دەکات بە پشکنینی کەلێن و قوژبنەکانی زەینی، کە ئەم سەفەرە چ بەهرە و دەسکەوتێکی بۆ ڕوح و لەش و دەروونی ئەو بووە، چ زانست و زانیارییەکی پێشکەش بەو کردووە. لە خوێندنەوەی ئەو دەقە ئەدەبییەدا چەند جار بە هۆی ڕووداوەکانی نێو ئەو دەقەوە پێکەنیوە و شاد بووە، یان خەم دایگرتووە و گریان ئەوکی ڕێک کوشیوە.



دەسکەوتی ڕوحی و زەینی، لە خوێندنەوەی کتێبێک یەکێکە لە گەورەترین دەسکەوتەکان، کە ژیان بە مرۆڤی دەبەخشێت. هۆیەکەشی ئەوەیە مرۆڤ کاتێک دەست بۆ خوێندنەوەی کتێبێک دەبا، ئەوە ئەوین و خۆشەویستییەکی ڕوحییە کە ئەو بۆ ئەو کارە ڕادەکێشێ و ئاشکرا و ڕوونیشە ئەو بەهرەی چێژ و هەستی خۆشەویستی بە مرۆڤی دەبەخشێ، گەورەترین بەهرە و چێژ و خۆشەویستییە.

ساتەکانی خوێندنەوە پیرۆزترین ساتەکانی ژیانی مرۆڤی ئاشق و ئەوینداری زانین و فێر بوونە. ئەو سات و چرکە ساتە پیرۆزانە لە گرنگترین سات و چرکە ساتەکانی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتین، هەرچی جوانی و پاکی شادی و خۆشی ژیانە دەسکەوتی ئەو چرکە ساتانەیە. ئەو دەم و کاتە کورتانەن، کە زانین و زانیارییەکان لە ڕوحێکەوە بۆ ڕوحێک و لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی دیکە دەگوێزنەوە. تەواوی جوانی و خاوێنی و بەرزی و هەڵچوونەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ڕاست ئەڵێرانەوە سەرچاوە دەگرن. چ هەرێمێک، چ شوێنێک. چ جێگا و مەکانێک هێندی هەرێمی خوێندنەوە و زانیاری و جوانی و ئەشق گۆڕینەوە جوان و پاقژە؟ تۆ بڵێی بەبێ چوونە نێو ئەو هەرێمەوە مرۆڤ دەستی بە ئاسوودەیی ڕوح و لاواندنەوەی جەستە ڕابگەیشتبا؟

ڕۆمان یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبیانەی کە بە درێژایی مێژوویەکی دوورودرێژ لەگەڵ ڕوحی مرۆڤی ئاشقی جوانی و شیرینی و ژیاندا ئاوێتە بووە. نێو پیت و وشە و دێرەکانی ڕۆمان هەر بۆ خۆیان ژیانن. پڕپڕن لە ژیان، لەوێدا

مێژوو، ئەشق، بەرزی و نزمی، برسیەتی و توونیەتی، هەژاری و دەوڵەمەندی، ژیان و مردن. کار و تەوەزەلی، شادی و گریان، ئێستا و ڕابردوو، سەفەر و گەڕانەوە، لێک دابڕان و بە یەکتری شادوشوکور بوونەوە، شەڕ و کوشتار، سەرما و گەرما، زانین و گەوجی، جوانی و ناحەزی ساردی و گەرمی، وەفاداری و بێ وەفایی. هەمووی و هەمووی دەبیندرێ و هەستی پێ دەکرێ. ژیان هەر ئەوانەن، ژیان بێ بوونی ئەوانە، نابێتە ژیان و ئەوانەش هەموویان لەگەڵ یەکتری دەبنە ژیان، نێو لاپەڕەکانی ڕۆمان هەموو ئەوانەی تێدایە، هەر بۆیە ئەگەر بڵێم ڕۆمان ژیانە، شتێکی سەیرم نەکوتووە و ئەوەی کوتوومە شتێکە ڕاست پڕ بەپێستی ڕۆمان.

زۆر کەسایەتی و ڕووداو و سەربردە هەیە تەنیا هەر لە دێڕ و لاپەڕەکانی ئەو ڕۆمانانەدا بوونیان هەیە کە خوێندوومانەوە، بەڵام وەها لە هزر و زەینماندا نەخشیان بەستووە وەک ئەوەی خۆمان بەشێک بن لەوانە، یان ئەوان بەشێک بن لە ئێمە. زۆر پاڵەوان هەیە خۆشمان دەوێن، زۆریشیان ئەوە پڕ بەدڵ قینمان لێیانە. زۆر شوێن و دیمەن هەیە وەها تێکەڵ بە یادەوەری خوێنەر دەبێ هەر دەڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ سەیران و گەڕان لەو شوێنەدا ڕایبواردووە و سەیران و گەڕانی تێدا کردووە. من بۆ خۆم وەک خوێنەرێک پاش چەند ساڵ شادی و خۆشییەکانی قۆجە عوسمانم لە ڕوحی «ئینجە مەمەدی» یەشار کەمالدا هەر لەسەر زەینە و هەست دەکەم هاودێییەکمانە و لە سەردەمی منداڵیدا هەموو بەیانییەک لەنێو دێدا تووشی هاتووم. «میرزا و یارە و خەزاڵی» ڕۆمانی «هاوارە بەرە»ی فەتاحی ئەمیری بە جوانی دەناسم و دەڵێی لەگەڵیان ژیاوم. لەگەڵ گوڵمحەمەدی ڕۆمانی «کەلیدەری» مەحموودی دەوڵەت ئابادیدا سواری ئەسپ دەبم و چاو لە چاوە جوانەکانی مارال دەبڕم.

ڕۆمان سەری کێشاوەتە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیان و دابەش کراوە بە سەر ڕۆمانی ئاشقانە، ڕۆمانی تاوانکاری، ڕۆمانی مێژوویی، ڕۆمانی کۆمەڵایەتی و ڕۆمانی حەماسی. شەپۆلانی زەین لە ڕۆماندا دەوری کاریگەر و بەرچاویان هەیە. شەپۆلەکانی زەین زۆرجار دەبنە هۆی ئەوەی شاعیرێک نووسەرێک، یان هونەرمەندێک، مەودای تەمەنێک، یان زەمەنێکی دوورودرێژ و خەیاڵی ببڕن و تێکەڵ بە ڕاستییەک بن، کە بۆ خۆی تێکەڵە بە خەیاڵ و ئەفسانە و بیکەنە هەوێنی شیعرێک، ڕۆمانێک، یان تابلۆیەکی هونەری.

هەر ئەوەشە کە خەیاڵ بە هەزاران ڕووداوی خوڵقاندووە و تێکەڵی ژیانی مرۆڤی کردووە و بوونەتە هەوێنی ژیان و بوون و مان، مرۆڤەکانی دوای ئەم ڕووداوە خەیاڵی و زەینییانە، ئەوانەیان کردۆتە سەرمەشق و ژیانیان بە کردەوە و بۆ چوونەکانی ئەوان ڕازاندۆتەوە. هەر ئێستا بە دەیان کەسایەتی و سەربردە و ڕووداو هەیە، کە فڕیان بەسەر دنیای بوون و ڕاستییەوە نییە، بەڵام کەسایەتییەکان وەک کەسێکی ڕاستەقینە و ڕووداوەکانیان وەک ڕووداوێکی مێژوویی سەیر دەکرێن. ئەمانە وا تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤایەتی بوون، کە کەوشەنی زمان و نەتەوە و وڵاتانیان بڕیوە و بوونەتە هێما و ڕازی مرۆڤایەتی. ئەوەی ئەم ئاکار و ڕووداوانەی کردۆتە مێژووی مرۆڤایەتی، هونەری ئەو قەڵەم و شەپۆلی ئەو زەینانەیە کە خاوەن بەهرەیەکی جیاواز و دەگمەنن کە دەستی سروشت تێکەڵ بە ڕوحی کردوون و ژیان شانازی جیاواز بوونی پێ بەخشیون. هەر ئەم شەپۆلە سەرکێشانەی زەینە کە دەبنە گەمی و لۆتکە و مرۆڤەکان لەم بەری دەریای بوون و ژیانەوە دەگوێزنەوە بۆ ئەوبەری ژیان و جوانی و جیاوازییەکانی دنیای پێدەناسێنێ.

زۆر ڕووداو و سەربردە هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا کە لە کاتی دیتن و بیستنیاندا مرۆڤ دەبێتە شەپۆلێک لە پێکەنین و قاقا، یان ڕەوەزێک لە خەم و خەفەت و گریان، بەڵام لە ڕاستیدا هەر بوونیشیان نییە و تەنیا ئەوە خەیاڵە ئەو ڕووداوانەی کردۆتە ڕاستی و ڕوحی بوون و ژیانی پێ بەخشیون. جاری وا هەیە بە خوێندنەوەی دەقێکی خەیاڵی و ئەدەبی، تژی دەبێ لە خەم، یان لێوڕێژ دەبێ لە قاقا، بەڵام کاتێک سەیری ئەو دیوی ڕووداوەکە دەکەیت شەپۆلێکی زەینە و هیچی دیکە، کەچی ئەو ڕووداوە دەبێتە بەشێک لە ژیان و هەتا هەتایە وەک نسێ بە دووتەوەیە و دەستبەردارت نابێ. لە زۆر چرکەساتی ژیانیشدا هەست دەکەی وەک ڕاستییەکی مێژوویی ئەم ڕووداوە لە ژیانتدا ڕووی داوە و تێکەڵ بە ڕەوتی ژیانت بووە. کام نووسراوە و کام دەقی ناوازەی ئەدەبی هەیە کە کۆرپەی شەپۆلە سەرکێشەکانی زەین نەبێ؟

بێ بوونی ئەو شەپۆلانە کامە بەرهەم دەهاتە بەر و تاموچێژی خۆی لە دەروون و هەست و هزری مرۆڤدا جێگر دەکرد؟

هەرچەندە ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی تەمەنێکی دوورودرێژی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا هەیە و دەیان و سەدان شاکاری پێ خوڵقاوە و دەیان و سەدان کەڵە نووسەر لەم بوارەدا ژیان و تەمەنیان تواوەتەوە. لە ئەدەبی کوردیشدا کەم نین ئەو کەسانەی شانیان داوەتە بەر قورسایی ئەم ئەرکە مەزنە و نەیانهێشتووە ئەدەبیاتی کوردیش لەم ژانرە پڕ چێژ و شیرینە بێ بەش بێ. هەرچەندە دوورە لەئاستی جیهانییەوە و هێشتا بەتەواوی بیچمی نەگرتووە- ئەگەر سەیری ئەو ژانرە بکەین لە کتێبخانەی کوردیدا، ئەوە دەتوانم بڵێم لە هەموو بوارەکاندا ئێمە خاوەن ڕۆمانین، ئەگەرچی هەمووشیان ناتوانن ڕۆمانی بەهێز و پتەو بن و لاواز و کەم چێژیشیان تێدایە. دەتوانین لە هەر بوارێکدا ڕۆمانێک بۆ نموونە بێنینەوە. ڕۆمانی تۆقی عەزازیل لە نووسینی قادر هیدایەتی ئەو ڕۆمانەیە کە دەبێتە هەوێنی باسەکەمان و بیرێک لەو سەفەرە دەکەمەوە کە چاوم بە سەر پیت و وشە و دێڕەکانیدا کردوویەتی.

بۆ ئەم مەبەستەش وتارەکەم بە سەر پێنج خاڵدا دابەش دەکەم:

١-کاکڵ و پەیام.
٢-زمان و ڕاوێژی گێڕانەوە.
٣-دەنگ و کەسایەتی گێڕەوە.
٤-شێوە و تەکنیکی گێڕانەوە.
٥-گرینگترین وانەی ڕۆمانەکە.

با بزانم لەم پەنجەرەوە ڕوح و جەستەم چ چێژ و دەسکەوتێکیان دەست کەوتووە و ئەوان لەبابەت نێوەرۆکی ئەم ڕۆمانەوە چمان بۆ دەگێڕنەوە.

## کاکڵ و پەیام

لەم ڕۆمانەدا باسی ژیانی چەند پاڵەوانێک دەکرێ کە نووسەر لە زمانی کەسێکەوە بۆمانی دەگێڕێتەوە. کە پێناسە و ڕەگەزەکەی بۆ خوێنەر بەتەواوی نادیار و ونە، نووسەر بە یارمەتی ئەم گێڕەوە باسی مێژوویەک لە ژیانی ڕابردووی توێژێکی تایبەت لە ژیانی کۆمەڵگاکەمان، بۆ نەوەی سەردەمی نوێ دەگێڕێتەوە و زۆر ئازایانە و بوێرانە توانیویەتی پیرۆزی و قودسییەت لەو توێژە تایبەتییە کۆمەڵایەتییە بستێنێتەوە. کە مێژووی ئەم پیرۆزی و قودسییەتە تەمەنێکی دوورودرێژی هەیە و بەدرێژایی سەردەمێکی چەقبەستە، ڕەگوریشەی لەنێو بیروهزر و ڕوحی کۆمەڵگادا داکوتا بوو. وەها ئاوێتەی ژیان و بوونیان بوو کە باوەڕکردنی ئەم گێڕانەوەی ئەو زۆر دژوار و سەخت و ئەستەمە بۆ ئەو کەسانەی ئەم خووخدەیە ئاوێتەی ڕوح و بوونیان بووە. پیرۆزییەک کە بۆ هەموو شتێک و هەموو کێشە و گرفتێک، کۆمەڵگا پەنای بۆ دەبرد و هەموو گرێ پووچکە و مەتەڵەکانی ژیان هەر ئەوان بوون پێیان دەکراوە و دەرمانی دەرد و هەوێنی سارێژکەری هەموو زامەکانی کۆمەڵگا هەر دەستەکانی ئەوان بوون. نووشتەی دەستیان یەکاویەک و ئاوی دەستنوێژیان تەبەڕوک و خاکی بەری پێیان کلەی چاو و هەوێنی ساغی و سلامەتی بوون. کۆمەڵگا بۆ هەموو شتێک هانای بۆ دەبردن و دەستەوداوێنی ئەوان دەبوون. ئەو پێگە و پاڵەوانانەی لە دووتوێی ئەم دەقەدا و خوێنەر لەگەڵیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بەسەر دوو هێڵی سادە و ساویلکە و مورید و سەرسپێردراوی بەر دەرکە و بارەگا و خاکی بەری پێ و سەگی بەر درگا دابەش دەبن و ئەوانەی دەکەونە سەر ئەو هێڵەی دیکە ڕاست لە بەرانبەر ئەوانەی سەرەوەدا دەوەستنەوە و ڕۆڵی دژەبەری ئەوانە دەگێڕن. ئەوانە کەسانێکن کە ئەو پیرۆزییە، لە شوێنێک بە نێوی «تەکییە» وەریدەگرن دەست بۆ هەموو کار و کردەوەیەک دەبەن. لێ سڕینەوە و لێ سەندنەوەی ئەو پیرۆزییە کارێکی هەروا سووک و ئاسان نییە. لادانی ئەو پەردانە و پێ نیشاندانی ژیان و ڕاستییەکانی ئەو دیوی ئەو پەردە پیرۆزانە، هەوڵێکی سەخت و تاقەت پڕووکێنی دەوێ. پەردەیەک کە بە درێژایی هەزاران ساڵ دادراوەتەوە و دەیان فکر و گەلاڵە دارێژەر پلانیان بۆ دەهۆ و فێڵەکانی دارشتووە. ئەو دەهۆ و فێڵانەش بە جلوبەرگی پیرۆزی و قودسییەت ڕازاونەتەوە و خشڵ و زەمبەری جۆراوجۆریان پێدا هەڵواسراوە و بە دەیان گۆبەرۆک و پلێلە و لەرزانە ڕازاونەتەوە.

شێواندن و ئاڵۆزکردنی ئەم پیرۆزییە بیری ورد و ورەی بەرزی دەوێ و کارێکی هەروا سووک و ئاسان نییە. شوێن و پیرۆزییەک کە بە سەدان ئوستوورەی تێدا هەڵکەوتووە و لە ڕوحی کۆمەڵێک خەڵکدا هەژموونیان هەیە و لەسەر زەینی گەلێک کەس قورسایی دەکەن و بە هەزاران ئەفسانەیان لەدەور ڕۆنراوە. کە لەنێو باوەڕ و هزری ئەو

خەڵکەدا وەک بەڵخ نیشتوونەتە سەر یەک و چەقیان بەستووە. کە کراندن و خاوێن کردنەوەیان هەوڵ و ماندووبوونێکی فرەی گەرەکە، بەڵام ئەو بیر و قەڵەمەی کە ڕۆمانی تۆقی عەزازیلی پێ نووسراوە، زۆر ئازایانە لێفەی لەسەر هەتیوان هەڵداوەتەوە و نەترسانە ڕاستییەکان ئاشکرا دەکات و پیرۆزییەکان دەسڕێتەوە و هێڵی سوور بە سەر هێڵە سوورەکاندا دێنێ و درگا لەسەر پرشنگ و تیرێژەکانی ڕووناکی دەخاتە سەر پشت. هەر بۆ خۆی مێژوویەکی نوێیان بۆ ساز دەکا و بە توانەوە و نەمانی وەچەکانی ئەو دارە کۆن و کلۆر و دارزیوە، بانگەوازی توانەوە و تەواوبوونیان و لەناوچوونیان بەرز دەکاتەوە. لەم ڕۆمانەدا تەکییە وەک ئەکتەر و پاڵەوانی سەرەکی دێتە ئەژمار، هەموو کەسایەتی و ڕووداو و باسەکان لە دەوروبەر و نێو ئەودایە کە ڕوو دەدەن و ئەوە بەر لە هەموو کەسایەتییەکان خوێنەر هەستی پێ دەکات. مێژووی نوێی ئەم تەکییە کە دەتوانێ هێمای هەموو تەکییەکانیش بێت کە سەرلەنوێ دروست کردنەوەی بەدەستی وەستا خوسرەوەوە دەست پێ دەکات. ئەو دەیڕووخێنێ و تێکی دەدات و بە شێوازێکی نوێ لە بناغەڕا سازی دەکاتەوە. هەر لە دوای ئەم ساز کردنەوەشە کە وەچەی نوێ پێدەنێنە نێو تەکییەوە و ڕوحی نوێ دەزێتەوە دەروون و هەناوی تەکییەوە. سەلاح و سارا و شەهاب و گوڵەندام لە ڕیزی ئەو پاڵەوانانەن کە پاش ساز کردنەوەی تەکییە بە دەستی وەستا خوسرەو پێ دەنێنە پانتایی ڕۆمانەکەوە و دەبنە بەشێک لە مێژووی تەکییە. کە وردە وردەش بە لە ناوچوونی ئەوان، نووسەر هێڵێکی سوور بە سەر تەکییە و ڕوحی تەکییە و فکری تەکییەییدا دەکێشێ. ئەوەی لەو باسەدا گرنگە سەلاحە کە تەنیا لەبەر ئەوەی بە هۆی بیروڕای تازە و فکری نوێوە پشت لە تەکییە و بیری تەکییەیی دەکا و خۆی دەدا بە دەست شەپۆلی بیری نوێ و ڕۆژگاری نوێ و ژیانی نوێوە. سەلاح لێرەدا هەر سەلاحێکی ڕووت و سادە نییە. ئەو لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک پەیام و هیوا و دروشمی پێیە کە نووسەر وەک داشێکی گرنگ بۆ یارییە زەینی و فیکرییەکەی پێویستی پێیەتی و گرینگترین پەیامی ڕۆمانەکەی دەخاتە ئەستۆی سەلاح. ئەو لێرەدا، سەلاح دەکاتە نوێنەری ئەو نەوەی کە بۆ بەدەستهێنانی وەڵامەکانی لە پرسیارە قەدەغەکان ناترسێ و ئەگەر بە قیمەتی گیان و ژیان و ئاسوودەییشی بێت، ئەو نەترسانە وەدوویان دەکەوێ و بۆ بەدەست هێنان و دۆزینەوەی وەڵامەکانیان پشت لە ئاسوودەیی و پیرۆزی و فشە و ڕابواردن و مشە خواردن دەکات. ڕێگای سەخت و دژواری هات و نەهات دەگرێتە بەر و سەری خۆی لەپێناو ئەو بیرە پیرۆزەدا دەنێتەوە. تا ئێرە ئەمەی باسی کرا، کاکڵ و پەیامی ڕۆمانەکەیە.

## زمان و ڕاوێژی گێڕانەوە

شێوەی گێڕانەوەی کە زمانێکی دەوڵەمەند و ڕەوان و شیرینە، لایەنی بەرزی و جوانی سەرکەوتوویی ڕۆمانەکەیە. ئەو پەخشانەی کە خوێنەر لەگەڵی ئاوێتە دەبێ، نەرمونیان و ڕەوانە، وەک ئاوی ڕووبارێکی لە سەرەخۆ و زوڵاڵ، جێ جێ مەند و جێ جێ خوڕ و تاو تاویش هەڵدێر و تاڤگەیە و خوێنەر بە هیچ کلۆجێک هەست بە ماندووبوون ناکات و لە خوێندنەوەی وەڕەز نابێ. وتەکان وەک گەمە و یاری وردەماسییەکانی نێو ڕووبارێکی ڕوون وان، جار لەگەڵ جار زیاتر و زیاتر چێژی بینین بە خوێنەر دەدەن و ئاسوودەیی بە ڕوحی دەبەخشن. وشەکان ناسک، دێڕەکان نەرم و ڕاوێژی قەڵەمەکە ڕاوێژێکی ڕەسەن و خۆماڵییە. بە جووڵانەوە و ئاکار و کرداری دەروێش و تەکییەنشینان ئاشنایە و زمانی ئاخافتن و شێوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و جۆری ئیکلام کێشان و بە قوربان و سەدەقە بوونیان زۆر شارەزایانە دەناسێ. زۆر جار وەک کۆنە دەروێشێک دێتە ئاخافتن و هەر بە زمانی ئەو و شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو، تووک و نزا لە خۆی دەکا و هەر بەو ڕاوێژە شیرینە و قەڵەمە ڕەوانەی، زۆر ئارام و لە سەرەخۆ دەست دەبا و پەردەیەک لەسەر ڕاستییەک لادەدات و نهێنییەکی دیکە ئاشکرا دەکات. لەم دوازدە پەردەی کە ئەو لایان دەدا-ڕۆمانەکە لە دوازدە بەش پێکهاتووە- ئیتر فری بە سەر نهێنییەکانەوە نامێنێت و هەموو ڕازەکانی ئەوان ئاشکرا دەکات. کە بەم زمانە ڕەوان و ڕاوێژە شیرینەی هەم خزمەت بە زمان و ڕاوێژی شیرینی کوردی دەکا و هەم ئەرکی ڕووناکبیری خۆی کە لادانی پەردە ئەستوورەکانە بۆ دەرکەوتنی ڕاستییەکان و ڕووناکییەکان بە جوانی بە ڕێوە دەبات.

## دەنگ و کەسایەتی گێڕەوە

بەڵام مەتەڵێک لە ڕۆمانەکەدا هەیە کە خوێنەر تووشی سەر لێ شێواوی دەکات و نازانێ لەگەڵ دەنگی ژنێکدا ڕووبەڕووە، یان پیاوێک! ئەویش دەنگ و کەسایەتی گێڕەوەی ڕۆمانەکەیە. لەو شوێنەی کە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا دەست بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەکا و دەڵێ:

«من سەگی بەر پێی ئەو زاتە، حەدی ئەوەم نییە ئەم بەسەرهاتە بگێڕمەوە». گێڕانەوەی بەسەرهات و ژیننامەی بنەماڵەی ئەو مشایەخە «ڕوح و گیانم بە فیدایان» بۆ منی ئومی بێ سەر و زمانی خاکەساری ڕوو ڕەشی بێ پەنا و پشتیوان نابێ. من نابێ پێ لە بەڕەی خۆم زیاتر ڕاکێشم و نابێ تاوانی قورسی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو بنەماڵەیە بێنمە ئەستۆی خۆم. لەبەر پیرۆزی و گەورەیی حەزرەتی خاوەن شکۆ، گەورە و پێشەوای ئەولیا، بەروبووی دڵی مشایەخ، جگەرگۆشەی حەزرەتی غەوس، پێشەوای عارفانی عەوداڵ، سەر باشقەی دەروێشانی نێودار، مەلەوانی بەحری حەقیقەت، ڕووناکیی ڕێبازی حەمدوونی، کۆڵەکەی دین و ئایین، سەروەرم حەزرەتی شێخ باپیر...»

لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدا و دەڵێ: گێڕەوەی ئەم بەسەرهاتە دەبێ کێ بێ؟ بێجگە لەوەی خۆی وەک سەگی بەر درگای ئەو خانەدانە دەناسێنێ بڵێی چ دەور و کارێکی هەبێ و چ ئەرک و فەرمانێکی تری لە ئەستۆدا بێ. ئەمە پرسیارێکە و خوێنەر بۆی هەڵنایە و نووسەریش هیچ یارمەتییەکی نادات. پرسیار ئەوەیە، ئەم کەسایەتییە ژنە، یان پیاوە. کە بۆ ئەوەیش لە لایەن نووسەرەوە هیچ کلیل و کۆدێک بە خوێنەر نادرێ و لە پشت ئەو درگا داخراوەوە وەک مەتەڵێک دەمێنێتەوە، بەڵام لە خوێندنەوەی ڕەوتی ڕۆمانەکەدا ئەوەی خوێنەر هەستی پێ دەکات ئەوەیە کە دەبێ گێڕەوەی ئەو ڕۆمانە ژن بێ. بۆ چی؟ وەڵام ئەوەیە، کە ئەو دەنگەی لە سەرەتای گێڕانەوەی هەر ڕازێکدا بەو شێوە تووک و نزایانەی لە خۆی دەکات زمانێکی ژنانەیە. کە وێنەی ئەو ژنانە لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا کەم نین و زۆریش بەرچاون. ئەو شێوە ئاخافتنەی ئەو پێی دەدوێ. بە بڕوای من شێوەی ئاخافتنی ژنێکی ٥٠ – ٦٠ ساڵانەی ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستایە. کە مێژووی ڕوودانی ڕۆمانەکەش بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە. شێوەی لە خۆ تووڕە بوون و تووک و نزا کردن و جۆری ئیکلامکێشان و خۆ بە قوربان و سەدەقە کردنی ئەو درگا و بارەگایە کە بەر لە ئاشکرا کردن و پەردە لەسەر لادانی هەر سڕ و نهێنییەک لە خۆی دەکات بە تەواوی ژنانەیە و دەتوانین دەیان بەڵگەی هەر لەنێو کتێبەکەدا بۆ بێنینەوە.

«من ناوێرم ئەو سڕ و نهێنییە ئاشکرا بکەم کە لە مێژ بوو دڵی ئاوێنە ئاسای سەروەرم حەزرەتی شێخ باپیر بە قوربانی دڵی بێ گەردی بم لە بۆسەی وەستایەکی وەک خەسرەودا بوو...»

«بڕیاریاندا تەریقەتی مەزنی ئەو بنەماڵە بەرز و پیرۆزە خودا هەمیشە سڕ و نهێنییان وەشارێ بە فەخر و شانازییەوە وەرگرن و سەریان بەو زاتە باوەڕدارە بسپێرن...»

«شەوێک لە خەونیدا، خۆشی لە خۆی، –خودا ئەو شانازییە گەورەیە بە هەموو موسڵمانێک ڕەوا ببینێ و ئێمەی بێ سەروزمانیش خاک و خۆڵی بەر پێی خاسان– سەرۆک و ڕێبەر و حەکیمی حاڵزان، سەروەرم حەزرەتی شێخ باپیر نێوچاوی نوورانی...»

«من سەگی بەر درگای ئەو زاتە، حەددی ئەوەم نییە بۆ هیچ کەس بگێڕمەوە لەگەڵ کو سەردەستەی پیاوچاکان و ڕێنوێنی دەروێش و مریدان سەروەرم حەزرەتی شێخ باپیر سەرم سەرگەردی تۆزی بەرپێی بێ بە ئاماژەی چاو و برۆ نازدارەکەی، ڕێگەی دا هەتا دیوارە پیرۆزەکانی تەکییە لابەن و سەر لە نوێ بە وەستایەتی وەستا خەسرەو سازی بکەنەوە.»

«هەزاری وەک منی بە فیدای بێ.»

«خودا نهێنی وەچە و وەرەسەی بپارێزێ و دەست بە باڵیانەوە بگرێ...»

«من ڕایەم ناکەوێ و حەددم نییە باسی نهێنییەکانی حەرەمی ئەو زاتە بکەم و ناوێرم بڵێم...»

«چغە، ئەی نەوسی نەوسنی چاوحیزی ئەو درگا و بانە، سەر داخە، مل شۆڕ کە و کلکت لە گەلۆزت گرە...»

«کەڕ و کوێر و لاڵ و پاڵ بکەوە ئەی نەوسی گەڕ کە چاوی زەقت بڕیوەتە ئەو ژوورە پیرۆزە، ئەی سەگە بەرەڵای تڕۆکراو، ئەی سەگی سپڵەی ئەو درگانەیە کە هەر لەو دەوروبەرە مڵومۆتە، ئەی شەمشەمەکوێرەی شەوگەڕی چڵکن، جیق و فیقتان دەربێ و زارتان لە قوونتانەوە وەردرێ. ئەی مێشەکوێرەکان کە هاتوونە ئەم دیوی شووشەی پەنجەرەی دیوەکەی سەروەرم حەزرەتی شێخ باپیر و خێزانی

بەرێزیەوە، ئەوە ژووری حەرەمە و بینایی چاوان و شەمی عیرفان و گلێنەی هەر دوو چاوی دەروێشانی تێ دایە.»

«ئەی دەروونی نگریس، تۆ هەر ئەوەی وا بە دێڵە سەگی نەفسی پیسەوە ڕووای و ئابڕووی پێوە نەهێشتی. لانی کەم لە ترسی ئەوەی تاوانت ئەوەندە لێ قورس نەبێ کە قەبریش وەخۆت نەگرێ و وەک شەویلکەی کەرێکی تۆپیو فڕێت نەداوەتە دەرێ...»

«تیریژی خۆر و تریفەی مانگ و ڕووناکایی عاسمان حەزرەتی شێخ باپیر بۆ خاتری ئالآ سەوز و بەرزەکەی تەکییە، دوژمنانی ڕوو زەرد و سەرشۆڕ بن...»

«ئەی ڕەشە دێوی هەواوهەوەس بردوو، من کە سەگی گوێڕایەڵ و داغ کراوی ئەو درگانەیە بووم، بە بۆنەی چاوحیزی و چڵێسیی تۆوە لاڕێ بووم و تڕۆ کرام...»

«یارەبی بۆ خاتری خەڵوەتخانەکەی حەزرەتی شێ حەمدوون، غەزەبێکی بێ بڕانەوە بباریێ بە سەر ئەوانەی وا زەینیان بە بەسەرهاتی فاتمە خانم و دەروێش کامیلەوە خەریکە و باوەڕ بەو تۆقی عەزازیلە ناکەن وا ئەو شەوە چووە ملی فاتمە خانمەوە...»

«خودا ئەو بنەماڵە و خانەدانە هەر بەردەوام و وەجاغ ڕوون ڕاگرێ و نەیاران و دوژمنانی تەرتوتوونا بکا...»

«منی هەڵەڕۆ و پێ نەزانی دوو زمان ناوێرم ئەوە بگێڕمەوە...»

«زمانم بە بڕین و سەرم بە تاشین چێ.»

«بە سەدەقەی تۆزی کەوشەکانی بم.»

بە دڵنیایەوە ئەم بەڵگانە هەر خوێنەرێک پێ مل دەکەن کە ئەم شێوە ئاخافتنە بە تەواوی شێوە ئاخافتنێکی ژنانەیە و ڕوحێکی ژنانە بە سەر گێڕەوەی ئەو ڕۆمانەدا زاڵە. کە ئەوە ڕوون نییە نووسەر بە دەستی ئەنقەست کردوویەتی، یان نا.

## شێوە و تەکنیکی گێڕانەوە

خاڵێکی دیکەی جێگای سەرنج شێوەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیە. کە بەتەواوی دەنگێکی زاڵ و تاک ڕەهەندی و دیکتاتۆرانەیە. یەک بین لە لایەن کەسێکەوە وەک گێڕەوە، دەگێڕدرێتەوە و لە هیچ جێگایەکدا بوار بە کەس نادرێ بە زمانی خۆی بدوێ و بە دەستی خۆی ئاماژە بکات و بە چاوی خۆی ئیشارە بکات و بەتەواوی بەتاڵە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە. کەسایەتییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە هەموویان دەڵێی لاڵن. لە هیچ شوێنێکدا و لەسەر هیچ بابەتێکدا متەقیان لێوە نایە. ئەوەی لە جێگای ئەوان دەدوێ و خەیاڵ دەکا و ئارەزوو دەکات، سەرمای دەبێ و گەرمای دەبێ و دەترسێ و شاد دەبێ و خەم دایدەگرێ و ئاشق دەبێ و دەگری و پێدەکەنێ و زیکر دەکات، دەژی و دەمرێ هەر گێڕەوەیە و پاڵەوانەکان بەهیچ کلۆجێک نایەنە سەر پانتایی شانۆکە و هەستیان پێ ناکرێ. ئەو، واتە گێڕەوەیە دەڵێ: جوانن، ناحەزن، چاکن، خراپن، خۆیان هیچ دەورێکیان نییە و هیچ دەرفەتێکیان نادرێتێ بۆ ئەوەی خۆیان بە سەر زەین و دڵ و دەروونی خوێنەردا بسەپێنن. لە هیچ شوێنێکدا خوێنەر ناتوانێ تێکەڵ بە شادی و خۆشی و خەم و دەردی پاڵەوانەکانی بێ و لە تەواوی ڕەوتی ڕۆمانەکەدا بێ، وەک گوێگرێک دانیشێ و چاوی ببڕێتە دەمی گێڕەوەکە و ئەوەی هەیە هەر لە دەمی ئەوەوە بیبیستێ. چیرۆک و پاڵەوانەکانی هەر لەگەڵ گوێچکە و چاوی خوێنەر وا پێوەندی دەگرن و کەمتر بەشە هەستیارەکانی دەروونی خوێنەر تێکەڵ بە ڕەوتی ڕۆمانەکە دەکرێن، یان باشتر ئەوەیە بڵێم هەر ناکرێن. گێڕەوە بە درێژایی ڕۆمانەکە دەڵێی وەک حکایەتخوانێک لەسەر دۆشەکچەیەکی نەرمی لە بەرگن ئاخنراو دانیشتووە و باسەکە بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە. لێرەدا خوێنەر دەباتەوە سەردەمی ڕابردوو ئەو کاتەی لەنێو ماڵێکی گەورەدا حکایەتخوانێک لە سەرێ دادەنیشێت و چیرۆک و حکایەتی «پەلەک سەوز» و «سەوزە پۆش» و «بستەی چل گەزە ڕیشە» و «وەیخڕ» و «سووری چاوشین»ی بۆ دەگێڕایەوە. کە لەوێدا ئەوەی دەدوا هەر حکایەت خوان بوو نەک کەسایەتی و پاڵەوانەکانی نێو حکایەت و سەربردەکە. لێرەدا لە ڕۆمانی «تۆقی عەزازیل»دا گێڕەوە ئەوەندە هەژموونییەکەی دادەسەپێنێ کە تەنانەت شتە خەیاڵی و ئەفسانەییەکانیش، کە لە زمانی خەڵکەوە کە دراونەتە پاڵ شوێنە پیرۆزەکان، دەبێ خوێنەر هەر بە چاوی گێڕەوە ببینێ و لە زمانی ئەوەوە بیبیستێ. کاتێک حەزرەتی گوڵەندام خانم دەچێتە لای مەزارە پیرۆزەکان کە لە نێوە دیوە بە گڵ و مۆرە چێ کراوەکاندان، کاتێک ئەوان لەنێو دنیای پاش مردندا دەبینێ. هەر گێڕەوەیە دەبێتە چاوودەم و

گوێچکە و ڕوحی گوڵەندام و ئەوان هەست پێ دەکات و بۆ خوێنەری دەگێڕێتەوە.

«دوایی بە حورمەتەوە دانیشت و ماوەیەکی کورت ئاگادار ماوە. باوکی خۆشەویستی لە باغێکی دڵڕفێن و چاولاوێن و لەشحەسێندا هاتە پێش چاوی، لەژێر دارێکدا پاڵی دابووە و ڕووبارێکی هەنگوینیش بە بەر دەمیدا تێدەپەڕی، ئەوی خودا حەز بکا لەبەر دەستیدا بوو. چەندین حۆری چاو بەڵەکی مەمک قوتی تازە پێگەیشتووش بە دەوروولایدا دەهاتن و دەچوون. گوڵان خانم عەرزی کرد لە دەورت گەڕێم پەنام بۆ هێناوی. سەرووەرم بە قامکەکانی ئاماژەی فەرموو جارێ بچێتە زیارەتی حەزرەتی شێخ زورار. گوڵان خانم، باپیری بەڕێزی هاتە پێش چاو، تەشریفی نازداری لە باغێکی زۆر دڵ ڕفێندا لە ژێر دارێک، لەسەر تەختێکی درەوشاوە پاڵی دابۆوە و لە عەیش و نۆشدا بوو. نە تینی تاو دەبینێ و نە سەرما دەچێژێ. ئەوی خوا حەز بکا و ئەوی خۆشی دنیا بوو لەسەر دەستیدا بوو.»

«دوای ماوەیەک ئەو زاتە هاتە پێش چاوی، لە گومبەزێکی بلووریندا لە ژێر سێبەری داری تووبا بە جۆلانێ کردن تەشریفی دەهات و دەچوو. سێبەری سەر لقی دارەکانی دیکەش بە سەریدا شۆڕ ببوونەوە و میوەکانیان بۆ خۆیان دەهاتنە نێو زاری نازدارییەوە. ئیتر لە زاریدا خۆشی و تاموچێژیان دەتوانەوە و هیچ پێویست بە جاوین و قووتدان نەبوو. خۆشی و خواردن و شیر و مەی و هەنگوینی وای لەبەر دەستدا بوو، قەت هیچ لێوێک نەی چەشتووە و هیچ چاوێک نەیدیوە.»

لەم ڕۆمانەدا خوێنەر نە بە تەواوی بە ناخی کەسایەتییەکاندا ڕۆدەچێ و نە بە جوانی ڕوخسار و قەڵافەتیان دەبینێ و هەست پێ دەکات، یانی گێڕەوە بە شێوەیەکی ماشێنی و سەر زارەکی وەک هەواڵی ڕووداوێک لە ڕەوتی باسەکە دەدوێ و ڕوح ناکات بە بەر ڕووداو و کەسایەتی و باسەکەدا. بەشداری نەکردنی پاڵەوانەکان لە پێکهاتەی ڕەوتی ڕۆمانەکەدا، واتە نەبوونی دیالۆگ و مۆنۆلۆگیش، ئاستی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی دابەزاندووە و بە دڵنیاییەوە بەشداری کردنی ئەوان و هەست کردنی خوێنەر بە دەنگ و شێوەی ئاخافتنی پاڵەوانەکان، ئاستی ڕۆمانەکەی بەرەو سەرتر هەڵدەکشاند و ڕوح و جەستەی پێ دەوڵەمەندتر دەکرد.

## گرنگترین وانەی ڕۆمانەکە

بەڵام تەواوی ئەوانەی کە من وەک خەساری نێو ڕۆمانەکە لە سەرێ باسم کرد ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم هەوڵەی سەید قادر هیدایەتی هەوڵێکی لاوازە. نا بە دڵنیاییەوە زۆر لایەنی سەرکەتووشی هەیە کە پێشتر باسم کردووە. هەر ئەوەی باسێکی گرنگی کۆمەڵایەتی خستۆتە بەر باس و وەک بیرێکی ڕوون و ڕووناکبیری ئازا و هۆشیار سەری کێشاوەتە ئەو دیوی ئەو پەردە بڤە و قەدەغەیە و دەمامکی لە رووی ڕاستییەکان لاداوە و نهێنییە گرنگەکانی بەزمانی چیرۆک و لە توێی ڕۆمانێکدا بۆ خوێنەر درکاندووە و دەرگای داخراوی ئەو ڕازە، هەر لەخۆوە پیرۆزکراوانەی، خستۆتە سەر پشت و خوێنەر هان دەدات بۆ ئەوەی چاووگوێی بکاتەوە و هەر خۆی بە چاووگوێی و دەست و دەم و لاقی خۆی بڕوات و لە شوێنە تاریک و نووتەک و دوورە دەستەکاندا بە شوێن ڕاستییەکاندا بگەڕێ و بەوە قایل نەبێت. کەسانی بەرێ و ڕابردووەکان بڕیاریان بۆ بدەن، بەڵکو خۆیان چاوساغ و دەم و گوێی خۆیان بن. نووسەر بە ئەم هەوڵەی، کە هەوڵێکی پیرۆزە، خوێنەر فێر دەکات و هانی دەدات کە بۆ ئەوەی پرسیار بکات و خۆی لە قەرەی داوە پیرۆز و دەمامکە موقەدەسەکان بدات. بوێرێ و لاق و دەسیان بۆ بەرێ و ترس نەبێتە هۆی ئەوەی، ئەویش هەر لە خۆوە و بە شێوەی ڕەمەکی و ڕەوەیی وەدوویان بکەوێ. دیارە بەوە گەیشتووە کە پێملیان نەبێ و پرسیار بکات و هێڵە سوورەکان ببەزێنێ و بە شوێن پرشنگ و ترووسکە و گڕی ڕاستییەکاندا بگەڕێت. ئەو دەڵێ: هەر لە خۆوە مەبنە کامیل و لە ئەشق و دڵ و ژیان و بوونتان مەبوورێن، بۆ شتگەل و کەس گەلێک، کە هەر لە خۆوە و بە هۆی قەزاوقەدەر و هەل و دەرفەتەوە لە جلوبەرگی فێڵ و دەهۆ و دڵڕەقیدا پیرۆز بوون و ژیان و ئەشق و شادی و شایی خۆیان، بۆ خۆیان دەپارێزن و فەقیر و هەژاران دەچەوسێننەوە و بە ڕەنجی شانی ئەوان دەژین. سەلاح دەکاتە ڕەمزی ئازایەتی و جوامێری و سەرەڕای ئەوەی دەیتوانی جلوبەرگی پیرۆزی و پاکی لەبەر بکات و سەر لە ئاخوری فشە و مشەخۆری نێ، پشتی تێ دەکا و بە شوێن ڕاستی و پاکی و حەز و ئارەزووەکانی خۆی دەکەوێ و تێکەڵ بە ڕوح و ژیانی مامۆستا سامالّ دەبێ کە پڕ بووە لە وانە و

ئەزموونی ڕاستییەکانی دنیا و بە ڕاستی ژیان. نەبووەتە کۆیلە و غولامی تەکیە و نەبووەتە نیر و دۆلپا و مۆتەی سەرشان و ملی خەڵکی. بۆ خۆی بووە و بۆ خۆی ژیاوە و ڕووی لە ڕاستییەکان کردووە و پشتی لە دەهۆ و ناڕاستییەکان کردووە. ئەمە گرنگترین وانەی نێو ئەم ڕۆمانەیە کە نووسەر ئاڵای بۆ بە دەستەوە دەگرێ و بانگەوازی بۆ دەکات. ئێمە هەر ئێستاش لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بە گشتی، بە دەیان و هەزاران کەس و شوێن و دابونەریتمان هەیە. کە هەر لە خۆوە و لەبەر هیچ و خۆڕایی جلوبەرگی پیرۆزییان بە بەردا کراوە و بە دەیان ئەفسانە و دەنگۆ و دەنگوباسیان لە دەورە کە هەر لە خۆوە و بە دەستی دەروێش و موریدەکانیان بۆیان ساز کراوە. هەمووشیان بوونەتە هێڵی سوور و پیرۆز و هیچ کەس ناتوانێ تەنانەت بە پرسیارێکیش بەرانبەریان بوەستێتەوە، کە هیچیان وانین. هەر لەم ڕێگایەشدا بە دەیان و سەدان کەسی وەک سوقرات و جۆردانۆ برۆنۆ و مەنسووری حەلاج دەسووتێندرێن و هەڵدەواسرێن و دەرمانداو دەکرێن. هەر ئێستاش ئەم ڕەوتە بەردەوامە و ڕۆژانە گیانی مرۆڤگەلی ئازادیخواز و بیرروون و چاوکراوە دەگرێ و لە ناویان دەبات و دەیانتوێنێتەوە. کە لەڕاستیدا هەر فریشیان بەسەر پیرۆزییەوە نییە. هەر ئێستا بە هەزاران شێخ باپیر ورگیان لەسەر داناون و کایە و کەیف بە ئارەزووەکانی کامیل و کامیلەکان دەکەن و وەیلانی کەژ و کێو و برسیەتی و تینوویەتی و دەربەدەرییان دەکەن و فاتمەی خێزانیان، لە ئامێز وەردێنن و قاقا بە ئەقڵیان پێدەکەن.

خوێنەرەکانی ئەم ڕۆمانە، ئەگەر پاش ئەوەی گەیشتنە کۆتایی و چاوێک بە چواردەوری خۆیاندا بخشێنن بە دڵنیاییەوە دەتوانن لەگەڵ بڕیارەکەی سەید قادردا بڕیاری سڕینەوە و پیرۆزی لێ ئەستاندنەوەی زۆر کەس و شوێن و شێوەی بیرکردنەوە بدەن، کە بە نەمانی ئەوان زیاتر ئێمە و هاوچەرخەکانمان و داهاتووەکانیش تیشکی ڕاستییەکان و چێژی ژیان و جوانییەکانی بوون ببینن. ئەوانەی کە وەک تەپوتۆز و گێژەڵووکە دەتوانن پەردەیەک بن لەنێوان مرۆڤ و جوانی، مرۆڤ و ئەشق، مرۆڤ و ژیان، مرۆڤ و شادی، مرۆڤ و چێژ و لە ئاکامدا مرۆڤ و خودا. بۆ ئەوەی دڵ و هەستمان بدەین بە ئەشق و جوانی و ژیان و شادی و چێژ و خودا، دەبێ لە پەنجەرەکەی سەید قادر هیدایەتییەوە تاوێک بە چاو و ڕوح و دڵ و هەستەوە لە بوون بڕوانین و بە شوێن ئەو پرسیارانەدا بگەڕێین کە لە ماوەی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا وەک کارگ پەیتا پەیتا لە زەین و مێشکماندا قووت دەبنەوە و هەڵدەتوقێن.

بە شوێن کەوتنی ئەو پرسیارانە و دیتنەوەی ڕاستییەکان، مرۆڤ بەرەو مرۆڤ بوون سەوڵ دەدا و دەستی دەگرێ و لەسەر ترۆپکی بوون و ڕاستی و ڕاستییەکان دایدەنێ. هەر ئەوەی کە سوقرات دەیگوت، «خۆت بناسە» هەتا خۆت نەناسی و خۆت بۆ خۆت بیر نەکەیتەوە و بڕیار نەدەی، ناتوانی ببیتە مرۆڤێکی تەواو. خاوەن بڕیار بوون و خاوەن بڕیاردانە، کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ترۆپکی مرۆڤایەتی و بێ بوونی ئەم تایبەتمەندییە لە قورسایی و بەرزی مرۆڤ کەم دەکاتەوە.

سەگی بەردەرگابوون و دەروێش بوون و خاکی بەر پێ بوون، لە ڕوحی مرۆڤ دوورە و مرۆڤ هەتا ئاستی ئاژەڵ و کۆیلە بوون دادەکێشێ و کەسانێکیش دەکاتە بینایی چاوان و تاجی سەر و خوێنی دەمار و سەروەر و سەردار، کە لە هیچ لایەنێکەوە شیاوی ئەو پلەوپایە نین، بەڵام کاتێک مرۆڤ بە گوتەکەی سوقرات خۆی ناسی، ئەوە هەڵدەکشێ و بەرز دەبێتەوە و دەبێتە ئەوەی کە دەبێ ببێت. بانگەوازەکەی سەید قادر بانگەوازێکە بەرەو ڕووناکی و پرشنگ و جوانی و بە مرۆڤ بوون. ئەو بێزارە لە کۆیلە بوون و دەروێش بوون و ئاڵقە بە گوێ بوون.

با وەشوێن ئەو بانگەوازە پیرۆزە بکەوین کە بانگەوازێکە بەرەو ڕووناکی.


**سەرچاوە:**

**تۆقی عەزازیل – سەید قادر هیدایەتی**

**پەخشانگە: کۆڵەپشتی-تاران-چاپی یەکەم ٢٠١٢.**

### به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی حەڤدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ـەوە

# ڕامان یەکەمین بەرامەی ڕاپەڕین

**تەها ئەحمەد ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

بۆ ئێمەی نووسەران لەپاش ڕاپەڕینەوە، لەدوای خەون بینین بە ئازادی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوەی بەخشش و بەرهەمەکانمان کە ئیدی هیچ سانسۆر و چاودێرێک بەژوور سەرمانەوە نەمێنێ، خۆی لەو بڵاوکراوانەدا دەبینییەوە کە هەمووان چاوەڕێی بووین و ئەویش ساڵانێکی زۆری خایاند. زۆرینەمان بە چاپی دەستی و چاپکردنێکی ناچاریی نامیلکە و کتێبەکانمان ئیکتیفامان دەکرد و لەو ڕێیەدا چاوەچاوی ئەوەمان بوو، ئێمەش وەک میللەتان بەرهەمەکانمان بە چاپ و دیزاینێکی هونەریی و جوان بخەینە بەر دیدەی خوێنەرانی کوردزمانەوە.

ئەو ڕۆژگارانەی پێش ساڵی ١٩٩٦ دەتوانم بڵێم ساڵانێکی تاریکی ڕۆشنبیریی کوردی بوون، ئەگەرچی بە ئازادیشەوە بیروبۆچوون و داهێنانی خۆمان پێشکەش دەکرد، ئاخر هیچ کلاوڕۆژنەیەک بوونی نەبوو، لەکاتێکدا ئەزموونی هەر یەکێکمان تژی بوو لە بینینی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی شایستە کە میللەتانی دراوسێش بەو تەرزە کولتووری خۆیان نمایش دەکرد.

گۆڤاری (ڕامان) وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوەی جوان لەو تاریکستانەوە هەڵهات و دەکرێت لەو وەختە و لەئێستاشدا بڵێین بەڕاستی یەکەمین بەرامەی ڕاپەڕین بوو، یەکەمین تاموبۆی ئازادی بوو کە قەڵەم زمانی تازەی تێدا پژا. زۆر ناکەومە داڕشتن و وەسفکردنی ئەو هەستانەی لەپاش (ڕامان)ـەوە دروستبوون، لێ شکۆی نووسینی سەرلەنوێ ژیاندەوە و تاجێکی شاهانەی کردەوە سەر کە بێ گومان شایستەی بوو.

ئەو دەرگا والایە، ئەو ڕۆشناییە پڕ شەوقە بەوپەڕی خاکەڕاییەوە ڕژایە نێو تەمتومانی ڕۆژگارەوە و چاوی بەو نووسینە کەڵەکەبووانەدا خشاندەوە کە لەمێژ بوو چاوەڕێی تاڵە تیشکێکی وەها بوون. بۆ من وەک هەموو نووسەرێکی تر، ئەم گۆڤارە بووە ماڵێکی ئاسوودە، بووە بانیژەی ڕوانین و پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ خوێنەرانیدا.

مخابن ڕۆژگاری دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان) شەڕی نەگریسی نێوخۆیی هێشتان لەبەر دەرکەکاندا وەستابوو و دەڤەرەکانیش لێکترازاو و پەرت و کەرت، بۆیە ئەمە دەڵێم، چونکە لەو ئان و ساتە ناهەموارەدا نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردی نەیپەرژایە سەر ئەوەی دەرچوون و دەرکەوتنی ئەم گۆڤارە بە ڕووداوێکی شیاو و شایستەی ڕۆشنبیریی ئەژمار بکات و ئەو تاجە بنێتەوە سەری کە لای خۆیەوە بەخشیبوویە سەرجەم نووسەران و ئەدیبانی نێوەندە کولتوورییەکە، هەربۆیە لە سۆنگەی ئەوەدا کە بڵاوکراوەیەکی سەردەمیانە لەلایەن ستافێکی کاراوە دەردەکرێ و بەتایبەتیش هیمەت و جۆشی کاک (ئازاد عەبدولواحید)، زۆرینەی نووسەران بەرهەمەکانیان ڕەوانەی ڕامان دەکرد، ئەو ڕامانەی لەو وەختەدا و (بەئێستاشەوە) چ بڵاوکراوەیەکی کوردی شانی لە شانی نەدەدا.

ڕامان بە جیاوازی بیروبۆچوون و ئینتیمای نووسەرانەوە، چاوی تەنیا لە داهێنان و بەخششە بەپێزەکان بڕیبوو نەک پاشخان و لایەنە کەسییەکان، دەشێت لەم ڕووەوە وەها تەماشای بکەین کە سەکۆی تێکڕا نووسەرانی کورد بوو، ئیدی لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بەرهەمی باشیان بۆ ڕەوانە بکردایە، یان ئەو گۆڤارەی زیاتر لە هەر بڵاوکراوەیەکی دیکەی کوردی، زۆرینەی قەڵەمەکان بچنێتەوە و دیالۆگێکی سەردەمیانە لەنێویاندا بسازێنێ. من وەک ئاگادارێکی ئەو ڕەوشە پۆزەتیڤە، پێم وایە هەموو ئەو نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندانەی کە وەک ئینتیمای حزبیش لە بەرەیەکی دیکەی حزبیدا وەستابوون و تەماشایان دەکرد، هەموو خوازیار بوون لەو گۆڤارەدا بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە، یان تەواوتر بڵێیم چ نووسەرێکی کورد نییە ئارەزووی نەبووبێ بەرهەمەکانی لەو گۆڤارەدا بڵاو بکاتەوە. لێ هۆکاری ئەوەش لای هەموومان ڕوونە و هەنووکەش لە نێوەندەکەدا پەرتەوازەبوونی ئاشکرای نووسەران بە چاوی خۆمان دەبینین کە چۆن بەسەر بڵاڤۆکەکاندا دابەشبوون و نێوەندی ڕۆشنبیریی چیتر ئەو دیوەخانە گەورەیە نییە کە هەمووان ڕووی تێبکەن، مەگەر ئێستاکە بەسەر چەندان بڵاوکراوەی هەمەجۆردا دابەش نەبوون؟ کە بژێوی ژیانیش فاکتەری یەکەمینی پەیدابوونی ئەو ماڵە لێکترازاو و تایبەتانەیە.

ڕەنگە باسکردنی جومگەکانی (ڕامان) و ناوەڕۆک و پێڕستی بەشەکانی نەبێتە مایەی قسە لەسەرکردن، چونکە ئەوەش گەلێک ڕۆشنە و هەموومان ئاگامان لێیەتی بە چ شێواز و ئەتەکێتێک بەڕێوەدەچێت. ئەوەی ماوەتەوە بیڵێیم ئەوەیە نەک ئەم گۆڤارە و هی دیکە، کە ڕەنگە وا لێکبدرێتەوە تەمەنیان هەیە و وەک جاری جاران پێگەکەی خۆیان نەماوە، یان بەرەو کاڵبوونەوە دەچن، نا، بەڵکو زۆربوونی ژمارەی بڵاوکراوە و چاپکردنێکی ئەوتۆی کتێب و هەبوونی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ئەو دۆخەی تاکی کورد تێیدا دەژی، پاشان لەو فاکتەرانەشەوە دابەشبوونی خوێنەران بەسەر ئەو پانتاییانەدا، هۆکارگەلی لەم چەشنەن کە وامان لێدەکەن جاروبار شتەکان وەها لێکبدەینەوە. من لای خۆمەوە، لە ئێستا و لە داهاتووشدا، ئەو بابەتانەی بۆ ئەم گۆڤارە ئازیزەی دەنێرم، ئەگەر لەو ئاستە شیاوەدا نەبن هەرگیز بەرهەمێکی ڕاگوزەری تێدا بڵاوناکەمەوە و کام نووسینەم بەو ئاستە باڵایە بگاتەوە، ئینجا بڕیاری بەشداری پێکردنی دەدەم، لەبەرئەوەی زۆر بەسادەیی دەڵێم ڕامان لای من خۆشەویستە.

# نامەیەکی بڵاونەکراوەی کوردیی پێشەوا قازی محەمەد بۆ یەکێک لە ئەفسەرەکانی

**ئا: کاروان عوسمان خەیات**
**(کەلار)**

ئەم نامەیە یەکێکە لە نامە کوردییەکانی پێشەوا قازی محەمەد کە بۆ یەکێک لە ئەفسەرە پلەدارەکانی نێو سوپای کورد ناردوویەتی، ئەم نامەیە لە ڕووی مێژووییەوە کەڵکی تایبەتی خۆی هەیە، هەر لە بارەی پێشەوا و هێزی سیاسی و مایە و بوونی چەکیشەوە، ڕەنگ و بۆیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە بە پێویستی دەزانم هەموو نامەکانی پێشەوا قازی محەمەد کۆ بکرێنەوە و لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی و مێژوویی و سیاسیدا کاریان لەسەر بکرێت، خۆشم بە بەختەوەر دەزانم بۆ یەکەم جار ئەم نامەیەی پێشەوای کورد کە بەسەربەرزییەوە لە سێدارە درا و شەهید کرا بڵاو بکەمەوە، قازی محەمەد ئەو سەرکردەیە بوو کە کورد هەمیشە شانازی پێوە دەکات.

ژمارە: ۲۹۲
ڕێکەوتی: ۱۳۲٤/۱۱/۲۸
وەزارەتی هێزی دیموکراتی کوردستان
ستادی کل

بەرای خۆشەویس ئاغای ئیفتخار بەخشدار، هەوشار و چاردولوو، سەدری کەمیتە چاردولوو، کاغەزێکتان کە نووسی بە تەوەست بەرای ئازیز، ئاغای یووسف خانی گەیشت، لە مەزموون ئەو ئەتلاع حاسڵ بوو، لە بابەت ئەسلەحەوە نووسیبووت، ئەوا بە وەسیلەی بەرایانی خۆشەویس، ئاغای پوور، پرکنێک یووسف خان ئیفتخاری و ئاغای ئەحمەد خان ئیفتخاری، یەیک سەد و پەنجاه قەبزە تەفەنگ بەڕونەوی دەرێژ لەگەڵ پازدە هەزار فیشەکمان بۆ ناردی، هومێدمان وایە کە لە بەین بەرا پێشمەرگەکاندا تەقسیم بکەی، دووبارە نووسیبووت نیگەرانیم هەیە، گوایا خەبەر دەراوە لە تەرەف فارسان لە تەکان تەپەوە عەدە هاتووە، ئەو خەبەرە دەرۆیە، وەبێ ئەساسە، چونکو ئێمە خەبەری چاتر دەزانین.

وە ئەگەر ڕاستیش بێت، نابێت نەگەران بیت، حەمە مەلوودیان کە فەرماندەی پۆلێکی هەوشارە، بە عەدەی خۆیەوە لەژێر ئەمر و فەرمانی تۆدایە و لە تەرەفێکەوە بەرەو ئازەربایجان یەکیان بە ئێمە کۆمەکەن، وە ئەتحادێکی قەرارمان هەیە، پێویستە مەجالتان سازش بەکرێت.

وە ئەگەر هاتوو دووبارە ئەسلەحەو لازم بوو، خەبەر بەدە یەکێ، نایەیت خۆت، دەنێرین، پەکو ناخەین، وە لە بابەت پۆلێ بەرا پێشمەرگەکانەوە کە بە تازەیی داخلت کەردون، هەر وەخت پوڵمان بۆ هات لە بۆت دەنێرین- لە پاشان لەو بەرا خۆشەویسە کە لە جێژنی خودموختاری لەنێو بەرا خۆشەویسەکانیدا لە ئێوە ماف بوون و دوو هەزار تومەن پولت ئیعانە کەرد، سوپاس و قەدر زانیت لێ دەکەن، وە لە بۆ هەموو کار و کۆمەکی حازرین.

**(ڕەئیس جمهوور کوردستان)**
**موحەممەد قازی**

فەرزەند یوسف خان ئیفتخاری سەرهەنگ (طبی!) دەستوور پێشەوای موعەزەم شمارە ۲۱۲ اقدم در سید از پیشمرگها دریافت خواید نمود بمرکز گوزارش بخشدری هوشار و چادرولو افتخاری ۲٤/۱۲/۲.

*** سەرنج: هەرچەندە ئێمە لە گۆڤاری ڕامان-دا لەبەر ڕێزو گەورەیی پێشەوا قازی محەممەد ئەو نامەیەمان بڵاوکردەوە، بەڵام دەبوو خوێنەر بزانێ ئەو نامەیە لە کوێ دەست کەوتووە و لە چ سەرچاوەیەک بەدەست هاتووە.**

**(ڕامان)**




# بەها ئیستێتیکییەکانی شیعر

فەرەیدوون سامان



لە هەر دەقێکی شیعریدا وەک ڕەگەزێکی هونەری باڵا، لەپێکهێنانی ستراکتۆری ئەو دەقە داهێنراوەدا، زمانی شیعری زمانێکی هونەری ناباوە و ڕۆڵێکی کارا لە دارشتنی (بنیادی زمان)دا دەگێڕێ، لەنێوان وێنە و واتا، فۆرم و ناواخندا، فیگەرەکانی دیکەی شیعر لەبەرجەستەکردنی سیمبۆل، یان ئەو کۆدانەی شاعیر تایبەت بە دەقی شیعری خۆی بەکاریان دەهێنێت، دواتر بە یەکەوە گرێدانی ئەو ڕەگەزانەی، شیعرەکە تەواو دەکەن. مەبەست لە زمانی شیعری تایبەت بە شاعیر، ئەو دارشتنە زمانییەیە کە شاعیرێک لە ئەوی دیکە جوێ دەکاتەوە، چونکە شاعیری داهێنەر هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەتی ڕەمزی و تایبەتمەندێتی خۆبەتی، خوێنەر بەسانایی دەکارێ فیگەرە جیاوازەکانی شیعرەکانی لەشاعیرێکی تر جودا بکاتەوە، ئەویش لەدووتوێی دەقە شیعرییەکە خۆیدا وەک ناساندنی دەقی سەربەخۆی شاعیرەکە بەرجەستەی دەکات، جیاوازی نێوان دەقێکی شیعری لەگەڵ دەقێکی ناشیعریدا ئەوەیە کە دەقی شیعری زمانێکی هونەری ئەفرێنراوی پڕ ئاماژەو دەلالەتە و لەخەیاڵگەی شاعیر خۆیدا دەزێ، نەک کۆپی ئاوەز و هەست و خەیاڵگەی شاعیرێکی دیکە بێ، ئەو زمانە شیعرییە کۆڵەگەی بنەڕەتی داهێنانە هونەرییەکەیە، کە مەرجە هەر شاعیرێکی ئەفرێنەر دەسەڵاتی بەسەر ئەو زمانە شیعرییەدا بشکێ و بتوانێ داهێنەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لەبەر بەجەستەکردنی بەهایەکی ئیستێتیکی وەک لەوێناندن و والاکردنی ئەو موفرەداتە شیعرییانەدا، ئەگەر وەها نەبێت، ئەوە سەرەنجام نەشیعرێکی داهێنەرانە لەدایک دەبێت و نە شاعیرێکی ڕەسەنیش بوونی هەیە، کۆی ئەو توخمە شیعرییانە لەدووتوێی زماندا لەخەیاڵ و هزری شاعیردا بە شێوازێک وێنا دەکرێن، کە خوێنەران لەو ڕەوشەدا دەچنە قالبی خوێنەرانێکی شرۆڤەکار، یان ڕەخنەگر، لێرەشدا پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لەنێوان دەقی شیعری و خوێنەردا دروست دەبێت. خوێنەر ڕۆڵی خوێنەرێکی ڕەخنەگر دەبینێ، بۆ شاعیرێک کە ستایلی تایبەت بە دەربڕینی شیعری خۆی هەبێ، ئەو زمانە شیعرییە تایبەتمەندەی لەکاتێکدا دەبێ وەک جیاوازی لەگەڵ زمانی نووسینی شاعیرانی دیکە و گوزارشت لەئاستی داهێنان و توانایی و خەیاڵی نووسینی ئەو شاعیرە خۆی بکات، تایبەتمەندی زمانی شیعری ئەوەیە کە چۆن خوێنەر بتوانێ شیعرێکی هونەری لە شیعرێکی نا هونەری جوێ بکاتەوە.

لەبنەڕەتدا ستراکتۆری هەر دەقێکی شیعری پابەندە بە کۆمەڵێک ڕەگەزی هونەری نووسینی شیعر، یەکێک لەو توخمانەش فۆرمە، لەهەمان کاتیشدا ناواخن، وێنەی شیعری و وشەکاری و ئیستێتیکای شیعرییەوە، جا ئەمانە هەموویان تەواوکەری ڕێکخستنی پەیکەربەندی شیعرەکەن. لەڕێی ئەزموونی شاعیرانی بیانی کە کۆمەڵێک شێوازی تازەی شیعرییان هێنایە گۆڕێ بۆ نموونە شاعیران لە ڕۆژئاواوە پێش شاعیرانی ڕۆژهەڵات لەبواری ئەفراندنی فۆرمدا کاریان کردووە، خوێنەری کوردیش بە حوکمی نەزانینی زمانیکی بیانی، یان نەخوێندنەوەی، کەمتر ئاگای لەو گۆڕانکارییە فۆرماڵییەی ئەزموونی ئەو شاعیرانە بووە، ئەگەرچی ژمارەیەک لەشاعیرانی کورد سالانێکە لەهەندەرانن، بەڵام پێ ناچێ کاریگەری ئەو گۆڕانکارییە لەبەرهەمەکانیان بەدی بکرێت، هەرچەند بەڕای من بۆ ناواخنی شیعر، شاعیرانی ڕۆژهەڵات زیاتر داهێنەر بوون تا ڕۆژاوا، ئەوەشیان ڕەنگە بۆ ئەو هۆکارە بگەڕێتەوە کە کتێبە ئاینییەکان (کە لەبنەڕەتدا بە زمانی شیعر، یان نزیک لەشیعر نووسراون) لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەفرێنراون، فۆرمی شیعری توخمێکی بنەڕەتی ئەفراندنە، شاعیر هەیە زێتر بایەخی بە فۆرم داوە، لەهەمان کاتدا دەبێ فۆرم لەگەڵ ناواخندا هاوسەنگ بێ، نەک هەر دەقەکە، بەڵکو سەرجەم وێنەکان و برگەکان و کۆپلەکان، تەنانەت وشەو خاڵبەندییەکان لێکتر نەترازێن، لەنێوان فۆرم و ناواخن و وێنەی شیعریدا ڕەگەزێکی گرنگ دەمێنێت ئەویش بەها ئیستێتیکییەکانی شیعرە، کە شاعیرانی ئێمە تاکوتەرایان نەبێت، دەنا کەمتر کاریان لەسەر ئەو ڕەگەزە هونەرییە کردووە.